2

# ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا

# ١٩٧٦ - ١٩٩١

## بەرگی دووەم

نووسین و ئامادەکردنی
گۆران سەلام محەمەد

## ناسنامەی پەرتووک

ناوی پەرتووک: ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١

بەرگی دووەم

نووسین و ئامادەکردن: گۆران سەلام محەمەد

بابەت: مێژوویی ـ بیرەوەری ـ بەڵگەنامەیی

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

دیزاینی ناوەڕۆک: نووسەر

دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان

چاپخانە: حەمدی

شوێنی چاپ: سلێمانی

نۆبەت و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٥

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣٦٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشکەشە | ٥١٠ |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست | ٥١١ |
| پێشەکی | ٥١٣ |
| بووین بە هاوڕێی برینەکان | ٥١٦ |
| جارێکی دیکە دەزگای تەندروستی کوردستان | ٥١٨ |
| **لیستی ناو و نازناوی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش و ژیاننامەکانیان بە پیتی ئەبجەدی کوردی لە (أ - گ)** | ٥٢٢ |
| ئاتێلا سەعدوڵڵا خەلیل | ٥٢٣ |
| ئاراس خدر عەبدولڕەحمان عەزیز (ئاراس بابان) | ٥٢٧ |
| ئازاد عوسمان حەسەن قادر | ٥٣٣ |
| ئازاد محەمەد سەعید عەلی (ئاراس) | ٥٤١ |
| ئازاد نەجمەدین نوری بابا عەلی (ئارام) | ٥٤٩ |
| ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد قادر | ٥٥٣ |
| ئەبوبەکر محەمەد عەلی (کارووخ) | ٥٥٥ |
| ئەکرەم فەتاح حەمەئەمین مستەفا | ٥٥٧ |
| ئەنوەر عوسمان محەمەد | ٥٦٣ |
| ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل حەمەد | ٥٦٦ |
| ئیبراهیم خورشید تالیب سەعید | ٥٦٨ |

| | |
|---|---|
| ئیبراهیم مەحموود محەمەد عەبدولڕەحمان (ڕێبازی باخ) | ٥٧٢ |
| ئیبراهیم محەمەد حەسەن (دکتۆر هەڤاڵ) | ٥٧٣ |
| بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار) | ٥٧٧ |
| بەرزان ئەکرەم عیزەت مەجید (دکتۆر هێرش) | ٥٨١ |
| بەیان حسێن عەلی | ٥٨٤ |
| بەیان محەمەد فەتاح (دکتۆر بەیان) | ٥٨٨ |
| بۆتان عوسمان ئەسعەد واحید | ٥٩٢ |
| جاسم محەمەد عەلی خدر | ٥٩٣ |
| جەبار فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد (نەبەز) | ٥٩٥ |
| جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد ئۆمەرمەلان | ٥٩٧ |
| جەزا محەمەد فەرەج | ٦٠٠ |
| جەلال تۆفیق فەتاح قادر (شوان) | ٦٠٣ |
| جەلال سابیر ئەمین عەبدولڕەحمان (ئاسۆ) | ٦١٠ |
| جەلال محەمەد عەلی سەعید | ٦١١ |
| جەلال نادر قادر ڕەسووڵ (ئارام) | ٦١٣ |
| جەلیل ئیبراهیم مەحموود موتڵەگ | ٦٢٣ |
| جەمال عوسمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل (وەسمان) | ٦٣١ |
| جەمیل ئەحمەد بابان (خالید) | ٦٣٩ |
| حەسەن عەبدولکەریم ئەحمەد سەمین (حەسەن دووزی) | ٦٤٥ |

| | |
|---|---|
| حەسەن قادر خورشید | ٦٥١ |
| حەمەئاوات سدیق مەعروف | ٦٥٣ |
| حەمەئەمین محەمەد مارف (ئەمین) | ٦٥٦ |
| حەمزە عەباس عوسمان | ٦٦٢ |
| حەمید محەمەد ئەمین بەهرام | ٦٦٣ |
| حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر (حەیدەر منارەیی) | ٦٦٦ |
| حسێن حەمەساڵح بورهان (دکتۆر حسێن تاڵەبانی) | ٦٦٨ |
| خالید سەعدوون مستەفا (سیروان) | ٦٧٣ |
| خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خدر (محەمەد) | ٦٧٤ |
| خەلیل عەزیز ساڵح عەباس (فەرهاد) | ٦٨٣ |
| خدر مەلا مەعسوم مەلا خدر هەورامی (دکتۆر خدر مەعسوم) | ٦٨٦ |
| خدر محەمەدئەمین عوسمان | ٧٠٢ |
| ڕەشید مەغدید قادر مەولود | ٧٤٧ |
| ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت) | ٧٤٩ |
| ڕەفیق حەمەجان عەزیز | ٧٥٢ |
| ڕزگار بەکر مەعروف | ٧٥٦ |
| ڕێزان ئەحمەد هەردی (دکتۆر ڕێزان) | ٧٥٧ |
| زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید) | ٧٧٨ |
| سەردار عەبدوڵڵا ساڵح | ٧٩٥ |

| | |
|---|---|
| سەلام حەمەکەریم حسێن | ٧٩٧ |
| سەمەد عەزیز حەمەد | ٨٠١ |
| سەیفەدین حیسامەدین بایز (هێرش) | ٨٠٣ |
| شادمان فوئاد مەعروف (دکتۆر شادمان فوئاد مەستی) | ٨٠٩ |
| شەماڵ ئەحمەد محەمەد مەعروف | ٨١٥ |
| شوان کەریم حەمەڕەزا | ٨٢٨ |
| شۆڕش سەلیم ئیبراهیم محەمەد | ٨٣١ |
| شێرکۆ حەمید حەمەساڵح ئەمین (سیروان) | ٨٣٢ |
| شێرکۆ ئەمین محەمەد بارام | ٨٣٥ |
| شیروان مەحموود حەمەد مەحموود | ٨٤١ |
| گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەل | ٨٤٤ |
| پاشکۆی لیستەکان | ٨٥١ |
| لیستی ناوی پزیشکان و کادیرانی تەندروستی شۆڕش | ٨٥٢ |
| لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و کادیرانی تەندروستی شۆڕش | ٨٦١ |
| پاشکۆی بەڵگەنامەکان | ٨٦٣ |
| پاشکۆی وێنەکان | ٨٧٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٩٩٣ |
| لیستی ناوی هاوکارانی بەرگی دووەم و سێیەم | ٩٩٨ |
| نووسەر لە چەند دێڕێکدا | ٩٩٩ |

"شۆڕش بەبێ هەندێک ناوەند و دەزگا ڕەنگە ئەنجام بدرێت، بەڵام هەرگیز بەبێ ناوەندی تەندروستی و چارەسەرکردن ئەنجام نادرێت"

هەڤاڵ مام جەلال.

## پێشکەشە بە:

- شەهیدانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش.
- گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی نیشتیمان.
- پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شاخ.
- کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ڕێگەی یادەوەرییانەوە کۆمەکی ئەم پڕۆژەیەیان کرد.
- بە هەموو ئەو دڵسۆزانەی لە پێناوی نووسینەوەی مێژووی (ی.ن.ك)دا ئەرکیان کێشاوە.
- بە هەموو ئەو دڵسۆزانەی کە بە هەر جۆرێك بێت لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم پەرتووکەدا هاریکار بوون، (لە کۆتایی پەرتووکەکەدا لیستی ناوی هاریکارانی پڕۆژەکە دانراوە).
- جگەرگۆشەی شیرینم: (تاڤی).

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

بەرگی یەکەمی ئەم پەرتووکە کە بریتییە لە ٥٠٠ لاپەڕە، لە مانگی ١ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستم کرد بە کارکردن تێیدا، لە پایزی ٢٠٢٢ چاپکرا، تێیدا ٣٨ پزیشك و کارمەندی تەندروستی و برینپێچی شۆڕشی نوێ ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەشدارییان تێدا کرد، بە پیتی ئەبجەدی کوردی ڕیزبەندی بۆ ناوەکانیان کرا، هۆکاری بوونی ئەو ٣٨ کەسە زووتر بەدەمەوە هاتنی خۆیان بوو بۆ پڕۆژەکە.

دوای بەرگی یەکەم، ویستم بەرگی دووەم و کۆتایی پەرتووکەکە ئامادە بکەم، بۆیە لە پەیوەندیکردن بەم توێژەی شۆڕشەوە بەردەوام بووم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی بەشداربووان و ژمارەی لاپەڕەکانی پەرتووکەکە زیاتر دەبوو، تاکو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە ١١١٠ لاپەڕە، لەبەر زۆری ژمارەی لاپەڕەکان بڕیارمدا بەرگی دووەم و سێیەمی لێ بەرهەم بهێنم، کە بریتییە لە خەباتی ١٢٠ پزیشك و کارمەندی تەندروستی و برینپێچ، هەروەها بەهەمان ڕێسای ئەلفبای ئەبجەدی کوردی پێکەوە ڕیزبەندیم بۆ بەرگی دووەم و سێیەم ئەنجامدا، پیتەکانی (أ ـ گ) بەر بەرگی دووەم کەوتن و پیتەکانی (ع ـ ی) بەر بەرگی سێیەم کەوتن.

بە هەمان ڕێسای ئاماژەپێکراو لە پاشکۆدا ڕیزبەندیم بۆ وێنەکانی ئەم توێژەی شۆڕش کردووە، بۆیە لێرەوە کۆی هەر سێ بەرگەکە بە یەکسانی و بێجیاوازی کاری لەسەر کراوە، بەپێی توانا پەیوەندی بەزۆرینەی ڕەهای ئەو توێژەی شۆڕشەوە کراوە، کۆی ژمارەیان لە هەر سێ بەرگەکەدا نزیکەی ١٦٠ کەسن، ئەوانەی کە بەشدار نەبوون لەم پڕۆژەیەدا نزیکەی ١٠ کەسن، هەرچەندە پەیوەندییان پێوەکراوە، بەڵام ئامادەی چاوپێکەوتن نەبوون، بۆیە وەڵامی گلەیی بەشداری نەکردنیان لای خۆیانە، ئەم پەرتووکە سێ بەرگییە کە بریتییە لە ١٥٠٠ لاپەڕە ماوەی ٣ ساڵ بە چڕی کاری لەسەر کراوە، بەنزیککراوەیی ٩٥٪ زانیارییەکانی یەکەم جارە بڵاودەکرێنەوە.

خاڵێکی دیکە کە شایانی باسە بریتییە لەوەی ئێمە وشەی (دکتۆرمان) بۆ تەواوی کادیرانی تەندروستی بەکارهێناوە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: لەبەرئەوەی لە ئەدەبیاتی شاخ

و شۆڕشدا وابەکارهاتووە، دووەم: لەبەرئەوەی لە ئەندامانی پێشمەرگە و توێژەکانی دیکە جیابکرێنەوە کە لە پەرتووکەکەدا ناویان هاتووە، بۆ زانینی ئەوەی کام کادیری تەندروستی کۆلێژی پزیشکی گشتی تەواوکردووە، دەکرێت بڕواننە پێڕستی پەرتووکەکە لەوێ وشەی (دکتۆر) تەنها بۆ ئەوانە بەکارهاتووە کە کۆلێژی پزیشکی گشتییان تەواوکردووە، تەواوی بەشدارانی دیکە یاریدەدەری پزیشك و پەرستار و برینپێچن.

چەمکەکان: لێرەدا پرسێکی مێژوویی بەکراوەیی دەهێڵینەوە، کە بریتییە لەو چەمك و دەستەواژانەی بۆ گوزارشتکردن لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد لە مێژوودا بەکاردەهێنرێن، وەکو: (شۆڕش، جووڵانەوە، ڕاپەڕین، بەرخۆدان، بزاڤ و سەرهەڵدان...)، کاری ئێمە لەم پەرتووکەدا ساغکردنەوەی ئەو دەستەواژانە نییە، بۆیە پێویستە لیژنەیەك لە پسپۆڕانی بوارە پەیوەندیدارەکان ئەو چەمکانە ساغ بکەنەوە.

هەڤاڵ: جگە لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی، لە پێش ناوی هەر کارەکتەرێکی شۆڕشی نوێ، بێ جیاوازیی پلە و بەرپرسیارێتی نازناوی (هەڤاڵ) بەکارهێنراوە.

زانیارییەکانی هەر سێ بەرگەکە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە بەدەستم خستووە، کە خۆم ئەنجامم داون، دواتر پرۆسەی بەتاڵکردنەوە (تفریغ) و تایپ و زمانەوانی و خاڵبەندی و تا دیزاینم بۆ کردووە، بەهیوام توانیبێتم خزمەتێك بە گەلەکەم و ئەرشیف و پەرتووکخانەی کوردی و ئەو شۆڕشگێڕانە بکەم کە لەو پەرتووکەدا بەشدارن.

# پێشەکی

مێژوو سەربووردەی ڕابردووە و خەبات و بەرخۆدان ڕەنگی سەوزی ژیانە و بەرگری و قوربانیدان ڕەنگی سووری شۆڕشن، ڕاپەڕینیش نەخێری گەورەی مێژوو بوو، ئێستا هەم کاتی پشوودانە لە پاڵ خەرمان و چیای شۆڕشدا، هەم ڕۆژی پاراستنی سامان و ئەرشیفی ڕابردووە، ئیدی ئەمڕۆ گرێدانی پەتی شانازی ڕابردووە بە پەتی ئایندەوە، تاکو ببێتە بڵێسەی ڕووناکی بۆ نەوەکانی ئایندە و بەرنامەی ژیان و پلان و ستراتیژی لەسەر بوونیاد بنێین، تا زیاتر گەشەبکات و گوڵ بگرێت و لە سایە و سێبەریدا پشووی یەکجاری بدەین.

شۆڕش واتە جوداکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە هەتە لە هی ئەوی دی، واتە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە هەیەتی و هێنانە کایەی هەموو ئەوانەی کە هەتە، شۆڕش وەك و مرۆڤێك لە سەدان دەمار و ماسوولکە پێکهاتووە، هەر توێژێکی شۆڕش دەبن بە دەمار و هەر چینێکی شۆڕش دەبن بە ماسوولکە بۆی، شۆڕش واتە چیا، هەر ڕچەڕێیەکی هەڵزنانی بەرەو لووتکە واتە چین و توێژێکی شۆڕش، شۆڕش دەریایە و هەر هەنگاوی شۆڕشگێڕێك دڵۆپێکە، شۆڕش ژیانە و هەناسەی خەباتگێڕ پارسەنگی ژیان و شۆڕش ڕادەگرن، داری شۆڕش هەمان درەختی گوێز و بەڕووە، بە خوێنی ڕۆڵە توێنێتی شکاوە، هەربۆیە لە هەرچی درەختی دیکەیە خۆڕاگرترە، شەهیدان دەبن بە ڕەگی و پێشمەرگە و پارتیزانەکانی دەبن بەقەد بۆی.

جا گرنگی ئەم پەرتووکە لێرەوە بەدیار دەکەوێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاودانی درەختی شۆڕش و خەبات و پاراستنی ئەو سەروەتە نیشتیمانییە و ئەو سەروەرییە مرۆییە، ئەم کارە و هاوشێوەکانی وێنەی ئاون بۆ درەختی مێژوو و خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەی ئێمە.

ئەم پەرتووکە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەك کاری مێژوویی ئەرشیفیی گرنگیی گەلەکەمان، کە ئێمە ئەو شانازییمان پێ بەخشرا کاری تێدا بکەین و بە ئەنجامی بگەیەنین.

سەرەتا ئەم پرۆژەیە بە پلانێك دەستی پێكرد كە دەستپێكەكەی بریتی بوو لە پەیوەندی كردن بە كادیرانی تەندروستی لە ناوچەكانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم، تا ناوی هەموو یان زۆرینەی ئەو پزیشك و كارمەند و برینپێچانەی كە لە ڕۆژگاری شۆڕشدا لە خەبات و ئەركدا بوون بدۆزینەوە، كە هەزاران كاری مرۆیی و سەدان نەشتەرگەری و برینپێچیان بۆ پێشمەرگە و گوندنشینان ئەنجامداوە و بە سەدان كەسیان لە مردن ڕزگاركردووە.

بۆیە ناكرێت ڕۆڵی ئەو چینە گرنگەی شۆڕش هاوشانی سەرجەم چینەكانی دیكە نادیدە بگیرێت، كە لە دوای هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلەكەمانەوە تا ئێستا ڕۆڵ و كار و خەباتی ئەم چینە نەنووسراوەتەوە و ئەرشیف نەكراوە و نەپارێزراوە، هەروەها هاوشانی پیشەكەیان پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوون، بەداخەوە ژمارەیەك لەو پزیشكانە شەهید بوون و ژمارەیەكیان لەم ساڵانەی ڕابردوودا بەهۆكاری بەساڵاچوون و نەخۆشی ژیانئاواییان كردووە.

ئەم چینە هەستیارەی شۆڕش ڕۆڵی سەربازی ونی شۆڕشیان گێڕاوە و دابەش دەبن بۆ چەند بەشێك، بەشێكیان بە فەرمی پزیشك بوون یان دەرچووی ناوەندە ئەكادیمی و زانكۆییەكانی كوردستان و عێراق بوون، یان خوێندكاری بەشە پزیشكییەكان بوون و دەستبەرداری خوێندن بوون، كە ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخیان هەڵبژاردووە، زانستی خۆیان پراكتیزە كردووە، هەروەها هەندێكیان یاریدەری پزیشك بوون هاوشێوەی نموونەی پێشوو یان بە فەرمی دەرچووی ئەو بەشە بوون یاخود لە نیوەی ڕێگە لە پێناو شۆڕشدا دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و ئەوەندەی پێشمەرگەش بوون ڕۆڵی پزیشكیان گێڕاوە، بەشێكی دیكە لەم چینە گرنگەی شۆڕش دەرچووی خوولی خێرای فێربوونی برینپێچی و دەرزی لێدان بوون و بەسەر هەرێم و دەڤەر و مەڵبەند و تیپ و كەرت و مەفرەزەكانی شۆڕشدا لە تەواوی ناوچە جیاوازەكانی شۆڕشدا دابەشكراون، هاوكات بەشێك لەم چینەی دوایی ئەو خوولەشیان نەبینیوە و بە ئەزموون و لێهاتوویی، وردبینیی و دڵسۆزیی خۆیان فێری دەرزی لێدان و برینپێچی بوون.

ئەم چینە گرنگەی شۆڕش هەم پێشمەرگە بوون، هەم پزیشکی پێشمەرگە هەم پزیشکی گوندنشینان و هاونیشتیمانیان بوون، بەجۆرێك پزیشك هەیە لە دۆخی نەبوونی خوێندا، خوێنی خۆی بە پێشمەرگە و هاوڵاتی زامدار بەخشیوە، یەکێك لەو پزیشکانە سەرووی بیست بتڵ خوێنی خۆی لەو پێناوەدا بەخشیوە، هەروەها بەهۆی نەبوونی بنکەی تەندرووستییەوە لە گوندەکاندا هەندێکجار ئەو پزیشکانە بوون بە فریادڕەسی ژنانی دووگیانی گوندنشینان، لەلایەکی دیکەوە سەدان گوندنشینیان لە پێوەدانی مار و مێروو ڕزگارکردووە، بۆیە کارێکی لەم شێوەیە لەسەر ڕۆڵی نادیدەگیراوی ئەوان هەرچەندە درەنگە، بەڵام هێشتا هەر سەنگ و گرینگیی زانستیی و مێژوویی خۆی هەیە.

شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ بە ڕابەرایەتی ی.ن.ك کە شۆڕشیی تەواوی کۆمەڵانی خەڵك بووە، هەموو چین و توێژێك بۆ سەر خستنی ئەو شۆڕشە بەشدار بووە، چینی پزیشکان و یاریدەدەرانی پزیشك و برینپێچان و کارمەندانی تەندروستی ڕۆڵی گرنگیان لە شۆڕشدا هەبووە، کە بە چەندین پزیشك و کارمەندی تەندروستی لەسەردەمی شۆڕشدا بۆ پاڵپشتی شۆڕش نەخۆشخانەکانی شار و مووچە و ژیانی مسۆگەری خۆیان جێهێشتووە و شانبەشانی پێشمەرگە درێژەیان بە بەرخۆدان داوە، لەو پێناوەشدا چەندین پزیشك و کارمەندی تەندروستی گیانیان بەختکردووە، لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا ئێستا چەندین نەخۆشخانە کراون بە ناوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش و پزیشکانی شۆڕشەوە، لەوانە (نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هادی، نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هێمن، نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر ڕەفیق.....هتد).

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم ئەمە مێژوونووسی نییە ئەنجامم‌داوە، بەڵکو ئەرشیفکردن و قۆناغی یەکەمی نووسینەوەی مێژووە، لە داهاتوو بە میتۆدی زانستی کاری مێژوونووسی بۆ ئەنجام دەدەین، دوای ئەم قۆناغەش دەبێتە کەرەستەیەکی ئامادە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە. بەهیواین ئەم بەرهەمە ببێت بە سەرەتایەك بۆ دەیان کاری دیکەی هاوشێوە، هیچ کارێکیش بێ هەڵە و کەموکورتی نابێت.

**نووسەر/ سلێمانی/ بەهاری ٢٠٢٢**

## بووین بە هاوڕێی برینەکان

تەنها لەسەر زار وتنی ئەم ڕستەیە کارێکی ئاسانە، چەندە سەختە پزیشکی زامێکی درێژخایەن بیت و بە کاتژمێر و شەو و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و بگرە بۆ چەندین مانگ ببی بە هاوڕێی زام و برینی پێشمەرگەیەك، بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە بە دیارییەوە، ئەژنۆ لە باوەش دۆشدابمێنی! هەموو ڕۆژێك لە خەو هەڵسی قەتماغەکانی سارێژ بکەیت و تا دەگاتەوە شەو بەدیار وشبوونی برینەکە و قەتماغەگرتنیەوە ئێشك بگریت! چەندە سەختە ببی بە هاوڕێی زام، ببی بە دۆستی برین، چەند خەمناکە هەستت بۆ برینێك هەبێت و لە تاریکایی ئەشکەوتێکی پڕ سامدا برینێك بە هاودەنگ بزانی! چەند بێ هیواییە بە دیار گیرسانەوەی ئێسکێکی دەیان پارچەوە هەڵکوڕمێی، وەکو ئەو منداڵەی کە دەیەوێت بەردە ناڕێکەکان لەسەر یەك بوەستێنێت و بیەوێت بورجێك لە بەردی ناڕێك و قەبارە جیاواز دروست بکات و ماوەیەکی زۆر خەریك بێت لە پڕ هەرەسی یارییەکەی ببینێت، ئەوە چی وەفایەکە بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە، پێشمەرگە زامدارە نەناسە لەپێ کەوتووەکە پاکبکەیتەوە، کە تەنها بەهۆی برینەکەیەوە بووە بە میوانت!، جیاواز لە هەستی ئەم پزیشکە، هەستی پێشمەرگە بریندارەکەیە، کە دەبێت بۆ خوودی ئەو چەند سەختتر بێت، ئەمەیان هەستێکە تەنها دەکرێ لێی ڕابمێنی، نەك لەبارەیەوە بنووسی.

ئەوە چی هەستێکی نیشتیمانییە پزیشکێك نەخۆشخانەی گشتی شار و ژیانێکی گرەنتی بگۆڕێتەوە بەم ژیانە و وردە نانی ڕەق و بەفر پێکەوە بخوات! چەند گەورەییە بڕیار بدەی نەهێڵی نەخۆشەکەت بمرێت و لە دامێنی شاخێکی هەزار بەهەزارا لە گەرووی چیایەکی سەرکەشدا، لە دەربەندێکی سامناکدا خوێنی خۆت ببەخشیت بە بریندارەکەت لە کاتێکدا دڵنیا بیت ئەو خوێن بەخشینەت دواتر دەتبوورێنێتەوە و ژیانی خۆت دەخاتە مەترسییەوە، چەند گەورەییە پزیشك بیت و بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بیت، لەبەر کەمی دەرمان بڵێی من دەرمان بۆ خۆم بەکارناهێنم و برینداری لە من سەختتر هەیە، ئەوە چ هەستێکە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا بکەویتە ناو کەمینی دوژمن و هاوڕێکانت بەر دەستڕێژی گوللە بکەون، تەنانەت نەتوانی لایت بۆ ڕووناکی بەکاربهێنیت، ناچار بە تەڕایی خوێنەکە چاڵی

برینەکان بدۆزیتەوە، پەنجە لە چاڵی برینەکان وەربدەیت تا پاکی بکەیتەوە و دواتر بە گۆز و لـەفاف بیبەسـتی! کـە لەبـەر ئاشـکرانەبوونی شـوێن نـەتوانی ڕوونـاکی بـەکاربهێنێت، پێشمەرگەی برینداریش سەرەڕای ئازارەکەی نابێت هاوارێکیش بکات! لەلایەکی دیکەوە ئەوە چ وەفایەکە پزیشك بیت و هەستت بۆ چەکەکەت زیاتر بێت لە هەستت بۆ عیشقێکی چەند ساڵەی کچێك و ئامادە نەبیت لە پێناو خۆشەویستەکەت، چەکەکەت دابنێیت!

چ گیانێکی شۆڕشگێڕانەیە وا لە پزیشکێك دەکات کە هـەموو تەمـەنی لەگـەڵ پێنووسـدا بەسـەر بردبێـت لـە پـڕ و دوای چـەند ڕۆژێـك دەبێـت بـە پـارتیزان و لـەبری پێنووسـە ڕەنگاوڕەنگـەکان، چـەکە جۆراوجۆرەکـان بـەکاردەهێنێت، بـۆنی دیتـۆڵی نەخۆشـخانەکان بـە بۆنی باروت بگۆڕێتـەوە. چ لـە خۆبووردووییەکـە هـەواڵی ژەهرخـواردکردنی هاوپیشـەکانت وات لـێ بکـات ڕێگـای سـەختی سـێ ڕۆژ بـە ڕۆژێـك ببڕیـت، ئـەوە چ عیشـقێکی پـیرۆزە بـۆ پیشـەکەت دەرچـووی پـەیمانگای تەندروسـتی بیـت و نەشـتەرگەریی سـەرکەوتووی هـەناویی بکەیت! چ ورەیەکە لەبەر گیانی بریندارەکانت نەگەڕێیتەوە بۆ بەشداریکردن لە پرسەی برا تازە شەهیدبووەکەتدا...

**نووسەر**

# جارێکی دیکە دەزگای تەندروستی کوردستان

دەزگای تەندروستی کوردستان یەکێکە لەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە سەربەخۆن و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێگەی کارکردنیان پێدراوە، لە بواری خزمەتگوزاریی تەندروستیدا ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە، لە ڕووی خزمەتگوزاریی تەندروستیدا چ لە پێش ڕاپەڕین و چ لە دوای ڕاپەڕین، تا ئێستاش بەردەوامن، بۆ زیاتر ئاشنابوون لە کار و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە، بەڕێز خالید محەمەد ڕەشید بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە بۆمان دوا:

سەرەتای دامەزراندنی ئەم دەزگایە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتی ١٩٨٤/٤/٢٤ کە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کۆمەڵێك پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی ڕوویان کردبووە شاخ و پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردبوو، خزمەتگوزاریی تەندروستی زۆر خراپ بوو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە هەمان کاتیشدا دانیشتوانی ئەو گوندانەش لە ژێر ڕەحمەتی تۆپبارانی ڕژێمی عێراقیدا بوون و بریندارێکی زۆر هەبوون، لەو کاتەدا ئەو بیرۆکەیە گەڵاڵە بوو، کە هەموو ئەو پزیشك و یاریدەدەری پزیشکانە لە ڕێکخراوێکدا کۆببنەوە تا بتوانین خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکەین، ئەوەبوو دەزگای تەندروستی کوردستانمان دامەزراند و ئامانجمان خزمەتی تەندروستی بوو بە بێ هیچ جیاوازییەکی بیرو ڕا لە نێوان پێشمەرگە و گوندنشینەکاندا.

سەرەتا لەلایەن خەڵکانی دڵسۆزی شارەکانی کوردستان و لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە و هەروەها خەڵکی بێلایەن کۆمەك و یارمەتیمان پێگەیشت[1]، کە کەلوپەلی

---

[1]- لەم بارەیەوە هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: "بەشێکی زۆری تەندروستکارانی شار کە لە ڕێکخستنەکاندا بوون پەیوەندییان کرد بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، ئەوەی پێیان بوو جانتایەك بوو بۆ فریاگوزاری سەرەتایی کە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆیان دەهات، زۆر جار پێشمەرگەی خوێنەوار کە ئەزموونێکی کەمی هەبوو دەرزی بۆ پێشمەرگە دەکرد، وەك چۆن هەندێکجار خوێنەوارەکانمان کە ئاشتەوایی خەڵکیان دەکرد پێمان دەگوتن (دادوەر)،

تەندروستی بوو، بەڵام لە چاو فراوانی ناوچە ئازادکراوەکان کەم بوو بۆیە بیرمان لەوە کردەوە لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە یارمەتی وەربگرین، بەڵاو ئەوان وەك لایەنی سیاسی یارمەتییان نەداین، ئەوەبوو سەربەخۆیی دەزگاکەمان ڕاگەیاند، پاشان لەلایەن ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی و خاچی سووری سویدییەوە تەواوی پێداویستییە تەندروستییەکانمان پێگەیشت، کە بۆ ئەو کاتە پێویست بوو، وەك ڤیناع و داودەرمان، ئەمە لە کاتێکی باشدا بوو، چونکە ڕژێمی عێراقی چەکی کیمیایی دژی کورد بەکاردەهێنا و ڕژێم لە هەمان کاتدا بنکە تەندروستییەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لابرد و وەڵامی ئێمەش بۆ ڕژێم دامەزراندنی دەزگای تەندروستی کوردستان بوو.

دەزگای تەندورستی کوردستان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەبوو لە تیمارکردنی بریندارەکان و (تیم)مان لە تەواوی میحوەرەکاندا هەبوو، پاشان دەزگای تەندروستی کارگێڕی نەخۆشخانەکانی کوردستانی ڕێکخستەوە کە نزیکەی ٨٠ بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە بوو کە لە زاخۆوە هەتا کفری بەڕێوەدەچوو، هەموو پێداویستییەکی تەندروستییان بۆ دابینکرا، بە مووچەی فەرمانبەرانیشەوە، هەروەها لەو گوندانەی کە بنکەی تەندروستی لێ نەبوو چەند بنکەیەکی تەندروستی تازەشمان کردەوە، چونکە لەو کاتەدا تاکە ڕێکخراو کە خزمەتگوزاری پێشکەشی هاوڵاتیان کرد، بریتی بوو لە دەزگای تەندروستی کوردستان، لەبەرئەوەی ڕێکخراوە بیانییەکان نەهاتبوونە کوردستان، کاتێکیش حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، ئەوسا سەرجەم بنکە تەندروستییەکانی

سەبارەت بە پەیداکردنی دەرمان، پێش شەڕی عێراق – ئێران ڕێکخستنەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ناردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ شۆڕش، هەروەها هەندێك بنکە (مستوصف) لە ناوچەکاندا هەبوون، ئەو یاریدەدەرە پزیشکییانەی کە لە ئەرکدا بوون، لە دڵسۆزی خۆیان هەندێك پێداویستی و دەرمانیان پاشەکەوت دەکرد و بەنهێنی بۆ شۆڕشیان دەنارد، زۆرجاریش بەنهێنی بریندارمان بردووتە ئەو بنکانە و چارەسەکراون، کادیرانی تەندروستی شاخیش پەیوەندییان لەگەڵ یاریدەدەرانی پزیشکی ئەو بنکانە دروست کردبوو هاوکارییان دەکردین. چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

بەڕێوەبرد، لە ڕووی چارەسەرەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٣ حکومەتی هەرێم مۆڵەتی فەرمی دایە دەزگاکەمان، کە وەك ڕێکخراوێك کار بکات لە هەموو بوارەکاندا.

لە وەرزی بێ ئاوییشدا، بۆ ناوچەکانی پشدەر، ڕانیە و دوکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیسێفدا ١٠ پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان ئەنجامدا، دەزگای تەندروستی کوردستان لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە، ئەوانیش بریتییە لە بەشەکانی: (کارگێڕی، دارایی و هونەری)، بۆیە بە پێویستمان زانی بەشەکانی دیکەش بەسەر بکەینەوە و لێپرسراوی بەشی دارایی شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمانە بەمشێوەیە باسی بەشەکەی بۆ کردین، گوتی بەشی دارایی بەشێکی گرنگی ئەم ڕێکخروەیە کە کارەکانمان لەسەر بنەمای داهات بەڕێوەدەچێت، ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی دارایی حکومیمان نییە بۆ یارمەتیدانمان، چونکە سەربەخۆین، تەنها لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکاندا بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخروێکدا کار دەکەین و ئەو داهاتەش لەسەر ئەژماری ئەوان خەرج دەکرێت و ئێمە مووچەی کارمەندەکانمان لەو ڕێژەی داهاتە خەرج دەکەین و ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی بۆ پڕۆژەکە خەرج دەکرێت.

سەرەتا ئێمە هەماهەنگیمان لەگەڵ ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانیدا هەبوو، بەڵام ئەوان لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بەسەرجەم ستافەکانیانەوە گەڕانەوە، بەمەش کارەکانمان کەمبوونەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێکخراوی دیکەشدا بۆ پڕۆژەکانمان هەماهەنگیمان هەیە، وەك DC هۆڵەندی یونیسێف و SCFی بەریتانی، دەزگای تەندروستی کوردستان ئێستا زیاتر کار و چالاکییەکانی لە بەشی هونەریدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، لێپرسراوی بەشی هونەری ئارام ڕۆستەم عەبدوڵڵا بەمشێوەیە بۆمان دوا: دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم ئاڕاستەی دەزگاکەمان بە ئاڕاستەی خۆپاراستن ڕۆیشت و وامان بەپێویستزانی کە جگە لە بەشی چارەسەری تەندروستی، کەلێنێکی دیکە هەیە کە ئەویش هۆشیارکردنەوەی تەندروستییە، بۆیە بڕیارماندا کە ئەم ڕێگەیە بگرینە بەر

ئەویش بە چەند شێوازێکی جیا جیا، سەرەتا چەند تیمێکمان دروست کرد و سەردانی گوندەکانمان دەکرد و خەڵکی گوندەکانمان کۆدەکردنەوە و بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەیان قسەمان بۆ دەکردن و لە چۆنێتی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان ئاگادارمان دەکردنەوە، ئەو هۆشیارکردنەوەیەش بە شێوەی پۆست کارت و فیلم و شانۆ بوو، بەشێکی لە ڕووی ڕاگەیاندنی ڕادیۆوە بوو، هەروەها توانیومانە لە خەڵکی گوندەکان خۆیان چەندین کادیری تەندروستی دروست بکەین، بۆ فریاکەوتنی سەرەتایی، کە ئەمە زۆر پێویست بوو بۆ ئەو گوندانەی کە بنکەی تەندروستییان نییە، جگە لە گوندەکانیش سەردانی بنکە کۆمەڵایەتییەکانمان کردووە و چ بە دەرمان و چ بە ڕێنمایی تەندروستی یارمەتیمان داون، لەوانە خانەی نەوجەوانانی کچان و کوڕان[٢].

[٢]- عەتا کەریم: دەزگای تەندروستی کوردستان و هەوڵێکی بەردەوام، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیەم، ژمارە ٢٢١٦، شەممە ٢٠٠٠/٨/٥، لاپەڕە ٥.

# پزیشك و كارمەندانی تەندروستیی شۆڕش و ژیاننامەكانیان

# ئاتێلا سەعدوڵڵا خەلیل (دکتۆر ئاتێلا)

ئاتێلا دەرچووی بەشی پزیشکی بوو، وەکو پزیشکێکی دڵسۆز بۆ تیماری برینەکانی هێزی پێشمەرگە دژ بە ڕژێمی بەعس دەجەنگا، ئاتێلا خۆی پێشمەرگە بوو، پێشمەرگە خۆی عاشقە، عاشقی نیشتمان، بەڵام ئاتێلا عاشقی هەم نیشتمان و هەم عاشقی یارەکەی بوو، کە کچە شۆخێکی دێی بنەگەی گەرمیان بوو، هەرگیز کەسوکاری قایل نە ئەبوون ئەو دڵخوازەی خۆی بدەنێ لەبەر جیاوازی پایەی کۆمەڵایەتی و ئاینی کە گوایە ئەوان بنەماڵەیەکی شێخن. کاتێك داوای ئەو کچە دەکات، بەڵام بە بیانووی ئەوەی ئاتێلا مەی دەخواتەوە، داواکەی ڕەتدەکەنەوە، دکتۆر ئاتێلا لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا دەستبەرداری خووەکانی دەبێت و دەست دەکات بە نوێژ و پەرستش، ڕۆژانە سەرقاڵی قورئان خوێندن دەبێت، لە دوای ئەنفال کاتێك هێزەکانی پێشمەرگە دەچنە ئێران، ئاتێلا لەگەڵ تیپی ٥١ی گەرمیان دەچنە مەرگەوان و لەوێ نیشتەجێ دەبن، هەڤاڵ عادل شکور فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان بووە، لەوێ لە تەنیشتی خۆی ژوورێك بۆ دکتۆر ئاتێلا دابین دەکات، بۆ ئەوەی ئەرکە ئایینییەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات.

ئەو دەمەی دەستی ڕژێمی بەعس گەشت بە گەرمیان و تاوانی ڕەشی ئەنفالیان خولقاند، ئەو دەمەی یار بەرەو بیابانەکانی ئەنفال ڕاپێچرا، ئاتێلاش لەگەڵ ڕەوی پێشمەرگەکاندا بە دڵی پڕ لە خەم و ئازارەوە بەرەو وڵاتی ئێران کۆچی کرد.

ئاتێلا لە شەوێکی باراناویدا کە بارانێکی زۆر و بە خووڕ باریوە، ژوورەکەی پڕ دەبێت لە ئاو، پێخەف و کەلوپەلەکانی هەموو تەڕ بوون، بە جۆرێك ژوورەکەی هێندەی ئاو تێچوو بوو کەڵکی مانەوەی نەمابوو، لەوێ هەڤاڵەکانی فریای دەکەون و کەلوپەلەکانی بۆ دەگوازنەوە، لەگەڵ ئەوەی ئاتێلا زۆر پابەندی ئەرکە ئایینییەکانی بووە، بەڵام دەستبەرداری گۆرانی وتن و قسەی خۆش و نوکتە نەبووە، هەڤاڵ نەوزاد کەریم، هاوڕێی ئاتێلا لەسەر ئەو ڕووداوە دەڵێت کە ڕۆژ

بۆتەوە ئاتێلا هاتە سەر ڕێگا ڤیرەکەی بەردەم بارەگاکان و هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و گوتی: خودایە لە ناو ئەمانەدا تەنها من نوێژ دەکەم و ڕووم لە تۆیە، تۆیش ئەمشەو بە تەنها منت دەربەدەر و بێلانە کرد و ماڵەکەمت پڕ کرد لە ئاو، لەگەڵ نزا و پاڕانەوەکانیدا تەماشای ئێمەی دەکرد و پێدەکەنی و دەیزانی ئەوەی ئەو دەیڵێت لە دڵی ئێمەشدایە، ئێمە هەموو قەرزاری ئاتێلا بووین، خۆشەویستی هەموومان بوو.

دڵی عاشقی ئاتێلا ئۆقرە ناگرێ و لەگەڵ کۆمەڵێك لە پێشمەرگە پارتیزانەکاندا بەرەو گەرمیانی چۆڵ و کاولکراو دەگەڕێتەوە، زیاتر مەبەستی گەڕانەوەکەی ئاتێلا سەردان و بەسەرکردنەوەی دێی بنەگە بوو کە لە ئەنفالەکاندا وێران کرابوو لە گەڵیشیدا یارەکەی کە تووشی ئەوینێکی بێگەردی کردبوو بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت و هەموو خەونەکانی ئاتێلاشی لەگەڵ خۆیدا برد و هەرگیز نەگەڕایەوە.

ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتیە بووە مایەی ئەوەی ئەم دوو دڵە بەستەزمانە لە چوارچێوەی ژیاندا یەك نەگرنەوە و تا لە ئەنجامدا کچە شێخ ئەنفال ئەیبا و ئاتێلاش ئەمجارە بۆ دیداری هەوار و جێژوانەکانیان گەیشتەوە دێی بنەگە و بە هەناسەی ساردەوە جارێکی تر گەڕایەوە ئێران و تەنیا لە دوورەوە لە بەرزاییەکانی هەردەی زەنگەنەوە هەوای خۆشەویستییەکی خەفەکراوی دێی بنەگەی لە ناو لمستانی بیابانەکانی عەر عەرەوە هەڵئەمژێ، کە لە دواساتدا لە شەڕێکی ناوشاری کفریدا و لە دەمی ڕاپەڕیندا ئەمیش بە دەستی هەمان ڕژێمی ئەنفالکەر شەهید ئەبێ و ئاواتەکەی لەگەڵ فاتیمەی مەعشوقی بۆ ئەو دنیا هەڵئەگرێ[٣].

شۆڕشی خوێناوی گەلی کوردستان لێوانلێوە لە ڕووداوی تراژیدی و هەناوبڕ، شەهیدگەلێکمان هەبوو، جگە لە ئەوین و خوشەویستی پاك و بێگەرد بۆ گەل و

---

[٣]– لە هەڤاڵ نەوزاد کەریم، هاوڕێی شەهید د. ئاتێلا وەرگیراوە.

نیشتیمان، خاوەنی دڵداری و خۆشەویستی پاك و فریشتەی فەرهادیانەش بوون، بەسەرهاتی دکتۆر ئاتێلای شەهید و (فاتە)ی بەئەنفال چووی گەرمیانی ئێمە، تا ژیان هەبێ ژان و خەم ڕۆدەکەنە ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێنی هەڵکوڵاومانەوە.

ئەوەندە دەڵێم ئەگەر خاوەنی خۆی هەبێ ئاتێلای گەرمیان زادەی نایابترین فیلمی سینەمایە، بۆ پاکی و تاکی عەشقی پێشمەرگەی خاك و گەل، ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٦ بۆ سەردان و بەسەرکردنەوەی مەتەریزی شەرەف لەگەڵ چەند برادەرێك لە هەڵەبجەی شەهیدەوە بەرەو شاخی شنروێ بەڕێکەوتین، بانگی عەسر گەیشتینە سەر شاخ زۆربەی پێشمەرگە و فەرماندەکانی پێشمەرگەمان لەوێ دیتەوە، کاکە (شێرەی نەقیب)یشیان لەگەڵ بوو، زۆر بە سەردانەکەمان خۆشحاڵ بوو، لە کاتی وێنەگرتندا هاتە تەنیشت منەوە، بە چپەوە پێم گوت شێرە گیان پێم وایە مامە حەمەییم بۆ دەکەی، وابزانم لەبەر خاتری (ن) وا لە ئامێزم دەگری، چونکە دەزانی دایکی من و (ن) خزمی نزیکن، بەتەمای هیممەتێکت بۆ بکەین، گوتی وەڵلاهی ڕاست دەکەی، کوڕە پیاوی چاك بن ئەمجارەش کە گەڕایتەوە لەگەڵ برادەران خوازبێنییەکی دیکەم بۆ بکەن، خۆ ئێوە کافر نین ئەوە چوار بۆ پێنج ساڵە من چاوەڕوانی ئەو کچەم، گوتم شێرە گیان باوەڕبکە باوکی (ن) هیچ لاری نییە، لەوەی ئەو کچەت پێشکەش بکات، چونکە سوپاس بۆ خودا تۆ کوڕێکی (کامل المواصفات)یت و خۆشەویستی هەموومانیت، جگە لەوەش خۆشەویستی مامی گەورەیت ئیتر (کافی)یە.

دڵنیابە هەموومان بەرۆکی ماڵی (ن)مان بۆ تۆ گرتووە، تەنها مەرجی باوکی (ن) ئەوەیە تۆ چەك دابنێیت، دەڵێ ئەو دەکوژرێ، کچەکەم بێوەژن دەکەوێ، گوتی جا با بێوەژن بکەوێ، ئافرەت ئەگەر مێردەکەی پێشمەرگە بێت، جێگەی فەخر و شانازییە بۆ خۆی و ماڵی باوکیشی، گوتم برا ئیتر هەر یەك ڕا و بۆچوونی خۆی هەیە، گوتی بلە گیان بەخوا مادام مەسەلەکە هەر دانانی چەکە، باوەڕناکەم (من و ن) بە یەك بگەین، چونکە ئەم چەکە، چەکی پاراستنی شەرەفی خۆم و (ن) و کورد و کوردستان و هەموو بەهایەکی پیرۆزە، دانانی ئەم چەکە بە دانانی (شەرەف)م

دەزانم، گوتم کاکە شێرە گیان خودا کەریمە ئینشائەڵڵا ئەمجارە هاتیتەوە قسەیەکی دیکە لە مەسەلەکە دەکەین، گوتی مامە بلە، جاری من لەسەر ئەم شاخە سەختەم کاری سەختیشمان لە پێشە و بڕواناکەم بەم زووە بوار هەبێت بێمەوە بۆ کەلار، (کێ دەڵێ شەهیدیش نابم!)، بەڵام توخوا ئەگەر شەهید بووم بیرەوەریی و یاداشتی جوانم لەسەر بنووسن، وەك (ئاتە و فاتە)ی داماو و پشت ویژدانم مەخەن، منیش جگە لە هەناسەیەکی قووڵ بەهیچ وەڵامێکی نەهاتم، دوای تۆزێك تێرامان لەیەکتر ئەملا و ئەولای یەکدیمان ماچ کرد و بەدەمماڵئاوییەوە ئەو دووربین و لاسلکییەکەی هەڵگرت و بەرەو قولەیەکی چاودێری کشا و لە دوورەوە گوتی: "لەبیرت نەچێ!" ئێمەش لە چیای (بەفری میری)یەوە بەرەو هەڵەبجە و گەرمیان کشاینەوە، (تۆ بڵێی لە بیرمان بچێت) باوەڕناکەم[٤]. بەمجۆرە شێرەی شەهید و (ن) بوونە چیرۆکێکی تری ئەوینی ناکامی کوردستان.

---

(٤)– برایمی خوێندکار: شێرەی شەهید، دکتۆر ئاتێلایەکی عاشق بە فاتیلەیەکی تری گەرمیان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژمارە ٢٦١٥، سێشەممە، ٢٠٢١/١١/٢٠.

# ئاراس خدر عەبدولڕەحمان عەزیز (دکتۆر ئاراس بابان)

لە ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر لە پەیمانگای تەندروستی بەغداد بەشی تیشك وەرگیرام و ساڵی ١٩٨٢ تەواوم کرد، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك لە هەرێمی پێنجی کۆنی ئەوسا و بەشی قەرەداغ کەرتی شەهید مەلا ئەحمەد، دوای تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا لەلایەن چەند ناپاکێکەوە هەواڵم لێدرا و دەستگیرکرام و لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٨٤ زیندانی کرام.

لە زینداندا هەموو ژیانمان لێدان و ئەشکەنجە بوو، بەساغی دەچووین بۆ لێکۆڵینەوە بە بوراوی دەیانهێنایەنەوە، ئێمەش بڕیاری ئەوەماندا بوو کە ئەگەر هەموو جەستەمان پارچە پارچە بێت ناوی هاوڕێکانم ناهێنم، ئەو پەڕی لە ژێر ئەشکەنجەدا خۆم دەمرم، بەڵام هاوڕێکانم دەمێننەوە، بۆیە بەر لێبووردنی گشتی کەوتین و ئازادکراین، ئەوەی کە منی بە گرتندا لەلایەن شۆڕشەوە لە بەرگەلۆو بە سزای گەل گەیەنرا، هاوکات چەند کەسێکی دیکەشی بەگرتندابوو، من نەمدەناسی، کەسێکی دیکە پێی گوتبوو کە من ڕێکخستنم دواتر زۆرینەی ئەو ناپاکانە لەلایەن شۆڕشەوە سزادران، دوای ئازادبوونم بە دوو هەفتە باوکم پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ناچم بۆ سەربازی؟ گوتم نەخێر من دەبم بە پێشمەرگە، ئیدی هەڤاڵانی ڕێکخستن پشتگیرییان بۆ کردم و گەیشتمە قەرەداغ و کە گەیشتم هەڤاڵ ئازادی سەرتیپم بینی، هاوکات کوڕێکی ئامۆزام لەوێ فەرماندەی مەفرەزە بوو بە ناوی ئازاد پاڵەوان، هەڤاڵ ئازاد گوتی چی دەکەی بۆچی هاتووی؟ گوتم هاتووم بچم بۆ سەرکردایەتی، گوتی مادام تۆ یاریدەدەری پزیشکیت بۆچی لەلای ئێمە نامێنیتەوە؟ خۆشحاڵ دەبم لەلای ئێمە بمێنیتەوە، ئەگەر ڕازی دەبی ئێستا پشتگیریت دەکەم و لای خۆمان پەیوەندی بکە، گوتم من حەزم لە بەرگەلۆوە، گوتی بەڵام ناهێڵم بەتەنها بچی، سبەی هێزێکمان لە تیپی ٥١ و ٥٧ دەپەڕێتەوە سەرکردایەتی لەگەڵ ئەوان بچۆ، کە هەڤاڵ جیهاد و هەڤاڵ مام جەلال مەسۆییان لەگەڵ بوو، ئیدی لەگەڵ ئەوان چووم و گەیشتمە نەخۆشخانەی بەرگەلۆو.

لە نەخۆشخانەکە دکتۆر شوان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو، دکتۆر میرانی ددان، دکتۆر هاوڕێ، دکتۆر بەیان، دکتۆر ئیسماعیل، ماوەی شەش مانگ لەوێ مامەوە، ڕۆژێك هەڤاڵ مام جەلال هات پێویستی بەوە هەبوو تیشکی بۆ بگرین.

لەسەر بەشی ددانی نەخۆشخانەکە هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: لە بەرگەڵوو نەخۆشخانەی ناوەندیمان هەبوو، پێشکەوتووتر بوو، چەندین بەشی تێدا بوو، بۆ نموونە بەشی ددان، کە من لەوێ چەند ددانێکم پڕکردەوە تا نزیکەی بیست ساڵ ددانم کێشەی نەبوو، واتە ئەو بریندارە سەختانەی کە لە تیپەکاندا فریاگوزرای سەرەتاییان بۆ دەکرا، دەنێردران بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بۆ چارەسەری تەواوەتیی، هەروەها ناوچەکەشی پارێزراوتر بوو(٥).

لەو ماوەیە چەند جارێك بۆردومان کراین، ژمارەیەك گوندنشین بریندار و شەهید بوون، یەك لە بریندارەکان منداڵێك بوو پارچەك لە سینگی چەقی بوو، دوای هەوڵدانێکی زۆر و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی، بەڵام شەهید بوو، بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا و دکتۆر فوئاد و نەخۆشخانەکە و ئێستگە و زیندانی ناوەندی لە بەرگەڵوو بوون، بارەگای هەڤاڵ مام جەلال لە یاخسەمەر بوو، ڕۆژێك چوومەوە بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو گەیشتمە ئەوێ تۆپێك دای لە ماڵی مام هێرش و تێیدا هەڤاڵ بێستوونی برای شەهید بوو بەجۆرێك تۆپەکە پارچە پارچەی کردبوو.

هەڤاڵ مام جەلال حەزی لە پاك و خاوێنی بوو، هەمیشە داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد ڕیش بتاشن، ڕۆژێك هەڤاڵ عومەری مارف کە شۆفێری بوو هاتە نەخۆشخانەکە گوتی ئێستا هەڤاڵ مام جەلال دێت بچۆ ڕیشتان بتاشن، بە گاڵتەوە گوتمان نایتاشین، لە ناکاو دکتۆر شوان هات گوتی مام دێت دەرمانی تیشکەکە بگۆڕە، گورچیلەی ئازاری هەیە، با تیشکەکەی جوان دەربچێت، لە ناکاو مام گەیشت گوتی: چۆنی باوکەکەم، گوتم: بەخێر بێیت مامە گیان، گوتی: دەزانی بۆچی هاتووم؟ گوتم: بەڵێ دەزانم دەرمانی تیشکەکەشت پێ ڕشتم، بە دکتۆر شوانی گوت: بۆ پێت ڕشتووە؟ گوتی: گوتومە مام دێت، گوتی: غەدرت

(٥)– چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

کردووە من جیاوازیم چییە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا. مام لێی پرسیم: ئەوە تۆ بۆ ڕیشت هێشتۆتەوە؟ گوتم: وەڵا هەروا، گوتی: کاکە ئەگەر حەزت لە ژنە و بۆت ناهێنن و بیر لەوە دەکەیتەوە و خەمباری ڕیشت داناوە ئەوە بۆت دەهێنین؟ گوتم: نەوەڵا بۆ ئەوە نییە هەر حەزم لە ڕیش هێشتنەوەیە، دواتر مام بە دکتۆر شوانی گوت: ئەوە کوا جەماعەت؟ دکتۆر شوان گوتی: لە ترسی تۆ هەموو لەو کونەتەیارەیە خۆیان شاردووەتەوە، مام گوتی: بۆ من پیاوخۆرم! دکتۆر شوان گوتی: چونکە هەموو ڕیشیان هێشتووەتەوە. ئیدی ناردی بە شوێنیان و هەموو هاتنە خوارەوە، مام گوتی: بەڵێن بێ ئێوارە دێمەوە مەڕێکیشم بۆ داناون سبەی جەژنە سەری بڕن و بیخۆن، بەڵام ئەوەی ڕیشی نەتاشیبێ ئەوە ڕەوانەی لای مامە قالەی دەکەم، سێ ڕۆژی جەژن لەوێ بەسەر بەرێت – مامە قالە سەرپەرشتیاری زیندانییەکە بوو–، ئیدی مەڕەکە هات و هەموو ڕیشیان تاشی، من نەمتاشی، گوتیان: کاکە بیتاشە بەخوا مام دێتەوە، گوتم نایەتەوە، ئیدی باش بوو نەهاتەوە.

دواتر چوومە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و کەرتی چوار، دوو کادیری دیکەی پزیشکیمان لەو تیپە هەبوو، یەکێك لەوانە دکتۆر شوان کە شەهید بوو، لەگەڵ دکتۆر عەلی کە ئەویش شەهید بوو، هەڤاڵ شۆڕش ئیسماعیل سەرتیپمان بوو، پاش ماوەیەك لە قەیوان، قوات خاسەی لیوای حەرەس جمهوری و جاش هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەرمان، هەڤاڵ عەلی بچکۆك لەگەڵ هەڤاڵ وەهاب بەرپرسی بەرەی شەڕەکە بوو، شەهید و برینداریکی زۆرمان هەبوو، خۆم پارچەیەك بەرم کەوتبوو، هەڤاڵ مەهدی فەرماندەی کەرتەکەمان بوو، ئەویش بریندار بوو، من سەرقاڵی چارەسەرکردنی هەڤاڵ مەهدی بووم لە شاخی وڵاخلۆو، هەڤاڵ مەهدیم بردە خوارەوە ڤیتامین Kیم بۆ کرد، هەڤاڵ عەلی بچکۆل و دکتۆر عەلی لەوێ بوون، دکتۆر عەلی پێی گوتم دکتۆر ئەوە چییە سنگت هەمووی هەر خوێنە، گوتم خوێنی هەڤاڵ مەهدییە، گوتی تۆ کراسەکەت هەڵبەرەوە، تەماشام کرد خوێن بە سنگمدا دێتە خوارەوە و خۆشم بریندارم، پارچەیەك بوو لەلای ڕاستی سنگمدا، گوتیان نابێ بگەڕێیتەوە دەبێت لەگەڵ هەڤاڵ مەهدی بچن بۆ نەخۆشخانەی بەرگەلۆو، بۆ ماوەی هەفتەیەك چارەسەرمان وەرگرت، لەو هێرشانە هەڤاڵ ئازادی فەرماندەی کەرتی پێنجی تیپی ٤٧ شەهید بوو، بەڵام حکومەت نەیتوانی ئەو شاخانە بگرێت شکا و گەڕایەوە، چونکە

ناوچەی سەرکردایەتی بوو هێڵی سوور بوو، حکومەت بە سێ مانگ نەیتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، هێزی پێشمەرگەش بریندارێکی زۆری بەخشی، زیادەڕەوی نییە بڵێم بەرد نەبوو خوێنی پێشمەرگەی پێوە نەبێت، زیانی گیانی هێزەکانی ڕژێمیش بێشوومار بوو.

ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕیندا هەموو فەیلەقی کەرکوك کەمتر لە کاتژمێرێك لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرا، من و دکتۆر جەبار و دکتۆر خەسرەو بووین، ئەو کاتەی لە مەعەسکەر خالیدی کەرکوك تووشی شەڕێکی دەستە و یەخە بووین، بریندارەکانمان دەبردە نەخۆشخانەی ئازادی لە کەرکوك، چەندین بریندادی دیکەمان هەبوو ڕۆژێك پێویستمان بە خوێن بوو، بە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن چوومە چەمچەماڵ، ، دۆخی من باشتر بوو بە ئامێری بانگەوازی ئۆتۆمبێلەکە داوام لە خەڵکەکە کرد کە بریندارمان زۆرە و خوێنمان پێویستە، هێندەی نەبرد لێشاوی خەڵك فریامان کەوتن بە ژن و پیاو هاتنە فریامان و سەرووی سەد بوتڵ خوێنیان بەخشی، کە زۆر بوو بۆ بریندارەکان، دکتۆر جەبار پێی گوتم ئەو ڕێژەیە زۆرە، گوتم تازە خەڵك خوێنەکەی بەخشیوە، ئەوەی بیرم بێت ملازم عومەر و سیروان کوێخا نەجم و مستەفا چالاوی لەوێ بوون، پێشمەرگەی کۆی پارتەکە کوردییەکانی جگە لە پ.د.ك تێدابوو.

من لەسەر داوای دکتۆر جەبار لە هێزەکەی مەکتەبی عەسکەریی و بەتالیۆنی شەشەوە کە هەڤاڵ مام ڕۆستەم سەرپەرشتی دەکرد چوومە تیپی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکە، دواتر لەلایەن قوات خاسەی حەرەس جمهوری و موجاهیدینی خەلق پێکەوە لە کەرکوك هێرشیان کردە سەرمان، بەهۆی پارچەی RBG بەسەختی بریندار بووم و هۆشم لەدەستدا، لەلایەن هەڤاڵ عادلی هاوڕێمەوە لە کەرکوك ڕزگارکرام، من بە کۆڵی ئەوەوە بووم، ئەگەر ئەو نەبووایە بە برینداری دەستگیردەکرام، هەرچەندە من بێهۆش بووم، هۆشم هەبووایە بە برینداری خۆم دەکوشت، شایەنی باسە هەڤاڵ عادل ڕۆڵێکی گرنگی لەو نەخۆشخانەیەدا بینی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵی دەدا، خزمەتی زۆری هێزی پێشمەرگەی کردووە، بەدرێژایی ئەو شەوە لە کۆڵی خۆی کردبووم، کتێب و دەفتەر و دەمانچەکەم لێ کەوتبوو، ئەگەر دەستگیربکرامایە لەناودەبرام، کە هۆشم هاتەوە سەر و دەست و پشت و کەلەکەم واتە هەموو گیانم برین و پارچە بوو خوێنم لێ دەتکا، تەنانەت ئەو ژنانەی کە لەگەڵمان

بوون پارچەیان لە جلەکانی خۆیان دڕی بوو برینی منیان پێ بەستبوو، گەیشتینە شوێنی خۆشاردنەوەی پارتیزانەکانی تیپی ٢١ی کەرکوك خۆمانشاردەوە هەتا ئێوارە هەلیکۆپتەر بەسەرمانەوە بوو نەیدەدۆزینەوە، ئیدی لەسەر شانی هەڤاڵ عادل گەیشتمە قەرەهەنجیر، لەوێ هەڤاڵ ئەحمەد کرێکار و مامۆستا جوامێری لێ بوو سەریان سووڕما کە منیان بینی.

لە قەرەهەنجیرەوە بە ئۆتۆمبێل ناردیانمە چەمچەماڵ و لەوێوە بۆ سلێمانی و دواتر بۆ کرماشان و لەوێ نەشتەرگەریم بۆ کرا و ڕەوانەی تاران کرام و لەوێش چەند نەشتەرگەرییم بۆ کرا، نەشتەرگەرییەکانم سەرکەوتوو نەبوو، هێنامیانەوە بارەگای هەڤاڵ مام جەلال، دوو دار شەقم پێ بوو، زۆرینەی پاسەوانەکانی هاوڕێم بوون لە قەڵاچوالان، هەڤاڵ مام جەلال گوتی چیت دەوێت بۆت بکەین؟ گوتم تەنها چارەسەرم دەوێت تا دووبارە دەستبکەمەوە بە خزمەت، بانگی هەڤاڵ سەعدی ئەحمەد پیرەی کرد گوتی بەزووترین کات ئاراسم بۆ بگەیەننە ڤییەننا، چونکە لێرە چاك نابێتەوە، گوتم بچم بۆ تاران نابێت، گوتی نا دەتنێرم بۆ نەمسا، ئەگەر توانیت بخوێنە و مەیەرەوە، تا دەچی لای من بمێنەوە، ئەم کوڕانەش هەموو هاوڕێتن بیرمە دەهاتی بۆلایان بۆ یاخسەمەر، چەند جارێکیش تیشکم بۆ هەڤاڵ مام جەلال گرتبوو لە هەشتاکان، هەڤاڵ مام جەلال لە ناسینەوەی خەڵکدا زۆر زیرەك بوو، هیچی لە بیر نەدەچوو.

هەڤاڵ سەعدی لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال نووسراوی بۆ دە کەس کرد من و هەڤاڵ ئاراسی حامیدی حاجی غالی و هەشت کەسی دیکە، هەڤاڵ مام جەلال نامەیەکی نووسی و بە هەڤاڵ سەعدی گوت ئەم نامەیە و سڵاوی من بگەیەنە بە (هاینس فیشە) لە نەمسا، لە نەمسا و پێی بڵێ چەند برینداریکی بۆ دەنێرم با بۆمان چارەسەر بکات، کە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیمۆکراتەکان بوو، ماوەیەك سەرۆك کۆمار بوو، ماوەیەك سەرۆکی پەرلەمان بوو، شایەنی باسە کە هەڤاڵ مام جەلال نەخۆش کەوت، هاینس فیشە لە نەمساوە هات بۆ لای هەڤاڵ مام جەلال لە قەڵاچوالان وێنەی هەیە کە سەر بۆ هەڤاڵ مام جەلال دادەنەوێنێت، لە ١٣/٧/١٩٩١ هەڤاڵ سەعدی بە دوو فڕۆکەوە گەیشتە فڕۆکەخانەی بامەڕنی هاوکات هێزێکی ئەمریکی لێ بوو، هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لەوێ بوو، ئیدی هەر دە بریندارەکە لە ١٣/٧/١٩٩١ چووینە دەرەوە و کاتژمێر ١٢ی شەو بەبێ پاسپۆرت و بلیت و بە

فڕۆکەی نەمسا گەیشتینە نەمسا، لەوێ نێردەی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا و ڕاگەیاندنەکان و چەندین ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لەوێ بوون، پشکنینیان بۆ کردین و بەگوێرەی برینداریەکانمان جیایان کردینەوە، من و هەڤاڵ ڕاستی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و هەڤاڵ سەلاحی کوێخای گەرمیان کێشەی جومگە ئێسکمان هەبوو براین بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت، هەڤاڵ ئاراسی حامیدی حاجی غالی هەردوو چاوی کوێر بووبوو، هەڤاڵ سەلام قەڵادزێیی چاوێکی کوێر بووبوو، بەو جۆرە دابەش کراین، دوای دوو مانگ یەکمان گرتەوە.

هەڤاڵ مولازم عومەر و هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش هاتن بۆ نەمسا و لە هەڤاڵ خەبات پرسیاری ئێمەیان کردبوو، ئەویش ناونیشانی ئێمەی پێدابوون، ڕۆژێك من و هەڤاڵ ڕاستی و هەڤاڵ سەلاحی کوێخا دانیشتبووین لە باخچەی نەخۆشخانەکە، لە ناکاو خۆیان کرد بە باخچەکەدا لە دوورەوە بە ڕۆیشتنەکەی هەڤاڵ ملازم عومەرم ناسییەوە، ئیدی من لە ڤیەننا بۆ هەمیشە مامەوە، یازدە پارچەیان لە لەشم دەرهێناوە، کە حەوتیان لە سەرمدابوو، ئەوانەی دیکە لە دەستی ڕاست و سینگ و ئەژنۆمدا دەرهێنراوە، دانەیەك لە بڕبڕەی پشتم ماوە، دانەیەك لە کەلەکەم ماوە، تا ئێستا بە ئازاری برینداریەوە دەژیم. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ساڵی ١٩٩٤ هاوسەرگیریم کرد و کچێك و کوڕێکمان هەیە[٦].

---

[٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاراس خدر عەبدولڕەحمان عەزیز (د. ئاراس بابان)، ٢٠٢٢/١٢/١٤.

# ئازاد عوسمان حەسەن قادر (دکتۆر ئازاد)

لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٣، لە شاری کۆیە لەدایکبووە. تا پۆلی شەشی سەرەتایی لە کۆیە خوێندووە و لە ساڵی ١٩٦٣ خێزانەکەی دەگوێزنەوە بەرەو هەولێر، ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو دەکات و لە پەیمانگای یاریدەدەری پزیشکیی بەشی تیشک وەردەگیرێت. کوڕێکی خزمدۆست، قسەخۆش و نوکتەئامێز بووە، هەروەها گەنجێکی جوانخاس، ئیشکەر، کوردپەروەر، ڕۆشنبیر و خوێندەوار بووە.

ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە و لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا لە شەهید جەعفەر عەبدولواحیدی خاڵی چووە. لە ساڵی ١٩٧٤ لە کاتێکدا خوێندکاری قۆناغی دووەمی پەیمانگەی پزیشکیی بەشی تیشک دەبێت، دوو سێ مانگی دەمێنێت دەربچێت کە دەبێتە پێشمەرگە. دوای شکستی شۆڕش و گەڕانەوە، جارێکی تر لە پەیمانگە وەردەگیرێتەوە و لە یەکەمەکان بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە (عائدون) بووە، نەك هەر لە پەیمانگەکەی دانەمەزرێنراوە، بەڵکوو نەفی دەکرێت و لە (عەفەك) دادەمەزرێت. خاتوو نەرمین عوسمان، خوشکی دکتۆر ئازاد، دەربارەی ئەو ماوەیەی کە لە عەفەکی سەر بە پارێزگای دیوانیە بووە، دەڵێت: "لەوێ لە نەخۆشخانەی ئەو شارە کاری دەکرد، زۆر خۆشەویست بوو، لەناو دڵیاندا جێی خۆی کردبووەوە، هەندێك جار بەگاڵتەوە پێی دەوتین کە نامەتان نارد بنووسن (عەفەك – ئازاد) دەگاتە دەستم، بەڵام بەڕاستییش وابوو".

هەڤاڵ نەرمین درێژەی دەداتێ و دەڵێت: "هەر سەبارەت بەو ماوەیەی کە لە عەفەك بوو، هەڤاڵ عارف ڕوشدی بۆی باس کردم، کە ئەویش لەگەڵ دکتۆر ئازاد و دکتۆر کازم نایف بەیەکەوە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون. دکتۆر کازم، خەڵکی زاخۆیە، دەرچووی کۆلێجی پزیشکیی موسڵە، وەك ئەفسەر (مجند) لە نەخۆشخانەی سەربازیی دیوانیە کاری کردووە و هەڤاڵ عارف هێناویەتییە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە ئەو کاتەی لە زانکۆ بووە. لە ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ شۆڕش داوا دەکات ئەگەر لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا پزیشك هەبن بیانەوێت پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەن، ئەوا بیاننێرن، هەڤاڵ عارف لەوبارەیەوە قسە لەگەڵ دکتۆر کازم دەکات و ئەویش ڕازی دەبێت، بۆیە هەردووکیان پێکەوە دەچنە هەولێر

و ئەرکی گەیاندنی بۆ بالیسان بە دکتۆر ئازاد دەسپێرن، ئەویش هەر هەمان ڕۆژ ئەرکەکە جێبەجێ دەکات".

هەڤاڵ نەرمین وتیشی: "هەڤاڵ عارف ئەوەشی بۆ باس کردم کە ئەو و دکتۆر ئازاد و ڕەفیق کۆیی و فەهمی عەبدوڵڵا پێکەوە لە یەك شانەدا بوون لە شاری دیوانیە، یەکێك لە چالاکییەکانیان بریتی بووە لە بردنەناوەوەی کۆمەك و هاوکاری بۆ ئەو خێزانە پێشمەرگانەی لەنێو یاریگای دیوانیە دەستبەسەر بوون".

ساڵی ۱۹۷۹، دوای دەرچوونی لێبووردنی گشتی، دکتۆر ئازاد دەگەڕێتەوە هەولێر و لە نەخۆشخانەی (سی) وەك یاریدەدەری پزیشکی تیشك کار دەکات. لە ساڵی ۱۹۸۱، جارێکیان لەگەڵ ئامۆزایەکی (عەبدوڵڵا) لە پاسدا دەبن، دوو جاش دێنە ناو پاسەکە و داوا دەکەن جێگەیان بۆ چۆڵ بکەن، دکتۆر ئازاد قبوڵی ناکات و لێیان دەبێت بە شەڕ، دکتۆر ئازاد دەچێتە لای پۆلیس و سکاڵا تۆمار دەکات. دوای ئەو ڕووداوە دکتۆر ئازاد پەیوەندی بە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵەوە دەکات، ئەویش دەمانچەیەك و کلاشینکۆفێك و نارنجۆکێکی بۆ دەنێرێت. پاشان لەگەڵ شێخ خالیدی هاوڕێی، کە بەیەکەوە لە نەخۆشخانە کاریان کردووە، پلانی ئەوە دادەنێن بچنە سەر ماڵی جاشەکە. شێخ خالید ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەهێنێت، سەرەتا بەیەکەوە دەچنە یانەیەك بۆ ئەوەی خەڵك بیانبینێت، دوایی دەچنە سەر ماڵی جاشەکە، دکتۆر ئازاد لە سەری کۆڵانەکە دادەبەزێت و دەچێتە ناو کۆڵانەکە و نارنجۆکێك فڕێ دەداتە حەوشەی ماڵەکەوە، ماڵەکەش لە بەردەرگاوە دەست دەکەن بە تەقە و دکتۆر ئازادیش بۆ پارێزگاریی لە گیانی خۆی دەست بە تەقە دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە لای خالید و دەچنەوە بۆ یانەکە. دوای دوو ڕۆژ لە ڕادیۆی گەلی کوردستان وەك چالاکیی بڵاو دەکرێتەوە. ئەمن، دەچنە سەر ماڵی (مامۆستا عوسمان) کە دەکاتە باوکی دکتۆر ئازاد، پێی دەڵێن: "دکتۆر ئازاد لەو ماڵە جاشە زویر بووە، با بێت ئاشتیان دەکەینەوە" دکتۆر ئازاد هەر کە ئەمە دەزانێت دەڕوات و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات. جارێکی دیکەش ئەمنەکان دەچنەوە بۆ لای باوکی، باوکی پێیان دەڵێت: "نازانم لە کوێیە، کوڕەکەم گەورە

بووه و پرسم پێ ناکات"، پێی دەڵێن: "با بێت ئاشتیان بکەینەوە با نەچێت بۆ کاری (عصابات)".

کاتێک دکتۆر ئازاد دەچێتە دەرەوە، پەیوەندی بە سەرکردایەتییەوە دەکات، لە سەرەتادا لە بارەگاکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار دەبێت، هەڤاڵ نەوشیروان دەینێرێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەك هێزی پشتیوانیی بۆ هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە شەڕی دژ بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. دوای گەڕانەوەیان، دەینێرنە خولی کادیران و دوای خولەکەش دەنێردرێتە خوارەوە بۆ بەری مەرگە، لەوێ دەبێتە ڕابەر سیاسیی تیپی ٤٣ی ئاسۆس. پاش ماوەیەك هەڤاڵ نەوشیروان بانگی دەکاتەوە و دەینێرتە تیپی ٤٤ی چەکوش، پێی دەڵێت برۆ بە هەر شێوەیەك بووە ڕێکخستنی کۆمەڵە لەناویاندا دروست بکە. لەوێ هەڤاڵ قادری خاڵۆزای دەبینێت و ئاگاداری دەکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئاگای لە خۆی بێت. تیپی ٤٤ی چەکوش، هێزەکانی شێخ سەدرەدین، لە (١٦٠) پێشمەرگە زیاتر دەبن و زۆربەی چەکەکانیان شێخ بە توانای مادیی خۆی کڕیبوونی. نزیکەی دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی خەریکی ڕێکخستنی کۆمەڵەیە و پشتی جوتیاران دەگرێت و ئاغاکانی ئەو ناوچەیەش هێزیان زۆر دەبێت، چەند جارێك هەڕەشەی لێ دەکرێت و ژیانی لە مەترسیدا دەبێت، هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ هەڤاڵ مام جەلال بانگی دەکاتەوە و دەینێرێتە دەشتی کۆیە وەك ڕابەر سیاسیی لە تیپی ٩٣ی کۆیە.

ئەو کاتە هەڤاڵ دانای ئەحمەد مەجید سەرتیپی ٩٣ی کۆیە دەبێت، دوای ئەویش هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم سەرتیپ دەبێت و هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید جێگری دەبێت. لەوێ دەمێنێتەوە تا کاتی ئەنفال، جگە لە کاری سیاسی، کاری پزیشکییش دەکات و دەیان برینداری چارەسەر کردووە و بەردەوام پشتەکۆڵەکەی دەرمانی تێدا بووە. لە کاتی گفتوگۆکەی ساڵی ١٩٨٤، هەرچەندە هەڤاڵ مام جەلال لە کۆبوونەوەی سورداش لە ٣٠ی نیسانی ١٩٨٤، ئاگاداری کردبوونەوە کە نەچنە ناوشار، بەڵام دکتۆر ئازاد بە هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم دەڵێت: "بابچین سەردانێکی خاڵم (خالید دلێر) بکەین بزانین بۆ ئەوەندە ڕەخنەی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەیە"، چوار کەس دەبن (ڕەهبەری سەید برایم، هاوڕێ

جەبار، دکتۆر ئازاد، پشتیوانی مام هەمزەی فەرشفرۆش)، دکتۆر ئازاد کە ڕابەرسیاسیی تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە دەبێت، پیکابێکی دەبڵیان پێ دەبێت و ئەو دەیئاژوێ، (پێشتر لە باخی گشتیی سلێمانی تەقە لە سالار عەزیز و بەکری حاجی سەفەر دەکرێت و یەکێکیان بەناوی عەبدولڕەحمان لێ شەهید دەبێت)، کاتێك ئازاد و هاوڕێکانی دەگەنە تاسلۆجە، دەکەونە بۆسەی جاشەکانەوە کە تەنیا سێ دەمانچە و یەك کلاشینکۆفیان پێ دەبێت. ئازاد ئۆتۆمبێلەکە دەئاژوێ، هەڤاڵ ڕەهبەریش لایەوە دەبێت. دەستبەسەر دەکرێن، لێپرساوی جاشەکان لە تەنیشت هەڤاڵ ڕەهبەرەوە سەر دەکەوێت و یەکێکی تریش لای هاوڕێ جەبار و پشتەوەش پڕ دەکەن لە جاش و پێیان دەڵێن: "دەتانبەینە شوێنێك" کە دەگەنە بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، پێشمەرگەیەکی زۆری لێ دەبێت، پێشمەرگەکان دەست دەکەن بە تەقە و ئەوانیش لە ئۆتۆمبێلەکەدا دەبن، لەو شەڕەدا لێپرساوی ڕێکخراو (مسؤل المنظمة) دەکوژرێت، دکتۆر ئازاد و هەڤاڵ پشتیوان یەکی ١١ فیشەکیان بەردەکەوێت، هەروەها هەڤاڵ ڕەهبەر دوو فیشەك و هاوڕێ جەباریش فیشەکێکی بەردەکەوێت، بەلام قوتاریان دەکەن. هەڤاڵ دانای ئەحمەد مەجید لەوێ دەبێت، ئەگەر هیمەتی پزیشکەکان نەبوایە ڕزگاریان نەدەبوو، هەموو نەخۆشخانەکە و بەتایبەت پزیشکەکان هەوڵی بێوچان دەدەن بۆ ڕزگارکردنیان. ئەو ڕۆژە ١٢٠ جاش و چەکداری حکومەت دەکوژرێن، هەرچەندە گفتوگۆ هەبوو، بەلام وەك ئەوە وابوو شەڕ بەردەوام بێت. هێشتا دکتۆر ئازاد بەباشی چاکنەبووەتەوە کە دانوستان تێکدەچێت و دەگەڕێنەوە ناو پێشمەرگە، پاشان لە نەخۆشخانەی سورداش چارەسەر دەکرێت و دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی وەك ڕابەر سیاسی.

دکتۆر ئازاد، لە پاڵ کاری سیاسی، کاری پزیشکیشی کردووە و دەیان بریندار و نەخۆشی چارەسەر کردووە. لە کاتی برینداربوونی هەڤاڵ کۆسرەتدا، لەگەڵ دکتۆر چیا و دکتۆر زێوەر لای دەبن. دکتۆر ئازاد، گرووپی خوێنەکەی (O+)ە، بۆیە ڕاستەوخۆ هەر لەوێدا ڕێژەیەکی زۆر لە خوێنی خۆی دەبەخشێتە هەڤاڵ کۆسرەت.

## یەکەم ئامێری تیشك لە شاخ

لە کاتی نەبەردییەکەی هێزەکانی مەڵبەندی سێ لە ١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لە شارۆچکەی تەقتەق، ئامێرێکی تیشك دەکەوێتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە. دکتۆر ئازاد دەچێتە دیوی ئێران و لەوێ پێداویستییەکانی ئەو ئامێرە دەهێنێت و دەگەڕێتەوە. لە سەرەتای مانگی ئاب دەچێتە لای شەهید عەبدولڕەزاق داوای دوو پێشمەرگە دەکات لەگەڵی بنێرێت بۆ ئەوەی بچن ئەو ئامێرە لە تەقتەقەوە بهێنن بۆ مەڵبەندی سێ، ئەویش دوو پێشمەرگە (محەمەد حاجی و کەنعان)ی لەگەڵ دەنێرێت. لە سماقوڵییەوە بەرەو نازەنین بە تراکتۆر ئامێرەکە دەبەن، دوای ئەوە ڕێگەی تراکتۆر نامێنێت و دەبوایە بە خاڵی پشکنینی ڕژێمدا تێپەڕن، ئەو کارەش سەرکێشییەکی زۆر گەورەیە و کارێکی سەرسەختانەیە. ئامێرەکە بەسەر تراکتۆرەکەوە بە پوش و گیا دادەپۆشن و داوا لە شارەزایەك دەکەن لەگەڵ تراکتۆرەکە بڕوات بۆ ناوچەی زینەتێ. لەکاتێکدا بە ڕێگەدا دەڕۆن، وردە وردە پوش و پەلاشەکەی لەسەر لادەچێت و لایەکی ئامێرەکە دەردەکەوێت، شارەزاکە کە ئەمە دەبینێت یەکسەر دادەبەزێت و هەڵدێت، دەڵێت: "حکومەت ئەمە ببینێت یەکسەر لەسێدارەمان دەدا". هەرچۆنێك بێت لە خاڵی پشکنینەکەی ڕژێم تێپەڕیبوون، لە زینەتێ دەگەنەوە بە تراکتۆرەکە و بە هەمان تراکتۆر ئامێرەکە دەبەنە خەتێ. ئەوسا ئامێری تیشك لەناو پێشمەرگە نەبووە، هەر برینداریێك دەبوایە بۆ تیشکگرتن بچێتە تاران، یان بەنهێنیی بچێتە ناوشار، تەنانەت لە کاتی برینداربوونی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ لە سماقوڵی، ڕێکخستنی ناوشار ئامێرێکی تیشکی سەفەری بەنهێنی دەهێنن و پشکنینی هەڤاڵ کۆسرەتی پێ دەکەن و هەر ئەو شەوەش دەیگەڕێننەوە نەخۆشخانەی هەولێر. دکتۆر ئازاد، هەڤاڵ محەمەد حاجی و هەڤاڵ کەنعان فێری تیشکگرتن دەکات و ئەوان دەبنە بەرپرسی ئامێرەکە.

لەو چالاکیانەی کە وەك کاری پزیشکی کردوویەتی و لە زمانی هەندێك هاوڕێی گێڕدراوەتەوە: لە هێرشێکی سەر ڕەبییەکانی تۆپزاوە، پێشمەرگەیەك بەناوی چالاك ئیبراهیم بریندار دەبێت، سکی دادەڕێ و هەموو ڕیخۆڵەی دێتە دەر، دکتۆر کاروان و دکتۆر

ئازاد نەشتەرگەری بۆ دەکەن و سکی دادەخەنەوە، پاشان دەینێرن بۆ نەخۆشخانەیەکی هەولێر لە ڕێگای سەرۆك جاشێکی خەت مایل وەك جاشێکی لای خۆی دەیناسێنێ و نەشەرگەری تری بۆ دەکەن و لە ماڵی خزمانی تیماری دەکەن و ژیانی لە مردن ڕزگار دەکەن.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ محەمەد شەقلاوەیی، لێپرسراوی مەفرەزەیەکی تیپی ٩١ی سەفین دەبێت، مینێك بە قاچیدا دەتەقێتەوە و قاچی دەپەڕێنێت. دکتۆر ئازاد هەرچۆنێك بێت پارچە پەڕیوەکەی بە قاچییەوە دەنووسێنێت و توند دەیبەستێتەوە تا ڕێگری لە خوێنبەربوونی بکات و دەیگەیەننە نەخۆشخانە، هەرچەندە قاچی لەدەستدەدات، بەڵام لە مردن ڕزگاری دەبێت.

شەهید دکتۆر ئازاد و دکتۆر کاوە و دکتۆر سالار لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت، توانیویانە لە گوندی خەرابە نەخۆشخانەیەك دابمەزرێنن و دوای هەڵوەشاندنەوەی گفتوگۆ، گواستویانەتەوە کانی کوردە. دکتۆر ئازاد، قسەخۆش بووە، لە بەنی هەریرێ، حکومەت یەك مانگ لە شەڕدا بووە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ی.ن.ك بۆ ئەوەی کەپکی حەمەد ئاغا بگرێت. ئەو مانگە هەر لەو چیایە دەبن و هیچ خواردنیان پێ نییە جگە لە گۆشتی قوتوو، سێ ژەمە هەر گۆشتی قوتوویان خواردووە؛ بەیانییەك دکتۆر ئازاد لە خەو هەڵدەستێت و دەبینێت پێشمەرگەکان خەمبارن، بە دەنگی بەرز بەیانی باشیان لێ دەکات و دەڵێت: "بەیانیتان بباع"، پێشمەرگەکان دەخاتە پێکەنین. شەهید ئازاد، باوەڕی زۆری بە ك.ڕك هەبووە، بەردەوام وتوویەتی:"دەبێت بیروباوەڕی کۆمەڵە باش بپارێزین، چونکە لە ماڵەکانی ئێمەومانانددا چاوی کردووەتەوە". هەندێك کەس لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان ئەو ڕاستییە دەزانن و ڕاپۆرتی لەسەر دەنووسن کەوا وەك ڕابەر سیاسی کاری خۆی ناکات، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی دکتۆر ئازاد کاری خۆی بەباشی نەکردووە، بەڵکو ئەو کەسانە ویستوویانە یەکێك لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان ببێتە ڕابەر سیاسییان. کاری ڕابەر سیاسی و ڕابەر سیاسیەکان هەڤاڵ مام جەلال سەرپەرشتی دەکردن و بۆ ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك بووە. کاتێك ئەم ڕاپۆرتە بە هەڤاڵ مام جەلال دەگات و لێی دەکۆڵێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە

ئەمە دوورە لە راستییەوە. نامەیەك بۆ دكتۆر ئازاد دەنێرێت و دڵخۆشیی خۆی بۆ دەربڕیوە و بۆی نووسیوە: "زۆرم پێخۆش بوو كە ئەوەی لەسەرتان گووترابوو، وادەرنەچوو. ئەوەی ڕاستی بێت لە دوولاوە پێم خۆشە، هەم تۆ خۆت كوڕێكی تێكۆشەری هەم برازایەكی خۆشمی". (بۆ بینینی نامەكە بڕوانە پاشكۆ). ئەمەش لەبەر ئەوە بوو كە: باوكی دكتۆر ئازاد (مامۆستا عوسمان)، مامۆستای هەڤاڵ مام جەلال بووە لە كۆیە، هەروەها هاوڕێی خالید دلێری خاڵی دكتۆر ئازادیش بووە كە پێكەوە هەردووكیان ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی - باڵی مەكتەبی سیاسی بوون پێش ئەوەی هەردوو باڵ یەك بگرنەوە لە ١٩٧٠، ئەو كاتە هەڤاڵ مام جەلال دەگەڕێتەوە لای مەلا مستەفا، بەڵام خالید دلێر ناگەڕێتەوە نێویان.

دكتۆر ئازاد، تا كاتی ئەنفال لە دەشتی كۆیە دەبێت. بەهۆی شاڵاوەكانی ئەنفالەوە لەگەڵ خێزانەكەی مەهاباد و منداڵەكانی داban و سەنگەر بەرەو ئێران دەڕۆن و لە سەقز لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە پێشمەرگە و خێزانەكانیان، دەژین. لە ٥ی ئازاری ١٩٨٩ لە نزیك دێی خەمزە لە نێوان شاری سەقز و سنە لە نێو پاسێك دادەبن، پاسەكە وەردەگەڕێت، خۆی و هاوسەرەكەی شەهید دەبن و منداڵەكانیشی بریندار دەبن. پێشمەرگەكانی ئەویّ و خزمان كە ئەوسا ئەوانیش پێشمەرگە بوون، دەگەنە سەر ڕووداوەكە، منداڵەكان دەبەنە نەخۆشخانە و دواتر دەیانگەڕێننەوە بۆ لای نەنكیان (دایكی شەهید دكتۆر ئازاد). (سەنگەر تەمەنی پێنج ساڵ و دابان تەمەنی حەوت ساڵان دەبێت). پاش ماوەیەك دایكی شەهید دكتۆر ئازاد دەچێتە ئێران و بەهاوكاریی پێشمەرگە و خزمانی ڕانیە، تەرمەكانیان دەهێنێتەوە بۆ كۆیە، بۆشیان نەبووە پرسە دابنێن. سەبارەت بە ڕووداوی شەهیدبوونی دكتۆر ئازاد و هاوسەرەكەی، خاتوو نەرمین عوسمان وتی: "ئێمە لە سوید دەژیاین، هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە ئێرانەوە تەلەفۆنی كرد، ڕووداوەكەی بۆ باس كردم. هیچ چاوەڕێی ڕووداوێكی لەو جۆرە نەبووم، چەند ڕۆژێك پێش ئەوە نامەی ئازادم پیّ گەیشتبوو، كە باسی ئەنفالە بەدناوەكەی بۆ كردبووم و چاوەڕوان بووم لەسەر ڕۆشنایی ئەو نامەیە چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەوانی بكەم و لەگەڵ هەندێك ڕۆژنامە قسەم كردبوو".

شەهید دکتۆر ئازاد، بەشداریی دەیان شەڕ و نەبەردیی کردووە، وەك نەبەردییەکانی: دۆڵی بالیسان، سەری هەریر، کەپکی حەمەد ئاغا، بەنەباو، داستانی دابان هەلاج، داستانی قەیوان ماوەت، سەری رەش، داستانی ڕزگاری و سەرکردایەتی، داستانی کەرکوك و دۆڵی کانی وەتمان و چەندین نەبەردیی تر[٧].

(٧)- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نازەنین عوسمان خوشکی شەهید د. ئازاد، ٢٠٢٣/٣/١٨. (تێبینی: بەشێکی ئەو ژیاننامەیە لەلایەن خوشك و برای د. ئازاد کۆکراوەتەوە و بەشیکیش لەلای هاوڕێ پێشمەرگەکان کە لە نێو شۆڕش لەگەڵیدابوون.)

# ئازاد محەمەد سەعید عەلی (دکتۆر ئاراس)

ساڵی ١٩٦٢ لە هەولێر لە خێزانێکی مام ناوەند لە دایکبووم، باوکم فەرمانبەری ڤێتێرنەری بوو، قۆناغەکانی خوێندنم لە هەولێر تەواوکردووە، تا ساڵی ١٩٧٣ باوکم شیوعی بوو، دوای ئەوەی شیوعییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ڕێکەوت، گوتی من شیوعی نیم و دەستبەرداری حیزبەکەی بوو، گوتیشی هەر لە کوڕەکانیشم ببن بە شیوعی کوڕی من نییە، ئێمەش ڕوومان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران کرد، ساڵی ١٩٨٠ پۆلی شەشی زانستیم تەواوکرد، هاوکات پۆلی شەشی وێژەیشم تەواوکرد، دواتر لە پەیمانگای تەندروستی وەرگیرام دوای دوو ساڵ تەواوم کرد.

لە قۆناغی ئامادەیی لەگەڵ براکانی شەهید سابیر ڕەسووڵ بووم، بەشێك بووم لە خێزانی ئەوان لە ساڵی ١٩٨٣ برایەکم لە تیپی ٨٣ی هەورێ بوو بە پێشمەرگە، ، منیش مانگانە چەند ڕۆژێك دەچووم بۆ ناو پێشمەرگە، من زۆر مەبەستم بوو ببم بە پێشمەرگە، لەوێ کە مامۆستا جەمال فەرماندەی کەرت بوو داوای لێکردم بگەڕێمە تا پەیمانگای تەندروستی تەواو بکەم، چونکە ئەوکاتە قۆناغی دووی پەیمانگای تەندروستی بووم و ماوەیەك سەربازی بکەم تا زانست و زانیاری زیاتر دەربارەی کاری پزیشکی و برینپێچی وەربگرم، دواتر بووم بە بە پێشمەرگە، ئیدی دوای پەیمانگا ساڵێك دامەزرام، ساڵی ١٩٨٦ بووم بە سەرباز، لە سەربازی لە ڕووی تەندروستییەوە زۆر زانیاریم وەرگرت تەنانەت هەتا ئەنجامدانی نەشتەرگەری بچوك، لە سەربازی زۆر داوام لێکرا ببم بە بەعسی و زۆر ماندوویان دەکردم، لە ساڵی ١٩٨٧ ئێران تۆپبارانی سنووری سلێمانی دەکرد، داوایان لێکرم کاری وەرگێڕان بکەم، کە ناوی هەڤاڵ مام جەلالی وەکو عەمیلی ئێران دەهێنا منیش ڕەتم کردەوە، ئیدی لەسەر ئەوە مانگێك لە شارۆچکەی دوکان زیندانی کرام، دوای ئازابوونیشم هەر چاودێری دەکرام، ئیدی لە ١٩٨٧/٤/١٢ بووم بە پێشمەرگە.

لە پێشمەرگایەتی گوازرامەوە بۆ سنووری مەڵبەندی سێ، چوومە گوندی خەتێ لە ڕێکخراوی هێڵی گشتی ی.ن.ك بووم، هەڤاڵان عەبدوڵڵا حەبیب و عوسمان دەشتی لەوێ بوون،

ماوەی مانگێك لەوێ بووم، لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن ئەوانەوە نێردرام بۆ خولی چەکی کیمیایی پزیشکانی شۆڕش، لەگەڵ کۆمەڵێك پزیشکی سنووری تیپەکانی مەڵبەندی سێ لەوانە ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچووغ، ٩١ی سەفین و ٩٣ی کۆیە، لە یاخسەمەر نزیکەی مانگێك خولی شارەزابوون لە چەکی کیمیاییمان بینی، وانەی چەکی کیمیایی و خۆپاراستن و چارەسەرمان وەرگرت، لە تەنیشت ماڵی هەڤاڵ مام جەلال لە یاخسەمەر لە تارانەوە پزیشکیان هێنابوو، بەشداران بریتی بوون لە هەڤاڵان: (نەبەز، محەمەد، عەبدولقادر، هونەر، ئامانج، هیمداد، حسێن...هتد)، خولێکی زۆر باش بوو، دکتۆر شاڵاو بۆی وەردەگێڕاین، دوای تەواوبوونی خولەکە هەڤاڵ مام جەلال هەر کەسە و پەنجا دیناری پێداین و گوتی هەر لێرە دەرچوون شوانیشتان بینی بۆی ڕوون بکەنەوە چەکی کیمیایی چییە و چۆن خۆت دەپارێزی، بۆ نمونە ئاگرکردنەوە و چوونە سەر شوێنی بەرز، ئیدی بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی و هیران و نازەنین بەڕێکەوتین، لە گوندەکان و مزگەوتەکان خەڵکمان کۆدەکردەوە و ڕێنماییمان دەکردن، من هەموو وانەکانم لە دەفتەرێك تۆمار کردبوو دواتر بە تابیعەی مامۆستا عوسمان چاپم کرد و چەند وێنەیەکیم دا بە دکتۆر زریان، دکتۆر کارووخ و دکتۆر فەرهاد لە نەخۆشخانەی خەتێ.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ بە ویستی خۆم گواسترامەوە تیپی ٩١ی سەفین، وەك پزیشکی تیپ دەستبەکاربووم، کە بەر لە هاتنی من شەهید دکتۆر فازڵ کۆیی پزیشکی تیپ بوو، هەروەها شەهید دکتۆر قەیتەران (دکتۆر هەژار) لەوێ بوو، دواتر داوام لە هەڤاڵ سەفینی مەلا قەرە کرد کە لە بنکەی تەندروستی تیپی ٩١ی سەفیندا کەلوپەل و پێداویستی نەشتەرگەری بچوك نییە، پێویستە لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوشارەوە یان لە ڕێگەی برایەکی خۆم بە ناوی بارزان کە یاریدەدەری پزیشك بوو، پەیدایان بکەم، لە وەڵامدا هەڤاڵ سەفین گوتی لەسەر بەرپرسیارێتی خۆت بڕۆ، من ماوەی دە ڕۆژ لە هەولێر بە نهێنی مامەوە، چەند نامەیەکی چوکلێتی مامۆستا عوسمان دەشتی و هەڤاڵ عەبدوڵڵا حەبیب لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر گەیاندە ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر، لەو ماوە کورتەدا، هەموو پێداویستییەکانی بنکە تەندروستییەکەم پەیدا کرد و لەگەڵ غازی غەفور و خوشکێکم و خوشکەزایەکم و بە ئۆتۆمبێلی خۆمان تا گوندی سیساوەیان هێنام، کە یەك فەردە دەرمان و کەلوپەلی پزیشکییم

پێ بوو، بەو شەوە سارد و سڕە، ڕێگای هات و نەهاتم بە تەنها بڕی لە نێوان ڕەبیەکانی ڕژێم و جەیش و جاشدا، زۆر بە ئەستەم لە سنووری هیران و نازەنین پەڕیمەوە، بەرەبەیان تووشی ئۆتۆمبێلێکی پێشمەرگە بووم، کە لە سنووری تیپی ٩١ی سەفینەوە هات بوو، کە هەڤاڵ بەختیار خۆشناو فەرماندەی مەفرەزە بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا منیان گەیاندە هیران، بەیانییەکی هەڤاڵ سەفین مەلا قەرە ئەم چالاکییەی منی زۆر پێ خۆش بوو، تفەنگێکی جەیشی شەعبی پێ بەخشیم.

لەسەرەتادا خەڵك زۆر لە چەکی کیمیایی دەترسا، کە ئەو خولانەمان بینی و فێری ڕێگاکانی خۆپاراستن چارەسەرکردن بووین و پێشمەرگە و خەڵکمان فێر کرد، ئیدی ترس لە چەکی کیمیایی کەم بووەوە، لەوانە چەکەکانی خەردەل و سیانید و پۆزگین وەرگرت، ئیدی زیانەکانی کەم بووە، چونکە لە کاتی چەکی کیمیایی پێشمەرگە و هاوڵاتی خاولیان تەڕ دەکرد و دەیان دا بەسەریاندا و دەچوونە سەر شوێنێکی بڵند، ئێمە لە خولەکە دەفتەرێکی سپیمان وەرگرت، نزیکەی پەنجا لاپەڕەیەکی پێوە بوو، ئامۆژگاری کراین هەر کاتێك بە کیمیایی لێمان درا، کاغەزێك لێ بکەینەوە و بچینە نزیك بۆمبەکە و کاغەزەکەی لێ نزیك بکەینەوە، ئیدی بە کاریگەری گازەکە ڕەنگی کاغەزەکە دەگۆڕا، ئەگەر فۆزگین بووایە ڕەنگی کاغەزەکە شین دەبوو، ئەگەر خەردەل بووایە ڕەنگی کاغەزەکە زەرد دەبوو، واتە کاغەزی پشکنین بوو، ئیدی جلوبەرگ و قیناع دابەشکرا، لەلایەکی دیکەوە من چارەسەری نەخۆشی و بریندارى هاوڵاتی و پێشمەرگەی حیزبەکانی دیکەم دەکرد، لەوانە شیوعی و پارتی.

لە مانگی ١٩٨٨/٣ بەرەو سەرکردایەتی دەچووین لە گوندی عەسکەر و لە دۆڵی خۆشناوەتی کە چەکی کیمیایی لە بالیسانی دا نزیکەی دوو سەد بریندارم چارەسەر کردووە، جگە لە کەسێك نەبێت کە لە گوندی نازەنینەوە هێنایان بۆ هیران دۆخی زۆر خراپ بوو ڕەنگی مۆر هەڵگەڕابوو ناوی محەمەد نازەنینی بوو، دەرزیم بۆ کرد و موغەزیم بۆ کرد، ئۆکسجینی پێویست بوو ئێمە لامان نەبوو، منیش ڕەوانەی بنکەی تەندروستی گوندی خەتێم کرد کە دکتۆر زریان لەوێ بوو، بەڵام لەوێ شەهید بوو، ئیدی نەمان هێشت کەس گیان لە دەست بدات.

لـە ڕاسـتیدا مـن کـادیری تەندروسـتی تیپـی ٩١ی سـەفین بـووم، بـەڵام لـە سـنووری خۆشناوەتی و هیران و نازەنین تـەنها مـن خـولم بـینی بـوو، جگـە لـە کیمیـاییش چارەسـەری برینداری دیکەمان دەکرد، بۆ نمونە لە چالاکی گرتنی سـەری ڕەش بـە سـەرکردایەتی هـەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ من و شەهید دکتۆر هەژار پێکەوە بووین، شەوێکی باران و بـەفر کەوتینـە ڕێ، دەستمان بە هێرش کرد و ئەو شوێنانەی کە بۆمان دیاری کرابوو دەستمان بەسەرداگرت، ئێمە وەك کەرتی ١ی تیپی ٩١ سەفین لـە گەڕانـەوەدا بـەهۆی بـەفر و کەمبوونـەوەی مـەودای بینینەوە، ڕێگامان هەڵە کرد، دەستمان بە پشتوێنی یەکدییەوە گرت، نزیکەی چل پێشمەرگە بووین، هەڤاڵ بەکرەسوور ڕابەر سیاسی تیپی بوو، هەڤاڵ وەستا عەلی فەرماندەی کەرت بوو، شـەو تـا بـەیانی ڕێگـەمان نەدۆزیـەوە، دوو پێشـمەرگەمان لـە سـەرما ڕەقبوونـەوە، تەنانـەت مەودای بینینی یەك مەترمان نەبوو، هەنگاوێکمان دەنا لە هەنگاوی دووەم دڵنیا نـەبوون لـە کوێی دادەنێین، تا سبەی کاتژمێر نۆ بۆ دە ڕێگامان دۆزیەوە و گەیشتینە ناوچـەی زیـارەت و سولاوکە کە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لەوێ بوون، لە چـالاکی گـرتنی سـەری ڕەش نزیکـەی هـەزار پارچە چەك دەستی بەسەردا گیرا، من و دکتۆر هەژار هەر یەکە و چەکێکی زیادمان هێنا، تـا نزیکەی یەك مانگ سەرقاڵی چارەسەری برینداران بووین، چونکە زۆربـەیان بـە پـێ خواسـی لەسەر بەفر ڕۆیشتبوون و تووشی گانگرین بووبوون.

لە مانگی شەشی ١٩٨٨ داوایان کرد بچین دەرمان لە کۆگای گونـدی مەلـەکان وەربگـرین، من دوو هێسترم برد، هـەڤاڵ سـەفین دوو پێشمەرگەشـی لەگـەڵ نـاردم، چـووین و دوو فـەردە دەرمانمان لـە دکتـۆر هـەڤاڵ وەرگـرت، بـەزۆری دەرمـانی دژە کیمیـایی بـوو، هـەروەها هـەڤاڵ بەهرۆز قەشقە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی تیپی ٩١ی سـەفین بـوو لـە ڕێگـای ڕێکخسـتنەکانی خـۆی دەرمـانی بـۆ دەهێنـام، زۆر جار ڕێنماییـەکان لەگـەڵ دەرمانـەکانیش دهـات، بـۆ نمونـە ڕۆژێك ٣ هەزار حەبی دژە مەلاریام بـۆ هـات، ڕێکخسـتنەکان هێنـدە دڵسـۆز بـوون نووسـراوی وەزارەتی تەندروستی عێراقی کە بۆ هەولێر هاتبوو لەگەڵ دەرمانەکان بۆیان ناردبووم.

لەو شەڕە هەندێك پێشـمەرگە بـێ پـێڵاو بەسـەر بـەفردا ڕۆیشـتبوون، ژێـر پێیـان ڕەش هەڵگەڕابوو تووشی دۆخی گانگرین بووبوون، نەشتەرگەریم بۆ کردن و پێشتی ژێر پێیانم لێ کردنەوە، هاوکات فاتیح مەلا قەرە کە فەرماندەی کەرتی تیپ بوو برینـدار بووبـوو، فیشـەك

بەر شانی کەوتبوو، بە کلینێکس و تیتۆڵ تەواویم بۆ کرد، هاوکات هەڤاڵ هەڵکەوت کە فەرماندەی مەفرەزە بوو چارەسەرم بۆ کرد، هەندێك جار دکتۆر هیوا لەوێ نەبووایە چارەسەرم بۆ بریندارەکانی تیپی ٨٥ی بەرانەتی دەکرد، ڕۆژێك لەلایەن هەڤاڵ تەحسین کاوانییەوە ئاگادار کرام کە پێشمەرگەیەکیان بریندار بووە، من لە هیران بووم ئەوان لە سماقووڵی بوون بۆ ئۆتۆمبێل چووم و هەر ئەو شەوە بە تاریکی بێ هیچ ڕووناکییەك کانۆلام بۆ بەست و موغەزیم بۆ هەڵواسی هاوکات هەڤاڵ حاجی مەسیفی لە دیاری بوو کەو فەرماندەی کەرت بوو، ئەوان بۆ شەڕ بە ڕێکەوتن و منیش چەکم هەلگرت بچم لەگەڵیان بەشداربم، بەڵام ڕێگەیان نەدام و داوایان لێکردم بە دیار ئەو بریندارەوە بم.

لە ئەنفالی پێنج و شەش لە ناوچەی سەری جوانەگا حکومەتی عێراقی هێرشی کرد بۆ ناوچەی کۆڕەك لە ناوچەی کێل کێل پێشمەرگە لە پاشەکشەدا بوو، ئێمە وەك تیپی ٩١ی سەفین نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە لەگەڵ هەڤاڵ سەفینی مەلا قەرە بەرێکەوتین و چووین سەر شاخ، پێشمەرگە وەرەی دابەزی بوو، هەڤاڵ سەفین ڕۆڵی گرنگی گێڕا لەبەرزکرنەوەی وەرەی پێشمەرگەدا، هەر ئەو شەوە سێ هێرشی حکومەتمان شکاند، ئەو شەڕە لەسەر قۆپی جوانەگا شەڕێکی ناسراوە، بە داستانێکی بەناوبانگی ی.ن.ك ناسراوە، لەوێ من و دکتۆر هەژار پێکەوە بووین، بۆ ساتێکیش سەر شاخمان جێنەهێشت و ژمارەیەکی زۆری بریندارمان چارەسەر کرد، ١٦ برینداری سەختمان چارەسەر کرد، بەشێك لەوانەمان بۆ بنکەی تەندروستی خەتێ نارد، کە ئەوکاتە دکتۆر زریان، دکتۆر فەرهاد و دکتۆر کارووخ لەوێ بوون، هەروەها دکتۆر هەڤاڵ و دکتۆر کامەران لە بنکەی تەندروستی مەلەکان بوون، هەر لەو شەڕە نزیکەی ١١ شەهیدمان دا، لەوێ پێشمەرگەیەکمان دووپشك پێوەی دا چارەسەرم بۆ کرد و گەڕایەوە بەرەی شەڕ ناوی کەریم عەزە گورگەیی بوو دواتر لە شەڕەکەدا شەهید بوو، لەو شەڕە من کۆڵەپشتی دەرمان و چەکێکم پێ بوو، هەڤاڵ سەفین نمونەیەکی بۆ گێڕامەوە و گوتی: "تۆ وەك و گیڤارا دەبینم، کە لە نێوان چەك و جانتا دەرمانەکەیدا نەیزانی کامیان هەڵبژێرێت، تا لە دواتردا لە ژێر داگیرکاری و زەبروزەنگی داگیرکەردا چەکی هەڵبژارد و شەڕی کرد"، دواتر ئێمە بەشداری شەڕی سەردایەتیمان کرد، ئێمە چووین لەگەڵ تیپی ٢١ی کەرکوکدا ئالوگۆڕمان پێکرا، لە دۆڵی جافایەتی لەسەر چیای دووبرا بووین، لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی

دەستم کرد بە چارەسەرکردنی بریندارانی شەڕەکە، لە گوندی گۆمەزەڵ کۆپتەرێکی ئێرانی تۆڕێکی گەورەی دەرمانی بۆ فڕێدابینە خوارەوە، ئێمەش وەك دکتۆری شۆڕش زۆر سوودمان لێی بینی، چارەسەری پێشمەرگەمان پێکرد.

لە دوای ڕاگرتنی شەڕی عێراق-ئێران لە ١٩٨٨/٨/٨ حکومەتی عێراقی شەڕی دەروونی بەرپاکرد، ڕۆژانە پڕوپاگەندەی بڵاودەکردەوە، فڕۆکەی دەهێنایە سەر سماقووڵی و بالیسان و هیران، بە چەندین جۆر چەك بۆردومانی دەکرد، لەوانە بۆمبی کیمیایی، لەم دۆخەدا دەبوو پێشمەرگە و هاوڵاتی بەپێی ڕێنمایی بچنە سەر بەرزایی و خاولی تەڕ بدەن بەسەریاندا و هەروەها پێویست بوو ئاگر بکەنەوە، هەرچی بۆمبەکانی دیکە بوو واتە ئەوانەی کیمیایی نەبوون، پێویست بوو بچینە ژێرزەمین و کونە تەیارەوە، لە دوای ٨/٨ ڕۆژێك لە بۆمبی ناکیمیایی لە هیرانی دا، ژنێك لەگەڵ کچە منداڵەکەیدا و پیاوێك بەناوی هەڤاڵ جەمالە سوور برای شەهید ئازادە خڕەی هیرانی بریندار بووبوون، منیش فریایان کەوتم و هەر یەکەیان ژمارەیەکی ساچمەی زۆریان بەرکەوتبوو، کچە منداڵەکە ڕاستەوخۆ شەهید بوو، باوك و دایکی کچەکە نەیان دەزانی کەوا شەهید بووە، چونکە من هەر یەکەیانم لە ژوورێکی جیای ماڵی خۆیان دانابوو، چارەسەرم بۆ دەکردن، هەردووکیان لە بارودۆخی کچەکەیان دەپرسی، منیش پێم نەگوتن تا چارەسەری تەواوم بۆ هەردووکیان کرد، دواتر زانییان کچەکەیان شەهید بووە.

ڕۆژێکی دیکە برایەکی هەڤاڵ سەفینی مەلا قەرە بە ناوی هەڤاڵ کامەران بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە زۆر بە سەختی بریندار بوو، دوای ئەوەی من گەیشتمە سەری بینیم لووتی نزیکەی ٥سم دڕاوە، دەبوو چارەسەری خێرای بۆ بکەم، بە جۆرێك خوێنەکە ڕابگرم و کاری دوورینەوەی بۆ بکەم، ئیدی کاری پێویستم بۆ کرد بە جۆرێك ئێستا هیچ شوێنەوارێکی ئەو برینە بەسەر لووتییەوە نەماوە.

ڕۆژێك لە هیرانەوە بەرەو قەندیل بەڕێکەوتین و لە چیای هەورێ سەرکەوتین و بەرە و دۆڵی بالیسان شۆڕبووینەوە، لە گوندی چێوە فڕۆکە بە کیمیایی لێی داین، هەڤاڵ سەفینی مەلا قەرە گوتی ناکرێت ئێمە هەموو پێکەوە بین، چونکە زیانی گەورە دەکەین، داوای کرد

هەر دوو کەس و سێ کەس بە جیا بچین، ئیدی دەستمان کرد بە ناو نووسین، بۆ ئەوەی بەشێك وەك پارتیزان و بەشێك بچینە قەندیل من ناوم لەگەڵ پارتیزانەکان نووسی، ئیدی لە گوندی چێوە بەڕێکەوتین چوار کەس بووین، من و هەڤاڵان ئاریان و لەشکر و ئەکرەم، چووینە گوندی دەراشی دۆڵی بالیسان تەخت کرابوو، بۆنی ناخۆش لە گوندەکە دەهات زانیم چەکی کیمیاییە، ئیدی چاو و لوتمان ئاوی لێ دەهات، چاومان سوور بووە، ئیدی کەوتینە دەماقاڵە لەگەڵ یەك لەسەر ئەوەی لە کام ئاڕاستەوە ملی ڕێ بگرین، دەرزی ئەترۆپینم لە ئەوان و لە خۆشمدا، دەست و دەم و چاومان شت و بەرە و بناری چیای هەورێ بەڕێکەوتین، گەیشتینە گوندی خەتێ و وەرتێ و لەوێوە بۆ قەندیل و ئێران.

لە ئێران داوایان لێکردین بگەڕێینەوە عێراق، چونکە لێبووردنی گشتی هەبوو، نزیکەی ٣٠ کەس دەبووین، بەگەڕانەوەمان دەستگیرکراین و سێ مانگ زیندانی کرام و دانم بە هیچدا نەنا، تا بەهۆی لێبووردنی گشتییەوە ئازادکراین، نێردراین بۆ سەربازی، بەڵام نەچووم بۆ کوەیت نێردرام بۆ زاخۆ، لەوێ پلانی هێنانی چەکم دانا، بەڵام بەهۆی زۆری زاڵگەوە نەمتوانی جێبەجێی بکەم، ئیدی لە سەربازی هەڵهاتم و بە چەند ڕێگەیەك گەیشتمەوە هەولێر و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ گەیشتمە ناو شاری هەولێر، بەرنامەمان دانا ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ ڕاپەڕین بکرێ، بەڵام زەمینە لە بار نەبوو.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ من لە گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر بووم ڕاپەڕین دەستی پێکرد لە کاتژمێر شەشی بەیانی فیرقەی یەرموك و بنکەی پۆلیسی ئیسکانمان ئازاد کرد، گەواهیدەرەکانم ماون کە لە پێشەوەی خەڵکی ڕاپەڕیودا هوتافم دەکێشا و خەڵکی دەیانگوتەوە، لە ڕاستیدا جگە لە پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك و هاوڵاتی هیچ حیزبێکی دیکە بەشداری ڕاپەڕینی ئازادکردنی هەولێری نەکرد، گەیشتن بە کەرکوك، شەوی ١٩٩١/٣/١٩ لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوای کەرکوك بووین تا ئازادکردنی کەرکوك بەردەوام بووین.

ساڵی ٢٠٠٤ بەشی کوردی زانکۆی کۆیەم تەواوکرد، ساڵی ٢٠٠٨ ماستەرم لە ئەدەبی کوردی وەرگرت، لە ٢٠١٩ دکتۆرام لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرت، ئێستاش

پرۆفیسۆری یاریدەدەرم لە زانکۆی کۆیە. لە ساڵی ١٩٩٢ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، دوو کچم هەیە بە ناوەکانی ئاڵا و ڤانا[٨].

[٨]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد محەمەد سەعید عەلی (د. ئاراس)، ٢٠٢٢/٧/١٤.

# ئازاد نەجمەدین نوری بابا عەلی (ئارام)

ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە دواتر لە پەیمانگای پزیشکی بەسرە وەرگیراوە، لەبەرئەوەی خێزانیکی سیاسەتمەدار و دیاربوون نەیتوانی تەواوی بکات و چووە دەرەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و گوندی تەکیە.

لەساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ئەنوەری برای و شەهید سیروان و لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو سەرکردایەتی دەچن دواتر بۆ ئێران، بەڵام هەڤاڵ سیروان و هاوڕێکانی شەهید دەکرێن هەڤاڵ ئازاد و هەڤاڵ ئەنوەری برای ماوەی سێ مانگ دەمێننەوە و دەچێتە لای هونەرمەند ناسری ڕەزازی و چەند سروودێکی سیاسی تۆمار دەکەن هەڤاڵ ئازاد و هەڤاڵ ئەنوەری برای لەناو گازینۆیەك بەبێ ئامێری مۆسیقا کاسێتێك تۆمار دەکەن، کە سروودەکانی: (وڕوکاس و سەرگەردان نیم، فەرمانێ هەی کومەڵ فەرمانێ) لەخۆی دەگرت، چەند سروودێکی تریش لەگەڵ تیپی موسیقای سنە بە ئامادەبوونی هونەرمەند ناسری ڕەزازی و چەند کەسێکی دیکە، ئەو کاسێتە ڕادەستی شەهید ئەیوب تاڵەبانی کرا، وێنەیەکی نارد بۆ ئێستگەی گەلی کوردستانی (ی. ن. ك) تاکو بڵاوی بکەنەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨١ لە قوتابخانەی تەکیەی قەرەداغ بەخۆبەخش وانەی گوتوتەوە پێکەوە بووین بە مامۆستای شۆڕش، سێ دەوامی کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ خولی یاریدەدەری پزیشکی لە تەکیە کرایەوە، زۆر لایەن بەشداریان کرد یەکێك لەوانە مامۆستا ئازاد بووە، بە پلەی یەکەم دەرچوو بەسەرپەرشتی دکتۆر کەمال شێخ عەبدولڕەحمان (دکتۆر حەسان)، لێرەوە مامۆستا ئازاد بوو بە دکتۆر ئازاد دەستی کرد بە بە تەداوی و دوورینەوەی برین و دەرزی لێدان، بیرمە نەشتەرگەری بۆ کوترێك کرد سەرکەوتوو بوو، بۆ چارەسەری نەخۆش دەچوو بۆ گوندەکانی تەکیە، بەلەکجار، کوشك، سێوسێنان و گومەتە.

لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێك گەڕایەوە ناوچەی قەرەداغ گرووپێکی مارکسی لینینیان پێکهێناوە و هەڤاڵ ئەنور، دکتۆر ئازاد، هەڤاڵ ڕەهێڵ نوری شاوەیس، هەڤاڵ عومەر عەبدولکەریم جافی برام، هەڤاڵ فەرهاد ناسراو بەحسین کوردە، هەڤاڵ هەردی، هەڤاڵ محەمەد شێخ

سدیق ناسراو بە حاجی بەلەکجار، هەڤاڵ نەجاح پورزای دکتۆر ئازاد و هەڤاڵ سەرداری ئاموزای دکتۆر ئازاد، هەموو پێکەوە لەناو دەربەندی تەکیە بوون، هاوکاری دەکران و چاپی ڕۆنیان لەلابوو بڵاوکراوەیان چاپ دەکرد و بڵاویان دەکردەوە بۆ ناوچەکانیی گەرمیان، قەرەداغ، شارەزوور و شاری سلێمانی.

لەسەر نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: دوای دروستبوونی مەڵبەندەکان، بڕیارماندا هەموو مەڵبەندێك نەخۆشخانەی خۆی بۆ دابمەزرێنین، هاوکات لە سەرکردایەتیش نەخۆشخانە دامەزرێنرا، بۆ نموونە لە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لە بەلەکجاڕی قەرەداغ دانرا، ژمارەیەك کادیری تەندروستی لەوێ بوون، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەوانە دکتۆر فائیق گوڵپی، ئەو تیمە سەدان پێشمەرگەیان لە شەهیدبوون ڕزگارکرد، کادیرانی تەندروستی شەو و ڕۆژیان دەخستە سەر یەك بۆ ئەوەی ژیانی پێشمەرگەیەك زیاتر ڕزگاربکەن، زۆرجار بیستوویانە پێشمەرگەیەك لە شوێنێك بریندار بووە بە خێرایی لە نەخۆشخانەکەوە بەڕێکەتوون بۆ ئەوەی فریای بکەون و هەندێك فریاگوزاریی سەرەتایی بکەن و هەندێك دەرمانی پێ بدەن، تاکو دەیگەیەننە نەخۆشخانەکە بۆ ئەوەی نەهێڵن شەهید ببێت و ڕزگاری بکەن، لە نەخۆشخانەکەش پێویستی بە هەرچی بووبێت بۆیان کردووە[٩].

ڕژێمی بەعسی ساڵ ١٩٨٥ دەستی کرد بە داخستنی قوتابخانەی گوندەکانی قەرەداغ، شارەزوور و گەرمیان دواتر هەموو گوندەکانی کوردستان ی.ن.ك ئاڵنگاری کرد و بەرپەرچی ئەو کردارە نامرۆڤانە قێزەونەی بەعسی دایەوە و نەیهێشت منداڵە چاو گەشەکان لە خوێندن بێبەشبن، لە ساڵی ١٩٨٥ خولی مامۆستایانی شۆڕش کرایەوە چووەتە خولەکە لە

---

[٩]– چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

سێوسێنان خولەکە کرایەوە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ عومەر فەتاح، ئەم خولە زۆر لە پیاو و کەم لە ژن بەشدارییان کرد بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و بۆچوونی سیاسی خولێکی سەرکەوتوو بوو، مامۆستاکان دابەشکران بەسەر ناوچەکانی قەرەداغدا مامۆستا ئازاد لەگەڵ خۆم و مامۆستا محمد عەلی عەبدولقادر تەکیەیی لە گوندی (داری زاین) وانەمان دەگوتەوە، واتە خۆشم مامۆستای شۆڕش بووم.

خولەکە ٩٤ مامۆستای پێگەیاند، ماوەی نزیکەی ٣ ساڵ وانەمان بەسەرکەوتویی گوتوەوتەوە، لە گوندەکاندا زۆر چالاکی و سەیران و شانوگەرییان ئەنجامداوە، وەك شانوگەری کاوەی ئاسنگەر و زووحاك، مامۆستایەکی بەتوانا و دڵسۆز و چالاك بوو لە بوارەکەیدا، لەلایەکی دیکەوە خۆم و هاوسەرم و منداڵەکانم شەو و ڕۆژ لەژێر تۆپ و ڕاجیمە و کیمیاباران بووین.

زۆرجار گازی فرمێسکڕێژیان دەڕشت بەسەر گوندی (داری زاین) دا دواجار کیمیاباران و ئەنفالدەستی پیکرد مامۆستا ئازاد بڕیاری مانەوەیدا لەشاخی قەرەداغ لەگەڵ مامە بەهادین و مامە عەلادین و ئامۆزاکانی و خزمان بۆ ماوەی ٦ مانگ مانەوە وەکو پارتیزان دژی ڕژێم وەستانەوە، د ئازاد چارەسەری بریندارەکانی کردووە لەناو قۆپی قەرەداغ، لەوانە هەڤاڵ ڕەئووف برای هەڤاڵ عومەر غەریب دەستی شکابوو، هەڤاڵ خالید ماوەتی سەری بریندار بوو، هەڤاڵ قادری حاجی عەلی، هەڤاڵ ڕزگار هەورامی و چەند کەسێکی دیکە، من و منداڵەکانیشم بەرەو سلێمانی کەوتینەڕێ، کە چوار منداڵمان هەبوو لەگەڵ منداڵەکانم هەر ڕۆژی لە شوێنێك و لە ماڵێك بووین، لە ترسی بەعس دوای ٦ مانگ لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم بەرێکەوتین بۆ ئێران، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەرنەچووین چووینە گوندێکی نزیك شاری سلێمانی بەناوی (ڕازیانە) لە کێڵگەی پەلەوەر کارمان دەکرد.

من لە ئەرکەکەم کە مامۆستای حکومی بووم بەهۆی دۆخی سیاسی هاوسەرەکەمەوە بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵ دوورخرامەوە واتە تاکو ڕاپەرین. دکتۆر ئازاد بەشداری لە خزمەتی ئاوارەکانی کەرکوك و دەوروپشتی سلێمانی کردووە و لە هۆڵی خالیدیە بوو، کە هەڤاڵانی بەرەی کوردستانی جەمیل هەورامی و عومەر عەبدولکەریمی برام،دا لە کاتی کوڕەوەکەی ١٩٩١ چوینە سەقز بۆ ماوەی ٥ تا ٦ مانگ ماوینەتەوە و دواجار بەخێزانەوە چووینە پێنجوێن، لە کومیتەی پێنجوێن دەستی کردووە دابەشکردنی خواردن و پێویستی ناوماڵ بەسەر ئاوارە و هەژارەکاندا بۆ ماوەی ٤ مانگ لەو کارە بەردەوام بووە.

پاشان هاتینەوە سلێمانی کومەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێمان دروست کرد و خۆم بوومەوە مامۆستای ئەویش بوو بە مامۆستای شۆڕش و هەم ئەندامی لیژنەی باڵای مامۆستایانی شۆڕشی نوێ دواتر نزیکەی ١٥ ساڵ لە کۆمیتەی شەهید سیروان خزمەتی کردووە، لە بەشی ڕاگەیاندن کاری کردووە و چەند نووسراو و پەرتووکێکی، بەناوی ماموستایانی شۆڕشەوە دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ چووەتە ڕێکخراوی M.G.A.

دواجار ئەبێتە مامۆستای شۆڕش لە گوندی عەواڵ، پاش ماوەیەك نەخۆشی زۆری بۆ دەهێنێت نزیکەی ساڵێك بەنەخۆشی مایەوە، دەبووایە دڵی بۆ بگۆڕن ئێمەش لە توانامان‌دا نەبوو، کەسیش نەهات بەهانایەوە، لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١/٤ دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا گیانی لەدەستدا.

لە بواری ڕاگەیاندن و دەرهێنان شارەزا بوو، زۆر حەزی دەکرد ئەنفال بکات بە فلیمێکی گەورە، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر هەوڵیدا چووە لای چەند بەرپرسێك یارمەتی کەم درا ئەمیش لە توانایدا نەبوو، خەونەکەی نەهاتەدی[١٠].

---

[١٠]- عائیشە عەبدولکەریم محەمەد ئەمین (مامۆستا ئاشتی) خێزانی د. ئازاد.

# ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد قادر (دکتۆر ئاسۆ)

لە ١٩٦٢/١١/١٨ لە گەڕەکی سابوونکەران شاری سلێمانی لەدایکبووە، ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێناوە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندنی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە. دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ پەیمانگای تەواوکردوە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە (کۆمەڵە)، کاری ڕێکخستنی کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، چووەتە تیپی ٢٣ی سورداش لە ناوچەی بەرگەڵوو و سەرگەڵوو چالاکی کردووە، وەکو پزیشك کاری کردووە و لە ئێران خولی پزیشکی بینیوە، لەناو هاوڕێکانیدا کەسێکی ڕوحسووك و قسەخۆش بووە، خۆشەویستی هاوڕێکانی بوو.

لە ڕێگەی خانەوادەکەیەوە دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی بەدەست گەیشتووە بەتایبەت باوکی، هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەرمانی بەدەست گەیشتووە بەتایبەت لە ڕێگەی هاوڕێکانییەوە، سەرەتا دکتۆر ئاسۆ لە نەخۆشخانەی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو بووە، دواتر دەچێتە زێوێ، لە بۆردومانی زێوێ بە چەکی کیمیایی بریندار دەبێت.

لە شاڵاوەکانی ئەنفال کە ئەو کاتە لە چەمی ڕێزان بوو، لەگەڵ خەڵکی گوندەکان بووە، بەهۆی هێرشی سوپای عێراق و جاشەوە، ناچار لەگەڵ خەڵکی گوندەکان ڕوو دەکەنە ئەشکەوتەکانی ئەو دەڤەرە، پاشان دکتۆر ئاسۆ بە هەڤاڵانی چواردەوری خۆی دەڵێت کۆڵەپشتەکەم بیر چووە، لەگەڵ هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەئەمەکی خۆیدا بە ناوی (ئەحمەد جوتیار)، لە گەڕانەوەدا لە ناکاودا دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە، بەهۆیەوە دکتۆر ئاسۆ بە سەختی بریندار دەبێت، بە هاوڕێیەکەی دەڵێت: "تۆ بڕۆ جێم بهێڵە تازە من تەواوبووم"، ئەویش دەچێت هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە تاکو بە هانایەوە بێن، بۆ ئەوەی بەبرینداری دەست دوژمن نەکەوێت لە ١٩٨٨/٥/٤ گوندی قۆچبلاخ بە دەمانچەکەی خۆی، خۆی شەهید دەکات، هەڤاڵ (ئەحمەد جوتیار) بە کاتی لە شوێنێك دەیشارێتەوە تاکو لە داهاتوو بگەڕێتەوە سەری، لەو کاتەی کە دکتۆر ئاسۆ شەهید دەبێت باوکم کە ناسراوە بە مام ڕەزای زیندان لە زیندانی ئەبوغرێب سزای بەندی هەمیشەیی بەسەردا سەپێنرا، ماڵەکەشمان

لەلایەن جاشەوە داگیرکرا، لە ماڵی خەڵکیدا پرسە بۆ شەهید دکتۆر ئاسۆ دانرا، پاش نزیکەی سێ ساڵ لە شەهیدبوونی، هەڤاڵ (ئەحمەد جوتیار) ماڵی ئێمە دەدۆزێتەوە، ئەو کاتە باوکم بە لێبووردنی گشتی ئازادکرابوو، لەگەڵ دایك و باوکم دەچن تەرمەکەی دەهێننەوە، لە ڕێکەوتی ١٩٩١/٨/٢٠ لە تەنیشت شەهید ئاکۆی برام بە خاکی دەسپێرنەوە، دواتر لە ١٩٩١/١٠/٦ هەڤاڵ (ئەحمەد جوتیار) شەهید دەبێت[١١].

[١١]– چاوپێکەوتن لەگەڵ کاروان ڕەزا ئەحمەد برای ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد قادر (د. ئاسۆ)، ٢٠٢٣/٧/٢٧.

## ئەبوبەکر محەمەد عەلی (دکتۆر کارووخ)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری هەولێر لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییم لە سۆران و ناوەندیم لە سەیداوە ئامادەییم لە ڕزگاری تەواوکرووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بەشی یاریدەدەری پزیشکیم تەواوکردووە، پاش زیندانی کردنی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی ئێمە لە شاری هەولێر وەك دەستەی یەکەی ڕێکخستن دەستگیرکراین و پێنج ساڵ و مانگێکیش زیندانی کرام، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی کەوتین و ئازادکراین، پاشان مانگی ١١ی ١٩٨٢ بووم بە پێشمەرگە.

لە سنووری مەڵبەندی سێ دەستم بە کار کرد و چوومە بنکەی تەندروستی مەڵبەند کە لە خەتێ بوو، برینداری هەموو شەڕەکان دەهاتنەوە لای ئێمە، کە تێیدا دکتۆر زریان ڕۆڵی گرنگی دەبینی، بۆ نمونەلە ڕووداوێکدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پ.د.ك چوو بوونە کێڵگەی مینەوە، مین پێیاندا تەقی بوو، بریندارەکانی ئەو ڕووداوەیان هێنایەوە بۆ لای ئێمە، ئێمە بریتی بووین لە د. زریان، بەندە، د. فەرهاد و د. ئاری و د. کاوە، لەوێ بریندارانی کیمیایی و شەڕەکانی سماقووڵی و هیران و نازەنین و وەرتێ و خانەقا دەهاتنەوە لای ئێمە، تەنانەت لاقی پێشمەرگەی بریندارمان بڕیوەتەوە، هەروەها ئەوەی بە لای منەوە جێگەی شانازییە و بە کارێکی پیرۆزی دەزانم ئەوەیە کە ئێمە جیاوازیمان لە نێوان پێشمەرگەی پارتەکاندا نەکردووە، هەروەها بەو هەمان شێوەش بێ جیاوازی چارەسەر و خزمەتگوزاوی تەندروستیمان پێشکەش تەواوی گوندنشینەکانی ئەو سنوورە کردووە.

لە شەڕی عێراق-ئێراندا، دیاردەیەك هەبوو بەناوی (گانگرین)، کە بریتییە لە ڕەش بوونەی پێ، لە شەڕەکانی ماوەت لە سنووری ئێران، ژمارەیەك سەربازی حکومەتی عێراقی بە دیلگیرابوون، بەهۆی زۆر ڕۆیشتن بە ناو بەرفردا پێیان تووشی گانگرین بووبوو، هێنایان بۆ لای ئێمە، دوای چارەسەری سەرەتایی دکتۆر زریان داوای کرد بەڕیان بکەنەوە تا دەگەنەوە دەستی حکومەت و ئازادبکرێن، ئێمە لەوێ یەك ئامێری تیشکمان هەبوو، کە لە گرتنی ناحیەی دێگەڵە دەستی بەسەردا گیرابوو، پاشان ئەو ئامێرەمان ڕەوانەی مەلەکان کرد.

هەرچی پەیوەندیدارە بە چۆنێتی پەیداکردن و بەدەستخستنی دەرمانەوە، بەشێکی لە ئێرانەوە بۆمان دەهات، هەروەها بەشێکی لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەهاتە مەڵبەند و دواتر دەگەیشت بەدەستی ئێمە، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دۆخەکە هێندە خراپ بوو، کەس پێشبینی نەدەکرد، کەچی پێشمەرگە بڕیاری بەرگری و شەڕی هەتا مردنی دا، بەڵام مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك ڕێگەی لەو کوشتارە گرت و بڕیاری پاشەکشەی دا، بۆیە من هەمیشە گوتومە هەتا مردن خۆم بە قوربانی ورەی ئەو پێشمەرگانە دەکەم کە بڕیاری مەرگیان دا، هیچ کەس لە مردن نەدەترسا، بۆیە من شانازی بە خۆم دەکەم کە لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە بووم، هەرچەندە لە بەرگرییەکانی سەرەتادا تەرمی قارەمانترین پێشمەرگەکانی ئێمەی تێدا جێما.

لە ئەنفالیشدا لە ڕێگەی قەندیلەوە چووینە ئێران و لە خانە نیشتەجێ بووین، لە کۆڕەوەکەدا بۆ ماوەی نۆ مانگ نەخۆشخانەکانی ڕەواندز و سۆران و دیانە لەگەڵ دکتۆر محەمەد خۆشناو چارەسەری نەخۆشیی هاوڵاتیانمان دەکرد کە بەڕێوە بوون بۆ ئێران، لە ساڵی ١٩٩٣ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، هۆکاری درەنگ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیریم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە بووم، نەمدەتوانی کەسێکی دیکە وابەستەی خۆم بکەم و لە ئەگەری شەهیدبوونمدا تەنها جێ بمێنێ، بۆیە نەمتوانی ئەو بڕیارە بدەم، دواتر لەسەر وەزارەتی تەندروستی دامەزرام[١٢].

---

[١٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبوبەکر محەمەد عەلی (د. کارووخ)، ٢٠٢٢/١٠/١١.

# ئەکرەم فەتاح حەمەئەمین مستەفا (دکتۆر ئەکرەم)

لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کۆیە لە دایکبووم، دواتر باپیرە گەورەمان هاتووەتە کۆیـە، پێشـتر بە ڕەزدارییی خـەریك بـوون، قۆناغـەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەییم لـە کۆیـە تـەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٨ لە پەیمانگای پزیشکی سلێمانی وەرگیرام و لە ساڵی ١٩٨٠ تەواوم کـرد، مـن ئامۆزایەکم هەبوو بە ناوی شەهید شەفیق سـەرکردەی هێـزی ناوچـەی کۆیـە بـوو، ئـەو کـات دۆخەکە هێندە خراپ بوو بە ئەستەم دەمان توانی ئـەو ئامۆزایـەمان ببیـنین، لـە سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە کرد، هاوکات هەر لە ساڵی ١٩٨٢ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا ئـەو کـات خێزانیشـم پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەوە کـرد، لـە گونـدەکانی کـانی کـوردە و قازبـەگیان نۆرینگەم دانا، لەوێ چارەسەری سەدان نەخۆش و برینداریم کردووە.

سەرەتای ژیانی هاوسەرگیری و دروستکردنی ماڵ لەو بارودۆخە و لە گوند زۆر ئەسـتەم بـوو، مـن مـاڵێکم لـە سـێگردکان پێکـەوەنا سـوتاندیان، چـوومە گونـدی کـانی کـوردە و لـەوێ ماڵێکی دیکەم بنیاتنا و دووبارە سوتاندیان، ئیدی چوومە گوندی قازبەگیان و هەندێك شـتم کۆکردەوە، هێرش کرا، ناچار چووینە دەم زێیەکە، ئیدی هێزەکە کشایەوە، ئێمـەش چـووینە گونـدی کـاولان، بـەر گوێمـان کـەوت کەسـێك گـوتی لـە قازبـەگیان مـاڵی دکتـۆر ئـەکرەمیان سووتاندووە، کە گوێم لێ بوو دەست و پێم شـکا، چونکە زۆر بـە ئەسـتەم سـێیەم جارم بـوو پێکەوەم نابوو، ئیـدی لـە دوای عەسـرەوە خـۆم و خێـزانم و منـداڵێکمان هـەبوو لەسـەر ملـم دامنابوو نزیکەی کاتـژمێر و نیوێـك گەیشتینەوە گونـدی قازبـەگیان گەیشـتینە خاڵـە شـێخ ڕەفیـق کـە خانـەدانێکی گونـد بـوو گـوتی: ئـەکرەم مشـەوەش مەبـە بـە خـودا نەمهێشـتووە ماڵەکـەت بسوتێنن، بـە جاشـەکانم گوتـوە ئەگـەر مـاڵی ئـەو بسـوتێنن دەبێـت مـاڵی منـیش بسوتێنن ئیدی ڕۆیشتبوون، هاوکات من سێ بـرام پێشـمەرگە بـوون ماڵیـان لـە گونـدی کـانی کوردە بوون، شەو لەگەڵ خێزانم بۆ سۆراخی ماڵی براکانم چووینە کانی کوردە دەبینین ماڵی براکانم تالان کرابوو، تەنها سەگەکەیان مابوو، کە پاسەوانی ماڵە چۆڵەکەی دەکرد، ئیدی بەو

شەوە لەگەڵ خێزانم چووین بۆ داوداوە بۆ ماڵی شێخ کەمال کە ماڵەکەی کردبووە دیوەخانی خزمەتی پێشمەرگە.

دواتر من لە سنووری کۆیە نۆرینگەم دانا و بە دەرمانی خۆم لە لە ماڵی خۆم بە نانی خۆم دەستم کرد بە خزمەتی پێشمەرگە، بێ جیاوازی خزمەتی پێشمەرگەی تیپەکانی ٨٦، ٨٧، ٢١، ٩٣، ٩٠م دەکرد، من چەندین هاوڕێم لە هەولێر و کۆیە و کەرکوك هەبوو، خێزانم لە ڕێگەی ئەوانەوە لەو سێ شارە دەرمانی بۆ پەیدا دەکردم بە چەندین ڕێگای پڕ مەترسیدا بۆی دەهێنام، ، کەسێك بە ناوی (ئیسماعیل) لە نەخۆشخانەکەوە دەرمانی دەهێنایە دەرەوە و دەیدا بە خێزانم، تا هەواڵی لێدرا و ئاشکرا بوو ناچار ماڵمان گواستەوە و خۆمان حەشاردا چونکە لە قوشتەپە و تەفتەق فەرمانی دەستیگیرکردنی بۆ دەرچوو.

ڕۆژێك کاك حەمەئەمینی هاوڕێم کە لە تەفتەق کارمەندی تەندروستی بوو بە ماتۆڕسکیل هاتوچۆی دەکرد، بۆی گێڕامەوە ئەو ڕۆژەی هێرش کرایە سەر دەشتی کۆیە من لە ڕێگا بووم کەوتمە ناو هێزی حکومەت و ڕایان گرتم پێیان گوتم دکتۆر ئەکرەم لەوێیە؟ منیش گوتم نا لەوێ نییە، کاتی خۆی کە چوو بۆ سەربازی نەگەڕایەوە، گوتی یەکێکیان یەك زللەی لێدام و گوتی سەگباب چۆن لەوێ نییە، دەڵێن دوێنێ لەوێ بووە، گوتبووی من ماڵم لەوێ نییە و ماڵم لە تەفتەقە بەسەردان چووم بۆ سێگردکان.

جارێك دکتۆر هادی گوتبووی ئێمە لە کەرکوکیش چالاکی بکەین خەمی پزیشکمان نابێت، چونکە دکتۆر ئەکرەم لە سێگردکانە و چارەسەری برینندارەکانمان دەکات، زۆرجار چەندین ڕۆژ بریندار لە ماڵی خۆم ماوەتەوە و چارەسەرم کردووە تا چاك بووەتەوە، هەموو ئەو چالاکییانەشم بە پاڵپشتی خێزانم ئەنجامداوە، ئەگەر ئەو نەبووایە هەرگیز نەمدەتوانی بەردەوام بم.

لە ١٩٨٦/٧/١٠ هێزێکی زۆر هات بۆ سێگردکان، ئێوارەکەی ژمارەیەك پێشمەرگە لام بوو، داوام کرد ئەو شەڕە نابەرامبەرە نەکەن، هەم گوندەکە وێران دەبێت هەم زیانی گەورەتان بەردەکەوێت، شەڕەکە ڕوویدا و هەر واش دەرچوو، من لەلایەکی زێی بچوك بووم، شەڕەکە لەوبەری زێیەکە بوو، سەرووی دە پێشمەرگە بریندار بوو هەموویان بۆ من هێنا هەر خۆم

بووم دەرمانی کەمم پێ بوو، خەڵکی سنووری گوندەکانی حەمدۆن و شەوگێڕ و پەلکانـە، ژن و پیاویان پێکەوە هاوکارییان دەکردم، لە شەڕەکە کەسێك بە ناوی ئـەکرەم بریـندار دەبێت، خێزانم وای زانیبوو من بریندار بووم، ئەو کات گیسکێکمان هـەبوو خێـزانم پـەیمانی کردنـە قوربانی دابوو کە مـن زینـدووبم، بـۆ شـەوەکەی بەکەڵەك لـە زێیەکە پەڕینـەوە بـۆ گونـدی سـێکانیان بـە شـەو لـە نـاو ڕەز و بـاخ فریایـان کـەوتم، هەنـدێك لـە پێشـمەرگەکان سـکیان بەرکـەوتبوو چارەسـەرم بـۆ کـردن، دوای ئـەوەی پێشمەرگەکانم چارەسـەر و تـەداوی کـرد و برینەکانم بـۆ پێچان بەڕێکـەوتن و مـن بـە تـەنها مامـەوە هـەر ئـەو شـەوە بـەپێ گەڕامـەوە سێگردکان.

لە ڕووداوێکدا هەڤاڵ قارەمـان شـینە فیشـەك بـەر لـوتی کـەوتبوو، زسـتان بـوو، خـوێنی لووتی لەگـەڵ بـەفر تێکـەڵبوو، پێشـمەرگەکانی هـاوڕێی بـە گاڵتـەوە پێیـان دەگـوت پێویسـتە لووتـت ببڕینـەوە، بـۆم چارەسـەر کـرد و دووریمـەوە، نەمهێشـت لـووتی بشـێوێت، لـە لایـەکی دیکەوە شەهید دکتۆر هادی چەندین پێشمەرگەی برینداری بۆ دەناردم چارەسـەرم دەکـردن، لە ماڵی خۆم ژوورێکم تایبەت کردبوو بۆ ئەو بریندارانەی پێویستیان بەوە هەبوو بمێننەوە، هەروەها کێشەی سەرەکی ئێمە کەمی دەرمان بوو، کە ئەگـەر پێـت بگیرابایـە لەگـەڵ فیشـەك جیاوازی نەبوو.

تیپـەکانی سـنووری هـەولێر کـە دەچـوون لـە نـاو هـەولێر چـالاکییان ئەنجامـدەدا و بریـندارییان دەدا، لـە گەڕانـەوە و هەڵهاتنـدا بریـندارەکانیان بـۆ مـن دەهێنـا، چـەندین جـار لەلایەن هەڤاڵ سەفینی مەلا قـەرەوە بریـندارم بـۆ دەهـات، لێـرەدا ئـەو گەواهییـە بـۆ هـەڤاڵ سەفین دەدەم کە ئەستەمە ئازایەتی ئەو دووبارە ببێتـەوە، هـەروەها هـەڤاڵ کـاك کۆسـرەت و هەڤاڵ شێخ جەعفەر برینداریان بۆ دەناردم، هەروەها لـە تیپـی ٢١ پەیوەنـدی پتـەوم لەگـەڵ هـەڤاڵ مـەلا ئـاراس هـەبوو، چـەندین جـار بریـنداری خـۆیم چارەسـەر کـردووە، ڕۆژێـك لـە هێرشی فڕۆکەدا هەڤاڵ مەلا ئاراس بریندار بوو هێنایان بۆ لام، زیاتر لە دە ڕۆژ لای من بـوو ناردم لە دەرەوە هەندێك دەرمانی بۆ هات و چارەسەرم کردەوە و چاك بووەوە.

ڕۆژێـك هـەڤاڵ كۆسـرەت نـاردبووی بـە دوومـدا منـیش چـووم بینـیم لای مزگـەوتی گوندەكەیە، گوتم فەرموو، گوتی دكتۆر ئـەكرەم برینـدارێكم هەیـە وەك چاوی ڕاسـتم وایـە، ئەگەر بۆت چارەسەر دەكرێت بیكە، ئەگەر نـا ڕاسـتەوخۆ دەینێـرم بـۆ ئێـران، منـیش چووم بینـیم كـوڕێكی باڵابـەرزی ئەسمـەر بـوو نەمناسـی گوتیـان ئـەوە هـەڤاڵ سـەرداری سـەعید سۆفییە، گوتم كوێت برینـدارە؟ گوتی ڕانم برینـدارە گوللـە ڕانـی لەمـدیو بـۆ ئـەو دیـو كـون كردبوو، بەڵام بە هەڵە هەر دوو دیوی ڕانی دوورابووە، ڕانی زۆر بـە نائاسایی ئەسـتوور بـوو بوو، ڕەش بوو بوووە، چوار ڕۆژ بوو وابوو، تەقەڵەكانم دەرهێنا و كونـەكانم كـردەوە زیـاد لـە جامێكی گەورە ڕەشـاو لـە ڕانـی هـات، بـە سـرنج و ئـاو لەمـدیو بـۆ ئـەو دیـویم پـاككردەوە و تەداویم كرد و دەرزی هێوركـەرەوەم بـۆ كـرد و هـەڤاڵ كۆسـرەت هـات گـوتی سـەردار دۆخـت چۆنە؟ ئەویش لـە وەڵامـدا گـوتی كـاك كۆسـرەت ئـەوەت لـە كـوێ بـۆ مـن هێنـا ئـەوە خـدری زیندەیە و منی ڕزگاركرد، هەروەها گـوتی مـن ئـەوە چـوار ڕۆژە نـە خـواردنم بـۆ خـراوە، نـە بەئاسانی هەناسەم بۆ دراوە، بەڵام ئێستا حەز دەكەی بۆ شەڕم بنێرە، هەڤاڵ كۆسـرەت گـوتی نا نا بۆ هیچ شوێنت نـانێرم بـۆ خـۆت پشـوو بـدە، ئیـدی هـەڤاڵ كۆسـرەت پێـی گـوتم چیـت دەوێت؟ گوتم بەس دەرزی، گوتی چیت دەوێت بینووسە، ئیدی نووسیم و نـاردی بـۆ هـەولێر بۆ عەسرەكەی مام سەعید سۆفی باوكی هەڤاڵ سەردار بە دەرمانەوە گەیشتە لامـان و دەسـتی بە گریان كـرد، گـوتی كـوڕم سوپاسـی خـودا دەكـەم كـە زینـدوویت، گـوتی بابـە بڕوابكـە ئـەو دكتـۆرە نەبووایـە دەمـردم، بـابی هـات دەسـتی كـردە ملـم، گـوتی هەرچـەند پـارەت دەوێـت دەتدەمێ، گوتم من بە پارە ئەو كارەم نەكردووە، ئیدی هەڤاڵ سـەردار گـوتی دكتـۆر ئـەكرەم بـەس خـودا بمهێڵێـت دەبێـت ئـەو چـاكەیەت بدەمـەوە، ئیـدی دوای نزیكـەی هەفتەیـەك چاكبووەوە.

ئیدی دوای چەند ڕۆژێك لەلایەن پێشمەرگەوە هێرش كرابووە سـەر نەخۆشـخانەیەك و دەرمانی هەمەجۆری زۆر هێنرابوو، بڕێكی زۆری دەرمانیان بۆ هێنام، هەڤاڵ شـێخ جەعفـەر گوتی یەك ئۆتۆمبێل دەرمانمان هێنـاوە بـەس لۆكـە و لـەفاف نـەبێت ئـەو دوای هـەمووی بـۆ خۆت بێت، لە بری ئەو خزمەتەی بە پێشمەرگەی دەكەی، ئیـدی لەلایـەن پێشـمەرگەیەكەوە بۆیان هێنام، ئەو پێشمەرگەیە لە بری ئەو دەرمانانە دوو سـەد دینـاری لـێ وەرگـرتم، كاتێـك

هەڤاڵ شێخ جەعفەر کە بیستبووی پارەی لێ وەرگرتووم هات بۆ لام زۆر تووڕە بوو، گوتی چۆن شتی وا دەبێت پارەی لە تۆ وەرگرتووە! ئێمە شەو ڕۆژ کاتی گونجاو و نەگونجاو بێ پرس دەدەین بەسەر ماڵ و نۆرینگەی تۆدا، ئێستا چۆن دەبێت پارە لە تۆ وەربگرن! داوای کرد ئەو پێشمەرگەی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام گوتیان خۆی ڕادەستی ڕژێم کردووەتەوە، ئیدی هەڤاڵ شێخ جەعفەر هێندەی دیکە داخی ئەوەش چووە دڵییەوە.

هەروەها هەڤاڵ ڕەهبەی سەید برایم بریندار بوو، چەندین ڕۆژ لە ماڵی خۆم چارەسەرم بۆ کردووە، هەڤاڵ ئاشتی سابیر لە ڕووداوێکی دیکەدا بریندار بوو چارەسەرم بۆ کرد، جگە لەوە هەبوو مار و دووپشك پێوەی دەدا، ڕۆژێك پێشمەرگەیەك مار بە دەستییەوە دا، بیست دەرزی کۆرتیزۆنم لە ماوەیەکی کورتدا بۆ بەکارهێنا و ژەهراوی جێ پێوەدانکەیم بە زەبری شفرە دەرکرد و گوتم بیبەن بۆ هەولێر من توانام نەما هەر ئەوەندە دەرزییەم هەبوو بۆم بەکارهێنا، کە چوو بووە هەولێر پێیان گوتبوو کێ ئەوەی بۆ تۆ کردووە؟ تۆ لە مردن ڕزگارت بووە، لێرەش بوویتایە هەر ئەوەندەمان بۆ دەکردی، ئیدی پاش ماوەیەك ئەو کەسە بە قەلێك و هەندێك پێویستییەوە هاتەوە بۆ گوندەکە بۆ لام.

من لەو سنوورە نزیکەی ٣٠ گوندم لەسەر بوو، واتە لە حەمدۆن و شەوگێڕی سنووری تەقتەق، لەبەرامبەریشدا هەتا دەگەیشتە گۆپتەپە و گۆمەشین لەسەر ڕێگای کۆیە دواتر دۆڵی دێگەڵە هەتا بەستی شەرغە و ئاومار و شەیتان و سێگردکان و سێکانی و ئۆمەرگۆمەت و کانی لەلە... دەرمانی ئەو سنوورە لەسەر شانی ژنێك بوو کە ئەگەر دەستگیر بکرابایە لە سێدارە دەدرا(١٣).

هەرچی پەیوەندیدارە بە نەشتەرگەرییەوە، چەندین جار گوللەم لە سکی پێشمەرگە دەرهێناوە، بە دەیان نەشتەرگەری بچوکم ئەنجامداوە، هەروەها ڕۆژێك ئێمە لە گوندی

(١٣)– نێرگز تۆفیق فەرەج: خێزانی د. ئەکرەمە، کە خەڵکی کۆیەیە و بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێناوە، د. ئەکرەم دەڵێت: دان بەوەدا دەنێم کە ئەگەر ئەو نەبووایە نەمدەتوانی ١٠ ڕۆژ لە دەرەوە (گوند) بمێنمەوە، دوو منداڵم لە گوند لە دایك بووە، شایەنی باسە لە ئێستادا هەڤاڵ نێرگز کارگێڕی مەڵبەندی کۆیەیە.

قازبەگیان بووم، لەلایەن خزمێکەوە داوام لێکرا ماڵ بۆ گوندی قوڵقوڵە بگوازمەوە، ئێمەش چووین، دواتر فڕۆکە تۆپبارانی کردین، لە گوندێکی نزیکی ئێمە پارچە بەر قاچی منداڵێك کەوتبوو قاچێکی لێکردبووەوە، بە خێرایی بۆم دوورییەوە و خوێنبەربوونیم ڕاگرت و داوام کرد بیبەن بۆ شار.

لە دوای ئەنفال چوومەوە شار، بەدواداچوونم کرد لە ئەرکەکەم دوورخرابوومەوە (فصل)، هۆکارەکەشی ئەوەبوو چووبوومەوە دەرەوە، لە نووسراوێکدا بە ناونیشانی: دوورخستنەوە و دەرکردنی ئەکرەم محەمەد ئەمین بەهۆی چوونە ڕیزی تێکدەرەکانەوە، ئیدی من چوومە نەخۆشخانەکان برینداری کیمیایی لێ بوو، ویستم دەست بکەم بە چارەسەریان، پێیان ڕاگەیاندین کەس بۆی نییە چارەسەریان بکات ئیدی سەری ئۆتۆمبێل خران و شوێنبزر کران[١٤].

(١٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەکرەم فەتاح حەمەئەمین مستەفا (د. ئەکرەم)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/١٥.

# ئەنوەر عوسمان محەمەد (دکتۆر ئەنوەر)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کەرکوك لە دایکبووم، لە ڕاستیدا خـەڵکی دەڤـەری چەمچـەماڵم گوندی تەپەدێ، قۆناغەکانی خوێندنم لە شـاری کـەرکوك تـەواوکردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٧-١٩٧٨ پەیمانگای تەنـدروستی بەغدادم تەواوکرد، لە سەرەتای ١٩٧٦ پەیوەنـدیم بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵە کردووە.

دواتر بە پشتگیری هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی و هەر لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە چـوومە هەڵەبجە و چوومە کەرتەکەی هەڤاڵ جەلال کوڵکنی، کە سەر بـە تیپـی ١١ی هـەورامان بـوو، کـە هـەڤاڵ شـەوکەتی حـاجی مەشـێر سـەرتیپی ١١ی هـەورامان بـوو، هـەروەها تیپـی ١٥ی شـارەزوورمان هـەبوو، ژمـارەی پێشـمەرگەکانی هـەردوو تیپەکـە پێکـەوە نزیکـەی ١١٠ پێشمەرگە دەبوو، من لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتن و خـەڵکی نیشـتیمانپەروەرەوە پێداویسـتیم بـە دەست دەگەیشت، خەڵکی ئەوکات دڵسۆز بوو، هەرچیمان بویستمبایە لە شار بۆمـان دەهـات، مـن و دکتـۆر حەسـان لەسـەر دەسـتی دکتـۆر هـەژار عوسمـان فێـری زۆر کـاری تەنـدروسـتی بـووین، لەوانـە چۆنیەتی ددان کێشـان، لـە شـارەوە دوو سـێتی ددان کێشـانم بـۆ هـات و لـەو گوندانە چارەسەری ددانی خەڵکیم دەکرد.

لەو سنووورە شەڕی ئیسلامییەکان دەستی پێکرد و ئێمە چووینە حاجی مامەنـد لـەوێ هەڤاڵ عومەری برای شەهید سیروان تاڵەبانیم بینی، کە پێشتر لە کەرکوك دراوسێ بـووین، گوتی بۆ نایەی بۆ لای ئێمە بۆ گەرمیان، کەرتم بۆ کراوەتەوە وەرەوە کەرتەکەی من؟ ئیدی ڕەزامەندیم دەربڕی، بەڵام گوتم پرس بە هەڤاڵ شەوکەتی حاجی مەشێر بکەن، چونکە من لەو تیپەم، هەروەها من تەنها کەرکوکی ئـەو تیپـەم حـەز ناکـەن بـڕۆم، چوون پرسـیان بـە هەڤاڵ شەوکەت کرد، ئەویش گوتی: کاکـە مـن خۆشـم پێشـمەرگەی ئێـوەم، واتـە ڕەزامەنـد بوو.

لەوێوە چووم بۆ سنووری گەرمیان و تاکو ساڵی ١٩٨٥ لەوێ مامەوە، کە ئەوکات هەڤاڵ سامان گەرمیانی سەرتیپی بوو، لە کەرتەکەی هەڤاڵ عومەر بووم، ئەم سنووره هێڵێکی بەرفروانی لەگەڵ دوژمندا هەبوو، هەمیشە لە شەڕدا بوو، پێشمەرگەکانی زۆر ئازا و جەربەزە و قوربانیدەر بوون، لە گەرمیان کادیری دیکەی تەندروستیمان لەگەڵ بوو وەکو دکتۆر حەسان قەراغی، دکتۆر حەسەن دووزی، دکتۆر عاسی، لە ڕووداوێکدا لە بنای گل بە تراکتۆر هاتوچۆمان دەکرد لە پاڵ زنجیرە شاخەکە بەڕێوەبووین، لە پشتی شاخەکە فڕۆکە بە نزمی هات، کە گەیشتە ئەم دیوی شاخەکە کە ئێمە لێ بووین هێندە لە ناکاو بوو یەکسەر گەیشتە سەرمان، بواری هیچمان نەما، ئیدی پێشمەرگە خۆیان فڕێدا و بڵاوبوونەوە و دەستیان کرد بە تەقە لێی، فڕۆکەکەش دەسترێژێکی کرد دوو پێشمەرگەمان بەرکەوتن، یەکێکیان برینەکەی سەخت بوو، من دەستم کرد بە چارەسەر کردنی و پێشمەرگەیەکیشیان لەگەڵم دانا، لە گوندی ژاژ لە ماڵی هەڤاڵ سەید کامیل دوو شەو ماینەوە، دواتر هەواڵمان لێدرابوو، ئێمە ئێوارانێک دەرچووین، بۆ سبەی دواتر سەرۆک جاش قالە فەرەج بە هێزێکی زۆرەوە چواردەوری گوندەکەیان گرتبوو وایانزانی بوو ئێمە لەوێین، تەنانەت هەتا ئەو ماڵە چوون کە ئێمەی لێ بووین، واتە هەواڵەکە هێندە بە وردی ڕۆیشتبوو، پێیان گوترابوو دکتۆرێك و دوو پێشمەرگە لە ماڵی ئێوەدا بوون، ئیدی ناچاریان کردبوون، ئەوانیش گوتبوویان بەڵێ ڕاستە لێرەبوون، بەڵام ئێرەیان جێهێشتووە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ ڕەزای مام نامیق کە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی گەرمیانە، ڕۆژێك چووینە ناوچەی نەوجوول کەمینیکمان دانا و تووشی شەڕێك بووین، هەڤاڵ ڕەزا بەرکەوت، فیشەکێکی دای لەسەر سینگی و لە کۆڵنجییەوە دەرچوو، نزیکەی دوو مانگ لە گوندی بانی مۆرد لەگەڵی بووم چارەسەرم بۆ دەکرد هەتا چاکبووەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا بە فەرمانی سەرکردایەتی تیپەکەمان چووین بۆ ڕۆژهەڵات بۆ شەڕ دژی ئێران، لەوێ هەڤاڵ ڕووتە بریندار بوو، فیشەك لە سینگی دابوو، هێنامان بۆ گوندی کانی سارد کە حیزبی دیموکرات لەوێ نەخۆشخانەیەکیان هەبوو، بەهۆی پەیوەندییەکانی هەڤاڵ قاسملۆوە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە یارمەتی دەدران، ئیدی لەوێ چارەسەرکرا هەتا چاکبووەوە، هەروەها لەو شەڕە هەڤاڵ حەمەخدر شەهید بوو.

ئێمە وەکو تیپی ٥١ گەرمیان نزیکەی ٢٥٠ پێشمەرگە بووین، بارەگامان لە قۆپی قەرەداغ بوو، کاری من چارەسەری خێرابوو، ئەوەندەی پێمان دەکرا دەمانکرد، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەکانمان دەکرد، لە ساڵی ١٩٨٥ گەڕامەوە شاری کەرکوك و بووم بە سەرباز و ڕەوانەی بەسرە کرام، لە ساڵی ١٩٩١ ڕۆیشتین بۆ ئێران، کە گەڕاینەوە لە نەخۆشخانەی کەرکوك تەسریح بووم، دواتر دەستم لە کار و کەسابەت کرد، لە ساڵی ٢٠٠٢ بە پشتگیری هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی چوومە نەخۆشخانەی شۆڕش، دوای ٢٠٠٣ کە ڕژێم ڕووخا و نەخۆشخانەی شۆڕش لە کەرکوك کرایەوە چوومە ئەوێ، لەوێ مامەوە تا خانەنشین بووم[١٥].

(١٥)– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر عوسمان محەمەد (د. ئەنوەر)، ٢٠٢٢/١٢/٢٩.

# ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل حەمەد (دکتۆر ئیبراهیم)

باوکم فەرمانبەر بووە لە فەرمانگەی بەدالەی سلێمانی دواتر بۆ ناوچەی ڕانیە گوێزراوەتەوە، لەوێ لە ساڵی ١٩٤٩ منداڵێکیان لە دایك دەبێت ناوی دەنێن ئیبراهیم، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر لە شاری بەغداد خوێندنی بەشی تاقیگەی تەواوکردووە، لە شەستەکاندا لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری کردووە، لە شۆڕشی ئەیلول هاوکاری پێشمەرگە بریندارەکانی کردووە، بە نهێنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ هێناون و چارەسەر پێویستی بۆ کردوون، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ دکتۆر ئیبراهیم لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی خەباتدا بوون لە دژی حکومەتی عێراقی، لە دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکاندی شۆڕشی نوێدا ڕۆڵی هەبووە.

لێرەوە دکتۆر ئیبراهیم لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا دەست درێژە بە خەبات دەدات، دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخستن، دکتۆر ئیبراهیم خۆی لە چەندین ماڵی خزمی دەشارێتەوە، دواتر باوکی و برایەکی لەسەر دکتۆر ئیبراهیم دەستگیر دەکرێن و بۆ باشووری عێراق دەیانگوازنەوە، لە ڕێگەی هەواڵدەرێکەوە هێزی حکومەت دەدەنە سەر ماڵی دکتۆر ئیبراهیمدا و تەواوی کەلوپەلەکانی تایبەت بە ڕێکخستن کە شاردبوویەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت.

لە شاخ ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە چارەسەرکردنی بریندارانی پێشمەرگەدا، دواتر دکتۆر ئیبراهیم لەگەڵ هەڤاڵانیدا لە ساڵی ١٩٧٩ لە سنووری شارەزوور و هەڵەبجە مەفرەزەیەك دروست دەکەن، دوای ئەوەی یەکێك لە هەڤاڵانیان ڕادەسپێرن کە لە هەڵەبجە هەواڵ بە ڕێکخستنەکان بدات و چەند پێداویستییەکیان بۆ بهێنێت، لەو گەڕانەوەیەدا ئاشکرا دەبن و حکومەت هێز لە دژیان دەجوڵێنێت و لەگەڵ حکومەتدا دەکەونە شەڕەوە و ژمارەیەکی زۆری چەکداری حکومەت دەکوژرێن و دکتۆر ئیبراهیم و خۆی و پێنج هەڤاڵی بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگری دەکەن تا شەهید دەبن، دواتریش لەلایەن حکومەتەوە تەرمەکانیان دەبەنەوە

هەڵەبجە و لەوێ دەنێژرێن، شایەنی باسە باوکی و برایەکی شەهیدی سەنگەرن و برایەکی زیندانی سیاسی بووە و برایەکی کەمئەندامی سەنگەرە[١٦].

[١٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان: عەبدولباقی خەلیل و کاوە خەلیل برایانی شەهید د. ئیبراهیم، ٢٠٢٣/٢/٧ و ٢٠٢٣/٢/٢٣.

# ئیبراهیم خورشید تالیب سەعید (دكتۆر برایم)

خەڵكی ناوچەی قادركەرەمی سنووری چەمچەماڵم، قۆناغەكانی خوێندنم لە شارۆچكەی دوز تەواو كردووە، دواتر چوومە خولی پەرستاری (تمريض) لە ساڵی ١٩٧٩ تەواوم كرد و لە كەرتی تەندروستی وەك برینپێچ دامەزرام، لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٢ لە نەخۆشخانەكانی سنووری دوزخورماتوو، ناحیەی قادركەرەم و ناحیەی نەوجول گوندەكانی ئەو سنوورە كارم كرد، بەردەوام دەگوازرامەوە، هۆكاری ئەوەش ئەوە بوو نەدەبووم بە حیزبی (حیزبی بەعس).

پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگە پەیوەندیم بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە ڕەنجدەرانەوە هەبوو لە سنووری بازیان، لەلایەن مامۆستا مارفەوە سەرپەرشتی دەكراین، جگە لەوەش بەشداری كۆنفرانسی كۆمەڵەم كردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ كە بووم بە پێشمەرگە پەیوەندیم بە كەرتی سێی هەمەوەندی تیپی ٥٧ی سەگرمەوە كرد، بووم بە دكتۆری تیپ، لێرەوە بەشداری شەڕ و چالاكییەكانی پێشمەرگەم دەكرد، بەردەوام كۆڵەپشتێكم پێ بوو پڕ بوو لە دەرمان، چارەسەری برینداركانم دەكرد، هاوكات پێشمەرگەش بووم هەمیشە خۆم شەش مەخزەن و چەكێكم پێ بوو، گوند بە گوند دەگەڕاین، واتە وەك دكتۆری گەڕۆك وابووم، زۆرجار چارەسەری سەرەتاییم بۆ بریندارەكانم دەكرد و ڕەوانەی پزیشكی تیپ یان نەخۆشخانەی مەڵبەندمان دەكرد كە ئەو كات لە قەرەداغ بوو.

ئێمە لە تیپ پزیشكمان هەبوو، ئەویش دكتۆر دارا بوو لەگەڵ دكتۆر ساجید، بە درێژایی ئەو ماوەیەی كە لە كەرتی سێی تیپی ٥٧ بووم، زنجیرەیەك شەڕمان تووش بوو، چەندین بریندار و شەهیدمان بەخشی، لەوانە لە شەڕی گوندی گۆشتقوت، مووشەكێك لە دیوەخانەكەی هەڤاڵ حەكیم ئاغای گۆشتقوتیدا، هەڤاڵ خەباتە بچكۆك بە سەختی بریندار بوو، خۆم سارێژكاریم بۆ كرد، پارچە بەر چاوی كەوتبوو، دوای چارەسەری

پێویست و سەرەتایی ڕەوانەی نەخۆشخانەمان کرد، ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبوو تەنها برینداری کەرتی خۆمان دەهاتە بەر دەستی من، هەرچی کەرت و تیپەکانی دیکەیە یان خۆیان کادیری تەندروستییان هەبوو یان دەنێردران بۆ نەخۆشخانەکە لە قەرەداغ.

لە شەڕی ڕێگای سەنگاو- چەمچەماڵ، هەڤاڵ مام پۆلا بریندار بوو، هێنایان بۆم، چارەسەرم بۆ کرد، هەرچەندە بووە هۆی لە دەستدانی چاوێکی، هەروەها هەڤاڵ مەجید سلێمان لەو شەڕە بریندار بوو، هەڤاڵ شوانەی کادیر بریندار بوو نەشتەرگەریمان بۆ کرد، لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ فەخرەدین ئاوەبۆرەکەیی لە شەڕدا بریندار بوو، فیشەك بەر سەری کەوتبوو، تەداویمان بۆ کرد و گەیاندمانە مالومە، بەلام تووشی نەخۆشی لە دەستدانی بیرەوەری بوو.

هەر برینداریك پێویستی بە خوێن بووایە، دەمان نارد بۆ نەخۆشخانەکەی قەرەداغ، ئەوەی پەیوەندی بە دەرمانەوە هەیە، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و پەیوەندییەکانەوە دەستمان دەکەوت، زۆر جار لیستمان بۆ ئەو دەرمانانە دەکرد و دەمان دا بە کەسێك بۆمان پەیدا بکات، بۆ نمونە جارێك من لیستێك دەرمانم نووسی و دام بە هەڤاڵ فایەق ئاغا و بۆی پەیدا کردین، زۆر جار ڕێکخستنەکان داوایان لە ژنانی ڕێکخستن دەکرد لە شارەکان بۆیان پەیدا دەکردین.

زۆر جار هاولاتی نەخۆشمان بۆ دەهات، ئێمە چارەسەرمان دەکرد، هەروەها پێشمەرگەمان هەبوو مار و دووپشك پێوەی دەدا، لەوانە هەڤاڵ والی دووپشك پێوەیدا، چارەسەرمان کرد و چاك بووەوە.

بەمجۆرە تا ساڵی ١٩٨٦ لە کەرتی سێی تیپی ٥٧ مامەوە، دواتر چوومە تیپی ٥١ی گەرمیان و لە بارەگای تیپ دەستم کرد بە کارکردن، هاوکات دکتۆرێکی حیزبی دەعوەمان لەگەڵ بوو بە ناوی ئەبو دنیا پاش ماوەیەك ڕۆیشت. دواتر لە شەڕی قەراغ حکومەت بە چەکی کیمیایی لێی داین، تۆپێك لە شێوەی باڵۆن کەوتبوو، لەلایەن هەڤاڵ ئازادەوە ئاگادار

کراینەوە کە نزیکی نەکەوین، بەڵام گازەکەیی و بۆنەکەی هات بەسەرماندا، هەروەها دەستمان کرد بە چارەسەری برینداره‌کان، بەسەر نەخۆشەکاندا دەگەڕاین، هەناسەدانی دەستکردمان بۆ دەکردن، گازەکە فرمێسکرێژ بوو نەخۆشەکان فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە، هاوکات دەرزی ئەترۆپینمان بۆ دەکردن، کە لایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە بۆمان هاتبوو، ئیدی هەرچی هەناسەی نەخۆشەکان هەبوو بەسەرمدا دەهات، تووشی هەستیاری (حساسية)ی کردم، لەو نێوەندەدا من بەرکەوتم، بووە هۆی ئەوەی نیوەی لەشم (پشتێنەم بەرەو خوار) لە کار بکەوێت، دکتۆر فایەق گوڵپی پزیشکمان بوو لای ئەو چارەسەر کرام، شەش تا حەوت مانگ لەسەر جێگە کەوتم، تا سەرەبەندی ئەنفال وردە وردە باش بووم دەمتوانی هەڵسم.

لە دوای ئەنفال بە هەوڵی شەهید حەمەڕەش بردمیانە کەرکوك بۆ لای پزیشکێك بە ناوی ژیان عەبدولقادر، گوتی ئەم نەخۆشە بەرکەوتەی کیمیاییە، بەڵام نابێت باسی بکەن، هەندێك چارەسەری بۆ نووسیم، تا چاك بوومەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩ لە ناو شاری کەرکوك لە گەڕەکی شۆڕیجە لەگەڵ مەلا بەکر دەستگیر کراین نزیکەی ٩ مانگ لە فەیلەقی پێنجی موسڵ زیندانی کرام، لە زیندان ئەشکەنجەی زۆر درام، پێیان دەگوتین ئێوە تێکدەر (مخرب) بوون، ئیدی دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتم و ئازاد کرام، گەڕامەوە چەمچەماڵ و لە ڕاپەڕیندا بەشداری ڕاپەڕینمان کرد، لە دوای ڕاپەڕین لە هێزی شەشی کەرکوك بووم بە جێگری بەتالیۆن، لە قادرکەرەم کەرتی ڕێکخستنمان کردەوە، هەڤاڵ نەوزاد لێپرسراو بوو، من بووم بە جێگری، ئیدی ساڵی ١٩٩١ لەسەر پێشنیاری هەڤاڵ عیماد ئەحمەد و هەڤاڵ مستەفا چالاوی بووم بە کارمەندی ئاسایش و تا ئێستاش بەردەوامم بە پلەی (موقەدەم).

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە لە ١٠/١٢ی ساڵی ١٩٨٤ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، تەواوی پێشمەرگەکانی کەرتی سێ و چوار لە ئاهەنگەکەم بەشدار بوون، باوکی چوار منداڵم بە ناوەکانی (هاوکار، هاودەنگ، هاوڕێ و هەرێم)[١٧].

[١٧]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم خورشید تالیب سەعید (د. برایم)، ٢٠٢٢/٧/١٤.

## ئیبراهیم مەحموود محەمەد عەبدولڕەحمان (دکتۆر ڕێبازی باخ)

ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی باخ سەر بە ناحیەی پیرەمەگروون لە دایکبووە، لە ژیانیدا هاوسەرگیری پێکنەهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی چەقز تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی ئامادەیی لە خوێندنگەی سەلاحەدینی کوڕان لە سلێمانی تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای پزیشکی لە شاری بەغداد تەواوکردووە، لەو ماوەیەدا پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا هەبووە، دوای تەواوکردنی خوێندنیش پەیوەندی لە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکات و دەچێتە شاخ.

پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩، لە ناوشاری سلێمانیدا کاری ڕێکخستنی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە ڕابەری سیاسی هەرێمی دوو لە سنوورەکانی کۆیە و چەمی ڕەزان و شوان و گۆپتەپە، لێرەوە هەم وەك پێشمەرگە هەم وەك دکتۆری پێشمەرگە دەستی بە خەبات کردووە و لە ماوەیەکی کورتدا بووە بە خۆشەویستی پێشمەرگە و گوندنشینان و جوتیاران، لەو سنوورەدا ڕۆڵێکی گرنگی لە کاری پزیشك و برینپێچیدا بینیوە، چونکە وتەی نزیکەکانی لەسەرەتادا هەر خۆی بووە لەو سنوورە کە لەو بوارەدا کاری کردووە.

لە سنووری خۆیدا و لە شەڕێکدا لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٩دا شەش پێشمەرگە شەهید دەبن و دکتۆر ڕێباز و هاوڕێیەکی بە ناوی هەڤاڵ (جەلال مەحوود شەدەڵەیی) بە برینداری دەستگیر دەکرێن، ڕەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکوك دەکرێن، پاش شەش مانگ زیندانی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێت، لە مانگی ٦ی ١٩٨٠ ڕەوانەی زیندانی موسڵ دەکرێن و لە ١٩٨٠/١١/١٢ لە سێدارە دەدرێت[١٨].

---

(١٨)– چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ دلێر شێخ تەیب باخ، خوشکەزای شەهید د. ڕێباز وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

# ئیبراهیم محەمەد حەسەن (دکتۆر هەڤاڵ)

لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیم و ئامادەییم لە هەولێر تەواوکردووە، لە ئامادەیی یەکەمی ئامادەیی کوردستان بووم و لە ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغداد وەرگیرام و ساڵی ١٩٨٣ تەواوم کرد و لە ساڵی ١٩٨٣ لە نەخۆشخانەی جمهوری هەولێر دامەزرام و دکتۆر ئازاد حەمەساڵح (هێمن)م لەگەڵ بوو، دوای ساڵێك کردیانین بە سەرباز دوو ساڵ و نیو سەربازیم کرد، نەمویست هەڵبێم و جارێکی دیکە کێشە بۆ خانەوادەکەم دروست بکەم، چونکە برایەکم پێشمەرگە بوو، لە سەربازی چەند جارێك ژیانم کەوتە مەترسییەوە ماندووبوونی زۆرم بینی، تا دواجار ئارامیم لێ بڕا و هەڵهاتم و بڕیارمدا بچم بۆ ئەوروپا، بەڕێکەوتم ڕۆژێك چوومە گوندێك شەوێك لەوێ بووم، ڕۆژی پێش ئەوە چالاکییەك لەوێ لە دژی حکومەتی عێراقی ئەنجامدرابوو، ژمارەیەك پێشمەرگە شەهید بووبوون و نزیکەی ١٥ پێشمەرگە بریندار بووبوون، هەرچەندە من بە ڕێکەوت لەوێ بووم، دەستم کرد بە چارەسەرکردنی بریندارەکان، کە دۆخی ئەو بریندارانەم بینی بڕیارم دا بمێنمەوە و خزمەتی شۆڕش بکەم، لەو چالاکییەدا پێشمەرگە دەستی گرتبوو بەسەر کەلوپەلو چەکێکی زۆری حکومەتدا، فەرماندەکانی شەڕەکە بریتی بوون لە هەڤاڵان حەسەن کوێستانی و سابیر ڕەسووڵ و سەعیدی حەمەزیاد، ئیدی لە ١٩٨٨/٦/١٦ بڕیارم دا و بووم بە پێشمەرگە، داوام کرد بچم بۆ نەخۆشخانەی خەتێ بۆ لای دکتۆر زریان.

لە خەتێ چەند جارێك حکومەت هێرشی کرد و نەخۆشخانەکەی تێکدەدا و ماڵەکانی دەسوتان و پاش ماوەیەك دەگەڕاینەوە، تا دواجار هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ داوای لێکردم بچم لە مەلەکان نەخۆشخانەیەك دروست بکەم، منیش چووم و دەستم کرد بە دروستکردنی ئیدی لەگەڵ مامۆستا هیوای پورزام کە پێشمەرگە بوو چووین و لەگەڵ خەڵکی گوندی مەلەکان قسەمان کرد و ئامادەییان نیشاندا، چووینە مەڵبەند و داوامان کرد زیندانییەکانمان لەگەڵ بنێرن و یارمەتیمان بدەن ئەوانیش نزیکەی ٢٠ زیندانییان نارد و نەخۆشخانەی مەلەکانمان دروست کرد، نەخۆشخانەکەمان لە ئەشکەوتێکدا بنیادنا، کە لە

ناوەوە نزیکەی ٣٠م درێژ و ١٠م پان بوو، ٣ ژوورمان دروست کرد، لە پێشەوە بۆ نەخۆش کە ١٠ تەختەی نەخۆشمان لێ دانا، دواتر ژووری تیشك و دواتریش ژووری نەشتەرگەریمان لێ دروست کرد، بەڵام نەمانتوانی سوود لە سێیەم ژوور ببینین، نەخۆشخانەکە لە ئەشکەوتێك بوو لە دۆڵی مەلەکان.

هەرچی ژووری دووەمە کە تیشك بوو لە چالاکییەکدا لە تەقتەق پێشمەرگە دەستی گرت بەسەر ئامێرێکی تیشکدا و هەڵیانوەشانەوە بۆ چەند پارچەیەك و بە یاساغ لە ژێر باری (کا) بە عەرەبانە و تەراکتۆر هێنایان بۆ مەلەکان و بەستمان و بۆ ماوەی ساڵێك کارمان پێکرد، لەوێ بێ جیاوازی یارمەتی گوندنشینان و پێشمەرگەی تەواوی پارتەکانمان دەدا، چەند جارێك فڕۆکە بۆردومانی کردین، بەڵام بەهۆی سەختی شوێنەکەوە زیانمان کەم بوو، دکتۆرەکانی نەخۆشخانە بریتی بوون لە: من وەکو پزیشك، یاریدەدەرانی پزیشك دکتۆر جەمال، دکتۆر هونەر، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر محەمەد حاجی و دکتۆر هەژار، پێشمەرگەکانیش مامۆستا هیوا بوو، نەخۆش هەبوو شەش مانگ لەلامان دەمایەوە، واتە وەکو نەخۆشخانەی فەرمی نەخۆش تۆمار دەکرا و بە چەند ڕێگەیەك دەرمانمان بۆ دەهات.

لە ڕووداوێکدا لە هێرشی سەری ڕەش پێشمەرگەیەك بە سەختی بریندار بوو ڕانی شکابوو ناوی لوقمان بوو خەڵکی شەقڵاوە بوو بۆ ماوەی شەش مانگ لای ئێمە مایەوە تا چاك بووەوە و دوای ئەوە ناردمان بۆ ئێران، پێشمەرگەیەکی تر دەستی بریندار بوو، لە کاتی خاوێنکردنەوە دەمارێکی پچڕا و خوێنی بە خووڕ لێ دەڕۆیشت، ترساین شەهید ببێت، بەڵام توانیمان ڕایبگرین و بینێرین بۆ نەخۆشخانەی حیزبی دیموکرات، لەوێ دکتۆری فەڕەنسی لێ بوو کەرەستەی باشیان لابوو چارەسەریان کرد.

ژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕش بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشی تێدایە، ڕۆژێك لە گوندی گەرەوان بووم، لێپرسراوی ڕێکخستن گوتی دکتۆر وەرە بوتڵێکی ویسکیمان بۆ هاتووە وەرن بابیخۆینەوە، ئێمەش هەم حەزمان لێدەکرد هەم ماندووبووین دەمێك بوو پێویستمان پێی بوو، کەشەکەش بەفر و باران بوو، شەو هەرچەندە تاریك بوو هەڤاڵێك ویسکییەکەی کردەوە، زۆر شارەزا بوو، تەماشای قەباغەکەی کرد کون بوو، ڕەنگی ویسکییەکەش کەمێك گۆڕابوو، بۆمان دەرکەوت کە ژەهری تێکراوە، بۆیە نەمانخوارد، هەرچەندە بە

تامەزرۆییەوە خۆمان بۆی ئامادەکردبوو، بوتڵەکەم هێنایەوە تا وەکو بەڵگە بمێنێت و سەرووی خۆمان ئاگاداربکەین، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەك کەسێك بە هەڵە بیخواتەوە ناچار بوتڵەکەم شکاند و ڕشتم.

ئێمە بێ جیاوازی یارمەتی گوندنشینەکانمان دەدا، چونکە نەخۆشخانەکە هی گەل بوو، ئەوانیش یارمەتی ئێمەیان دەدا، لە تەواوی گوندەکانی سنوورەکەوە نەخۆشمان بۆ دەهات، وەکو پێوەدانی مار و دووپشك و سەرێشە و کەوتن و شکان و دەستبڕین...هتد، ئەوانیش نان و ماست و گۆشت و میوە و داریان بۆ دەهێنایین.

ڕۆژێك لە هێرشێکی حکومەتدا داوام لێکرا بچم بۆ سەر شاخ، سەر گوندی ئەشکەفتە، من لە خەتێ بووم، کەسیش لە خەتێ نەمابوو، کەسێك هات گوتی هەڤاڵ حەسەن کوێستانی دەڵێت با دکتۆرێك بێت، منیش گوتم من دێم، کە ڕۆیشتم گوتم من بە خۆم و دەمانچەیەك چی بکەم لێرە ئێوە بریندارەکان بهێنن، گوتیان نابێت، پێویستە لێرە بیت، منیش مامەوە بۆ سبەی حکومەت هێرشی کرد و پێشمەرگەیەك لە تەنیشتم سەری بریندار بوو، چارەسەری خێرام بۆ کرد و ناردمە خوارەوە، ئیدی ئێمە شکاین و پاشەکشەمان کرد، تەنانەت گوێم لە دەنگی جاشەکان بوو کە جنێویان دەدا و دەیانگوت سەگباب بوەستە، هێندەی نەمابوو دەستگیر بکرێین ناچار بریندارەکانمان لە گوندەکە شاردەوە و خۆمان پاشەکشەمان کرد تا لە شوێنێك یەکمان گرتەوە.

لە مەلەکان کیمیاباران کراین گازەکە خەردەل بوو گیانی خەڵکی دەسووتان، هاوشێوەی ئاگر پێستی خەڵکی سووتاندبوو، ئێمە بە ئاوی سارد دەمانشۆرد و پاکمان دەکردەوە.

سەربارەت بە کیمیاباران، هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: ژمارەیەکی باشی دەرزی دژە کیمیاییمان هەبوو بەکارماندەهێنا، کە لە دەرەوەی وڵات پەیدامان دەکرد و بە ڕێگەی ئێراندا دەمانهێنا بۆ ناوچەکانی شۆڕش، بەوجۆرە بریندارەکان و بەرکەوتەکانی کیمیایی لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش چارەسەر دەکران، هەندێکیشیان کە دۆخیان خراپ بوو دەنێردرانە دەرەوە[١٩].

---

[١٩]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

ئیدی گەیشتینە ساڵی ١٩٨٨ و ئەنفالی بەسەردا هات و پۆل پۆل پێشمەرگەی تیپەکان دەهاتن و بەلاماندا تێدەپەرین و دەچوون بۆ ئێران، لە نێو ئەو پێشمەرگانەدا دکتۆری شۆڕش بوونی هەبوو، هەندێك لە دکتۆرەکانی شۆڕش لەلای ئێمە مانەوە لەوانە دکتۆر جەلال و دکتۆر ناسیح. دکتۆر حسێن و دکتۆر فائیق، دواتر ئێمەش نەخۆشخانەکەمان جێهێێشت و چووین بۆ ئێران، بەشی پەیوەندییەکان لە شاری سەقز بوو، چووم بۆ ئەوێ، گوتیان لە نەخۆشخانەکە بمێنەوە، تا چارەسەری پێشمەرگە و ئاوارەکان بکەین، لە نەخۆشخانەی ئەوێ ژوورێکمان بۆ نەخۆشی خۆمان وەرگرتبوو، ئەوەی پێمان دەکرا دەمانکرد، ئەوەی لای ئێمە چارەسەر نەکرایە پارەمان بۆ خەرج دەکرد و دەماننارد بۆ تەبریز و ورمێ، من لەوێ دامەزرام و بۆ ئێرانییەکانیش کارم دەکرد و واتە بەیانیان بۆ پێشمەرگە و ئێوارانیش بۆ ئێرانییەکان، ئیدی تا ١٩٩٠ مامەوە، شۆڕش پێیان ڕاگەیاندین کە ناتوانین بەخێوتان بکەین و گوتیان ئیدی ئازادن چی بڕیارێك دەدەن، منیش چووم بۆ تاران و لەوێ لە دەرمانخانەیەك دەستم کرد بە کارکردن، لە ١٩٩٠/٦/١٦ لە ڕێگەی سووریاوە چووم بەڕیتانیا و تا ئێستا لەو وڵاتە دەژیم، ساڵی ١٩٨٤ هاوسەرگیریم کرد و لە شاخ دوو منداڵمان هەبووە، بە نهێنی دەهاتن بۆ لام، چونکە بە نهێنی لە هەولێر دەمانەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بردیانم بۆ ئێران و لەوێوە بۆ ئەوروپا و لەوێش دوو کچمان بوو[٢٠].

---

[٢٠]– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ئیبراهیم محەمەد حەسەن (د. هەڤاڵ)، سلێمانی، ٢٠٢٣/٣/١٣.

## بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار)

لە ١٩٥٠/٥/١٨ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، دواتر ماڵمان بردوویەتە کەرکوك و لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، دایکم خەڵکی سلێمانییە و باوکم خەڵکی کەرکوکە، باوکم لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری بەغداد کۆلێژی ئەندازیاری تەواوکردووە، دۆخی دارایی خانەوەداکەمان زۆر باش بوو، باوکم لە شاری سلێمانی وەکو ئەندازیار دامەزراوە، باوکم لە ساڵی ١٩٤٩ کچی ئەندازیارێکی ئەو فەرمانگەیەی خواستووە کە لێی دامەزراوە، واتە باوکی دایکیشم ئەندازیار بووە، کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەری تۆپخانە بووە لە ئەستەمبوڵ، دوای شەڕی جیهانی دەگەڕێتەوە سلێمانی و پەیوەندی بە شێخ مەحموودەوە کردووە، ئەوەی کە پەیوەندی بە باوکمەوە هەیە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتیدا لە عێراق لە چەندین شوێن قولەی پۆلیسی دروستکراوە، یەکێك لەو شوێنانە ساڵی ١٩٥٤ لە سنووری شارۆچکەی دوکان لە گوندی میرزا ڕۆستەم چەندین قولە دروستکراوە، باوکم ئەندازیاری ئەو قولانە بووە، دواتر ئەو گوندە بەهۆی بەنداوی دوکانەوە کەوتووەتە ژێر ئاوەوە.

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە شاری کەرکوك، دکتۆر بەختیار لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە، لەوێ ڕۆڵی گرنگی لە ڕێکخستنەکاندا بینیوە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە موسڵ دەستگیرکراوە و ماوەی چەند ڕۆژێك ئەشکەنجە دراوە، لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ کۆلێژی پزیشکی تەواوکردووە، دواتر وەکو پزیشك لە خەلەکان دامەزراوە، لە ناو شاری سلێمانیدا لەلایەن پزیشکە دەستڕۆیشتووەکانی سەر بە حکومەت دژایەتی کراوە، تەنانەت سیناریۆی کێشەی کۆمەڵایەتیشیان بۆ دروست کرد، دکتۆر بەختیار ویستی هاوسەرگیری بکات، تەنانەت کاری مارەبڕینیشی تەواوکرد، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی دکتۆر بەختیار نیازی چوونە دەرەوەی هەبوو بۆ ناو شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێش گواستنەوە لێی جیابووەوە.

پێشتر دکتۆر بەختیار هەر لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هەبووە، کەسێك بووە لە بواری ئەدەبیاتدا شارەزا بووە، تەنانەت هۆنراوەشی هەیە، لە پەرتووکێکی دکتۆر کوردستان موکریانیدا هەندێك هۆنراوەی دکتۆر بەختیار بڵاوکراوەتەوە، تەنانەت لەسەر گۆڕەکەی هۆنراوەی خۆی نووسراوە:

لەگەڵ بوونما گەرای مردنیشم پێ بوو
ڕێگەی گۆڕەکەم لە بێشکەوە چاوم لێ بوو.

لە ساڵی ١٩٧٦ بەیانی دامەزراندنی ی.ن.ك لە شاری سلێمانی لە ماڵی ئێمەوە بڵاودەکرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ دکتۆر بەختیار هەڤاڵ مەلا بەختیاری هێنایەوە بۆ ماڵ و منی ڕاسپارد کە ئاگاداری بکەم بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ شاردمانەوە، کە ماڵمان زۆر نزیك بوو لە فەرمانگەی ئەمنەوە ئەو کارە لەو کاتەدا سەرکێشییەکی گەورەبوو، چونکە هەڤاڵ مەلا بەختیار دوو دەمانچەشی پێ بوو، ئیدی دوای ١٣ ڕۆژەکە بە نهێنی گەیاندمانە شوێنی خۆی، ڕۆژێکی دیکە هەڤاڵێکی دیکەی هێنایەوە بۆ ماڵ کە ناوی هەڤاڵ ساجید بوو، لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٧٦ دەستگیرکرابوو، دوو ساڵ سزا درابوو، لە زیندانی ئەبوغرێب زیندانی بوو، دوای ئازادبوونی بەنهێنی هات بۆ ماڵی ئێمە و دوای دوو ڕۆژ بە نهێنی گەیاندمانە شاخ، لە کارەساتی هەکاری شەهید بوو.

لە ساڵی ١٩٧٨ لە کارەساتی هەکاری پێشمەرگەیەك کە هاوڕێی دکتۆر بەختیار بوو ناوی ئەڵماس بوو لە شەڕەکە تووشی ڕەبۆ بووبوو، دکتۆر بەختیار هێنایەوە بۆ ماڵی خۆمان لە شاری سلێمانی، پێویستی بەوە هەبوو بچێت لە نەخۆشخانە چارەسەر وەربگرێت، دکتۆر بەختیار پلانێکی دانا، کە بریتی بوو لە بەئەنقەست نەخۆشخستنی ئەردەڵانی برام، بەو جۆرە بە فەرمی ئەو کارەی کرد و بردی لە نەخۆشخانە فایلی بۆ کردەوە، دواتر بە ناوی سەردانی بۆ لای ئەردەڵانی برام پێشمەرگە نەخۆشەکەی برد بۆ نەخۆشخانەکە، لەوێ پێشمەرگەکەی لە شوێنی ئەردەڵانی برام دانا و ئەردەڵانی کردە دەرەوەی نەخۆشخانەکە، بەو جۆرە ئەو پێشمەرگەیە بەناوی ئەردەڵانی برامەوە لە نەخۆشخانەکە مایەوە تا چارەسەری تەواوی وەرگرت و چاکبووەوە، هەروەها دکتۆر بەختیار چەندین جار دەرمانی

ناردووەتــە دەرەوە، لــەو ماوەیــەدا هاوڕێکــانی دکتــۆر بــەختیار بــریتی بــوون لــە دکتــۆر نەجمەدین کەریم، دکتۆر جەمال عومەر، دکتۆر قەلەندەر، شێرکۆ بێکەس، فوئادی مەجید میسری و حەمەی حەمەباقی، دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، دکتۆر دانا سدیق.

برایەکی دیکەم هەبوو بە ناوی بەیان نازناوەکەی (پۆلا) بوو، لەگەڵ کورێکی پورزامـدا خۆم بردمنە دەرەوە بۆ شاخ، بەڕێکەوت ئـەو ڕۆژە هێزێکـی زۆر بـەرەو قـەرەداغ بـەڕێگاوە بوو، ڕۆژەکە تەم و باران بـوو، هێزەکـەی حکومـەت ژمارەیـەکی زۆری جاشـی لەگەڵدا بـوو، دەگەنە ناو قەرەداغ و بە جلی کوردییەوە بە زمانی کوردیش قسە دەکەن، لـە هـەڤاڵ بـەیان نزیـك دەبنــەوە، ئــەویش وادەزانــێ پێشـمەرگەن لـەناکاو قومبەلەیـەگی گـازی تێـدەگرن و لەهۆش خۆی دەچێت و دەیگـرن، زۆری پێناچێت فەرمانـدەی فیرقـە سـەربازییەکە دەگاتـە لایان، لەوێ ئەو فەرمانەدیە زللەیەك لە ژنێك و منداڵێك دەدات، هەڤاڵ بەیانیش تفێك لـە فەرماندەی فیرقە سەربازییەکە دەکات و پێی دەڵێت ئێمە شەڕمان لەگەڵ تۆ کردووە تـۆ بـۆ لەو ژن و منداڵە دەدەیت، بۆیە بـێ لێپرسـینەوە شـەهیدی دەکـەن، ئیـدی لـە ١٩٧٨/١٢/١١ لـە سێوسێنان شـەهیدی دەکـەن، ئێمـە بـێ ئاگـابووین لـەم ڕووداوە گەڕاینـەوە بـۆ سـلێمانی، لـە گەڕانەوەماندا دۆخەکە زۆر گوماناوی بوو، من دڵم لای بـەیانی بـرام و هاوڕێکـانی بـوو کـە بگەنە جێگە، لە گەیشتنەوەمان بە ناو شاری سـلێمانی هەسـتم بـە بـوونی جاسـوس دەکـرد، هەموو گیانمان لە قوڕدا بوو، هاوڕێیەکم بە ناوی کاوە مەنمی لەگەڵم بوو، لە ناکاو کەسێك گوتی ئۆگەف ئیدی ئەمن گەیشتە سەرمان و دەستگیرکراین.

هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ دکتۆر بەختیاریش چووە دەرەوە، ماوەی نزیکەی دوو مـانگ لە شاخ بوو، دوای دانانی پلانێك بۆ کوشتنی ناپاکێك دانرا، دکتۆر بەختیار و هەڤاڵ ئاسـۆی دەلاك و هەڤاڵ شوانی ڕەئووف نوری بۆ ئەو کارە دەستنیشـان کرابـوون، دەگەنـە نـاو شـاری سلێمانی، بەڵام دۆخەکە زۆر نالەبار بووە بۆ ئەو چالاکییە، دوو هەڤاڵەکەی دیکەی زۆر تکا لە دکتۆر بەختیار دەکەن، کە ئەمڕۆ بۆ ئەو چالاکییە گونجاو نییـە، بـەڵام دکتـۆر بـەختیار سوور دەبێت لەسەر ئەنجامدانی، بۆیە دەچنە شوێنی مانەوەی ناپاکەکە لە گەڕەکی ئیسکان لەوێ تەقەی لێدەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو کەسـە پاسـەوان و کەسـوکاری لەگـەڵ بـووە

دێنە دەست و دکتۆر بەختیار شەهید دەکەن، تەنانەت ڕێگەیان نەدا وەکو پێویست پرسەشی بۆ دابنێین، واتە لە مانگی ١/١٩٧٩ شەهید بوو.

ئێمە شەش برا بووین پێنجمان پێشمەرگە بووین، دوو برامان شەهید بوو، سامالّ و کاروان و ئەردەڵانی برام هەتا ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگە بوون، دواتر هەر سێکیان چوونە دەرەوەی وڵات و ئێستا لە ئەوروپان[٢١].

لەسەر خەباتی شەهید دکتۆر بەختیار هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: کادیرانی تەندروستی ئەرکی دیکەشیان ئەنجام دادا، بۆ نموونە یەکێك لە پزیشکە کاریگەرەکان بریتی بوو لە شەهید دکتۆر بەختیار کە لە کەرتی دووی بازیانی هەرێمی پێنجی قەرەداغ بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژی تۆڵەی شەهید ئارامدا ویستیان لە ناو شاری سلێمانی تۆڵەی بکەنەوە، لەو چالاکییەدا دکتۆر بەختیار شەهید بوو، هەروەها دکتۆر چیا لە دەڤەری شارەزوور شەهید بوو، جگە لەوەی چەندین کادیری تەندروستی دیکەمان شەهید بوون[٢٢].

---

[٢١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران خالید تاهیر، برای شەهید د. بەختیار، ٢٠٢٣/٢/٢٣.

[٢٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

# بەرزان ئەکرەم عیزەت مەجید (دکتۆر هێرش)

لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری سلێمانی لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی پزیشکیم لە شاری بەغداد تەواوکردووە، پێشتر پەیوەندی ڕێکخستنم نەبوو، لە ڕێگەی هەندێك هاوڕێمەوە لە ساڵی ١٩٨٧ چوومە دەرەوە و بووم بە پزیشکی شۆڕش و ڕاستەوخۆ چوومە بەرگەڵوو، لەوێ ئێمە چوار کەسمان پزیشك بووین، من و دکتۆر هێمن، لەگەڵ دکتۆر هەڵۆ و دکتۆر شوان کە دکتۆری جەڕاح بوون نەشتەرگەرییان دەکرد،ئەوانەی دیکە هەندێکیان دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بوون، لە نەخۆشخانەکە هەندێك بەشمان هەبوو، وەکو تیشك کە دکتۆر بەیان کاری لێ دەکرد، بەشی تاقیگەمان هەبوو دکتۆر سەرداری کاری تێدا دەکرد، هەروەها بەشی سڕکردنمان هەبوو، هۆڵی نەخۆشمان هەبوو، ژوورێکمان هەبوو بۆ بینینی نەخۆش.

من پێشتر لە ١٩٨٢ەوە لە نەخۆشخانەکانی شار و دەرەوەی شار و لە سەربازیشدا کارم کردبووە، بۆیە کە چوومە دەرەوە سوودم لەو ئەزموونە بینی، لە نەخۆشخانەکە چەندین نەشتەرگەری دەکرا، وەکو نەشتەگەری گەورە بە سڕکردن، ئەوە کارێك بوو، کە پێشتر لە مێژووی شۆڕشدا نەکرابوو، لە کاتی کیمیابارانیشدا برینداریکی زۆری بەرکەوتەی کیمیاییمان چارەسەرکردووە، هەروەها سوودمان لە ئەزموونی دکتۆرێکی فارس بینی، دەهات لە نەخۆشخانەکەی ئێمە نەشتەرگەریی گەورەی دەکرد، کە بۆشایی دکتۆر شوان و دکتۆر هەڵۆی پڕکردەوە، هاتنەکەشی لەبەرئەوە بوو لەگەڵ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفادا هاوڕێ بوون، بە ئێمە گوترا ناوی (دکتۆر ئارش)ە، سەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بوو، فارس بوو، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی برینداریکمان بۆ هات کە تەمەنی منداڵ بوو فیشەك دابووی لە ڕیخۆڵەکانی دکتۆر ئارش نەشتەرگەریی بۆ کرد و چارەسەری کرد، کاتێکیش هاتنی نێردەکانی سوپای ئێرانی دەبینی بۆ سەرکردایەتی ی.ن.ك زۆری پێناخۆش بوو، بۆیە نەخۆشخانەکەی بەجێهێشت.

لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ ملازم کەریم کاتێك بریندار بوو لە ساڵی ١٩٨٧ لە قەرەداغەوە بە وڵاخ هێنایان موغەزییان بۆ هەڵواسیبوو، دکتۆر هەڵۆ نەشتەرگەرییەکی زۆر سەرکەوتووی بۆ ئەنجامدا و چاکبووەوە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشی ئێمە بوو، زۆرینەی ئەو بریندار و نەخۆشخانەکان لای ئێمە چاکدەبوونەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا پێش ئەنفال کە دەنگۆی دەستپێکردنی ئەنفال بڵاوبووەوە، هەلیکۆپتەری ئێرانی دەهات و لە سەرگەڵوو دەنیشتەوە ئێمە توانیمان ژمارەیەکی زۆری برینداری پێ بگوازینەوە بۆ ئێران، کە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، چونکە دۆخەکە زۆر هەستیار بوو ئەوە نەبووایە ڕێگەی دیکەی ڕزگارکردنیان نەبوو.

لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە هەندێك جار بوتڵی خوێنمان پێ دەگەیشت، هەروەها خەڵکی دیکە هەبوون دەهاتن خوێنیان دەبەخشی، ئێمە لە ناو شۆڕشدا دکتۆرێکمان هەبوو ناوی دکتۆر دڵشاد (طارق) بوو، خەڵکی کەرکوك بوو لە سنووری خۆی هەمیشە بە کۆڵەپشتێکەوە چارەسەری برینداری کردووە و کاری گرنگی ئەنجامداوە، هێندە خوێنی خۆی بە پێشمەرگە بەخشی بوو ڕەنگی پێوە نەمابوو، ئەوەی ئەو کردوویەتی لە کاری ئێمە گەورەتر بووە، چونکە ئێمە لە نەخۆشخانەدا جێگیربووین، بەڵام ئەو لە سنووری تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخاڵاندا لە ناوچەیەکی پڕ مەترسیدا کاری پزیشکی بۆ شۆڕش کردووە، نەخۆی باسی دەکات، نە کەس باسی کردووە، هەروەها دکتۆر فائیق گوڵپیش یەکێکە لە دکتۆرە تێکۆشەرەکان، هەروەها دکتۆر جەبار یەکێکە لەگەڵ هەڤاڵ ئازادی سەگرمە لە تیپی ٥٧ خەباتی کردووە، یەکێکە لە پزیشکە قارەمانەکان، من ناتوانم باسی خۆم بکەم، ئەوەی بەلامەوە گرنکە باسکردنی خەباتی هاوڕێکانمە نەك خۆم.

لە داستانی ڕزگاریدا ئاگادارکراینەوە یەکێکمان بچین بۆ لای دکتۆر هێمن (ئازاد) کە لە گوندێکی نزیك بەرەکانی شەڕ بەهۆی زۆری بریندارەوە پێویستی بە پزیشکێك بوو، من چووم بۆ لای، لەوێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چەندین کاری گرنگمان بۆ بریندارەکان کرد، تەنانەت زۆر بەخێرایی سۆندەمان دەکرد بە سکی بریندارەکاندا و خوێنی کۆوەبووی ناو سکیمان دەردەکرد، ئێستا بیری لێدەکەمەوە چۆن بەو خێراییە لەو شوێنە بێ بیرکردنەوە

بریندارمان چارەسەر دەکرد، کەچی سەرکەوتووش دەبووین، زۆرینەی دەرمانەکانی ئێمە لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە بوو، ئێرانیش دەرمانی بۆ دەناردین، لە کۆتایی شەڕی عێراق-ئێران لە گوندی هاواری هەڵەبجە کۆگایەکی دەرمان هەبوو، داوامان لێکرا ئەو دەرمانانە بە وڵاخ یان بە کۆڵ بیگوازینەوە بۆ شۆڕش، هەروەها دکتۆر ئارام (سەعدوون) و دکتۆر هەندرێنمان لەگەڵ بوو، بە کۆڵ لە گوندی هاوارەوە بۆ دەرەکوێر بردووەتە سەرەوە، چەندین ڕۆژ سەقالی ئەوە بووین و هەموو دەرمانەکانمان دەرباز کرد و نەمانهێشت بگاتە دەستی حکومەت و گەیاندمانە سەقز.

لە کیمیاباراندا بریندارێکی زۆری گازی خەردەل و سارین دەهاتن بۆ نەخۆشخانەکە و چارەسەرمان دەکردن، چارەسەرەکانمان سەرەتایی بوو، ئەگەر خەردەل بووایە دەمان شۆردن و جلمان بۆ دەگۆڕین، هەرچی گازە سووتاوییەکە بوو دەرزی ئەترۆپینمان لێ دەدان، هەندێکیان چاکبوونەوە، ئێمە تا کۆتا سات لە نەخۆشخانەکەی بەرگەولۆوماینەوە، لەوێوە چووین بۆ ئێران، لە ساڵی ١٩٩٠ چوومە ئەوروپا[٢٣].

[٢٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرزان ئەکرەم عیزەت مەجید (د. هێرش)،

# بەیان حسێن عەلی (دکتۆر بەیان)

ئەو دکتۆرانەی شۆڕش کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا لە شاخ ناسیومن بریتین لە چەندین دکتۆر ئەوانەی پێش ساڵی ١٩٨٠ پێکهاتبوون لە: دکتۆر مەجید، دکتۆر خدر مەعسوم، دکتۆر حەسان (کەمال قەرەداغی)، هەروەها ئەوانەی دوای ساڵی ١٩٨٠ پێکهاتبوون لە: دکتۆر فوئاد تاڵەبانی ساڵی ١٩٨١ لە ئەڵمانیاوە گەڕایەوە بەغداد دواتر گەیشتە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار، ناوبراو پزیشکێکی زۆر شارەزا بوو مایەی دڵخۆشیمان بوو، یەکێك لەو کارانەی کە کردی خۆم یاریدەدەری بووم بریتی بوو لە دەرهێنانی فیشەکێك لە ناوەڕاستی ئەژنۆی هەڤاڵ مام ڕۆستەمدا لە ژێر سکرینی تیشکدا، هەروەها یەکێکی دیکە لەو دکتۆرانەی کە لامان بوو بریتی بوو لە دکتۆر جەبار عەبدول.

لە بواری ددانیدا، دکتۆر سەردارمان هەبوو، پێشتر جوڵێنەر و بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ی ڕانیە بوو کە ئاشکرابوو هاتە دەرەوە بۆ سەرکردایەتی، لە ناوزەنگ و لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، کاری دەرهێنانی ددان و نەشتەرگەریی ددان و دروستکردی تاقمی ددانی بوو بۆ گوندنشینەمان، هاوکات دکتۆر مەنسوریش وەکو دکتۆری ددان یارمەتیدەری بوو، هەروەها لەوێ نەخۆشخانەکە دکتۆر ڕۆژ (شمس الدین) و دکتۆر ڕۆژانی خێزانی لەوێ بوون، بەڵام دواتر چوونە دەرەوەی وڵات، جگە لەمان دکتۆر عادل بوونی هەبوو کە لە نەتەوەی عەرەب بوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی هەڵەبجەوە هاتە دەرەوە و ماوەیەکی باش خزمەتی پێشمەرگەی کرد، دواتر لەسەر داوای خۆی ناردیانەوە.

لەو ماوەیەدا حەمەئاوات پێشمەرگەیەکی شارەزووری بوو، ساڵی ١٩٧٩ لە نزیك هەڵەبجە قاچی بریندار بوو، ماوەیەك کاری تیشکی دەکرد، دواتر دەستی بە کاری سیاسی کرد و چووە ناوەندی کۆمەڵە، یەکێکی دیکە لە دکتۆرەکان دکتۆر ئازاد بوو کە خوشکەزای شەهید جەعفەر بوو لە تیپەکەی شێخ سەدرەدین بوو لە سنووری کۆیە، لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوو، هەروەها دکتۆر هێمن (ئازاد ئەحمەد سەرچناری)، لەگەڵ ئەو هێزەی کە شەهید ئازاد هەورامی سەرپەرشتی دەکرد چوو بۆ بادینان کە سێ دکتۆری دیکەیان لەگەڵ بوو ئەوانیش بریتین لە: (دکتۆر وریا، دکتۆر

شـەماڵ و دکتـۆر ئیسـماعیل)، دوای ئـەنفال گەڕانـەوە، شـایەنی باسـە لـە سـاڵی ١٩٨٩ دکتـۆر هێمن بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل شەهید بوو.

لـە سنووری گـەرمیان (دکتـۆر جـەلیل)مان هـەبوو، دوو دکتـۆری دیکـەمان هـەبوو بـە ناوەکانی دکتۆر نەبەز و دکتۆر دڵشاد (طارق)، کـە هەمیشـە لەگـەڵ مـەفرەزەکانی سـنووری تیپەکـەی خۆیـدا بـوو، هـەروەها ئـەم دکتۆرانـەش بوونیـان هـەبوو دکتـۆر محەمـەد ئـەمین لەگـەڵ هـەڤاڵ جـەبار فـەرمان بـوو، دکتـۆر هـەڵۆ (ئـەدیب) لـە خـەڵکی بادینـان بـوو نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بوو لەگەڵ دکتۆر شوان گیانی چەندین پێشمەرگە و فەرماندەیان ڕزگـارکردووە، هـەروەها دکتـۆر هێـرش (بـەرزان) لـە سـاڵی ١٩٨٧ هاتـە دەرەوە و هـات بـۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو دوای ئەنفال چووە ئێران و لەوێوە چوو بۆ هەندەران، دکتۆر ئـارام (سەعدوون) یەکێك بوو لە دکتۆرەکانی مەڵبەندی سێ لە ساڵی ١٩٨٧ کاتێك هەڤاڵ کۆسـرەت ڕەسووڵ بریندار بووە لەگەڵیدا چووتە نەخۆشخانەی بەرگـەڵوو، دواتـر لـە نەخۆشـخانەکە مایەوە.

لە بواری تاقیگەدا دوو دکتۆرمان هەبوو بەناوەکانی (دکتـۆر سـەردار و دکتـۆر بۆتـان)، کـە ڕۆڵـی زۆر گرنگیـان هـەبوو لـە ڕاکێشـان و وەرگـرتنی خـوێن، بـەو هۆیـەوە گیـانی دەیـان پێشمەرگەیان ڕزگارکردووە، هـەروەها لـە هـەولێرەوە هـەڤاڵێکی دیکـە بـە نـاوی (جەعفـەر) هاتبوو، کاری تاقیگەی دەکرد لە نەخۆشخانەی قوڵەهەرمێ لـە نـاوزەنگ، یـەکێکی دیکـە لـە دکتۆرەکـان کـە هەرچـەندە بـرینپێچ بـوو، بـەڵام زۆر چـالاك بـوو لـە سـنووری تیپـی ٢١ی کەرکوك وەکو دکتۆرێکی شارەزا کاری دەکرد، دواتر شەهید بوو.

مـن وەکـو دکتـۆر بـەیان یـەکێکم لـە دامەزرێنـەرانی یەکـەم نەخۆشـخانەی شـۆڕش لـە سەرکردایەتی بە ناوی (نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار)، لە ساڵی ١٩٨١ لە قوڵەهەرمێ خوار دەشتی زەڵێ و ناوزەنگ دامەزرا، سەرپەرشـتیاری بیناکـە هـەڤاڵ لالـۆ عەبـدولڕەحمان پێنجـوێنی بـوو لەگـەڵ دکتـۆر زریـان (عەبـدولڕەحمان) و دکتـۆر حەسـان (کـەمال عەبـدولڕەحمان قـەرەداغی) و دکتـۆر فـائق گـوڵپی و یاریـدەدەری پزیشـك دکتـۆر شـاخەوان (غفور)، لەگەڵ سێ پێشـمەرگەدا بـە ناوەکـانی (جـەلال، محەمـەد و حەمەعـەلی)، هـەمووان لەگەڵ وەستای بیناکە کارمان دەکـرد، قوڕکاری دەکـرا و بـەرد بـە کـاردەهێنرا، مـن هـەموو

کەرەستەکانم لە گوندی کانی زەردەوە دەکڕی و دەمهێنایەوە، دواتر کەرەستەکانی ناو نەخۆشخانەکم لە شاری سەردەشتەوە دەکڕی و دەمهێنایەوە.

لە بەندیخانەی شۆڕش کورێکی گەنج هەبوو دارتاش بوو ڕۆژانە دەمهێنا و ئەو تەختە و دارانەم پێ چاك دەکرد، کە لە سەردەشتەوە هێنابووم، وەکو قەرەوێڵە و مێز و کورسی و هەموو پێداویستییەکانی دیکە، مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۸۱ بوو، کاتی کردنەوەی نەخۆشخانەکە هەڤاڵان هێرۆ خان، دکتۆر کەمال خۆشناو و دکتۆر خدر مەعسوم ئامادەبوون، من ئەرکی کارگێڕی و پەیوەندی و هونەری نەخۆشخانەکەم لە ئەستۆگرت، ڕۆژێك هەڤاڵ ملازم عومەر سەردانی نەخۆشخانەکەی کرد گوتی: بەیان، بچۆ بۆ قاسمەڕەش بە ناوی منەوە لای دوکانی (کاك ئەحمەد) مۆلیدەیەکی کارەبا بکڕە و بیهێنەوە بۆ نەخۆشخانەکە، هەروەها گوتی بۆ هۆڵی بریندارەکان تەلەفزیۆنتان بۆ پەیدا دەکەم، ڕۆژێك هەڤاڵ عەبدولقادر حەسەن هات و تەلەفزیۆنەکەی هێنا، منیش پێداویستییەکانم بۆی پەیداکرد و دامەزراند.

لە نەخۆشخانەکە هەڵدەستام بە دروستکردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ نەخۆش و بریندارەکان، وەکو پێویستی ڕاکێشانی لاق لە کاتی شکاویدا، هەورها پێداویستی کارەبا و ڕووناکی و گڵۆپی ناو نەخۆشخانەکە، تەنانەت نەمدەهێشت لە ڕۆژە سەختەکانیشدا بێ ڕووناکی و خزمەتگوزاری بن، برایەکم بەناوی (ئومێد) پێشمەرگەی ناوەندی کۆمەڵە بوو، ڕۆژێك ناردمان بۆ تاران تا پێداویستییەکانی دکتۆری ددان بهێنێت، هەر بە هەوڵی هەڤاڵ حەمەئاوات ئامێرێکی تیشکی زۆر پێشکەوتوو (پۆتەبڵ) لە تارانەوە هێنرایە نەخۆشخانەکە، لەوێ من بە یارمەتی هەڤاڵ حەمەئاوات فێری تیشکگرتن بووم، زۆر بەباشی ئەنجامم دەدا، کاتێك دکتۆر نەوزاد ساڵح ڕەفعەت گەیشتە لامان زۆری لا سەیر بوو بەو شێوە جوانە هەموو جۆرەکانی تیشکم دەردەکرد، تەنانەت لە دوای ڕاپەڕینیش لە شەقڵاوە کە نەخۆشخانە دامەزرێنرا بەندە وەك لێپرسرای کارگێڕی نەخۆشخانەکە دیاری کرام هاوکات دکتۆر شوان سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەکە بوو، هەر لەوێ چەندین لێپرسراوێتی دیکە دیاریکران و دکتۆر جەبار، دکتۆر خالید، دکتۆر ئارام، دکتۆر نەوزاد، دکتۆر دانا، دکتۆر مەنسوڕ، دکتۆر محەمەد ئەمین و کاك فەیسەڵ چەندین کادیری

تەندروستی دیکە لە بەشەکاندا دانران، لەسەرەتادا وەکو تەندروستی شۆڕش کاری زۆر باش ئەنجامدران بۆ ڕێکخستنی کاروباری هەموو نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکان لە زاخۆ تاکو پێنجوێن و هەڵەبجە و کەلار و تەواوی ناوچە ڕزگارکراوەکانی گەرمیان، هەروەها هەوڵی بیناکردنەوەی چەندین دامەزراوە و بنکەی دیکەی تەندروستی درا، تاکو حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی دامەزرا، دکتۆر شوان وەکو لێپرسراوی یەکەمی تەندروستی شۆڕش و دکتۆر خالید، دکتۆر ئارام، دکتۆر نەوزاد و دکتۆر دانا، چووینە وەزارەت لە هەولێر، هەموو دامودەزگا و بینا و کەلوپەلەکان ڕادەستی دکتۆر کەمال کرا، کە یەکەم وەزیری تەندروستی بوو، دواتر لەسەر ڕاسپاردەی دکتۆر کەمال و بە هەوڵی دکتۆر شوان دەستبەرداری کاری حکومیی بووین و دەزگایەکی ناحکومی بە ناوی (دەزگای تەندروستی کوردستان KHF)مان دامەزراند، ڕۆڵی گرنگی بینی لە خزمەتکردنی گوندەکاندا کە تازە ئاوەدانکرابوونەوە، دەزگاکە لە ڕێگای ڕێکخراوە بیانییەکانەوە هەوڵی دەدا هاریکاری بۆ بنکە تەندروستییەکان و دروستکردنی بنکەی نوێ لە گوند و شارەکاندا بکاتەوە، بەرنامە دانرا و سەردانی گوندەکان کرا و خزمەت و چارەسەری پزیشکی و ڕێنمایی پێشکەش گوندنشینەکان کرا، هەروەها هەوڵدرا هۆشیاری تەندروستی بڵاوبکرێتەوە، تیمەکانیش پێداویستییەکانیان دەکرد بە ڕاپۆرت و ئێمەش ڕادەستی ڕێکخراوە بیانییەکانمان دەکرد، تا ئەو ئاستەی لە کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان باس دەکرا، بڕیاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و بیر و سەرچاوەی ئاو و هاریکاری جۆربەجۆر پێشکەشی گوندنشینەکان دەکرا[٢٤].

(٢٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان حسێن عەلی (د. بەیان)، ٢٠٢٢/١٢/١٥.

## بەیان محەمەد فەتاح (دکتۆر بەیان)

لە ١٩٥٨/١/١ لە شاری هەولێر لە دایکبووم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە هەر لەو شارە تەواوکردووە، ئەو ساڵەی کە گەیشتمە پۆلی شەشەمی ئامادەیی ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ تاقیکردنەوەکان بە زمانی کوردی بوو، بەڵام هێشتا پەرتووکی پرۆگرامەکان هێشتا نەکرابوو بە کوردی خۆمان ڕۆژانە دەمان کردەوە بە کوردی و کۆششمان تێدا دەکرد، ئەو ساڵە نمرەیەکی باشم هێنا و لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ وەرگیرام، پێش من هەڤاڵ نازەنین عوسمان لەوێ وەرگیرابوو، ئیدی ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیداکرد، بەشی ناوخۆییمان پێکەوە وەرگرت و هەر بەیەکیشەوە دەگەڕاینەوە هەولێر.

لە قۆناغی ناوەندی بووم هەستی نیشتیمانپەروەری و کوردایەتیم تێدا دروست بوو، بەڵام پەیوەندیم بە هیچ ڕێکخراوێکەوە نەبوو، تاکو ئاشنایەتیم لەگەڵ هەڤاڵ نازەنین پەیداکرد، ئەو بەهۆی کەسوکارییەوە ناسرابوو، لەبەرئەوە منیش چاودێریم خرایەسەر، هەروەها لە ڕێکخراوی قوتابیانی بەعس ئەندام نەبووم، هاوڕێیەتیشم تەنها لەگەڵ خوێندکارە کوردەکاندا هەبوو، ئەوانیش زۆریان ئەندامی ڕێکخراوی کۆمەڵە بوون و زۆریان بوون بە پێشمەرگە و هەندێکیشیان شەهید بوون.

ڕۆژی پێنجشەممەی سەرەتای مانگی مایسی ١٩٨٠ هەڤاڵ نازەنین چاوەڕێی دەکردم تاکو پێکەوە بگەڕێینەوە هەولێر، لەناکاو هەردووکمان لەلایەن ئەمنی موسڵەوە دەستگیرکراین، کە ئەو کاتە دڕندەترین بەشی دەزگا ئەمنییەکان بوو لەسەرانسەری عێراق و دونیاشدا، ئەو کاتە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بە دوای ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا دەگەڕان و پێشنبینی ڕێکخستنی ڕێکخراوێکیان بە ناوی کۆمەڵە نەدەکرد، بەتایبەتیش ڕێکخستنی کچان، لە گەڕان و پشکنیندا لەناو یەکێك لە پەرتووکەکانی من کاغەزێکی سەر بە ڕێکخستن دۆزرایەوە بیرم نەماوە زانیارییەکانی ناوی چی بوون، ئیدی ئەوە بوو بەهۆی دەستگیرکردنم.

لەو ڕووداوە من و هەڤاڵ نازەنین دەستگیرکراین و بەچاوی بەستراوی بردیانین بۆ دەزگای ئەمن و لە چەند ژوورێك بەجیا زۆر بە ناشیرینی و نامرۆڤانە لێکۆڵینەوەیان

لەگەڵ کردین، ئیدی بۆ بەرەبەیان گەڕاندیانینەوە بۆ بەشی ناوخۆیی کچان، ئەو دەستگیرکردنەمان دەنگی دایەوە، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو شانەی ڕێکخستنەکان ئاشکرا ببن، ئەمەش مانای دەستگیرکردنی تەواوی ڕێکخستنەکان بوو، ئەمەش مانای کارەسات بوو، چونکە ڕێکخستنە کوڕەکان ڕاستەوخۆ بێسەروشوێن دەکران، ئێمە یەك شەو زیندانی بووین، دواتر بانگکراینەوە بە چاوبەستراوی دووبارە براینەوە بۆ لێکۆڵینەوە بەئامانجی ئەوەی بزانن کێمان لەگەڵە، بەڵام من و هەڤاڵ نازەنین دانمان بە هیچدا نەنا، لەسەر ئەو کاغەزانەش گوتم هی من نییە و لە ناو تەکسییەکدا دۆزیومەتەوە.

ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیم هەمووی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ هەڤاڵ نازەنین عوسمان بوو، پاش ئەو دەستگیرکردنانە ئیدی بڕیاردرا بچینە شاخ ئیدی بە چەند پلانێك و بە چەندین قۆناغ ماڵ بەماڵ بە ڕێگایەکی دوورو درێژ گەیشتینە خڕی ناوزەنگ، لێرەوە بووین بە یەکەم کچە پێشمەرگە کە بچینە شاخ، ئیدی من و هەڤاڵ نازەنین و هەڤاڵ نەرمین عوسمانی خوشکی چووینە مەکتەبی عەسکەری و هەڤاڵ ملازم عومەر پێشوازی گەرمی لێ کردین، دوو ڕۆژ بوو گەیشتووین بە خڕی ناوزەنگ بۆ خوانی ئێوارە میوانی هەڤاڵ مام جەلال بووین، خواردنەکە یاپراخ بوو زۆر خۆش و بەتام بوو، هەروەها بینینی هەڤاڵ مام جەلال بۆ من مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە تا ئەو کاتە تەنها بە دەنگ گوێبیستی بووبووم، لە ڕێگەی ئەو کاسێتانەی کە بۆمان دەهات بۆ موسڵ و لەگەڵ دکتۆر نازەنین دەچووین بۆ دەرەوەی زانکۆی موسڵ بۆ ئەوەی گوێبیستی بین، بێگومان ژیانی شاخ قورس بوو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیش وەك پێویست نەبوو، ژیان قورس و ئەستەم بوو خواردن و جلوبەرگیشمان وەك پێویست نەبوو تایبەت لە وەرزی زستاندا هەروەها هەندێك ژیانی تایبەتی ئافرەت هەیە ئەرکی ئێمەی قورس کردبوو، جگە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی من ڕۆژانە لە بارەگای ملازم عومەر بووم، سەرقاڵی نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژانەی ژیانی پێشمەرگە و شەڕەکان بووم، دواتر دەینارد بۆ دەزگای ڕاگەیاندن چونکە من دەستوخەتم جوان بوو.

ئەو کات بۆ کچ چوونە شاخ کارێکی قورس بوو تایبەت بۆ من کە هیچ کەسێکم لە خەباتدا نەبوو، هەموو ئافرەتەکانی دیکە کە لە شاخ بون هەموو خەباتگێڕ بوون، بەڵام

لەگەڵ مێردەکانیاندا بوون، دۆخەکە بۆ ئەوان باشتر بوو، تەنها من و هەڤاڵ نازەنین وەکو کچ یەکەم کەس بووین چووینە ناو ڕیزەکانی شۆڕش، پێویست بوو ئاگامان لە هەڵسوکەوتی خۆمان بێت، ئیدی لەلایەن کۆمەڵە بەرپێکراین، لە خڕی ناوزەنگ وەکو هەر پێشمەرگەیەکی دیکە ئەرکمان هەبوو، فێری بەکارهێنانی دەمانچە و کلاشینکۆف کراین، لەو ماوەیە بوو دکتۆر شادمان فوئاد مەستی گەڕایەوە و نەخۆشخانەیەك لە تووژەڵە دامەزرا، زۆربەی کاتەکانمان لەوێ بەڕێدەکرد و نەخۆش و بریندارمان چارەسەر دەکرد، ئەوەی بۆمان چارەسەر نەکرایە دەمان نارد بۆ ئێران، من لە قۆناغی چواری پزیشکییەوە چوومە دەرەوە هێشتا شارەزایی تەواوم نەبوو، بەڵام دکتۆر شادمان زۆر زیرەك بوو هەموو شتی فێر دەکردین هەروەها زۆر دڵسۆز بوو، ڕۆژێك منیان نارده سەردەشت بۆ شارەزابوون لە چارەسەرکردنی ددان، ئیدی هەموو کادیرە تەندروستییەکانی نەخۆشخانەکەمان فێری ددان کێشان بووین، هەندێك نەخۆشی ددانیش هەبوو ڕەوانەی سەردەشت و شارەکانی ئێرانمان دەکرد.

من و دکتۆر نازەنین لەو شەڕانە بەشداری یەك شەڕمان کرد، چونکە پێیان وابوو ژن ناتوانێت وەکو پیاو بەشداری بکات، ئەو جارەش بەهۆی سووربوونی خۆمانەوە لەسەر بەشداریکردن، جارێك هەندێك لە جاشەکان گیرابوون، هەندێك بۆچوونیان وابوو من و دکتۆر نازەنین بە سزایان بگەیەنین، بەڵام هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی لەگەڵ ئەوەدا نەبوون ئێمە ئەو کارە بکەین بۆیە ڕێگەیان نەدا، بۆیە لە باری کۆمەڵایەتییەوە کاری پێشمەرگایەتی بۆ ئێمە سەخت بوو.

بەدرێژایی ساڵی ١٩٨٠ لە خڕی ناوزەنگ بووین سەرقاڵی نەخۆشخانەکە بووین کە بریتی بوو لە چادرێکی گەورە، بەڵام ڕێکوپێك بوو، زیاتر بە هەوڵی دکتۆر شادمان وارێکخرابوو، هەروەها پێش دامەزراندنی نەخۆشخانەکە من و دکتۆر نازەنین و دکتۆر شادمان چووین بۆ ئێران کەلوپەل و پێداویستی و دەرمانمان بۆ هێنا، دواتریش یارمەتییەکان هەر لە ئێرانەوە دەهاتن، من و دکتۆر نازەنین نێردراین بۆ فەرەنسا تاکو فێری فریاگوزاری سەرەتایی و ئەزموون وەرگرتن بین، بە هاوکاری دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی چووین، چەند مانگێك لە پاریس ماینەوە، ئەو کاتە لەوێ پروپاگەندەمان بۆ ناسینی کورد

و دەنگی کورد دەکرد لەلای وڵاتانی ڕۆژئاوا، دواتر لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی چووین بۆ ئیتالیا، پاش چەند مانگێك چووینە سووریا تاکو بگەڕێینەوە بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام ڕێگە گیرا و پەیوەندییەکانی ی.ن.ك و ئێران نەمان، ناچار لە سووریا ماینەوە، لەوێ لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال خوێندنمان تەواوکرد، من لە زانکۆی دیمەشق و دکتۆر نازەنینیش لە شاری حەما وەرگیرا.

ساڵی ١٩٨٣ کە دانوستان لە نێوان ی.ن.ك و حکومەتی عێراقیدا دەستی پێکرد، من لە سووریا بووم پۆلی شەشەمی کۆلێژی پزیشکی بووم، ئەو کاتە لەماڵی هەڤاڵ نەرمین عوسمان و شێخ دارا بووین، دواتر ئەوان چوون بۆ سوید، دکتۆر نازەنین لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی هاوسەگیری کرد و چوونە فەرەنسا بۆ منیش لە ماڵی عەلی حەوێز مامەوە هەتا خوێندنم تەواوکرد، دوای ساڵێك لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە پێشمەرگە کارم کرد لە سوریا، هەرچەندە وەکو شاخ قورس نەبوو، بەڵام هێشتا هەر سەخت بوو بۆ من دەبوو لە زانکۆ بە عەرەبی بخوێنم دواتر هەر خۆم ڕووبەڕووی هەموو تەنگوچەڵەمەکانی ژیان ببمەوە.

ئەوانەی دژی دانوستان بوون چوون بۆ ئەوروپا و ئەوانەی دیکە دوای دانوستان گەڕانەوە باشووری کوردستان، ئەوکاتە ی.ن.ك لە هەنگاریا چەند کورسییەکی هەبوو لە خوێندنی باڵای ئەو وڵاتە، کوردەکانی ئەوروپاش کەم کەس هەبوو بیەوێت بچێت بخوێنێت، دکتۆر عومەر شێخ مووس کە ئەندامی سەرکردایەتی بوو، داوای لێکردم بچم لە هەنگاریا خوێندنی باڵا تەواو بکەم، منیش ڕازی بووم و لە ١٩٨٥ چووم و لە ١٩٨٩ پسپۆڕیم لە نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون وەرگرت، لە خەباتیشدا هەتا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بووم لە ڕیزەکانی ی.ن.ك و کۆمەڵەدا، ئەو ساڵانەی کە لە هەنگاریابووم بەردەوام لە کار و چالاکی حزبی هەر ئەرکێکم پێسپێردرابێ ئەنجامم داوە و لەوێ باسی خۆم و دکتۆر نازەنینم وەك یەکەم کچە پێشمەرگە کردووە، ئیدی لە دوای ساڵی ١٩٨٩دا گەڕامەوە کوردستان و پەیوەندیم لەگەڵ ی.ن.ك دا نەما[٢٥].

---

(٢٥)– بەیان محەمەد فەتاح (د. بەیان)، ٢٠٢٣/٤/١٤.

## بۆتان عوسمان ئەسعەد واحید (دکتۆر بۆتان)

لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ چووەتە سەرکردایەتی ی.ن.ك و بووە بە پێشمەرگە، لە بواری پزیشکیدا بڕوانامەی دیبلۆمی هەبووە، لە شاخ لەگەڵ دکتۆر سەردار وەکو پزیشکی ددان لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو خزمەتیان کردووە، شەهید ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێناوە، لە ١٩٨٨/٩/٢١ شەهید بووە[٢٦].

---

[٢٦]– لە بەڕێز ناجی سادق ئەنور وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

# جاسم محەمەد عەلی خدر (دکتۆر جاسم)

لە گوندی دارابەگی ناوچەی داقوقی پارێزگای کەرکوك لە خێزانێکی هەژاری کوردپەروەر لە دایکبووە، تاقانەی دایك و باوکی بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی حەفتەغار تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی لە شارۆچکەی داقوق تەواوکردووە، دواتر خوێندنی پەرستاری تەواوکردووە، لای هاوڵاتیانی گوندەکەیەوە کەسێکی خۆشەویست بووە، هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ هەڤاڵانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پەیدا دەکات، لێرەوە بڕیار دەدات پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات، بۆ ئەو مەبەستە لە کەرتی یەکی تیپی ٥١ی گەرمیان بووە بە پێشمەرگە.

دواتر لە گوندی کۆشك نیشتەجێ دەبێت، ئیدی دەبێتە کوڕی گوندنیشانی ئەو سنوورەی کە لێی نیشتەجێ دەبێت، هەروەها بە گوێرەی پیشەکەی دەبێتە هاوکار و پشتیوانی گوندنیشان و لە ڕووی تەندروستییەوە خزمەتیان دەکات، هاوکات بەشداریی تەواوی شەڕەکانی ئەو سنوورە دەکات و بە خۆیی و جانتاکەیەوە ئامادە دەبێت، فریای برینداران دەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە ماڵەکەشی دەبێتە بنکەیەکی تەندروستی گوندنشینان، ماڵەکەی دەبێتە شوێنی پشوودانی پێشمەرگەی بریندار، بریندار هەبووە لە ماڵەکەیدا بۆ چەندین ڕۆژ ماوەتەوە، لە ماڵەکەیدا خزمەت کراوە، لێرەوە دەبێتە هاوکار و پشتیوانی هاوڵاتیانی سەرجەم گوندەکانی بناری گل و ئاوەسپی و گەرمیان، بەهۆی ئەمەوە شوێنی خۆی لە دڵی تەواوی خەڵکی ئەو سنوورانەدا کردبووەوە.

لە شەڕەکانی ئەنفالدا شەهید دەبێت و خێزانەکەی و سێ منداڵی دەستگیر دەکرێن و دەبرێن بۆ زیندانەکانی تۆپزاوا، منداڵی چوارەمی لە زیندان لەدایکبووە، بەوجۆرە خێزانەکەیی و هەر چوار منداڵەکەی ئەنفال دەکرێن و تا ئێستا بێسەر و شوێنن، ئیدی دایك و باوکی دکتۆر جاسم بە چاوەڕوانی دکتۆر جاسم و نەوەکانیان چاو لێك دەنێن.

شایەنی باسە دکتۆر جاسم کەسێکی دڵسۆز و پەرۆش بوو بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەی، ناوی منداڵەکانشی بریتی بوون لە (پشتیوان، نیشتیمان و زریان) ئەوەی دیکە لە زیندان لە دایکبووە ناوەکەی نەزانراوە[٢٧].

[٢٧]– ژیاننامەی د. جاسم لە هەڤاڵ عەزەدین مەجید محەمەد (مامۆستا عەزیز) وەرگیراوە، ٢٠٢٢/٧/١٤.

# جەبار فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد (دکتۆر نەبەز)

ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی لە باوەشی خێزانێکی هەژار و شۆڕشگێڕدا لە دایکبووە، تەمەنی یەك ساڵ بووە باوکی لە شۆڕشی ئەیلولدا دەبێت بە پێشمەرگە، هەر بەهۆی ئەوەوە خێزانەکەیان چووتە گوندی حاجی مامەند، لەوێ خراوەتە بەر خوێندن و قوناغی سەرەتایی لەوێ تەواو دەکات، لە نسکۆی ئەیلولدا گەڕاونەتەوە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٨٢ پەیمانگای تەندروستی تەواوکردووە.

دکتۆر نەبەز خولیای دەشت و دۆڵ و چیاکانی کوردستان بووە، هەستی نیشتیمانپەروەری بەجۆرێك بوو لە تەمەنێکی کەمدا و لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، کەسێکی چالاك و دڵسۆز بووە، هەمیشە هانی ڕێکخستن و گۆشکردنی هاوڕێ خوێندکارەکانی داوە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتی و دەرمان و جلوبەرگ و پێداویستی داوە بۆ هێزی پێشمەرگە و ڕەوانەی بنکەکانی شۆڕشی کردووە.

دکتۆر نەبەز لە ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ زۆر چالاکانە بەشداری خۆپیشاندانەکانی سلێمانی بووە و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەدا بووە، هەر بۆیە بریندار کرا، بەڵام دەستگیر نەکرا و پیاوەکانی ڕژێم کەوتنە گەڕان بە دوایدا، بەڵام نەدۆزرایەوە، لە ماڵی هاوڕێیەکیدا خۆی حەشار دابوو تاکو برینەکەی سارێژبوو و چاکبوویەوە، دکتۆر نەبەز چەند جارێك لەلایەن بەکرێگیراوەکانی ڕژێمەوە تووشی ئازار و ئەشکەنجە بووە، چەند جارێك لە مردن ڕزگاری بووە، هەموو ئەمانە نەك هەر ساردی نەکردەوە، بەڵکو تا دەهات سوورتری دەکرد لەسەر ڕێبازی نیشتیمانپەروەریی و خەبات، هەر لەبەرئەو ئەو لێهاتوویی و ئازایەتیی و کۆڵنەدانەی بوو نازناوەی (نەبەز)ی پێ درا.

دکتۆر نەبەز زۆرجار ناچار دەبوو شار بەجێبهێڵێ یان بچێتە شارێکی دیکە و شوێنی بگۆڕێت، تاکو پیاوەکانی ڕژێم لە بیریان بچێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە جارێك لە ساڵی ١٩٨١ بەناوی کرێکارییەوە سەردانی موسڵ دەکات، پاشان گەڕاوەتەوە و سەر لە نوێ دەستی

داوەتەوە خەبات و تێکۆشان، ساڵی ١٩٨٢ پەیمانگای تەندروستی تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٨٣ خەباتی شاخ و شار پێکەوە گرێ دەدات، چەکی پێشمەرگەایەتی لە شان دەکات و لە کەرتی ڕێکخستنی شارباژێر لە مەڵبەندی یەکی ئەوکات لە گوندی حاجی مامەند دەبێت بە پێشمەرگە.

لە ژیانی پێشمەرگیایەتیدا بەشداریی چەندین شەڕ و داستانی کردووە، وەکو شەڕەکانی چیای کەتوو و پیری شەوکێل و شەڕەکانی سنووری شارباژێڕ، یەکێك لە کارەکانی دکتۆر نەبەز بریتی بووە لە کاری تەندروستی و چارەسەری پێشمەرگەی بریندار و خزمەتکردنی گوندنشینان، بەجۆرێك هەمیشە کۆڵەپیشتەکەی پڕ بووە لە دەرمان بۆ چارەسەری هەموو ئەوانەی کە پێویستیان پێی بووە، بۆیە لە گوندەکاندا سەلماندبووی کە ئەو دکتۆری هەمووانە، ئەوەندی پێشمەرگە بووە هەمیشە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی خەباتدا بووە، هەمیشە بێ سڵکردن لە مردن هەنگاوی مەردانە و دلێرانەی ناوە.

لە ڕاپەڕینی گەلی کوردستاندا دکتۆر نەبەز بەشداریی کارای هەبووە و لەگەڵ جەماوەردا لە هەڵمەتی پاکردنەوەی شاری سلێمانی لە دامودەزگاکانی ڕژێم بەشداربووە، دواتر بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی کەرکوك و کفری و کەلار و دەربەندی بازیانی کردووە، بەهۆی کارامەییەکەوە کراوە بە ڕابەر سیاسی لە هێزی دووی قەرەداغ، دکتۆر نەبەز بەهۆی سووربوونی لە خەبات و تێکۆشان لە ١٩٩١/١٠/٧ لە ڕاپەڕینی سێهەمی شاری هەڵمەت و قوربانی و لە شەڕێکی دەستە و یەخەو ڕووبەڕووی دوژمندا بۆ پاکردنەوەی شاری سلێمانی لە دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە گەڕەکی شێخ عەباس لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی گیانی خۆیان بەختکرد و بوون بە مایەی شانازیی بۆ گەل و نیشتیمان، باوکیشی لە هەمان شەڕدا بە سەختی بریندارکرا، دوای چەند ساڵێك ئەویش گەیشتە کاروانی شەهیدانی نیشتیمان، شایەنی باسە دکتۆر نەبەز لە ساڵی ١٩٨٦ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (شیاو و زیلان)[٢٨].

---

[٢٨]– **لە خاتوو شلێر خێزانی د.** جەبار فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد (د. نەبەز) وەرگیراوە.

# جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد ئۆمەرمەلان (دکتۆر جەرجیس)

لە ساڵی ۱۹٥۲ لە هەولێر لە دایکبووم، لە شۆڕشی ئەیلول بەشداریم کردووە، لە ۱۹٦۷ تا ۱۹۷٥ بەردەوام بووم، دواتر چوومە ئێران و هەمان ساڵ گەڕامەوە، لە ئێران سێ خولی پزیشکی یاریدەدرم بینیوە، هەروەها لە دوای ساڵی ۱۹۷٥ خولی برینپێچی و ڤێتێرنەریم بینیوە، بەهۆی ئەو خولانەوە شارەزایی کاری پزیشکی بووم، ساڵی ۱۹۸۱ بووم بە پێشمەرگە و کادیری تەندروستی تا ساڵی ۱۹۸٦ بەردەوام بووم.

لە ساڵی ۱۹۸۳ لە گوندی پونگینەی بنەسلاوە نەشتەرگەرییەکمان کرد، هەڤاڵ عەلی فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ۸٦ بوو لەگەڵمان بوو، دواتر لە گەڕانەوەمان لە نزیک گردەسوور تووشی هەلیکۆپتەرێك بووین دەستڕێژی لێکردین ۹ بریندارماندا، من لەو کاتە لە ماڵ بووم، هەواڵیان هێنا فریا بکەوە کەرتەکەت وێران بووە، یەکێکیان دۆخی زۆر خراپ بوو یەك ڕۆژ بوو پێشمەرگە بوو، هەڤاڵێکی دیکە قاچی شکابوو نزیکەی سەد ساچمەی بەرکەوتبوو، هەروەها پەنجەیەکیشی شکابوو، لەگەڵ دکتۆر مازن دەستمان کرد بە چارەسەرکردنی قاچیمان گرتەوە، ئەو پەنجەیەی دەستی چەپی گرێکەی نەمابوو، دکتۆر مازن گوتی با پەنجەی ببڕینەوە، گوتم با حەوزێك بۆ پەنجەی بکەین ئەگەری چاك بوونی هەیە، ئیدی بۆیمان دروست کرد و خۆشبەختانە یەکی گرتەوە، ئەو بریندارە هەتا ئێستاش هەر ساچمە لە گیانی ماوە، هەروەها هەڤاڵان موشیر و پیرداود و ئیدریس بریندار بوون ئەوانیشمان چارەسەر کرد، ماوەی ٤٥ ڕۆژ سەرپەرشتی ئەو برینداراتەم کرد، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی تەداوی و چارەسەریان بۆ بکەم ماوەی ئەو ٤٥ ڕۆژە منداڵەکانیشم نەبینی.

لە شەڕێکی دیکەدا لە ساڵی ۱۹۸۳ زستان بوو هەڤاڵ ئەحمەد قەنبەری لە تەنیشتی من شەهید بوو، هەڤاڵ عەلی نەبی گوللەیەك بەر سینگی کەوتوو لە پشتییەوە هاتە دەرەوە، لەسەر ئەو شاخە چارەسەرم بۆ کرد، گوتی با کەس نەزانێ بریندارم، نەك پێشمەرگەکان ورەیان دابەزێت، پێشمەرگەیەکی دیکەمان گوللەیەك بەر ناو چاوی کەوت و لە پشتی گوێ هاتبووە دەر، خەڵکی سنووری کەرکوك بوو ناوی سامان بوو دوو کاتژمێر لەبەر ئەو بارانە

بوو، بەشێکی مێشکی لە پشت گوێی هاتبووە دەرەوە، هەر لەوێ چارەسەرم بۆ کرد، دواتر بە پشتی هێسترێك خۆم هێنامەوە خوارەوە لە هەر چوار لاوە تەقەمان لێدەکرا، خۆشبەختانە ڕزگاری بوو.

ئەو کات کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە گۆڕپانەکە بوو، ئەگەر پێشمەرگەیەك زۆر قارەمان نەبووایە جێگەی نەدەبووەوە، هەموو کادیر و پێشمەرگەی ئازا و بە ڕەوشت بوون ئەگەر پێشمەرگەیەك شەهید بووایە لێپرسینەوە لە فەرماندەکەی دەکرا، ئێمە سێ کەرت بووین کە هەڤاڵان هاوڕێ کاوە، هەڤاڵ ئەحمەد قەنبەری و هەڤاڵ عەلی دیبەگەیی فەرماندەیی بوون، لە شەڕێکدا داوامان لێکرا بەرەو سماقووڵی پاشەکشە بکەین، لە ڕێگا یەکێك لە پێشمەرگەکانمان دادەبڕێت و بە ڕێکەوت گوێدرێژێك دەبینێت دەیگرێت و بە سواری گوێدرێژەکە خۆی دەگەیەنێتەوە کەرتەکەی، بۆ ڕۆژی دواتر گوێدرێژەکە دەبباتەوە شوێنی خۆی.

لە شەڕێکی دیکەدا کە لە گوندی پونگینە بووین، پۆلیسی نەجدە گەیشتە گوندەکە ناچار لێماندان و هەموویانمان دەستگیر کرد و دەستمان بەسەر ئۆتۆمبێلەکەشیاندا گرت، هەڤاڵ عەلی پونگینە فیشەك لە دەستی دەرچوو بەر قۆڵی هەڤاڵ کەمال کەوت و قۆڵی شکا، هەڤاڵێك داوای کرد قۆڵی بە گەچ بگرینەوە، هەرچەندە گوتم ئەوە کارێکی هەڵەیە و نابێت، چونکە ڕەش دەبێتەوە، هەر ڕازی نەبوو ناچار قۆڵیمان بۆ لە گەچ گرت، پاش چەند کاتژمێرێك دەستی ڕەش بووەوە، خێرا گەچەکەم لێکردەوە، لەگەڵ دکتۆر مازن بڕیارماندا نەشتەرگەری بۆ بکەین، ئیدی پەسەدینمان لێدا و بێهۆش بوو، ئیدی لەسەر قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵمان دڕاند، پڕی بوو لە وردە ئێسك، هەر دوو ئێسکەکە نزیکەی ٣سم لێك دوور کەوتبووەوە، پاش خاوێنکردنەوە بە تێل بەستمان، هەموو ڕۆژ بە موغەزی دەمان شۆری، گۆشتەکەی هێندە وێران بووبوو، هەموو ڕۆژێ یەك تەقەڵمان لێدەدا تا بە تەواوی دووریمانەوە، پاش چەند ڕۆژێك تەقەڵکانمان دەرکرد، نەمان هێشت قۆڵی خراپ بێت، پاشان بەتەواوی چاکبوویەوە، لە دانوستانی ١٩٨٤ من نەخۆش کەوتم و چوومە نەخۆشخانەی هەولێر، بەڕێکەوت ئەو هەڤاڵ کەمالە هات بۆ نەخۆشخانەکە، دکتۆر عەبدولڕەزاق کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو، لێی دەپرسێت ئەو دەستەی تۆ چۆن ئەوها چاك بووەتەوە؟

چونکە لەو تیشەکەی کە بۆی کرابوو دەرکەوتبوو، ئەویش بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن و کێ چارەسەری کردووە، منیش هەمان کات لە نەخۆشخانەکە کەوتبووم نەخۆش بووم، دکتۆر عەبدولڕەزاق هات بۆ لام و گوتی وەسفی ئەو بریندارییەم بۆ بکە، چۆن بوو هەروەها چیتان بۆ کرد، منیش بۆیم گێڕایەوە، گوتی زۆر ئافەرین بۆ ئێوە لەو شاخە ئەو کارەتان کردووە، ئەوە لێرە بووایە لە نەخۆشخانە یەکسەر دەستیمان دەبڕییەوە.

لە شەڕێکی دیکەدا شەوێك هەڤاڵێکمان بە نەزانی RBG تەقاندبوو، هەموو دەم و لێوی تەقی بوو، هەر ئەو شەوە بۆیم دوورییەوە و چارەسەرم کرد نەمهێشت دەم و لێو و ددانی خراپ ببێت، لە ساڵی ١٩٨٦ لەو ساڵە نەخۆش کەوتم، تا ئەو ساڵە هیچ شەڕێك نەبووە لە سنووری هەولێر بەشداریم تێدا نەکردبێت، چوومە ٨٦ی هەولێر من لەو تیپە کارم دەکرد، ساڵی ١٩٨٧ خێزان و منداڵەکانم لەگەڵ خێزانی هەڤاڵ محەمەد شینە دەستگیرکران.

ساڵی ١٩٨٦ من تووشی نەخۆشی بووم هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ نووسراوی بۆ کردم و ناردمیە نەخۆشخانەی خەتێ و کەرتی زیندان، ساڵی ١٩٨٧ لە دۆڵی بالیسان و گوندی خەتێ بە چەکی کیمیایی بۆردومان کراین، چووینە شوێنێکی بەرز، دواتر بانگیان لێ کردین بچینە خوارەوە من بە قسەیانم کرد، کە هاتمەوە خوارەوە بەرکەوتم و برینداربووم، چاو و سینگم زیانی پێگەیشت و تووشی کۆکە بووم، تا چووینە ئێرانیش هەر وابووم، ساڵی ١٩٨٩ کاریگەرییەکەم هەر لەسەر مابوو دۆخم زۆر خراپ بوو، هەڤاڵ کۆسرەت داوای لێکردم خۆم ڕادەست بکەمەوە و بچم چارەسەر وەربگرم، چونکە دەرمانەکانی من لە نەخۆشخانە حکومییەکان هەبوو، ئیدی لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی گەڕامەوە شار، بە گەڕانەوەم کرام بە سەرباز، ئیدی لە ڕێگەی هاوڕێ و خزمەکانمەوە دەرمانم بۆ پەیدا کرا، تا ئێستاش کاریگەریی لەسەر یادەوەریم هەیە، لە ساڵی ١٩٧٢ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە خێزانم لەگەڵمدا پێشمەرگە بووە[٢٩].

(٢٩)– چاوپێکەوتن لەگەڵ جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد ئۆمەرمەلان (د. جەرجیس)، ٢٠٢٢/٨/٢١.

# جەزا محەمەد فەرەج (شەهید دکتۆر جەزا)

ساڵی ١٩٥٧ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لە دایکبووە، هەر لە منداڵییەوە زۆر خۆشەویست بووە لای خانەوادە و کەسوکاری و جێگای خۆی لە دڵی هەمووانیدا کردبووەوە، هەر کە چووەتە قوتابخانە پاش فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردی یەکەم وشە کە نووسیویەتی بریتی بووە لە (نەورۆزی کوردستان)، یەکەم وێنەش کە خۆی دروستی کردووە، وێنەی پێشمەرگەیەك بووە بە چەکەوە و لەسەری نووسیوە (بژی کوردستان)، هەر لەو کاتەوە ئاواتی ئەوە بووە، کە گەورە بێت ببێ بە پێشمەرگە.

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەیوبیی کوڕان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی سیروانی کوڕان تەواوکردووە، هەر لە قۆناغی ناوەندییەوە دەستی کردووە بە نووسینی هۆنراوە، بە تایبەت بەسەر کوردستان و پێشمەرگەدا بەجۆرێك لە قۆناغی ئامادەییدا کە لە ئامادەیی ڕۆشنبیری بووە، هیچ دەشت و چیایەکی کوردستان نەماوە هۆنراوەی بەسەردا نەوتبێت، لە پشووی هاویندا لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە هاوینەهەوارەکانی کوردستاندا گەڕاوە و هۆنراوەی لەسەر نووسیون، هەروەها بەسەر شەهیدان و مافخوراواندا هۆنراوەی نووسیوە، لە ساڵی ١٩٧٨ قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە، هاوکات لەگەڵ ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی ناو شاردا پەیوەندی هەبووە.

دواتر بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن چووەتە شاری هەولێر و ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای تەندروستی تەواوکردووە، لە ١٩٨٠/١٠/١٥ کراوە بە سەرباز، لە هەمان کاتدا شەڕی عێراق-ئێران لە ئارادا بووە، بەڵام بڕوای بەو شەڕە نەبووە، هەڵهاتووە و گەڕاوەتەوە سلێمانی، لە ڕێکەوتی ١٩٨١/٧/٩ پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەوە و بووە بە پێشمەرگە، هەم وەك

کادیرێکی سیاسی، هەم وەك پێشمەرگەیەکی مەیدانی، هەم وەك دکتۆرێکی شۆڕش لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە کەرتی شەهید سلاحی موهەندیس، گەیشت بەو ئاواتەی کە لە منداڵییەوە بیری لێ دەکردەوە.

دکتۆر جەزا هەر زوو جێگای خۆی لە ناو دڵی برا شۆڕشگێڕەکانی و گوندنشینەکاندا کردەوە بەهۆی دڵسۆزی و دەروونپاکیی و لە خۆبردوویییەوە بووە هاوڕێی دڵسۆزی چینی جوتیار و زەحمەتکێش، ناوبراو جگە لەوەی پێشمەرگە و دکتۆر بوو، هاوکات شاعیر و قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، چەندین کەشکۆڵی پڕ لە هۆنراوە و چەندین کاسێتی پڕ لە هۆنراوە و قسەی خۆش و گۆرانی بۆ یادگاریی بەجێهێشتووە، کە کاتی ئامادەیی و پەیمانگا و کاتی پێشمەرگایەتیدا تۆماری کردووە.

دکتۆر جەزا لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند جار بریندار بووە، هەر خۆی تیمارکاری خۆی بووە و خۆی چارەسەرکردووە، هەروەها چارەسەری برینداری و نەخۆشی چەندین پێشمەرگە و گوندنشینی کردووە، وەك ددان کێشان و منداڵبوون و دوورینەوەی برین و پەتا و ...هتد، هەروەها بە گوندەکاندا گەڕاوە و چارەسەری چەندین نەخۆشی دیکەی گوندشینانی کردووە، سەرچاوەی دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکانی هەڤاڵ (هیوا)ی برای و خوشکەکانی بووە، کە لە شارەوە بۆیان کۆکردووەتەوە و بە جۆرەها ڕێگەی جیاواز و کۆڵەپشت بۆیان بردووەتە شاخ.

مەخابن لە ١٩٨٣/٤/١ لە گوندی گورگەدەردا شەهید کراوە، لە کاتێکدا ویستبووی پێشمەرگەیەکی بریندار بە ناوی هەڤاڵ (فەتاح) بگەیەنێتە نەخۆشخانەی سەرکردایەتی، لەو پێناوەدا و لە پێناوی کورد و کوردستاندا گیانی سپاردووە و گەیشتووەتە کاروانی نەمرانی شەهیدانی کوردستان.

هەڤاڵ (هیوا)ی برای شەهید دکتۆر جەزا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە پێش شەهیدبوونیدا لەلایەن خێزانەکەمانەوە داوای لێکراوە بگەڕێتەوە کە زۆرمان پێویست پێی بووە، بەڵام شەهید دکتۆر جەزا بەم هۆنراوەیە وەڵامی داینەوە:

گەر هەر چوار پەلم لە قوڕ چەقیوە
گەر هەموو گیانم لە سەرمانا تەزیوە
لەو کاتەدا پێشمەرگەم و کۆڵنەدەر
بەدوای ئازایدا وێڵم، گەرچی نەمدیوە!
پێشمەرگەم و پێشمەرگەی کۆڵنەدەر
ئازادم و سەربەرزم، کۆڵ نادەم لەم مەشخەڵە[٣٠].

---

[٣٠]– چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ (هیوا محەمەد فەرەج) برای (شەهید د. جەزا)، ٢٠٢٣/١/٧.

# جەلال تۆفیق فەتاح قادر (دکتۆر شوان)

لە ساڵی (١٩٥٥) لە گوندی (ئەحمەدلەوەند)ی ناوچەی هەمەوەندی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە دایکبووم، خوێندنی سەرەتایم لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی عەسکەر دەستپێکردوە، هەرچی قۆناغی ناوەندیە لە شاری کەرکوك خوێندووە، لە دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول کە خۆشم بەشداربووم لە شۆڕشەکەدا لە ساڵی ١٩٧٦ گوازراینەوە بۆ شاری سلێمانی، هەر لە ساڵی ١٩٧٦ بە بڕوانامەی ناوەندی دامەزرام لە کارگەی شەکرەکەی سلێمانی، فەرمانبەر بووم لە بەشی تاقیگەی شەکرەکە، لەو کارگەیە دوو ساڵ و نیو فەرمانبەربووم، هەروەها لە هەمان کاتدا خوێندکاربووم لە ئامادەی سلێمانی ئێواران.

لە ساڵی ١٩٨٠ قۆناغی ئامادەیم تەواوکرد و دواتر لە پەیمانگای تەندروستی باڵا وەرگیرام هەر لە شاری سلێمانی، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم لە پسپۆڕییەکەی خۆم، لە ساڵی ١٩٨٤ لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی سەنگاو دەوامم کردوە، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم، ڕژێم بەهۆی جەنگی عێراق – ئێرانەوە هەوڵی دەدا سەرجەمی کۆمەڵگا چەکدار بکات و بەپێی مواليديش داوایان دەکرد کە ببم بە سەربازی عێراقی، نەدەکرا منێکی گەنج کە لەو کاتەدا تەمەنم نزیکی ٣٠ ساڵ دەبوو سەرەتای گەنجیمە و بڕوانامەیەکی پزیشکیم هەیە و نیشتیمانەکەم و هەتا ئەوەی پێی دەگوترێت گوندێکی بچووك یان کوێرە گوندێك ـ وەك لە کوردەواریدا دەڵێن ـ پێویستی بە پزیشکە ببمە داردەستی حکومەت و حیزبێك کە بناغەکەی فاشیزمە، چونکە بە خیانەتم دەزانی لە گەلەکەم، بۆیە ڕێگای دروست و ڕاست هەڵبژاردنی پیشەی پێشمەرگایەتی بوو، هەر بۆیە لە مانگی شەشی ١٩٨٥ بە فەرمی پەیوەندیم کرد بە هێزەکانی پێشمەرگەوە، لە سنووری کەرتی دووی بازیان، ئەو کات هەڤاڵ عادل خاڵدانی لە بەشی کاروباری کۆمەلایەتی بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر لەو سنووره مامەوە بە تایبەت لە گوندی ئیبراهیم ئاوا، هەندێك دەرمان و پێداویستی پزیشکیم لابوو، لەو ماوەیەدا چەندین نەخۆش و برینداری ئەو دەڤەرەم بینی و چارەسەری پزیشکیم بۆ کردن

هەر لە هاوینی ١٩٨٥دا عەبدوڵڵا فایەق کە دانیشتووی گوندەکە بوو لە تەمەنێکی مێرد منداڵیدا بوو، بەهۆی ئەوەی گوێدرێژێك لەقە (جوتە)ی لێدابوو ڕووخساری شێواندبوو تەنانەت ڕوومەتی شەق بووبوو، سەرباری کەمی پێداویستییە سەرەتاییەکانی پزیشکیی تەداوی و دوورینەوەیەکی باشم بۆ کرد، دوای چاکبوونەوەش پاشماوەیەکی وا بە ڕووخساریەوە دیارنەبوو کە ناشرینی کردبێت، هەروەها هەڤاڵ خالیدی کوێخا ڕەحیم پێشمەرگە بوو لە یەکێك لەشەڕەکاندا بریندار بوو، ڕۆژانە بە بەردەوامی چارەسەرم بۆ دەکرد.

ساڵی ١٩٨٦ لەناو ئەو کارە پزیشکییانەی ئەنجامم دەدا، ڕووداوێکیان سەرنجڕاکێش بوو بۆ من، کە لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ کاتژمێر ١ی شەو برینداریکیان لە گوندی هەیاسی بازیانەوە هێنا بە ناوی ئیسماعیل عەبدوڵڵا خدر کە سەربازی هەڵهاتوو بوو، شەو لەسەربان نووستبوو، بەڵام فیشەکێکی ساردەوە بووی وێڵ بەر سەر سینگی کەوتبوو، لەژێر پێستەوە چوو بووە لای چەپی دوای بینینی باری تەندروستی باشبوو بڕیارمدا ڕەوانەی ماڵەوەی بکەوە، بەڵام ئەو کەسانەی لەگەڵیدا بوون دەیانووت دەبێت فیشەکەکەی لە جەستە دەربهێنرێت، منیش لەبەر کەمی پێداویستی پزیشکی و هەستیاری شوێنی فیشەکەکە نەمدەویست ئەو کارە بکەم، بەڵام دواتر بڕیارمدا هەموو هەوڵێکی خۆم بدەم، هەربۆیە دوای سڕکردنی لاوەکی فیشەکەکەم دەرکرد لە جەستەی بریندارەکە.

لە ساڵی ١٩٨٧دا پەیوەندیم بە نەخۆشخانەی "مەڵبەندی یەك"ەوە کرد لە قۆپییەکان، ئەمەش دوای وەرگرتنی نامەیەك لە لایەن بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی کەرتی دووی بازیان بۆ بەرپرسی مەڵبەندی یەك، لێرەوە لە نەخۆشخانەکە دەستبەکاربووم، کە زۆرباش و ڕێکخراو بوو خزمەتێکی زۆرباشی بە برینداران و نەخۆشانی ئەو دەڤەرە دەکرد

ستاڤی نەخۆشخانەکە بریتی بوون لە: دکتۆر فایەق گوڵپی بەرپرسی نەخۆشخانە، دکتۆر ناسیح قەرەداغی، دکتۆر جەلال عوسمان، دکتۆر مەحمود، سەرکەوت زەکی (یاریدەدەری پزیشك)، فارس حەمە عبدوڵڵا (یاریدەدەری پزیشك)، ئیبراهیم محێدین

(یاریدەدەری پزیشك)، بۆتان تاڵەبانی (برینپێچ)، حەسەن (برینپێچ)، مام ئیبراهیم (پێشمەرگە)، ڕەحمان (پێشمەرگە) لەگەڵ عەلی حاجی عەبدوڵڵا (پێشمەرگە).

لە دوای ساڵی ١٩٨٠وە بەگشتی دەزگاکانی تەندروستی پێشمەرگە لە ناو دەزگای تەندروستی ڕێکخرابوو، هەروەها بەگشتی ڕێکخستنەکانی ناو شار ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دابینکردنی پێداویستیە پزیشکییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە، لە پایزی ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ دکتۆر ناسیح قەرەداغی بەشداریمان کرد لە خولی پەروەردە لەسەر چەکی کیمیایی لە بەرگەلۆ بۆ ماوەی دوو هەفتە، شارەزایەکی باشمان لەسەر چەکی کیمیایی وەرگرت.

لە دوای شەڕی بورجەکەی دارەڕەش لە قەرەداغ کە هەر لە ساڵی ١٩٨٧دا ، گواستramەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی یەك، لەم ماوەیەدا دوو برینداریان هێنا بیانی بوون کەوتبوونە بۆسەی هێزی پێشمەرگە لەسەر ڕێگای کەرکوك - دووز یەکێکیان چاوێکی بریندداربوو ڕۆژانە تەداویم بۆ دەکرد، ئەو کات بە دیلگرتنی بیانییەکان بۆ ئەوە بوو کە ئەو وڵاتەی هاوڵاتییەکەی دەستگیرکراوە پەیوەندی بکات بە شۆڕشەوە، بۆ فشار دروستکردن لەسەر ڕژێم و ڕەنگدانەوەی پرسی ڕەوای گەلی کوردستان.

وەك کادرێکی پزیشکی لە ڕۆژانی سەختی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستاندا بە شانازیەوە لەگەڵ ئازاری میللەتەکەم بووم، کە ئەو ڕۆژە سەختانەم بینی ئینجا ئەوەندەی تر تێگەیشتم کە چەند گرنگ و ڕاستبوو بڕیاری بوون بە پێشمەرگە و بوونی پزیشك لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا،

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٧ ئاگاداریان کردین وەك مەفرەزەیەك من و دکتۆر جەلال عوسمان و پێشمەرگەیەك بە ناوی هێمن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بڕۆین بۆ سەرکردایەتی، لە سەرگەلوو و بەرگەلوو مainەوە، بە شەو من و هەڤاڵ هێمن لە بارەگای هەڤاڵ کاك جەبار فەرمان بووین، دوای چەند ڕۆژێك لە شەوی ١٩٨٨/٢/٢٣ کاتژمێر ١:٣٠ خولەك کە شەوێکی تاریك و بارانێکی زۆر دەباری لە دەنگ و زرمەی بۆمباران و راجیمە بەئاگاهاتین، ئەم دۆخە سەختە بەردەوام بوو، هەتا لە بەرەبەیاندا لێکەوتەکانی دەرکەوت، ئەویش دوای

ئەوەی بریندارێکی زۆر بە تراکتۆر و عەرەبانە هێنرا بۆ نەخۆشخانە کە زۆربەیان بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون وەکو برێشکە هەڵ دەقرچان و لە نەخۆشخانە بەبێ وەستان چارەسەریان بۆ دەکرا، کە بەشێکیان خەڵکی گوندەکان بوون، ئەوانەی باری تەندروستییان نا جێگیربوو دەگوازرانەوە بۆ وڵاتی ئێران.

ڕۆژانێکی سەخت و پر ئازاربوو، هێزەکانی بەعس بە بەرفراوانی لە سێ لاوە گەمارۆی دۆڵی جافایەتیان دابوو، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە بەتوندی بەرەنگاریان دەبویەوە، بەڵام هێزەکانی بەعس هێڵی بەرگری هێزی پێشمەرگەیان شکاند، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان هەتا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٨ بەرگری بکەن، ئەوە بوو لە ڕێگای دەرچوون بەرەو ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو سنوور کشاینەوە بەناو چیاکان و بەناو بەفر و بارانێکی زۆردا ڕێگامان دەکرد، لەوانەش سەختر ناو بەناو فرۆکەکانی بەعس بەسەرمانەوە بوون.

هەر لەو ڕێگە سەختەی بە ئازار و چاوی پرفرمێسکەوە دەمانبڕی لە ڕێگا چەندین کەسمان بینی بەهۆی سەرمای سەختی چیاوە ڕەقبوویەوە، پاشان گەیشتینە گوندی شاناخسێ کە گوندێکی جوان و قەشەنگی سنووری قەزای شارباژێرە و هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە گوندەکە بۆردومان کرابوو بەکیمیایی، هەر ئەو ئێوارەیە چەند گەڵابەیەکیان بۆ هێناین و بەڕێکەوتین بەرەو ئێران، بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن تاوەکو بەرەبەیان کە گەیشتینە شارۆچکەیەك پشوویەکماندا هەر لەسەر شەقامەکان بووین هەتا بە تەواوی ڕۆژبویەوە، دووبارە بەڕێکەوتینەوە بەرەو سنوور لە پێناو گەڕانەوە بۆ چیای قەندیلی سەربەرز و گوند بە گوند و بنار بە بنار دەڕۆیشتین، لەگەڵ هێزەکەدا بۆ سنوری مەڵبەندی سێ کە سەر بە دەشتی هەولێر و کۆیە بوو، بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن هەتا شەوێك پەڕینەوە بۆ سەرجادەی چەمچەماڵ- چیمەن بەرەو ناوچەی گەرمیان، تاڵەبان بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن بەرەو قوڵایی گەرمیان هەتا گەیشتینە گوندی کوردە میرەکان، من و دکتۆر جەلال عوسمان کە بەیەکەوە بووین لەگەڵ دەستەی نەخۆشخانەکان گەیشتین بەیەك. لەم کاتەدا ئەنفالی دوو کۆتایی هاتبوو.

لەو ماوەیەدا کە لە گەرمیان بووین دکتۆر فایەق نەشتەرگەری باشی دەکرد بۆ پێشمەرگەیەك بە ناوی ئەبو فەلاح کە بڕینەوەی قاچی بوو لە خوار ئەژنۆیەوە، ئەوەی پێویست بوو مشار و مەنجەڵ و چرابوو لەگەڵ دکتۆر سەلام زۆر گەڕاین،ماڵەکانی گوندەکە چۆڵکرابوو، تەنها مشارێکی ژەنگ گرتووی کۆن و تەنەکەیەکی کۆنمان دەستکەوت، نەشتەرگەریەکەی بەسەرکەوتوویی پێ ئەنجامدرا.

لە کۆتا هەفتەی مانگی چواری ساڵی ۱۹۸۸ دەسەڵاتی بەعس بێ بەزەیانە هێرشی کردە سەر پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە، لاوازییەکانی هێزی پێشمەرگەی بەهەند وەرگرت لە سنووری گەرمیان، هەروەها بنکەیەکی تۆکمە یان نەبوو، دوای ماوەیەك بەرگری کردن هێزەکانی پێشمەرگە کشایەوە.

دەستەی نەخۆشخانەش لەگەڵ تیپی (٥١)ی گەرمیان کشانەوە بەرەو بنارەکان و بۆ شەو گەیشتینەوە ناو قۆپیەکانی قەرەداغ، بەڕۆژ لە بن دار و بەرد و تاوێرەکاندا خۆمان حەشاردەدا و کاتێکیش تاریکی هێواش هێواش باڵی بەسەرناوچەکەدا دەکێشا ناوچەکەمان بەجێهێشت بەرەو گوندی جافەران بەرێدەکەوتین، بەشەو لە ڕێگای نێوان گوندی جافەران و شاخی سەگرمە پەڕینەوە، و دواتر بەردەوام بووین لە ڕێکردن هەتا نزیك گوندی قازانقایە، بەڵام نەچووینە ناو گوندەکە لەناو پەڵە گەنمێکدا ماینەوە، ئێمەش نەماندەزانی شەڕ ڕوویداوە سەعات ١٠ بۆ ١١ ی پێش نیوەڕۆ گوێمان لە دەنگی تەقە و هەلیکۆپتەر بوو دەسوڕایەوە و تەقەی دەکرد، تاوەکو دوای عەسر زانیمان کە ئەو شەڕە لەگەڵ مەفرەزەکانی مەڵبەندی یەك بووە. دواتر هێزە بڵاوەکانی ناوچەکە لەگەڵ ئێمە نزیکبوونەوە و لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەك بەناوی هەڤاڵ حەمەڕەئوف و پێشمەرگەیەکەی تر بەناوی هەڤاڵ خالید ماوەتی بریندار بوون کە دکتۆر فایەق چارەسەری بۆ کردن.

دواتر چووینە ناو گوندی قازانقایەوە ئەو شەوە لەو گوندە ماینەوە و هەر لەوێش ئاگاداریان کردینەوە کە ئێمە بەر ناوچەی گەرمیان کەوتووین کە هەڤاڵ شێخ جەعفەر بەرپرسی بوو، بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر بەسەر شاخی سەگرمەدا سەرکەوتین بۆ دیوی گەرمیان لای گوندێکی چۆڵکراوی ناوچەی سەنگاو پشوویەکماندا زۆری نەخایاند ئەو

شوێنەشمان چۆڵ کرد، بەهۆی بوونی مەترسی، چونکە گوندەکە زۆر نزیك بوو لە ناحیەکەوە، ئەو شەوە بەردوام بووین لە ڕێکردن هەتا لە ئاوی دەربەند باسەرە پەڕینەوە و گەیشتینە ناوچەی هەمەوەند لە بەرەبەیاندا لە گوندی خاڵدانی سنووری چەمچەماڵ نزیك بووینەوە، من و کاك دکتۆر فایەق لە پێشەوە گەیشتین گوندەکە بە تەواوی چۆڵکرابوو، لە دەرەوەی گوندەکە ڕانەمەڕێك هات گیسکێکمان لە شوانەکە کڕی و بەشمانکرد و برژاندمان.

بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن بۆ ئێوارەکەی لە ڕێگای نێوان ناحیەی تەکیە و چەمچەماڵ نزیکبووینەوە، بۆ شەو ڕێگاکەمان بڕی و گەیشتینە گوندی چیاسەوز، گوندەکە ئاوەدان بوو پشوویەکماندا، بۆ ڕۆژی دواتر ئاگادارکراین کە ئەو گوندە چۆڵبکەین، چونکە نزیکە لە قەزای چەمچەماڵ، بەڕێکەوتین و هەڵەتی ناوشوانمان بڕی لە ئاوی زێی دوکان بە بەلەم بەڕینەوە گەیشتینە گوندی قزلۆو لە سنوری دەشتی کۆیە.

بۆ ڕۆژی دواتر دکتۆر فایەق دەستەی نەخۆشخانەی دابەش کرد، من بەر تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك کەوتم کە مامۆستا عەلی گەرمیان سەرپەرشتی دەکرد. بۆ ماوەی دوو هەفتە لە سنووری دەشتی کۆیە ماینەوە، هەتا ١٩٨٨/٥/٣ کاتێك خۆر کەوتە زەردەی ئێوارە لە گوندی ئیلیاسەسوور بووین، کە دەنگی فڕۆکەکان هاتن و بۆردومانیان کرد زانیمان کارەساتێك لە ناوچەکە قەوما، دواتر بۆمان دەرکەوت بۆردومانی گۆپتەپەی کردووە، هەوای چەکی کیمیاییش گەیشتە گوندەکەی ئێمە، شەو درەنگبوو هەموو شڵەژابوون چەند بەرکەوتەی کیمیایم بینی نازانم چۆن بەو ماوە کەمە گەیشتینە لای ئێمە، بەڵام برێك دەرزیم پێ بوو بەکارم هێنا، خەڵکەکە هەمووی لە ڕۆیشتندا بوون سەریان لێشێوابوو، بەیانی زوو هێرشی ڕژێمی بەعس دەستی پێکرد و گوندەکانی ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لەگەڵ خۆرهەڵاتندا ئێمەش ئاگادارکراینەوە کە بچین بۆ شوێنی دیاری کراو، کە هەتا ئێوارە بەڕێوەبووین، ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی ئێمە بگەین شەڕێکی دەستەویەخە کرابوو لە گوندی (تەکەڵتوو) هێزی پێشمەرگە تیپی ١٧ی زمناکۆ و ٥٥ی قەرەداغ بەرگریەکی ناوازە و کەم وێنەیان کرد بوو کە تێیدا ١٧ پێشمەرگە لەو شەڕەدا

شەهید بوون و شەڕەکە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ جەمیل هەورامی بوو، ئەم داستانە بووە هۆی کردنەوەی ڕێگا و دەربازبوونی پێشمەرگەکان بە فەرماندەی هەڤاڵ شێخ جەعفەر بۆ دۆڵی سماقوڵی بەیانی گەیشتینە هیران و نازەنین، لە سنووری مەڵبەندی سێ ئاگاداریان کردین بڕۆین بەرەو بناری قەندیل ئەو کات مانگی ٥ ساڵی ١٩٨٨ بوو لە سوورەدێی بناری قەندیل لە بارەگای مەڵبەندی سێ هەتا چەند مانگێك ماینەوە.

هەروەها لە کۆتا قۆناغی ئەنفال کە ڕژێمی بەعس لە کاتژمێر ٨ بەیانی ١٩٨٨/٨/٣١ دەستی پێکرد بە تۆپباران و فڕۆکە و ڕاجیمە و هەلیکۆپتەر بەردەوام بوو هەتا ٤ی ئێوارە، کە شەڕ وەستا بەپەلە ئاگاداریان کردین کە بریندار هەیە و توانیم چەند برینداریك بینیم تەداویان بۆ بکەم چارەسەری پزیشکیان بۆ بکەم. هێزەکانی پێشمەرگە وێڕای نابەرامبەری هێز بەرگری باشیان کرد، دواتریش هێزەکانی پێشمەرگە و ئێمەش کشاینەوە و سەرکەوتینە سەر چیای قەندیل لە کۆتایدا مانگی ٩ی ١٩٨٨ ئاوارەی ئەودیوی سنووری ئێران بووین، لەگەڵ دکتۆر جەبار و دکتۆر ئارام ئەو کات بارەگای مەڵبەندی دوو لەوێ بوو.

دوای ساڵی ١٩٩١ و ئازادبوونی کوردستان وەك ئەندام کۆمیتەی کومرگ کارم کردووە، ماوەیەکی کەم لە هەمان ساڵدا ١٩٩١ لە نەخۆشخانەی ناڵپارێز و لە ڕێکخراوی (ICTC) کارم کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ دووبارە بوومەوە بە فەرمانبەر لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٦ لە ڕێکخراوی ئیمێرجنسی کارم کردوە لە سلێمانی، کوتا شوێنی کارم مەڵبەندی ڕاهێنانەوەی ئیمێرجنسی بوو. هەروەها لە ئێستادا خانەنشینی شارستانیم، خێزاندارم و چوار منداڵم هەیە[٣١].

---

[٣١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تۆفیق فەتاح قادر (د. شوان)، ٢٠٢٢/٨/١٩.

## جەلال سابیر ئەمین عەبدولڕەحمان (دکتۆر ئاسۆ)

ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی شۆڕجەی شاری کەرکوك لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شۆرجە و ناوەندی ئیمام قاسم و ئامادەیی لە موسەڵلا تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٢ پەیمانگای تەندروستی لە شاری بەغداد تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی کردووە بە شۆڕشی ئەیلولەوە، پاشان لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و جولانەوەی کورد لە باشوور، ڕوو دەکاتە وڵاتی ئێران و لە شاری تاران نیشتەجێ دەبێت، هەر لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات و بڕوانامەی پزیشکی بەدەست دەهێنێت، وەکو پزیشکێکی خۆبەخش لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد کاری کردووە و خزمەتی بریندارانی شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

دوای ئەوەی لەگەڵ ٧٥ هەڤاڵی دیکەیدا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داوا دەکرێن، شای ئێران بە داواکارییەکە ڕازی دەبێت و ڕادەستیان دەکاتەوە، لەوێ لە شاری ناسریە وەکو پزیشکێکی دەستبەسەر دانراوە و بۆ ماوەی دوو مانگ لەوێ خزمەتی نەخۆشی کردووە، پاشان توانیویەتی خۆی دەرباز بکات و پەیوەندی بکات کۆمەڵە و لە شۆڕشی نوێوە، لێرەشەوە وەکو ئەندامێکی کارا و پزیشکێك ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، لە سنوورەکانی قەرەداغ و شارباژێڕ خزمەتی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی کردووە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا نازناوی (دکتۆر ئاسۆ)ی پێ بەخشراوە، بێ وچان ماندوونەناسانە هەمیشە بە دڵ و بە گیان لەگەڵ دۆزی ڕەوای میللەتەکەیدا بووە، هەرگیز نەیتوانیوە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم ژیان بەسەربەرێت، بۆیە ژیانی خەبات و تێکۆشانی لە دژی ئەو ڕژێمە هەڵبژاردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ کۆمەڵێك سەرکردە و فەرماندەی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێدا لە کارەساتە جەرگبڕەکەی ناوچەی هەکاری لە کوردستانی باکووردا شەهید بووە[٣٢].

[٣٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد عادل محەمەد خوشکەزای شەهید د. ئاسۆ، ٢٠٢٣/٢/٨.

## جەلال محەمەد عەلی سەعید (دکتۆر جەلال)

لە ١٩٦٢/١/١ لە گوندی بنەباخی شێخ بابای سەر بە شارەدێی گوڵاڵەی پارێزگای دیالە لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کوڵەجۆی سەر بە کفری تەواوکردووە، لە پۆلی پێنجی زانستی دەسبەرداری خوێندن بووە، لەگەڵ هەڤاڵ بورهانی حەمەی مینا پەیوەندی ڕێکخستنی هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانەوە، بە درێژی ئەو ساڵانە لەناو شاری کەلار چالاکی ئەنجامداوە، ڕۆژێك لە ناو بازاڕی کەلار لەگەڵ کارمەندێکی سەر بە دەزگا ئەمنییەکانی شارەکە بوو بە دەمەقاڵێیان، بە هەڤاڵ جەلالی گوت (انت طير الجديد بالمنطقة)، مەبەستی لەمە سووکایەتی بوو بە هەڤاڵ جەلال، دواتر هەڤاڵ جەلال هەمان قسەی خۆی پێ وتەوە، کارمەندەکە زۆری پێناخۆش بوو، ویستی دەستگیری بکات و بیبات بۆ لێکۆڵینەوە، هەڤاڵ جەلالیش شەقێکی تێهەڵدا و تفێکی تێکرد و کابرای جێهێشت و هەڵهات و منیش بەلایەکی دیکەدا هەڵهاتم.

لە ڕووداوێکی دیکەدا کاتی دانوستان هێزێکی زۆری قوات خاسە کە بارق حاجی حنتەی فەرماندەی بوو هاوکات پیاوێکی خوێنڕێژ بوو، لە خۆپیشاندانێکدا لەناو شارۆچکەی کەلار هەڤاڵ جەلال دەستی کرد بە هوتاف کێشان و هۆنراوە خوێندنەوە، خۆپیشاندەران بەرزیان کردبووەوە و لەسەر شانیان دایان نابوو، لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ماڵی خوشکێکم من و هەڤاڵ جەلال و هەڤاڵ مەحموود دانیشتبووین، بێ ئاگا لەوەی کە هەواڵمان لێدرابوو، گوایە ئەو ماڵە پێشمەرگەی تێدایە، ئیدی لە ناو هەرچی مەفرەزەی سەرباز و پۆلیس و جاش و جەیشی شەعبی بوو چواردەوری گرتین، ئێمە لە پشتی ماڵەکەوە هەڵهاتین و لە دوورەوە بینراین و دراینە بەر دەستڕێژی گوللە، کەچی بەرنەکەوتین، لەو هەڵهاتنە هەڤاڵ جەلال خۆی کێشا بە دیوارێکدا و دەستی بریندار بوو.

لە سەربازیدا دەست دەگرێت بەسەر دوو چەك و ئۆتۆمبێلێکدا ویستی بۆ پێشمەرگەی بەرێت، بەڵام بەهۆی سەخت و مەترسیداری ڕێگە و زانیاری دان لەسەری نەیتوانیوە ئۆتۆمبێلەکە بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، ناچار جێی هێشتووە، بەڵام توانیویەتی دوو

چەکەکە بگەیەنێتە گوندی سەید خەلیل و دواتر بۆ گوندی دومیلان، لەوێ بەهاوکاری هەڤاڵ جومعە ڕەش چەکەکانیان گەیاندووە بە شوێنی مەبەست، ئیدی لێرەوە بووە بە پێشمەرگە، ئەم ڕووداوە ساڵی ١٩٨٤ بوو، لە تیپی ٥٣ی شێروانە بووە بە پێشمەرگە، کە هەڤاڵ عادل شکور سەرتیپی بووە، کەرتەکەشی بریتی بوو لە کەرتی پێنجی حەمرین.

لە شەڕێکی کەم وێنەدا کە خۆم گەواهیدەری بووم لە گوندی شاکەلی کەلار تیپەکەی هەڤاڵ جەلال لەگەڵ هێزی قوات خاسە و موغاویردا بوو بە شەڕیان، لەو شەڕە بریندار بوو، هەروەها پێشمەرگەیەکیش بە ناوی هەڤاڵ مەحموود (مەحموود تاوس) خەڵکی گوڵاڵە بوو شەهید بوو، لە شەڕێکی دیکەدا لە کفری و لە شەڕێکی دیکەدا لە کوڵەجۆ بەشداربووە لەم شەڕانەدا خۆشی بریندار بووە.

لە بواری تەندروستیدا دوای ئەوەی کە دەبێت بە پێشمەرگە دەچێت لە سەرکردایەتی خولێکی پزیشکی دەبینێت، کە ماوەی شەش مانگی خایاندووە، ئیدی دوای ئەوە وەکو برینپێچ تەداوی برینداری پێشمەرگەی کردووە، وەکو هەڤاڵ حەسەن کە لە شەڕێکدا بریندار دەبێت هەڤاڵ جەلال تیماری کردووە، لە شەڕی شێخ باوە دوو پێشمەرگەی دیکە بریندار دەبن تیماری ئەوانیش دەکات، دواجار لە ١٩٨٦/٥/٢١ لە شەڕێکدا لە گوندی میل قاسم لەگەڵ هەڤاڵ جیهاد دەکەونە بۆسەی جاشەکانەوە شەهید دەبن، تەرمی شەهید جیهاد بەرەو کفری دەبەن و لە بازاڕدا تەرمەکەی لەسەر تراکتۆر دەگێڕن بۆ چاوترسانی خەڵك، هەروەها تەرمی شەهید جەلال لە کەلار دەبەن و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولڕەحمان لەلایەن شارەوانییەوە دەنێژرێت[٣٣].

---

[٣٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال محەمەد عەلی سەعید برای شەهید د. جەلال محەمەد عەلی سەعید، ٢٠٢٣/٢/١.

## جەلال نادر قادر ڕەسووڵ (دکتۆر ئارام)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کەرکوك لە دایکبووم، خەڵکی گوندی گۆڵدەرەی حەسارم، لە ساڵی ١٩٣٥ هاتووینەتە شاری کەرکوك، قۆناغەکانی خوێندنم لە شاری کەرکوك و گەڕەکی ئازادی و خوێندگەی ڕزگاری و کوردستان تەواوکردووە، لە قۆناغی ناوەندییەوە چوومە پەیمانگای برینپێچی، لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیم کردووە بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)وە، ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی چەند خۆپیشاندانێکم کرد، لەو خۆپیشاندانەوە ڕژێم کەوتە چاودێریکردنمان، لەو ڕووداوانە یەکێك لە هاوڕێ ڕێکخستنەکانمان دەستگیرکرا، چەند کەسێك گومانمان هەبوو ناوەکانمان ئاشکرا بکات، لە ڕاستیدا واشی کرد، ئیدی حکومەت کەوتە چاودێری و گەڕان بە شوێنماندا، دوای ئەوەی دڵنیابوومەوە لە دەرچوونی فەرمانی گرتنم، دەستبەرداری خوێندن بووم و بووم بە پێشمەرگە ساڵی کۆتایی خوێندنم بوو بەجێمهێشت.

لە ١٩٨٢/١٢/١١ بووم بە پێشمەرگە، چوومە سنووری تیپی ٢١ی کەرکوك، کە هەڤاڵ مام ڕۆستەم سەرتیپی بوو، ئەوکات هەر کەسێك ببووایە بە پێشمەرگە داوای کەفیلیان لێ دەکرد، چونکە سەر بە ڕێکخستنەکان بووم، داوایان نەکرد، ئەوکات کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ هەبوو نووسراویان بۆ کردم و لە کەرتی دووی شوان وەرگیرام ئەوکات هەڤاڵ سەید برایم فەرماندەی کەرت بوو، لەو کەرتە تا ساڵی ١٩٨٦ مامەوە، پێکهاتەی تیپی ٢١، بەمشێوازە بوو:

- کەرتی یەکی ساڵەیی (پۆلای موهەندیس فەرماندەی کەرتەکە بووە، دواتر هەڤاڵ پۆلا بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە گوازراوەتەوە، شەهید وریا سوور بووە بە فەرماندەی ئەم کەرتە، دواتر شەهید وریا سوور بووە لە جێگر تیپ و هەڤاڵ کوێخا سیروان لە کەرتی شەشی شەهیدانی چیمەنەوە بووە بە فەرماندەیی ئەم کەرتە).

- کەرتی دووی شوان (شەهید سەید برایم فەرماندەی کەرتەکە بوو، شەهید دارا جێگری بووە، دواتر شەهید شۆڕش قەرەهەنجیری لە کەرتی سێوە بۆ فەرماندەی ئەم کەرتە گوازراوەتەوە).
- کەرتی سێی چەمچەماڵ (شەهید شۆڕش قەرەهەنجیری فەرماندەی بووە، دواتر شەهید سەید برایم بۆ فەرماندەیی ئەم کەرتە گوازراوەتەوە، شێرزاد حافز جێگری فەرماندەی کەرت بووە).
- کەرتی چواری خاڵخاڵان (شەهید دارا لە جێگری فەرماندەی کەرتی دووەوە بووە بە فەرماندەی ئەم کەرتە).
- کەرتی پێنجی قەڵاسێوکە، کە تیپی ٢٣ی سورداش دروستکراوە، کەرتی پێنج کە شەهید نازم فەرماندەی بووە چووەتە سەر تیپی ٢٣ی سورداش،
- کەرتی تیپ.

پاشان هەڤاڵ مام ڕۆستەم بوو بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، ئیدی پێکهاتەی تیپ گۆڕا و بوو بە دوو تیپ ئەوانیش تیپی ٢١ی کەرکوك و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بوون، دوو سەرتیپی نوێ دانران ئەوانیش هەڤاڵ سابیر ڕەسووڵ وەکو سەرتیپی ٢١ی کەرکوك و هەڤاڵ خولەی جگەر وەکو سەرتیپی ٢٥ی خاڵخاڵان دانران، من لە کەرتی دووی تیپی ٢١ بەردەوام بووم و کاری برینپێچیم دەکرد، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەرمان و پێداویستیمان بە دەست دەگەیشت، جگە لەوەی خوێندبووم هەروەها لە شەهید دکتۆر هادی و دکتۆر سەردارەوە ئەزموونی باشم وەرگرت، کە هەردووکیان یاریدەدەری پزیشك بوون، ئەو ڕاستییەش هەیە بەهۆی دۆخی خراپی کوردەوە، کەم کەس دەیتوانی خوێندن تەواو بکات، بۆیە من خۆم زۆر ماندوو دەکرد و خۆم فێر دەکرد، چونکە ناچار بووین، چۆن بریندار تەداوی بکەم و چۆن دەرمانەکانی بۆ بەکاربهێنم.

من لە ساڵی ١٩٨٣دا دەستم بە کاری برینپێچی لە شۆڕشدا کردووە، هەر لە تیپی ٢١ کەرکوك کادیرێکی دیکەی تەندروستیمان هەبوو ناوی دکتۆر خالید بوو، هەروەها شەهید دکتۆر حەمید و دکتۆر جوتیارمان هەبوو، لە شەڕێکدا هەڤاڵ سیروان کوێخا نەجم بریندار بوو، قاچی لە سێ لاوە شکا بوو چارەسەری سەرەتاییم بۆ کرد، بە سواری وڵاخ هێنامانەوە

بۆ سنووری تیپی ٢١ی کەرکوك، لە ساڵی ١٩٨٤ چوو لای پزیشك پلاتینی بۆ دانا، نزیکەی ٨ بۆ ٩ مانگی پێ چوو تا چاك بووەوە، کە گەڕایەوە لە شوێنی هەڤاڵ پشتیوان حەسەن فەقیانە کرا بە فەرماندەی کەرتی شەشی چیمەن، لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ نەبەز قەسرۆکی بریندار بوو سارێژکاریمان بۆ کرد لە ئەنجامی برینداری خۆیەوە کە ماوەیەك لەگەڵمان بوو فێری ئەوە بووبوو برین بکاتەوە و برینپێچی بکات، بۆیە لە دواتردا دەستی کرد بە یارمەتیدانمان.

ئیدی لە ساڵی ١٩٨٤ و دۆخی دانوستان ئێمە وەکو تیپی ٢١ لە گۆپتەپە بارەگامان دانا و کەرتی تیپ لە گۆپتەپە بوو هەڤاڵ مام ڕۆستەم سەرتیپ بوو ڕۆژانە خۆی سەردانی بارەگای دەکرد، لەو ماوەیە تیپیەکان هەر یەکە و لە سنووری خۆی جەولەی دەکرد، واتە کەرتی یەك لە سنووری سالەیی و کەرتی دوو لە گوندەکانی شوان و کەرتی چوار لە سنووری خاڵخاڵان و کەرتی سێ لە سنووری چەمچەماڵ و شواندا جەولەی دەکرد کە هەڤاڵ سەید برایم فەرماندەی کەرت بوو، منیش لەو کەرتە بووم، لەو ماوەیە تیپێکی وەرزشیمان دروست کردبوو، وەکو پێشمەرگەی کەرت لەگەڵ گەنجی گوندەکاندا یاری تۆپی پێمان دەکرد، ئەمە کاریگەری هەبوو لە ناسین و ئاشناکردنی زیاتری پێشمەرگە بە گوندنشینەکان، جگە لەو بروسکانەی بۆمان دەهات و بەدەمییەوە دەچووین ئیدی لە ماوەی دانوستان شەڕێکی ئەوتۆمان نەکرد جگە لەوەی لە ڕووداوێکدا جاشەکانی ڕژێم هەڤاڵ (عەلی)یان لە ڕێگای چەمچەماڵ شەهید کرد، هەڤاڵ مام ڕۆستم بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە فەرمانی کۆکردنەوەی هێزەکانی دا تا هێرش بکەینە سەر دوژمن، بەڵام هەڤاڵ ئازاد هەورامی لە سەرکردایەتییەوە گەیشتە لامان و ڕێگری لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ کرد، هەروەها لە ڕووداوێکی دیکەدا ڕژێم هەڤاڵ ملازم سەید کەریمی لە تاسلۆجە شەهید کرد، ئێمەش فەرمانمان بۆ هات و هێز جووڵا، لە ناوچەی سالەیی لە ڕێگای کەرکوك-هەولێر لەگەڵ کەرتی یەکی سالەیی کە هەڤاڵ شێرزاد حافز جێگری فەرماندەی تیپ بوو لەگەڵمان بوو، کەمینمان دانا بۆ جاشەکان، بەڵام بەرنەکەوتن، ئێمەش کشاینەوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەوە وەکو کەرکوك و چەمچەماڵ و تاسلۆجە چەند جاشێك بەرکەوتبوون و کوژرابوون.

سنووری ئێمە واتە تیپی ٢١ و ٢٥ چەند کادیرێکی تەدنروستی بووین لە ساڵی ١٩٨٣ دکتۆر خالید هەبوو لە تیپی ٢١، هەروەها شەهید دکتۆر حەمید، دکتۆر جوتیار ماوەیەکی کەم لەگەڵمان بوون، دواتر دوورکەوتەوە تەنانەت بەشداری شەڕی (حاجیتان)یشی کرد، لە ساڵی ١٩٨٤ دکتۆر هادی دەرکەوت، پێشتر ڕێکخستن بوو، هەروەها دکتۆر سەردار هەبوو، شایەنی باسە دکتۆر هادی کادیرێکی ئازا و شارەزا و بە هیمەت بوو، وایکرد لەسەر دەستی خۆی چەند کەسێك پەرە بە توانا تەندروستییەکانیان بدەن، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٤ هەڤاڵ محەمەد فەڕەنسی بریندار بوو شەهید دکتۆر هادی تیماری کرد، لەسەر دەستی دکتۆر هادی، هەڤاڵ محەمەد فەڕەنسی فێری زۆر شت بوو لەوانە تەداوی و برینپێچی و دوورینەوە.

ساڵی ١٩٨٥ هەڤاڵ ئاوات لە شەڕێکدا بریندار بوو، فیشەك بەر سینگی کەوتبوو، پارچەیەك لە (سی)یەکانی برینداركردبوو، لە توانای ئێمەدا نەبوو، برینەکەی زۆر مەترسیدار بوو، دکتۆر هادی گوتی من نەشتەرگەریی بۆ دەکەم، نەشتەرگەرییکەی بۆ کرد و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، تا دواتر لە ساڵی ١٩٩٤ شەهیدبوو.

ئەوەی شایەنی باسە برینداربوونەکانی هەڤاڵ حەمەسوور دووشیوانی بوو، کە لە هەموو شەڕەکاندا بریندار دەبوو، دکتۆر هادی هێندەی چارەسەر کردبوو ماندوو بووبوو بەدەستییەوە، ڕۆژێك دکتۆر هادی بە گاڵتەوە پێی گوت: "ئەمجارە بریندار ببیت من حەقم نییە بەسەرتەوە و تەداویت ناکەم".

لە کۆتایی ١٩٨٥ کە شەڕ دروست بوو، ئاڵای شۆڕش دروست بوو، من بۆ تیپی ٣١ی سلێمانی گوێزرامەوە، چوومە کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن و دواتر بەسەر کەرتەکاندا دابەشکراین، هەتا ئەنفال من لەو سنووره بووم، لە ساڵی ١٩٨٥ دوو جار چووینە ناو شاری سلێمانی و دەستمان بەسەر چەندین چەکدا گرت و جارێکی دیکە چووینە ناو شار و لە زەرگەتە دوو جاش کوژران، دواتر شەڕی قەیوان ماوەت دەستی پێکرد، ئێمە وەك تیپی ٣١ چووینە قەیوان و بارەگامان دانا، لەوێ کوڕێك بە ناوی عەبدوڵڵا کە بەشی تەندورستی تەواوکردبوو بوو بە دکتۆری تیپ، کە شەڕ دەستی پێکرد ئەو فریای تەواوی نەدەکەوت، منیش لەسەر شاخ بووم، گوتیان وەرە خوارەوە بۆ هاوکاری دکتۆر عەبدوڵڵا، کە ٦٢ ڕۆژ

پێکەوە ماینەوە خەڵکی پێنجوێن بوو، دواتـر دکتـۆر عەبـدوڵڵا نێـردرا بـۆ گونـدی مێولاکـە لەوێ بنکەیەکی بچوکیان دانابوو، منیش لە شەڕی قەیوان مامەوە کە نزیکەی ١١٠ ڕۆژ بەبێ دابەزین مامەوە، تەنانـەت کراسـەکەم ڕزی بـوو، دواتـر هێرشـێکی سەرتاسـەریمان بـۆ کـرا و شکاین، کشاینەوە مێولاکە لـەوێ پشوویەکم دا و جلوبـەرگیان بـۆ هێنـاین، لـە مـاڵی حـاجی عەلی ماینەوە کە بووبوون بە پەناگەی پێشمەرگە و زۆر هاوکارییـان کـردین، دواتـر دکتـۆر عەبـدوڵڵا دوورکەوتـەوە و مـن بـە تـەنها مامـەوە، دوای ڕۆیشـتنی دکتـۆر عەبـدوڵڵا داوایـان لێکردم خۆم بۆ کاری تەنـدروسـتی تـەرخان بکـەم، تەنانـەت مووچەکەشـیان بـۆ زیـاد کـردم، ئیتر بە درێژایی شەڕەکان ماینەوە.

لە ڕووداوێکدا لە ساڵی ١٩٨٧ لە شەڕی قەیوان مـاوەت پێشـمەرگەیەکمان پارچـەیەك لـە لە نزیك چاوی دابوو، هێنایان من برینەکەیم بۆ دوورییەوە و تەواویم کرد، دواتر کە چوو بــووە لای پزیشــك، پزیشــکەکە نــەیتوانی بــوو تەقەڵــەکان دەربکــات و گوتبــووی کــێ دووریویەتییەوە با ئەو بـۆت دەربکات، ئـەو شـوێنە هەسـتیارە مـن نـاوێرم دەریبکـەم، واتـە ئێمــە لــە پێنــاو ڕزگــارکردنی گیــانی هەڤاڵەکانمانــدا سەرکێشــیمان دەکــرد، هەرچــەندە پسپۆڕیشــمان نــەبوو، بــەڵام ناچــاربووین، واتــە زۆرمــان لــە خۆمــان دەکــرد، زۆرجــار لــە شەڕەکاندا کە قاچی پێشمەرگەیەکمان دەشکا، بـەبێ گـەچ دەچووین دارمـان بـۆی دەبـڕی و لێمان دەبەست تا جووڵە نەکات، هەندێك شکاوی هـەبوو، لەسـەر دەسـتی ئێمـە شـکاوییەکە سـەرکەوتوو نـەدەبوو، زۆریـان دوای چـەند سـاڵێك نەشـتەرگەرییان کـردووە و هەنـدێکیان سەرکەوتوو بـووە هەندێکیشـیان سـەرکەوتوو نـەبووە، جگـە لـە پێشـمەرگە ئێمـە خزمـەتی هاووڵاتیانیشمان دەکرد.

هەر لە شـەڕی قـەیوان مـاوەت ئێمـە چووینە ناوچـەی سنوور و مێولاکـە، کـە دەکاتـە پشتی قەیوان، دوای شکان هێزەکان ئاڵوگۆڕی پێکرا، سـەرکردایەتی ی.ن.ك بڕیـاری هێرشـی سەرتاسـەری دا، تیپـی ٣١ بـۆ ناوچـەی شـارباژێڕی تـەخت نێـردراین تـا لـەو دیـوەوە هێـرش بکەینە سەر زنجیرە سەنگەرەکانی گۆیژە، لێپرسراوی هێزەکەی ئێمە هەڤاڵ وەهاب بوو، کـە سـەرتیپ بـوو، ئەنـدامی مەکتـەبی عەسـکەریش بـوو، لـەو هێرشـە توانیمـان دوو لـە سەنگەرەکان کۆنترۆڵ بکەین و دووانیشیان نەتوانرا، تێیدا دوو شەهیدمان دا.

ئامانجی ئەو هێرشەی ئێمە سەرقاڵکردنی دوژمن تا هێزەکانی دیکەمان لە پشتەوە دەستبگرنەوە بەسەر قەیوان ماوەتدا، تیپەکەی ئێمە چووینە شاربازێڕ، لەو هێرشە هەڤاڵ جەمال حەمەکەریم نایەر کە فەرماندەی کەرتی چواری تیپی ٣١ بوو شەهید بوو، هەروەها هەڤاڵ پێشەوا کە خەڵکی کەرکوك بوو شەهید بوو، هەروەها دوو شەهیدی دیکەمان هەبوو لەگەڵ چەند برینداریێك کە یەکێکیان هەڤاڵ عەتا پێنجوێنی بوو، لەوێ چارەسەری سەرەتایم بۆ کردن و بردمانن بۆ عازەبان و دواتریش چووینە وێڵە لەوێش چارەسەرم بۆ کردن، دواتر چەند پێشمەرگەیەکمان لە گوندی ئاڵەسیاو فرۆکە بۆردومانی کردبوون ١١ پێشمەرگەمان شەهید بوو کە شەهید شێخ جەمیل فەرماندەیان بوون، شێخ جەمیل بەبرینداری شەهید کرابوو تەنانەت لە سەربازگەی سوسێ پێی گوتبوون من بۆ ئەوە هاتوومەتە دەرەوە تا شەهید بم، نەك ئەوەی ببم بە جاسووس بەسەر میللەتەکەمەوە، چارەنووسی ئێوەش هەر ئەوەیە دەبێت ئەم نیشتیمانە چۆڵ بکەن، بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە ڕاستەوخۆ لەوێ گوللەباران دەکرێت، بۆیە من هەرگیز ئەو هەڵوێستەم بیر ناچێ، پێشتریش کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن بوو، دواتر بوو بە ڕابەری سیاسی تیپ، ماوەیەکیش لە مەڵبەند بوو، لەوێ گوتبووی من لێرە خۆم ناگرم و دەمەوێت لە ناو شەڕەکاندا بم، بۆیە لە پلەی ڕابەر سیاسی تیپەوە تەنازولی کرد تا ببێ بە فەرماندەی کەرت، لە شەڕێکیشدا ئەو سەرپەرشتی گرتنی مەرکەزی هەواره بەرزەی ناو شاری سلێمانی کرد.

ئیدی ئێمە فریای بریندارانی ئەو شەڕە کەوتین و لەگەڵ خۆمان بردمانن، بەڵام نەمانتوانی بە شوێنی خۆماندا بگەڕێینەوە ناچار چووینە شارەزوور، کە شەهید شەوکەتی حاجی موشیرمان لەگەڵ بوو، ئەو شەوە بارانێکی زۆر بەلێزمە بوو، دوای چەند کاتژمێر ڕێکردن بە قوڕدا کە گەیشتین سەنجماندا هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر جلوبەرگ و پێڵاوەکانی لە چاو ئێمەدا زۆر خاوێن بوو، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو لە ڕێگادا زۆر خۆپارێز بوو واتە بەو شەوە باراناوییەدا بەو قوڕە و بەو ڕێگا درێژەدا بیری لای خۆپاکڕاگرتنی پێڵاو و جلوبەرگەکانی بووە، کەچی ئێمە هەموو لەشمان لە قوڕ هەڵکێشرابوو، ئیدی لە مۆریاس پەڕینەوە بۆ بناری قەرەداغ، کە گەیشتین و

پشووماندا و پێشمەرگەکان پێڵاوەکانیان دانا، هەموویان پێیان بووبوو بە تلۆق، لە ڕێگا بەهۆی سڕبوون و تەزینەوە هەستیان پێ نەکردبوو، لەوێ دەستم کرد بە تیمارکردن و چارەسەرکردنی پێی پێشمەرگەکان.

ئێمە لە سنووری قەراغ بووین، بروسکەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ هەڤاڵ وەهاب هات و پێی گوت پێشمەرگە فشاری زۆر لەسەرە، ئێوە لە سنووری خۆتانەوە هێرش بکەن و فشاری سەر قۆڵەکانی دیکە کەم بکەنەوە، ئیدی ئێمە لەگەڵ مەڵبەندی یەك کە هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی بەشی سەربازی مەڵبەند بوو، پلانمان دانا و هێرش مان کردە سەر ناحیەی قەرەداغ و ناحیەکەمان ڕزگارکرد، لەو شەڕە ئێمە هەر خۆمان نەبووین واتە پێشمەرگەی سەر بە (پ.د.ك) و (حسك) و (شیوعی)یشمان لەگەڵ بوو، بەڵام دابەشمان کرد، واتە هەموو سەنگەرەکانی چوار دەور و بینای مودیر ناحیە و ناو ناحیە بۆ ئێمە دانرابوو، مەرکەزی پۆلیس بۆ پارتی دانرابوو، بارەگای فەوج بۆ حسك دانرابوو، سەرەتا ئێمە پەلاماری سەنگەرەکانمان دا، دواتر هێزەکان چوونە ناو ناحیەوە، ئێمە نیازی مانەوەمان نەبوو، بەڵام دوژمن بە شێوەیەك شکا، وایکرد ئێمە بمێنینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر دابەشی سەر ڕێگاکان بووین، چونکە ئەوە لیکدرایەوە دوژمن هێرش دەکاتەوە سەر قەرەداغ، دواتر حکومەت بە فڕۆکە و هەلیکۆپتەر بۆردومانی کردین، تەنانەت کیمیایی لێدایین، ئەم ڕووداوانە بەهاری ساڵی ١٩٨٧ بوو.

دواتر چووینە گوندی تیمار، دواتر لە ڕێگەی بازیان و ئەڵلاییەوە چووینە سورداش و زێوێ دواتر چووینە سنووری مەڵبەندی دوو، ئیدی من هەر وەکو دکتۆری تیپ مامەوە، دواتر بەشداری شەڕەکانی سنووری ئاغجەلەرمان کرد و لەوێش چەند شەهید و بریندارێکمان دا، هەروەها هەڤاڵ مەلا عەتا کە فەرماندەی کەرت بوو بریندار بوو، فیشەك لە قۆڵی دابوو، دوای چارەسەری سەرەتایی ناردمان بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، دواتر بەمەبەستی سەردانی ماڵی برایەکم کە لە سنووری ناوچەی شوان بوو کەوتمە کەمینەوە و لە ١٩٨٧/١١/١٧ لە نێوان ڕێگای تاسڵوجە ـ دووکان بە برینداری بە دیلگیرام، هەڤاڵێکیشم لەگەڵ بوو شەهید بوو، دواتر بردمیانە هەواڵگری سلێمانی و دواتر بۆ کەرکوك و پاشان ئەمنی عامەی بەغداد و هەشت مانگ لە زیندان ئەشکەنجە درام، بەڵام دانم بە هیچ نەنا،

گوتم من ویستومە بێمەوە خۆم ڕادەست بکەم، دەستگیرکراوم، بەڵام ئەوانەی کە دەستگیریان کردبووم کە جاش بوون هاتن گوتیان ڕاست ناکات تەنانەت بەرگری کردووە و بریندداریش بووە، بۆیە سزای لە سێدارەدانم بۆ دەرچوو، دوو مانگ و نیو لە ژووری زیندانی سێدارە زیندانی بووم، خۆشبەختانە لێبووردنی گشتی بەسەردا هات و ئازادکرام و کردیانم بەسەرباز، پاش ماوەیەك لە ساڵی ١٩٨٩ تفەنگێکی حکومەتم ڕفاند و بوومەوە پێشمەرگە و پەیوەندیم بە پارتیزانەکانەوە کرد، کە شەهید ئاواتە ڕەش و هەڤاڵ چەتۆی برای شەهید دکتۆر هادی پارتیزان بوون.

لە ماوەی پارتیزانی بە ڕۆژ لە کونەتەیارە و ئەشکەوتەکاندا دەژیاین، شەوان دەڕۆشتینە ناو چەمچەماڵ، کە ماڵی برایەکم لەوێ بوو، خواردنیان پێ دەداین، دواتر هێزێکی پارتیزانی چووینە شاخی پیرەمەگروون کە هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی لەوێ بوو، لەوێ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا جیهازی بۆ کردین و داوای کرد من بچمەوە ناو شار، گوتم من تفەنگم ڕفاندووە چۆن بچمەوە، ئیدی تا ڕاپەڕین بەردەوام بووین لە ڕاپەڕیندا دوای ڕانیە ئێمە لە پیرەمەگروونەوە دەستمان پێکرد و چووینە بازیان دواتر بۆ چەمچەماڵ، ماوەیەکی لە چەمچەماڵ ماینەوە، تا ملازم عومەر هات و سەرپەرشتی هێزەکانی لە ئەستۆ گرت، لەوێ بووینە دوو هێز، هێزێك کە هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر سەرپەرشتی دەکرد بۆ قۆڵی شوان، بەشەکەی دیکە شێخ کەریم سەرپەرشتی دەکرد من لەم هێزەدا بووم بۆ قۆڵی قادرکەرەم، ئیدی پێکەوە چووینە ناو کەرکوکەوە ئێمە لە گەڕەکی ڕەحیمئاواوە ئەوانیش لە قادسیەوە، گەیشتینە لای خاسە دوو هێرشمان کرد، بەڵام بەرگری کرا، چەکی ئەوان باشتر بوو، لە گەڕەکاندا شەڕ دەستی پێکردبوو، یەکێك لەوانەی کە سەرپەرشتی شەڕی گەڕەکەکانی دەکرد جەمال قەسابی برام بوو لەگەڵ هەڤاڵ شێرزاد و غازی کەرکوکی و کۆسرەت ئاغجەلەری بوون، لە گەڕەکاندا لە گەڕەکەکاندا حکومەت لە ناو مەکتەبەکاندا ڕەبایەی دانابوو دوای شکانی ئەوانە و دەستگرتن بەسەر چەکەکانیاندا حکومەت شکا، ڕێگاش بۆ ئێمە کرایەوە.

کاتژمێر سێ بۆ ئیمام قاسم و ئازادی پەڕینەوە و شەڕ بەردەوام بوو، بەڵام هێزی حکومەت لەو ناوچانە نەمابوو، تەنها باروتخانە مابوو، لە ناکاو بینیمان هێزێکی گەورەی

پیادەی حکومەت بەرەو ڕوومان دێن، لە ڕاستیدا چرکەساتێکی زۆر ناخۆش بوو چونکە لە چاو ئێمە زۆر بوون، ئێمە جگە لە چەند پێشمەرگەیەك زۆرینەمان خۆبەخش بوون، واپێشبینیمان کرد ناتوانین ئەو هێزە بشکێنین کە نزیکبوونەوە ڕوون بووەوە کە ئەو هێزە بۆ خۆڕادەستکردن هاتوون و چەکیان پێ نییە.

دواتر شکاین و قۆناغ بە قۆناغ کشاینەوە تا چەمچەماڵ و سلێمانی و تا گەیشتینە قەلاچوالان، ساڵی ١٩٩٢ من هاتمەوە سلێمانی و بووم بە ڕابەر سیاسی فەرماندەیی، داوایان لێکردم ببم بە دکتۆری قیادەی ناوچەی کەرکوك، بەلام قایل نەبووم، گوتم ئەوە پسپۆڕی من نییە، ئەگەر من بچمە سەر نەشتەرگەرییەك و چوار دکتۆری لەسەر بێت و بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن، منیش سەرپەرشتیاریان بم و خۆم بە دکتۆر بزانم و لێیان تێنەگەم شتی وا دەبێت؟ بۆیە ئەوە ناکەم، دواتر لە کۆمیتەی ئاوارەکان بووم بە ئەندامی کۆمیتە، بووم بە لێپرسراوی عەسکەری کۆمیتە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ پ.د.ك بڕیارماندا لە دوو قۆڵەوە هێرش بکەینە سەر حکومەت ئێمە بۆ سەر کەرکوك ئەوانیش بۆ سەر موسڵ، ئەوەبوو دەستمان بە هێرش کرد و تا سنووری قەرەهەنجیرمان پاککردەوە و چەندین شەهید و بریندارماندا، بەلام هێزی پ.د.ك لە شوێنی خۆی نەجوولابوو، ناچار ئێمەش کشاینەوە، دواتر چوومەوە سەر هێزەکانی فەرماندەیی.

دواتر لە ساڵی ١٩٩٧ خانەشین کرام، بەلام لە سنووری کەرکوك سەرقاڵی ڕێکخستن بووم، لەگەڵ سەعید عەسکەریی پەیوەندییمان بە هەڤاڵ سیروانی کوێخا نەجمەوە هەبوو، تا بەشداری پرۆسەی ئازادیمان کرد، پێش پرۆسەی ئازادی لە کۆبوونەوەیەکدا بە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفام گوت پێشنیار دەکەم ئێمە تا سەر چیای حەمرین بڕۆین، شەوێك پێش پرۆسە لەگەڵ نۆ کەسدا بە ڕێگای خاسەدا بە کۆچەك و یاروەلیدا چووینە کەرکوکەوە، دواتر خەڵك ڕاپەڕی و پێشمەرگە گەیشت و کەرکوك ئازادکرایەوە، بەوشێوازە بەردەوام بووم و پەیوەندیم بە مەڵبەندی کەرکوکەوە کرد و تا ئێستا بەردەوامم، لە ڕووی

کۆمەڵایەتییەوە ساڵی ١٩٩١ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا و باوکی هەشت منداڵم، پێنج کچ و سێ کوڕ(٣٤).

(٣٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. جەلال نادر قادر ڕەسووڵ (د. ئارام)، کەرکوک/ ١٣/ ٢٠٢٢/١٠.

# جەلیل ئیبراهیم مەحموود موتڵەگ (دکتۆر جەلیل)

لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری بەغداد لە دایکبووم، سەر بە (عەشیرەتی زوهێری)ین، کە عەشیرەتێکی ناسراوی عەرەبە، باوکم لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی بەغداد کاری دەکرد، دۆخی دارایی خێزانەکەمان باش نەبوو، لە لاوێتیمدا لە ڕێکخستنەکانی چەپدا کارم دەکرد، کە هەندێکیان سەر بە حیزبی شیوعی بوون.

لە منداڵییەوە خوێندنەوە خولیام بووە، هەر ئەوەش وای کرد زۆر شتم پێ قبوڵ نەکرێ، چونکە بەڕاستی خوێندنەوە ئەوە فێری مرۆڤ دەکات، ئایدۆلۆژیا مرۆڤ وابەستەی خۆی دەکات، بە جۆرێك بواری ڕەخنە بۆ ناهێڵێتەوە دەبێت هەموو شتێکی ئەو باوەڕە قبوڵ بکەیت، ساڵی ١٩٧٤ سەرقاڵی خوێندنەوەی پەرتووکێکی لینین بووم، وەك خوویەکی هەمیشەییم تێبینییەکانی خۆم لەسەر هەر پەرتووکێك دەنووسم کە دەیخوێنمەوە، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو پەرتووکەدا سەرقاڵی نووسینی تێبینی خۆم بووم لەسەری، بەرپرسێکی حیزبی شیوعیم بینی، لێی پرسیم ئەوە چی دەکەی؟ گوتم تێبینی خۆم لەسەر ئەم پەرتووکە دەنووسم، بە سەرسەڕمان و توانجەوە گوتی واتە تۆ تێبینی لەسەر پەرتووکی لینین دەنووسی! گوتم یۆ کاکە لینین چییە و من چیم! ئیدی ئەو وتەیەی منی زۆر لا ناخۆش بوو، ئەو کات و ئێستاش هیچ کەس لە خۆم بە گەورەتر نازانم چونکە مرۆڤەکان جیاوازییان نییە.

ساڵی ١٩٧٣ لە پەیمانگای تەندروستی بەغداد وەرگیرام و لە ساڵی ١٩٧٦ تەواوم کرد، ماوەکە سێ ساڵ بوو پێیان دەگوت دیبلۆمی باڵا، دواتر لە هەولێر دامەزرام، بەهۆی ئەوەی بەعسی نەبووم بۆ ڕەواندز گوازرامەوە، لە لایەن حکومەتەوە چاودێری بەردەوامم لەسەر بوو، هەرچەندە لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ حیزبی شیوعیدا نەمابوو، پاشان ماوەیەك لە ماوەی سەربازییدا خزمەتم کرد، بەڵام هەر تۆمەتی چەپبوونم لەسەر بوو، ژمارەیەك هاوڕێم کە سەر بە ڕەوتی چەپ بوون دەستگیرکرابوون، ڕۆژێك لەلایەن هاوڕێیەکمەوە ئاگادارکرام کە زانیاری زۆر مەترسیدارم لەسەر هاتووە، بۆیە داوای لێکردم

پێش ئەوەی سبەی بانگ بکرێم، هەرچی زووە ئەرکەکەم جێبهێڵم و هەڵبێم، منیش هەر وام کرد و خۆم گەیاندە هەولێر.

لە ساڵی ١٩٨٣ حکومەت زۆری بۆ هێنام، لە هەولێر پەیوەندیم بە هەڤاڵانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، ، ئیدی لە ڕێگەی هەڤاڵانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کە لە هیران و نازەنین بوون، بووم بە پێشمەرگە، هەرچەندە لە قورسی ژیانی پێشمەرگایەتی ئاگاداریان کردمەوە، بەڵام من هەر سوور بووم لەسەر بڕیارەکەم، چونکە لە بەعسی بوون و سەربازیی کردن لە بەرەکانی شەڕی عێراق – ئێران و چاودێری کردن باشتر بوو لەلام، بەو هەڤاڵەم گوت هەڵمژینی هەوای سەربەستی لەو شاخانە بۆ من هەموو شتێکە، بۆیە ئەوپەڕی گوللەیەکم بەر دەکەوێت ئەویش دەبێت بە شانازی بۆم، بۆیە لێرە هەست بە دڵنیایی دەکەم، نامەیەکیان وەکو پشتگیری پێدام کە پێمان دەگوت نوشتەو چونکە شێوەی لە نوشتە دەچوو – نامەکە قەد دەکرا و لە ناو کاغەزێکی دیکە دادەنرا و بە تیپ دەپێچرایەوە- هەروەها هەڤاڵێکیان لەگەڵ ناردم بۆ بالیسان و ڕادەستی دکتۆر زریانی کردم، منیش نامەکەم پێدا، پاش خوێندنەوەی پێشوازی گەرمی لێکردم.

لێرەدا دەمەوێت دوو ڕاستیی دووپات بکەمەوە یەکەم هەبوونی کادیری پزیشکی لە ناو هێزی پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکان گرنگییەکی زۆری بۆ پێشمەرگە و هاووڵاتیان هەبوو، چونکە ئەو ناوچە ئازادکراوانە بەردەوام لەبەر هێرشی تۆپباران و بۆمبارانددا بوون، ئەمەش دەبووە هۆی برینداربوون، هەروەها بوونی نەخۆشی لەو ناوچانەدا، کە بە ئەستەم دەیانتوانی بگەنە شار، بۆیە ئێمە بەو توانا کەمەی هەمان بوو وەك کادیری پزیشکی جێگەی ئومێد و دڵنیایی بووین بۆ خەڵکی ناوچەکە، دەیان زانی پزیشکێك هەیە دەتوانێت ڕزگاریان بکات، دووەم کادیرانی پزیشکی هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان گوندنشینان و پێشمەرگەدا نەکردووە، هەر لە چارەسەری نەخۆشی و برینداری هەتا ئەنجامدانی نەشتەرگەریش، بۆیە ئەمە سەروەرییە لە مێژووی شۆڕشدا.

جاری وا هەبووە، بریندار و نەخۆشی گوندنشینان هەبووە، خۆمان چووینە بۆ لای نەخۆشەکە، چونکە لە دونیا دابڕابوون، هەروەها ئێمە بە پێی پێویست بەشداری

شەڕەکانمان دەکرد، هەرچەندە بە گشتی ڕێگەیان نەدەدا کادیری پزیشکی بچێتە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکان، هەر کەسێکیش بریندار بووایە دەست بەجێ دەگەیشتینە سەری، لە شەڕێکدا کە هەڤاڵ سابیر ڕەسووڵ سەرپەرشتی دەکرد کە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەند بوو لە گوندێکی دەشتی بتوێن، هەواڵ هات یاریدەدەری فەرماندەیی فیرقەیەکی سوپای بەعس چووتە ئەو گوندە، کاتەکەی زستان بوو، باران دەباری، لەو دەشتەی بتوێن کە باران دەباری قوڕ هەتا ئەژنۆمان دەهات، پێشمەرگە چواردەوری گوندەکەی گرت، شەڕ دەستی پێ کرد، برینداریکیان بۆ هێنام، لە پاڵ دیوارێك تەداویم بۆ کرد، هاوکات پێشمەرگەیەکی دیکەش قاچی بریندار بوو چارەسەرم کرد، لەو شەڕەدا ئەو بەرپرسە و پاسەوانەکانی و چەند جاشێك کە پەیوەندییان لەگەڵی هەبوو کوژران، ئیدی لە چوارقوڕنەوە دەبابە هات، ئێمەش کشاینەوە، من کۆڵەپشتی دەرمان و تفەنگ و شەش مەخزەنی خۆم و هی بریندارەکە و برینداره‌شم پێ بوو، قوڕیش بوو، بەو جۆرە وردە وردە دەکشامەوە، بە دۆشکەش تەقەمان لێ دەکرا، تا گەیشتینە ڕووبارەکە و پەڕینەوە، ئیدی بە تۆپ بۆردومانی کردین، تا لە بەرزییەك سەرکەوتین و چووین بەو دیودا ئینجا مەترسی لەسەرمان نەما و ڕزگارمان بوو، لەو دیویش تراکتۆرەکان چاوەڕێیان دەکردین و ڕۆیشتین بۆ بالیسان.

ئێمە لە دۆڵی بالیسان و دەوروبەرییەوە چوار کەس بانگکراین بۆ بەشداری لە خولی کیمیایی ئەوانیش دکتۆر هیمداد و دکتۆر کارووخ و دکتۆر ئاری و بەندە بووین، زۆرینەی پزیشك و کادیران لە شاخ بە ناوی خوازراو و نازناو بانگ دەکران، من ناوم بۆ خۆم دانەنا، چونکە خەڵك وای دەزانی جەلیل خۆی نازناوە، بۆیە لە کاتی پرسیارکردن لە ناوە ڕاستییەکەم هیچ ناوێکی دیکە بوونی نەبوو، واتە ڕاستەوخۆ من ناوەکەم ون دەبوو، بە لێکدانەوەی من ئەوە باشتر بوو بۆ من، چونکە کەس وەڵامی بۆ ناوەکەی من دەست نەدەکەوت، لە کاتێکدا ئەوانەی نازناویان هەبوو کە بە زۆری ناوێکی کوردی پەرتییان دادەنا و دەبوون بە شوێنی گومان لە کاتی پرسیارکردنیش لە ڕاستی ناوەکانیان، گران نەبوو ناوە ڕاستییەکەیان ئاشکرا ببێت.

لە گوندی فەقێیانی پشتی ڕەزاندز هاوڵاتییەك هات بە تەمەن بوو، گوتی نەخۆشم ناوێرم بچمە نەخۆشخانەی شارەکان، گوتم نەخۆشییەکەت چییە گوتی کە بە مەبەستی

سەرئاوکردن دادەنیشم خوێنم لەبەر دەڕوات، دکتۆر زریان و دکتۆر مازن لەوێ بوون، ئیدی دکتۆر زریان پشکنینی بۆ کرد و زانی کە مەیاسیری هەیە، پێی گوتم پەرتووکی تۆماری زانیاریم هەیە دەڵێی چی نەشتەرگەریی بۆ بکەین؟ بە پێی پەرتووکەکە دەڕۆین هەروەها ئێمە سێ کەسین هەرچۆنێك بێت کۆنترۆڵی دەکەین، گوتم باشە، هەروەها لەشەڕی پێتواتە کۆمەڵێك دەرمانی باشمان دەستکەوت بوو، من بووم بە پزیشکی سڕکەر، دکتۆر زریانیش نەشتەرگەری دەست پێکرد و دکتۆر مازنیش بوو بە یاریدەدەرمان، دارێکی دوولقمان هێنا و بە هەردوو قاچییەوە بەستمان، دەستمان پێکرد و نەشتەرگەریمان بۆ کرد و بە دەزووی گۆشتی دووریمانەوە و ڕزگارمان کرد.

دوای گرتنی بێتواتە کە چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی پزیشکی زۆرمان دەستکەوت، یەك لەوانە میکرسکۆبێکی بچوك بوو کە پێویستی بە کارەبا نەبوو، ئاوێنە بوو، بۆ پشکنین بەکاردەهات، من ئەوەم هەڵگرت، ڕۆژێك لە توتمێ پێشمەرگەیەك پێویستی بە خوێن بوو، دۆخی زۆر خراپ بوو، من پشکنینی جیناتم دەکرد، بۆ ئەویشم کرد، کە بریتییە لە بەراوردکردنی خوێنەکان بەو میکرسکۆبە ئەنجاممدا، ئەم کارە لە تاقیگە و نەخۆشخانە دەکرێت، بەڵام من بەو کەرەستە سادانەوە ئەنجامم دەدا، لە ژوورێکی سادەی گوندێك ئەستەمە.

هەرچی پەیوەندیارە بە سێتی دانکێشانەوە نیو سێتمان هەبوو، ئەو کاتەی لە ڕەزانەدز فەرمانبەر بووم فێری شێوازی سڕکردن بووم، هەروەها لە کاتی سەربازی لە پزیشکێکی سەربازیمان هەبوو سوودم لەو وەرگرتبوو، چونکە نۆرینەگی تەواوی هەبوو، منیش تاقیگەم هەبوو، ڕۆژێك گوتم من کارم کەمە، ئەگەر دەتەوێت یارمەتیت دەدەم، گوتی دەتوانی؟ گوتم بەڵێ، گوتی وەرە ئەو نەخۆشە سڕبکە، منیش لە سێ لاوە بۆیم کرد، کە ئەوەی بینی دڵنیابووەوە کە دەزانم، ددانی نەخۆشەکەشم هەڵکێشا، کە ئەوەی بینی، گوتی نەخۆشی پلەی نەقیب بەرەو خوار بۆ تۆ، نەقیب بەرەو سەر بانگم بکە، هەروەها لە بالیسان سوودم لە ئەزموونی دکتۆر زریانیش وەرگرت، ئیدی بە درێژایی ئەو ساڵانە هەتا ١٩٨٨ ڕەنگە دوو تا سێ هەزار حەڵەتی ددانم بە هەموو جۆرەکانیی نەخۆشییەوە چارەسەر کردبێت.

ئەو کاتەی بارەگامان لە دۆڵەکۆگە بوو، شوێنێکی زۆر سەخت بوو، لە خوارووی ئێمە بارەگای حیزبی شیوعی هەبوو پزیشکیان لەگەڵ بوو، کەرەستەی تەواوی ددان هەڵکێشانی هەبوو، پێشمەرگەیەکی تیپی ٥١ی گەرمیان هات گوتی ددانم زۆر ئازاری هەیە، چوومە بۆ لای دکتۆرەکەی حیزبی شیوعی  بۆی دەرنەهاتووە، پێی گوتوم بۆم دەرنایات، بچۆ سەرەوە بۆ لای دکتۆرەکەی خۆتان ئیدی هات بۆ لام بەنجم لێدا، بینیم کاکیلەی شکاوە، بە چەند کەرەستەیەکی سادە کە یەك لەوانە دەرنەفیز بوو ددانیم بۆ هەڵکێشا.

لە ڕووداوێکی دیکەدا برینداریکی زۆر مەترسیدارمان هەبوو، بەناوی هەڤاڵ نەجمەدین فەرماندەی کەرت بوو، ساچمە بەر نێوچەوانی کەوتبوو شکاندبووی چوو بووە ناو سەرییەوە، نزیکی مێشکی بووبووەوە، ڕاستی دکتۆر زریان چارەسەری کرد منیش یارمەتیم دەدا، دکتۆر زریان توانی چەند پارەچەیەکی ورز لە ناو سەری دەربهێنێت، بەڵام پارچەیەکی گەورە هەر مابوو لە سەریدا، ئیدی ڕۆژانە بە گۆز چارەسەرمان بۆ دەکرد، دواتر مەنجەڵی ئاوی گەرممان دادەنا و بە هەڵم پاکمان دەکردەوە، دوو هەفتە لای ئێمە مایەوە و دڵنیابووین دۆخی باشە ئینجا پێستەکەیمان بۆ دوورییەوە، دواتر لە دانوستان چوو بووە ناو شار لە نەخۆشخانەکان پێیان گوتووبوو ئەوەی بۆ تۆ کراوە، ئێمەش بووینایە هەر ئەوەندەمان بۆ دەکرا.

پێشمەرگەیەکی دیکەمان هەبوو بەناوی هەڤاڵ مەلا ئاراس فەرماندەیی کەرت بوو، لە سنووری کەرکوك، هەموو گیانی پارچە و ساچمە بوو، بۆ گاڵتە پێمان دەگوت ئەگەر موگناتیش بهێنین دەتگرێ، لە ١٩٨٧/٤/١٦ من لە ناو گوندی بالیسان بووم، هەواڵمان بۆ هات حکومەت کیمیایی لە گوندەکان دەدات، ئێوارە پێشمەرگەیەکمان هەبوو بە ناوی هەڤاڵ مەحموود خێزانێکی گەورەی هەبوو، ماڵی هێنابوو بۆ بالیسان و لەوێ دوکانی دانابوو، من لە ماڵێك بانگهێشتی خواردنی یاپراغ کرابووم، دوای نان خواردن، دەنگی فڕۆکە هات، دوو جار بۆردومانی کردین، بەس دەنگی تەقینەوەکە زۆر کەم بوو، کە هاتینە دەرەوە هەر دووکەڵ بوو، یەکسەر گوتم ئەوە کیمیاییە، هاوکات بە خراپتر لە شێخ وەسنانی دابوو، هاوارمان کرد خەڵك بچێتە سەر شاخ، مانگی چوار بوو، کەشەکە سارد بوو، ئیدی وردە وردە کاریگەری لەسەر من دەرکەوت، هەم لە ڕێی هەڵمژینی گازەکەوە، هەم لە کاتی چارەسەرکردنی

برینداره‌کان کاریگه‌ریی له‌سه‌رم دانابوو، له‌وێ ده‌ستم کرد به‌ سووتاندنی شوێنی لاپاڵمه‌کان، که‌ نزیکه‌ی ٥٠ شوێنی لاپاڵم بوو سووتانم، چونکه‌ کاریگه‌رییه‌که‌ی هه‌ر مابوو، هاوکات به‌دله‌ و ده‌مامکم پێ بوو، زۆر ماندووی کردم و کیمیاییه‌که‌ زۆری بۆ هێنام و که‌وتم، هه‌ر خۆم بووم که‌وتمه‌ چاڵێکه‌وه‌ هێنده‌ی نه‌مابوو له‌ هۆش خۆم بچم ده‌ست بۆ کۆڵه‌پشته‌که‌م برد و چوارده‌ ده‌رزی دژه‌ کیمیاییم له‌ خۆم دا، چونکه‌ من خولی خۆپارستن و چاره‌سه‌رکردنم بینی بوو، له‌م ساڵانه‌ی دواییدا ئه‌و ڕووداوانه‌ی به‌ چاوی خۆم بینی بووم له‌و کیمیاباران کردنه‌ له‌ چوارچێوه‌ی په‌رتووکێکدا وه‌ك شاهیدحاڵ چاپم کرد(٣٥).

له‌ ١٩٨٣ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ له‌وێ مامه‌وه‌، دواتر چووم بۆ ناوچه‌ی شێنێ و زه‌ڵێ و نه‌خۆشختنه‌ی قوڵه‌هه‌رمێ، که‌ دکتۆر سه‌ردار و دکتۆر هه‌ندرێنی لێ بوو، به‌ نۆره‌ ده‌چووین بۆ دۆڵه‌کۆگه‌، که‌ نزیکه‌ی شه‌ش کاتژمێر به‌ پێ به‌سه‌ریدا سه‌رده‌که‌وتین، ده‌بوو زستان پێش بارینی به‌فر خواردنی پێویستت کۆکردبێته‌وه‌، ئه‌گینا له‌گه‌ڵ یه‌که‌م بارینی به‌فر ڕێگه‌ داده‌خرێت، هاوکات شوێنی ڕه‌نووی به‌فری لێیه‌ زۆر مه‌ترسیداره‌، ئه‌گه‌ر هاتوچۆت بکه‌وێته‌ تاریکایی ناتوانی ڕێگه‌ببڕی، چونکه‌ زوقم ناهێڵێت بڕۆیت، تا هاتنی ئه‌نفال، ئیدی خێزانه‌که‌م هێنا و چووین بۆ ئێران و له‌ شاری نه‌غه‌ده‌ گیرسامه‌وه‌، له‌وێ له‌لایه‌ن ده‌زگای ته‌ندروستی کوردستانه‌وه‌ دڵیان شکاندم، دکتۆر هێمن گوتی تۆ که‌سێکی باشی خه‌ڵکی تۆیان خۆش ده‌وێ گوێ به‌و قسانه‌ مه‌ده‌، به‌شێکی خه‌ڵکی ئاواره‌ی باشوور له‌ ڕۆژهه‌ڵات له‌ گوندی نه‌ڵاس کۆبوونه‌وه‌، پزیشکیان نه‌بوو داوایان لێکردم ببم به‌ پزیشکی ئه‌وان و له‌ ژوورێکدا ده‌ستم کرد به‌ کاری ته‌ندروستی.

ڕۆژێك له‌و گونده‌ ئافره‌تێك هات بۆ لام، منداڵێکی پێ بوو، گوتم فه‌رموو، گوتی بیستوومه‌ دکتۆرێکی تازه‌ هاتووه‌، ئه‌م منداڵه‌م پێیه‌، له‌ نه‌خۆشخانه‌ی ڕه‌زائییه‌ ئیزنیان داوم گوتوویانه‌ ده‌مرێت، ئێستا منداڵه‌که‌م ته‌نگه‌نه‌فه‌سه‌، گوتم دایه‌ ئه‌و منداڵه‌ ته‌نگه‌نه‌فه‌س

---

(٣٥)– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه‌: د. جليل البصري، باليسان وشيخ وسانان أول جريمة كيمياويية في كردستان خطوة على طريق جينوسايد الكرد شهادات حية، مطبعة كارو، ٢٠١٣.

نییە ئەوە گیان دەدات، دەرزییەکم دەرکرد، چارەکە دەرزییەکم لێدا، گوتم کاتژمێرێك بوەستە چارەکێکی دیکەی لێ دەدەم، ئیدی هەر کاتژمێرە و چارەکێکم بۆ دەکرد، دەرزییەکە ئەنتی باپۆتیك بوو، هەم هەوکردنی کەم دەکردەوە هەم لێدانی دڵی ئاسایی دەکردەوە، چونکە لێدانی دڵی ئەو منداڵە هێندە خێرا بوو ئاسایی نەبوو، کاتی نانخواردن هات، ویستم بڕۆم، ژنەکە هاتە ژوورەوە گوتی دکتۆر مناڵەکەم باش بووە، گوتم بڕۆ فلان شیر و فلان دەرمانی بۆ بکڕە و بەردەوام بە لەسەری تا دەیبینمەوە، ئیدی تا دوو مانگ نەهاتەوە، ڕۆژێك ئەو ئافرەتە لە ناکاو بە منداڵەکەیەوە خۆی کرد بە ژووردا گوتی: **"دکتۆر ئەوە منداڵەکەی تۆیە"**(٣٦).

لە گوندی نەلاسەوە چووینە کۆمەڵگەی پیرشێخ لەوێ دوو چادرم هەڵدا، یەك بۆ منداڵەکانم، یەك وەك نۆرینگە بۆ چارەسەری نەخۆش، دواتر چوومە نەغەدە و لەوێ دەستم بە کاری تەندروستی سەربەخۆ کرد، لە ئێران وەکالەی لقی غازی ناوچەیەکم هەبوو سوودێکی دارایی باشم لێ بینی، هەروەها لە نەغەدە نۆرینگەیەکم هەبوو سوودی دارایی زۆر باشی هەبوو، لە ڕاپەڕینیش هاتمەوە باشوور، لە کۆڕەو دووبارە چوومەوە ئێران، دواتر گەڕامەوە باشوور و تا ٣١/ئابی ١٩٩٦ لە هەولێر بووم، دواتر چوومە سلێمانی.

من پێشمەرگەی دانەبڕاوم هەتا کۆتایی ئەنفال مامەوە، ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانم و دانەبڕاوم، مەدالیای پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی هەڤاڵ مام جەلالم هەیە، ناسنامەی کۆمەڵەکەشم هەیە، ساڵی ٢٠٠٣ کۆلێژی بازرگانی بەشی ئابووریم تەواوکرد، دواتر ماجستێرم لە ساڵی ٢٠١٢ تەواوکرد و دکتۆرام لە ساڵی ٢٠١٥ لە هەمان بوار لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بەدەستهێناوە، ئەندامم لە یەکێتی نووسەرانی عێراق، ئێستا ٢١ پەرتووکی چاپکراوم هەیە و ٦ پەرتووکی دیکەم ئامادەن بۆ چاپ، زۆرینەیان لە بواری ئابووری و وێژە و ڕەخنەگرییدایە، دووانیان ڕۆمانن و سێ کۆمەڵە چیرۆکی کورتم هەیە، لە ژیانمدا دوو جار هاوسەرگیریم کردووە، یەکەم لە ساڵی ١٩٨٤ و دووەم و لە ساڵی ٢٠٠٤، ئیدی نازانم لە ٢٠٢٤

(٣٦)- دکتۆر جەلیل بە گریانەوە ڕووداوی هاتنەوەی ئەو ژنەی گێڕایەوە، کە منداڵەکەی لە مردن ڕزگار کردبوو.

خولی سێیەمی هاوسەرگیری دەبینم یان نا، چونکە وەك باس دەکرێ هەر بیست ساڵ جارێك کاتیەتی[٣٧].

[٣٧]– چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل ئیبراهیم مەحموود (د. جەلیل)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٨.

# جەمال عوسمان عەبدوڵلا ئیسماعیل (دکتۆر وەسمان)

ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی مهێدی سەر بە قەراج لەدایکبووم، ساڵی ١٩٧٠ چوومە بەر خوێندن، قۆناغەکانی خوێندنم لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ چوومە پەیمانگای تەندروستی کەرکوك و ساڵی ١٩٨٥ تەواوم کردووە، من دایکی خۆم نەبینیوە، باوکیشم هەر زوو کۆچی دوایی کردووە، برا و براژنەکانم زۆر پشتیوانم بوون، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) کرد و لە ڕێگەی کوڕێکی خاڵم پەیوەندیم بە شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود کرد، هەروەها هەڤاڵ سەلیم ڕەشیدم لەگەڵ بوو، لە ساڵی ١٩٨١ ئاشکرابووین و هەڤاڵ جەمیل و هەڤاڵ تەحسین و چەند هەڤاڵێك لە سێدارەدران و ئێمەش بۆ ماوەیەك خۆمان شاردەوە، شایەنی باسە باوکی هەڤاڵ جەمیل لە ڕێکخستنە دێرینەکانی (پ.د.ك) بوو، لە پەنجاکاندا چووتە نێو کاری حیزبی و دواتر بووە بە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی یاخوود (جەلالی) واتە شەهادەی جەلالییەتی وەرگرتبوو کە پلەیەکی بەرزبوو.

پێشتریش ویستم بچمە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام لەسەر پێشنیاری ڕێکخستنەکان و کەسوکارم خوێندنم تەواوکرد، دوای تەواوکردنی خوێندن بڕیاری بوون بە پێشمەرگایەتیم دا، ئێمە سەر بە ڕێکخستنەکانی مەڵبەند بووین لە ڕێگەی برایەکمەوە کە شارەزای ناوچەکە بوو، دواتر لە ڕێگەی حاجی ڕەسووڵ چوومە گوندی خەتێ کە نەخۆشخانەی شۆڕشی لێ بوو لەوێوە چوومە مەڵبەند لەوکاتەدا هەڤاڵ شوان قەشقەیی لێ بوو، گوتم لە ڕێکخستنەکەوە هاتووم یاریدەدەری پزیشکیم چ شوێنێك پێویستی بە دکتۆرە دەچمە ئەوێ، ئەو کاتە دکتۆر هیوا لە تیپی ١٩ی کۆڕەك بوو بەهۆی ئەوەی بۆ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی گواستبووەوە و منیش چوومە شوێنی ئەو، بەوجۆرە لە ساڵی ١٩٨٥ چوومە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە، هەروەها هەڤاڵ ئازاد ئاکۆییم لەگەڵ بوو هەندێکجار کاری برینداپێچی دەکرد، سنوورەی ئێمە سەر بە مەڵبەندی سێ بوو لە بناری کۆڕەك واتە لە دۆڵی بالیسان و دۆڵی ئاکۆیان، لە ڕێگەی برایەکمەوە کە لە شاخ بە دکتۆر بانگ دەکراین و چەندین برینداری مەترسیداری

پێشمەرگەم چارەسەرکردووە، ئێستاش وێنەی کاتی چارەسەرکردنی برینداری پێشمەرگەم ماوە.

تیپەکەی ئێمە بارەگای سەرەکی لە گوندی بناوێ بوو، هەڤاڵ عەبدوڵلا بۆر سەرتیپ بوو، هەڤاڵ حسێن جێگری تیپ بوو، هەڤالان جەمال هەروتی و مام شوان و مام قاسم فەرماندەی کەرت بوون، هەڤاڵ مەلا بایز لێپرسراوی کارگێڕی بوو، دکتۆر هیوا هەم دکتۆری تیپ بوو هەم ڕابەری سیاسی بوو، بەڵام ئەو گواسترایەوە دواتر هەڤاڵ سلاح بووە ڕابەر سیاسی، مامۆستا سەیفەدین لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، دکتۆر ڕێبین و هەڤاڵ شاسوار کادیری کۆمەڵە بوون، پاشان من و هەڤاڵ مەهداوی کراین بە کادیری کۆمەڵە، هەڤاڵ ئەزوەر لێپرسراوی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بوو، ٨٠٪ی کادیرەکان سەر بە کۆمەڵە بوون، ٢٠٪ی سەر بە یەکێتیی شۆڕشگێڕان بوون، سنووری تیپەکەمان لە گوندی خەتێ دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە خەلیفان، لە پشتی هەریر و باتاس و دەشتی هەریری سەر بە ئێمە بوو کەپکی حەمەد ئاغا بارەگای ئێمەی لێ بوو.

لە ساڵی ١٩٨٦ لە چالاکییەکدا ویستمان لە بناری کۆڕەك دەست بگرین بەسەر بارەگای سریەیەکی حکومەتی بەعسدا، تیپەکانی دەشتی هەولێر و قەرەچووغ و سەفین هاتبوون، دەستمان بەسەر بارەگای سریەکەدا گرت کە سێ دەبابەی تێدابوو، لێرەدا ئازایەتییەکی هەڤاڵ عەبدوڵلا بۆر دەگێڕمەوە لە کاتی هێرشەکەدا لە دەبابەیەکەوە تۆپێکمان پێوەنرا و بە دۆشکەش دەستڕێژی لێ دەکرین، هەڤاڵ عەبدوڵلا بۆر خۆی هێرشی برد و خۆی گەیاندە ژێر دەبابەکە و پاشان چووە سەر زنجیری دەبابەکە و سەری هەڵدایەوە و بە کلاشینکۆف دەستڕێژی لەناو دەبابەکە کرد و گولەکانی ناوی تەقییەوە و دووکەڵ و ئاگری لێ بەرزەوە بوو، هەڤاڵ عەبدوڵلا بۆری لە سەر دەبابەکەوە فڕێدایە خوارەوە و هەتا جەمەدانییەکەی سەری سووتا و دەموچاوی هەڵکڕوزا، دواتر دوو دەبابەکەمان بە RBG تەقاندەوە، لەوێ چەند پێشمەرگەیەك بریندار بوون و هاوکات برینداری جاش و سەبازیش بوونی هەبوو، هەر سێکیانم بێ جیاوازی پێکەوە تەداوی دەکرد، بۆ برینندارەکان چاکبوونەوە، ماوەیەك سەربازەکانمان لابوو کارمان پێدەکردن، سەربازێکیان وتی ئێمە بەشداریی شەڕی عێراق-ئێرانمان کردووە، بینیومە پاسداری ئێرانی گەیشتووە بە سەنگەرەکانمان، بەڵام هەرگیز

نەمبینیوە کەسێك بتوانێت دەست بەسەر دەبابەدا بگرێت و هێندە بە ئاسانی بتوانێت بیسوتێنێت و ئەوەی ئێوە کردتان هەرگیز نەمان بیستووە، هەڤاڵ عەبدوڵڵا بۆر زۆر دڵسۆزی پێشمەرگە بوو، خۆی لە پێشەوە دەڕۆیشت.

لە ڕووداوێدا کە چووین بۆ داستانی ڕزگاری من و هەڤاڵ عەبدوڵڵا بۆر و عوزێر فەقێیانی و و چوار پێشمەرگەی دیکە لە تیپەکەمان دابڕاین و بەهەڵە ڕێگەمان گرتە بەر، کاتێکمان زانی گەیشتینە ڕێگای باواجی، لەوێ هەم بازگە و هەم سەنگەری لێ بوو، هەم ترسی کەمین هەبوو، ڕێکەوتین بۆ کاتژمێرێك بوەستین نەبادا لەسەر ڕێگاکە کەمین دانرابێت، بێ ئەوەی داوا لە ئێمە بکات بچین ڕێگەکە تاقی بکەینەوە خۆی لەگەڵ هەڤاڵ عوزێر چوو ڕێگاکەی پشکنی، واتە خۆی دەبوو بە پێشڕەو، لە ڕووداوێکی دیکەدا من بریندار بووم لە ڕێگە چەکەکەم بۆ نەدەچوو، کەس چەکەکەی بۆ هەڵنەدەگرتم هەڤاڵ عەبدوڵڵا بۆر خۆی چەکەکەی تا سەر چیاکە بۆ هەڵگرتم، جگە لە چەکەکەی خۆی، هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگەکان گاڵتەی دەکرد، کەسێك بوو زۆر حەزی لە وەرزش بوو، هێزی جەستەی بێ وێنە بوو، زۆر بە ڕەوشت و داوێنپاك بوو، لە کاتی خواردنیشدا ئەگەر حەزی بە خواردنێك نەبووایە بێدەنگی هەڵدەبژارد و نانی وشکی دەخوارد، ئەگەر خواردن هەبووایە زۆری دەخوارد، ئەگەر خواردنیش کەم بووایە تەنانەت بۆ ماوەیەکی درێژیش بووایە نانی نەدەخوارد و بەبرسێتی دەمایەوە، لە ڕۆشتنیشدا ماندوو نەدەبوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا ساڵی ١٩٨٦ خۆم لە گوندی گرجان بریندار بووم، گوللە بەر ڕانم کەتوبوو، خۆم تەداویم کرد، هێندەی نەبرد دەبابە نزیك بووەوە، داوایان لێکردم، لە گوندەکە بچمە دەرەوە نەبادا بە برینداری دەست دوژمن بکەوم، بە برینداری خۆم گەیاندە گوندی خەتێ دکتۆر هەڤاڵ و دکتۆر زریانی لێ بوو، لەوێ نەشتەرگەرییان بۆ کردم و دکتۆر هەڤاڵ گوللەکەی لە ناو ڕانم دەرهێنا و ڕزگارم بوو، ماوەی هەفتەیەك لە نەخۆشخانە بووم و دواتر چوومەوە تیپەکەی خۆم.

من کوڵەپشتێکم پێ بوو، پێداویستی سەرەتایی نەخۆش و بریندارم پێ بوو وەك لەفاف و لۆکە و دەرزی و تیتۆڵ و هەندێك دەرزی خوێن وەستان و هەوکردن و تیتۆڵ و

ئارامکەرەوە و ڤیتامینات و مقەستی تێدابوو، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و گوندەکانەوە بۆمان دەهات، یان گوندنشینەکان لێیان زیاد دەبوو لێمان وەردەگرتن و بەکارمان دەهێن، ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی قزلوو بووین بۆ داستانی ڕزگاری دەچووین، فڕۆکە لێیداین، هەرچەندە ڕۆژی پێشتر لێی دابووین، بەڵام ڕۆژی دووەم ٤ پێشمەرگە بریندار بوون برینەکانیان سەخت بوون، خوێنمان پێویست بوو، بە هەڤاڵ عەبدوڵڵا بۆرم گوت فریایان ناکەوم، داوام کرد دکتۆرم بۆ بهێنن، من لە شەشی ئێوارە تا یازدەی شەو خەریك بووم تا دکتۆر حسێن، هات لەو گوندە منداڵێك بریندار بوو پێویستی بە خوێن بوو، لە مردندا بوو، دکتۆر حسێن کەرەستەی خوێن وەرگرتنی پێ بوو باش بوو فریای کەوت و نەیهێشت گیان لەدەست بدات، بۆ ڕۆژی دواتر ئەو چوار بریندارەم بە تەرەکتەر و وڵاخ گەیاندیانمە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، یەکێك لە بریندارەکان گوللە بەر سەری کەوتبوو تا ئێستاش ماوە و نیوە شەلەلە.

دوای داستانی ڕزگاری چووینە شەڕی هیران و نازەنین من لەوێ بریندار بووم و هەڤاڵ حسێن بندایزەیی گوللەیەك لە سینگی دا و هێندەی نەبرد لەبەر دەستم شەهید بوو، شەهید بوو، چەند بریندارێکی دیکەمان هەبوو، دواتر گەیشتینە دەشتی هەریر و پلانی هێرشی سەر هەریرمان دانا، بەڵام جاشەکان ڕێگەیان نەداین، لەو کاتە هیران ئازاد کرابوو، لە چالاکییەکی دیکەدا هەڤاڵ سەید ئیبراهیم خەڵکی بادینان بوو لەوێ بریندار بوو، توانیم چارەسەری بکەم و ڕزگاری بکەم، شەوێکی دیکە هێرشمان بردە سەر سەنگەرەکانی خوارووی هەریر لەوێ پێشمەرگەیەکمان بریندار بوو گوللەیەك لە ڕانیدا، لەوێ چارەسەرم کرد، خۆشم وەکو پێشمەرگە بەشداری هەموو شەڕەکان دەبووم، پێشنیاری ئەوە کرا بکرێم بە ڕابەری سیاسی.

ئێمە هەڵوێستی باشمان هەبوو بەرامبەر گوندنشینان، من کادیری کۆمەڵە بووم، داوا کرا بچمە ناو خەڵك و یارمەتی خەڵك بدەم و بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، ئەو سنوورەی من زۆرینەی خەڵکەکەی سەر بە خێڵی هەروتین، تا ئێستاش دەڵێن تۆ هەروتی و بە گاڵتەوە دەڵێن ئێمە ناسنامەی هەروتیمان پێت بەخشیوە، ڕۆژێك لە بارەگای هەڤاڵ حەسەن کوێستانی لەگەڵ هەڤاڵ شاخەوان عەباس و چەند فەرماندەیەك دانیشتبووین، کوڕێکیان لەگەڵ بوو لە ناکاو گوتیان مار پێوەی داوە، منیش چووم بینیم شوێنەکەی ڕەق بوو بوو،

چەندین جار شفرەم لێدا خوێنی لێ نەدەهات، هێورکەرەوەم بۆ کرد و بەستم دواتر خوێنەکەیم دەرکرد و ناردم بۆ نەخۆشخانەی خەتێ لەوێ چارەسەریان کردبوو، لە ڕێگاش کەوتبوو قاچێکی شکابوو.

لە کاتی کیمیایی ئاگرمان دەکردەوە و بەرکەوتووەکانمان دەکردە ئاوەوە، بۆ خۆپاراستنیش دەچووینە شوێنە بەرزەکان، ڕۆژێك لە گوندی بناوێ بووین سپێدە بوو لە ناکاو چەند فرۆکەیەك گەیشتنە سەرمان، ئێمەش چارمان نەما، لە ترسا خۆمان دا بە زەویدا، کیمیایی لێدادین، تەنانەت کیمیایی تێکەڵی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەش بووبوو، هەواڵمان بۆ هات لەو ڕووداوە لە ناحیەی خەلیفان نزیکەی هەزار کەس بەرکەوتووە و گەیەنراون بە نەخۆشخانە، دواتر هێزی ئەمنی حکومەت گەیشتبوونە سەر نەخۆشخانەکەی خەلیفان داوایان لە خەڵك کردبوو دەبێ بڵێن ئێران کیمیایی لێ داوین، ئینجا چارەسەرتان دەکەین، تا ئەو کاتەی زەیدی عومەر ئاغای سورچی خۆی لێ تووڕە کردبوون و گوتبووی ئێوە بە پێش چاوی خۆمانەوە واتان لەو خەڵکە کردووە و خۆتان کیمیاییتان لێ داون، هێشتا وایان پێدەڵێن و چارەسەریان ناکەن؟ ئیدی لەوەوە دەستبەرداری خەڵکەکە بوون، ئەو کیمیاییە لە سنووری خەتێ و بالیسان و شێخ وەسانانی دا، کاریگەریی خراپی کیمیایی ئەوەبوو بە هەواوە دەڕۆیشت و زیانی زۆرتر دەبوو.

لە ١٩٨٨/١/١٢ لە گوندی بناوێوە بەرەو سماقووڵی و دەشتی کۆیە و عەسکەر و تەلان و قەمچووغە بەڕێکەوتین، لەوێوە چووینە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو و سەرکردایەتی، لەو کاتەدا شەڕی سەری ڕەش ڕوویدا ئێمە بەهۆی دوورییەوە بەشداریمان نەکرد، دواتر چووینە گوندی مێولاکە، لە پشتی چیایی قزلەر و پیربایز بارەگامان دانا، لەو کاتە ئێران هێرشی کردبوو، لە نزیکی سەرگەڵوو نزیکەی ٣٠٠ سەد سەربازی عێراقیم بینی، هەموو دیل بوون، دۆخیان زۆر خراپ بوو.

ڕۆژێك لەسەر چیای پیربایز ئێشکگر بووم، بەفرێکی زۆر باری بوو، لە پڕ بینیم هێزی حکومەت نزیك بوونەتەوە، لێمان نزیکبوونەوە، دەستیان بەتەقە کرد، ئەگەر تەقەیان نەکردایە ئەستەم بوو هەستیان پێ بکەین، هەڤاڵ کامەران گوللە بەر سەری کەوت، زۆر

هەوڵمدا ڕزگاری بکەم، بەڵام شەهید بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تۆپبارانمان لەسەر بوو، نزیکەی ١٠ ڕۆژ لەسەر ئەو شاخە ماینەوە، دواتر تیپی ٢١ی کەرکوک گەیشتنە سنوورەکە، ڕۆژێك هەڤاڵ حەمەڕەشی گەرمیان گەیشتە لامان نەخشەی هێرشی بۆ سەر کونەکۆتر کێشا، پیاوێکی زۆر ئازا و بەورە و بەڕێز بوو، ڕۆژی دواتر هێز گەیشتن لەوانە تیپی ٥٩ی حەمرین، لەوێ دوو ڕۆژ لەگەڵ شەهید حەمەڕەش بووم، لەو ڕووداوانە دکتۆر حەمید (ئامانج)ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتیم ناسی، لەگەڵ دکتۆر هادی تیپی ٢١ی کەرکوك.

لەو سنووورە ژمارەیەك پێشمەرگە بەهۆی ڕۆیشتن بە ناو بەفرا قاچیان سووتابوو، واتە ڕەش بووبوون، داوام کرد قاچ نەدەنە بەر ئاگر، بەڵکو بە ئاوی گەرم بیانشۆن، تا باش دەبن، هەر لەو ڕۆژانە پێشمەرگەیەك لەگەڵ هەڤاڵ حەمەڕەش بوو، گوللەیەك بەر سەری کەوتبوو، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە نەمانتوانی ڕزگاری بکەین و شەهید بوو، دواتر گوندەکانی قزلەر و کونەکۆتر گیران، بروسکەمان بۆ هات بکشێیینەوە، ڕۆیشتین و گەیشتینە خوڕخوڕە، بروسکەیەکی دیکەمان بۆ هات کە فریای هەڤاڵ هاشم شەمامکی و هاوڕێکانی بکەوین کە لەسەر چیابوون، ژمارەیەك پێشمەرگەی ئێمە وەك پشتیوانی لە پشتەوە ڕۆیشتین، لەوێ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچووغ وایانزانی بوو جاشین و لە پشتەوە بۆ هێرشکردنە سەر هەڤاڵانی سەر چیا دەچین، بە داخەوە دوو پێشمەرگەی ئێمە برینداربوون، کە هەڤاڵ نوری دیبەگەیی و هەڤاڵ فەرهاد بوون، چووم فریایان بکەوم خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆیشتبوو، بردیاننە گوندی گۆمەزە، دوو بۆ سێ ڕۆژ لەوێ چارەسەرمان کردن، تا فڕۆکەی ئێرانی هات و بردنی بۆ ئێران، لەو کاتە جەلال حاجی بووە جێگری تیپەکەمان ئەویش بریندار بوو، خۆشبەختانە چارەسەرم کرد جگە لەوەی لە چەند ڕووداوێکدا چەند پێشمەرگەیەکی دیکەمان بریندار بوون و چارەسەرم کردن، تەنها هەڤاڵ مەهداوی نەبێت کە ساچمە سەر و سنگی گرتبوو دووچاری خوێنبەربوونی ناوەکی بووبوو، نەمتوانی چارەسەری بکەم شەهید بوو، چەند خولەکێك پێش شەهیدبوونی ناوە ناوە پێی دەگوتم ئەوە کۆتا هەناسەمە و ئیدی من شەهید دەبم!

ئیدی کۆتا برووسکەمان بۆ هات کە بە تەواوی بکشێینەوە، بەگشتی لەو ڕووداوانە نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون، ژمارەی هەمووشمان نزیکەی ١٥٠٠ کەس دەبووین،

کشاینەوە ئێران و دواتر لە ڕێگەی سەردەشتەوە هاتینەوە بناری قەندیل و قرناقە و پشت ئاشان و وەرتێ، دواتر گەیشتینەوە سنووری تیپی ١٩ی کۆڕەك، دوای نزیکەی بیست ڕۆژ ئەنفالی کۆیە دەستی پێکرد، تا دەستپێکردنی ئەنفالی سنووری مەڵبەندی سێ، دواتر چووینە چیای کێل کێل و نزیکەی دوو هەفتە لەوێ شەڕ بەردەوام بوو، چەند بریندار و شەهیدێکمان بەخشی لەوانە هەڤاڵ پۆلا (کەریم حەلاق) شەهید بوو کە ڕابەر سیاسی تیپی ١٢ی سۆران بوو، یەکێك بوو لە پێشمەرگە هەرە قارەمانەکان خەڵکی کورانی هەولێر بوو، هاوڕێی منداڵیم بوو، هەروەها هەڤاڵ نەجات و دوو پێشمەرگەمان بە ناوی حسێن شەهید بوون، یەکێك لە بریندارەکان بریتی بوو لە هەڤاڵ سالار ڕەواندزی، ناوی هەموویانم لە بیر نییە، ئەوەی پێم کرا بۆ بریندارەکان کردم، وەك وەستانی خوێن بەربوون و دوورینەوە و ئارامکەرەوە.

دواتر لە شاخی کێل کێل کشاینەوە و چووینە شاخی سەری جوانەگا، ماوەی مانگێك دانوستان هاتە ئاراوە، شەڕ وەستا و گەیشتینە مانگی هەشت، لە ١٩٨٨/٨/٢٣ هەواڵ هات کە هێزەکان بەرەو ئێران دەکشێنەوە و کوردستان وا چۆڵ دەبێت، ئێمە لە تیپی خۆمان سێ مەفرەزەمان پێکهێنا وەك ئاڵنگارییەك لەبەرامبەر حکومەت لە پێناو مانەوەی بوونی پێشمەرگەدا بە پارتیزانی، ئەو مەفرەزەیەی کە منی تێدابووم بریتی بوو لە هەڤاڵان: (م. عزیز، ڕێبین، حاتەم بناویی، نوری دیبەگەیی، سەباح توتمەرەیی، نەبەز، غازی مام ئەسعەد...هتد)، هاتینە دەشتی هەریر، مەفرەزەیەکی دیکە هەڤاڵ جەلال حاجی و هەڤاڵانی بوون، ماوەی سێ مانگ ماینەوە، دونیا بەرەو ساردی دەچوو.

لە پارتیزانیدا بڕیارماندا بۆ زستان بچینە دۆڵی بالیسان و مەلەکان، لە سەرکەوتنمان بە چیای هەریردا مین لە نێوانی من و م. عەزیزدا تەقییەوە، م. عەزیز خۆی لە سیمێك دا، سیمەکەش مینەکەی تەقاندەوە، پێشتر ڕێکەوتبوون کە بەسەر بەردا هەنگاو بنێین، م. عەزیز چاوی کز بوو، من پێشی کەوتبووم کە ڕێنموینی بکەم، کە تەقییەوە من بریندار بووم و ڕاستەوخۆ چاوێك و گوێیەکم لە دەستدا، هەڤاڵ نەبەز کە خەڵکی چۆمان بوو، تا سەر چیاکە بە کۆڵ هەڵیگرتم، دەیان ساچمە بە ڕووخسارمەوە بوو، ئێستاش نزیکەی ١٥ پارچەی تێدایە، لەوێ گوتیان پێشتر ئەم سنوورە هەمووی بە دەستی خۆمانەوە بوو، ئینجا

بە سێ ڕۆژ دەگەیشتینە سەر سنوور ئێستا هەموو سوپا و جاشە زۆر بە ئەستەم دەگەین، بۆیە نابێت تۆ لەگەڵمان بێیت، هەروەها سەروبەندی لێبووردنەکە بوو، بەڵکو بەر لێبووردن بکەوم، بۆ ڕۆژی دواتر نوری دیبەگەیی و حاتەم بناویی تا سەر ڕێگایان گەیاندم واتە ئەو شوێنەی بڕیاری پارتیزانیماندا، ئەوان گەڕانەوە و خۆم چوومە خەلیفان و خۆم ڕادەست کرد، کە گەیشتمەوە ماڵ هێندە شێوابووم براکەم و براژنەکانم منیان نەناسییەوە، دواتر براکەم بڕوای نەدەکرد کە من بڕیاری خۆڕادەستکردنم داوە.

ئیدی تا ڕاپەڕین لە هەولێر مامەوە، دواتر چوومەوە ناو پێشمەرگە، بوومە ئەفسەر لە لیوای ٣٢ لە هەریر، دواتر بووم بە کادیر لە مەڵبەندی سێ، دواتر ساڵی ٢٠٠٠ بەشی یاسای زانکۆی سەلاحەدینم تەواو کرد، ماوەیەك ئەفسەری لێکۆڵەر بووم، ماوەیەك دادوەری سەربازی بووم لە فەرمانەدەیی، دواتر دەستم بە کاری پارێزەری کرد، ئێستا کەمئەندامی سەنگەرم، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوسەرگیرم پێکهێناوە(٣٨).

---

(٣٨)– چاوپێکەوتن لەگەڵ: جەمال عوسمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل (د. وەسمان)، ٢٠٢٢/١٠/٢٩.

# جەمیل ئەحمەد بابان (دکتۆر خالید)

لە ساڵی ١٩٨١ لە ڕێگەی هاوڕێیەکم بە ناوی ڕزگار زەڕەنگەر پەیوەندیم بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، دوای ماوەیەك پەیوەندیم بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کرد، لەو سەردەمەدا لە نەخۆشخانەی عەسکەری بووم لە هەولێر، بەڵام لە ڕێکخستنەکان کاری ڕێکخراوەییم دەکرد، چونکە پێویست بوو ئێمە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەرمان و چارەسەر بنێرینە دەرەوە، زۆرجار هەوڵمدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە بکەم و بچمە شاخ، بەڵام ڕێکخستنەکان ڕێگەیان نەدەدام، چونکە سوودیان لەوە دەبینی کە من دەرمان و چارەسەرم بۆ دابین دەکردن، تا ساڵی ١٩٨٦ هەر لە ڕێکخستن مامەوە و لەو ساڵەدا پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد، لە تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر بووم بە پێشمەرگە.

سەرەتا لە گوندێك پێشوازیان لێکردم گوندەکە ناوی عەزە بوو، لە سنووی شاری هەولێر لە حەشارگەیەك هەندێك برینداریان دانابوو چارەسەرم دەکرن، چونکە کۆڵەپشتێك دەرمان و چارەسەرم لەگەڵ خۆم بردبوو، بەو پێیەی ناوچەکە لە ژێر هێرشی دوژمندا بوو، منیان نارده ناوچە ئازادکراوەکان کە مەترسییان کەمتر بوو، چوومە گوندی ئاومار، هەڤاڵ شێخ جەعفەر سەرپەرشتی ئەو سنوورەی دەکرد، چونکە تیپەکە تیپێکی گەورە و کارا بوو، دواتر بوو بە دوو تیپ، تیپی ٨٧ی قەرەچووغی لێ جیابووەوە، هەر لەوێ بۆ ماوەیەك دەستم بە کار کرد، لەگەڵ چەند پزیشکێك لەوانە شەهید دکتۆر فازڵ و دکتۆر نەبەز کە کەسێکی بە ئەزموون و شۆڕشگێڕ بوون، من وەك خۆم زۆر سوودم لێیان بینی، چ لە ئامۆژگارییەکانیان، چ لە کارە جوانەکانیان.

لێرەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە بنکەیەکی تەندرووستیمان لە گوندی شەیتان لە ناو مزگەوتێکدا دامەزراند، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو گوندە پارێزراو نەبوو بەردەوام هێرشی

فڕۆکەی لەسەر بوو بنکەکەمان گواستەوە بۆ گوندی سێکانی، کە بارەگای تیپی ٨٦ لەوێ بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشە ئاسمانییەکان چەکی قورسی لێ بوو، بۆیە کەرەستە و بنکەی ئێمە پارێزراوتر بوو.

ئێمە لە شێوەی تیم کارمان دەکرد، هەموو جێیەك وەکو نەخۆشخانە وابوو بۆ ئێمە، بە کۆڵەپشتەوە دەچووینە بەرەکانی شەڕ، وەکو هێزی پاڵپشتی لە خەلفی دەماینەوە، زۆرجاریش دەچووینە پێشەوە، ئەگەر بمزانیبا بریندارەکان ناگات بە ئێمە ئەوا لەگەڵ هەڤاڵەکانمان دەچووین، زۆر جاریش یەکێکمان لە بنکە دەماینەوە، ئەوانەی دیکە لەگەڵ هێزەکان دەچووین، پزیشکەکانی ئێمە پێکهاتبوو لە: خۆم، دکتۆر فازڵ، دکتۆر نەبەز و دکتۆر حەیدەر.

ساڵی ١٩٨٦ خەڵکانێکی زۆر پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، لە هەمان کاتدا ڕژێمی بەعس سنوورەکانی توونددوتۆڵتر دەکرد، پێداویستی پزیشکی زۆر بە ئەستەم دەگەیشتە ئێمە، بۆیە ئێمە ناچاربووین ڕێگە بەو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنانە بگرین کە هاتوچۆی گوندەکانیان دەکرد، بەڵام تەنها لەکاتی گەڕانەوەدا دەرمانەکانمان لێ وەردەگرتن و ڕێگەمان دەدان، چونکە فەرمانی هەڤاڵ مام جەلال وابوو کە کارمەندەکان ئازار نەدەین و ئۆتۆمبێلەکان نەگرین، چونکە جارێك ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنمان بە شۆفێرەکەوە هێنا، هەڤاڵ مام جەلال فەرمانی پێ کردین، بچینەوە هەمان شوێن و بەڕێی بکەین بڕوات، پاشان لە ساڵی ١٩٨٦ – ١٩٨٧ چەند چالاکییەکی گەورە ئەنجامدرا، وەکو چالاکییەکانی: دێگەڵە، تەقتەق و بارەگای قاتعی سێی قوچان کە یەکەی مەیدانی پزیشکی سەربازی تێدابوو، هەر بۆیە ئێمە کەرەستە و دەرمانی باشمان دەستکەوت و هەر لەوێوە کەرەستە و دەرمانمان ڕەوانەی مەڵبەندی سێ کرد، چونکە خۆمان بەشی پێویست چارەسەر و دەرمانمان لابوو.

مەڵبەندی سێ جیا لە بنکە تەندروستییەکانی ئێمە نەخۆشخانەیەکی باشیان هەبوو، تەنانەت نەشتەرگەریشی تێدا دەکرا، ئەو بریندارەی بۆمان چارەسەر نەکرایە دەماننارده

مەلبەندی سێ، نەخۆشخانەکەیان سەرەتا لە سماقوڵی بوو، دواتر چووە بالیسان و دکتۆری باشیان هەبوو، ئەوەندەی بیرم بێت دکتۆر زریان، دکتۆر حسێن، شەهید دکتۆر چیا، دکتۆر کارووخ و دکتۆر هیوا بوون.

هەرچەندە ی.ن.ك خۆی بنکە تەندروستییەکانی دامەزراندبوو، هەموومان کادری ی.ن.ك بووین، بەڵام چارەسەری جەماوەری ناوچەکە و پارتەکانی دیکەشمان بەبێ جیاوازی دەکرد لەوانە پ.د.ك، حزبی شیوعی و سۆسیالیست، چونکە ئەوان پزیشك و کادری پزیشکیان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بنکە و بارەگایان زۆر نەبوو، من ئەوەندەی لەوێ بووم چالاکیم لێ نەبینین.

هەندێك جار پێشمەرگە و هاوڵاتی پێکەوە دەکەوتنە بەر هێرش و پەلامار، بۆ نمونە ڕۆژێك کۆمەڵێك ژن و منداڵ و کەسوکاری پێشمەرگە لە کاتی گەڕانەوەدا کەوتنە کەمینی جاشە خۆفرۆشەکانەوە هەندێکیان شەهید و بریندار بوون، لە نزیك دارەتووی هەولێر یەکێك لەو شەهیدانە بەناوی عەریف ئەکرەم بە نیازی ئەوە بوو ژن بگوازێتەوە.

کاری ڕێکخراوەیی بۆ من مەترسیدار بوو، بەڵام عیشقی نیشتیمان لە دەروونماندا هانی دەداین کە لە مەرگ و زیندان نەترسین، خەڵکانێکی زۆریش هەبوو هەمان بیروباوەڕیان هەبوو، بۆیە یارمەتیدەرمان بوون بۆ نمونە کاتێك دەچوومە دەرمانخانەیەك دەرمانمان دەگۆڕی، لەوێ هەستیان دەکرد من شتێکم، بەڵام لێیان نەدەپرسیم کە ئەم دەرمانانەم بۆ چییە، دەرمانی زیاتریشیان پێدەدام، یەکێك لەو کەسانە دکتۆرێکی عەرەب بوو بە ناوی یاسین زۆر هاوکارمان بوو، بەرپرسی کۆگای دەرمانی هەولێر بوو، دەرمانخانەکەی لەسەر شەقامی کوران بوو، دوای ئەوەی چوومە شاخ، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەهاتمەوە هەولێر و دەرمان و پێداویستیم لەلای ئەو دکتۆر یاسینە دەهێنا، کە لە گەڕەکی لەتیف ئاوا بوو، دواتر حکومەتی بەعس زانی ئەو گەڕەکەی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ، گەڕەکەکەی تێکدا.

سنووری چالاکی ئێمە لە پردێوە تاکو ناوچە عەرەب نشینەکان، ناوچەی موسڵ و دەشتی کۆیە تاکو شەقڵاوە، تیپەکانیشمان پێکهاتبوو لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ قەرەچووغی سەر بە مەڵبەندی سێ.

لە ڕووداوێکدا لە پێش گرتنی تەقتەق تیمێکمان پێکهێنا تایبەت بە هێنانی پێداویستی پزیشکی، کاتێك گەیشتینە ئەوێ چوار پۆلیسی لێ بوو، داوای یارمەتیمان لێ کردن و ئەوانیش هەڵسان بە هاوکاریکردنمان، دەرمانەکانیان لەگەڵ بارکردین و گواستمانەوە بۆ باخی کەسێك بە ناوی عەلی ڕەزا، ئەوەندە پێمانەوە ماندوو بوون لەوێ خەویان لێ کەوتبوو، لە شەڕەکە بریندارمان هەبوو دوای تەواوبوونی شەڕەکە پۆلیسەکان خوێنیان پێداین، کە شێنەیی بووینەوە تەماشا دەکەین، چەکەکانیان پێیە و لێمان وەرنەگرتوون، دواتر هەڤاڵ کۆسرەت کە زانی هاوکارییان کردووین و خوێنیان بە بریندارەکانمان بەخشیوە، بڕیاری ئازادکردنیانیدا و ئێمەش چەکەکانمان لێوەرگرتن و ئازادمان کردن، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی ئێمە ئازادمان کردن ڕژێم گوللەبارانی کردبوون، ئەوەندەی لە یادم مابێت بریندارەکانمان بریتی بوون لە شەهید بەختیار، فاروقی عەلی مەولود و شەهید ئازاد داربەسەریی، لە کاتی چارەسەرکردنی بریندارەکان بینیم کەسێك شارەزای پزیشکی هەیە و هاوکاریم دەکات زۆر جێگەی خۆشحاڵیم بوو، کە پرسیارم لێکرد گوتی من یاریدەدەری پزیشکم و تازە هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی، ناوی دکتۆر ئارام بوو ئێستا ڕاوێژکاری وەزارەتی تەندرووستییە و کۆلێژی پزیشکیشی تەواو کردووە، دواتر لەگەڵ شەهید ئازاد چوو بۆ سەرکردایەتی لەوێ نەیانهێشتبوو بگەڕێتەوە، چونکە پێویستییان پێی بوو، دواتر بە داخەوە هەڤاڵ ئازاد داربەسەریی شەهید بوو.

لە تەقتەق پێداویستی پزیشکی باشمان دەست کەوت، هەندێکمان لێ نارد بۆ مەڵبەندەکان، هەندێکیشمان لەلای خۆمان دانا و لە نزیك ئاوەکان و لە شوێنە فێنکەکان

شاردمانەوە، هەم بۆ پاراستنی لە گەرما و هەم لە هێرشی دوژمن، چونکە لەوێ کارەبا و ساردکەرەوەمان نەبوو.

ناخۆشترین کاتەکانی ئێمە بریتی بوو لەو کاتەی کە نەماندەتوانی برینداریك چارەسەر بکەین و شەهید دەبوو، دەمانزانی ئەگەر لە بنکەیەکی پێشکەوتوودا و لە نەخۆشخانەیەکی دەوڵەتدا بووایە چارەسەر دەکرا، بەڵام لای ئێمە نەبوو، جگە لەوەش ئەوەی دڵخۆشی دەکردین ورە بەرزی هێزی پێشمەرگە بوو، کاتێك پێشمەرگەیەك بریندار دەبوو ورەی بەرز بوو، سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی، کەچی بەبێ بەنج برینەکەیمان بۆ دەدوورییەوە، بەڵام ئەوان خۆڕاگربوون، لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم ڕووداوانە لە مێژوودا تۆمار بکەن تا نەوەکانی دوارۆژ شانازی بەو سەروەرییانەوە بکەن، چونکە دەیان میللەت و نەتەوە هەیە ئەو خەباتەی ئێمەی نییە، کەچی مێژوویان بۆ خۆیان تۆمار کردووە، دەبا ئێمە مێژووەکەمان کە هەمووی ڕووداوی ڕاستەقینەیە پشتگوێ نەخەین[٣٩].

لە سەردەمی شۆڕی نوێدا کادیرە پزیشکییەکان هەردەم پێشەنگ بوون لە شۆڕش و بەرخۆدان، لە هەموو بوارەکانی دیکەدا وەك: سەرکردە، کادیری سیاسی، کارگێڕی و ڕاگەیاندن، کە لە پاڵ کاری پزیشکیدا ئەنجامیان دادە، دکتۆرەکانی شۆڕش چ لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش لە سەرکردایەتی یان لە بنکە و بارەگای مەڵبەندەکان و تیپەکان خۆشەویستی پێشمەرگە و جەماوەر بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانە دکتۆرەکانی شاخ هەرە زۆریان یاریدەدەری پزیشکی بوون، نەك دەرچووی کۆلێژی پزیشکی، بەڵام کات و شێواز و پێویستی زۆر وایکردبوو کە یاریدەدەرانی پزیشك بتوانن شارەزایی لە هەموو پسپۆڕییەکان وەربگرن و کاری پێ بکەن، وەك برین، شکان، هەناوی، دەروونی، پێست، دەمار، ددان، منداڵبوون، برینپێچی، دەرمانسازی، چاو، قورگ، لووت، گوێ و گیاناسی...هتد، بۆیە دکتۆرەکانی شاخ، شارەزاییان لە هەموو جۆرە دەرد و دەرمانێك بوون و جێگەی متمانەی

[٣٩]- گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە.

تەواوی جەماوەر و پێشمەرگە و سەرکردایەتی بوون بێ جیاوازی کارمان دەکرد، لە پاڵ هەموو شەونخوونییەك فریادڕەس بووین بۆ چارەسەر، لەگەڵ ئەوەش لە پاڵ برایانی پێشمەرگە بەشداری تەواوی هێرشەکانمان دەکرد، بە تایبەت دکتۆری تیپەکان، لەگەڵ ئەوانەش بێ گرفت نەبووین لە کارەکانمان، وەك نەبوونی دەرمان و پێداویستی پزیشکی یان لە کاتی بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی نەخۆشخانەکانی شۆڕش یان هێنانی دەرمانی خراپ و ژەهراوی بەدەستی سیخوڕەکانی ڕژێم، هەرچەندە ئێمە لە تیپەکان هیچ پێویستییەکی پزیشکیمان وەرنەدەگرت، تەنها ئەوەی کەوا لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە یان سەرکردایەتی و مەڵبەندەکان، یان کاتی ڕزگارکردنی مۆڵگە و شار و شارۆچکەکان، دەستمان دەکەوت، بەڵام دوای ئەوە توانرا دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان دابەش بکرێت بەسەر چەند شوێنێکی جیا جیا، تاکو بتوانین پارێزگاری لێ بکەین، دیارە شۆڕش بێ شەهید نابێت و دکتۆرەکانی شاخ بێبەش نەبوون لە شەهید نەبوون[٤٠].

دکتۆر جەمیل زۆرینەی تەمەنی لە شاخ و شار بۆ خزمەتی پێشمەرگە تەرخانکردبوو، تا پلەی سەربازی عەقید لە وەزارەتی پێشمەرگە بڕیوە، خزمەتی بەرچاوی لە بواری تەندروستی وەزارەت و نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکە و پەرتووکی تایبەت بە هۆشیاری لە بواری پزیشکی سەربازی، یەکێك بووە لەو ئەفسەرانەی کەلە بواری نووسین و ڕۆژنامەنووسی ڕۆڵێکی باڵای هەبووە، لە سەرەتای یەکخستنەوەی وەزارەت ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری لە بونیادنانی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دروستکردنی ماڵپەڕی فەرمی و دەرچوونی گۆڤاری پێشمەرگە بینیوە[٤١].

---

[٤٠] - جەمیل ئەحمەد بابان: لە یادی ٤٥ ساڵەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەکاونتی (Jamil Ahmad Baban)، ٢٠٢٠/٥/٣١.

[٤١] - بروسکەی شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، بەبۆنەی کۆچی دوایی د. جەمیل، ٢٠٢١/٨/١٦.

## حەسەن عەبدولکەریم ئەحمەد سەمین (دکتۆر حەسەن دووزی)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری دووزخورماتوو لەدایکبووم، تا پۆلی شەشەمی زانستیم خوێند، ئەو کاتە هەڤاڵێکمان بە ناوی حسێن محەمەد کە سەر بەیەك ڕێکخستن بووین، دەستگیرکرا و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو، هەروەها چەند هەڤاڵێکی دیکەمان دەستگیرکران، لەبەرئەوەی ترسی ئاشکرابوونم هەبوو، بۆیە لە پۆلی شەشەمی زانستی دەستبەرداری خوێندن بووم و بووم بە پێشمەرگە لە تیپی ٥١ی گەرمیاندا، هەڤاڵ سامان گەرمیانی سەرتیپی ٥١ی گەرمیان بوو هەڤاڵ عادل شکور جێگری بوو، کە من چووم نزیکەی ٢٥٠ تا ٣٠٠ پێشمەرگە دەبوون، شەش کەرت بووین، هەر کەرتی ٤٠ – ٥٠ پێشمەرگە دەبوون، سنوورەکەش لە سەنگاوەوە هەتا دەربەندیخان و کەلار و کفری دەگرتەوە، سەرەتا هەر کەس دەبوو بە پێشمەرگە دەبوو بچێتە بارەگای زەردە نزیکی قۆپی قەرەداغ و چەند ڕۆژێك لەوێ دەمایەوە و دەنێردرا بۆ یەکێك لە کەرتەکان، منیش بەهەمان شێوە.

دکتۆر کەمال (حەسان) کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوو، چەند ساڵێکیش لە نەخۆشخانەی سەربازی کاری کردبوو، کە چوو بووە سەرکردایەتی، بەهۆی نەبوونی پزیشك لە تیپی ٥١ی گەرمیاندا داوای کردبوو بچێت بۆ تیپی ٥١، منیش نزیکەی ساڵێك بوو پێشمەرگە بووم، دکتۆر حەسان هات کۆمەڵێك پێشمەرگەی خوێندەواری لە تیپەمان هەڵبژارد و خولێکی پزیشکی بۆ کردینەوە، پێشمەرگەشمان هەبوو پەرستار بوو یان یاریدەدەری پزیشکی بوو، بۆ نمونە دکتۆر عاسی بەشی تیشکی تەواوکردبوو، شوێنی خولەکە جێگیر نەبوو، چونکە ئەوکاتە حکومەت زۆر بەهێز بوو، بەردەوام هەلیکۆپتەر لەسەر سەرمان دەسووڕایەوە، ئێمەش لە گوندەکان دەماینەوە، بۆ ئەوەی ئەرکی قورس نەکەوێتە سەر گوندنشینەکان هەر دوو بۆ سێ ڕۆژ لە گوندێك دەماینەوە، زۆرتریش لە مزگەوتی گوندەکان دەماینەوە.

خولەکە لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمی کە هەموو بەشداربووین دوو مانگ و نیوی خایاند کە ئێمە شەش کەس لە تیپی ٥١ی گەرمیانەوە ڕۆیشتبووین، لەوانە: (دکتۆر

عاسی، کە دێرینترین پێشمەرگەمان بوو، دکتۆر وەلی ئەکرەم (هۆشمەند) خەڵکی کەرکوك بوو، دکتۆر ئەنوەر عوسمان خەڵکی کەرکوك بوو، دکتۆر مەجید تورکمان بوو، دکتۆر ستار خەڵکی گەرمیان بوو، دکتۆر حەمید خەڵکی گەرمیان بوو، دکتۆر سامال خەڵکی سلێمانی بوو دەرچووی بەشی مایکرۆبایۆلۆجی بوو لەگەڵ بەندە)، لە بەشی یەکەم ئەمانە هەمووی بەشدار بوون، دواتر ئێمە خولێکی دیکەمان کرد کە وردتر بوو، فێری چەندین کاری گرنگ بووین لەوانە نەشتەرگەری بچووك و دەرکردنی فیشەك لەلەشدا، مامۆستای خولەکەش بریتی بوو لە دکتۆر حەسان، ئیدی دوای تەواوکردنی خولەکە گەڕاینەوە.

تیپی ٥١ی گەرمیان چوار جار بارەگای داناوە جاری یەکەم لەسەر شاخی زەردە شوێنێك هەبوو پێیان دەگوت باخەکەی مام عەلی لەوێ بارەگایەکمان دانا، کە بریتی بوو لە ژوورێکی گڵ، تەنها مەفرەزەکەی هەڤاڵ مام ساڵحی لێ بوو بۆ ماوەی شەش مانگ ماینەوە، دواتر تیپی ٥١ی گەرمیان بڕیاریدا بارەگایەك لە گوندی زەردەلیکاو دروست بکات کە نزیکی شاری دەربەندیخانە، پێشتر خوێندنگە بوو، بەلام داخرابوو، ئێمە کردمان بە نەخۆشخانەیەکی شەش قەرەوێڵەیی، دکتۆر حەسان منی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکو، هەروەها دکتۆر هۆشمەندم لەگەڵ بوو، زۆر جار مەفرەزەکان بۆ پشوودان داهاتن بۆ نەخۆشخانەکە، دکتۆریشیان لەگەڵ بوو دەمانەوە لەوانە دکتۆر مەجید، ئەو نەخۆشخانەیە زۆر باش بوو هیچ تیپێکی دیکە نەخۆشخانەی لەو شێوەیەی نەبوو، هەڤاڵ سامان گەرمیانی و هەڤاڵ ئەیوب برای شەهید سیروان پێویستی و دەرمانی پێویستیان بۆ دابینکردین، دواتر دانوستانی نێوان ی.ن.ك و حکومەتی بەسەرداهات، بارەگاکەمان بۆ گوندی هەزارکانی خوێندنگەیەکی لێ بوو کردمان لە بارەگا، چەند مانگێك ماینەوە، دواتر بارەگامان بۆ گوندێکی سنووری کەلار گواستەوە، کە دانوستانیش تێکچوو هەڤاڵ عەلی شامار هات بۆ لامان و بوو بە جێگری تیپ، کۆمەڵێك دەرمانی باشیان هێنابوو، بەلام نەیاندەزانی چۆن و بۆچی بەکاردێت، من ڕۆیشتم بۆ لایان و لەسەریانم نووسی بۆچی و چۆن بەکاردێن.

کەسایەتی دکتۆر حەسان لە زاری دکتۆر حەسەن دووزییەوە: "لە تیپی ٥١ گەرمیان من نزیکترین کەس بووم لێیەوە، چونکە ساڵێک پێش دانانی بارەگا من لەگەڵ ئەو بووم، گوند بە گوند وەکو دکتۆری گەڕۆک دەگەڕاین، دکتۆر حەسان ئەوکات تەمەنی ٣٥ ساڵێک دەبوو، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بەغداد بوو، لە نەخۆشخانەی ڕەشیدی سەربازی بۆ ماوەی ٤ بۆ ٥ ساڵ کاری کردووە، ئەزموونێکی زۆری هەبوو، کە هاتە ناو شۆڕش چوو بووە سەرکردایەتی، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی پیاوێکی زۆر لە خۆبووردوو بوو هەروەها چەندین پزیشکی لەوێ بینی بوو بۆیە داوای کردبوو بچێتە شوێنێک کە پزیشکی لێ نییە، تاکە شوێنیش کە پزیشکی نەبوو تیپی ٥١ گەرمیان بوو، کە ڕاستەوخۆ سنووری لەگەڵ حکومەت هەبوو، کۆڵەپشتێکی گەورەی پێ بوو بەردەوام دەگەڕا"

دکتۆر حەسەن لە وەسفی دکتۆر حەساندا درێژەی دەداتێ و دەڵێت: "یەکەم کەس بوو لە ناوچەی داوێ دا پەنجەرەی دروست کرد، چونکە تا ئەو کاتە خەڵکی بۆ ڕووناکی خانووەکانیان کونێکی بچووکیان لە ژوورەکان دەکرد و شووشەیەکیان تێدەکرد، دکتۆر حەسان ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، لە ژووری میوان و دیوەخانەکاندا پەنجەرەی گەورەی پێ دروست دەکردن، جگە لەوەی شێوازی دروستکردنی گەرما و تەوالێتی ڕێکوپێک، بۆیە بە گشتی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا لەسەرجەم لایەنەکانەوە".

لە ساڵی سەرەتای ١٩٨٣ لە نزیك کفری لە شەڕێکدا ٥٨ سەربازی سەر بە قوات خاسەمان دەستگیرکرد، چەند سەربازێکیان لێ کوژرا، شەهیدێکمان هەبوو بە ناوی والی، پێشمەرگەیەکمان هەبوو بە ناوی هەڤاڵ مام جەلال مەسۆیی بریندار بوو، لەگەڵ دکتۆر حەسان تەداویمان کرد، هەروەها ئەو سەربازانەشمان تەداوی کرد کە بریندار بوون، پێیان گوتین ئێمە چاوەڕێی ئەوە بووین گوللەباران بکرێین نەك چارەسەر، بۆیە هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووین لە ئێوە، ئێمە زۆر جار بریندارانی (جاش)مان تەداوی دەکرد، هەروەها خەڵکانێك هەبوون هەڵهاتوو (فیرار) بووین، نەیاندەتوانی بچن لە شار چارەسەر

وەربگرن، بە کۆمەڵ دەهاتن چارەسەرمان دەکردن، خەڵکی گوندشین هاتووە بۆ لامان بریندار بووە، لەبەرئەوەی لە سەربازی هەڵهاتبوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژ ئێمە چارەسەرمان بۆ کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوێنمان لێ بڕا و ئەویش پێویستی بە خوێن بوو، بۆیە گیانی لەدەستدا، بە گشتی ئێمە ڕۆژانە نەخۆش و بریندارمان هەبوو.

ئەو سەردەمە لەلایەن پێشمەرگەوە گاڵتەیەك هەبوو بۆ خۆشی و کات بەسەربردن ئەنجامدەدەرا و وەکو ئاڵنگارییەك شانازییان پێوە دەکرد، کە بریتی بوو لە ڕاکێشانی میلی تفەنگ و خستنەبەری فیشەك و گەڕاندنەوەی فیشەکەکە و نەتەقاندنی، گوندنشینێکیش ویستبووی لاسایی ئەو کارە بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت بەهۆیەوە فیشەك لە دەستی دەردەچێت و خووشکێکی خۆی دەکوژێت و سێ خوشکەزای خۆشی کە بریتی بوون لە دوو بڕا و خوشکێك بریندار دەکات، ئەوکاتە ئێمە لە خوێندنگەکەی گوندی هەزار کانی بارەگامان دانابوو دکتۆر مەجیدیشم لەگەڵ بوو، بریندارەکانیان هێنا بۆ لامان، تەمەنی کچەکە کەمتر بوو لە ساڵێك فیشەکەك بەجۆرێك بەری کەوتبوو سمتی هەڵتەکاندبوو، برینەکەی هێندە سەخت بوو بڕوام وابوو گیان لەدەستبدات، لەناکاو بیرۆکەیەکم بۆ هات ئێمە سفراتۆڵمان هەبوو چەورە لە کاتی سوتان بەکاردەهێنرێ تا لۆکە و لەفاف نەلکێ بە برینەوە، لۆکەم هێنا و خڕم کردەوە و سفراتۆلەکەم بەدەوریدا پێچا و خستمە ناو برینەکەی، چارەسەری سەرەتاییم بۆیان کردوو هەرسێکیانم کردە ناو عەرەبانەی تەرەکتەرێکەوە، چونکە مەدەنی بوون ناردیانم بۆ سەنگاو، بەو ئەو کابرایەشم گوت کە لەگەڵیان بوو گوتم کە چوویتە نەخۆشخانەکە بڵێ پێشمەرگە لێی داوین، بۆئەوەی چارەسەریان بۆ بکەن.

لە ڕووداوێکدا هەڤاڵ حەمە دووزیی، پێشمەرگەیەکی ناسراوبوو لەگەڵ هەڤاڵ سەیید جەوهەردا بە دۆشکە هێرشیان کردبووە سەر شوێنێك، فڕۆکە بە تۆپ بۆردومانی کردبوون، نەرمیایی سمتی زۆری بە سەختی بریندار بووبوو، بەجۆرێك خۆڵ و پشقلی ئاژەڵ لەناو برینەکەیدا بوو، دکتۆر حەسان بەبێ بەنج تەداوی کرد، پیاوێکی ئازابوو تەنها داوای ئەوەی کرد جەمەدانییەکی بدەنێ، تا بیخاتە بەر زمانی، دکتۆر حەسان مەقەستی لە بەناو

برینەکەیدا وەردەدا، کەچی هەڤاڵ حەمە دووزیی دەنگی لێوە نەدەهات، ماوەی دوو مانگ مایەوە چاکبووەوە، چونکە برینەکەی بەردەوام گۆشتی تازەی دروست دەکرد و دەتەقی، ئێمەش بەردەوام دەماندووریيەوە تا چاکبوویەوە.

ئێمە لەو دەڤەرە کێشەی کەمی دەرمانمان هەبوو، بۆ دەستکەوتنی دەرمان بە چەند ڕێگا دەست دەکەوت، بەگوێرەی ئەوەی من سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەکە بووم، هەروەها لێپرسراوی بەشی دارایی بارەگاکەش بووم، کە لەلایەن تیپەوە مانگانە بڕی ١٥٠ – ٢٠٠ دیناری بۆ دابین دەکرا، ئەگەر لێی زیادبووایە دەمنارد بۆ سەنگاو و کەلار و دەربەندیخان بۆ کڕینی دەرمانی پێویست، هەندێکجاریش ڕێکخستنەکان بۆیان دەناردین، بەشی سەرەکی دەرمانەکانمان لە دوو شوێنی سەرەکییەوە بەدەست دەگەیشت، بۆ نموونە جاری واهەبوو دەچووینە ناو نەخۆشخانە حکومییەکانەوە لە ساڵی ١٩٨٣ جارێك چووینە کۆگای دەرمانی کەلار هێندەی دەرمان تێدابوو بە جۆرێك ٢١ پێشمەرگە بووین هەموومان کۆڵەپشتمان لێ پڕ کرد، هەروەها خاوەن دەرمانخانەکان چەند کەسێکیان هەبوو بەردەوام بۆیان دەناردین، بۆ نمونە کەسێکمان هەبوو لەناو شاری سلێمانی پزیشك بوو دەرمانخانەی هەبوو، هێندەی هەموو سەرچاوەکانمان دەرمانی بۆ دەناردین، هەندێك دەرزی هەبوو دەستنەدەکەوت، ئەو بە کارتۆنی ١٠٠ – ٢٠٠ دەرزی بۆی دەناردین، یان دکتۆر حەسان یان من نامەم بۆ دەنارد، هەروەها کۆمەکی سنووری شارباژێڕ و شارەزووریشی دەکردکتۆر

دابینکردنی پێویستی خوێن لە شۆڕشدا کارێکی قورس بوو، بۆ نموونە ڕۆژێك بریندارێکمان بۆ هات، هەڵهاتووی سەربازی بوو، هەشت فیشەکی پێوە بوو پێویستی بە خوێن بوو، هاوکات سێ برای خۆیشی لەگەڵ بوو، لە خولەکە دکتۆر حەسان فێری ئەوەی کردبووین ڕاستەوخۆ بەبێ بوتڵ لە کەسێکەوە خوێن بۆ کەسێکی دیکە بگوازینەوە، لە براکانیم پرسی خوێنەکەتان چییە، کەسیان نەیاندەزانی، برینەکەشی زۆر سەخت بوو، بۆیە گیانی لەدەستدا، لە بارەگاکە دکتۆرێکی حزبی شیوعی لای ئێمە زیندانی بوو، بەڵام من نەمدەخستە زیندان پێکەوە چارەسەری بریندار و نەخۆشمان دەکرد.

دکتۆر ستار کە پێکەوە خولەکەمان تەواوکرد، بوو بە دکتۆری گەڕۆك، لە کاتی گەڕاندا لە سنووری کەرتی سێی کەلار فرۆکەی لێی دان و قاچێکی بڕایەوە و شەهید بوو،

لە سالّی ١٩٨١ – ١٩٨٥ ئەوانەی ناوم هێنان لە تیپی ٥١ی گەرمیان کاری پزیشکیان کردووە، پاش سالّی ١٩٨٥ گەڕامەوە بەر خوێندن و بووم بە خوێندکار لە پۆلی شەشی زانستی، پاشان بووم بە کەسێکی کۆمۆنیست لەگەڵ شوراکان و ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتی خەباتدا ڕەوتی کۆمۆنیستەکانمان دروست کردبوو، هەڤالّ ڕەمەزانیشم لەگەڵ بوو، لە ڕاپەڕیندا ٦٥ ئەندامان هەبوو بەچەکەوە، بەجۆرێك کە ی.ن.ك گەیشتە دووز ٧ پێشمەرگە بوون، دوای ڕاپەڕین زۆر دژی ی.ن.ك قسەکان دەکرد، بۆیە لای گەنجەکانی ی.ن.ك جێگەی قبولّ نەبوو کە خاوەنی هەزاران شەهید بوو، لە کاتێکدا خەڵکی سیاسی کەمتر تیامابوو، سیاسییەکان زیاتر لەسەر ئاستی سەرکردایەتیدا بوون، کە گەیشتمە هەولێر لەوێش لەگەڵ پ.د.ك هەڵم نەکرد، بۆیە ناچار چوومە ئێران و لەوێ بۆ پاکستان و دواتر ڕووسیا، لەوێ بۆ ئۆکرانیا و پۆڵۆنیا تا گەیشتمە ئەڵمانیا.

لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە لە ١٩٩٠/١/٦ هاوسەرگیریم کرد لە کاتێکدا فەرمانی گرتنم هەبوو[٤٢].

---

[٤٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن عەبدولکەریم ئەحمەد سەمین (د. حەسەن دوزی)،

# حەسەن قادر خورشید (دکتۆر حەسەن)

ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی سێکانییانی سەر بە شاری کەرکوك لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنم لە شاری کەرکوك تەواوکرد، دواتر هەر لە کەرکوك چوومە پەیمانگای تەندروستیم تەواوکرد، سەرەتای کاری سیاسیم لە ڕیزەکانی (پ.د.ك)دا بوو، دواتر پەیوەندیم بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ چوومە دەرەوە و چوومە ئێستگە لە ناوزەنگ، تاکو ١٩٨٤ لەوێ مامەوە.

ئێمە هەواڵەکانی دونیامان وەردەگرت و لە ڕادیۆ بڵاومان دەکردەوە، هەڤاڵ ئەرسەلان بایز لە ئێستگە بوو، هەروەها لە نەخۆشخانەکەی ناوزەنگ کارم دەکرد، ژمارەیەك دکتۆری لێ بوو لەوانە دکتۆر خدر مەعسوم، دکتۆر نەوزاد، ئێمە لەوێ کاری برینپێچی و تەداویمان بۆ پێشمەرگە و گوندشینان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٤ چوومە تیپی ٢١ی کەرکوك و کەرتی ٢ی شوان، بارەگامان لە گوندی مام ڕەشی ناوشوان بوو، دکتۆر هادی و دکتۆر حەمید لەوێ بوون، من لەگەڵ کەرتی ٢ی شوان جەولەم دەکرد لە سنووری گوندەکانی ڕێدار، تۆمار، مام ڕەش، کەڵاوقووت، دەلۆ، یارەولی و چیمەن، هەروەها بەشداری شەڕەکانی دیکەمان دەکرد، لەوانە شەڕی دابان، لە گوندی تۆمار بەشداریی شەڕێکمان کرد چەند برینداریکمان هەبوو هەڤاڵ مام ئاراس و هەڤاڵ ئیحسان برینەکەیان سەخت بوو، موغەزیم بۆ هەڤاڵ ئیحسان دانا و هەڤاڵ مام ئاراس دوای دوو کاتژمێر شەهید بوو.

لە سنووری پردێ هێرشمان کردە سەر چەند سەنگەرێکی حکومەت و ژمارەیەك بریندارمان هەبوو لە گوندی بیرەسپان دەستم کرد بە چارەسەرکردنیان، ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەمان مایەوە ناچار منیش گەڕامەوە گوندی تۆمار، هەر لەو ڕووداوە پێشمەرگەیەکی دیکەمان بریندار بوو دوای چەند کاتژمێرێك لەلایەن برایەکیەوە گەیاندیانە لام، براکەی دەرزییەکی خەوی پێ بوو پێی گوتم دەرزییەکەی بۆ بکەم، گوتم نابێت دەرزی خەو بۆ بریندار خراپە، تەنها موغەزیم بۆ هەڵواسی، ئیدی من ئاگادارکرامەوە کە لە شوێنێکی دیکە بریندار هەیە و بەڕێکەوتم، دوای من برای

بریندارەکە بێ پرسی کەس دەرزییەکەی لە براکەی دابوو کە بەهۆیەوە براکەی شەهید بوو، لە ڕووداوێکی دیکەدا لە گوندی سابووراوا کەوتینە کەمینەوە پێنج شەهید و ژمارەیەك بریندارمان بەخشی و لەوێ تەداوی بریندارەکانمان کرد.

هەتا ساڵی ١٩٨٨ و ئەنفال لە تیپی ٢١ مامەوە دواتر چووینە قرناقە و پشتئاشان، دواتر چووینە ئێران لە ساڵی ١٩٩١ بەهۆی ڕاپەڕینەوە گەڕاینەوە و بەشداریی ڕاپەڕینمان کرد و لە ڕانیە نیشتەجێ بووم، دواتر چوومە کەرتی تەندروستی و دەستم بە خزمەت کرد[٤٣].

---

[٤٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر خورشید، (د. حەسەن)، ٢٠٢٢/١١/٢٥.

## حەمەئاوات سدیق مەعروف (دکتۆر حەمەئاوات)

ساڵی ١٩٥٣ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە هەڵەبجە تەواوکردووە، دواتر چووەتە بەغداد و ماوەی پێنج ساڵ لە پەیمانگای تەکنیکی، بەشی تیشکی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٤ ـەوە پەیوەندی هەبووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، لەگەڵ هەڤاڵ وەستا ئەنوەر و هەڤاڵ شێخ عەلی و مامۆستا عومەر شێرەمەڕی، لە ساڵی ١٩٧٨ بووە بە پێشمەرگە و چووەتە ناوچەی هەورامان و هاوار و باڵامبۆ کە هەڤاڵ مەلا بەختیار لەوێ بووە، لەوێ شەڕێك ڕوودەدات و تێیدا حەمەئاوات بریندار بووە و هەردوو قاچی دەشکێت.

بە چەندین فێڵ لە ڕێگەی خزمێکی خۆمانەوە کە خۆی ڕادەستی ڕژێم کردبوو گوایە حەمەئاوات سەر بە ئەو بووە و نامەیەکمان بە ڕێکەوتی کۆن نووسی و وەکو بەڵگە لای ئەو خزمە داماننا بەو هۆیەوە هێنامانەوە بۆ شار، لە ڕاستیشدا وانەبوو ئەو لە باشی خۆی ئەو کارەی کرد، هەتا بە سەرانی ڕژێمیشی گوتبوو ئەگەر ئازاری بدەن خۆم و عەشیرەتەکەم دەچینە نا ڕیزەکانی ی.ن.ك، ئیدی لەسەر ئەستۆی خۆی چوو لە شاخ حەمەئاواتی هێنایەوە، ئەوەشی پێ گوترابوو دەبێت بەڵێنمان بداتێ جارێکی دیکە نەچێتەوە شاخ، ئەویش گوتبووی لە ئەستۆی من، لەو دۆخەدا شەش ڕۆژ بە برینداری مابووەوە، بەڵام بەهۆی شارەزابوونی، خۆی دەرزی بۆخۆی کردبوو تاکو تووشی ڕەشبوونەوە نەبێت، لە شاخ لە مەفرەزەکەی خۆیدا دکتۆر ڕەزا تەداوی کردبوو، ئیدی کە گەیشتەوە شار هەندێك چارەسەری وەرگرت، بەڵام قاچێکی هەر بە لاوازی مایەوە و ئەوەی دیکەی نزیکەی ٧ سم کورت بووبووەوە، پێڵاوی تایبەتی لە ئێران بۆ دروستکرا تاکو ڕێك بێتەوە، ساڵی ١٩٨١ دووبارە چووەوە شاخ، پێیان گوت مادام برینداری و ناتوانی جەولە بکەی هەر لە نەخۆشخانەکە بمێنەوە و کاری تیشك بکە.

ساڵی ١٩٨١ لە شاخەوە چووە بۆ ئێران و ئامێرێکی تیشکی بە یاساغ لە تارانەوە بۆ سەردەشت و لەوێوە بە باری ئاژەڵ هێناویەتەوە بۆ سەرکردایەتی بۆ شۆڕش بۆ خزمەتی پێشمەرگە بەکاری هێناوە، بە ئاگاداری هەڤاڵ دلێری سەید مەجید و دکتۆر خدر، دکتۆر

سەفین و دکتۆر زریان و دکتۆر فائیق گوڵپی و دکتۆر هەژار مەعروف، دکتۆر قادر، ئیدی لە شاخ حەمەئاوات سەرپەرشتی تیشکەکەی کردووە، تیشکی بۆ پێشمەرگە بریندارەکان گرتووە، لەوانە هەڤاڵ مام ڕۆستەم فیشەکێك لە قاچیدا بووە، حەمەئاوات تیشکی بۆی گرتووە، هەروەها تیشکی بۆ هەڤاڵ هێرۆ گرتووە، هەروەها سەرپەرشتی کەرتی ڕێکخستنی (کۆمەڵە)ی نەخۆشخانەکەی کردووە.

دواتر لە مەڵبەندی دوو لە پاڕەزان نەخۆشخانەیان کردەوە کە هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرساوی مەڵبەند بوو، دکتۆر هەژار مەعروف بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو، دکتۆر حەمەئاوات یەکێکە لە کادیرە سەرەتاییەکانی بواری تەندروستی لە شۆڕشدا، لە دوای دانوستان لە ١٩٨٤ دۆخی تەندروستی زۆر خراپ بوو، ئێمەش دۆخی داراییمان زۆر خراپ بوو، لەبەرئەوە نەچووەوە شاخ، ئیدی دووبارە لە شار دامەزرایەوە و دەستی کرد بە خزمەت لە بواری تەندروستیدا، لە شار کاری بۆ ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش کرد و ساڵی ١٩٨٦ دووبارە چووەوە شاخ و بووە ئەندامی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش، تاکو ڕاپەڕین لە شاخ مایەوە، ئاڵای شۆڕش لە سنووری هەڵەبجە و گەرمیان و هەولێر بەهێز بوو، هەروەها خۆشم کە برای حەمەئاواتم ساڵی ١٩٨٥ چوومە دەرەوە و چووم بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ناوەندی کۆمەڵە لەگەڵ مامۆستا پشکۆ نەجمەدیندا بووم کە ئاڵای شۆڕش دروست بوو چووم بۆ ئێران و تاکو ڕاپەڕین مامەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ بووم بە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن.

کە ئاڵای شۆڕش توایەوە بوون بە دووبەشەوە باڵێکیان هاتنەوە ناو ڕیزەکانی ی.ن.ك و باڵەکەی دیکە چوونە ناو زەحمەتکێشان لەگەڵ هەڤاڵ عیماد ئەحمەد و هەڤاڵ قادری حاجی عەلی، لە ساڵی ١٩٩٢ حەمەئاوات چووە دەرەوەی وڵات بۆ سوید، بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی زەحمەتکێشان و سەرپەرشتی لقی ئەورووپای دەکرد، جارێك حەمەئاوات هاتبووەوە کوردستان و هەڤاڵ مام جەلال لە ٢٠٠٣ لەگەڵ زەحمەتکێشاندا کۆبووبووەوە، کە چووبوون بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك، هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ کۆسرەت لەوێ حەمەئاوات دەبینن پێی دەڵێن ئەوە چی دەکەیت لێرە؟ هەتا هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا پێی گوتبوو هەڤاڵ حەمەئاوات تۆ کادیری ئێمەی وەرە ڕیزی ئێمە دانیشە، تۆ چەند ساڵ

لە ڕیزی ی.ن.ک کارت کردووە لەسەر ئێمە بریندار بووی، لەمەوە برادەرانی زەحمەتکێشان گومانی لێدەکەن، ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، ئیدی لە ڕێگەی هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ دلێری سەید مەجید و هەڤاڵ مەلا بەختیارەوە ڕازی کرابوو لەگەڵ ی.ن.ک کاربکات، باڵێکی بەناوی (ڕەوتی نیشتیمانی) لە زەحمەتکێشان جیاکردەوە تاکو بێنەوە ناو ی.ن.ک، چەند کەسێك لە ناو زەحمەتکێشان و لەناو ی.ن.ک ئەو گەڕانەوەیەیان تێکدا، بۆیە لەگەڵ ی.ن.ک نەگەیشتنە ئەنجام ئیدی ڕێکخراوەکەی خۆی تواندەوە و گەڕایەوە ئەوروپا، کە بزووتنەوەی گۆڕانیش دروست بوو لەسەر داوای هەڤاڵ نەوشیروان گەڕایەوە کوردستان و لە ڕیزەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەستی کرد بە کاری سیاسی تاکو لە ساڵی ٢٠١٧دا کۆچی دوایی کرد، لە پاش خۆی دوو کچی بەجێهێشت بەناوەکانی (مینا و شەم)[٤٤].

---

[٤٤]– چاوپێکەوتن لەگەڵ سلاح سدیق مەعروف برای (د. حەمەئاوات)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

# حەمەئەمین محەمەد مارف (دکتۆر ئەمین)

لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە دایکبووم، خەڵکی گوندی (سەرزەل)ی ناوچەی قەرەداغم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ پەیمانگای تەندروستی بالام لە سلێمانی تەواوکردووە، پەیوەندی ڕێکخستنم لەگەڵ هەڤاڵ حەمەڕەزای مام برایم و دوای تەواوکردنی خوێندن ساڵێك دامەزرام لە ئەرکدا کارم ئەوەبوو پێداویستی پزیشکی بۆ شۆڕش پەیدا بکەم وەکو لەفاف، پەسەدین، مۆرفین، زایلۆکاین، بەنجی بەشەکی، بەنجی ددان و دەزووی دوورینەوە، دوای ئەوەی کۆماندەکردەوە، شەوان بە کۆڵ دەمانبردە گوندی داراغا، لەوێش هەڤاڵ حەمەئازاد دەیگەیاند بە دکتۆر ساجید، کە لێپرسراوی بەشی تەندروستی بوو لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، ئەویش بەسەر دکتۆرەکانی شۆڕشدا دابەشی دەکرد، هەروەها هەندێك جار هەندێك نەخۆشی هەبوو کە لە شاخ چارەسەر نەدەکرا، وەکو گرانەتا، تاقمی ددان، بەردی گورچیلە یان بریندارێك کە پێویستی بە شار هەبووایە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەهێنرایە شار ئێمەش لە ڕێگەی دکتۆر نەوزاد ساڵح ڕەفعەتەوە، کە پزیشکی نەشتەرگەری گشتی بوو لە نەخۆشخانە، دەمانگەیاندە لای پزیشك و دەمانشاردەوە، بۆ نمونە هەڤاڵ بەهزاد نەخۆش بووە، هێناومانەتە شار تا چاکبووەتەوە بە نهێنی لای ئێمە بووە، هەڤاڵ کەمال حەسەن کە لەسەر دەستی ملازم موحسین قاچی شکێنرا، بە نهێنی لای من بوو لە چواردە خانوودا شاردوومەتەوە تا چاکبووەتەوە و گەیاندوومەتەوە بە دەرەوە، هەروەها هەڤاڵ وەستا غەفوور بە سەختی بریندار بوو لای ئێمە بوو تا چاکبووەوە.

دوای تەواوکردنی خوێندن بڕیار بوو ماوەی دوو ساڵ دابمەزرێین و نەبین بە سەرباز، دواتر کردیان بە یەك ساڵ، من ئەو ساڵەشم تەواوکرد و ناوم لە سەربازی هاتەوە، بەڵام نەچووم و لە مانگی ١٩٨٣/١١ چوومەوە دەرەوە و چوومە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە، کە هەڤاڵ سەربەست و هەڤاڵ ئەنوەر دۆڵانی خزمم بوون لەوێ بوون چوومە لای ئەوان، گوتیان وەکو یاریدەدەری پزیشکی کار بکەن، لە گوندی کەسنەزان جێگیربووم، کە هاوسەر و سێ منداڵم هەبوو، بریندار و نەخۆشم چارەسەر دەکرد بێ جیاوازی، لە شەڕیشدا وەکو

مەفرەزەی پزیشکی دادەنراین، بۆ نمونە لە شەڕی گرتنی قەراغدا شوێنی ئێمە ژێر پردەکەی دەرەویان بوو، دوو خێمەمان دا بە هەردوو سەریدا تاکو فڕۆکە نەیبینێ، ئیدی هەر کەس بریندار بووایە دەگەڕایەوە لای ئێمە، هەروەها لە گرتنی زنجیرە چیای گڵەزەردە لە قەڵاسوورە بنکەمان دانا، هەر لەو ماوەیە لێپرسراوی مامۆستایانی شۆڕش بووم لەو سنوورە.

لەو ماوەیە هەڤاڵ ئازادی سەگرمە سەرتیپ بوو، هەڤاڵ هیوا باڕۆیی جێگر تیپ بوو، هەڤاڵ هۆشیار ڕەفعەت لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، هەڤاڵ سالار ڕابەر سیاسی بوو، دکتۆر جەبار دکتۆری تیپ بوو، سنووری تیپی ٥٧ لە ڕێگای ڤیری جافەران تا ڕێگای ڤیری بازیان بوو، سنووری تیپی ٥٣ لە ئاشداغ تا ئەوبەری مەیدان بوو، سنووری ٥١ لە ئاشداغ تا هەنارەی بناری سەگرمە بوو، سنووری تیپی ٥٥ لە ڕێگای ڤیری قەرەداغ تا دەربەندیخان بوو، تیپی ١٧ی زمناکۆ کە هەڤاڵ دلێر جاف سەرتیپی بوو دواتر بوو بە تیپێکی تر لە بناری شارەزوورەوە دەستی پێدەکرد.

هەرچی پێویستی پزیشکی بوو لەڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بۆمان دەهات، هەندێك جار ڕێکخستنەکان لە بەغدادەوە پەیدایان دەکرد، هەڤاڵ جەزا ئەحمەد بەشێکی زۆری دەرمانەکانی پەیدا دەکرد، ئێمە کەمتر جەولەمان دەکرد، چونکە شۆڕش بڕوای وابوو کە کادیری پزیشکی شەهید ببێت جێگەی پڕ نابێتەوە، وەکو پزیشك دکتۆر جەبارمان هەبوو، دکتۆر ساجید لە سنووری قازانقایە بوو، من لە سنووری کەرتی یەك و دوو بووم، دواتر ماڵەکەم گواستەوە بۆ تەنگیسەر، چونکە لە نێوان هەردوو کەرتەکە بوو، دکتۆر سالار لە کەرتی چواری جەباری، دکتۆر کاوان، دکتۆر حەسەن ئەحمەد، دکتۆر عەلی نەمەڵی، دکتۆر دارا فەتاح، دکتۆر چیا شەهید بوو، دکتۆر سالار لە دەشتی هەولێر شەهید بوو.

هەڤاڵ عەتا لە کەرتی چوار بوو، دواتر چووە شوێنی مامەڕیشە، چوار برای شەهید بوو، ڕۆژێك مار پێوەی دا، هەموو ساڵێك بۆ ماوەی دوو مانگ پێست بە برینەکەیەوە نەدەمان، من ئەو دوو مانگە دەمشاردەوە و چارەسەرم دەکرد، هەموو ساڵێك لە بەهاردا وای لێدەهاتەوە، لە شەڕی بازیان شەهید بوو، لە ڕووداوێکدا لە داریکەلی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە ١١ پێشمەرگە شەهید بوون، چەندینی دیکە بریندار بوون، هەندێك لە

برینـدارەکان دۆخیـان زۆر خـراپ بـوو زۆریـان شـەهید بـوون، ئـەوەی فریـا بکەوتینایـە دەماننارد بۆ نەخۆشخانەی سەرکردایەتی، لـە بۆردومـانێکی دیکـەدا ژنـی گونـدێك هـەردوو چاوی لە دەستدا هێنایان من هەندێك چارەسەرم کرد، بەڵام هەردوو چاوی تەقی بوو، هیچ هیوایـەکی نـەما، ئـەوەی پێمـان بکرایـە خزمـەتی گوندنشـینەکانمان نـەدەکرد، ئـەوانیش هەمیشـە خزمـەتی پێشـمەرگەیان دەکـرد، بیرمـە لـە چـالاکییەکدا لەگـەڵ کـەرتی یەکـدا دەرمانــەکانی نەخۆشــخانەی گــەڕەکی شــێخ عەباســی ســلێمانیمان بــرد، هــەموویمان لــە چارەسەری گوندنشین و پێشمەرگەدا تەواوکرد.

دوای ڕێکەوتنی بەرەی کوردستانی و هاتنی پ.د.ك بۆ سنوورەکانی ئێمـە، لقـی چـواری پ.د.ك لە گوندی کەسنەزان بارەگای دانا، هەر کاتێك کە برینداریان هەبووایە دەیاننارد بـە شوێنی مندا، منیش لە تەنگیسەر بووم، پرسم بە تیـپ دەکـرد و دەچـووم یارمـەتیم دەدان، پێشمەرگەیەکیان بە نـاوی هـەڤاڵ سـەرکەوت بریـندار بووبـوو، پارچـەیەك لـە میزەڵدانیـدا بـوو، مـن بـۆم دەرهێنـا و ڕزگـارم کـرد کـە دکتـۆر ساجیدیشـم لەگـەڵ بـوو، لـەو دۆخـەدا دەرهێنـانی پارچـەیەکی مـین لـە نـاو میزەڵدانیـدا بـۆ ئێمـە کـارێکی ئەسـتەم بـوو کەچـی کردمان، کە دواتر لە سوورێن شەهید بوو.

لە کیمیاباراندا سێوسێنان بۆردومان کرا، دواتر لە نێوان جافەران سەرکۆدا بۆردومـانی بارەگای حیزبی شـیوعی کـرد، کـە چووین هـەموو چاویان سـوور بووبـوو، گیـان سـووربوو، هەموو دەکۆکین، ئێمەش تەنها ئەترۆپیینمان پێ بوو، ئەوەی لە دەستمان هات کردمان، لەو ڕووداوە ژنێك و سێ مناڵی کە سەر بە حیزبی شیوعی بوون و خەڵکی بەسـڕەبوون پێکـەوە شەهید بوون.

بەو شێوەیە تا مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٨ مامەوە، منداڵەکانم بچوك بوون، لە ناو شـار خـۆم شاردەوە، خۆشم ڕادەست نەکرد، بەردەوام خـۆم دەشـاردەوە کـە دەیـانگوت ئـەمڕۆ پشـکنینە دەچووینەوە بۆ شاخ و لە دوو گوندا کە هـی پارتیزانـەکان بـوو خـۆمـان دەشـاردەوە، دواسـی دوو بۆ سێ ڕۆژ کە دۆخەکە هێور دەبووەوە دەگەڕاینەوە، هەموو جارێکیش لەگـەڵ خـۆمـان خواردن و هەویری ددان و وردە دەرمانمان لەگەڵ خۆمان دەبرد، ئەوەی لەوێ بـوو هـەڤاڵان (خالید، شێخ وەهاب، ئازادە ڕەش) ئیدی تا ١٩٩١ بەو شێوازە بـەردەوام بـووم، پـێش ڕاپـەڕین

شانەیەکی چالاك بووین و چەکیان پێداین و بەشداری ڕاپەڕینمان کرد، دوای ڕاپەڕین کە بەتالیۆنەکان دروست بوو من چوومە بەتالیۆنی ئاشداغ هێزی دووی قەرەداغ کە لە گوندی هەزارکانی بارەگامان دانا، هەڤاڵ ئەکرەم برای شەهید حەمەڕەش لێپرسراومان بوو، دوای ئەویش هەڤاڵ ئاسۆی شێخ تەها دانرا، منیش لێپرسراوی کارگێڕی و بەشی تەندروستی بووم، دواتر بوو بە لەشکر، لەوێش لێپرسراوی بەشی تەندروستی بوو، دواتر بوو بە میحوەر و لە تاسلوجە بارەگایان بۆ دانا و هەمان بەشیان بە من دایەوە، دکتۆر نەوزاد ساڵح ڕەفعەت لێپرسراوی بەشی تەندروستی پێشمەرگە بوو دوای ئەو دکتۆر محەمەد خۆشناو دانرا، کە فەرماندەییش پێکهێنرا من بەر فەرماندەی پێنجی دووکان کەوتم لەگەڵ هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی مامەوە تا خانەنشین بووم.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە من چونکە تاقانە بووم زوو هاوسەرگیریم کرد، کە چوومە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی سێ مندالم هەبوو بەناوەکانی (پەرۆش، ئاری، شکار، ئۆیلان)، دکتۆر ئەمین دەستی نووسینی هۆنراوەی هەیە، هەر بۆیە لێرەدا پارچەیەك لە هۆنراوەیەکی لەسەر داوای خۆی بڵاودەکەینەوە:

**تابلۆی زامەکان**

دێم بۆ دیدەنی پەڕموچی جوانی
کۆراڵی ڕەنگ و تێمای ڕووی کانی

بەکلی تابلۆ چاوێك دەڕێژم
دڵ ئاسودەبێ هەم سەری گێژم

سپی.. گەواڵە هەوری بێلەنگەر
سور.. گازیکردم بۆ بەرپێی سەنگەر

پەمەیی.. هێرۆی دا لەیەخەی چەم
سیا.. پەرچەمی ژینی پەژموردەم

لیمۆیی ..  نیگای کزی زەردەپەڕ
گەڵای پایزیی و گڤەی وەشتی تەڕ

شین.. گۆنای گۆم و ئاسمانی ساماڵ
جێ مستی مێرد و لاچاوی.. کەژاڵ

چێوەی مینرێژ بوو سنوری تابلۆ
کۆچی باڵندەی دوای شەختەی نسکۆ

دڵۆپەی.. ئاڵی خوێن ئەتکێ بە ڕیز
لە لێوی.. زامی هەناری پایز

لە شانۆی سروشت دوو کارەکتەر ون
نێگای شەنیەر و هۆرەی مازوچن

گزنگی.. خنکا و تەمتومانی ڕێم
مژدەی.. نارنجی نەهاتە بەرگوێم

کەسکی.. تۆزاوی کاکۆڵی.. چنار
قەوزەی ستەم و تەوێڵی.. هەژار

نەگۆنای ڕنراو نە قریشکەی ژن
نەکەوتە زوومی مینای کزی من

ئاسمانی خەونی خۆشبەختی تاڵە
ئەرخەوانی ون دوکەڵیی.. زاڵە

تەرازوی.. کەڤاڵ بۆ لای بۆر لەنگە
سروشت پاشماوەی شاری دوای جەنگە

ڕەنگی تراکێکی ئەنفالی بەدناو
کەلاوەی گوند و کارێزی.. خنکاو

دیدەم لە وێنەی دایکم تۆقیوە

تامرد نەیپۆشی ڕەنگی قریوە دکتۆر ئەمین[٤٥].

---

[٤٥]– چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین محەمەد مارف (د. ئەمین)، ٢٠٢٣/٢/٣.

## حەمزە عەباس عوسمان (دکتۆر هەمزە)

لە ساڵی ١٩٥٥ لە کەندیناوای هەولێر لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای تەندروستی باڵای تەواوکردووە، لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك پەیوەندی هەبووە و لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و بووە بە پێشمەرگە لە ناوچەی یەکی شۆڕشگێڕان سەر بە تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر، کە هەڤاڵ مام غەفوور و ماوەیەکیش هەڤاڵ سابیر ڕەسووڵ سەرتیپ بووە، ناوچەی یەکی شۆڕشگێڕان وەك دەزگایەکی گرنگی سیاسی لە کاری ڕێکخستنی دەکرد، جگە لەمە دکتۆر هەمزە لە بواری تەندورستیشدا لە خزمەتدا بەردەوام بوو، تا شەهیدبوونیشی هەر لەو سنووورە مایەوە.

دکتۆر هەمزە لە بواری ڕێکخستندا کارگێڕی ناوچەی یەکی شۆڕشگێڕان بووە، هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و هاوڕێکانییەوە دەرمان و پێداویستی تەندروستی بە دەست گەیشتووە، لە شەڕێکدا هەڤاڵ فاتیح مەلا قەرە بریندار بوو، دکتۆر هەمزە تەداوی و چارەسەری بۆ کرد، هەروەها هاوکاری گوندنشینەکانی دەکرد، لە ١٩٨٥/٤/٢٥ لە گوندی کەپەنەك ڕەش لە بناری چیای قەرەچووغ شەهید کرا[٤٦].

---

[٤٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کەمال عەباس عوسمان برای شەهید د. هەمزە، ٢٠٢٣/٢/٧.

# حەمید محەمەد ئەمین بەهرام (دکتۆر حەمید)

لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمانپەروەر لە دایکبووە، باوکی ئەو کاتە کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بووە، کاتێك تەمەنی پێنج ساڵان بووە باوکی دەستگیر دەکرێ، لە دوای کودەتای بەعسییەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هەڵمەتێکی فراوان ئەنجام دەدرێ چەند کرێکار و کاسبکارێکی کورد شەهید دەکرێن، سەدانیش دەستگیر دەکرێن، باوکی دکتۆر حەمید یەکێك بووە لەو دەستگیرکراوانە و ڕەوانەی زیندانی موسەیب دەکرێت، دوای ئازادبوونی لە پاش ساڵێك لە کارەکەی دەردەکرێت و دەست دەکات بە کاری کرێکاری، دکتۆر حەمید قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی لە شاری کەرکوك تەواوکردووە، پاشان دەچێتە شاری بەغداد بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای پزیشکی باڵا تەواو دەکات، هەر لە هەمان ساڵ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەکات.

پاش تەواوکردنی خوێندن و هەڵگیرساندنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران، ئامادە نابێت سەربازیی بۆ ڕژێمی بەعس بکات، پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و لە تیپی ٢١ی کەرکوك دەبێت بە پزیشك و پێشمەرگە، دکتۆر حەمید چونکە کەسێکی خوێندەوار و بە ئاگا دەبێت، سەرقاڵی خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن دەبێت، بۆیە هەر زوو لەناو جوتیارانی سنوورەکە و ڕیزەکانی پێشمەرگەدا وەك کادیرێکی خۆنەویست و دەم بەخەندە و نوکتەزان دەبێتە خۆشەویستی خەڵك و هاوڕێکانی، زۆر بەدەم کێشەی گوندنشینان و جوتیارانەوە دەبێت، وەکو پزیشکێکی گەڕۆك گوندنشینان چارەسەر دەکات و برینداران سارێژ دەکات.

هەر زوو لەبەر هۆشیاری دەکرێت بە ڕابەری سیاسی کەرتی سێ لە تیپی ٢١ی کەرکوك، لە گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا و لە کاتی پشووی پێشمەرگەدا، دکتۆر حەمید لە گوندی چیمەنی شەهیدانی سەر بە شاری کەرکوك دڵی دەچێت بە کچێکی شۆخ و شەنگی ئەو گوندە، ژمارەیەك لە هاوڕێکانی دکتۆر حەمید داخوازی بۆ دەکەن، کە بریتی بوون لە هەڤاڵان: سەید برایم چەمچەماڵی فەرماندەی کەرت، دلاوەری کوێخا شەریف، کاکل،

بەختیار، عاسی مام حسێن، ڕێبوار و چەند هاوڕێیەکی دیکەی، لە نەوروزی سالی ١٩٨٤، لە گوندی مەرزیخەی ژووروو ئاهەنگێکی قەشەنگی بۆ ڕێکدەخەن، تێیدا ژمارەیەك لە کەسوکاری و چەندین هاوڕێی ناوشاری و چەندین پێشمەرگەی هاوڕێی ئامادە دەبن.

لە دوای تێکچوونی گفتوگۆ و هەڵگیرسانەوەی شەڕ، ماڵی دەباتە گوندی دارئەختیار لە بناری خاڵخاڵان دەکرێت بە لێپرسراوی دارایی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، دوای ماوەیەك و لەسەر داوای خۆی، دەگوازرێتەوە بۆ بەشی سەربازی و وەك فەرماندەی مەفرەزە و جێگری کەرت، دوا پلەی جێگری فەرماندەی کەرتی یەکی قەڵاسێوکەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بووە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ ڕژێم لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری شاخی کەلکەسماق دەدات، بەمەبەستی پاراستنی دووکان وەکو شوێنێکی سەربازی گرنگ، هێزی پێشمەرگە بڕیاری پاکردنەوەی شاخەکە دەدەن و لە شەوی ١٠ لەسەر ١٩٨٧/١/١١ هێرش دەکەنە سەر چەند بارەگا و فەوجێك و دوو بارەگای سریە و دەیان سەنگەری ڕژێم پاککدەکرێنەوە، دەیان قوات خاسە دەکوژرێن و چەندینیان لێ بە دیل دەگیرێت، دوو دەبابە و چەندین ئۆتۆمبێل و چەك و تەقەمەنی دەستی بەسەردا دەگیرێت، ئەم داستانە بە خوێنی دکتۆر حەمید و پێنج پێشمەرگەی دیکەی قارەمان تۆمارکرا.

بۆ ڕۆژی دواتر تەرمی شەهید دکتۆر حەمید دەبەنەوە بۆ ماڵی باوکی لە گوندی مەرزیخەی ژووروو لە ناوچەی شێخ بزێنی، هەمان شەو پەخشانی خێزانی کە دووگیان بووە کچێکی دەبێت، بەڵام تەنها شەوێك دوای ئەوە لەتاو لە دەستدانی خۆشەویست و هاوسەری پەخشان ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات، کچە بچکۆلەکەشی بە ناوی (دیاری) بێ بەش لە سۆز و نازی دایکی و باوکی دەمێنێتەوە، تاکو لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١١ فڕۆکە مەرگهێنەکانی ڕژێمی بەعس بۆردومانی گوندەکە دەکەن، هاوڵاتیان دەچنە ناو پەناگە (کونە تەیارە)، دوای بۆردومانێکی چڕ فەرماندەی هەردوو تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخاڵان هەڤاڵ مەلا ئاراس شەهید دەبێت، هەروەها دوو برای شەهید دکتۆر حەمید بە ناوەکانی هەڤاڵ فەلاح و هەڤاڵ مەجید بریندار دەبن، پەناگەکەی ناو حەوشەی ماڵی شەهید دکتۆر حەمید بەر ڕۆکێت دەکەوێت و (دیاری) تەمەن سێ مانگ پەپوولەی ڕۆحی بۆ ئاسمان دەفڕێت و لە نێوان گۆڕی دایکی و باوکی بە خاکدەسپێردرێت.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا کارەساتەکانی ئەم خێزانە بەردەوام دەبن و لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٥ هەڤاڵ عەباسی برای شەهید دکتۆر حەمید لە ناحیەی پردێ بریندار دەبێت و لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ هەڤاڵ ئاسۆی برای بریندار دەبێت، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٤ هەڤاڵ عەبدولکەریم فەتاح شەهید دەبێت، کە دەکاتە خاڵی شەهید دکتۆر حەمید، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١ هەڤاڵ (عەباس) برای شەهید دکتۆر حەمید و دایکی بە ناوی (نەخشین فەتاح) و پورزایەکی بە ناوی (هیوا) شەهید دەکرێن و دەبنە نمونەی خێزانێکی قوربانیدەر و بەخشندە لە پێناوی خاکی کوردستان[٤٧].

[٤٧]– لە هەڤاڵ (عەمید ئاسۆ محەمەد ئەمین) برای شەهید دکتۆر حەمید وەرگیراوە، ٢٠٢٢/١٠/٢٨.

# حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر (دکتۆر حەیدەر منارەیی)

لە ١٩٦٦/٧/١ لە لە گوندی منارەی ناحیەی شەمامك لە دایکبووە، دەرچووی ئامادەیی برینپێچی کوڕان بووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ و لە کەرتی تیپ بووە بە پێشمەرگە و کادیری تەندروستی، کە شەهید هاشمی جیهاز بەرپرسی ئەو کەرتە بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.

بە پێی وتەی هاوسەنگەرانی دکتۆر حەیدەر یەکێك بووە لە پێشمەرگە خۆشەویست و خۆنەویست و خاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە هەمیشە دەم بەخەندە و ڕووخۆش بووە، هەروەها گەنجێکی ڕۆشنبیر بووە لە ڕووی دیسپلینی پێشمەرگایەتییەوە ورد و بەدیقەت بووە و لە بواری کارگێڕیدا سەرکەوتوو بووە، لە کاتی چالاکییەکاندا هەمیشە گوێی بە ماندووبوونی خۆی نەداوە و بەدەم هەڤاڵانییەوە چووە، بە وتەی هاوڕێکانی لە کاتی تۆپبارانیشدا باکی بە مردن نەبووە.

شایەنی باشە داستانی کونەکۆتر بە یەکێك لە داستانە پڕ سەروەری و سەختەکانی ئەو ڕۆژگارەی (ی.ن.ك) دەژمێردرێ، کە ڕژێمی بەعس بە هەموو هێز و توانایەوە هێرشی کردووەتە سەر قەندیل و کونەکۆتر، پێشمەرگە ئازایانە و قارەمانانە لێیان هاتووەتە دەست و وەڵامی ڕژێمی داوەتەوە و بەرگری کردووە، تەنانەت جاش و بەکرێگیراوەکانی ڕژێم گەواهییان بۆ ئەو نەبەردییەی پێشمەرگە داوە کە چۆن مەرگیان بە چاوی خۆیان بینیوە، لەو داستانەدا دکتۆر حەیدەر لە ئەرکدا نەبووە و لە پشوودا بووە، بەڵام کە بیستوویەتی هاوڕێ پێشمەرگەکانی ژیانیان لە مەترسیدایە خۆی گەیاندووەتە سەنگەرەکانی بەرگری تا هەم بەشداریی شەڕەکان بکات و هەروەها چارەسەری بریندارانی پێشمەرگە بکات،

بەڵام لەو داستانەدا و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٢ شەهید بووە و هەر لەوێ لە (شێخ ئایش) بە خاك سپێردراوە[٤٨].

---

[٤٨]– حەیدەر مەنتك: ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر.

## حسێن حەمەساڵح بورهان (دکتۆر حسێن تاڵەبانی)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی کەلکان دایکبووم، زستانان بۆ خوێندن دەچووینە کۆیە، هاوینانیش بۆ کار دەگەڕاینەوە گوندی کەلکان، براگەورەکەم ناوی میرحاج بوو ماوەیەك پێشمەرگایەتی کردووە، دواتر شێخ عەلی ئەندازیاری کشتوکاڵە لە ١٩٧٩ خوێندنی تەواوکردووە و چووەتە بارەگای هەڤاڵ مام جەلال و بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕشگێڕان، ماوەیەکیش دادوەری شۆڕش، پاشان بووە بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان لە گەرمیان، برای سێیەمم مامۆستا نەهرۆ، پاشان من و دواتر شێرکۆی برام کە کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری تەواوکردووە، پێنج خوشکم هەیە لە ساڵی ١٩٨٤ باوکم و دوو خوشکم لە گوندی کەلکان شەهیدکران، خوشکە گەورەکەم دایکی بێگەرد تاڵەبانییە.

زۆر جار بیر دەکەمەوە ئێمە چۆن لە گوندی کەلکان لەناونەبراین، چونکە پێشمەرگە لە ٢٠ کەس و ٣٠ کەس و ٤٠ و چەندین پێشمەرگە بریندارەکان لەماڵمان دەمانەوە، لە کاتێکدا بەرامبەر فیرقەی چواقووڕنە بووین، بۆ نمونە هەڤاڵ سەلاح چاوشین بە ٣٠ پێشمەرگەوە دەهات، هەڤاڵ ئازاد بە ٤٠ بۆ ٥٠ پێشمەرگەی بیتوێنەوە دەهاتە ماڵمان، هەڤاڵ ڕابەر و شەهید شەفیق بە چەندین پێشمەرگەوە دەهاتنە ماڵمان، ئەو ٢٠ پێشمەرگەیەی کە داستانی قوڕەبەرازەیان تۆمارکرد دوو هەفتە پێش ئەوە لە ماڵی ئێمە بوون.

قۆناغەکانی خوێندنم لە کۆیە تەواو کردووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم بە یەکەم تەواوکردووە، یەك خوێندکاری چووە کۆلێژی پزیشکی ئەویش من بووم، لە ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلێژی پزیشکی گشتی زانکۆی موستەنسریە وەرگیرام، لە ساڵی ١٩٧٩ لە سنوورەکەی ئێمە شەڕێك لە نێوان ی.ن.ك و سۆسیالیست ڕوویدا و چەندین برینداری لێکەوتەوە، ماڵمان لە گوندی کەلکان بوو لە بناری کۆسرەت هەرچەندە من خوێندکار بووم بێ جیاوازی برینداری هەردوولام چارەسەر کردووە، ١٩٨١ کۆلێژی پزیشکییم تەواوکردووە، دوای ماوەیەك مانەوە لە بەغداد، دواتر چووم بۆ هەولێر، لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢

بەشداری خۆپیشاندانەکانم لەگەڵ دکتۆر ئازاد عوسمان بەشداربووم، ژمارەیەك ڕێکخستنمان لە دەستگیرکردن ڕزگارکرد.

لە ساڵی ۱۹۷۸ پەیوەندیم کردووە بە ڕێکخستنەوە، بەڵام لە ساڵی ۱۹۸٤ چوومە دەرەوە بۆ ناو شۆڕش، چوومە نەخۆشخانەی سووورداش، دواتر چوومە سەرگەڵوو، دواتر چوومە بناری کۆسرەت، کە شەڕیش دەستی پێکردووە چوومە بنکەی کانی توو و مەرگە، بنکەی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە لە کانی توو بوو، بنکەیەکی تەندروستی لێ بوو کە من و دکتۆر شوان و دکتۆر سەروار و ژمارەیەکی یاریدەدەری پزیشکی لەوێ بوون، لەو شەڕانە ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار بوون لەوانە هەڤاڵ حەمەی فەرەج قاچی بەسەختی بریندار بوو هێنایانە لای ئێمە کە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی سێ بوو، لە کانی توو دکتۆر شوان قاچی بڕییەوە منیش یارمەتیم دەدا، هەروەها دکتۆر ڕەفیق حەمەجان بریندار بوو من خۆم تەداویم کردووە.

ئەوانەی دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوون و لە شۆڕش ناسیومن بریین لە: دکتۆر خدر مەعسوم، د. مەجید عەولا، دکتۆر هەژار عوسمان، دکتۆر شادومان، دکتۆر فائیق گوڵپی، دکتۆر شوان ئاکرێی، دکتۆر هەڵۆ (ئەدیب)، دکتۆر هەڤاڵ (ئیبراهیم)، شەهید دکتۆر هێمن، دکتۆر حەسەن هەڵەبجەیی، دکتۆر هێرش (بەرزان)، دکتۆر جەلال، دکتۆر دڵشاد (تاریق)، دکتۆر ناسیح قەرەداغی، دکتۆر حەسان (دکتۆر کەمال)، دکتۆر جەبار عەبدول، دکتۆر زریان (عەبدولڕەحمان)، دکتۆر شالاو و دکتۆر شێرکۆ محەمەد ساڵح، لەوانەی کە یاریدەدری پزیشکی بوون بریتین لە: شەهید دکتۆر ئاسۆ، شەهید دکتۆر هادی، شەهید دکتۆر کامەران، دکتۆر محەمەد (خەسرەو)، دکتۆر هیمداد، دکتۆر بەڵێن (شۆڕش)، دکتۆر نەبەز (نوری)، شەهید دکتۆر کاوە، شەهید دکتۆر ئازاد عوسمان، دکتۆر نەبەز (خالید)، دکتۆر غازی، دکتۆر ئارام (سەعدوون)، دکتۆر خالید محەمەد، دکتۆر ئاکۆ.

لە کاتی دانوستاندا چووینە سووورداش دکتۆرەکانی شۆڕش نزیکەی ٥٠ دینارمان وەردەگرت، بەردەوام سەردانی ماڵی هەڤاڵ مام جەلالم دەکرد، بۆیەکەمجار مەزهەری خالقیم لە ماڵی هەڤاڵ مام جەلال بینی، دوای شەهیدکردنی هەڤاڵ مامەڕیشە، هەڤاڵ مام جەلال زۆر تورەبوو، بارەگای لە سووورداشەوە بۆ سەرگەڵوو گواستەوە، من ماوەیەك

چوومەوە گوندی کەلکان دۆخی نەشەڕ و نەئاشتی هەبوو، کە شەڕ دەستی پێکردەوە من زیادبووم لەوێ مەڵبەندی دوو دکتۆری نەبوو، هەڤاڵ قادری حاجی عەلی هاتبوو بۆ لای هەڤاڵ مام جەلال پێی گوتبوو ئێمە لە مەڵبەندی دوو دکتۆرمان نییە، هەڤاڵ مام جەلالیش منی ناردە لای ئەوان

دواتر چووینە سەرگەڵوو لەوێ بنکەیەکی تەندروستیمان دانا و من بووم بە لێپرسراوی ئەو بنکەیە، دواتر دکتۆر شوان چەند دکتۆرێکی دیکە هاتن و لە بەرگەڵوو نەخۆشخانەیەکیان دامەزراند، لەوێ مامۆستا ساڵح و هەڤاڵ دلێری سەید مەجید لە بەشی دارایی بوون من هەر لە سەرگەڵوو بووم، چەند جارێکیش بۆردومان کراین، ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار بوون لەوانە هەڤاڵ حاکم قادر من تەداویم کرد، هاوکات دکتۆر حەسەن هەڵەبجەییم لەگەڵ بوو، چەند برینداریکی دیکەمان هەبوو لەوانە پێشمەرگەیەك کە خزمی هەڤاڵ ئازادی سەگرمە بوو، لەو ڕووداوە هەڤاڵ قادری حاجی عەلی چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵ ناردین و بریندارەکانمان بردە خوارەوە بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو کە دکتۆر شوان و دکتۆر هەڵۆی لێ بوو، پێشمەرگەیەکمان قاچی دکتۆر کامەران بریندار بوو گوتیان پێویستە ببیڕینەوە، من ڕازی نەبووم، گوتم با چارەسەری سەرەتایی بۆ بکەین و بینێرین بۆ ئێران، کە تازە پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروستکرابوو، لە کۆلێژی پزیشکی و لە نەخۆشخانەکانی شاریش زۆر ئامۆژگاری دەکراین کە پەنا نەبەین بۆ بڕینەوەی قاچ، ئیدی ناردمان بۆ ئێران و ڕزگاری بوو، دواتر ئەو بریندارە لە سنووری تیپی ٢١ی کەرکوك دەرمانخوارد کرا و شەهید بوو.

ڕۆژانە لە سنووری تیپی ٢٣ی سورداش و ٢١ی کەرکوك بریندارمان بۆ دەهات لەوانە هەڤاڵ پشتیوان حەسەن فەقیانە وەکو مامە ڕیشە ئازا بوو کە خەڵکی چەمچەماڵ بوو، دەستی بریندار بوو، گوتیان پێویستی بە بڕینەوە هەیە، من قایل نەبووم نزیکەی دوو مانگ خۆم تەدوایم کرد تا چاکبوویەوە، هەروەها هەڤاڵ شێرزاد حافز بریندار بوو جێگری هەڤاڵ مام ڕۆستەم بوو هەڤاڵ دڵشادی براشی لەگەڵ بوو لە ژێر دارێك شاردرابووەوە من ڕۆژانە دەچووم تەداویم دەکرد چارەسەرم کرد، لەو ماوەیە چەند جارێك لەگەڵ هەڤاڵ

قادری حاجی عەلی و هەڤاڵ شۆڕش ئیسماعیل جەولەم کردووە، بەم جۆرە لە ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ سنووری مەڵبەندی دوو مامەوە.

لە دوای مەڵبەندی دوو چوومە مەڵبەندی چوار لە لە ساڵی ١٩٨٨ چوومە ناوچەی سماقووڵی، هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ لێپرسراوی مەڵبەند بوو، مامۆستا بەکر لێپرسراوی دارایی بوو، مامۆستا چەتۆ و شێخ محەمەدی سەرگەڵوو، هەڤاڵ شێخ عەلی برام لێپرسراوی کۆمەڵایەتی بوو، لە نێوانی سماقووڵی و گرتك و سەروچاوە نەخۆشخانەیەکیان بۆ دروستکردم و چەند یاریدەدەرێکی پزیشکیم لەگەڵ دانرا، لەوانە دکتۆر هیمداد، دکتۆر محەمەد، دکتۆر بەڵێن و دکتۆر ئاسۆ، لە گرتنی تەقتەق هەڤاڵ فارووقی عەلی مەولوود بە سەختی بریندار بوو دوو بۆ سێ مانگ تەداویمان کردووە تا چاکبووەوە، لە تیپەکانی ٨٥ و ٨٦ و ٨٧ برینداری زۆرمان بۆ دەهات لەوان هەڤاڵ شەماڵ بریندار بوو چارەسەرمان کرد، لە سماقووڵییەوە دوو جار بە نهێنی چووم لە زیندان هەڤاڵ مەلا بەختیارم چارەسەرکردووە، زۆر جار بریندارانی کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتمان چارەسەرکردووە، زۆر جاریش ئێمە سوودمان لە دکتۆر ئارش بینیوە کە فارس بوو، لە سماقووڵی برینداری حیزبەکانی دیکەشم تەداوی کردووە لەوانە: سۆسیالیست وەکو سەید کاکە و مامۆستا سەعید و مامۆستا ئەمین حیزبی شیوعی وەکو حەمەی عائیشە گوڵوکە، ئیسلامییەکان وەکو مامۆستا سامان.

لە نەخۆشخانەی سەرگەڵوو دکتۆر ئاسۆم ناسی، کوڕێکی چوست و چالاک و زیرەک و وریا بوو، هاوکات زۆر قسەخۆش بوو، هەرچەندە بە جەستە لاواز بوو، من کردم بە هاوڕێی خۆم، زۆر ئازایانە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی سلێمانییەوە دەرمانی پەیدا دەکرد، ماوەی ساڵێک لە سەرگەڵوو بوو، دواتر گوتی من نامەوێ لێرە دابنیشم، بۆیە دەمەوێت بچمە ناو تیپەکان لەوانە تیپی ٢٣ی سووورداش بۆ لای هەڤاڵ بەرزانی ئەحمەد کوردە و هەڵۆی ئەحمەد کوردە، منیش کەرەستەی پزیشکیم بۆ پێچایەوە و ڕۆیشت، لە کۆتاییشدا لە نەخۆشخانەکەی سماقووڵی یەکمان گرتەوە، باری دەروونی کەمێک شێوابوو، هەموو جار دەیگوت من هەرگیز نامەوێت دەستگیربکرێم، بۆیە خۆم دەکوژم، منیش هەموو جار دەمگوت: "ئاسۆ گیان هەرگیز کاری وا نەکەیت" لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی ئەنفالدا لەلایەن هێزێکی جاشەوە ئابڵووقە دەدرێن، بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێت خۆی شەهید دەکات.

کە ئەنفال دەستی پێکرد ئێمەش پاشەکشەمان کرد بەرەو بناری قەندیل ماوەیەك لای مامۆستا نازم مامەوە، لەوێ تووشی مەلاریا بووم دکتۆر شالاوی لێ بوو پشکنینی بۆ کردم، لەوێ چوومە قاشمەڕەش و دواتر بۆ سەقز، دکتۆر مەنسوور و دکتۆر خالید لەوێ بوو، هەفتەی پێنج حەبیان دەدامێ تا چاکبوومەوە، دواتر ماوەی دوو مانگ هاتمەوە قەندیل بۆ ورە بەرزکردنەوە کە هەڤاڵ نەوشیروان دەینارینەوە لەوانە هەڤاڵان کوردۆ قاسم، مەحموود سەنگاوی، شەهید ڕێباز، سەفینی مەلال قەرە، ئاسۆ مامەند، عەبدوڵڵا بۆر، ٩٠٪ی پێشمەرگەکان لە دیوی ئێران بووین، لەگەڵ ڕاپەڕیندا چوومەوە کۆیە و بووم بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانی دەشتی کۆیە، هەر لە شاری کۆیە و لە دوای ڕاپەڕین ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ چوومە چوارقووڕنە و ڕانیە، لەوێوە چووینە قاسمەڕەش لەوێ هەڤاڵ مام جەلال و هێرۆخانیش هاتن، ئیدی بڕیارمدا بچم بۆ ئەورووپا چوومە ئۆکرانیا دواتریش هۆڵەندا پاشان خێزان و منداڵەکانم برد بۆ ئەورووپا[٤٩].

---

(٤٩)– چاوپێکەوتن لەگەڵ حسێن محەمەدساڵح بورهان (د. حسێن تاڵەبانی)، ٢٠٢٣/١/١١.

# خالید سەعدوون مستەفا (سیروان)

لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنم لە چەندین خوێندنگەی جیاواز تەواو کردووە، لە ڕێکخستندا لێپرساوی ڕێکخستنەکانی خەتی شۆڕشگێڕانی هەولێر بووم، لە ساڵی ١٩٨٧ ئامادەیی تەندروستیم تەواوکردووە و دواتر ئاشکرا بووم و بووم بە پێشمەرگە، لەوێ چوومە تیپی ٨٧ی قەرەچووخ و بووم بە دکتۆری تیپ، پێش من دکتۆر جەمیل (خالید) لەوێ بوو، هەروەها لەو تیپە دکتۆر حەیدەر و دکتۆر هەمزە لەوێ بوون، ئەوان شەهید بوون، بەشێکی دەرمانەکانمان لە نەخۆشخانەی شۆڕشەوە یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بۆمان دەهات.

تیپی ٨٧ی قەرەچووخ مام غەفوور سەرتیپی بوو، شەش کەرتی هەبوو لەگەڵ کەرتی تیپ کە هەڤاڵ هەندرێن لێپرساوی بوو، کەرتی شەش شەهید هاشم سەرتیپی بوو، هەروەها عومەر ناسر و دکتۆر ڕەشید لێپرساوی کەرت بوون، من هەم پێشمەرگە بووم هەم دکتۆری تیپ، هەم ڕێکخستنم بۆ شۆڕشگێڕان دەکرد، هەروەها بە چەکی کیمیایی بریندار بووم، لەو ڕووداوە دکتۆر جەمیل (خالید)م لەگەڵ بوو، قیناعەکەی خۆم دا بە دکتۆر جەمیل، لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ڕاپەڕین لە هەولێر بریندار بووم، جارێکی دیکە لە شەڕی براکوژی بریندار بووم.

بە گشتی کاری من چارەسەرکردنی برینداران بوو، بەپێی توانای خۆم چارەسەرم بۆ دەکردن، هەروەها هەندێك برینداری چەکی کیمیاییم چارەسەر کردووە، هەرچیشمان پێ بکرایە بۆ گوندنشینان دەمان کرد، دواتر ئەنفالی بەسەردا هات، دواتریش بووم بە پارتیزان، بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی خۆمانڕادەستکردەوە، لە ڕاپەڕینیشدا بەشداریم کرد، لە دوای ڕاپەڕینەوە وەکو کادیرێك دەستم بە کارکردن کردەوە، پاش ماوەیەك دەستبەرداری کاری سیاسی بووم و وازم لە هەموو شتێك هێنا[٥٠].

---

[٥٠]- چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەعدوون مستەفا (سیروان)، ٢٠٢٢/١٠/٢٧

# خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خدر (دکتۆر محەمەد)

لە ١٩٥١/٧/١ لە گوندی قەرەچناغەی ناحەی قوتەپەی دەشتی هەولێر لە دایکبووم، لە هۆزی نانەکەلیم، قۆناغەکانی خوێندنم بە گەورەیی تەواوکردووە، لە ساڵانی پەنجاکان باوکم کوێخای گوند بووە، ژیانمان بە کشتوکاڵ کردنەوە بەسەربردووە، باوکم هاوکات موختاریش بوو، ئەوکات حیزبی شیوعی بەهێز بوو، پ.د.ك حیزبێکی لاواز بوو، ئێمە تاکە ماڵەی پارتی ئەو گوندە بووین، کە ئۆتۆمبێلی کادیرانی حیزبی شیوعی بە تەنیشت ماڵماندا تێپەڕ دەبوو، جنێوی پێدەداین، ئێمەش بە جنێو وەڵاممان دەدایەوە، لە ساڵی ١٩٦١ بەشداری نەورۆزم کرد، شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتایدا بووە، ماڵی ئێمە بووە بنەگەی شۆڕش، شیوعییەکان چوونە پاڵ حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم.

لە ساڵی ١٩٦٣ کە حکومەتەکەی قاسم ڕووخا دۆخەکە خراپتر بوو، ئەو سەردەمە خەڵك بە وڵاخ و گوێدرێژ دەچوو بۆ شارەکان، بە جۆرێك لە هەولێردا حکومەت دەستی بەسەر وڵاخ و گوێدرێژدا دەگرت، خەڵکیش ناچار دەچوو ئالیك و ئاو بۆ گوێدرێژەکەی ببات، ئیدی حکومەت ڕۆژی تایبەتی بۆ سەردان (مواجهە)ی گوێدرێژ دانابوو، ئەو بڕیارانە لە سەردەمی حکومەتێکدا بوو پێی دەگوترا (حەرەس قەومییەکان).

لەسەرەتای شەستەکاندا حکومەت ژمارەیەکی زۆری پۆلیسی دامەزراند، کاتێکیش ژمارەیەکی پۆلیس بە نیزامی بە دووی یەکدا دەڕۆیشتن، دە تا پازدە هاوڵاتیش بە جلوبەرگی مەدەنییەوە بە دوویاندا دەڕۆیشتن، خەڵکیشی پۆلیسەکانیان بە گوێدرێژ لە قەڵەم دەدا و مەدەنییەکانیش بە جاش (بەچکە گوێدرێژ)، ئیدی لە ئەدەبیاتی سیاسیدا وشەی جاش لەوەوە بڵاوبوویەوە.

لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیم بە باڵی جەلالییەوە کرد، لە ساڵی ١٩٧٠ کە دانوستان هاتە کایەوە، هەردوو باڵ فەرمی یەکدیمان گرتەوە، تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بووم، لە ساڵی ١٩٧٤ کە دانوستان دوایی هات، بوومەوە بە پێشمەرگە، کە ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ هاتە کایەوە چووینە ئێران، کە لە ئێراتن هاتینەوە لەسەر سنوور دەستبەسەر کراین و بۆ باشووری عێراق و شاری

سەماوە ڕاگوێزرام، پێشتریش ئەرکی حکومیم هەبوو لەوێ لە شارەوانی دەستم بە کار کرد، لە ١٩٧٦ هەڤاڵ عەلی هەژار کە پێشتر سەر بە پ.د.ك بوو، هات بۆ لام گوتی دەزانی شۆڕشی نوێ هەڵگیرساوە، گوتم من لە ئێستاوە ئامادەم، دواتر سەردانی شارەکانی ناسریە و کوتم کرد، خەڵکە ڕاگوێزراوەوکانم دەبینی، ئیدی لە مانگی ٩ی ١٩٧٦ هەڵهاتم بۆ هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە کرد، دووبارە دەستم کردەوە بە خوێندن، هەر بە یاساغی پۆلی سێم تەواو کرد و لە شارەوانی هەولێر دامەزرام، لە خوێندنیش بەردەوام بووم، لە ساڵی ١٩٨١ ئامادەییم تەواو کرد و چوومە پەیمانگای تەندروستی هەولێر، ساڵی ١٩٨٢ بەهۆی چالاکی خۆپیشانەوە پەیوەندیم لە پێشمەرگەوە کرد، بەڵام هەڤاڵ شاخەوان گوتی ئێمە هیچ ڕێکخستنێکمان ئاشکرا نەبووە، بۆیە بگەڕێرەوە خوێندن تەواوبکە، ساڵی ١٩٨٣ پەیمانگام تەواو کرد، دواتر پەیوەندیم بە پێشمەرگەوە کرد لە دەشتی هەولێرەوە چوومە مەڵبەندی سێ، لەوێ کاری ڕێکخستنم دەکرد، لە ڕێکخستندا بووم بە ڕێکخەر.

لە ساڵی ١٩٨٦ لە دەشتی کۆیە بووم، هەڤاڵ سڵاح شینەم بینی کە فەرماندەی کەرت بوو، لە چەند کادیرێکی تەندروستی ناڕازی بوو، گوتی تەماشا ساچمەیەك لە سەرمدایە و چارەسەر نەکراوم، گوتی ئازاری وام لە ژیانم نەبینیوە، گوتم هەر ئێستا بۆت چارەسەر دەکەم، ئیدی بەنجم کرد، ساچمەیەك هێندەی نینۆکێك دەبوو لە سەری دەرم هێنا و ڕزگارم کرد، شەوێك دوو مەفرەزەی خۆمان تووشی یەکدی بوو بوون بە هەڵە تەقەیان لە یەکدی کردبوو، یەکێکیان هات بۆ لای من بە برینداری گوللەیەك بەر ئەژنۆی کەوتبوو، هەر لەوێ گوللەکەم بۆ دەرهێنا و تیمار و چارەسەرم کرد، هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و بە ڕێگەی ئێراندا دەرمانمان بۆ دەهات.

لە شەڕێکدا هەڤاڵ لەتیفە سوور بریندار بوو، شەو هێنایان بۆ لای ئێمە، دوای چارەسەر کردنی، ئێمە نوستین، شەو ئازار تینی بۆ دەهێنێت و لە کاتی خەودا لە جنێودانی ئەو بە ئاگاهاتین، کە جنێوی بە دایکم دەدا، دکتۆر حسێن گوتی وا جنێومان پێدەدا بچۆ دەرزییەکی ئازاری لێ بدە، چووم گوتم کاکە من دایکم کۆچی دوایی کردووە، دەستت پێی ناگات، لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ساڵی ١٩٨٦ برینداریکیان هێنا گوللەیەك بەر ڕانی کەوتبوو شکابوو لە دەورەبەری ئەندامی نێرینەی برینێك هەبوو ، برینەکەی زۆر گەورە بوو، بینیم وا دکتۆر

حسێن بە دەست مووەکانی بەملاولادا دەبات تا تیماری بکات، گوتم پەلە مەکە، تۆ گۆزێك لەسەر برینکەی دابنێ، ئیدی دەستم کرد بە تاشینی مووی هەر چوار دەوری ئەندامی نێرینەی و ڕانی و سمتی و هەموویم خاوێن کردەوە، ئەوەی مایەی پێکەنین بوو دکتۆر حسێن و نزیکەی ٣٠ پێشمەرگە بە دیارییەوە بوون، هەموو بە جۆرێك بێدەنگ بوو بوون، گوێم لە هەناسەشیان نەبوو، لە تاوی ئەوەی نەوەك لە کاتی تاشینی مووی دەوری ئەندامی نێرینەی بە هەڵە بیبڕم، ئیدی بە پێکەنینەوە بە گاڵتە بە پێشمەرگە بریندارەکەم گوتم: "لە بیرت نەچێت بەرتاشینێك قەرزاری منی"، ئیدی کە هەڵسام چەند پێشمەرگەیەك پەلەماریاندام گوتیان ئێمە بۆت دەتاشین، ئەو کەشە خەمبارییە و ماتەمان گۆڕی بە گاڵتە و پێکەنین.

ڕۆژێك هەڤاڵ یوسف تاهیر کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو، تەقەی لە هەلیکۆپتەرێك کرد و کەوتە خوارەوە، هەڤاڵ یوسف لەو ڕووداوە بە هۆی پارچە و ساچمەوە هێندە بە سەختی بریندار بوو بوو، ژماردمان ١١٤ برین بە لاشەیە بوو، ئێمە پێویستمان بە خوێن بوو، هەڤاڵ کۆسرەت لە دیاری بوو، گوتی خوێنی من بۆی دەبێ دوای دڵنیابوونەوە، خوێنم لە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ وەرگرت و پێمدا.

لە مانگی ١٩٨٧/٩ لە شەڕی بنەباوێ من لە بەشداری خولی کیمیایی گەڕابوومەوە، لە گوندی سێگردکان، لەگەڵ دکتۆر نەبەز چووین سەر لە مام غەفوور کە سەرتیپی ٨٦ بوو هەڤاڵ ڕێبازیش کە جێگری بوو لەوێ بوو شایەنی باسە هەڤاڵ ڕێباز سەرکردەیەکی سەربازی پارتیزانی ئازا و کوردپەروەر بوو، سەرقاڵ بروسکەرکردن بوو، گوتی دکتۆر محەمەد بەخێربێیت ئەوە هێرش لەسەر مەڵبەندە، چیمان بۆ دەکەیت؟ گوتم تکایە بەجێم مەهێڵن من دێم لەگەڵتان، ئیدی من ڕاسپاردەی کەرتێك کرد و لەگەڵیان بەرەو مەڵبەند بەڕێکەوتین و گەیشتینە گوندی کانی بی، کە سوپا گەیشتبووە ئەوێ، لەوێ شەڕ دەستی پێکرد، هەڤاڵ ڕێباز گوتی کێ فیشەکی گرداری پێ یە؟ گوتم من کە لە کۆی حەوت فیشەکدان پێنجیان گڕدار بوون پێم بوو، گوتی شوێنی خۆت جێگیر بکە، چونکە کە شەڕ دەستی پێکرد گەللەی هەموویان ڕوو لە تۆ دەکرێن، گوتم بێ خەمبە، ئیدی لەسەر شاخەکەوە دەستم کرد بە تەقە کردن لە هێزی حکومەت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی

پێشمەرگە لـە لایـەکی دیکـەوە دابـەزێت و سـەرنج نەچـێتە سـەریان، نزیکـەی دوو بـۆ سـێ فیشـەکدانم پێوەنـان ئیـدی هەرچـی چەکی دۆشـکە و RBG ڕوویـان تێکـردم، تـا لـە دواوە هەڤاڵ ڕیبـاز ڕایکێشـام و گـوتی بەسـە وەرە خـوارەوە کـارێکی باشـت کـرد پێشـمەرگەکان لـەو دیوەوە دابەزین.

ئیدی لە چیاکە دابەزین و لـە گونـدی کـانی بـی ڕۆڵـی پزیشـکم بـینی، هـەڤاڵ ڕێبـاز بـە جیهاز قسەی لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال کرد، باسی شەڕەکەی بـۆ کـرد گـوتی دکتـۆر محەمـەدم لەگەڵە، ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێش دەچین خەمت نەبێت، هەڤاڵ مام جـەلالیش زۆر هانی دایـن و دەستخۆشـی لێکـردین، ئیـدی بـە چیای بنەباوێـدا سـەرکەوتین، گەیشـتینە گوندی سەروچاوە کە نەخۆشخانەیەکی لێ بوو بینیم کەسی تێدا نییە، لەوێوە بەرەو کەرتی زینـدان چـووم و د، حسـێنم بـینی، زۆر بـەخێرهاتنی کـرد و گـوتی پێویسـتی زۆرمـان پێتـە، هەڤاڵ ڕێبازیش بە هەڤاڵ کۆسرەتی ڕاگەیاند ئـەوە دکتـۆر محەمـەدم بـۆ هێنایتـەوە ئـەویش زۆری پـێ خـۆش بـوو، ئیـدی خـەڵکی ئـەو گوندانـە بـە هێسـتر هاتنـە لامـان و گوتیـان ئێمـە ئامادەین و پشتیوانتان دەبین، فیشەك دەگەیەنین بە پێشمەرگە، بریندارێشتان بۆ دەهێنینـە خوارەوە، هەرواشیان کرد، کە شـەڕ هەڵگیرسـا بینـیم پێشـمەرگەیەکیان هێنایـە خـوارەوە، بـە پێی خۆی هات بۆ لام، گوتم کوێت برینـدارە؟ دەسـتی پیشـاندام، بینـیم تـەنها نینـۆکی یـەك پەنجەیەتی شین بووەتەوە، مەبەست لەمە ئەوە بوو کە ترسابوو خۆی لە شەڕ دزی بووەوە.

هەمان ڕۆژ پێشمەرگەیەك بە ناوی حەسەنە قوت کە سەر بە دەستەی هـەڤاڵ کۆسـرەت بـوو، پارچـە تۆپێـك بـەر شـانی چـەپی کـەوتبوو هـەمووی هەڵتەکانـدبوو، هـی ئـەوە نـەبوو بچێتەوە بەرەی شەڕ، هەرچەندە ئەوانەی هێنایان زۆر شپرز بوون، بـەڵام بریندارەکـە خـۆی بەو برینە قورسەوە زۆر ئاسایی بوو، گوتی وازم لێبێنن بۆم تـەدوای بکـەن و دەچـمە بـەرەی شەڕ چۆن دەبێت هـەڤالانم لـە شـەڕ بـن و مـن لێـرەبم، گوتمـان کاکـە ئـەو برینـە زۆر قووڵـە نابێت بڕۆیتەوە، کەچی ئەو ڕازی نەدەبوو.

لـەو شـەڕە دکتـۆر حسێن هێنـدە مانـدوو بـوو، دەمێـك بـوو نەخـەوتبوو، هێـزی لەبـەر بڕابوو، گـوتی مـن دەبێـت بنـووم. دەرزییـەکی خـەو کـە زۆر بـەهێز بـوو لـەخۆی دا و چووە

ئەشکەوتێك و خەوت، منیش تەنها مامەوە هێندەی نەبرد بینیم بریندارێکیان هێنا شەش کەسی لەگەڵ بوو، ساچمەیەکی تۆپ لە نێوچەوانی دابوو هەموو پێستی نێوچەوانی هەتا سەری و بۆ پشتی سەری لێکردبووەوە، ڕیش و سمێڵێکی زۆری هەبوو، گوتم پێویستم بە یەك کەسە هاوکاریم بکات، بریندارەکە هێندەی نەمابوو بە تەواوی لە هۆش خۆی بچێت، دەستم کرد بە تاشینی ڕیش و سمێڵی، دەستم کرد بە نەشتەرگەری کردنی نزیکەی دوو کاتژمێر و نیوم پێچوو هەموویم بۆ دوورییەوە، خاوێنم کردەوە و دەرزیم بۆ کرد و بەرەو باش بوون چوو، ئەو شەش کەسەی لەگەڵی بوون ئامۆزا و پورزای بوون لە دەرەوە وەستابوون، گوتم وەرنە ژوورەوە بۆ لای بریندارەکە، کە هاتنە ژوورەوە و دۆخی بریندارەکەیان بینی کە چەند باش بووەو و چیم بۆ کردووە بە هەر شەشیان منیان هەلگرت و هەڵیان دەدام بۆ ئاسمان، دەیانگوت چیت لێ بکەین! منیش دەمگوت: "دامنێن" ئیدی بە هیلاك چووم وازیان لێهێنام، گوتم کاکە ئەرکی خۆمە منیش وەك ئێوە پێشمەرگەم، دواتر داوام کرد دوو مریشکیان بۆ سەر ببڕن، ئیدی بە دەستی خۆم جگەری مریشکەکەم دەکردە دەمی بریندارەکەوە، کە هاوڕێکانی ئەوەیان بینی، گوتیان: ئیدی ئێمە چۆن خۆمان بە کوشتن نەدەین!

لەسەر چیای بنەباوێ ئارەزووم لەوە بوو تەقە بکەم، داوام لە پێشمەرگەیەك کرد BKCیەکەیم پێ بدات، گوتی تۆ جەماعەتی کێی؟، گوتم دکتۆری مەڵبەندم، گوتی جەماعەتی ئێمە نیت نایدەم بە تۆ، کەچی دەیدا بە هاوڕێکانی خۆی، ئیدی منیش بووە گرێ لەسەر دڵم، بۆ ڕۆژی سێیەمی شەڕ بریندارێکیان هێنا گولە بەر چاوی کەوتبوو، لە لای ڕاستەوە لە لوتی دابوو چاوی چەپی هاتبووە دەرەوە بینیم ئەو پێشمەرگەیەیە کە چەکەکەی پێ نەدام، منیش بە گاڵتەوە گوتم کاکە جەماعەتی ئێمە نییە لێرە هەڵیگرن و لای ببەن، سەری بەرزەوە کرد گوتی ئێستاش ناتدەمێ، ئیدی دەستم کرد بە چارەسەرکردنی گوتی دکتۆر چاوم ماوە؟ پێم نەگوت، گوتم بە دکتۆر زریان بڵێن ئەو دەزانێت، چونکە من نەدەویست ئەو هەواڵە ناخۆشەی پێ بڵێم، برینەکانی چواردەوری چاویم دوورییەوە و تەداویم کرد، زۆر داوایان کرد کە چاوی چی لێهاتووە، پێم نەگوتن، دواتر بە کەسێکیانم تێگەیاند کە چاوی لە دەستداوە، بەڵام بچن بۆ لای دکتۆر زریان.

لە كۆتایی شەڕدا برینداریكی دیكەیان هێنا پارچە بەر ڕانی كەوتبوو، وێران بوو بوو، ساچمەكە لە ناو ڕانیدا بوو، هێندە گەورە بوو هێندەی دەستێك دەبوو لە ناو ڕانیدا گیر بوو بوو، بەنجم بۆ كرد و ساچمەكەم هێنایە دەرەوە، موغەزیم پێدا و دوورینەوە و چارەسەرم بۆ كرد و گوتم بیبەن بۆ لای دكتۆر زریان، لە ڕێگا بینیبوویان دۆخی باشە نەیان بردبوو بۆ نەخۆشخانە بۆ لای دكتۆر زریان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو بریندارە شەهید ببێت، كە بەڕاستی زۆرم پێناخۆش بوو، چونكە بەهۆی كەمتەرخەمییەوە شەهید بوو، بە گشتی لەو شەڕە ٩ شەهید و ٣٦ بریندارمان هەبوو[٥١].

لە مانگی ١٩٨٧/٣ پرۆفیسۆرێكی ئەڵمانییان هێنابوو وانەی خۆپارێزی كیمیاییمان پێ بڵێتەوە، لە یاخسەمەر لە ماڵی هەڤاڵ مام جەلال، نزیكەی ٢٠ كەس دەبووین، وەرگێڕێكی فارسیشی لێ بوو، چونكە پزیشكێكی ئێرانیشی لێ بوو، سەرقاڵی توێژینەوەی مەیدانی بوو لەسەر كیمیایی جەنگ، ئێمە زانیاریمان لەسەر خۆپارێزی و خەڵك پارێزی و پشكنینی نەخۆش و جۆری چەكەكە وەرگرت، چەند دەرمانێكی تایبەتی دژە كیمیاییشمان وەرگرت، كە گەڕامەوە خولم بۆ كادیرانی تەندروستی سنوورەكەی خۆمان كردەوە، دواتر خولم بۆ پێشمەرگە و خەڵكیش كردەوە.

هەروەها چارەسەری نەخۆشی گوندنشینانمان دەكرد، ڕۆژێك گوندنشینێك چوو بوو بارە دار لە شاخ بهێنێت، ناوی غەفوور بوو، لەسەر هێسترەكە كەوتبوو، هێسترەكە بەسەریدا ڕۆیشتبوو، هێسترەكە بە تەواوی پێی لەسەر دەموچاوی دانابوو، زۆری پێناخۆش بوو لەوەی ڕووخساری بشێوێت، لوتی شكابوو، برۆی لەیەك بووبووەوە، كە دەتبینی لێی دەترسای، پێستی دەموچاوی داماڵابوو، دكتۆر حسێن منی ڕاسپارد كە چارەسەری بكەم. بە نەخۆشەكەم

---

[٥١]– شەڕی بنەباوێ لە ٧ - ١٩٨٧/٩/١٨ خایاند، كە سەرجەم تیپەكانی ٨٥ و ٨٦ و ٨٧ و ٩٠ و ٩١ و ٩٣ و مەڵبەند تێیدا بەشداربوون، بەسەركردایەتی هەڤاڵ كۆسرەت ڕەسووڵ بوو، كە خۆی لە مەڵبەندەوە سەرپەرشتی دەكرد، لە كۆتاییدا من وەك دكتۆری شەڕەكە ڕێزلێنانم وەرگرت، چونكە من لە دەرەوەی بازنەی شەڕ بووم هاتمەوە ناو بازنەی شەڕ واتە لە دەشتی شەرغەوە بۆ چیا، ئەمەش بە گەواهیدەری هەڤاڵ ڕێباز بوو.

گوت بێ خەمبە وەك پێشوت لێدەكەمەوە، لە دەزوویەكی زۆر باریك زۆر بە ڕێكی و وردی دووریمەوە، كە ئاوێنەم دایە دەست بریندارەكە بڕوای نەكرد، كە دكتۆر حسێن هات سەری لەو كارە سووڕما، دەرمانم پێ دا و پاش سێ ڕۆژ هاتەوە بە ئەستەم پێوەی دیار بوو، دووبارە تەداویم كرد و گوتم پاش دوو ڕۆژی دیكە دەزووەكە دەردەهێنم، كە هاتەوە دەزووەكەم بۆ دەرهێنا، هێندە بە جوانی چاك بوو بوو كەس بڕوای نەدەكرد، گرەوی ئەوەم كرد كە كەس هەست بەو برینداریيە نەكات دوای سێ ڕۆژ هاتەوە دكتۆر حسێن زۆر بە لایەوە سەیر بوو بەتەواوی چاك بووبووەوە.

لە ڕووداوێكی دیكەدا هاووڵاتییەك بە ناوی حەمەدەمین هاوكاری دەكردین، ڕۆژێك چوو بووە ڕاو فیشەك لە دەستی دەرچوو بوو بە ناو لەپیدا لەسەر دەستی دەرچوو بوو، كە هێنایان دەستی خۆی وێران كردبوو، نزیكەی پازدە ڕۆژ لای ئێمە بوو تا چارەسەرمان كرد، لە ڕووداوێكی دیكەدا لە مانگی ١٩٨٧/١ چەند پێشمەرگەیەكی ئیسلامییەكان تەرەكتەرەكەیان وەرگەڕابوو، ١٧ كەس بریندار بوو بوون، پێنجیان دۆخیان خراپ بوو، ئێمە چارەسەرمان كردن.

لە ساڵی ١٩٨٧ كە لە گرتنی تەقتەق گەڕاینەوە باسی چەك كرا، هەڤاڵ كۆسرەت گوتی دكتۆر دەمانچەت پێویستە یان كلاشینكۆف؟ بە گاڵتەوە گوتم خورمژ، واتە هەردووكیان، گوتی نابێت دەمانچە بۆ دكتۆر باشترە، گوتم پێش ئەوەی دكتۆر بم من پێشمەرگەم، لە شەڕدا ئێمە بە كلاشینكۆف شەڕ دەكەین، نەك دەمانچە، بۆیە كلاشینكۆفم بۆ شەڕ و دەمانچەم بۆ كاتی پزیشكی دەوێت بە قەدمەوە بێت، ئیدی كلاشینكۆفێكیان بۆ هێنام، بەڵام دەمانچەیان پێ نەدام، دوو پێشمەرگەی هاوڕێم بەڵێنیان پێدام لە شەڕەكانی داهاتوو كە دەست بەسەر هەر دەمانچەیەكی دوژمندا گیرا بۆ من بێت، شەڕێك هەڵگیرسا و تێیدا ئەو دوو هاوڕێیەم شەهید بوون، بە دەستی خۆم ناشتیانم، بۆ ئەوەی گوم ناو نەبن، ناوی هەر یەكەیانم لە كاغەزێك نووسی و لە شووشەی دۆشاوی تەماتەم دانا و خستمە ژێر سەریانەوە بۆ ئەوەی لە دواتردا بناسرێنەوە.

لە داستانی گرتنی سەری ڕەش ئێمە وەك تیمی تەندروستی چووینە نەخۆشخانەی بەرایی لە هەرسك و سولاوکێ، لەوێ نەخۆشخانەمان دانا، لەو گرتنەوەیە بەهۆی بەفر و باران ١٢ کەسمان شەهید بوو، پێشمەرگەیەکیان هێنا ناوی هەڤاڵ عومەر بوو، دەستم لێدا هەموو گیانی ڕەق بوو بوو، لەسەر شانم دانا و بردمە مزگەوتێك دەرزیم لێدا و پاش چەند کاتژمێرێك هۆشی هاتەوە، چەندین پێشمەرگەمان بەو جۆرە لە ڕەقبوونەوە ڕزگارکرد، دواتر چووم دوو داری گەورەی کاریتەم هێنا کە زۆر ئەستور بوون کردم بە ئاگرێکی زۆر گەورە، ئیدی هەر پێشمەرگەیەك دەهات جلوبەرگی خۆی دادەنا و خۆی و جلەکانی وشك دەکردەوە و دەڕۆیشت، ئیدی ئەو شەوە هەر کەس دەهات بەو جۆرە خۆیان وشك و گەرم دەکردەوە، ئیدی کە چووبوونە سوسێ هەڤاڵ کۆسرەت لێی پرسی بوون ئەوە چۆنە وا وشکن، گوتوبویان ئەو دکتۆر محەمەد ئاگرێکی گەورەی کردووتەوە هەموو وشك بووینەتەوە و خواردنیشی پێداوین.

لە ساڵی ١٩٨٨ کە هیران و نازەنین کیمیاباران کرا، پێشمەرگەیەك بەناوی هەڤاڵ کاروان کە فەرماندەیی کەرت لە تیپی ٩١ی سەفین بوو ناردبووی بە شوێنمدا بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگەیەکی بریندار بە کیمیایی، پێشتریش کە وانەی خۆپارێزیم بۆ خەڵك و کیمیایی وتبووەوە گوێیان پێ نەدابووم، کە چاویان بە من کەوت نزیکەی ٣٠ پێشمەرگە دوام کەوت کە چۆن خۆیان بپارێزین، گوتم بۆم ڕوون نەکردنەوە؟ گوتیان بەڵێ بەس کاتی خۆی گوێمان پێ نەدای، منیش لەسەر پشتی هێستر دەڕۆیشتم پێشمەرگەکانیش بەملاولادا دەڕۆیشتن و بۆم ڕوون دەکردەوە کە چۆن خۆیان بپارێزن، منیش چووم بریندارەکە لە گوندی کۆلکەڕەش بوو، بە ئەستەم هەناسە دەدا، گوتم خێرا ئاو بهێنن بیشۆن، کاتی خۆی لە خولەکە کاغەزی پشکنینی جۆری چەکی کیمیایی لە ڕێگەی هەناسەی بەرکەوتەوەکەوە ئاشکرا دەبوو چ چەکێکە چونکە بە هەناسەکە ڕەنگی کاغەزەکە دەگۆڕا، زانیم کیمیاییەکە سیانید و خەردەلە بوو، دەرزیم لێدا و موغەزیم بۆ هەڵواسی و پاش یەك کاتژمێر هاتەوە سەر خۆی، گوتیان دەیبەین بۆ لای دکتۆر زریان، گوتم ئەوە باش بووە، بەڵام ئەو دەرمانانە بەشی شەش کاتژمێر دەکات، ئەگەر دەیبەنەوە پێویستە لە ماوەی شەش کاتژمێر بیگەیەننە لای دکتۆر زریان، یان مەیبەن و با لای من بێت تا بە تەواوی چاکی دەکەمەوە، بریندارەکە مەدەنی

بوو، پێشمەرگە بووایە ڕێگەم نەدەدا بەو دۆخەوە بیبەن، بەڵێنیاندا بیگەیەنن بە دکتۆر زریان، ئیدی بەڕێکەوتن، کە چوون بە گوێرەی ئەوە دۆخی باش بوو، وایانزانی بوو تەواو ڕزگاری بووە، بۆیە بڕیاریان دابوو پێویست ناکات بیبەن بۆ لای دکتۆر زریان، ئیدی شەو بریندارەکە شەهید بوو، من بەو هەواڵە زۆر تێکچووم، چونکە دەکرا ڕزگاری بکەین.

لە دەستپێکی ئەنفال دوودا، وەکو کادیری تەندروستی من و دکتۆر مۆفەق مابووینەوە، شاڵاوێکی بەرکەوتەی کیمیایی ڕووی تێکردین، ئێمە پێویستی زۆرمان بە ئاو بوو دەبوو بیانشوۆین، نزیکەی دە ڕۆژ لەسەر یەك سەرقاڵی چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیایی بووین، لەو ماوەیە سەرووی هەزار کەسمان چارەسەر دەکرد، پێشمەرگەی کەرتی زیندانی لە هێنانی ئاو زۆر هاوکارمان بوون، چونکە دەبوو خۆیان و جلەکانیان بشۆین، هەموو شەوێك دوو بۆ سێ کاتژمێر دەنووستم، دەبوو خۆشمان بپارێزین، چونکە ئەگەری برینداربوونمان بە بەرکەوتنی ئەوان هەبوو، ئەوەشی دەهات بەپێی خۆی دەهات واتە لە بریندارە مەترسیدارەکان نەبوون، ئێمەش دەمان نارد بۆ لای دکتۆر زریان، ئەو خەڵکە زۆری مەدەنی بوون، خەڵکی سنووری مەڵبەندی دوو بوون، دواتر کۆمەڵێك کادیری بریندارانی کیمیایی حیزبی شیوعی هاتن ئەوانیشمان چارەسەر کرد، یەك لەو بریندارانە لە کەنەدا منی بینی و گوتی تا ئێستا من مەمنونی تۆم، تۆ نەبوویتایە دەمردم، ئیدی دواتر چووینە ئێران و لەوێ ماینەوە تا ساڵی ١٩٩٠ لەوێ مامەوە.

لە ژیانمدا دوو جار بریندار بووم، ئەویش لە شۆڕشی ئەیلولدا بوو، یەکێکیان بە ناوچەوانمەوەیە ئەوی دیکەی بە قاچمەوەیە، لە کیمیاییشدا نەمدەهێشت کاریگەریی لەسەرم دابنێت و خۆم لێی ڕزگار دەکرد، یەك جار بە سووکی لە بەرگەڵوو بەرکەوتم، لە ساڵی (١٩٩٠)ەوە چوومەتە کەنەدا، تا ساڵی ٢٠٠٥ هاتمەوە کوردستان و تا ٢٠٠٨ مامەوە، لەو ماوەیە پلەکەم ئەندامی مەڵبەند بوو، لە ٢٠٠٨ گەڕامەوە کەنەدا و ئێستا لێپرسراوی ناوەندی کەنەدای (ی.ن.ك)م، لە شاخ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە[٥٢].

---

[٥٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خدر (د. محەمەد)، ٢٠٢٢/٨/١٠.

# خەلیل عەزیز سالح عەباس (دکتۆر فەرهاد)

لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی گردەڕەشەی نزیك شاری هەولێر لە دایکبووم، خێزانم ناوی (عەتیە حەمەد ئیبراهیم)ە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە هەولێر لە دایکبووە، لە شاخ پێشمەرگە بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری هەولێر و لە گەڕەکی ئازادی تەواوکردووە، بەشی هیماتۆلۆژی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدادم تەواوکردووە.

پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگە ماوەی دوو ساڵ بەڕێوەبەری بانکی خوێنی هەولێر بووم، لە مانگی ١٩٧٨/٣ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ڕێکخستندا تا پلەی ئەندامی ڕێکخراو چووم، ئێمە پەیوەندیمان بە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و هەڤاڵ محەمەد بەداله هەبوو، لە ڕێکخستنەکانی ناو شاردا چەندین کاری سەرکێشی و مەترسیدارمان ئەنجامداوە، لە ساڵی ١٩٨١ بووم بە پێشمەرگە، لە نەخۆشخانەی شاخ لەگەڵ دکتۆر زریان لە نەخۆشخانەی سماقووڵی و نەخۆشخانەی گوندی خەتێ و نەخۆشخانەی گوندی مەلەکان دەستم بە کاری تەندروستی کرد، هەروەها چەند مانگێکیش لە سەرکردایەتی مامەوە، چونکە تەنها من بەشی زانیاری خوێنم دەزانی، واتە خوێن وەرگرتن و دیاریکردنی گروپەکانی خوێن، لەسەرتاسەری شۆڕشدا هیچ کەسێك نەبوو پسپۆڕی خوێنی تەواو کردبێت، هەروەها کاری وەرگرتنی خوێن و پێدانی خوێنم بۆ بریندارەکان ئەنجام دەدا.

لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شار و هەڤاڵانی خۆمانەوە دەرمانمان بە دەست دەگەیشت، بە تایبەتی کیشەی خوێن کە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، هەروەها پەیداکردنی قورس بوو، ڕێکخستنەکان ناچاربوون لە ڕێگەی پەیوەندی خۆیانەوە لە ناو نەخۆشخانەکان پەیدای بکەن، منیش کیسەی خوێنم بۆ بنکە و نەخۆشخانەکانی شۆڕش دەنارد، هەروەها وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد خۆم پێشتر لە نەخۆشخانەی هەولێر بەشی خوێن بووم، ئەوە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کیشە خوێنەکان بگات بەدەستی ڕێکخستنەکان.

لە ساڵی ١٩٨٧ فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس کاتی کیمیابارانی گوندی بالیسان و خەتێ و شێخ وەسانان، نەخۆشخانەکەمان لە گوندی خەتێ بوو، چەندین کاتژمێر لە پاش کیمیابارانەکە سەرقاڵی چارەسەر و تەداوی و ڕزگارکردنی بریندارەکان بووین، ئەو کادیرە تەندروستییانەی کە بەشدار بوون بریتی بوون لە: من، دکتۆر زریان، دکتۆر خدر، دکتۆر هەڤاڵ، دکتۆر محەمەد جاف، دکتۆر کارووخ و دکتۆر هەژار، پاشان من بە کۆڵەپشتەکەمەوە بەرەو گوندی بالیسان بەڕێکەوتم، کە گەیشتم گوندەکە چۆڵکرابوو، خەڵکەکەی بەرەو شاخ بەڕێکەوتبوون، ناچار بەرەو گوندی شێخ وەسانان کەوتمە ڕێ، کۆڵەپشتەکەم پڕ بوو لە دەرمان و کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی، لە ڕێگا تووشی پیاوێك هاتم بە ناوی خاڵە سەید مەجید کە باوکی هەڤاڵان سەید شۆڕش و سەید هێرش بوو، ئیدی دوای سڵاو پێکەوە بەرەو گوندی شێخ وەسانان کەوتینە ڕێ، بەدەم قسەوە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتین کە نزیکبووینەوە گوێم لە ناڵە و هاواری ژنێك بوو، منیش بەرەو دەنگەکە ڕامکرد و هاوارم دەکرد لە کوێی، گوتی نزیکم خێرتان دەگاتێ فریام بکەون، کە گەیشتینە لای ژنەکە لە ژێر سێبەری دار بەڕوویەك بوو، ژانی منداڵبوون گرتبووی، فریای کەوتم و منداڵەکەی لە دایکبوو، خاڵە سەید مەجیدیش هاوکارم بوو، لە خوێنبەربوون ڕزگارم کرد، چونکە دەرمانی پێویستم پێ بوو، پشتێنەکەی خۆم لە منداڵەکە ئاڵاند و قەمسەڵەکەی خۆم بە ژنەکە بەخشی، قەمسەڵەکەی خاڵە سەید مەجیدیشم دا بە منداڵەکەدا، پاشان ژنەکەم لە پشتی خۆم کرد و بە کۆڵ هەڵم گرت، خاڵە سەید مەجیدیش منداڵەکەی هەڵگرت، بردمانەوە ماڵەکەی خۆی، ئاگرمان کردەوە و خواردنمان بۆ دروست کرد و خزمەتمان کرد تا کەسوکاری لە شاخ گەڕانەوە، پاشان بە نیازی چارەسەرکردنی بریندارانی گوندی شێخ وەسانان کەوتینە ڕێ، ئێمە لە کارەکانمان هەمیشە سەرکەوتوو بووین، چونکە خزمەتی گەلەکەمان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی تۆپبارانێکدا ژمارەیەك شەهید و بریندارمان بەخشی، یەکێك لە پێشمەرگەکانمان ڕانی شکابوو، برینەکەی سەخت بوو هەڵدڕابوو، دەستم کرد بە پاکردنەوەی برینەکەی و سارێژکردنی بە هاوەڵی دکتۆر خدر، کەشوهەوا زۆر گەرم بوو، برینەکە کرمی تێدەدا، شوێنەکە نەخۆشخانەی مەلەکان بوو، دەبوو هەموو کاتژمێرێك پاك بکرێتەوە و تەداوی بکرێت، ناچار دکتۆر زریانمان ئاگادارکردەوە ئەوەیش سەری سووڕما کە دوای ئەو

چەند ڕۆژ هێشتا جۆرێك لە كرمی سەری دەردەهێنایەوە و زیادی دەكرد، ترساین لەوەی چارەسەری برینەكەیمان بۆ نەكرێت و شەهید ببێت، دكتۆر خدر بانگی كردم و گوتی بۆچوونت چییە ئەگەر سپرای مێش كوژ بەكار بهێنین و بزانین ئایا ئەو كرمانە دەكوژێت؟ منیش گوتم پێم باشە با بۆی بەكاربهێنین چونكە یان دەبوو دوایی بە كرمەكان بهێنین یان دەبوو دەستبەرداری بین تا شەهید دەبێت، بەڵام با پێشتر پرسی دكتۆر زریان بكەین چونكە ئەو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەكەیە، پێشنیارەكەمان پێ گوت، گوتی: ئەوە زەهرە بۆ كوشتنی مێش و مەگەزە، گوتم بەڵكو ببێتە هۆكاری ڕزگاربوونی، گوتی: بچۆ بەكاری بهێنە، من و دكتۆر خدر دەستمان كرد بە شۆردنی برینەكە و پاكمان كردەوە و سپراكەمان بۆ بەكارهێنا و هەموو كرمەكانی كوشت و پاكبووەوە، تاكو چاكبوویەوە، پاش هەفتەیەك ئەو برینداره و نزیكەی ٣٠ بریندارم بە سواری وڵاخ بەرەو ئێران برد، گەیشتمە نەخۆشخانەی قاسمەڕەش كە هەموو بەرەو ئێران بەڕێكەوتین، لە نەخۆشخانەی شاری ورمێ ئێران چیرۆكی چارەسەری ئەو بریندارەم بۆ دكتۆرەكان گێڕایەوە تووشی سەرسوڕمان بوون و گوتیان خودای گەورە لەگەڵ ئێوەدایە، گوتیان كۆبوونەوەیەك دەكەین و تۆش بانگ دەكەین تا چیرۆكەكە بگێڕیتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئێرانەوە خۆم گەیاندە توركیا و لە ساڵی ١٩٩١ خۆم و خێزان و منداڵەكانم گەیاندە كەنەدا و تا ئێستا لە وڵاتی كەنەدا دەژین، بەمجۆرە لە ژیانی پێشمەرگایەتی و پزیشكیمدا لە شاخ سەدان كاری تەداوی و برینپێچی و نەشتەرگەریمان ئەنجامداوە، كە ناتوانم ئەو چیرۆكانە بگێڕمەوە، هەروەها بیر هاتنەوەی ئەو ڕووداوانە كارێكی ئاسان نییە، لە ساڵی ١٩٨٤ ژیانی هاوسەرگیریم پێكهێناوە و چوار منداڵم هەیە، بە ناوەكانی (هەكار، هەڵمەت، هاوێر و كەنار)[٥٣].

---

[٥٣]– چاوپێكەوتن لەگەڵ خەلیل عەزیز ساڵح عەباس (د. فەرهاد)، ٢٠٢٢/٧/١٧.

## خدر مەلا مەعسوم مەلا خدر هەورامی (دکتۆر خدر مەعسوم)

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٣/٣ لەشاری کۆیە لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە قوتابخانەی سەرەتایی لەشاری کۆیە دەستی بەخوێندن کردووە و دواتر لە ساڵی ١٩٦١ چۆتە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە. لەهەمان ساڵدا بووەتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ بەهاتنی بەعس بۆ سەر حوکم و داگیرکردنی کۆیە دەبێتە پێشمەرگە و لەگەڵ باوك و خێزانەکەیان ڕوو لە شاخ دەکەن و بەدەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان میری و شۆڕش دەگەڕێتەوە کۆیە. لەهەمان ساڵدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەساڵی ١٩٦٥ قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات.

بەهۆی دۆخی نالەباری سیاسی کۆیە و دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ خێزانەکەیدا ساڵی ١٩٦٥ دەچنە بەغداد و لە خوێندنگەی (النضال) دەست بەخوێندن دەکات، لەساڵی ١٩٦٧ بە پلەیەکی بەرز تەواوی دەکات، بۆ خوێندنی زانکۆ ساڵی ١٩٦٧ دەچێتە وڵاتی میسر و لە فاکەڵتی پزیشکی زانکۆی قاهیرە دەست بەخوێندن دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی پزیشکی لە ساڵی ١٩٧٣ بەدەست دەهێنێت.

لەساڵی ١٩٧٣ دەچێتە ڕیزی شۆڕش و دەبێتە لێپرسراوی لقی ٢ی تەندروستی لە شێروانی مازن لە ناوچەی بادینان، لەدوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ڕوو لەبەریتانیا دەکات بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بەردەوام دەبێت لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال بۆ ڕێکخستن و هەڵگیرساندنی شۆڕش، بەدامەزراندنی ی.ن.ك لەگەڵ هەڤاڵانی یەکەم بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لە بەریتانیا بڵاودەکەنەوە و دەست دەکەن بە بەڕێکخستن و کۆکردنەوەی هەڤاڵان لەدەوری ی.ن.ك.

لەساڵی ١٩٧٥ لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال دەچێتە سووریا بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەمەش خوێندنەکەی بەجێدەهێڵێت. لەسەرەتای شۆڕش لەگەڵ هەڤاڵانی لە مەفرەزە سەرەتاییەکان دەگەڕێنەوە کوردستان، لەساڵی ١٩٧٧

دادەنرێت بە لێپرسراوی لقی هەولێری ی.ن.ك، لە ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی ٣ی ی.ن.ك، لەهەمان کاتدا لێپرسراوی بەشی تەندروستی و نەخۆشخانەی شۆڕش و سەرپەرشتیاری بەکارهێنانی ئێستگەی (دەنگی گەلی کوردستان) بووە. هەروەها سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ی کردووە.

لە ساڵی ١٩٨١ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی مەکتەبی سیاسی و پەیوەندییە نیشتمانییەکان و سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك، لە ١٩٨٢/٩/١١ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و بەیەکگرتنەوەی ی.ن.ك - هێڵی گشتی لەگەڵ ب.س.ك.

لە ساڵی ١٩٨٣ ئەندامی وەفدی یەکێتیی بووە لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال بۆ دانووسان لەگەڵ حکومەتی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ درێژەپێدان بە خوێندن دەگەڕێتەوە بەریتانیا و ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچی خاڵی (دکتۆر سیروان عەبدولواحید مستەفا) پێکدەهێنێت. لە ساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی دبلۆمی باڵای لە نەخۆشی (ناوچە گەرمەکان) لە زانکۆی لیڤەرپول وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٨٨ ماجستێری لە هەمان پسپۆری لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە سکوڵی پزیشکی زانکۆی لەندەن دامەزراوە، لەساڵی ١٩٩٦ دکتۆرای لە (جیناتی پزیشکی) لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە. لە هەمان کاتدا ئەندامێکی کارای ی.ن.ك بووە، چەند ساڵێکیش لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی دەرەوە بووە، لە زانکۆی کوین مەری و نەخۆشخانەی ڕۆیال لەندەن و سانت بارپملیو وەکو مامۆستا و لێکۆڵینەر و پزیشك تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ کاری کردووە، لە مانگی ٢٠٠٥/١٢ لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال کارەکەی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە کوردستان و بووەتە سەرۆکی زانکۆی کۆیە تا مانگی ئوکتۆبەری ٢٠١٤ بەردەوام بووە.

زیاتر لە ٦٥ لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری پسپۆڕییەکەی لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانیدا هەیە، لە هەمان کاتدا بە دەیان لێکۆڵینەوەی سیاسی هەیە لە بڵاوکراوەکانی ی.ن.ك و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، سەرپەرشتی دەیان نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرای کردووە، ٣ مناڵی هەیە بەناوەکانی (ژیلوان، ئالان و دانا)، ژیلوانی کچی ماستەری لە میدیا

لە زانکۆی لەنـدەن بەدەسـتهێناوە، ئـالانی کـوڕی بـەکالۆریۆس و دبلـۆمی بـاڵای لـە پسـپۆڕی نەخۆشیەکانی چاو لە زانکۆی لەنـدەن بەدەسـتهێناوە، دانـا وەکـو بـراکـەی بەکالۆریۆسـی لـە نەخۆشییەکانی چاو لە زانکۆی لەندەن بەدەستهێناوە،

پـاش تـەواوکردنی خوێنـدنی پزیشـکی لـە زانکـۆی قـاهیرە و تـەواوکردنی ئیقامـە لـە نەخۆشـخانەی قەسـرولعەینی لـە قـاهیرە لـە سـاڵی ١٩٧٤ گەڕاوەتـەوە بـۆ نـاو شـۆڕش و بـە سەرپەرشتیاری لقی دووی تەندروستی بادینان لە شێروانی مازن دانراوە. بـە هەرەسـهێنانی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥، لـە ڕێگـای ئێرانـەوە کـە بـە پاسـپۆرت و ڤیـزە هاتووتـە ئێـران، لـە ١٩٧٥/٣/٢٧دا گەیشـتووەتە لوبنـان. لـە بـەیروت هـەڤاڵ مـام جـەلالی بینیـوە کـە هێشـتا لـەو باوەڕە بوو شۆڕش بە یەکجارەیەکی نەڕووخاوە و بەرگری ماوە، پێی ڕاگەیانـدووە کـە هـیچ شتێك بە ناوی شۆڕش نەماوە و هەموو بارەگاکان تەقێندراوەتەوە یا سـوتێندراون، چـەك و جبەخانـە و چـەکی قـورس یـا ئێرانییـەکان بردویانەتـەوە یـا تەقێنـدراون، تەنانـەت ئێرانییەکان ئیزگەکەشیان بردووەتە نـاو ئێـران. دکتـۆر خـدر لـە ١٩٧٥/٣/٢٧ گەیشـتووە بـە حـاجی ئۆمـەران سـەردانی مەکتـەبی سیاسـی پـارتیی کـردووە، کـە سـامی سـنجاری و عـەلی عەبدوڵڵای لێ بووە، دەنگۆی ئـەوە هـەبوو، کـە سـنجاری دەمێنێتـەوە سـەرۆکایەتی شـۆڕش دەکات، دکتۆر خدر پێی ڕاگەیاندووە من ئامادەم بمێنمەوە گەر شتی وا هەیە؟ وەڵامی ئـەوە بووە: "ئەمە ڕاست نییە و من و کاك عەلی لە سەرکردایەتی پارتی مـاوین، سـبەی دەچینە ئێران و هیچ شتێك نەماوە".

دکتۆرخدر بە هەڤاڵ مام جەلالی ڕاگەیاندووە: کوردستان ئیستا پێویستی بە شۆڕشێکی نوێ و حزبێکی نۆیـە، دکتـۆر خـدر ئامادەیـە بـۆ هـەردوکیان و پێـی ڕاگەیانـد مـن دەچـمە قاهیرەوە و لەوێ بۆ لەندەن نیازی خوێندنی باڵام هەیە هەرکاتێ داواتان کردم بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان ئامادەم. لەوێ هەڤاڵ مام جەلال بـە دکتـۆر خـدری گوتـووە: "ئـەمڕۆ، هێـرۆم ناردوە بۆ تاران بۆ زانینی دەنگوباس".

بە دامەزراندنی یەکێتی دکتۆر خدر یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی لەگەڵ دکتـۆر لـەتیف ڕەشـید لـە بـەڕیتانیا بڵاوکردووەتـەوە. لـە مـانگی هەشـتی سـاڵی ١٩٧٥ لەسـەر داوای

هەڤاڵ مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەر چووەتە سوریا بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان.

دکتۆر خدر دەڵێت: لە سوریا ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەمان لە پێشمەرگە، ئەفسەر و کادیر زیاد دەبوو، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە، سووریەکان لەژێر ناوی ڕێکخراوی (منظمة الصاعقة الفلسطينية)، ئەو ڕێکخراوە سەر بە حیزبی بەعسی سووری بوو، ساڵی ١٩٦٦ دامەزرا. سەربازگەیەکی ڕاهێنانیان لە شوێنێکی نزیك لە دیمەشق بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی (التجمع الوطني العراقي) کردەوە بۆ خۆ ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی توانای سەربازی، لە سەدا نەوەدی بەشداربوانی خولەکە ئەندامانی یەکێتی بوون، کە ژمارەیان ٢٥٠ – ٣٠٠ پێشمەرگە دەبوو، دابەش بوون بە سەر دوو خولدا.

دکتۆر خدر درێژەی دەداتێ و دەڵێت: منیش ئارەزوم کرد بچمە لایان و شوێنێکی پزیشکی لە ناو سەربازگەکە دابنێم. دوو چادری تایبەتیان بۆ هەڵدام ؛ یەکێکیان بۆ چارەسەری نەخۆش و ئەوەی تریان بۆ حەوانەی خۆم، نەقیب ئیبراهیم عەزۆ نوێنەری پێشمەرگەکانی یەکێتی بوو. ئەندامەکانی تری (التجمع الوطني العراقي)، هەر حیزبە نوێنەرێکی خۆی دانابوو. ڕۆژانە مەشقی توانای جەستەیی و عەسکەرییان پێ دەکرا. نەخۆشخانەیەکی بچوکم دانا بۆ چارەسەری نەخۆشەکان و تەنانەت ئەو سوریانەی لەوێ کاریان دەکرد لە ئەفسەرو سەربازەکان منداڵیشان دەهێنا تا چارەسەریان بکەم، دەرمان و کەرەسەی پزیشکیم لە نەخۆشخانەی ڕێکخراوی الصاعقة لە دیمەشق دەهێنا. لە ڕووداوە خۆشەکانی ئەم دەورەدا؛ پێشمەرگەیەکی بەتەمەنی ئێزیدی بە ناوی (خاڵە سیدۆ)، کە لەگەڵ شێخ حسێنی بابە شێخ بوو، لە کاتی مەشقکردندا داوا لە بەشداربووان کرا، کە بچەمێنەوە و پەنجەیان لەسەر زەوی دابنێن و لە دەوری خۆیان بسوڕێنەوە، خاڵە سیدۆ پێی نەدەکرا و ڕەتی دەکردەوە ئەو کارە بکات، دەیوت: کە دوژمن هاتە سەرم پێی دەڵێم ڕاوەستە تا چەند خولەکێك لەدەوری خۆم دەسوڕێمەوە، ئەو کات شەڕ دەسپێدەکەین.

هەروەها دەڵێت: لە شام وردە وردە کەرەسەی نەشتەرگەری دەرمانم کۆ دەکردەوە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بە هۆی برادەرانی دەرەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە

لەوانە هەندێ دەرزی بەنج و ئارامکەرەوە بۆ کاری نەشتەرگەری ، ئەوەش ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی سوریای دەویست، مام جەلال نامەی بۆ قیادەی قەومی نووسی ئەوانیش بۆ وەزیری تەندوستی، پێداویستییەکانم وەرگرت، شەوێکیان فەرهاد شاکەلی لە قامیشلۆوە گەیشتە شام، توشی ڕیخۆڵەکوێرە بووبوو، دۆخی زۆر خراپ بوو، بردمە نەخۆشخانەی زانکۆی دیمەشق، شەو درەنگ بوو دکتۆرێکی نەشتەرگەریم بینی وتی: ناتوانم نەشتەرگەری بۆ بکەم تەنیا خۆم لێرەم سبەی نەشتەرگەری بۆ دەکەین. لەپێشەوە خۆم پێناساند و وتم دۆخی زۆر خراپە تاسبەی مەترسی تەقینی هەیە من شارەزایەکی باشم لە نەشتەرگەری ڕیخۆڵەکوێرە هەیە گەر ڕازی بێت من دەیکەم تۆ یارمەتیم بدە یا تۆ بیکە من یارمەتیت دەدەم. دکتۆری بەنجی پەیدا کردوو من یارمەتیم دا بە سەلامەتی نەشتەرگەریەکەی بۆ کرا.

دواتر دەڵێت: لە شام زۆربەی هەڤاڵان و ئەوانەی خێزاندار بوون سەرپەرشتی تەندروستیم دەکردن، تەنانەت لە باڵەخانەکەی لێیدەژیام دراوسێکانم دەهاتنە لام بۆ چارەسەر بە گوێرەی توانا یارمەتیم دەدان، تەنانەت دۆستانی یەکێتیش، لەوانە بیرمەندی گەورەی نەتەوەکەمان مامۆستا مەمدوح سەلیم بەگ وانلی (١٨٩٧ - ١٩٧٦) یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خۆیبوون لە ساڵی ١٩٢٧ دا. نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو لە لەشی بڵاوبووبووەوە، هەفتەی چەند جاری دەچومە لای و دەرمانم بۆ دەبرد و ئاگاداری بووم، خێزانەکەی جەزائیری بوو منداڵیان نەبوو، ڕۆژێ لەلای بووم وتی: واپێدەچێ دوا ڕۆژەکانم بێت ئارەزوومە پەرتووکخانەکەم، کە ژمارەیەکی زۆری پەرتووك و دۆکۆمێنتی هەبوو، بیدەمە کورد، تۆش باشترین کەسی ببیە خاوەنی پەرتووکخانەکەم، لە سبەیەوە لۆریەك پەیاکە و هەمووی بۆ خۆت ببە، وتم ئینشائەڵڵا تەمەنت درێژ دەبێت، بە برادەرانم وت کە پەرتووکخانەکە ببەین و هەندێك پارەیان بدەنێ، ئارەزووم نەکرد بێ بەرامبەر پەرتووکخانەکەم لێوەرگرم، بەڵام ئەوکاتە پارەیەکی وا لەبەر دەستان نەبوو، پاش چەند ڕۆژێ کۆچی دوایی کرد وخێزانەکەی داوای پارەیەکی خەیاڵی دەکرد.

لە قامیشلۆ نەقیب ئیبراهیم عەزۆ و هەڤالانی، یەکەم دەستە بوون گەڕانەوە، کە بە داخەوە لە شەڕی ناوخۆدا زۆربەیان شەهید بوون. هەموویان خەڵکی ناوچەی بادینان بوون تەنیان فوئاد مەلا مسڵح خەڵکی کۆیە بوو، شارەزاییەکی باشی هەبوو لە بۆمبڕێژی. دەستەی دووەم بەهۆی کارەساتی لەناوچوونی دەستەی یەکەم دواکەوتن. دواتر بڕیاردرا، کە دەستەی دووەم لە مانگی ١٩٧٦/١٢ دەست بە گەڕانەوە بکەن. بە سەرپەرشتی هەڤاڵ نەوشیروان. منیش داوام کرد لەگەڵ ئەم دەستەیە بگەڕێمەوە لەگەڵ ئەوەی هەڤاڵ مام جالال ئارەزوی دەکرد لەگەڵ دەستەی سێیەم لەگەڵ خۆی بمێنمەوە. لە دێرك لە ناو بارەگاکەماندا، شوێنێکی پزیشکیم دانا، خەڵکی شارەکە ڕۆژانە دەهاتنە لام، لە جیاتی ئەوەی بچن بۆ نەخۆشخانە و نۆرینگەی تایبەتی، ئەو کات دکتۆری عێراقی لە وڵاتەکانی دراوسێ زیاتر باوەڕپێکراو بوو.

لە کاتی پەڕینەوە بۆ ناو تورکیا بۆ سنووری عێراق شەوی ١٩٧٦/١١/٢٧ بە شەڕێکی قورس لەگەڵ جندرمەی تورکی و بەکارهێنانی ڕەشاش بە سەلامەتی لە سنوور پەڕینەوە بۆ ناو خاکی تورکیا، تا کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆیشتین گەیشتینە گوندێك، لە گوندەکە پێیان ڕاگەیاندین مانەوە لێرە مەترسیدارە، وا باشترە بچنە هاوینە هەوارەکەمان، کە لەسەرووی گوندەکەیە، چۆڵ و باشترە، گوندەکە لەترسی شەڕو پێکدادان ویستیان، کە زیاتر لە نێویان دوور بکەوینەوە. هاوینە هەوارەکە پێکهاتبوو لە ٧ خانوی چۆڵ، زیاتر شوێنی مەڕومالآت بوو. زۆر هیلاك بووین، هەر کەسەی لەسەر زەوییەکە لەسەر قشپلان ڕاکشاین و پاسەوانی دانرا. لە کاتژمێر هەشتی بەیانی پاسەوانەکان ڕاستیان کردینەوە، کە جندرمە بەرەو گوندەکە دەڕۆن، ئەوەندەی پێ نەچوو، یەحیا لە گوندەکەوە بە سواری هێستر هات، کە هەندێ خواردنی بۆ هێنابووین، وتی: جەندرمەکان لێتان دەگەڕێن، پێیان وتبوون: ژمارەیەکی زۆر لە سنوورەکە پەڕیونەتەوە، ئەوانە قاچاخچی نین و چەکی قورسیان پێیە و بە دوا شوێنیان کەوتوین. بەپەلە بەرەو چەند گردێکی شوێنەکە ڕامان کرد و خۆمان ئامادەکرد بۆ شەڕکردن. خەڵکی گوندەکەش ڕێگای هەڵەیان نیشان دابوون، جەندرمەکان بەرەو خوار ڕۆیشتبوون. شوێنەکە باش نەبوو بۆ شەڕکردن، بۆیە کۆبوونەوەکی بەپەلە کرا لە نێوان کادیرەکان، بڕیارمان دا بچینە سەر گردێکی نزیك ئەم شوێنە، کە گردێکی بڵند

بوو، دەمانتوانی شەڕی لێبکەین تا تاریك دادێ و شەو دوبارە بپەڕینەوە بەرەو سوریا، لە جیاتی ئەوەی بچینە قووڵایی تورکیا، کە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو لەو دەشتاییە لەگەڵ هێزی تورکیا بکەوینە شەڕەوە. بەپەلە بەسەر گردەکە کەوتین، زۆر ماندووبووین، کە نزیکەی هەشت کاتژمێر ڕۆیشتبووین، نانی نیوەڕۆمان نەخواردبوو و ئاوی مەتارەکانمان چکی کردبوو. لە سەری گردەکەوە سنووری سووریا و تورکیا بەدی دەکرا. هێشتا سنوورەکە نزیك بوو لێمان، کە هەموو ڕۆیشتنەکەی شەومان هاوتەریبی سنوورەکە بوو. پاش نیوەڕۆ ژنێکی بە ساڵاچوو بە هانکەهەنك بەسەر گردەکە دەکەوت، هەرکە گەیشتە لامان، وتی: زانیم ئێوە چەتەن، هەندێ خواردن و ئاوم بۆ هێناون، ڕەنگە برسی و تینووبن. پیرێژنەکە بەردەوام بوو لە قسە کردن، وتی: ئێوە چەتەی تورکیان یا چەتەی عێراقن؟ وتمان: چەتەی عێراقین، کە هێشتا لە تورکیادا چەتە ڕێزی تایبەتی خۆی هەبوو، بە جیاواز لە کوردستانی خۆمان، کە ئەم ناوە ئەو ڕێزەی نەمابوو، کە لە سەردەمی شیخ مەحموددا چەکدارەکان پێیان دەوترا، چەتە، کە شوێنی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵك بوو، دوایی وای لێهات بە بێزەوە تەماشای ئەم وشەیە دەکرا. پیرێژنەکە نان و پەنیر و دۆی بۆ هێنابووین، وزەیەکی باشی پێداین، لە جیاتی دڵسۆزی ئەم ژنە ویستم پاداشتێکی بکەم و پێم وت: خۆ نەخۆش نیت؟ من دکتۆرم تا چارەسەرەت بکەم، وتی من هیچم نییە و باشم، بەڵام بووکەکەم نەخۆشە و لە خوارەوە لەناو کێڵگەکەیە، ئێستا دەچم دەیهێنم. من جگە لە چەکی کلاشینکۆف و شەش فیشەکدان ئەمانەشم پێ بوو: مەتارە و ڕادیۆ و کۆڵێکی پزیشکی و کامێرایەك لە جۆری زینەتی ڕووسی قورسم پێ بوو، کە کاتی خۆی لە ڕووسیا پێشکەشی هەڤاڵ مام جەلالیان کردبوو، ئەویش پێشکەشی منی کرد، کە تەنیا کامێرە بوو لەنێوماندا، بە کۆی گشتی زیاتر لە بیست و پێنج کیلۆم لە کۆڵ بوو، ئەوەش لە ڕۆیشتندا زۆر هیلاکی کردبووم، لەبەر ئەوە لە گشتیان تووڕە بووم، پاساویان بەوەی دەهێناوە، کە خۆیان پێوستیان بە یەکێکە لە کۆڵیان بکا، تەنانەت هەڤاڵ نەوشیروان وتی: لەسەر ئەو گردە وەکو جیڤارا بکە، شەق لە هەگبەکە بدە و تەنیا چەکەکە هەڵگرە. وتم: (کە برینداربووی ئەو کات ئەو بینمەوە). لە ناو هەگبەکەمدا جگە لە دەرزی و دەرمان پێداویستی نەشتەرگەری زۆرم هەڵگرتبوو، بۆ کارکردن لە بارەگا و دانانی نەخۆشخانەیە ك، بۆیە ئەو کەرەستانەی کە

پێویست نەبوو بۆ ڕێگا، بە قاچاخچییەکاندا ناردمنەوە جەزیرە و پێم ڕاگەیاندن، کە گەیشتینە سەر سنوور بۆم بهێننەوە، دەنا بۆم بەرنەوە بارەگای یەکێتی لە دێرك. ئەوەی باش بوو، توانایەکی باشم هەبوو لە ڕۆیشتن، ڕەنگبێت من گەر لە هەمویان باشتر نەبووبم، ئەوە لە زۆربەیان باشتر بووم. لە خوارەوە پیرێژن لەگەڵ بووکەکەی بەسەر گردەکە هەڵدەگەڕان، پێم وتن: بەسەر مەکەون، من دێمە خوارەوە، پاش پشکنین بە هەندێ دەرزی و دەرمان چارەسەرم دانێ. زۆر دڵیان خۆش بوو، پیرەژن وتی: ناڤێ تە چییە؟ وتم خدر، نزایەکی زۆری بۆ کردم، ڕەنگ بێت هەر نزای ئەو بوو بێت، کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوم، زۆری لە برادەرە نزیکەکانم کە پێکەوە بووین شەهید بوون. لە عەسرەوە تا درەنگانی شەو بە ڕێگاوەبوین، تا گەیشتینە ئەو شەقامەی دەچێ بۆ شاری شەرناخ و لەسەر کانییەك ئاگرمان کردەوە، کە زۆر سەرمابوو، زۆربەیان تاقەتی ڕۆیشتنیان نەمابوو، خەواڵوبوون. هێشتا ئەو شوێنە شوێنێکی سەلامەت نەبوو هەروەکو ڕێنیشاندەرەکە پێی وتین، بەڵام وزە لێرەدا نرخی دیارە، کە لەناو هەگبەکەمدا ژمارەیەکی باش حەبی ئەمفیتامینم (Amphetamine) پێ بوو، کە کار دەکاتە سەر مێشك و هەندێ مەوادی کیمیاوی دەردەدا یارمەتی بەئاگابوون و نەخەوتن دەدات و هەندێ توانات دەداتێ و ئارەزووی خواردنیش کەمدەکاتەوە. جگە لە خۆم و سەید کەریم گشتیان حەبەکەیان خوارد، کە پێم وتن ئەم حەبە نایەڵێت بخەون و وزەتان دەداتێ. نەمدایە سەید کەریم لەگەڵ ئەوەی داوای کرد، سەید کەریم توانای ڕۆیشتنی زۆر باش بوو، بۆ سەلامەتیش باشتر بوو، کە هەردوکمان بە ئاگا بین. پاش کاتژمێرێك پشوودان وتم: دەست بە ڕۆیشتن بکەن، کە وەختی کارکردنی دەرمانەکەبوو، ئەوانیش بە گڕووتینەوە دەستیان بە ڕۆیشتن کرد، دەتوت پاپا (papa)ی فیلمی کارتۆنی منداڵانن، کە سپێناخەکە دەخوات و وزە وەردەگرێت. ماوەیەکی باش ڕۆیشتین هەر وزەیەکی لە لەشیاندا هەبوو بەکار هات، کە ئەو کاتە بوو لێی دەترسام، کە سەرووی توانای لەش بەکاربێت و دەرمانەکەش کاری نەمێنێ و هێندەی تر لەشیان هەست بە ماندووبوونێکی زۆر بکات، لەوانەیە توشی گێژ بوون و ڕشانەوەو سگچوون ببن. ژمارەیەکیان دەستیان کرد بە ڕشانەوە، کە چاوەڕوانم دەکرد، بەڵام ڕێگای تر نەبوو، کاتژمێری ٣:٣٠ گەیشتینە گوندی سەرئاڤ و لە شوێنی مەترسی ڕزگارمان بوو.

ئێوارەی ١٢/٣ پاش نۆ کاتژمێر بەڕێوە بووین گەیشتینە نزیك گوندەی (بلکێ)، ئەم گوندە زیاتر سەر بە قیادەی موەقەتە بوون، لەو ناوچانەدا پڕوپاگەندەیەکی زۆریان لە دژمان کردبوو، تا نزیك تر دەبووینەوە لە سنووری عێراق نفوزی قیادەی موەقەتە زیاتر دەبوو. لە گوندەکانی سنوور کارێکی زۆر کرابوو لە دژمان مەترسی هەبوو؛ توشی هەمان چارەنوسی شەهید جەبار و هەڤالانی ببین، بۆیە هەڤاڵ نەوشیروان و مەلا عەولا سوور ڕێنیشاندەرمان بوون، پێیان باش نەبوو بچینە گوندەکە، بەڵام زۆربەمان برسییەتی و سەرما و نەنوستن بەجارێ پەرێشانی کردبووین، بۆیە بڕیاری چوونە ناو گوندی درا، لە بناری شاخەکەدا لەپێش گوندەکە دانیشتین بە فرێکی زۆر دەباری، مەحموود گۆیی، کە سەر بە عەشیرەتی گۆیان بوو لەگەڵ ٣ پێشمەرگەدا لە پێشەوە نێردران، بۆ ئەوەی ڕێگامان بدەن بچینە ناو گوندی، خەڵکی ناو گوندەکە ببوونە دوو بەش: بەشێکیان سەر بە قیادەی موەقەتە بوون، ئامادەبوون بیکەنە شەڕ و بەهیچ شێوەیەك ڕێگەمان نەدەن بچینە ناو گوندەکە، بەشەکەی تریش وتبوویان: ئێمە، کە جەندرمە دێن، لە دوورەوە بە پیریانەوە دەچین و پەزیان بۆ سەر دەبڕین، ئەوانە هیچ نەبێ کوردن و پێویستە بە خێرهاتنیان بکەین، با جاشیش بن. دیارە، کە کارەکە سەرکەوت، ڕێگەیان پێداین بچینە ناو گوندەکە و بە مەرجێ هەر بۆ ئەو شەوە لەوێ بین. بڕیارمان دا، کە لە یەك شوێن کۆ نەبینەوە و هەڵەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ هەڤالانی دووبارە نەکەینەوە، کە گشتیان لە مزگەوتێکدا کۆ ببوونەوە و لەناوچوونیان ئاسان کردبوو، بۆیە هەر چوار پێنج کەس پێکەوە دابەش بن لە دێیەکە و لە ماڵەکەشدا پاسەوانی دابنرێ، بەمەش لەبەر سەلامەتی خۆیان لەناوبردنمان کارێکی ئاسان نابێت. من و ملازم سید کەریم و سامان گەرمیانی و مامۆستا خوسرەو لە ماڵێك دابەش بووین، بە ناوی مام عەلی، شەو لە دانیشتنماندا، وتی: لێرە وا بڵاوە، ئێوە جاشی سەدامن، کە مانگی ٣٠ دینار وەردەگرن، هاتوون لە پشتەوە لە قیادەی موەقەتە بدەن، پێم وت: من دکتۆرێکم لە لەندەنەوە گەڕاومەتەوە بەو شاخ و داخەدا بە برسییەتی و تینوەتی و ماندووبوونو وو ئەو کارە دەکەین! ئەوە ملازم سید کەریم ئەفسەر بووە لە سوپای عێراقدا و ئامر بەتالیۆن بووە لە شۆڕشی پێشوودا، ئەمەش مامۆستا خوسرەوە، کە مامۆستای قوتابخانە بووە لە خانەقین و ئەمەش کاك سامانە، کە هەردوکیان پێشمەرگە

بوون لە شۆڕشی پێشوو، سنووری ئێران و تورکیان بە پێ بڕیوە بۆ ئەوەی بێنە سوریا و خۆیان تەسلیم بە ڕژێمی عێراق نەکەنەوە. زانیویانە، کە یەکێتی شۆڕش هەڵدەگیرسێنێ و هاتوون بەشداری بکەن لەو خەباتە پیرۆزە ئەگینا هەر ئەو کاتی دەچوونە باوەشی حکومەتی عێراق و پێویست بەو هەموو ماندووبوونەی نەدەکرد. دکتۆر لە لادێ ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە، کە زانییان، من دکتۆرم، ئەوەندەی پێنەچوو هەر ماڵە و نەخۆشێکیان دەهێنا، کە ئەو ناوچانە هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدا نەبوو، لە زستانانیشدا بەهۆی بەفرەوە بە تەواوی دادەبڕان لە شارەکان. لادێییەکانیش بەتەواوی دڵنیا بوون، کە دکتۆرم و بینییان سەماعەی پزیشکی و ئامێری فشاری خوێنم بەکارهێنا و هەر ئەو شەوە چەند دەرزییەکیشم بەکارهێنا بەتایبەتی خانە خوێیەکەمان، کە منداڵێکی بچووکیان هەبوو، تایەکی گەرمی لێ بوو. دوای چارەسەرکردنی پاش چەند کاتژمێرێك دۆخی باش بوو، دەستی کرد بە گەمەی خۆی و لەناو جێگا هاتە دەرەوە. ماڵەکە زۆر دڵیان خۆش بوو. لە مام عەلیم پرسی: دکتۆر لە تورکیا چەند وەردەگرێ؟ وەڵامی داوە حیساب ناکرێت، پێم وت: جا تۆ بیردەکەیتەوە، کە من بۆ ٣٠ دینار ئەو کارە بکەم، بە تەواوی بیروڕایان گۆڕدرا. وتی دەزانم هەمووی درۆیە بۆ خۆشم کاتی خۆی جەماعەتی دکتۆر شوان بووم. بەیانی هەڵساین بۆ نان خواردن، سەروپێیان بۆ ئامادە کردبووین و منداڵەکەشیان بە تەواوی تەندروستی باش بووبوو، کە هەوکردنی قورگی هەبوو، حەب و دەرمانم بۆ بەجێهێشتن. بە هەمان شێوە لە ماڵەکانی تریش هەمان ڕاستیان بۆ ڕوون بووبووە. گوندەکە زۆر پێیان خۆش بوو، کە بمێنینەوە. بەیانی کابرای لێپرسراوی گوند بە ناوی حەسەن، کە سەر بە قیادەی موەقەتە بوو، وتی: دەبێ گوندەکە چۆڵ بکەن. خاڵە عەلی لەگەڵمان هات بۆ دەرەوەی گوندی و بە گاڵتەوە وتی: دکتۆر بۆ ٣٠ دینار ئەوە مەکە، وەرە لە گوندی بمێنەوە دە هێندەت دەدەینێ و کچێکی خۆشمانت پێشکەش دەکەین، بووە پێکەنین و خودا حافیزیمان لەیەکتر کرد.

لە دۆڵی گۆستێ لە هاوینی ساڵی ١٩٧٧ نزیك سێ کوچکەی تورکیا و عێراق و ئێران بووم، جگە لە چارەسەری پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی باشوور و باکوور دەهاتن لەگەڵ ئەوەی بەهۆی ڕاگوێزانی گوندەکانی سنووری عێراق، نەخۆشەکان دوور کەوتبوونەوە و

زیاتر هی گوندەکانی تورکیا دەهاتن بۆ چارەسەر، هەندێکێشیان لە ماڵەکانیان کەوتبوون دەبوو من بچم بۆ لایان، ئەوکاتە جەندرمەی تورکی بوونی نەبوو لە ناوچەکە، بۆیە دەبووە شەڕ لە نێوان برادەرە نزیکەکانم کێ لەگەڵم بێت ئەو کاتی دۆخی خواردنمان زۆر خراپ بوو، بەیانیان نان و چا، نیوەڕوان چاو و نان ئێوارانیش گەر هەبا هەردووکیان. بۆیە هەر جارەی یەکیانم دەبرد، ئەوەی لە بیرمە هەڤاڵ نەوشیروان، شەهید شەوکەتی حاجی موشیر، شەهید ملازم سەید کەریم، شەهید ملازم حەسەن خۆشناو، ملازم عبدوڵڵا. بەداخەوە جگە لە ملازم عەبدوڵڵا ئەوانی تر لە ژیان نەماون خودا تەمەنی درێژ بکات. کە دەشم بردن کارم پێدەکردن و خۆم لێ تووڕە دەکردن خاوەن ماڵەکەش خواردنێکی باشیان بۆ ئامادەدەکردین.

ڕۆژێکیان شێخ سلێمانی شێخ ڕەشیدی لۆلان نامەی بۆ دکتۆر خالید ناردبوو، دەڵێ یەکێك لە خزمەکانی دەمانچەی لە دەست دەرچووە لە ڕانی خۆی داوە، دۆخی باش نیە، ناشتوانێ بیبەنە شار ئەو کاتەی حکومەتی عێراق سزای ٢٠ ساڵ زیندانی دانابوو بۆ هەر کەسێك چەکی هەبێ. پاش ٣ کاتژمێر بە سواری هێستر گەیشمە گوندەکە. برینەکە لەگەڵ برینی ڕانی ئێسکەکەشی شکابوو، گولەکەم بۆ دەرهێنا و قاچیم بەتەواوی لە گەچ دا و برینەکەم بۆ تیمارکرد. دوایی شێخ سلیمان نامەی بۆ شەهید دکتۆر خالید ناردبوو سوپاسی کردبوو لە نامەکەی نووسی بووی موزەمیدێکی وا زیرەکمان نەبینیوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ شێخ سلێمانم بینیوە، گوتم ئاخ لە ئێوە برینپێچ دەکەنە دکتۆر و دکتۆریش دەکەنە برینپێچ، گوتی لای ئێمە برینپێچ موهیمترە لە دکتۆر.

لە شتە خۆشەکان ڕۆژی هەڤاڵ نەوشیروان دۆڵمەی قووتووی (معلب)ی تورکی خواردبوو، تووشی ژەهراوی بوون (تسمم) بووبوو، دەرشانەوە و ڕەوانی هەبوو. نامەیەکم بۆ مەکتەبی سیاسی نارد کە هەڤاڵ نەوشیروان ژەهراوی بووە، پێویستی بە پرۆتیناتە ببدرێتی و قسەی حەلق و بەلەق دەکات شەکری لە مێشك کەم بووە، بۆیە داواکارم مریشکیك و نیو کیلۆ هەنگوینی بۆ بکرن تا چاك بێتەوە. هەڤاڵ مام جەلال و شەهید

عەلی عەسکەری لەسەر نامەکە نووسیبویان ڕەزامەندین بە مەرجێ دکتۆر خدر نابێ هیچی لێبخوات.

سەرەتایی مانگی سیپتێمبەر سالی ١٩٧٧ یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی کرا ئۆرگانەکانی یەکێتی داندران. سێ لق دانران، لقی هەولێر، لقی سلێمانی و لقی کەرکوك. من دانرام بە لێپرسراوی لقی هەولێر، لقی سلێمانی هەڤاڵ نەوشیروان و لقی کەرکوك مەلا بەختیار. بەشەهید بوونی شەهید ئارام، هەڤاڵ نەوشیروان چووە شوێنەکەی لە مەکتەبی سیاسی و گەڕاوە سەرکردایەتی لە شۆینی شەهید مامۆستا عەزیز دانرا.

لە دەشتی هەولێر و لە سالّی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ لەگەڵ شەهید سەید کەریم و مەفرەزەکان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی و وڵاتی کۆیە دەگەراین بۆ گەشەکردنی شۆڕش و رێکخستنەکان، کە تووشی چەندین شەڕی گەورە بووین، دیارە جگە لە کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی من وەکو دکتۆرێك کارم دەکرد کە ئەوەش ورەی پێشمەرگەی بەرزترکردبوو، گەر بریندار بن یەکێ هەیە چارەسەریان بکات و بۆ بانگەشەش کارێکی باش بوو کە دکتۆرێ لەگەڵ مەفرەزەکان بێت. لەو شەڕانە چەندین پێشمەرگە بریندار بوون یەکێ لەوانە شەهید حەوێز هیرانی بوو کە گوللە بەر ڕانی کەوتبوو، پاش ماوەیەکی کەم توانی بە باشی دەست بە ڕۆیشتنەوە بکات.

لە شتە خۆشەکان، کوێخا عەزیزی سماقووڵی سەروچاوە، کەسایەتییەکی ناسراو بوو دۆستی باوکیشم بوو ئەوکاتی ناوم لە خۆ نابوو دکتۆر عەلی خۆم بۆ ئەو ئاشکرا کرد، ڕۆژێکیان لێیپرسیم: ئەو حەبە دوو مانگە دەیخۆم هیچ سوودی نییە کە نەخۆشی دڵی هەبوو، وتم چۆن دەیخۆی. وتی لەگەڵ ئاوی، پێم ڕاگەیاند ئەمە واناخورێ، عەیبرنەبێ لە کۆمەوە دەبێ بەکاربهێندرێ، کەوتە جنێودان بە دکتۆرەکەی بۆی نووسیبوو، وتی: بە ئاخیری تەمەنم ئەیەوێ ئەخلاقم خراپ بکات.

لە مانگی هەشت بوو هەڤاڵ مام جەلال داوای من و سەید کەریمی کردەوە کە بەپەلە بچینە قەندیل کە کارەساتی هەکاری ڕووی دابوو. لەوێ هەڤاڵ مام جەلال داوای کرد بچمە

سوریا بۆ هێنانی پارە و ڕێکخستنی ناردنی چەك و گەیاندنی دەنگ و باسمان و گەڕانەوەی هەندێ برادەران بۆ ناوەوە. پاش سەفەرم شەهید دکتۆر جەعفەری شەفیعی هاتبووە ناو شۆڕش کە کوردێکی خەڵکی بۆکان بوو، ئەو ماوەی من لەوێ نەبووم، کاری پزیشکی دەکرد، کە لە سوریا گەڕامەوە وازی لێهێنا و شا لە ڕووخان بوو، گەڕاویەوە ڕۆژهەڵات و بووە یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان- ئێران. دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگای کەرکوك – بەغداد بە کارەساتێکی تەمومژاوی گیانی لەدەستدا.

بە گەڕانەوەم لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا، داندرام بە لێپرسراوی لقی ٣ و ئەندامی سەکردایەتی، سەرپەرشتی و دامەزراندنی ئێزگەی کوردستان و سەرپەرشتی نەخۆشخانە، خانوویەك هەبوو هی مەڕومالآت بوو لە هەوراز ناوزەك، کردبوومانە نەخۆشخانە و ماڵی هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و ناوەندی کۆمەڵە لە ناو چادران دەژیان. نەخۆشی گوندەکان بەتایبەتی گوندەکانی ڕۆژهەلآت بە ژمارەی زۆر دەهاتن ئەوەش نەدەکرا بێنە ناو بارەگاکانمان، لە ناوگوندی ناوزەنگ لە خوارەوە، خانوویەکی چۆڵم کردە نەخۆشخانە، هەڤاڵ مام جەلال چووە شوێنەکەمان لە خانووەکە. بە جیابوونەوەی بزووتنەوە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩ بارەگای لقم گواستەوە بۆ شوێنەکەی بزووتنەوە لە زەڵێ و خانوویەك بەرامبەری بۆ مەڕ و مالآت دروست کرابوو، چاکمان کردەوە و کردمانە نەخۆشخانە، تا ئەوەکاتە تاکە دکتۆر بووم لە ناو شۆرش. دوای ڕووخانی شا و دەست پێکردنی شەری نێوان ئێران و عیراق وردە وردە دکتتۆرمان زیادی کرد. نەخۆشخانەیەکی نوێمان لە گوندی (قولەهەرمێ) دروست کرد.

لە خولی فێربوونی فریاکەوتنی سەرەتایی و برینپێچی، دوو دەورەی برینپێچیمان کردەوە بۆ فێربوونی فریاکەوتنی سەرەتایی شارەزایی لە برینپێچی و داودەرمان. د. شادمان مەستی کە تازە گەڕابووەوە لە یوگسلافیا ئەویش بەشدار بوو لە دەورەکە بۆ وانەوتنەوە و فێرکردنیان. لەسەر داوای حیزبی شیوعی چەند کادیرێکیانم وەرگرت بۆ ئەوەی بەشدار بن لە خولەکە. ئەوانەی یەکەم جار بەشداربوون هەڤالآن: ڕەهبەری سەید برایم، دڵشاد مام ڕەزا، خدر شارستێنی، عەبدولرەعمان ڕەواندزی، ئەمیر بەکر حاجی کاکە ئەمین (داوای

لێبوردن دەکەم ناوەکانی ترم لە بیر نەماوە). پاش تەواو بوونی خولەکە نامیلکەیەکم دەدانێ ناوی نەخۆشییەکان و دیاردەکانی و ئەو دەرزی یا دەرمان پێویستە بیدرێتێ، لەسەر دەورەکە هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم یەکەم بوو، بەڵام بەردەوام نەبوو لەسەری دەنا نازناوی دکتۆری وەردەگرت.

لە کارە نەشازەکان، کۆیخا عەوڵڵای شێنێ نەخۆش دەبێ و منیش لەێ نەبووم عەبدولڕەحمان ڕەواندوزی دەچێ بۆ شینێ پرسیار لە کوێخا دەکات: هەست بە چی دەکەی؟ کوێخاش بۆی دادەڕێژێ سەرم دێشێ، پشتم دێشێ، دەرشێمەوە، تەنگە نەفەسم و سکم دێشی، ئەویش تەماشای نامیلکەکە دەکات بۆ هەر نیشانەیەکی کوێخا حەبێك یا درزیەکی لێدەدا، شەو لە دووم هاتن کە کۆیخا دۆخی خراپە و لە هۆش خۆی چووە، بینیم کۆمەڵێ دەرزی لەلایە، وتیان ئەوە دکتۆر عەبدولڕەحمان داویەتێ. هەوڵی ڕشانەوەییم دا، دەرزی بە هۆشیم لێدا باش بوو، بە ئاگا هاتەوە و دۆخی باش بوو.

یەك لە بەشداربووی خولەکە ناوی خدر شارستێنی بوو، پاش دەرچوونی بووە دکتۆر خدر. ڕۆژێ ژنێکی هێستر سوار لەگەڵ کابرایەکی هاتە بارەگاکەمان لە بارەگای د خدری پرسی بوو، منیش بە کابرام وت چیت دەوێ؟ وتی دایکت هاتووە، بینم هەندێ دووربوو لێم، نەمناسیەوە، وتم دەبێ ئەوە دایکم بێت نزیکەی ١٢ ساڵە نەمبینیوە، بەڵام جلك و بەرگی بە هی کۆییان نەدەچوو، کەوتمە گومانەوە وتم ئەو دکتۆر خدرە خەڵکی کوێیە؟ وتی شارستێن ئەو کات زانیم هەڤاڵ خدری شارستێنە. دکتۆرێکی برادەرم هەبوو لەگەڵ کۆمەڵەی ئێران کاری دەکرد، دکتۆر بوو لە نەخۆشخانەی سەردەشت، بەردەوام دەرمان و پێداویستی بۆ دەناردم، ڕۆژێك بینیم وتی: کەرەستە و دەرمانەکانت بە دەست گەیشت، وتم دەرمانی چی وتی داواتکردبوو، وتم نامەم هیچ بۆت نەناردووە، دوایی زانیم، ئەوە د خدری شارستانییە.

کۆمەڵێك پێشمەرگە وابزانم لە ناوچەی گەرمیان بوون، کەوتبونە بۆسەی جاش و سەربازی عێراقی هەندێ شەهید بووبوون و هەندێکیشیان ڕزگاریان بووبوو، پاشان جاشەکان دەبینن یەکێك نوزەی لێوە دێت بە کلاشنکۆف دەسترێژی لە سەرەوە تاکو پێیانی

دوای بەردێکی گەورەی پێدادەدەن. شەو ڕزگاربووەکان دەگەڕێنەوە شوێنەکە بۆ ناشتنی تەرمەکانیان. ئەو پێشمەرگەیە وا گولله لە هەموو شوێنێکی دراوە هێشتا نوزەی دێت، بە تراکتۆر و سواری وڵاخ لە نێوان دوو فەردە (کا) تا گەیشتنە گەلی شێنی لەوێ وڵاخەکە هەڵدەدێرێ بۆ قوڵایی گەلییەکە و هێسترەکە دەتۆپێ، ئەوانیش ناتوانن بە دوویان بکەون کە شوێنێکی سەختە داوا لە خەڵکی گوندی شێنێ دەکەن تەرمی پێشمەرگەکە بهێننەوە بۆ ناشتن، هەندێك لە گوندی دەچن بۆ قەبر لێدان. کە دەچنە سەری دەبینن هێشتا نوزەی ماوە هێنایەنە نەخۆشخانەکەمان، نزیکەی مانگی لەوێ ماوە و چاك بووەوە، شوێن نەبوو لە لەشی گولەی پێنەکەوتبێت، خۆی بە پێکەنینەوە دەیووت ئێشی بەردەکەی لێیاندام لە هەمووی زیاتر ئێشا.

بووکی پورە کەسکێ کە دانیشتووی زەڵێ لە منالبوون بوو، ئێشیکی زۆرێ هەبوو، مندالەکە دواکەوتوبوو ببێت، هێنایانە نەخۆشخانە لە دۆخێکی زۆر خراپ بوو، لەگەڵ دکتۆر فوئاد تاڵەبانی لە نەخۆشخانەکە بووین، تەماشامان کرد منالەکە سەری لە خوارەوە نییە، (breech position) گەر سەری لە خوارەوە نەبێت بۆ سەلامەتی منالەکە و دایکەکە ئەوا بە نەشتەرگەری بۆی دەکرێ، کە ئەوەش لە نەخۆشخانەکەمان نەدەکرا، هەردووکمان توانیمان منالەکە بسووڕێنین بە بەکارهێنانی فۆرسیپسی تایبەتی بۆ ڕاکێشانی منداڵ و سووڕاندنی کە لە سووریا لەگەڵ خۆم هێنابووم، بە سەلامەتی منداڵەکە لەدایکبوو.

لە گواستنەوەدا بە هاتنی ئێران بۆ نزیك سنووری بارەگاکانمان و بەردەوامبوونی بە تۆپبارانی ناوچەکانمان، بارەگاکانمان و خەستەخانەمان گواستەوە بۆ ناوچەی سەرگەلوو، لە کاتی گفتوگۆمان لەگەڵ ڕژێم دکتۆرەکان هاتنە سوورداش بە کۆتایی گفتوگۆ چووینە ناوچەی مەرگە لەوێ نەخۆشخانەکەمان دانا لە گوندی مەرگە، بەئازادکردنی شاخی دابان، ناوچەکە کەوتە ژێر دەستمان گواستنمانەوە بۆ ناوچەی سەرگەلوو.

دکتۆرەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ناو شۆڕش، بە سەدان کەسیان لە پێشمەرگە و هاووڵاتییان لە مردن ڕزگارکردووە، تەنیا بوونیان لە ناو پێشمەرگە ورەی پێشمەرگەی بەرز

دەکردەوە و پڕوپاگەندەیەکی باشیش بوو بۆ یەکێتی. نابێ ڕۆڵی برینپێچەکان لە بیر بکەین کە بە هەمان شێوە، خزمەتێکی زۆریان کردووە لە پاڵ دکتۆرەکان، هەندێکیان شەهید بوون لەو ڕێگایە.

دکتۆرەکان بریتی بوون لە دکتۆرخدر مەعسوم، شەهید دکتۆرجەعفەر شەفیعی، دکتۆر شادمان مەستی، دکتۆر هەژار، دکتۆر هۆشمەند تۆفیق حەویزی، شەهید دکتۆر مەجید عەبدوڵڵا، دکتۆر شەهید بەختیار، دکتۆر بەیان، دکتۆر فوئاد تاڵەبانی، دکتۆر ئیحسان، دکتۆر حسێن حمەساڵح، دکتۆر عەبدولڕەحمان، دکتۆر فائق گوڵپی، دکتۆری ددان بریتی بوون لە دکتۆر سەردار کە تەنیا دکتۆر بوو، دکتۆری بەیتەری لە نەخۆشخانەکە بریتی بوون لە دکتۆر نەریمان حەوێز و دکتۆر نەرمین عوسمان(٥٤).

(٥٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ د.خدر مەلا مەعسوم مەلا خدر هەورامی (د. خدر مەعسوم)، ٢٠٢٢/٨/٢٥.

# خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)

لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندە خنجیلانەکەی (پشتائاشان) لەبناری قەندیل لەدایك بووم لەم سەردەمەدا زۆر منداڵ بووم هەرچەندە منداڵیش بووم زۆر شەیدای کوردستانە داگیرکراوەکەم بووم، ئاووهەوای قەندیل فێری ئەوەی نەکردبووم کە بە ژێردەستەیی بژیم، بۆیە هەر ئەوەش بوو کەوازم لەکایەی منداڵییەتی خۆم و ژیانی گەنجایەتی هێنا دەستم دایە چەکی شەرەف و کوردایەتی و ژیانی منداڵیم و گەنجیەتی خۆم لەپیشمەرگایەتی ڕاهێنا و باوەشم کرد بەقەندیلی سەر بەرزدا ئێستا کە خۆم باوکی ٣ سێ منداڵم، کە بۆ خۆیان یاری دەکەن زۆر پێیان نارەحەتم وادەزانم کارێکی خراپیان کردووە، بەڵام دوایی هەر خۆم بیردەکەمەوە خۆ ئەوانە منداڵن و مافی ڕەوای خۆیانە یاری بکەن.

من لە دەستە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەڕابەرایەتی ی.ن.ك دەستم پێکرد لە ساڵی ١٩٧٦ بووم بەپێشمەرگە لە ١٩٧٦/٧/٢١ پەیوەندیم بە تێکۆشەری ئەو سەردەمە حاجی شێخە بنزیری کرد ئەو کاتە سەرەتای دروستبونی دەستەی بچووك بچووك بوو لەلادێکانی کوردستاندا، بەڵام چەك زۆر کەم بوو جەماوەری خۆڕاگر چەکیان لە ژێر خاك دەردەهێنا و پێشکەشی پۆلەکانیان دەکرد بوو پارێزگاریکردن لە شەرەف و کەرامەتیان وردەوردە متانەی جەماوەر بۆ پۆلەکانیان زیاتر دەبوو ئەم نەوە خوێنگەرمەی هاتووەتە مەیدان بە بیرێکی تازە کە پشت بەستوو بوو بەجەماوەری خۆی و بۆ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی داگیرکراو هاتووەنەتە مەیدان.

کە گەیشتمە مەڵبەندی ٤ من لەمەوبەر هەڤاڵ کوسرەت ڕەسووڵم نەدیبوو، خۆشم زۆر پۆشتە و پەرداخ کلاشینکۆفی مزەلی و دەمانچەی چواردەخۆر و تاقمی فیشەکدان و دوو ڕومانەم پێبوو، ئەمەش تەنیا فەرماندە ئەمانەی هەبوون ئاسان نەبوو ئەم هەموو شتانە دەستەبەر بکەی، وەختێ هەڤاڵ کوسرەت ڕوسووڵ منی بینی بوو، پرسیاری لە دکتۆر زریان کردبوو ئەمە کێیە؟ ئەویش باسی منی بۆ کردبوو بۆیە زۆر ڕێزی لێنام و بەخێری هێنام، ماوەیەك لەوێ ماینەوە، بەڵام هیچ نەخۆشخانەیان نەبوو دکتۆر مازن لەوێ، بوو کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو یاریدەدەرێکی پزیشکی لەگەڵ بوو ناوی کەریم بوو.

دکتۆر زریان هەوڵی جێگایەکی دەدا کە بۆ نەخۆشخانە گونجاو، بێت، بەڵام لە سماقووڵی جێگای وامان نەبوو، دوایی بڕیارماندا لەگوندی (سوسێ) خانووی بەتاڵی زۆر بوون ناوەڕاستی هێزەکانیش بوو دەمانتوانی لەوێ فریای هەموو لایەك بکەوین بارەگای ڕێکخراوی کومەڵەش لەوێ بوو، بارەگای ڕائید جەلال وماڵەکانیشیان هەر لەوێ بوون هەڤاڵ شاخەوان ماڵ و بارەگای لەوێ بوون تیپی بەڕانەتی لە زیارەت بوو، گوندەکەش خەڵکی لێ مابوون، بەشی خۆی گوندی سوسێ لە بەرزایەکەوە بەرەو ڕۆژئاوای سماقووڵی بوو، لە سەری ڕەش ناوچەیەکی خۆشە ڕەزو باخی زۆری هەیە زۆر گونجاو بوو بۆ ئاژەڵداری، دەستمان کرد بەدامەزراندنی نەخۆشخانە خانوویەکی گەورەمان ڕێکخست ئامادەکاریمان بۆ کرد، هەروەها خەندەقێکی باشمان لێدا بۆ خۆپاراستن لە تۆپ و فڕۆکەی دوژمن بۆ ئەوەی لە کاتی بۆردومانی دوژمن بریندارەکان بپارێزین، نەخۆشخانەمان ڕێکخست هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ زۆر هاوکاریی کردین، چ لەڕووی پارەوە چ لەڕووی دەرمان و ڕێکخستنی ناوشار دەرمانی باشیان بۆ ئامادە دەکردین بەردی بناغەی نەخۆشخانەکە دانرا دکتۆر زریان و خۆم بووین کۆمەڵێك پێشمەرگەشمان هەبوون دوایی دکتۆر مازنیش هات بەیەکەوە زۆر سەرکەوتووانە کارەکانمان ئەنجام دەدا ڕۆژ بەڕۆژ ئامادەکاریی باشترمان دەکرد.

کادیرانی تەندروستی بەخواستی خۆیان دابەش دەبوون و سیستەمەکە لامەرکەزی بوو هەر مەڵبەندێك سەربەخۆ بوو تەواوی دەرمان و ئامێر و کەرەستەکان لە ڕێگای دەست دەکەوتن لە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە دەهاتن، یان لەچالاکییەکانی پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای نەخۆشخانەکان زۆر کەمبوو و لە بنکەیەکی تەندروستی ئێستا زیاتر نەبوو، دەرمان زۆر کەمبوو و زۆر جار داوا لە کەسوکاری نەخۆش یان پێشمەرگەی بریندار دەکرا بچنە شار و بەنهێنی دەرمانی بۆ پەیدابکەن. نەخۆشخانەکان و کادیرانی تەندروستی نەك تەنها پێشمەرگە، بەڵکو هاووڵاتیانی جووتیار و ماڵ و منداڵیان بەهەمان چاو سەیر دەکرد و چارەسەریان دەکردن نەخۆشخانەی مەڵبەندەکانی ٣ و ٤ پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەشی چارەسەر دەکرد بێ جیاوازی بەتایبەت پاش دروستبونی بەرەی کوردستانی و کوتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ، چونکە ئەوان توانای تەندروستییان کەم بوو.

نەخۆشخانەکان تەنها بۆ چارەسەری مرۆڤەکان نەبوون بەڵکو زۆر جار ئاژەڵەکانیشمان چارەسەر دەکرد، بەتایبەت وڵاخ و ڕەشەوڵاخی جووتیاران، چونکە ژیان و بژیویان لەسەر ئەو ئاژەڵانەبوو هەرچەندە شارەزاییەکی ئەوتۆمان نەبوو، بەڵام چارەسەری زۆر نەخۆشی و تەنانەت نەشتەرگەیشمان بوو دەکردن، بواری تەندروستی شۆڕش کەمتر گرینگی پێدەدرا بەراورد بە بوارەکانی سەربازی و سیاسی، هەرچەندە کادیرانی تەندروستی هۆی ورەبەرزی و متمانەی پێشمەرگەبوون، چونکە زۆرجار پێشمەرگە بەهۆی برینێکی سووك یا بەهۆی خوێنبەربوونێك شەهید دەبوون. هەروەها جوتیاران و گوندنیشینەکان هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو و ڕێگای هاتوچۆی شاریان نەبوو، چونکە بەناوچە قەدەغەکراوەکان ئەژمارکرابوون، وەك پێشمەرگە تەماشادەکران، بۆیە زۆرجار هێزێکی پێشمەرگە نانی کادیرێکی تەندروستیان دەخوارد، لە دابەشبون بەسەر ماڵاندا کە گوندنیشینەکان دەیانزانی دکتۆریان لەگەڵە زیاتر بەخێرهاتنیان لێدەکردن.

پێویستە بگوترێت گوندنیشنی ناوچە ڕزگارکراوەکان هیچ سوودێك و خێر و خۆشییەکیان لە پێشمەرگە و شۆڕش نەدەدیت، جگە لە നاندان و خزمەت و میوانداریی و هەندێك جاریش ستەملێکردن و شتی دیکەش، ئەوە جگە لە هێرشی فڕۆکەکانی ڕژێم و تۆپبارانی ناوچەکانیان، ڕەنگە کادیرانی تەندروستی تاکە خەڵکێك بووبن کە سودیان هەبوو بۆ خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکان، ئەو کاتەی کە من بۆ خۆم لەجەولەکاندا بەشداردەبووم پێشمەرگەکان هەموویان بەسەر ماڵاندا دابەش دەبوون بۆ نانخواردن دەبووایە ماڵبەماڵ بگەڕێم بەسەر نەخۆشەکانی گوندەکەدا و بەکۆڵەپشتەکەمەوە و بەدەرمانێکی کەم و لەناکاو لێپرسراوەکەمان دەیگوت دەبێت بڕۆین، زۆر جار کادیرانی پزیشکی لە خواردنیش بێبەشبوون.

مەڵبەندی ٢ و ٤ بەدەیان یاریدەدەری پزیشکی و تاقیگە و برینپێچ و یەك دەرچووی کۆلێژی پەرستاری لێ بوو. لەساڵی ١٩٨٢ هەتا ساڵی ١٩٨٥ تەنها بەندەی لێ بوو وەکو پزیشك، سەرەتا نەخۆشخانەکەمان لە وەرتێ بوو پاشان هێنامانە بالیسان و دواتر گواستمانەوە بۆ مەڵبەندی چوار لە دۆڵی سماقووڵی لە گوندی سوسێ بنکەمان دانا لە ١٩٨٦ دوای گرتن و

سووتانی ناوچەکە لەلایەن ڕژێم و جاشەکانییەوە، نەخۆشخانە سەرەکییەکەمان هێنایەوە دۆڵی بالیسان و گوندی خەتی.

ساڵی ١٩٨٨ دکتۆر حسێن تاڵەبانی و تیمێکی پزیشکی لە دۆڵی سماقووڵی مانەوە و نەخۆشخانەیان لە گوندی گرتك دانا لە ساڵی ١٩٨٦ دکتۆر هەڤاڵ گەردی پەیوەندی بە نەخۆشخانەی خەتێوە کرد دوای ساڵێك کە هێرشەکانی ڕژێم زیادی کرد و زۆرجار کیمیاباران دەکراین نەخۆشخانەیەکی هێڵی دواوەمان لە گوندی مەلەکان دانا و دکتۆر هەڤاڵ و تیمێکی یاریدەدەر و زۆر لە ئامێر و پێداویستیەکانمان گواستەوە ئەو نەخۆشخانەیە، چونکە دۆڵی مەلەکان شوێنێکی قایمتر بوو و هیچ ڕێگەیەکی بۆ ئۆتومۆبێل نەبوو.

کاتێك پێشمەرگەیەکی تیپی ١٢ی سۆران لاقێکی زۆر خراپ بریندار بووبوو، بەجۆرێك کرم لە برینەکەی دابوو من پێشتر ئەو شتەم نەدیبوو و هەرچی دەرمانی پاککەرەوە هەبوو بۆم بەکاردەهێنا بێ ئەوەی کاری تێ بکات لەو کاتەدا هەڤاڵ خدر پێشنیازی کرد کە دەرمانی مێشی لێبدەین، چونکە کرمەکان دەکوژێت منیش لەسەرەتا ڕازی نەبووم، چونکە ژەهرە و چۆن دەکرێت لە برینی بدەین! دیاربوو هەڤاڵ خدر پێشتر ئەو حاڵەتەی بینی بوو و بەو شێوەیە چارەسەری کردبوو، ئەوەبوو سپرایەکی پیف پافمان هەبوو کە لەبرینەکەماندا گشت کرمەکانی کوشت و زۆری پێنەچوو برینەکەش سارێژبوو.

شەڕ بەردەوام بوو پێشمەرگەکان لە پێدەشتەکان چالاکی باشیان دەکرد زیانی گەورەیان بە دوژمن دەگەیاند، دوژمنیش وەکو پیشەی هەموو جارێکی پەنای دەبردەبەر فڕۆکە و تۆپی دوورهاوێژ زۆر جاران هاوڵاتیانی دەکردە ئامانج، هەندێك جاریش پێشمەرگەکان دەکرانە ئامانج، بەڵام دەتوانم بڵێم نەخۆشخانە هیوایەکی زۆر گەورەبوو بۆ پێشمەرگە بەتایبەتی بوونی دکتۆر زریان بووە هیوایەك بۆ پێشمەرگەکان دەیانگوت مادام دکتۆر زریان لێرەیە لە برینداری ناترسین.

## بریندار بوونی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ بە فڕۆکەی پیلاتۆز

ئەو کاتە زۆر شەرم بوو، بۆ سەرکردەیەك کە خۆی شاردبایەوە، یان خۆی لە پەنایەك بنایە تاکو پێشمەرگە پێی نەڵێن ترسنۆکە، کۆپتەرەکانی ڕژێم ڕۆژانە دەهاتن، بۆردومانی ناوچەی ڕزگارکراویان دەکرد، یاخود ئەگەر پێشمەرگە چالاکییەکی گەورەیان کردبایە ئەوانیش دەهاتن هەڕەمەکی بۆردومانی ناوچەکانیان دەکرد زۆر جاران خوێنکاریان فێری فڕۆکەوانی دەکرد، بەڵام ناوچەکانی ژێر دەستی ئێمەیان کربووە، جێگای مەشقی سەربازی هەڤاڵ کوسرەت خۆی تەقەی لێکردبوو، بەڵام لەکاتی بۆردومانی فڕۆکەکان بەسەختی بریندار بوو هێنایان بۆ نەخۆشخانە لە سیەکانی خوینبەربوونی هەناوی هەبوو، بارودۆخی زۆر لە مەترسیدا بوو، کەلوپەلی پێویستیمان زۆر کەم بوو، بەتایبەتی تیوبی چێست، بەڵام بەهیمەتی دکتۆر زریان توانیمان بە سۆندەی عەتا تیوبی بۆ ئامادەبکەین، هەروەها بوتڵی شوشەمان بەکارهێنا لە جیاتی کیس، بەڵام تاکو یەك هەفتە ژیانی زۆر لەمەترسی دابوو پلەی گەرمی زۆر بەرزبوو، بەردەوام لەلای بووین، بەجێمان نەدەهیشت توانیمان بەسەرکەوتوویی لە مردن ڕزگاری بکەین، بەڵام ئێمە پێویستی تیشکمان نەبوو ناچار دەبوایا بینێرین بۆ سەرکردایەتی کە ٤ ڕۆژ ڕێگا بوو، بەسواری وڵاخ ئەمەش ئاسان نەبوو، دەبوو بەدەیان بازگەی دوژمن بەبریندار دەربازی بکەین، هەڤاڵ دکتۆر زریان بڕیاریدا خۆی لەگەڵی بڕوات، بەرەو سەرکردایەتی بردیان خۆشبەختانە سەرکەوتوو بوون.

سەبارەت بە بریندار بوونی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ، هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: من ئەو کاتە لێپرسراوی سەربازی بووم، دکتۆر زریان لەوێ بوو، لە دەشتی هەولێر بووین، هەڤاڵ کۆسرەت بە سەختی بریندار بوو، ئومێدمان کەم بوو، پێیان گوتین ئەگەری شەهیدبوونی هەیە و ئەگەری زیندوومانەوەی کەوتووەتە سەر بەخت، ئەگەر نەشتەرگەریشی نەکەین ئەوە هەر شەهید دەبێت، بۆیە باشترە نەشتەرگەری بۆ بکەین، ئیدی لە خانوویەکی گڵ کە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو، لە کۆتاییدا نەشتەرگەرییان بۆ کرد، دواتر ئەنجام و شێوازی نەشتەرگەرییەکە بە ڕاپۆرتێك نێردرا بۆ ناو شاری هەولێر، لە وەڵامدا گوتبوویان ئەگەر لە ناو شاری هەولێریش نەشتەرگەریمان بۆ

بکردایە هەر ئەوەمان بۆ دەکرا کە بۆی کراوە، لە کۆتاییشدا نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتنی بە دەستهێنا[٥٥].

**تۆپبارانی گوندی جەلی**

ئێوارەیەك ئاگادارکراینەوە کە بریندار هەیە، بەرەو نەخۆشخانە دەیانهێنن لە گوندی جەلی کە دەکەوێتە ژێر شاخی ئاوەڕێژ بەرامبەری چیای سورك، گوندێکی خۆشە دەوڵەمەندە بەداری بەری بەتایبەتی هەنار، گوندەکە ئاوەدان بوو بارەگای پێشمەرگەی لێ بوو، هەروەها هەڵهاتووی سەربازی زۆری لێ دەژیان، ڕۆژێك خەڵك لەبەردەمی دیواری مزگەوت لەبەر هەتاو دانیشتبوون ڕژێم تۆپێك بەناویاندا دەکات، چەند کەسێك شەهیدبوون ٥ برینداری زۆر ترسناکیان هەبوون کە هەموویان پێویستیان بە دەست و پەنجە بڕینەوە هەبوو، تا بڵێی برینداری زۆر ترسناك و برینی گەورەیان هەبوو، لەم کاتە دکتۆر زریان لە سەرکردایەتی بوو تەنها من و دکتۆر مازن لەوێ بووین، لە ژوورێکی بچکولانە دەستمان کرد بە ئیشکردن هەندێکیان پێویستیان بەخوێن هەبوو، بەڵام کەسی تاقیگەمان نەبوو دوو هەڵهاتووی سەربازی هەردووکیان برا بوون، بەکیان بریندار بوو ئەوەی تریان یاریدەدەری پزیشکی بوو لە تاقیگە بەڵام پیاوێکی زۆر شەرمن بوو، قسەی نەکردبوو ئێمەش مشتومری خۆمان بوو چۆن خوێنیان وەرگرین، بەڵام کە گەنجەکە هاتە پێشەوە گوتی من شارەزای تاقیگەم دەتوانم ئەوەتان بۆ بکەم زۆر پێمان خۆش بوو، زۆر هیلاك بووین، تاکو برینە مەترسیدارەکانمان چارەسەرکرد هەندێك پێویستییان بە نەشتەرگەری هەبوو بۆمان ئەنجامدان یەك لە بریندارەکان برین لە ڕانی بوو برینەکەی زۆر گەورەبوو، ڕووتکرابووە یاریدەدەرێکی پزیشکیمان لەلا بوو بەناوی (شێروان) هاتە ژوورەوە چاوی بەبرینی کابرای کەوت لەبری ئەوەی دڵی بداتەوە هەولێریانە گوتی ئۆی بابە لەم شەقە برینە وەڵڵا بە کەس چاك نابێتەوە، کابرای بەستەزمان ڕەنگی گوڕا، پێمان گوت برۆ دەرێ تۆ هاتووی کابرا چارەسەر بکەی یان زراوی کابرای بەری؟

---

[٥٥]– چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

کەسێکی گوندی بریندار بووبوو بەناوی مام فەتاح زۆر لە مێژ بوو دەمناسی، بەڵام ئەو منی نەدەناسیەوە، زۆر قسەی دەکرد و هاواری دەکرد ئێمەش نەماندەزانی فریای کامەیان بکەوین، منیش بەباشم زانی مام فەتاح بخەوێنم بۆ ئەوەی ئازاری کەم بکەمەوە، زۆریش هاوار نەکات دەرزییەکی خەوم لێدا مام فەتاح خەوی لێ کەوت شەو ڕۆژێك خەوت وەختی هەستایەوە گوتی: "بڕنەوێکم بدەنێ دایکی ئەو بەعسیانە ....." گوتم دانیشە مام فەتاح من دەرزییەکم لێداوی شەو و ڕۆژیك خەوتووی بیکەم بەدوان ساڵێك بەهۆش خۆت نایتەوە، ئەم برادەرەی تاقیگە بڕیاریدا لەگەڵان بێت بوو بە پێشمەرگە ئەوەی من باسی دەکەم ئاسان نییە تۆ لە ژوورێکی خۆڵ بێ دەرمان بیت و بێ پیویستی پزیشکی بیت، بتوانی ئەم کارەبکەی و بتوانی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان لەژێر ڕەحمی تۆپ و فڕۆکە چاکبکەیتەوە! ئەمەیان ئاسان نییە تەنیا ئەمە لە توانای تێکۆشەرانیکدایە، کە خاوەنی بیرێکی بەهێزی نەتەوایەتیی و شۆڕشگێڕانەی نیشتیمانپەروەرانە بن، بۆ گەلەکەیان ئەرکی پێشمەرگە ئەوەندە ئاسان نەبوو، بەکۆڵەپشتێك بتوانی بەرەنگاری دوژمنێکی خوێنڕێژی وەکو سەدام حسین ببیتەوە، کە ڕۆژانە ئاگری بەسەر ڕۆڵەکانی کورددا دەباراند ڕۆژانە جووتیارە هەژار و بەستەزمانەکانی لادێیەکانی کوردستانی بە ژن و منداڵی بێ دەسەڵاتەوە تۆپبارانی دەکرد، یاخوود بەفڕۆکە ئاگری بەسەردا دەباراندن.

چارەسەرکردنی ڕیخۆڵە

پێشمەرگەیەکمان هەبوو بەناوی هەڤاڵ (شوان) خەڵکی گوندی (هیران) بوو، ڕۆژێك هینایان بوو نەخۆشخانە هاوار و ئازارێکی زۆری هەبوو وەختێ سەیرمانکرد ڕیخولەکوێرەی بوو، ڕیخۆڵەی تەقی بوو هەرچی بوو پاشماوەی هەیبوو لەناو سکیدابوو، ئەمەش کاریکی ئاسان نەبوو، چونکە دەرمان نەبوو بەنجمان نەبوو تا نەشتەرگەری بۆ بکەین، پێویستیمان بە موغەزی زۆر و دەرمانێکی زۆری ئەنتی بایۆتیك هەبوو، بۆئەوەی بتوانین هەرچونێك بێت لە مردن ڕزگاری بکەین، ئیدی لە ڕێگای خزمان و ڕێکخستنی ناوشار توانیمان دەرمان پەیدا بکەین، یەك مانگ خواردنمان لێ قەدەغەکرد بەردەوام شەو و ڕۆژ دڵسۆزانە تاکو توانیمان بەسەرکەوتوویی لە مردن ڕزگاری بکەین، دوای سێ مانگ لە ڕێگای دۆست و ڕێکخستن بردبوویانە بەغداد لەلایەن پزیشکێك نەشتەرگەری بۆ کرابوو، پزیشکەکە پێی گوتبوو

ئەمە لە کوێ بۆت کراوە؟ ئەویش قسەی نەکردبوو، پێی گوتبوو مەترسە ئەمە کاری شاخە، بەڵام ئەوانە زۆر زیرەکن دەنا تۆ دەبوو مردبای.

## پەلاماری دوژمن بۆسەر مەڵبەندی چوار لە ساڵی ١٩٨٦

لە سەرما و سۆڵەیەکی زۆردا دوژمن هێرشی کرد، کە هەڤاڵ کۆسرەت بریندار بوو، لە هەولێر، کۆیە، ڕانیە و شەقڵاوەوە بە ژمارەیەکی زۆری سوپا و جاشەوە هێرشی کرد، هێزەکانی ئێمەش لە زیارەت، بەنەباوی، کرۆژ، دۆڵی ئەسحابان، جەلی و نازەنین، وەکو نەخۆشخانە کۆڵەپشتەکانمان پڕ کرد لە دەرمان، لە بەری بنەباوێ لە ئەشکەوتێك جێگیربووین، هەرچەندە من شوێنەکەم پێ باش نەبوو، هێندەی نەبرد لە هەموو لایەکەوە شەڕ دەستی پێکرد هێندە فراوان بوو نەماندەزانی فریای کام لا بکەوین، بریندارێکیان هێنا کە سەیرم کرد گوللەیەك چوار جار لە گیانی دەرچووبوو، لە قۆڵی دابوو لە دوایی بە تیخەنی پشتی دەرچووبوو دووبارە بە ناو شانی کەوتبوو دەرچووبوو، هەروەها داوبووی لە قۆڵەکەی دیکەیی و لێی دەرچووبوو، دەلەرزی، وەختێ پشکنینم بۆ کرد تووشی خوێنبەربوونی ناوەکی بووبوو، دکتۆر زریان گوتی بەڕێی بکەن بۆ سەر شاخ، حەوت شەهیدمان هەبوو، بەردەوام بریندارمان هەبوو، جگە لەوەی خێزانی پێشمەرگە و ژن و منداڵی ساوامان لەگەڵ بوو، شەڕی گەورە لەسەر چیای پشتی هیران بوو، تیپی بیتوێن لەو شەڕەدا بە ٢٦ پێشمەرگەوە بەرامبەر ٦ هەزار سوپا و جاش خۆیان گرت، ئەو ئازایەتی و قارەمانێتییە ناگێڕدرێتەوە، لە نازەنین تیپی سەفین بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد تەنها ٢ کم شاخمان بەدەستەوە مابوو ٤ ڕۆژ لەو شاخە گەمارۆدراین بێ نان و ئاو، بەردەوام لە بن بەرد و تاشەبەردەکاندا سەرقاڵی چارەسەرکردنی بریندارەکان بووین، موغەزیمان بۆ هەڵدەواسین، ئەمە ئاسان نییە تۆ بتوانی بریندارێك لەسەر بەفر بە بەرگی خۆیەوە چارەسەر بکەی، تەنها ئەمە لە هێزی پیاوە شۆڕشگێڕەکاندایە، لە ژێر ڕەحمی بڵێسەی ئاگردا چارەسەری هاوڕێکانی بکات، ئەرکی دەزگای تەندروستی زۆر گران بوو پێشمەرگە و دکتۆریش بوون، لە هەموو لایەکەوە تۆپباران بوو، دکتۆر زریان گوتی: ئێمە تاوانمان چییە هەموو میللەتی کورد بەدوامانەوەیە شەڕمان دەکەن، گوتی باوکم ٢٦ ساڵە مردووە پێم وایە

ئـەویش هـاتووە! ئیـدی دوای دانـانی پلانێـك لـە زەحمـەتێکی زۆر پاشەکشـەمان کـرد و گەیشـتینە گونـدی توتمـە نەخۆشـخانەی مەڵبەنـدی سـێ لـەوێ بـوو، دکتـۆر چیا بـەڕێوەی دەبرد، برینندارەکانمان لەوێ کۆکردەوە و دەستمان کرد بە چارەسەرکردنیان.

ئەو پێشمەرگەیەی کە گوتم یەك گوللە چوار جار بەری کەوتبوو، بەجێیان هێشتبوو بارودۆخی زۆر خراپ بوو، لە بن شاخ و ڕەزێك بەجێمابوو، بەڵام بە هەوڵ و ئازایەتی خۆی چووبووە ناو قەدی شاخێك، خۆی لە کونێك شاردبووەوە، خۆی گێڕایـەوە کـە چـۆن سـوپا و جاش دەهاتنە خوارێ و سـەیری لـەفاف و کەلوپـەلی بریندارەکانیان دەکـرد، بـەڵام چانسـی خۆی نەیان بینی بوو، دوای چۆڵکردنی ناوچەکە هاتەوە لای ئێمە (چێست)مان بۆ کرد و لە مردن ڕزگاری بوو، من و دکتۆر چیا و دکتۆر کارووخ لـە نەخۆشـخانەکە بـووین، لـەو دەمـە مـن منداڵـەکانم نـاردبووەوە مـاڵی خـەزوورم پـاش ماوەیـەك پێشـمەرگەیەکم نـارد بیـان هێنێتەوە، کە گەڕایەوە گوتی: وەڵڵا مـاڵی خـەزوورت بڕوایـان پـێ نـەکردووم گوتیـان ئێمـە هیچ زاوایەکمان نییە پێشمەرگە بێت!

**چارەسەرکردنی بریندارێکی هاوڵاتی**

زستانێکی سارد بەفر دەباری ئەوەندەمانزانی بریندارێکیان هێنا خەڵکی گوندی (قـەڵا سنجی) بوو، شەڕی لەگەڵ خزمێکی خۆی کردبوو، خەنجەرێکیان لە پشتی دابوو، بارودوخی زۆر ناجیگیربوو، تووشی خوینبـەربوونی نـاوەکی کردبـوو، ئێمـەش هەسـتاین چیسـتمان بـۆ کــرد، بــەڵام دەرمــانی پێویســتیمان نــەبوو لەبەرئــەوەی موغەزیــەکی زۆری دەویســت هێورکەرەوە و ئەنتی بایۆتیکی زۆری دەویست هەروەها کیسی خوێن ئەمـەش ئاسان نـەبوو پەیدای بکەین، کابرا شـەش حـەوت بـرای هـەبوون کەسـیان بەخەمیـەوە نـەبوون، لەلایـەك دوژمن هێزی کۆکردبووەوە پەلامارمان بدات هەرچەندە پێمـان دەگـوتن دەبێـت چارەیەکی بکەن، بەڵام زۆر بێخەمانە پاڵیاندابووەوە نەیاندەبردە شـار، یـان دەرمـانی بـۆ پەیـدا بکـەن، ڕۆژێك خزمەکانی هاتبوون بۆ لای، منیش پێم دەگوتن دەبێت ئەم دەرمانانـە پەیـدا بکـەن، دەنا براکەتان دەمرێت، دوای دوژمن نزیك بوو پەلامارمان بدات، بردیان بۆ شار لـە کۆتـایی لە شار کۆچی دوایی کردبوو، کە سێ هەفتە ئێمە نەمانهیشت بمرێت.

## دروستکردنی نەخۆشخانە

دکتۆر زریان پێی گوتم بەخۆبکەوە ئەمڕۆ دەچین بۆ خەتێ چاوێك بەناو خەتێدا دەخشێنین بۆ هەڵبژاردنی ناوچەیەك بۆ نەخۆشخانە، گوندی خەتێ زۆر گەورەبوو ئاوەدانییەکی زۆری هەبوو ناوەراستی دۆڵی بالیسان و دۆڵی هەروتیان بوو تابڵێی ناوچەیەکی زۆر خۆش بوو، هەمووی باخ و باخات بوو لەوانە هەنار، سەرچاوەی ئاوی باشی هەبوون، بەتایبەتی کانی (سماندارە) ئاوێکی زۆر پاك و سازگار، دەکەوتە سەرووی گوند لەژێر شاخی (شوپە) هەڵدەقولا، بارەگای دکتۆر کەمال خۆشناو لەوێ بوو، پیاوێکی بەرێز و قسەخۆش بوو، بەردی بناغەی نەخۆشخانە من و دکتۆر زریان دامانا، دوایی دکتۆر کارووخ و هەڤاڵ سەلامی براشی کومەڵێك پێشمەرگەی نەخۆشخانەکە لەوانە جەلال مام حەبیب مزەفەر و ئازاد چاوشین، سەرەتای بەهار بوو لە باخچەیەکی زۆر خۆشی دارگویز، بە خێمە بەردی بناغەی نەخۆشەکەمان دانا، منداڵەکانمان ناردەوە بۆ شار تاکو خۆمان ڕێکبخەینەوە و بتوانین ماڵ دانێین ئیشوکارەکانمان زۆر بەباشی بەرێدەکرد، بەلام تادەهات ئەرکەکانمان زۆر دەبوون، سنووری چالاکی پێشمەرگە شۆڕشگێرەکان زۆر تر دەبوون، بەردەوام کێبڕکێی نێوان کەرتەکان و تیپەکانی ناوچەکان هەبوو، تا چالاکی لە دژی ڕژێم ئەنجام بدەن، ئەمەش وایکردبوو بەردەوام بریندارمان زۆربێت.

ڕژێم بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری ناوچەی سەرکردایەتی دابوو هێزەکان لە هەموو ناوچەکان پێشمەرگەیان ناردبوو بۆ بەرگریکردن لە سەرکردایەتی لە ناوچەی سلێمانی و سەرگەلوو و بەرگەلوو ئەمەش وایکردبوو زۆر لە بریندارەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان لەوێ چارەسەر بکرێن، ئەمەش ئاسان نەبوو زۆر جاران گرفتی دەرمانمان بۆ دروست دەبوو، دەستمان نەدەکەوت ناچار پەنا بەرینەبەر کەسوکارمان و دۆستان و ڕێکخستنی ناو شارەکان زۆر بوون ئەوانەی بریندراری درێژخایەن دەست و قاچیان دەشکا پێویستی بەردەوامی بەچاودێری هەبوو ئەمەشیان ئاسان نەبوو لەبن سێبەری دارگوێزەکان بتوانی چارەسەری نەخۆشی بریندار بکەی لەسەر زەویەکی ڕەق و تەق بریندار بتوانێ بەرگەی ئەم هەموو ئیش و ئازارە بگرێ، بەلام ئیرادەی بەهێزی شۆڕشگێڕی نەمانەی هەمووی چارەسەرکردبوو زۆر لەمە بەهێزتربوون بیری لێنەکەینەوە.

**پیاوی ڕۆشنبیر و بەتوانا ئامانجی خۆی دەپێکێ**

ڕۆژێك هەڤاڵ یوسف شەریفی ڕەحمەتی هات بولامان لەبارەگای نەخۆشخانە مایەوە بۆ ماوەیەکی باش، یوسف شەریف پیاوێکی ڕۆشنبیر و نووسەرێکی بە توانا بوو کادیرێکی زۆر بەتوانای کۆمەڵە و زمانزانێکی باش، کە ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی دەزانی کەسێکی زۆر قسەخۆش بوو، بەردەوام لە قسە خۆشەکانی وەڕەس نەدەبووین، ڕۆژێك بەمنی گوت تۆ چۆنی لەگەڵ ئینگلیزی گوتم نایزانم گوتی دەتەویت فێری ئینگلیزی ببیت، گوتم خەونی پێوە دەبینم گوتی: باشە چووینە لای کادیرێکی بەڕێزی کومەڵە، داوای کتێبێکی پۆلی شەشی سەرەتایی ئینگلیزی کرد، ئەویش بەخۆشحاڵی بۆی پەیدا کردم بوو بە مامۆستام بەردەوام ڕۆژانە وانەی پێدەگوتم، منیش لە خۆشەویستی ئیشەکەم بەردەوام دەرۆیشتم بۆ شوێنی چۆڵ بەردەوام وەکو گۆرانی لەبەرم دەکرد، ئەمەیان بوو بەڕێگا پیشاندەرێکی زۆر گەورە بۆ من، بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بەرەو پیشەوە بڕۆم لە ئیشەکانی پزیشکیم ئەمەوایکرد من زیاتر هەولی خۆم بدەم، بۆ ناوی دەرمانەکان بەردەوام پراکتیزەیان بکەم ناویان لە مێشکی خۆم تۆمار بکەم بۆیە دەڵێم ڕەحمەت لە گۆڕت ماموستای هەردەم زیندوو، لەماوەی شەڕی عێرق - ئێران و فشارخستنەسەر خەڵك و گرتنیان بۆ سەربازی و بەرەکانی شەڕ بەردەوام خەڵك ڕایدەکرد بوو ناوچەی ڕزگارکراوەکان هەندێك ناچار دەبوونە پێشمەرگە ڕۆژێك پیاوێك هاتە نەخۆشخانە بەناوی دکتۆر هەڤاڵ ناوەڕاستیەکەی دکتۆر ئیبراهیم بوو، کە خەڵکانی بە توانا دەهاتنە دەرەوە بەتایبەتی پزیشکان و یاریدەدەرانی پزیشك زۆر کەیفخۆش دەبووین بە هاتنیان.

**دروستکردنی بینای نەخۆشخانە**

زۆر هەوڵماندا بۆ ئەوەی شوێنێکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە لە کۆتایی بە باشمانزانی لەسەر کانی سماندارە بینایەك دروست بکەین، بەڵام دوکانیکی بچکولانەی لێ بوو، لەناو کابینەیەك خاوەنەکەی ناوی عەزیز بوو داوامان لێکرد کە شوێنەکەمان پێ بفروشێ، بەڵام ڕازی نەبوو، بەڵام دوایی بەڵێنمان پێدا بەرامبەری خۆمان دوکانێکی بۆ دروست بکەین ڕازی بوو، هەستاین بینایەکمان دروستکرد ڤاوشێکی باشمان

دروستکرد لەگەل چەند هۆدەیەك، جێگای نەشتەرگەری و دەرمان پاش ماندووبونی زۆر هاوکاری پێشمەرگەکان هەڤاڵ خالید کە فەرماندەی کەرت بوو دەستی وەستایەتی هەبوو، هاوکاری کردین، توانیمان نەخۆشخانەیەکی باش دروست بکەین ئەمەش ئاسانکاریی زۆری کرد بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی بتوانین زۆر باشتر ئەرکەکانی خۆمان ڕاپەڕێنین لەگەڵ تێکەڵاوبوونەوەی مەڵبەندی سێ و چوار، هەڤاڵ کوسرەت هاوکاری زۆری ماددی کردین، بەمەش وایکردبوو زۆر گەرموگوڕتر بتوانین خزمەتی بریندار و نەخۆشەکان بکەین توانیمان قەرەوێڵە بۆ نەخۆشەکان بکڕین، تا دەهات کەلوپەلی باشترمان دەست دەکەوت.

بەردەوام مەیدانی شۆڕش بەرفراوان دەبوو لەگەڵ ئەوەی ئێمە شەڕی زۆرمان بەسەرەوەبوو لەلایەك شەڕی عێراق لەلایەك شەڕی ئێران هەندیکجار شەڕەکانی ناوخۆش، بەڵام بەهێزی و توانای پێشمەرگەکانی ی.ن.ك وایکردبوو هەموو لایەك حیسابی بۆ بکات، دەستی لەکەسیان نەدەپاراست شۆڕشیکی زۆر ڕاستەقینە بوو پشتی بەجەماوەر بەستبوو، لەهەر لایەك دەروی سەرکەوتن مسۆگەربوو شەو نەبوو پەلاماری ڕەبیەو بارەگای ڕژێم نەدرێ و نەگیرێ، ئەمەش وایکردبوو ترس و لەرزیکی زۆر بخەنە هەناوی دوژمن ئەمەشیان هاوکاریەکی باشیان کردین چونکە ئێمە لە ڕووی دەرمانەوە کەموکوڕی زۆرمان هەبوو زۆر جاران خامی سپیمان تەعقیم دەکرد لەبری گۆز و لەفاف، هەروەها دەمانتوانی دەستمان بکات بەشارەکانی ئێران بۆ پێداویستی بە پارە دەمانکڕین، ئێمە کارەساتی زۆر گەورەمان بەسەردەهات بەتایبەتی ئەم بریندارانەی توشی خوێنبەربوونی ناوەکی بوون تیوبی چێستمان دەست نەدەکەوت، ناچار جیهازی عەتامان دەکرد بەتیوب، شوشەی بوتڵمان دەکردە سەکەر ئەمەش تەنیا لە توانای کادیرە پزیشکیەکانی شۆڕش و پێشمەرگە بوو کە دەیانتوانی خۆیان لەقەرەی ئەم کارە مەترسیدارە بدەن یاخود قاچی مرۆڤ بەدەرزیەکی کەتەلار ببڕیەوە بەنجی گشتیمان نەبوو، یاخود ژوورێکی داخراوی پاکمان هەبێ، بەڵام هەر کارێکی کردمان یەکسەر سەرکەوتوو بوو، بەم دەردەسەرییە پێشمەرگە و هاووڵاتیمان لە مردن ڕزگار دەکرد.

تا دەهات شۆڕش هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردندا بوو، ڕژێمی عێراق بەرەو درندەیی دەڕۆی تاوانی گەورەتر و پەلاماری ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێردەستی هیزی پێشمەرگەی

دەدا گوند و شارەکانی خاپوور دەکرد، کەسوکاری پێشمەرگەی زیندانی دەکرد بەردەوام تەمەنی سەربازی دەگرت ڕاپێچی بەرەکانی شەڕی عێراق ئێرانی دەکردن، بەمەش کارەساتی زۆر گەورەی دەخولقاند، ڕۆڵەکانی کورد دەبوونە سوتەمەنی ئەم جەنگە نەخوازراوە هەروەها هەردوو ڕژێم لە هەولی ئەوەدا بوون، شەڕ بخەنەسەر ناوچە کوردییەکان بۆ ئەوان زۆر ئاسودەیی بوو، لەم دیو و لەو دیو، کوردستان توشی کاولکاری و وێرانی هاتبوو، هەروەها لە هەمووی گەورەتر بەردەوام بە چەکی قەدەغەکراو شەڕیان دەکرد ئەمەش زیانی زۆر گەورەی لە ژینگەی کوردستاندابوو، بەتایبەتی ئاژەڵەکان هەمووی فەوتابوون لەمەش گەورەتر بە ملیۆن مین لەژێر زەوی کوردستان دانراون تا ئیستاش کورد لە شەڕێکی خوێناوی دایە بەردەوام ڕۆڵەکانی کورد دەبنە قوربانی بەمەش زەبرو زەنگی ڕژێم وایکردبوو ڕۆڵەکانیان بەردەوام خۆیان بگەیەننە براکانیان شۆڕش لە گەشەکردنی بەردەوامدا بوو تا زەبری کوشندە لە دوژمن بدەن، ئەمەش وایکردبوو ئەرکی ئێمە زۆرتر بێت.

وەکو دەزگای تەندروستی گەورەترین کێشەی ئێمە تاقیگە و تیشك بوو، تیشکمان نەبوو، هەر برینداریك پێویستی بەتیشك هەبایە دەبوو بمان ناردبایە بۆ سەرکردایەتی بەرگەلوو ڕێگای (٥) ڕۆژ و شەو بە سواری ولاخ دووربوو، لەناو دەرباز کردنی سەدان بارەگای دوژمن و ڕاوی کوپتەر و فڕۆکەی پیلاتوز، زۆر جاران تووشی کارەساتی گەورەتر دەهاتین تا برینداریکمان دەگەیاندە سەرکردایەتی لەڕێگای دەکەوتنە بۆسەی دوژمن پێشمەرگەمان شەهید دەبوون.

ددان کێشان کارێکی دیکەی ئێمە بوو، پێش ئەوەی بچمە نەخۆشخانە دکتۆر زریان کاری ددان کیشانیشی دەکرد، بەلام من لە ڕووی زانستیەوە شارەزاییەکی باشم نەبوو لە ڕووی بەنجکردن و جۆری هەلکێشان، ڕۆژێك دکتۆر زریان گوتی تۆ زۆر جوان ددان دەکێشی! بەلام هەندێ ڕێنمایی دامێ لەسەر ئیشکردنم زۆر سوودم لێبینی، ئەوەبوو شارەزاییەکی زۆر باشم پەیدا کرد و بوومە کەسێکی پسپۆر لە ددان کێشان لە دوو مەلبەند، تەنیا لەلای ئێمە ددانمان دەکێشا دکتۆر زریان منی ڕاسپارد تەنیا من ئیشی ددان بکەم، بەردەوام ڕۆژانە

خـەڵکێکی زۆر دەهـات لـە پێشـمەرگە و هـاوڵاتی بەنجیشـمان نـەبوو زۆر جـاران خۆمـان دروستمان دەکرد.

دوو برادەرمان هەبوون یەکیان پزیشك بـوو ئـەوەی دیکـە یاریـدەدەری پزیشکی بـوو، وەکو هەستم کرد کەمێك هەستیاریان هـەبوو بەرامبـەرم، ئیشـەکەش لەبەردەسـتی مـن زۆر بـە ئاسـانی دەڕۆی وایـانزانی زۆر ئاسـانە، مـن لـە مـاڵێ بـووم لـە تەنیشـت نەخۆشـخانەنە خۆشێك هاتبوو ددانی بکێشێ، بەڵام ئەم دوو برادەرە خۆیان لێ تاقیکردبووە ئافرەتێك بوو وەختی کە چـوو بـوو ددانـی ئافرەتەکـەیان شـکاندبوو، هـەموو شـەویلاگەیان هەڵـدڕی بـوو، بۆیان دەرنەدەهاتبوو، بەنجی زیادەشیان دابویە، ڕەنگی سپی هەڵگەرابوو دوای ناچار داوایان لێکـردم کـە ددانەکـە دەربهێـنم منـیش گـوتم باشـە، نەمشـکاندن، لەبەرچـاویان ددانەکـەم دەرهێنا، شەویلاگەشم بۆ دووریـیـەوە، دەنگم نـەکرد، ڕۆژی دوایـی هـەمان کـەس کابرایـەك هات ددانی کێشا بەبێ ئەوەی بە من بڵێن خۆیـان لێکـردە خـاوەن، بـەنجێکیان لێـدا ددانیـان شـکاند، پـاش هـەوڵی زۆر نـەیانتوانی دەری بێـنن، ڕوویـانکردە مـن، بـەڵام مـن گـوتم ئەمـە بەرپرسیارێتییە مەسەلەکە ناهێنمە سەر خـۆم، لـەم کاتـەش دکتـۆر زریـان پەیـدابوو گـوتی ئەمە چییە بۆم گێڕایەوە، زۆر تووڕە بـوو، گـوتی براینـە مـن ئـەوم فێرکـردووە، بـەڵام مـن ئێستا کە ناتوانم وەکو ئەو بیکێشم، لەمەودوا تەنیا هـەڤاڵ خـدر ددان دەکێشـێ، داوای کـرد ددانەکە دەربهێـنم ئـەمجارە دەرم کـرد، جا براینـە لـە قسـەکردن خێـرا مەبـە و زوو بڕیـاڕ مەدەن لە ئیشدا ئەگـەر نـەیزانی نـەنگی نییـە، بـەڵام ئەگـەر بڵێـی دەیـزانم و نـەتزانی زۆر نەنگییە، پرسیار بکـە و هەڵەشـە مەبـە، دەنـا تەمـەن کـورت دەبیـت لـە مەیـدانی خەباتـدا، خەباتکردن پشوو درێژی دەوێت.

ڕۆژێك پیاوێکی سەرسپی هات بوو لامان بەناوی فەرهاد یاریدەدەری پزیشکی بـوو، لـە بەشـی تاقیگـە، ئێمـە زۆر پێویسـتمان پـێ بـوو، پیـاوێکی زۆر قسـەخۆش و لەبـەردڵان بـوو، هەوڵی دەدا هاوڕێکـانی فێـری زانسـتەکەی بکـات، کـە چـۆن خـوێن وەربگـرن بـۆ ئـەوەی لـە شوێنە پێویستەکان پێشمەرگە و هاوڵاتی لە مردن ڕزگار بکەن، من وەك خوم زۆر لەم پیاوە فێربووم دەمتوانی هەموو گروپەکانی خوێن جیا بکەمەوە لە هەر کوێ بتـوانم برینـدار لـە مردن ڕزگار بکەم.

ئێمە پێداویستیمان زۆر کەم بوو تەنانەت ئامێرێکی مایکرۆسکۆبمان نەبوو، ئێمەش هەواڵی ڕێکخستی ناو شارماندا کە بۆمان پەیدابکەن، بەڵام دەستیان نەکەوتبوو ئەوانیش لە دڵسۆزی خۆیان هەستابوون ئامێری مایکرۆسکۆبی نەخۆشخانەی ڕانیەیان هێنا بوو، هێنایان بۆ ئێمە زۆر سوودمان لێبینی، لەسەر ئەم ئامێرە نوکتەیەکی زۆر خۆش ڕوویدا کابرایەك کارمەندی نەخۆشخانەی ڕانیە بوو من دەمناسی، کوڕەکەی جاش بوو پێشمەرگە گرتبوویان، هات بۆ لام گوتی دەبێت کوڕەکەم بۆ ئازاد بکەی، وەختێ چاوی کەوت بە ئامێرەکە کابرا گوتی وەڵڵاهی دوو ڕۆژ پێش ئیستا کە ئامێرێکمان هەبوو لە نەخۆشخانە لێمان درا و دزرا وەکو ئەو ئامێرە بوو، منیش گوتم ئەوە خۆیەتی، ئێستاش بۆ کۆمەڵێك کەلوپەلی پزیشکیمان بۆ پەیدا بکە با منیش هەوڵدەم کوڕەکەت بۆ بەردەم، لەسەر ئەمە ڕێککەوتین، کۆمەڵێك شتی باشی بۆ هێناین بەمەش وایکرد تاقیگە ئاسانکاریی زۆر باشمان بۆ بکات بۆ ئەوەی باشتر بەرەنگاری ئیشە سەختەکان ببینەوە و مرۆڤ لە مردن ڕزگار بکەین.

### بوونی تیشك و کارەساتەکانی

هێزی پێشمەرگە شەوانە پەلاماری شارێك یان بارەگایەکی دوژمنی دەدا، داگیرکەر و خۆفرۆشانی تەمبێ دەکرد، بە بەرنامەیەکی زۆر پوخت پەلاماری شاری تەقتەق درا لە شەوێکدا پێشمەرگە توانیان سەرتاپای شارەکە بگرن، سەرکەوتنێکی زۆر گەورە تۆمار بکەن بە دەستکەوتێکی زۆرەوە بگەڕێنەوە، بەڵام جێگای داخ بوو لەم چالاکییە گەورەیە دە پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون لەو شەهیدانە سەرتیپێك شەهید بوو، (عەبدولڕەحیم سەنگەسەری) لەم داستانە گەورەیە ئامێری تیشکی نەخۆشخانەی تەقتەقیان هێنا، ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەبوو بوو، خزمەتی پێشمەرگە و کومەڵانی خەڵکی کوردستانی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان کرد، بە ئازایەتی ڕۆڵەکانی گەل توانییان لەناو سەدان بارەگای ڕژێم دەری بکەن و بیهێننە گوندی کولکەرەشی دۆڵی هیران و نازەنین کە قورسیەکەی یەك تەن بوو، لەگەڵ ٢٠٠٠ دوو هەزار فیلم، بەمەش دەستکەوتیکی زۆر نموونەیی بوو لەم سەردەمەی قوناغی شۆڕش، بەڵام گەورەترین کیشەی ئێمە ئەوە بوو نەخۆشخانەمان لە

دۆڵی بالیسان بوو، چۆن بیگەنینە نەخۆشخانەی خەتێ؟ لەبەرئەوەی ڕێگای ئۆتۆمبێلی نەبوو دەبوایە بە بازگەی ڕژێم لە شەقلاوەوە تێپەڕێ، دواتر بێتەوە بۆ خەتێ زۆر هەوڵماندا چۆن ڕێگایەك بدۆزینەوە، بەڵام زۆر زەحمەت بوو لە دوایی بەخەیاڵماندا هات وەرزی (کا) گواستنەوەبوو، بەباشمان زانی لەناو عارەبانەیەکی تراکتۆر پڕی بکەین لە کا، کارێکیش بکەین تا قاعیدەکەی بەرزبێت، لەبەرئەوەی ئەم قاعیدەی زۆر بەرزبوو ئاسان نەبوو بشارێتەوە، هەستاین داوامان لە کوڕێکی گەنج کرد کە یارمەتیمان بدات بەخۆی و تراکتۆرەکەی ئەویش زۆر مەردانە و نەترسانە گوتی بەسەرچاو، بەڵام دەبێت پیاوێکی پیرم لەگەڵ بێت، لەبەر بازگەکان، هەستاین بەم چالاکییە، ستوونێکی بەرزمان هێنا چواردەوری عارەبانەکەمان ڕاگرت ئامێرەکەمان خستە ناوی و پڕمان کرد لە کا، تاکو بەرزبوو داوامان لە حاجیەك کرد گوتمان (کا)مان دەوێت، پێویستە لەگەڵ ئەم گەنجە بڕۆی لەبەر بازگە حاجی هەر پرسیاری نەکرد ئایا ئەوانەکایان بۆ چییە؟ یان کا لە دۆڵی بالیسان نەماوە تا لێرەوە دەیبەن، حاجی زۆر مەردانە لەگەڵی ڕۆیشت ئێمەش دڵمان لە مشتمان بوو، هەستاین بەرێکەوتین بەرەو گوندی (مام) لە دوورەوە چاودێری تراکتورەکەمان دەکرد بۆئەوەی بزانین لە بازگەکە ڕایان دەگرن یاخود نا، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کوڕە گەنجەکە دەیزانی چی لەناوە ئەگەر ئاشکرا بێت سەدا سەد دەکوژرێ ئاسان نییە ئەم ئازایەتییە بنووسرێتەوە، تەنیا دڵسۆزی گەنجە خوینگەرمەکانی ئەم گەلە دەتوانن، لەلایەکی تر حاجی بەستەزمان بێ ئاگا لەسەر ئاسنێکی ڕەق و تەق بەسواری تراکتۆر بەرەو مەرگێکی نادیار هەنگاو دەنێت، نازانرێ ناوی بنێی چی، تاوان یاخود نا؟ لەلای ئێمە دڵسۆزی بوو نیشتیمان ناچاری ئەوەی کردبوون درۆ لەگەڵ خۆمان بکەین هەرچۆنێ بوو خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەیشتنە لامان حاجی لە دوورەوە پێدەکەنی، پێمانگوت حاجی دەزانی ئەمەچییە؟ لەناو تراکتۆری؟ حاجی گوتی چۆن نازانم چییە ئەوە (کا)یە، وەختێ دەستێکمان لەسەری کایەکەدا قۆلی ئامێرەکە دەرکەوت حاجی ئەوەی دی پێمانگوت ئەمە ئامێری تیشکە حاجی، بە هەردوو دەست لەسەری خوی دەدا دەیگوت دەتانەویست لەناوم بەرن هەرچی دەگوت نەیدەگێڕایەوە دەستمان لەملی کرد و سوپاسی مەردانەی ئەم پیاوە باشەمان کرد، کە ئەرکێکی زۆر گەورەیان ئەنجامدا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، ئەم ئامێری

تیشکە خوینی دە ڕۆڵەی قارەمانی لەسەر ڕژا گەیشتە شوێنی خۆی بۆ خزمەتی پیاوە شۆڕشگێرەکان.

## دامەزراندنی ئامێری تیشك

تیشکمان گەیاندە نەخۆشخانەی خەتی ماتۆڕێکی باشمان پەیدا کرد، لەگەڵ کابینەیەکی بچکولانە بۆ دیفلۆبەر و شوینی شوشتنەوە، دوو یاریدەدەری پزیشکی تاقیگەمان هەبوو بە ناوەکانی (محەمەد حاجی و هەژار) هەردووکیان دەورێکی زۆر مەردانەیان گێڕا بۆ خزمەتی پێشمەرگە و هاوڵاتیانی ناوچە ڕزگارکراوەکان، لێرەوە بەدواوە پێویستی نەکرد ئێمە جارێکی تر بریندار ڕەوانەی سەرکردایەتی بکەین، خۆمان دەمانتوانی هەموو کێشەیەك چارەسەر بکەین نەشتەرگەری گەورەی لێ ئەنجام بدەین، دەتوانم بڵێم ئەم ماوە کورتە ئەوەی لە نەخۆشخانەکانی ئێمە ئەنجام دەدرا لە نەخۆشخانەکانی شار نەیاندەتوانی ئەنجامی بدەن.

## نەخۆشخانەی مەلەکان

بەباشمانزانی نەخۆشخانەیەك لە مەلەکانی سەرێ بکەینەوە، ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی زۆر سەخت بوو، دوور لە ڕێگا بوو، ناوەراستی دۆڵی پالانە و ناوچەی ڕواندوز و دۆڵی خانەقا بوو، بۆیە بەباشمانزانی نەخۆشخانەیەك دروست بکەین، ئەشکەوتیکی زۆر گەورە هەبوو لەسەرووی گوندەکە لەناو ئەشکەوتەکە بینایەکی گەورەمان دروست کرد. دکتۆر هەڤاڵ لەگەڵ دوو یاریدەدەری پزیشکی بەناوەکانی (جەمال و هونەر) دکتۆر هونەر بەشی تاقیگەبوو، بەڵام پیاوێکی زۆر بە توانا بوو لەئیش و کارەکاندا، هەروەها شارەزا لە ناوچەکە و لە ئیشی سەربازی کەسێکی زۆر لەخۆبردوو بوو، خزمەتی هاورێکانی گوندی گەڕەوان ناوچەیەکە زۆر سەختە کویستانیە بەفری زۆر لێ دەبارێ ئەم دۆڵە کۆمەڵێك گوندی لەسەرە تا دەگاتە بلێ و ئالانە ناوچەیەکی زۆر خۆشە ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر باش بوو بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە، چونکە ڕژێم بەردەوام ناوچەکانی بەفڕۆکە بۆردومان دەکرد.

دوژمن لەترسی شکستەکانی خۆی وەکو هەموو جاران ترسنوکانە دەکەوتە تۆپباران کردن وەختێ تۆپێك بەر عەبدوڵڵا بۆر و فەقێدین دەکەوێ فەقێدین شەهید دەبێت و عەبدوڵڵا بۆریش زۆر بەسەختی بریندار دەبێت پاش کاتژمێرێك بێهوشی بەبێ ئەوەی کەس ئاگای لێیان بێ وەختێ بە هۆش خۆی دێتەوە فەقێدین شەهید بووە و خۆشی بریندار بووە، کە گەیاندیانە نەخۆشخانە پارچەیەك دابووی لە ڕوومەتی لەسەر شانی وەستابوو، بەڵام ئازایەتی ئەم پیاوەم قەد لەبیر ناچێ بارودوخی زۆر مەترسیداربوو پێویستی بەخەوتن بوو لە نەخۆشخانە بەڵام بە هەزار تکا تا بەیانی ڕامانگرت، دەیگوت دەڕۆمەوە لای پێشمەرگەکان، نەکو دوژمن هێرش بهێنێ و بشکێن، ئەو شەوە ئاژەڵێکی گەورەمان سەربڕی بوو گۆشتی زۆرمان هەبوو هەڤاڵ عەبدوڵڵا دەبوایە خواردنی نەدرێتێ، بەڵام وەختی زانی سوێندی خوارد گوتی بشمرم هەر دەیخۆم ناچار بووین گوشتی بدەینێ لەم کاتە گوتی براینە چیدی مەڵێن دۆڵە پیواز ئەمجارە دۆڵە پیواز بوو بە دۆڵە شێر.

## گواستنەوەی تیشك بۆ مەلەکان

گوندی مەلەکان زۆر دوور بوو، ناوچەیەکی زۆر سەخت بوو، کەوتبووە ناوەراستی هێزەکانمان خەتێ زۆر لە دوژمن نزیك بوو لەوە دەترساین پەلامارمان بدەن ئامێری تیشکەکەمان لەدەست بڕوات، بەڵام چۆن بیگوازینەوە؟ شاخەکان بەفراوی بوون لە ڕێگای (بلە)شەوە زیاتر لە ٦ کاتژمێر ڕێگا بوو، تیشکەکە قورسایی یەك تەن بوو زۆر بیرمان کردەوە، چۆن بتوانین بیگوازینەوە ئەوەبوو لە ڕێگای مەڵبەندەوە هاوکاری ڕێکخراوی کۆمەڵە توانیان دوو ئەندازیاری پێشمەرگە بدۆزنەوە زۆر ئازایانە و لەخۆبوردووانە و زیرەکانە بەماوەی هەفتەیەك لەبەریەکی هەڵوەشێنن و تەنها ئەوەی بۆیان نەکرا ئەو عەمودە بوو کە دێتەوە سەر کەسەکە بۆ وێنەگرتن، ئەمیش بەئازایەتی پێشمەرگە و خەڵکی شارەزای ناوچەکە توانیمان بەدەست و دار شێوەی دارەمەیت هەرجارەی ٦ کەسی دەویست ڕێگای ٦ کاتژمێر بیگەیەنینە گوندی مەلەکان هەرهەمان ئەندازیار زۆر ئازایانە بەستیانەوە، هەندێك ڕۆژنامەنووس هاتن بۆ ئەم ناوچەیە وەختی بینییان تیشکێك لە دووری ٦ کاتژمێر لە ڕێگا لەناو ئەشکەوتێك چ دەکات زۆر لایان سەیر بوو پرسیاریان کرد،

چۆن گەیاندوتانە ئێرە؟ گوتمان بەمشێوەیە، گوتیان ئێمە دەتوانین دروستی بکەین، بەڵام ناتوانین هەڵی بوەشینین جارێکی تر دروستی بکەینەوە و بەکاری بخەینەوە، زۆر سەرسام بوون بەئازایەتی و لێهاتووی ئەم ئەندازیارانە ئازایی پێشمەرگە و دڵسۆزی خەڵك ئەوا سەرکەوتوانە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. هەموو مرۆڤێك ئەگەر ئامانجی ڕاستەقینەی خزمەتی گەلەکەی بێت ئەستەمە هیچ هێزێك بتوانێ خۆی لە قەرە بدات ئێمەی شۆڕشگێر بەم هێزە کەمە و بەم توانایە، بەڵام سەربەرزانە بەرەنگاری ئەم هێزە زەبەلاحەی ڕژێم دەبووینەوە و خۆشبەختانە سەردەکەوتین.

لە زستانی ۱۹۸۷ کارەساتی زۆرمان بەسەرداهات تا دەهات ڕۆژانە ڕژێم خەستتر تۆپبارانی دەکردین ڕۆژانە نەبوو فڕۆکەکانی نەیەنە سەرمان بەچەکی قەدەغەکراو ئاگر بارانمان نەکەن، بەتایبەتی چەکی عونقوتی کە چەکیکی زۆر ترسناکە و کوشندەیە، زۆر جاران بەچوارده فڕۆکە پەلاماری دەداین، چەکی عونقوتی چیە؟ هەر فڕۆکەیەك شەش ساروخی هەڵدەگرت، هەر ساروخەی سێ مەتر درێژە لە هەوا دەتەقینەوە هەر ساروخەی ۲٥۰ ساروخی بچووکی لەناو بوو هەریەکەیان بەقورسایی هاوانێکی هەشتا و دوو دەبێت لێدانی هەر فڕۆکەیەك ۱٥۰۰ هاوان لەیەك چرکە دەتەقینەوە زۆر جاران بە ۱٤ فڕۆکەی گەورە بۆردومانی دەکردین بەیەکجار ۱۷۰۰۰ هەزار هاوان لەزەوی دەتەقیەوە سەرتاپای ناوچەکەی دەگرتەوە، وەکو باران هەر مەتری پێنج هاوانی بەردەکەوت ئەمەش زۆر تووشی کارەسات و شەهید و بریندار زۆر دەهاتین، بۆیە ئەرکەکانی ئێمە تا دەهات قورس دەبوو توانای باشی تەندروستیمان نەبوو زۆر جاران توشی قاچ برینەوە دەبووین ئەمەش خەرجی زۆری دەویست لەم ماوەیە ئەوانەی لەبیرم ماون قاچی حەسەن ئاغای زیوەمان بریەوە، هەروەها قاچی کوڕێکی شەقڵاوەمان بڕییەوە بەناوی هێرش، ئەمانە بەر مین کەوتبوون هەروەها قاچی ئافرەتیك بەناوی ئامینە، خەڵکی گوندی خەتێ بوو، توپ لێیدا بوو، بەردەوام برینداری زۆرمان هەبوون زۆر لە بریندارەکانی شەڕی سەرکردایەتی دەگەڕانەوە بۆلای ئێمە، مەڵبەند و ڕێکخراوی کۆمەڵە بەردەوام هاوکاریان دەکردین بەتایبەتی لەڕووی دارایی هەڤاڵ کۆسرەت بۆ خزمەتی بریندارەکان دەستی والاکردبووین، شەهید (عەبدولڕەزاق) لەڕێگای ڕێکخستنی ناوشار پێداویستی دەرمانیان بۆ دابین دەکردین.

## کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان

وەرز بەرەو بەهار دەچوو زۆر خۆش بوو هاوڵاتیانی گوندەکان خەریکی کارو کاسبی خۆیان بوون، شەڕێکی بەردەوام لە سەرکردایەتی هەبوو هێزەکان لە هەموو مەڵبەندەکان ڕۆیشتبوون بۆ بەرگریکردن تەنیا هێزێکی زۆر کەم مابووین لە ناوچەکە شەڕی عێراق ئێران بەردەوام بوو لە باشووری عێراق شپرزەیی پێوەدیاربوو، ئێران زۆر ناوچەی گرنگی لێگرتبوون هەروەها عێراق گەلەجاشیکی زۆری پەیداکردبوون، بەزۆری ئەوانەی بۆ شەڕی پێشمەرگە بەکاردەهێنا، ئەمەش نەهامەتی زۆر گەورەبوو بۆ کورد و ڕۆڵەکانی کوردی بەدەستی کورد بە کوشت دەدا، ئێوارەیەکی زۆر خۆشماڵم لەناو گوندی خەتێ بوو کات بەرەو شەشی ئێوارە دەڕۆیشت، خۆم و ڕادیۆکەم چاوەڕوانی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووم کە هەموو ڕۆژێ لە شەشی ئێوارە دەکرایەوە، هەواڵی چالاکی کوڕانی گەلی پێدەداین مژدەی سەرکەوتنەکانی دەگەیاندە شار و لادێیەکانی کوردستان ئەو ڕۆژە بەنیازبووم منداڵەکانم بنێرمەوە شار، بەڵام هاوڕێیەکم هات بۆلام بەناوی (خالید حاجی) دەعوەتم کرد ئەو ڕۆژە منداڵەکانم مانەوە و خۆم و خێزانم منداڵیکمان هەبوو دانیشتبوون لەبەر دەرگا خەڵکی گوند هەمووی خەریکی ماڵ و ئاژەڵەکانی خۆیان بوون ئافرەتەکانی گوندی هەمووی بەرەو کانی دەهاتن ئاویان دەبرد بەشان بۆ نانی ئێوارە ئەوەندەم زانی لەسەر شاخی (شوپە) لە ١٩٨٧/٨/١٩ سێ فڕۆکەی جەنگی دەرکەوتن، بە فڕۆکەی عێراقی دەچوون، لەدوای ئەوان دووی دیکە دەرکەوتن کە ژمارەیان بوون ١٤ فڕۆکە، بەڵام فڕۆکەکانی تر بەعێراقی نەدەچوون هەموویان بەڕەشی دیاربوون هاتن و ڕۆیشتن، من وامزانی فڕۆکەکانی ئێرانن لە سەدی دوکان دەدەن، بەڵام دوای چەند خولەك دووبارە لەسەر شاخی شوپە دەرکەوتنەوە ئەمجارە چەند ئاماژەیەکیان لەئاسمان فڕێدا دیاربوو ئاراستەی هەوایان وەردەگرت ئێمەش بێ ئاگا ئەوەی بەخەیاڵ و بیرمان لێ نەدەکردەوە نەمانبیستبوو کیمیایی بوو، کەوتنە لێدانی شێخ وەسانان و بالیسان ماوەی ٢٠ خولەك فڕۆکەکان بەردەوام دەهاتن و بەرزدەبوونەوە، بەڵام لێدانی سارووخ دەنگی نەبوو جارەکانی تر ئاسمان و زەوی دەلەرزی، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا بەمەشقی سەربازی دەچوو، وەکو هەموو جاری خەڵك دەچوونە ناو حەشارگەکان، لەبەر لێدانی فڕۆکە خێزانەکەشم لەگەڵ خەڵك چوونە ناو

خەندەقەکانی خۆشاردنەوە، خۆشم بەردەوام لە سەربانی چاودێری فڕۆکەکانم دەکرد، تەنیا یەك گردمان بەینبوو، لەگەڵ شێخ وەسان، هاڕەی فڕۆکە بەری ئاسمانی پڕ کردبوو نەتدەزانی تەماشای کامەیان بکەی، ئێوارە بەرەو تاریکی دەڕۆیشت دەنگی فڕۆکە نەما، وەختی چووومە سەر خەندەق بانگم کردن گوتم وەرنەدەرێ فڕۆکە نەما، بەلام لەم کاتەدا بۆنێکی زۆر ناخۆشی تیژم بۆهات، بەبۆنی سیر دەچوو هەستم کرد یەك کەڕەت چووە ناو سییەکانم، ئازارێکی بەهێز لە سییەکانم دروست بوو، گوتم ئەی لەم بۆنە دەڵێی کیمیاییە، خەڵکەکەش گوتیان چی پەشیمان بوونەوە، گوتم نا هیچ نەمویست خەڵك هەست بەناڕەحەتی بکات هیچم نەگوت، چومەوە ماڵەوە خێزانم نانی هێنا، بەلام نەمتوانی نان بخۆم بەردەوام ئازاری سینگم هەبوو بەخێزانم گوت با بڕۆینە ماڵی پێشمەرگەیەك لەناو شاخ بوو لە نزیك نەخۆشخانە، گوتم تۆ بڕۆ ئەوەی بزانم ئێستا بریندار پەیدا دەبن خۆشم دەڕۆمە نەخۆشخانە، خێزانم و کچەکەم بردە ماڵی هەڤاڵ عەبدوڵلا لەم وەختەش دەستی کرد بە با و بارانیکی زۆر بەهێز، سەیرم کرد دکتۆر زریان لەوێ نەبوو بە پێشمەرگەکانم گوت دکتۆر زریان لەکوێیە؟ گوتیان چووە بۆ مەڵبەند، زۆر تاریك بوو، ماتۆڕێکی کارەبامان هەبوو، بەلام پێیان نەکردبوو، گوتم: بۆ ماتۆڕ هەڵناکەن گوتیان لەبەر فڕۆکە، پێم گوتن هەڵی بکەن ڕەنگە ئێستا بریندارمان هەبێت ماتۆڕەکەیان هەڵکرد دەنگی زۆر بوو لەم ناوچانەش بەزۆری تراکتور هەبوون ئۆتۆمبێل زۆر کەمبوو هەر گڕە دەهات وامزانی دەنگی تراکتورە، ڕێگاکەش زۆر قوڕ و ناخۆش بوو وامزانی لە قوڕ گیریان خواردووە، وەختی دوور کەوتمەوە لەگڕەی ماتۆڕ بەرەو خوار ڕۆشتم هیچ تراکتوری لێنەبوون، بەلام گڕە و دەنگی ساروخ ئاسمانی وەك هەورە تریشقە لەسەرتاپای شاخەکان دیاربوو، بەتایبەتی شاخی شوپە و شاخی بەنەباوێ و دۆڵی بالیسان، ئەوەندەم زانی یەك بەدوای یەك کۆپتەرەکان لایتەکانیان هەڵکرد بەسەر شاخی زینەتیر بەرەو هەریرو شەقلاوە شۆڕبوونەوە. ئەمجارە زانیم دووبارە لێدراوین لەم وەختەش دکتۆر زریان هاتەوە، گوتی بەچەکی کیمیایی لە شێخ وەسانان و بالیسان دراوە، خەڵکێکی زۆر شەهید بووە، خەڵك هەمووی ڕایکردووە بەرەو شارەکان لەسەرتاپای ناوچەکە خەڵك دەستی کرد بەهەڵهاتن، هەر کەسە بوو بتوانێ ماڵ و منداڵی خۆی ڕزگار بکات ئەوەی مابووە کەس خاوەنی نەبوو، تەنیا خێزانی پێشمەرگە بوو،

زۆر هەبوون داوامان لێ کردن، بەڵام کەس ئامادەنەبوو، وەختی ئەوەندەم زانی ئۆتۆمبێلێك هات سەیرم کرد جەلالی سایەق بوو، خەڵکی گوندی توتمە بوو برادەرێکی خۆم بوو، گوتی دکتۆر نەخۆشێکم هێناوە سکی ئازاری زۆرە، گوتم زۆر باشە هەر ئێستا، کە نەخۆشەکەت بۆ چاك دەکەم، بەڵام تەنیا منداڵەکانی ئێمە لێرە ماون، دەبێت چارەسەرێك بکەی، لەو کاتەش خەبەرمان بۆ هات کە ڕژێم بەهێزێکی زۆرەوە لە خەلیفان بەرەو دۆڵی ئالانە بەڕێوەیە دەرزییەکم بۆ نەخۆشەکە کرد، خوای ڕوحمی کرد ئازاری نەما، جەلال گوتی بەسەرچاوان هەڤاڵ عەبدوڵڵا بچکۆلیش هات پارایەوە گوتی دەبێت منداڵەکانی منیش بەری، ماڵی ئاوابێت منداڵەکانی بردن، ئەم خەمە گەورەیەمان لەیەخە بووەوە.

خۆمان ئامادەکرد چۆن بەرەنگاری چەکی کیمیایی ببینەوە؟، نەشارەزایمان هەبوو نەدەرمان ئەوشەوە خوا ڕەحمێکی زۆر گەورەی کرد با و بارانیکی زۆر بەلێزمە باری وڵاتی هەمووی شوشتەوە دەنا تاکەکەس لەم ناوچەیە دەرنەدەچوو، کاتەکەی سەرمابوو زۆپای دار هەڵکرابوو یەك یەك و دوو دوو بریندار دەگەیشتن ئێمەش بەپێی پێویست تەداویمان دەکردن بەزۆری تەنگەنەفس و چاویان قەبات بووبوون، هەموو گیانیان سووتابوو، بەتایبەتی لەبن کەوش و ناو ڕان دەموچاویان بلوقی پڕ لە ئاو پەیدا دەبوو، هەمووی هاوار و نالەی بوو، ئێمەش ئەوەی هەمانبوو بەپێی توانا چارەسەرمان دەکردن بەتایبەتی تەنگەنەفەسی، بەڵام ئەوەی ناخۆش بوو، هەمووی چاویان وەکو گۆمی خوێنی لێ هاتبوو کەسیان هیچی نەدەبینی، هەموی کوێر بووبوون، ناڵەیان دەڕۆی، بەڵام بەئەزموونی خۆمان هەستاین بە دروستکردنی قەترەیەك لە دەرزی کرستەلاین و بەنجی سڕکردن ئەمەیان زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، یەکەم کرستەلاین ڕۆڵی پاککردنەوە و هەوکردنی دەبینی، بەنجەکەش ئازارشکین بوو، بەمجۆرە توانیمان وابکەین ئازاریان کەم بکەینەوە، بەڵام هەڵەی ئێمە ئەوەبوو جگە لەوەی جلەکانمان نەگۆڕین هێنامانە بەر زۆپاکە، بەمەش وایکرد خۆشمان تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر ببینەوە خۆم و دکتۆر زریان هەردووکمان تووشی تەنگەنەفەسی بووین دوژمن بەردەوام توپبارانی ناوچەکەی دەکرد بەرەو پیشەوە دەهات پێشمەرگەی زۆر کەمی لێبوون ئەویش بەزۆری تووشی برینداری بووبوون، هیچ بەرگریەکی بەهێز نەبوو.

بەیانی باران دەباری وەختێ هەواڵم بۆهات گوتیان شەو جەلال لە خوار گوندی خەتێ ئۆتۆمبێلەکەی لە قوڕ چەقیوە، دەرنەچووە ئەم هەواڵە زۆر تەنگاوی کردین ڕژێم زۆر نزیك بووبووەوە، هەستام بەڕاکردن بەرەو ڕێگا بۆ ئەوەی منداڵەکانم بەردەستی ڕژێم نەکەون، بەڵام وەختی گەیشتمە ئەوێ هیچ ئۆتۆمبێل نەمابوون، بەرەو تووتمی ڕامکرد، بەڵام وەختێ گەیشتمە ئەوی گوتیان ئێستاکە بەرەو ڕانیە ڕۆیشتوون، خەمێکی زۆر گەورەم کەوتە دڵ، هەموو شتێ بەمێشکم دادەهات، چونکە بازگەی ڕژێم لە قەشانی زۆر مەترسیدار بوو، خەڵکی بەئاسانی لە دەستیان ڕزگاری نەدەبوو.

ڕۆژی دوای کیمیاباران بەردەوام ناڵەی تۆپ دەهات دۆڵی مەلەکان و هێزی بەرگری شاخی شوپەمان قایم کرد بۆئەوەی بتوانین بەرگری لە خۆمان و گوندەکان بکەین بۆ بەیانی ڕژێم لەم دیو و لەو دیو لە ئالانە و لە ڕێگای ڕانیە پەلاماری دۆڵی بالیسانیاندا گوندەکانیان هەمووی سوتاند و کاولی کردن هەموو سەروەت و سامانی ناوچەکەش لەلایەن جاشە خۆفرۆشەکان بەتاڵانبرا، هەرچی خەڵکی برینداری چەکی کیمیایی بوو کەوتەدەستی ڕژێم کۆیان کردنەوە، هەتا ئەوانەی چووبوونە نەخۆشخانەکانیش لە شارەکان هەموویان بردن شوێن بزریان کردن بەزیندووی خستیانە ناو گۆڕ، پێشیان گوتبوون دەبێ بڵێن ئێران کیمیایی لێداوین بەداخەوە گەورەترین نەهامەتی بەسەر ئەم خەڵکە بێتاوانەدا هات ئەوانەی گەیشتنە لای ئێمە خۆشبەختانە کەسیان نەمردن، ئێمە نەخۆشەکانمان گواستنەوە نەخۆشخانەی مەلەکان.

لە دوای سوتان و کاولکردنی ناوچەکە سێ ڕۆژ مانەوەیان ڕژێم زۆر بەپەلەقاژە ناوچەکەی چوڵکرد بەردەوام چەند کۆپتەر بەدوای خۆیانەوە ئاگریارانی ناوچەکەیان دەکرد ئێمەش لەڕێگای دەرە شیر دابەزین دوابەدوای ئەوان دەگەڕاینەوەو بەشاخەکاندا وەختێ گەیشتینە خوار گوندی خەتێ خێزانێکی بالیسان بە برینداری و کوێری بەرەو خەلیفان دەچوون، کە پێکهاتبوو لە پیاوێك و ژنەکەی و بوکێکیان کە منداڵێکی نۆ مانگانەی پێ بوو، سوپاکە تەنیا سێ سەد مەتر لە دووریان بوو، کۆپتەرەکانیش دوابەدوای سوپا دەسوڕانەوە، کە ژمارەیان ۳ کۆپتەری سمتی بوون لەسەر ڕێگای قیرتاو بەر هەورازی گوندی سپیلکە و خەتێ ئەم خێزانەیان دایە بەر دەستڕێژی خۆیان بێ ڕەحمانە هەرسێکیان

لە ڕێگا بەردایەوە پاش ٢٠ خولەك خۆمان گەیاندە شوێنی ڕووداوەكە، لە ژیانم بەسەرهات و كارەساتی زۆرم دیوە، بەلآم هێندەی ئەوە كاریگەری لە من نەكردووە، لەو ڕۆژەوە بەڵێنمدا كە بەزەییم بەهەرچی پیاوی ڕژێم هەیە نەیەتەوە، جێگایەكی لێژ پیاوە پیرەكە و ژنەكەی و بووكەكەی شەهید بوون خوێنی هەرسێكیان وەكو مارێكی سەرهەڵگرتوو بەرێگادا دەرۆی منداڵەكەش هەموو گیانی شەلالی خوێن بوو، تەنیا كە برژانگەكانی چاوی دەكردەوە، ئەوەندەی دیاربوو ئەم منداڵە ٩ مانگە مەمكی دایكی دەرهێنابوو بەمردوویی دەیمژی ئەمە گەورەترین كارەسات بوو كەمنی زۆر هەراسان كرد قەت لە بیرم ناچێتەوە، بۆیە تاماوم بەزەییم بەهیچ داگیركەرێك نایەتەوە، ئەوەندە ترسنوكە ڕەحم بە پیر و منداڵانی ساواش ناكات.

كارەساتەكانی لێدانی كیمیایی لەم ناوچانە ڕۆژ بەڕۆژ دەردەكەوتن چەندان خێزان پاش مانگێك لەناو كون و ئەشكەوتەكاندا بە شەهیدكراوی دەدۆزرانەوە، یەك لەوانە خێزانێكی بالیسانی بوو كەسانێكی زۆر باش بوون بە خۆی و خێزانی و چوار منداڵی بەناوی عەلی میرۆ بەداخەوە هەرهەموویان شەهید بوون لەناو ئەشكەوتێك لە سەرووی گوندی بالیسان دوای یەك مانگ دۆزرانەوە، چەندان كەسانی تر بەچاوی كوێرەوە ملی شاخەكانی گرتبوو كە بە گازەكە كوێر بووبوون، چەند ئافرەت لەم دەشتە بەبێ كەسی منداڵی بووبوو، ئەم كارەساتانە هیچ پێنووسێك ناتوانێ بیان نووسێتەوە، هەرچی ئاژەڵ هەیە ئەوانەی ماڵی و ئەوانەی لە شاخەكانن هەمووی مردبوون یان چاویان كوێر بووبوو، هەرچی باڵندە هەبوون مردبوون گەڵای دارەكان هەمووی دەهاتە خوارێ، ناوچەیەكی چۆڵ بۆنی خوێنی لێدەهات هەمووی گوند و خانووەكانی سووتابوون، ئێمەش نەخۆشخانە و ماڵەكانمان سوتابوون بەتاڵان برابوون ئەم كارەساتە زیاتر لە ٢٥٠ شەهید و بریندراری لێكەوتەوە، لەگەڵ ئەوەش ناوچەكە هەمووی ژەهراوی بوو، گازی خەردەل و فسفۆڕ پاشماوەی زۆر لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ، پاش دوو مانگیش زۆر جار ئەوانەی بەوێدا دەڕۆیشتن تووشی نەخۆشی دەهاتن، نەخۆشەكانیش بەردەوام تووشی كۆكە و هەستیاری و تەنگەنەفەسی دەبوون، زۆریان تووشی نەخۆشی (هستریا) دەبوون كە سەرەڕای نەبوونی

دەرمان هەموو ڕێگاکانمان لێ داخرابوون نە گوند مابوو نە جەماوەر، بەمەش دابڕانێکی زۆر گەورەی دروستکرد.

## کوڵنەدان مایەی سەرکەوتنە

ئێمە دوای ئەوەی هەموو شتمان لە دەستدا نەخۆشخانەمان سوتا، بەڵام کۆڵمان نەدا جارێکی تر بەورەیەکی بەرز و دەستێکی پۆڵاین دەستمان کردەوە بەبیناکردنەوەی نەخۆشخانە هەروەها دروستکردنی خانوو بوو ماڵەکانمان لە شوێنی قایم بینای نەخۆشخانەمان دروستکردەوە، هەروەها لە گەلی خەتێ کە ڕێیەکی زۆر قایم و سەخت بوو، ئەشکەوتی زۆری لێ بوون قاوشێکی باشمان لەوێ دروستکرد هەر برینداریکی ترسناک هەبووایە، لەوێ دامان دەنا، چونکە بەردەوام بۆردومانی فڕۆکە و توپ بوو، لەم قاوشە هیچ مەترسی نەبوو کەشەکەش بەرەو هاوین دەروی زۆر جاران تیمار برینداەکانمان لەبن سێبەری دارەکان دەکرد تا بیناکانمان تەواوکرد، ڕۆژێك فڕۆکە لە بارەگای (پ.د.ك)یدا لە گوندی شێخ وەسانان کۆمەڵی برینداریان هەبوون هێنایانە نەخۆشخانە یەکێك لە برینداەکان بارۆدوخی زۆر خراپ بوو، پێویستی بە خوێن هەبوو، بەڵام لە دە کەس لە هاوڕێکانی ئامادەنەبوون بتڵێك خوێنی بدەنێ خۆم ئامادەبووم خوێنی بدەمێ، بەڵام دکتۆر زریان گوتی نابێت خوێن لە فەرمانبەرانی نەخۆشخانە وەربگیرێ، دوای هەندێك لە پێشمەرگەکانی خۆمان خوێنیان دایە هەندێك لە زیندانیەکانیش هەموو جار ئاگاداریان دەکردین ئامادەی خۆیان دەردەبڕی، ئەم ڕۆژە ئەفسەرێکی گیراو بتڵێك خوێنی پێ بەخشی، گوتی: دەیکەمە دوان گوتم: نابێت، گوتی: زۆر جار خوێنم داوە قەت لە دوو بتڵ کەمترم نەداوە، هەڵنەستا ئازایانە دوو بتڵی خوێنی بەخشیە ئەم پێشمەرگەیە و لەمردن ڕزگاری بوو، دوای ئەوە ئێمەش ئاسانکاریمان بۆ کرد بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن ئێمە لەسەر مێزێك لەبن دارێك پڕی بوو لە مێش هەندێك لە پێشمەرگەکان باوەشێنی مێشیان دەکرد ئێمەش خەریکی ئەوەبووین نەشتەرگەریمان بۆ دەکرد، وەختی وەرمانگێرا لەسەر مێزەکە دووپشکێکی زۆر گەورە لەبن پشتی بوو، پێشیەوە نەدابوو نەمانزانی لە کوێوە هاتبوو.

## کیمیابارانکردنی دۆڵی مەلەکان و بلێ

بەیانی بوو وەکو هەموو ڕۆژێك هارەی فڕۆکەی دوژمن ئاسمانی ناوچەکەی پڕکرد. بەردەوام دەمبینی فڕۆکەکان لەسەر شاخەکانی شوپە و شاخی هێرون بەهەشت فڕۆکەی جەنگی بەردەوام بوو ماوەی ٢٠ خولەك لە هەستان و دابەزیندا بوون، بەڵام نەمانزانی چی قەوماوە، لەدوای کاتژمێرێك ئەوەندەمانزانی گەنجێك بە ئەسپێکی ڕەشەوە تەنگەتاو گەیشتە نەخۆشخانە گوتی فریامان بکەون، فڕۆکە بەچەکی کیمیاوی لێیداوین لە گوندی بلە خەڵکێکی زۆر بریندارە بەتایبەتی ماڵی حاجی خدر ئاغای ئێنێ هەموویان بەرکەوتوون ئەمکاتەش تیمەکانمان کەس لەوێ نەبوون هەندێکیان سەفەریان کردبوو هەندێك نێردرابوونە ناوچەی شەڕەکان تەنیا من و دکتۆر زریان لەوێ بووین دکتۆر بەمنی گوت دەبێ تۆ بچی گوتم زۆر باشە جانتام پڕ کرد گوتم تۆ ئەم وڵاخە بدە بە من، تۆ بە ئیسراحەتی خۆت وەرە، کابرا وڵاخەکەی دا بەمن، بەڵام ئەسپەکە دەتگوت شەماڵە زۆر بەهێز و خێرا سەر شاخ کەوتەوە وەختێ گەیشتمە قەد پاڵی چیای بەرامبەری گوندی بلە سەروو قەبرەستانێکی گەورەی لێ بوو، خەڵکی هەموی ڕایکردبوو بۆ ئەوێ، ڕووباری دۆڵی مەلەکانیش بەوێدا دەهاتە خواری ماڵی حاجی خد ئاغا بە خۆی و کوڕەکانی هەموویان بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون و بارودۆخیان زۆر خراپ بوو هەندی خەڵکی گوندەکانیش بەرەو ناوچەکانی تر ڕایانکردبوو هەندێکیان بەرەو شار و گوندەکە چوڵکرابوو ئەوەی لەوێ بوون هەمووی توشی حاڵەتی دەروونی و دڵەڕاوکێ بووبوون، ناخۆشترین شتی ئەم شوێنە لەژێر چیای کوڕەك بوو بەردەوام ناوچەکانی تۆپباران دەکرد کوڕێکی هەڤاڵ جەبار سێ ساڵان بوو بارودۆخی زۆر خراپ بوو هەڤاڵ کەمال بارودۆخی باش نەبوو، هەندیك لە ژنەکانیان بارودخۆیان باش نەبوو ناخۆشترین شت وەرزی بەهاربوو گژوگیا زۆر گەورە بوو بەردەوام دەستت بەری دەکەوت من هەستام بەچارەسەرکردنیان بەپێی توانای خۆم هەوڵمدا خۆیان بشۆن جلەکانیان بگۆڕن بەڵام ئێمە بێ ئاگا لە ڕووبارەکە بەردەوام خۆیان لە ڕووبار دەشوشت ئاویان لێ دەخواردەوە، بەڵام لە گوندی شیناوەی دۆڵی مەلەکان بۆمبێکی کیمیایی لەناو چەمەکەدا بوو ئەمەش تووشی کێشەیەکی زۆر گەورەتری کردین، تاکو ئێوارە بەردەوام بووم لە چارەسەرکردن لە دوای ١٣ کەسمان بەرێکرد بەرەو ئێران بەداخەوە

کوڕەکەی هەڤاڵ جەبار ڕەوانەی دەرەوەش کرا، بەڵام هەر شەهید بوو، ئێوارە من بەرەو گوندی شیناوە ڕۆیشتم، کە هەمووی ساروخی لێدابوون، خەڵکی ئەویش بەرچەکی کیمیایی کەوتبوون، کچێك بارودۆخی باش نەبوو، هەرچۆنێ بێ هەوڵمدا لە خنکان ڕزگاری بکەم، چونکە بە زۆری توشی تەنگەنەفەسی بووبوون، هەروەها گیانیان تووشی سوتانەوە بووبوو، من دەرمانم نەما، بەڵام شەو خۆشم توشی ئازارو تەنگەنەفەسی بووم بارۆدوخم زۆر خراپ بوو، ئەوەندەی نەمابوو دڵم بوەستی هیچ دەرمانێکیشم پێ نەمابوو بەیانی کوڕێکی گەنج بەسواری وڵاخ منی بردەوە نەخۆشخانە و خێزان و کچە بچکولانەکەشم لەناو ئەشکەوتێك ماڵیان دانابوو، کە پڕی بوو لە مار و دووپشك ئەوانیشم بەجێ هیشتبوون، ئەمە بوو بارودۆخی شۆڕش و گەلە چەوساوەکەمان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراقی.

## مردنی مەلا فەتحوڵڵا بەهۆی پێوەدانی مار

لە گوندی سپیلکە دەعوەتی ماڵی خاڵە سەید مەجید بووین، بۆ کەلە و گیپە، کاتەکەی وەرزی هاوین بوو ماڵەکان هەموویان لە کون و قوژبن لە شاخەکان کەپریان کردبوو، دوور کەوتبوونەوە لە گوندەکان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە فڕۆکە و چەکی کیمیایی هەندێك لە ماڵەکانی گوندی بالیسان لە چیای هەورێ کانیاوێکی هەبوو لەوێ خۆیان پەنادابوو لەسەر نانخواردن بووین هەواڵمان بۆهات گوتیان مەلا فەتحوڵڵا مار پێوەیداوە، دکتۆر زریان بەمنی گوت تۆ بڕۆ هەرچۆنێ بێت تا دەیگەیەنینە خۆشخانە، دکتۆر کارووخیش گوتی منیش دێم ئیڤایەکمان هەبوو هەڤاڵ ئازاد چاوشین لێی دەخوڕی تازە شۆفێر بوو، کە دەڕۆی کەس بەتەمای سەری خۆی نەبوو، جانتامان هەڵگرت بەرێکەوتین لەناو ئیڤا ئەوەندەمان زانی کۆمەڵێ ساروخ بەدەوروپشتمان کەوتن کە سەیرمان کرد فڕۆکەی پیلاتوزە، دوو دانەبوون ئێمە زۆر خێراتر ڕۆیشتین دوو جار لێیداین لە ڕێگا، بەڵام بەرنەکەوتین و هەڵاتین بەناو قەبرەستانێك ئۆتۆمبیلکەمان بەجێهێشت ملی شاخمان گرت ڕێگای کاتژمێرێك تا سەرچیا کەوتین، بەڵام وەختێ گەیشتینە ئەوی ناخۆشترین کارەسات بوو، بەداخەوە مەلا فەتحوڵڵا تەواو بووبوو، چونکە مار بە لێویەوە دابوو سەری هەمووی ڕەش بووبوو، ناخۆشترین کارەسات ئەوەبوو کۆمەڵێ

ژنی بەدەوریەوە هاوار و زریکە و گریان و لەخۆدانیان بوو ڕۆژێکی گەرم هەموومان شەلاڵی ئارەقە بووین، گەورەترین نەهامەتی بێ کەسی بوو کەسانێك نەبوو هاوکاریمان بکات تەرمەکە بهێنینە خوارەوە ماموستا مەلا نەجمەدینی براشی بە سەفەر چووبوو بە ئەرکی شۆڕش ئەوەی ناخۆش بوو، پێمان لەبەردەستی ژنەکان نەدەهاتەدەرەوە هەندێك پێشمەرگەمان لەگەڵ بوون، بەڵام دیاربوو یەکەم جاریان بوو کارەساتی لەم شێوەیە ببینن، بەتایبەتی گریانی ژنان ورەیان ڕووخابوو هەرچۆنێ بوو مامۆستام لەژێر دەستیان دەرهێنا بردمانە ئەولاوە بۆ ئەوەی ئامادەی بکەین بیهێنینە خوارەوە ئەوەندەمزانی دەنگیکی نزم دەستی لە پشتی دام گوتی هەڤاڵ خدر کە سەیرم کرد دکتۆر کارووخ بوو گوتی ئەم ژنە بوراوەتەوە کە سەیرم کرد سەرەو هەوراز خێزانی مامۆستا بوراوەتەوە ڕەنگی سپی هەلگەراو خێرا سەرەو خوارم کرد هەندێك ئاوم بەدەموچاویدا کرد بەهۆش خۆی هاتەوە گوتم هەڤاڵ کارووخ بۆ هەوڵت نەدا گوتی هەڤاڵ خدر لێم گەڕێ دەستم هیچ ناگرێ من بەگریانی ژنان زۆر تێکدەچم هەرچۆنێ بوو مامۆستامان هێنایە خوارێ، خەڵك کۆبووەوە پیشمەرگە هاتن بەخاکمان سپارد زۆر بەداخەوە بۆ مامۆستا مەلا فەتحوڵلا پیاوێکی زۆر بەڕێز کەسێکی زۆر نیشتیمانپەروەر کەسایەتییەکی گەورەی بالیسان بوو، بەمردنی زیانێکی زۆر لە ناوچەکە کەوت سەردەمانێکی زۆر بوو دەمناسی مار بە لێوییەوە دابوو خۆی گوتبووی من لەسەر ئەسپ بووم وەختی ئەسپەکەم حیلاندی مارەکە لەسەر دارێك پەلاماری داوم و پێوەداوم، بەڵام من وەکو سەیرم کرد ئەو دایم لە مێشی هەنگوین لە شاخەکان دەگەڕا پێموایە سەیری کونی داری کردووە و فوی پێدا کردووە بە لێوییەوەداوە من وام خوێندەوە.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو لەبەر سێبەری دارێك دانیشتبووم، دکتۆر زریان لەوێ نەبوو ئەوەندەمزانی کابرایەکی هاوڵاتی هات دەرزیەکی جیکۆفیری پێبوو، گوتی ئەم دەرزیەم لێدە، منیش گوتم لە خۆت داون؟ گوتی بەڵێ پێمگوت حەساسیەتت نییە بەم دەرزیانە؟ گوتی نا منیش دەرزیەکەم لێدا کابرا لە دوای ١٠ خولەك گەڕایەوە هەموو یەك پارچەلیری لە گیانی هاتبوو تووشی تەنگەنەفەسی کردبوو، منیش هەوڵمدا بە ئەلەرمین چارەسەری بکەم سوودی نەبوو دوای هایدرۆکۆرتیزۆنم بەکارهینا، بەڵام هەر سوودی نەبوو

بارودۆخی زۆر بەرەو خراپی دەڕۆی خەریك بوو سییەكانی بوەستێ، ناچار پەنام بردەبەر ئەدرینالین جارێك ئەمپولی ئەدرینالینم لەژێر پێستی لێدا بە سێ خولەك هاتەوە تایمی خۆی هیچ كێشەیەكی نەما، دوو یاریدەدەری پزیشكی لێبوون لەوانەی لە ترسی سەربازی و موالید هەڵاتبوون پەنایان بۆ ئێمە هێنابوو، نامەوێ ناویان بهێنم لە دووری من وەستابون نەهاتن بەلامەوە، بەڵام وەختێ كابرا چاكبووە هاتن گوتیان چیت بەكارهێنا؟ منیش مەسەلەكەم بوو باسكردن بەڵام لە كۆتایی ئەدرینالیم بەكارهێنا لەسەری خۆیاندا گوتیان چۆن ئەوەت كردووە؟ ئەدرینالین بەهیچ شێوەیەك لێی نادرێ تۆ نازانی كارێكی زۆر خراپت كردووە گوتم ئەی بۆچی بەكاردێت؟ گوتیان تەنیا ئەم كەسانەی لوتیان بەخوێن ڕادەستی لەناو لوتی دەهاوین گوتم بەڵێ، بەڵام ئەگەر پێویست بكات دەتوانی لەناو دڵیش بدرێت دایانە قاقای پێكەنین گوتیان تۆ كاری نەزانانەت كردووە منیش پێمگوتن براكەم بوەستن تاكو دكتۆر زریان دێتەوە خۆتان دەتوانن پرسیاری لێ بكەن من زۆر پشتم بەخۆم بەستبوو، كە هەڵە نیم، بەڵام ئەوان وایاندەزانی ڕێوییەكیان لەناو كون كردووە، تەنیا قەفەزی دەوێت لە دەرەوەوە ستابوون تاكو دكتۆر زریان بگەڕێتەوە، ئەوەندەم زانی دكتۆر زریان گەڕایەوە لە دوورەوە وەكو منداڵ بەپیرییەوە چوون، گوتیان وەرە هەڤاڵ خدر هەڵەیەكی زۆر گەورەی كردووە، بەڵام خوا حەقە دكتۆر زریان پێی گوتن بڕواناكەم وەختێ گەیشتەوە گوتی چی بووە؟ منیش مەسەلەكەم بوو گێڕایەوە، كە چۆن بووە لەكوتایی هەناسەی لێ برا منیش چارەكێك لەمپولی ئەدرینالیم لێدا، بە سێ خولەك هەمووی گیانی چاكبووەوە، پێی گوتم ئافەرین ئیشی تۆ ڕاستە ئیشی دكتۆرێك كردووە، زۆر ترسناكە بەڵام ئەگەر ئەوەت نەكردبایە بەدڵنیایی دەمرد.

هەواڵمان زانی كە ڕژێم كیمیایی لە بۆتێ و لە گوندی وەرێ داوە، جیاوازی لە هیچ كوردێك نەدەكرد لە هەر پارچەیەكی كوردستان بووایە، یاخود شۆڕشگێڕ بووایە، یاخود مەدەنی ڕژێم زۆر بەخەستی بارەگای كۆمەڵەی زەحمەتكیشانی كوردستانی ڕۆژهەڵاتی كیمیاباران كرد لە بۆتێ، كە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوون بەمەش بووە هۆی شەهیدبوونی ٣٠ پێشمەرگەی ڕۆژهەلات، لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر بریندار، هەروەها لە هەمانكاتدا لێدانی چەكی كیمیایی لە جۆری غازی (عەساب) ٣٦ كەسی گوندی وەرێ كە هەموویان ژن و

منداڵی سڤیل بوون شەهیدکران، زیاتر لە(٦٠) کەس بریندارببوون ئەمەش زیانیکی زۆر گەورەبوو لە گەلی کورد.

هەر هەمان شەو گەڕامەوە خەتێ بۆ بەیانی گەیشتمەوە نەخۆشخانەی خەتێ ئەم ڕۆژە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بریندارێکی زۆر هەروەها کورێکی گەنج شەهید بووبوو لە نەخۆشخانە، ئەمەش تاکەکەس بوو کە لە نەخۆشخانە بمرێ لە نەخۆشخانە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو دکتۆر زریان لەو کاتە گەشتی ئێرانی کردبوو هەستم بەبێ بەرپرسی دەکرد.

کۆتا شەڕ، شەڕی گەورەی مەڵبەندی سێ بوو، لەم کاتە هەموو مەڵبەندەکان گیرابوون سەرکردایەتی بەدەستی ڕژێمی عێراق گیران، قۆناغەکانی ئەنفال لە سەرتاپای کوردستان دەستی پێکرد، هەموو گوندەکانی کوردستان و زۆر لە شارو شاروچکەکان لەگەڵ زەوی تەختکران تەنیا مەلبەندی سێ مابوو. بەڵام دوژمن لە هەموولایەك پەلاماری داین زۆر لە هێزەکانی مەڵبەندەکانی تر گەڕابوونەوە مەڵبەندی سێ، لەگەڵ دکتۆرەکانی مەڵبەندەکانی یەك و دوو هەموویان هاتنەوە لای ئێمە، کە بریتی بوون لە دکتۆر جەلال، دکتۆر جەمال، دکتۆر حەسەن، دکتۆر فایەق، دکتۆر فەراموش ئەمەش زۆر جێگای دڵخۆشی بوو، بەتایبەتی دکتۆر جەمال پیاوێکی کارگێری زۆر باش هەروەها دکتۆر فایەق کەسێکی بە توانا بوو، ئەم ماوەیە زۆر خۆش بردمانەسەر بە گیانێکی نیشتیمانپەروەران ئەرکەکانی خۆمان بەڕێدەکرد.

ڕۆژێك هەڤاڵ ملازم عومەر نامەیەکی بۆ دکتۆرێکمان ناردبوو، لە نامەکەیدا نووسیبووی، شتێك چۆتە ناو گوێم دەبێت بێیت، من و ئەو دکتۆرە بەڕێکەوتین ملازم عومەر لە بارەگای هەڤاڵ کوسرەت بوو لەو کاتە گەرمەی شەڕی مەڵبەندی سێ بوو وەختێ سەیرم کرد مێشێکی (ماین)ە، کەرمێشێکی زۆر بێزارکەرە، پێیەکانی وەکو چنگال دەگرێ بە ئەسپ و ماینەوە دەنووسێ و لێکردنەوەی زۆر ئاسان نییە، هەڵسام بەتێکەڵکردنی هەندێك دەرمان بۆ ئەوەی بتوانم هەراسانی بکەم و لە شوێنی خۆی هەڵی بکەنم، هەڤاڵ عومەری زۆر نارەحەت کردبوو ئازاری زۆر بوو، بەڵام خۆشبەختانە لەگەڵ شوشتنەوەی گوێی توانیم دەری بهێنم.

لە شەڕی مەڵبەندی سێ لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەرتاپای ناوچەکان شەڕ بوو، بەتایبەتی کەپکی حەمەداغا، شاخی کێلکێل، کارووخ، هەڵەمووت، چیای نووسەك، شاخی زەرد، هەریر شەقڵاوە، شەرەکە یەکلاکەرەوەبوو، بەتایبەتی چیای کوڕەك و قۆپی جوانەگا، دوژمن بەسەدان کوژراویان لێ بەجێ مابوون ناوچەکە هەمووی بۆگەن بووبوو، لەبەر زۆری تەرم کە دوژمن نەیدەتوانی پاش شەڕەکان تەرمەکانی خۆشیان بەرێتەوە، ئێمەش شەهیدی زۆررمان هەبوون ژمارەی شەهیدەکان دەوروبەری چل شەهید دەبوون، بەتایبەتی شاخی کێلکێل، کەپکی حەمەدئاغا و هەڵەموود، ناوەندی جەنگێکی گەورەبوو، بەڵام دوژمن لە هەموو ناوچەکانی شەڕەکە تووشی لە ئاستی ڕۆڵەکانی گەل شکستێکی زۆر گەورە هاتبوو، ئێمەش هیلاك بووین جگە لە نەبوونی و توانای تەقەمەنی و خواردن، چونکە ئێمە هیچ ڕێگای یارمەتیمان نەبوو بە چواردەورماندا، دوژمن دەورەی دابووین، سەرتاپای ناوچەکە لەشەڕدا بووین، ئەمەش وایکردبوو کە هێزی یەدەگمان نەبێ، بەڵام ئازایەتی و خۆڕاگری پێشمەرگە کە دەیانگوت سوێند بەخاك و نیشتیمان یان دەبێت چیاکان بڕوخێن یان سەنگەر چۆل ناکەین، ئەمەبوو کە دوژمن هیچ ڕێگا چارەیەکی نەمابوو چەند جاران پەنای بردەبەر چەکی کیمیایی بەراجیمەو بەتۆپی نەمساوی و بەفڕۆکەی جەنگی، بەڵام ئەمەش دادی نەدا لە کۆتایی شاخی زەرتك و زینەتیر پەنای بردەبەر مێشولەیەکی ژەهراوی بە کۆپتەر ڕۆژانە چەندان پێشمەرگەی دەشتی هەولێرو قەرەچووغ تووشی گرانەتا و مەلاریا دەبوون، لەبەرەکانی جەنگ توانای دەرمانخانەزۆر کەم بوو نەماندەتوانی بارودۆخەکە بەباشی کۆنترۆڵ بکەین، ئێمە هەڤاڵ کۆسرەتمان لێ ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەو لە دوای منی نارد، گوتی تۆ دەتوانی هیچ بکەی؟ ئێمە لەم کاتە ناتوانین هیچ بکەین، دەبێت تۆ هەرچونێ بێت هیمەتێك بکەی، دەنا وابڕوات بەرەکانی جەنگ بەتاڵ دەبێت، گوتم باشە ولأخێکم بۆ پەیدابکەن، هەندێك لە هاورێیانی کومەڵەی ئێران دەناسم دکتۆرێکیش دەناسم بەناوی ئیبراهیم، گوتی: زۆرباشە، منیش نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ هەڤاڵ عومەر، بەرپرسی ناوەندی کۆمەڵە، بەڵام چۆن دەتوانی بگەیەنیتە ئەوێ، هەمووی شەڕە ئەوکاتەی بارەگایان لە گولانێ و لە بۆتێ بوو، پێمگوت خەمی منت نەبێ خۆم شارەزای ناوچەکەم بەرێکەوتم لە خەتێ بەرەو ساوسێوکە بەسەر شاخی بیترخێن کەوتم،

کە سەیرم کرد دەستەیەکی پ.د.ك لەوێ بوون نەجمەدین گرۆنی لێپرسراویان بوو، لەگەڵ نەجمەدین قسەم، کرد کە من شەو دەڕۆمە خوارێ نازانم ئەمشەو دەگەڕێمەوە یان شەوێکی تر نهینییەکم دانا، هەندێك پرسیاری ناوچەکەم لێکرد گوتی لە گولانێ فەوجێکی تۆپخانەی لێیە بەردەوام تووپبارانی ناوچەکان لەوێوە دەکرێ، من بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری تیمەکەی نەخۆشخانەم نەکردبوو کە من دەڕۆم، چونکە ئەو سەردەمە پیاوی ناپاك زۆر بوون خیانەتیان دەکرد یا خۆیان ڕادەستی ڕژێم دەکردەوە، هەموو زانیاری و ڕێگاکانیان بۆ دوژمن ئاشکرا دەکرد شەو داهات من زۆر بەوریایی دابەزیم، کە ڕێگایەکی زۆر ناخۆش و هەڵدێر هەورازێکی زۆر سەخت بوو هەرچۆنێ بوو دابەزیم خۆمکرد بەناو بارەگاکانی کومەڵەدا کاتژمێر بەکی شەو بوو، زۆر ترسان کەوتنە پرسیار گوتیان تۆ کێی؟ گوتم پرسیارم لێ مەکەن دەمەوێت هەڤاڵ عومەر و دکتۆر ئیبراهیم ببینم تەلەفونی ڕایەڵەی بارەگاکانیان هەبوو بەم شەوە تەلەفۆنیان کرد هەردووکیان هاتن پێمگوتن بارودۆخمان زۆر خراپە نامەکەی هەڤاڵ کۆسرەتیشم دایە هەڤاڵ عومەر بە برادەرانی گوت خێمەیەکی بۆ چۆڵ بکەن نانێکی باشی بۆ ئامادەبکەن ئەوە میوانی منە، کەسیش پرسیاری لێ نەکات وڵاخەکەشی بۆ بشارنەوە تا من ئاگادارتان دەکەمەوە، شەو لێی خەوتم.

بەیانی نیوەڕۆ سوپێکی مریشك و پەتاتەیان ئامادەکردبوو، بەڕاستی خواردنێکی زۆر شاهانەبوو، تاکو ئیستا خواردنی واخۆشم نەخواردووە، هەڤاڵ عومەر هات پێیگوتم ناردوومە بۆ شار دەرمانتان بۆ بهێنن ئەمشەو ئامادە دەبێت، شەو کاتژمێر ١٢ ئاگادار کرامەوە شتەکان ئامادەن لە دەرەوەی بارەگا بارێك دەرمان ئامادەیە، وڵاخەکەت ئامادەبکە زۆر مەردانە و لەخوبردووی و شۆڕشگێڕانە منیان بەڕێکرد تا دەرەوەی بارەگاکانی خۆیان (٦٠٠٠) هەزار حەبی ویقایە و (٦٠٠٠) عیلاج کە کلۆراکوین و داراپرین لەگەل پێویستی زۆری تەداوی، بەڕاستی ئازایەتی ئەو ڕۆژەی شۆڕشگێڕەکانی کومەڵە دەبێت بە لاپەڕەیەکی میژووی زێڕین وەسف بەکرێ، بەڕێکەوتم بەرەو هەورازی بیترخێن، پاش هیلاکی زۆر شەو خوۆ گەیاندەوە لای پێشمەرگەکان شەو لەوێ توزێك خەوتم بەیانی نانێکم لەلای مام نەجمەدین خوارد بەڕێکەوتم بەرەو خەتێ لەڕێگای (چیای دەرەدار)دا لەپشتی گوندی شێخ

وەسانان، گەیشتمەوە شوێنی خۆم و حەبمان دابەشی سەر پێشمەرگەکان کرد و لەو پەتایە ڕزگارمان بوو.

## کارەساتەکانی پێوەدانی مار

ناوچەی خۆشناوەتی لە بەهار و هاوین ماری زۆری هەیە، هەروەها دووپشکی زۆری هەیە بەهاران بەردەوام خەڵکانێکمان هەبوون لە نەخۆشخانە مار پێوەی دەدان، لەبەرئەوە شارەزاییەکی باشمان پەیدا کردبوو لەچارەسەرکردنی مارپیوەدان، دەرمانی ماریشمان هەبوو، بە حوکمی ئاوە ساردەکەی سماندارە، چونکە چارەسەری مار دەبێت بەردەوام لە شوێنی سارد بێت کەپێی دەڵێن ئەنتی سنتك فینو Anti Snike Vinom هەڤاڵ فریاد ڕەواندوزی لەو کاتە کادیرێکی ناوچەی شۆڕشگێڕان بوو، لەناو ی.ن.ك وەختی دەڕوات بۆ نانی نیوەڕۆ هەندێك پیاز بێنێ، بەلام زۆر بەداخەوە مار لەسەر پێلاوی ئەدیداس بەقاچیەوە دابوو، وەختێ گەیاندیانە نەخۆشخانە هەڤاڵ دکتۆر جەلال وەکو برا گەورەمان بوو هەروەها دکتۆر حەسەن و دکتۆر جەمال لەوێ بوون لەگەڵ کۆمەڵێ یاریدەدەری پزیشکی چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، وەکو دژە هەستیاری، من پێمگوت دکتۆر ئێمە چارەسەری مارمان هەیە؟ گوتی پێویست ناکات، بارۆدوخی باشە، ئێمەش دەنگمان نەکرد بەحوکمی ئەوەی ئەو دەرچووی کولێژ بوو، کەسێکی زۆر خۆشەویست بوو لەلامان هەموومان دانیشتبووین قسەمان دەکرد لە دوای ٣٠ خولەك لەناکاو هەڤاڵ فریاد بارۆدوخی تێکچوو، تووشی شۆك بوو، لەو دۆخانەشدا ئیشکردن زۆر زەحمەتە لەبەرئەوەی دەمارەکان هەموویان لەکاردەکەوێت د. جەلال بە دکتۆر حەسەنی گوت: (he is died) (ئەو مرد)، نەیزانی هەڤاڵ فریاد مامۆستای ئینگلیزییە و تێدەگات، یەکجاری ورەی ڕوخا، لەمکاتە زۆر بەبێ دەسەلاتیم هاتنە بەرچاو، هیچ هەوڵێکی جددیان نەدا، بەلام خۆم نەوەستام لەسەر فەرمانی ئەوان لە ڕێگای دەماری لاقیەوە زۆر بەخێرایی سێ دەرزی هایدرۆکورتیزۆنم لێدا، لەگەڵ ئەمە هەناسەی هاتەوەبەر دکتۆر جەلال منی ماچ کرد گوتی تو ژیانت بۆ گێڕایەوە ئێستاش دەبێت هەر خۆت چارەسەری بۆ بکەی، منیش گوتم داوای لێبوردن دەکەم من مەبەستم کەم توانایی ئێوە نەبوو، بەلام هەستم کرد کە مشەوەشیەك

پەیدابوو، نەتانتوانی لەم کاتە کۆنترۆڵی بکەن، ئێمە هەمووومان براین گوتی نابێت، ئەمجارە هەستام بۆ تاقیکردنەوەی دەرزی دژەمار لە ژێر پێست بۆ ئەوەی بزانم بەم دەرزیە هەستیاری هەیە، چونکە ئەم دەرزییە ئەگەر مرۆڤ هەستیاری هەبێت دەست بەجێ دەیکوژێ، بەڵام خۆشبەختانە هەستیاری نەبوو، دەرزییەکەم لێدا، لەبەر ئەو شۆکە هەڤاڵ فریاد زیانی زۆری بەرکەوت هەموو گیانی ڕەش بوو، هەموو خڕۆکەکانی تێکشکاندبوو، هەستاین ٧ بوتڵ خوێنمان پێدا، هەروەها مانگێك بەس موغەزیمان پێدا، کە سەرەڕای هەمووشیان توشی مەلاریا و گرانەتای کرد، بەڵام خۆشبەختانە لە مردن ڕزگاری بوو.

لە گەرمەی شەڕەکانی مەڵبەندی سێ هەڤاڵ عەبدولڕەاق لە دووی ناردم گوتی بچۆ بۆ زیندانەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار، نەخۆشە و چارەسەری بکە، من بەو ڕووداوە دلگران بووم، لەبەرئەوەی سەردەمانێك بوو لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار یەکمان دەناسی، گەیشتمە لای و پێی گوتم چۆن گەیشتییە ئەم پلەیە ببیت بە دکتۆر؟ منیش پێمگوت من و تۆ پێشمەرگە بووین تۆ چۆن گەیشتیە ئەم قۆناغە حیزبێك دروست بکەی، منیش بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆم گەیشتمە ئەم قۆناغە گوتم باشە کێشەکەت چییە؟ گوتی ددانم دێشێ سەیرمکرد ددانیکی زۆر خراپ و ڕزیوی لەناو زاری هەبوو گوتم دەبێت دەری بێنین، گوتی باشە، وەختێ بەنج و شتەکانم بۆ ئامادەکرد پەشیمان بووەوە، گوتی نایکێشم پێمگوت ددانت کەڵکی نەماوە، هەست دەکەم ترسێکت هەیە لە من، من و تۆ ماوەیەکە هاوڕێی یەکین، هەروەها من ئەمڕۆ پیشەیەکی پیرۆزم لە دەستە، ئەویش کاری پزیشکییە، گوتی نا بەڵام نایکیشم گوتم باشە کومەڵێ دەرمانم پێدا و گەڕامەوە بۆلای هەڤال عەبدولڕەزاق پێمگوت ئەم پیاوە تووشی کەمی کالسیۆم بووە، بەم شێوەیە دەمرێ دەبێت بیدەنە بەر هەتاو گوتی باشە لەمەودوا وادەکەین ڕۆژی یەك کاتژمێر بیدەنەبەر هەتاو پاش هەفتەیەك جارێکیتر لەدوای ناردمەوە، بەهەمان شێوە باش قسەکردنێکی زۆر گوتی بڕیارم داوە ددانم بۆ دەربهێنی، گوتم باشە ددانەکەم بەنج کرد وەختی بە ئاسانترین شێوە کێشام، لەدوایی زۆر بەئیشکەم سەرسام بوو دەستخۆشی لێکردم و من ڕۆیشتم.

ڕۆژێکی دیکە برینداڕێکی گانگرینمان هەبوو، تەداویم کرد دەبوایە لە دوای تیمار مێزەکەمان هەموو جارێ بەسپرتێ و ئاگر تەعقیم کردبایە بۆ سەلامەتی برینداڕەکان و

خۆمـان منـیش توزێـك ئـاگرم بەردایـە، سـپرتۆیەکە کـەمبوو مێزەکـەی هـەمووی تـەعقیم نەبوو هەوڵمدا دووبارەی بکەمەوە، بەڵام سپرتۆکە هەوای کردبوو ئاگر لە دەستم کەوتـەوە هەموو گیانم ئاگری گـرت دەمووچـاوم هـەمووی سـووتا باشـبوو زۆر زوو خـوم گەیانـدە نـاو حەوزی ئاوەکە خۆم فڕێدایە ناوی و پێستی دەمووچاوم سووت،ا زۆر گەرم بـوو کـە ئارەقـەم دەکرد ئازاری زۆرم هەبوو نەمدەوێرا بڕۆمەوە بەرهەتاو کلاویشم دەست نەدەکـەوت، بـەڵام هـاورێی خۆشەویسـتم دکتـۆر شـادمان بـەکارتۆن کلاویکـی بـۆ دروسـت کـردم تۆزێـك لـە ئازارەکانی کەمکردەوە.

## دکتۆر ئەنور کێ بوو؟

لە مەڵبەندی سێ ڕۆژێك پیاوێکی فارسیان هێنا بۆ نەخۆشخانە، گوتیان ئەمـە دکتـۆرە ئاگاداری بن، لەبەرئەوەی کـەس فارسـی نـەدەزانی، مـن شـتێکم لێـدەزانی، بـەردەوام لـە مـن نزیك بوو، پیاوێکی بەتەمەن قسەخۆش، پرسیارم کرد چۆن گەیشتوویە ئێرە؟ باسـی خـۆی بۆ کردم، کە وەختی خۆی لەگەڵ موجاهیدانی خەلق بووە، سەردەمی ڕژێمـی شـا گـیراوە بـە فەرمانی لە سێدارەدان، بەڵام خۆی توانیوویەتی لە زیندان ڕابکات، پێنج لە برادەرەکانی لە سێدارە دەدرێن، لە سەردەمی ڕژێمی ئێرانیش جارێکی تر ڕژێم پـەلاماری ماڵـەوەیان دەدات تـەنیا خـۆی دەردەچـێ، خانەوادەکـەی هـەموویان تیادەچـن، وەخـتێ لـەناو موجاهیـدین بەرهەڵستی سیاسی تۆمەتی بۆ دروست دەکەن بە هەمان شێوە فەرمانی لـە سـێدارەدانی بـۆ دەردەکـەن بـەنا دێنێتـە بـەر (ی.ن.ك) ئـەوانیش لەبـەر پاراسـتنی ناردبوویانـە سـنووری مەڵبەندی سێ، ئەم پیاوە کەسێکی زۆر ئیشکەر بوو، خۆی دکتۆری دەرمانی بـوو، شـارەزایی زۆری لە کارە کیمیاییەکان هەبوو، بەڵام لە کارە نەشتەرگەرییەکان زۆر دەترسا هـەروەختێ بریندارێك هاتبایە توند چاوی خۆی دەگرت ڕای دەکردە دەرەوە بۆ ئەوەی بریندار نەبینێ.

هاوینی ساڵی ١٩٨٩ هەڵساین بەهەڵەتی خەتەنەکردنی منداڵانی ئۆردوگاکان و زیاتر لـە ١٠٠ منداڵمان خەتەنەکرد، کەرتی تەندروستی شۆڕش بریتی بـوو لـە نەخۆشـخانەکانی هـەر چوار مەڵبەندەکان و نەخۆشخانەی سەرکردایەتی زۆربەی تیپەکان و کەرتەکان یاریدەدەری پزیشـك یـان برینپیچیان لەگەڵـدا بـوو، بـەڵام توانایـان تـەنها ئەوەنـدەبوو، کـە لـەناو

کۆڵەپشتەکانی پشتیاندا بوو، بنکەی تەندروستی خۆیان نەبوو، لەبەرئەوەی ناوچەکانیان ڕزگارکراو نەبوون، یان هەر توانایان نەبوو، کە پێشمەرگە بریندار دەبوون، زۆر جار لە ماڵی دۆستەکان یان ئەندامی ڕێکخستنەکان دەمانەوە، ئەگەر پێویستی بکردایە بە وڵاخ دەنێردرانە نەخۆشخانەی مەڵبەندەکان بۆ چارەسەری زیاتر، کارمەندە تەندروستییەکانی خوارەوە ناو مەفرەزە و کەرت و تیپەکان هەروەك پێشمەرگەی ئاسایی بەشداری شەڕەکانیان دەکرد بۆیە ژمارەیەکی زۆریان شەهید دەبوون، پزیشکی دەرچووی کۆلێژە پزیشکییەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بۆیە تەنها لە بنکەی نەخۆشخانەکان هەبوون.

لە شاری (خانی) بووم ئەوەندەم زانی دکتۆر زریان هات زۆر بەشوکاو دیاربوو گوتی وەخۆبکەوە جانتای دەرمان بێنە شەڕ لەسەر شێخان دەستی پێکردووە ئازاد هەورامی برینداره هەر دەبێت ئێستا بڕۆین، هەر هەمانکات بەڕێکەوتین دوای نیوەڕۆ بەڕێکەوتین بەرەو چیای قەندیل لەدوای هەشت سەعات ڕێگابڕین بەڵام بەداخەوە وەختێ گەیشتینە شێخ ئایش و کەزی زەرد هەڤاڵ ئازادیان بە ناوچەی شاخی مێرگەسیر و گابەلەکدا بردبوو، لە ئێمەیان تێپەڕکردبوو، بەداخەوە لەسەر چیای گابەڵەك شەهید بووبوو، بەڵام ئێمە هەر هەمان شەو بەڕێکەوتین بۆ سەرچیای قەندیل ناوچەیەکی سارد هەمووی بەفر، هەمووی شاخی بەفراوی و کەویە بەفری زۆر و زۆر جێگای مەترسیدار، لەوە دەترساین بکەوینە نێوانی شاخ و کەویە بەفرەکان، ئەگەر هاتبا بکەوتباینە خوارەوە بەبەرزی ٥٠ مەتر خۆمان نەدەدۆزیەوە، بەڵام من شارەزای ناوچەکە بووم هەروەها شارەزای ناوچەی بەفراوی بووم هەرچۆنی بوو سەر شاخی قەندیل کەوتین، بەردەوام ئاگر لە ناوچەکە دەباری ڕووناکی ئاگری چەکەکان بریسکەی دەدایەوە بەتایبەت شاخی کونەکۆتر، ناوچەکە پڕی بوو لە پێشمەرگە و هاووڵاتی و ڕەوەندێکی زۆری لێبوون هەمووی هەڵاتبوون بەرەو بناری قەندیل هەندێکیان بەرەو دیوی کوردستانی ئێران لە چیاکانی قەندیل ڕایان کردبوو، ئێمە بەرەو گۆمی کرمەسوران هاتین لەژێر شاخی کەوگەز ڕێگای شەمۆڵ بەردەوام تۆپەکانی ڕژێم بەدەبابە ڕێگاکانی تۆپباران دەکرد وەختێ گەیشتینە سەر گۆم پرسیاری هەڤاڵ کۆسرەت و هەڤاڵانمان کرد گوتیان لەسەر شێخانن، بەڵام وەختێ دابەزین لەسەروچاوەی ئاوی سپی

بوون شەڕێکی زۆر گەورە بوو لە چیای کونەکوتر بەسەدان تۆپ لەهەوابوو سەدان لە زەوی بوون نەتدەتوانی چیاکە ببینی لەبەرئاگری تۆپ، بەردەوام بە فڕۆکە و کۆپتەر و پیلاتۆز لە ئاسمان ئاگربارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد لەیەك شەودا زیاتر لە ٢٦ پێشمەرگە شەهید بوون، برینداریکی زۆر هەبوو ئێمە لەوێ بووین، دوای دوو ڕۆژ بە باشمان زانی سەرکەوینەوە بەرەو دیوی قەندیل لەوێ خێمەیەکمان پەیدا کرد برینداره‌کانمان تیمار دەکرد هەروەها لە شێخ ئایش خێمەیەکیان هەڵدابوو، بۆ کاتی پێویست لەمدیوی ئێران بارودوخێکی زۆر ناخۆش هەبوو دەرمان زۆر کەمبوو تەنیا من و دکتۆر زریان لەوێ بووین تیپەکانیش کادیری دەزگای تەندروستیان لەگەڵ بوو.

بارەگایەکمان هەبوو لە بادیناوە، ژمارەیان ١٠٠ کەس دەبوو، بووتنەوەی ئیسلامیش بارەگایەکیان هەبوو ناسنامەیان بۆ پێشمەرگەکانیان دەکرد، بەڵام پێویستیان بە گرووپی خوێن هەبوو، ئەمەش زۆر زەحمەت بوو بە پارە زۆری دەویست، پێشمەرگەش ئەم پارەیەی نەبوو، هەندێکجار لە بازگەکان کێشەیان بۆ دروست دەکردن، بە منیان گوت: دەبێت ئەوەمان بۆ بکەی، منی گوتم: باشە، چووم پێداویستیم پەیدا کرد، ڕۆژێك گرووپی هەموویانم وەرگرت، لە ناکاو هەواڵی برینداربوونی پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات هات، گوتیان ئەگەر فریای نەکەوی دەمرێت، بە ڕێگەیەکی سەختدا گەیشتمە ئەوێ و گوللەیەك لە شانی دابوو، لەسەر سمتی تەقی بووەوە، تووشی خوێنبەربوونی کردبوو، تووشی تەنگەنەفەسی کردبوو، نەیدەتوانی هەناسە بدات، کە منی بینی گریا، گوتی دەستگیر دەکرێم، گوتم تۆ لە ئێستاوە تۆ پێشمەرگەی ئێمەی تا ئێمە شەهید نەبین تۆ دەستگیر ناکرێی، موغزیم بۆ هەڵواسی و نەشتەرگەریم بۆ کرد و گوللەکەم دەرهێنا و دووریمەوە، لە سەرەوەش بە خێت، بۆ ئەوەی هەوا نەدا بۆ سییەکانی، دواتر بە بەڕێگەیەکی خۆم لە ڕێگای کانوولایەکی درێژ سرنجی سەد سیسی توانیم زۆر بە سەرکەوتووانە خوێنی سییەکانی بەتاڵ بکەم، تا وام لێکرد دەماری ملی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، تەنگەنەفەسەکەشی نەمێنێ، ئیدی پاش چەند ڕۆژێك چاکبووەوە، بەڕێگای نهێنی ڕزگارمان کرد.

کارکردن لە ناو خەڵکی گوندەکاندا قوورس بوو، لە هەندێك کاردا شارەزا نەبوون، بۆ ماوەی سی ساڵ مانووبوونێکی زۆرم چەشت، بێ پارە، بێ دەرمان، بە تایبەت نەخۆشی منداڵان و ژنان، کە بۆ دکتۆرێکی پیاو ئاسان نەبوو، بتوانێت لە ناو کۆمەڵگەیەك ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات، زۆر جار مامانەکان دەبوونە هۆی کوشتنی ژنەکان، بەهۆی نەشارەزایی یاخود پەلەکردن لە منداڵ دەرهێنانی ویلاشەکەی، ئەوەش بە ڕاکێشانی تووشی خوێنبەربوونی دەکات، لەم حاڵەتەشدا کارەساتی گەورە دروست دەبێت، کە دەبووە هۆی مردنی، ژنێکی مامان هەبوو فێرم کردبوو چۆن ڕزگاریان بکات، یاخود ئەو ژنانەی دوادەکەوتن و توانای منداڵبوونەکەیان نەدەما، کە تووشی بێهێزی و گرژی دەمارەکان دەبوون، بێت ئاگادارم بکاتەوە یاخود وەختێ منداڵەکەی دەبوو هاوکاریمان دەکرد لە ڕێگای وزەبەخش و موغەزی، هەروەها دەرزی بۆ وەستانی خوێنبەربوون و دەرهێنانی ویلاشەکەی بەسەلامەتی، ئەمەش وایکردبوو خۆشبەختان تووشی هیچ حاڵەتێکی نەخوازراو نەبین، ئەمەش شەونخوونی زۆری دەویست، هەندێکجار وایاندەزانی ئەرکی من خزمەتکردنی ئەوانە، نەیاندەزانی من شەو و ڕۆژ بەدوای ئازارەکانی ئەواندا دەسووڕێمەوە.

### بریندارێکی حزبی دیموکرات

ئۆردوگای دێڵزە هەموو ماڵەکان لەناو کەپر و خێمەدا بوون، شوێنێکی زۆر خۆش هەمووی مێرگ و کانیاوی زۆر سازگار بوو ئەوەندەم زانی بەرپرسی پەیوەندی بەناوی هەڤاڵ مەسعود هات گوتی پیاسەیەك بکەین چوینە سەر مێرگ پیاسەمان دەکردن، بەدەم قسەکردنەوە گوتی دکتۆر من هاتووم لە شتێکی زۆر گەورە ئاگادارت بکەمەوە ئیتلاعاتی ئێرانی بەدواتدا دەگەڕێن گومان دەکەن تۆ پێشمەرگەیەکی ئەوانت چارەسەر کردبێت، زۆر وریای خۆت بە دەنا سەرت تێدادەچێ، ئەگەر بێت و کاغەزی فەرمی حزبی دیموکراتت بۆبێ بەئیمزاوە ئەوە هی ئیتلاعاتە نەکەی بە هیچ جۆرێك هەڵە بکەی کاغەزی کەس وەرنەگری، دەیانەوێت پیلانێکت بۆ دانێن، گوتم زۆر باشە سوپاست دەکەم ئێمە هەر لە پیاسەکردندا بووین، ئەوەندەم زانی پێشمەرگەیەك هات نامەیەکی پێ بوو نامەکە هی سەرتیپیکی خۆمان بوو بەناوی ڕەحمانی حاجی خدر وەرتێ، لە نامەکەیدا دەڵێ برام

حزبەکانی دیموکرات خۆبەخۆ لێکیان داوە فەرماندەیەکیان بریندارە لە ناوچەی سۆغالۆێ، دەبێت هەندێك دەرمان و پێداویستی پزیشکیمان بۆ بنێریت منیش نامەکەم دایە دەستی هەڤاڵ مەسعود گوتم فەرموو چی دەڵێت، تۆ دەڵێی نامەی کەس وەرمەگرە ئەوەش نامەیە ئەویش ڕاما گوتی نازانم ئەوە سەرتیپی خۆمانە، تۆ بڵێی خیانەتمان لێ بکات؟ گوتم نازانم، بەڵام بڕواناکەم، بەس دەرمانی بۆ دەنێرم هەرچی دەبێت با ببێ! من کومەڵێ دەرمانم بۆ نارد کوڕەکە ڕۆیشت، درەنگانێکی شەو لە دەرگا درا سەیرم کرد هەڤاڵ ڕەحمان بوو، گوتی برا دەبێت فریامان بکەوی بریندارەکەمان هێناوەتە ناو ئۆردوگا لە خواری هەندێك ماڵی سەیدەکانی چۆمساکی لێ بوون، لەناو خێمەیەك دایان نابوو، ناوی ڕەحمان گوڵاوی بوو، گوللەیەك بەر سمتی کەوتبوو لە سمتی تری دەرچووبوو، ناو کۆمی تەقاندبوو، هەرچی پیسایی هەبوو لەناو برینەکەی دابوو، نەدەبوایە بە هیچ شێوەیەك خواردنی بدەمێ، تەنیا لە ڕێگەی دەمارەوە ئێمەش موغەزیمان دەست نەکەوت ناچار هەر نەخۆشێك هاتبایە نەخۆشخانە دەمگوت پیویستیت بەموغەزی هەیە دوانم بۆ دەنووسی ناچار یەکم بۆ هەڵدەواسی ئەوەی تریشم بە دزییەوە دەچووم بۆ ڕەحمانم هەڵدەواسی، من زۆر بریندارم چارەسەر کردووە، بەڵام کەسم نەدی وەکو ئەم کابرایە بێ غیرەت هەر دەستم بۆ برینەکەی دەبرد یەك بەخۆی هاواری دەکرد جاش و پایەگای ڕژێم ٥٠٠ مەتر لێمانەوە دووربوو هەموو خەڵك لە خێمە و کەپرەکاندا دەژیان، تووشی سەرگەردانی بووم تا پێنج ڕۆژ من بەم دەردە چارەسەرم کرد، نەخۆشەکانیشم هەمووی تووشی بێزاری کردبوون بەناڕەوا موغەزی بۆ هەڵواسین ئازاری دڵی دەدام تەنیا بۆ ڕزگارکردنی پێشمەرگەیەك لە دەستی ڕژێم لە کۆتا ڕۆژ پێم گوت کاکی برا من پێنج ڕۆژە لەناو زاری ئەژدیها تۆ دەپارێزم چیتر من ناتوانم لەم ناو ئەو حەشاماتە بتپارێزم، ئەگەر ئاشکرابین هەم خۆت و من هەم ئەم ماڵانەش هەمووی تێدا دەچن دەبێت بەرگەی بگری نەشتەرگەریت بۆ بکەم تەنیا پێنج تەقەڵە، گوتی ناتوانم گوتم باشە منیش ناتوانم خەڵکەکەشم هەمووی بێزار بووە، ئەوەندەی لە پێناوی تۆ موغەزیان بۆ هەڵواسم ئەمشەو جوان دەتپێچمەوە گوتی باشە، بە کاك ڕەحمانم گوت دەبێ دەری بکەن شەو دوو گونیە (کا)یان هێنا، هەڤاڵ ڕەحمان زۆر مەردانە خۆی و چوار پێشمەرگە بردیانە دۆڵە کۆگە، کە بارەگاکانیان لەوێ بوون، گوتی: لە

ڕێگا تووشی خوێنبەربوون بوو، زۆر ناڕەحەتی و ئازارمان پێوەچەشت، بەڵام بێوەفاترین کەس ئەم پیاوە بوو، دوای ڕاپەرین لە ڕانیە ڕێگایەکمان لە نێوان بوو، دەیزانی من لەوێم، بەڵام جارێك نەیگوت سڵاو سوپاس بۆ هیلاکیت.

## نەخۆشی کۆلێرا

نەخۆشیەکی کوشندەی زۆر خێرایە ئەو کەسەی کە تووشی دەبێت پێویستە دوور بخرێتەوە لە خەڵکانی تر، زۆر خێرا جەستەی وشك دەبێت و تووشی سکچوون و ڕشانەوەیەکی زۆر دەبێت جەستەی دەبێت بەئاو، وشك دەبێت و گیان لە دەستدانی بە کومەڵ دروست دەبێت، لە شاری پیران شاری ئێران نەخۆشێك تووش بوو، ئەم نەخۆشە گیانی لە دەستدا پیاوێکی شێت بوو، ناوی حەمەشێت بوو، کەسێکی هەزەلی و قسەی خۆش بوو، بەردەوام خەڵکی بەدەورەوە بوو، چالاکی پێشمەرگەکانی دەخوێندەوە، زۆر جاران ئیتلاعاتی ئێرانی ئازاریان دەدا، دەیانگرت، دوای خۆی ترس و لەرزێکی زۆری بەجێهێشت سەرتاپای شارەکانی ئێرانی تووشی ئارامی کردبوو سەوزە و میوە لە شار قەدەغەکرابوون، کلۆر لەسەر ماڵەکان لیژنەی پزیشکی شار و ماڵەکانیان دەرشاند نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە دووری شار کرایەوە هەرکەسێ تووشی سکچوون و ڕشانەوە بووایە، دەبوو بینێرن بۆ ئەو نەخۆشخانەیە، ئێمەش لە ئۆردوگاکان ڕێنماییمان بڵاودەکردەوە، بەڵام زۆر زەحمەت بوو لەبەرئەوەی نیوەی خەڵکی کارتی خانەوادەی نەبوو لە بازگەکانی ڕژێم ڕێگەیان نەدەدا بچێت بۆ ناو شار.

ئێمە لە ماوەی ئاوارەبوون و سەرمای زۆر و خواردنی نەشیاو زۆر کەس تووشی نەخۆشی لەم جۆرە دەبوون، دەرمانی باشمان نەبوو، دەرمانی ئێرانیش هیچ سودێکی نەبوو تووشی کێشەی زۆری کردبووین، بەتایبەتی نەخۆشی منداڵمان زۆر بوون، ئێمە دۆستی ئەڵمانیمان زۆر بوون وەکو ی.ن.ك ڕێکخراوێك هاتبوو کۆمەڵێ دەرمانی باشی بۆ هێناین بەتایبەتی شروبی کرۆنۆمافینیکۆڵ هەروەها حەبی پرۆکاین کە یەکەمجاربوو پرۆکاین بە حەب ببینم کرۆنۆمافینیکۆڵ دژە بەکتریایەکی زۆر بەهێزە، بەڵام لە هەمانکاتدا وشککەرەوەیەکی زۆر خراپیشە بۆ جەستەی مرۆڤ، بیرم کردەوە ئەگەر دابەشی بکەمەوە،

هەستام کرۆنۆمافینیکۆڵ مۆڵتی ڤیتامین لەگەڵ شروبی دیکستڕۆز بەکاربێنم، زۆر خێرا نەخۆشەکانم چاکبوونەوە خۆشبەختانە نەخۆشم نەما ئەوکاتەی دکتۆر زریان سەرپەرشتی ٧ ئۆردوگای دەکرد ڕۆژێك هات سەردانی کردم منیش پێمگوت دکتۆر شتێکم کردووە تۆزێك لە ڕێنماییەکانی پزیشکی دوورە، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو، هەمووی دژە بەکتریاکانم بەکارهێنا هیچ سوودی نەبوو، منیش کرۆنۆمافینیکۆڵ بەکارهێناوە شروبی مۆڵتی ڤیتامین و دیکستڕۆزیش بۆ ئەوەی جێگرەوەی وشکبوونەوەکە بکەم گوتی خەڵك چاکبوونەوە؟ گوتم خۆشبەخانە کەسمان نەما گوتی کارتونێکیش بۆ من دانێ، بۆ ئەوەی منیش بیدەمە منداڵەکانی خۆم تۆ ئیشێکی زۆر باشت کردووە، گوتی خدر دەزانی دنیای پزیشکی لەسەر تاقیکردنەوە گەیشتووەتە ئێرە قەت دڵت لە دڵی نەدات، ئەگەر لە شتێك سەرکەوتی دنیا لە تاقیکردنەوەکەی گەیشتووەتە ئێرە، بەردەوام دەستخۆشی ئەوە لە برادەرانی تریش دەکەم، بەم جۆرە بەکاریبێنن، من لەو ماوە کورتەی کە کەوتمە ناو کاری پزیشکی گەورەترین چیا پشتی من بوو، زانکۆیەکی زۆر بەهێز کە خۆم تێدا بینیەوە، ئەویش دکتۆر زریان بوو، ڕۆحیەتیکی پاك کەسێکی شۆڕشگێڕ مرۆڤ هەیە مرۆڤەکان دروست دەکات و مرۆڤیش هەیە مرۆڤەکان تێکدەشکێنێت.

خۆم لە هەموو تەمەنی شۆڕشگێڕیم تەنیا ئەوەم زانیوە خزمەتی گەلەکەم بکەم نەمتوانیوە ململانێ لەگەڵ کەس بکەم تەنها لەگەڵ داگیرکەران نەبێت بێوچان تێکۆشاوم لە هەر کارێکم چ لە ڕووی سەربازی بێت چ لە ڕووی کومەڵایەتی بێت چ لە ڕووی ئەندازیاری لەم کاتانە کەوتمە کاری پزیشکی زۆر بەدڵسۆزی هەوڵی خۆپێگەیاندنم دا بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی برا شۆڕشگێڕەکانم بکەم خزمەتی هاوڵاتیانی گەلەکەم بکەم هەر واشم کرد خۆشبەختانە لە بواری ئیشەکانم زۆر سەرکەوتوو بووم ئیش و کاریشم لەگەڵ زۆر دکتۆر کرد کەسیان نەبوو ڕەخنە لە کارەکانم بگرن، لە هەشتساڵ لەگەڵ دکتۆر زریان دکتۆر هەڤاڵ لەگەڵ دکتۆر جەلال، دکتۆر جەمال لەگەل دکتۆر فایەق و کۆمەڵێ کادیری پزیشکی خۆشبەختانە کێشەمان نەبوو، بەڵام دکتۆرێکمان هەبوو من نەمدەناسی خەڵکی ناوچەی بادینان بوو، بەناوی (دکتۆر شوان) زۆر لەو پێشمەرگانەی بە برینداری دەگەڕانەوە، زۆر بەخراپی باسی ئەم پیاوەیان دەکرد زۆر گوێم لێبوو هەڕەشەیان لێدەکرد دەیان گوت لە

کاتی تیمار سواری قاچی شکاومان دەبێت زۆر تورە و تووشە زۆر لامان سەیربوو، چونکە لای خۆمان ئەوپەڕی ڕێزیان لە دکتۆر دەگرت لە شەڕەکان هەموو جاران دەیانگوت مادام تیمی نەخۆشخانە هاتوون بە تایبەتی دکتۆر زریان دەیانگوت لە مردن ناترسین، بەلام ئەو تەنیا لەسەرکردایەتی ئیشی کردبوو زۆر لە مەیدانی شەڕەکان ئیشی نەکردبوو، زۆر ئاگای لە کێشەکانی ژیانی پێشمەرگەی خوارەوە نەبوو، کە چەندە ئێش و ئازاریان هەیە، بەردەوام تووشی شەڕی نابەرامبەر دەبن، کارەساتی زۆر گەورە دەخولقێ، دەمزانی لە نێوان ئەو و دکتۆر زریان کێشەیەك هەیە کێشەکەش تەنیا ئەوەبوو دەیگوت نابێ یاریدەدەری پزیشکی یاخود هیچ کادیرێك ئیشی دکتۆر بکات ئەویش پێی گوتبوو ئەگەر پیاوی وەرە خوارەوە بۆ تیپەکان لەلای من ئەگەر پەرستاریش بتوانی ئیشی من بکات، مرۆڤێك یان پێشمەرگەیەك لە مردن ڕزگار بکات من دەستخۆشی لێ دەکەم، چونکە ئەگەر لە دەشتی هەولێر پێشمەرگەیەك تووشی نەخۆشی خوێنبەربوون بێ یاخود خوینبەربوونی سیەکان بێ، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر دەمرێ ئەگەر چێستی بۆ نەکەی، بەلام یەك هەفتەی دەوێت تا بەسواری ولاخ دەگاتە سەرکردایەتی دکتۆر شوان پێی گوتبوو ئەگەر ڕۆژێك من ببمە وەزیری تەندروستی هەرچی یاریدەدەری پزیشکییە لەوغی دەکەمەوە.

من لەم ماوەیە لە ئۆردوگای دێلزە بووم خانوویەکیان دابوومێ بۆ نەخۆشخانە خەریکی ڕیکخستنی نەخۆشخانە بووم پێشمەرگەیەك هات ناوی هەلۆ بوو، خەلکی دوکان بوو، ساچمەیەك لە پاژنەی پێی دابوو، سەری نووکی فیشەك بوو گوتی دکتۆر ساچمەیەك لەناو پێمدایە ناتوانم ڕێگا بکەم چوومە لای دکتۆر شوان، پێی گوتم ئەمە بە خواش دەرنایەت! وەختێ سەیرم کرد شتیك نەبوو ترسی هەبێ بەتانیەکم ڕاخست درێژم کرد، پارچەکەم دەرکرد، دامە دەستی، بەلام من نەمزانی ئەوان زۆر ڤین لە دلْن دەیناسن، هەلۆ پارچەکەی بردبوو بۆ لای دکتۆر شوان پێی گوتبوو تو دکتۆر نیت دکتۆر خدر لەسەر بەتانیەك بۆی دەرهێنام.

لە دوای ئەو پێشمەرگەیەك هەبوو بە ناوی مەلا کوردستانی بەداخەوە لە کاتی ڕاپەرینی خەلکی کوردستان شەهید بوو، ئەویش گوللەیەکی قەناسی لە قولێدابوو، گوللەکە تەقیبووەوە زۆر ترسناك بوو کەوتبووە ژێر دەمارێکی سەرەکی پارچەکە زۆر تیژ بوو،

بەهەمان شێوە چوو بوو بۆ لای دکتۆر شوان لە نەخۆشخانەی نوکان، بەڵام بە هەمان شێوە وەڵامی مەلا کوردستانی دابووە، هاتە لام لە دێڵزی گوتم زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەگەر بەرگەی بگری من بۆت دەردەهێنم، چونکە کاتێکی زۆری پێویستە، دەبێت زۆر بەوردەکاری دەری بهێنم گوتی ئەگەر بشمرم ئارام دەگرم، چونکە ئازاری زۆرم دەدا، هەستام بەنجم کرد برینەکەم بەتەواوی کردەوە، لە ژێر دەمارێکی زۆر گەورەدا بوو، بەڵام من زۆر بەوردی بە نووکی نەشتەر بەبێ ئەوەی ڕایکێشم چوومە ژێر دەمار و گوشت و دەمارەکانم لە پارچەکە دوورخستەوە، بۆ ئەوەی هیچ زیان بە دەمارەکە نەکەوێ، دواتر دەمارەکەم هەڵبڕی پارچەکەم لە ژێرەوە دەرهێنا زۆر بەسەرکەوتوویی نەشتەرگەریم بۆ کرد دامەوە دەستی، ئەوەی ڕاستی بێ زۆر ترسناك بوو! بەڵام بە حوکمی ئیشکردنمان شارەزاییەکی زۆر باشمان هەبوو توانای ڕاهێنانی مامۆستای باش دکتۆر زریان ئیشەکانمان لا ئاسان بوو، هەموو کاتێ دەیگوت هەرکەسێ دەتوانێ پێشمەرگەیەك لە مردن ڕزگار بکات دەتوانێ ئیشی من بکات، ئەگەر لەبەرچاوی خۆشم بێت من دەستخۆشی لێ دەکەم، بەڵام مەلا کوردستانی وەکو هەڵۆ پارچەکەی نیشانی دکتۆر شوان دابوو، پێی گوتبوو تۆ دکتۆر نیت، پێت دەگوتم ئەوە بە خواش دەرنایە، کەچی دکتۆر خدر بۆی دەرهێنام.

سێ ساڵ خزمەتی کەمپێکی ئاوارەی گەلەکەم کرد، لە بارودۆخێکی ناسك بە نەبوونی دەرمان کە هەمووی ژن و منداڵ بوون، زیاتر لە هەزار کەس دەبوون سێ ساڵ بەسەرکەوتوویی بتوانم خزمەتیان بکەم، ئەگەر من کەسێکی لێهاتوو نەبام چۆن توانیم سەرەدەری لەم بارودۆخەدا بکەم ڕۆژێك دکتۆر زریان هات زۆر بیتاقەت دیاربوو چاوی پڕبوو لە ئاو گوتی پرسێکت پێدەکەم خەریکە مێشکم دەتەقێ، تووشی بارودۆخێك هاتووم خۆشم نازانم چی بکەم، بەنیازم بڕۆمە دەرەوە پارەشم داوە، پارەکەش زۆرە، کۆمەڵێ خەڵکیش دەورەیان داوم دەڵێن هیچ لە گۆڕێ نەماوە وەرە با ڕادەست بینەوە، قوڕگی گیرابوو ئێستاش تۆ وەکو برایەك چی دەڵێی؟ گوتم برام دڵ لە دڵ مەدە سەفەرەکەت بکە، تۆ دە ساڵە دکتۆری شۆڕشی هەرگیز دوژمن لێت خۆش نابێ، هەروەها تۆ لە بنەماڵەکەتان خاوەنی حەوت شەهیدن، زۆر شەرمە ڕادەستی ڕژێم بیتەوە، هەستا منی ماچ کرد، گوتی زۆر ڕاستە بەقسەت دەکەم من زۆرم پێناخۆش بوو کە ڕۆیشت، چونکە هەشت ساڵ بە

پێکەوە کارمان دەکرد، کەسانێکی وەکو دکتۆر زریان کە توانایەکی زۆری هەبوو قەت لە ئێراندا نەیدەتوانی خۆی و خەونەکانی بدۆزێتەوە.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری پێشتری نەخۆشخانەی شۆڕش ڕێگری لێکردم، لێرەوە دەستم کرد بە دانانی دەرمانخانەیەك بۆ خۆم، هەموو خەڵك دەهاتنە لام، لە ماوەی شەش مانگ گەورەترین سەرمایەم بۆ خۆم دروستکرد، ڕۆژی واهەبوو لە ماڵی خۆم ٢٠٠ دیناری عێراقیم پەیدا دەکرد، بووم بە خاوەنی پارەیەکی باش، تەنیا ئەوەی زیانی کرد خەڵکە هەژارەکە بوو کە من بە شەو ڕۆژ بەبێ بەرامبەر لە خزمەتی گەلەکەمدا بووم، ، لەوێ بوم دەرکەوت کە خەڵکی پاك و دڵسۆز لە لای هەندێك کەس جێگای قبوڵ نییە، بەردەوام جوانییەکان تێکدەشکێنن، دواتر لە ئۆردوگاکانی تریش بەهەمان شێوە بەهانەی سەیر و سەمەرەی بۆ دروست دەکردن، ناچار وازیان هێنا، هەموویانی دوورخستەوە لە خزمەتی خەڵك، یەکێك لە پێشمەرگەکان بۆی گێڕامەوە گوتی: نەخۆش بووم لە نۆکان چوومە نەخۆشخانە، بەڵام بۆم نەبوو بچمە ژوورە و پەنجەرەیەکی لە دیوارەکە کردبوو هەر کەسێ پێویستی بە دەرزی هەبووایە، دەبوو سمتی بەو پەنجەرەوە نابایە، ئەویش لە ژوورەوە دەرزی لێدابایە.

ئەم ئۆردوگایەی منی لێبووم خەڵك بەزۆری قاچاغی دەکرد، دەرۆیشتن لە عێراقەوە باری پاکەتیان دەهێنا، جا هەندێکیان مەشروبیان دەهێنا، هەندێکیان لەگەڵ پایەگاکانی ڕژێم ڕێکەوتبوون، سەرمایەکی زۆریان دەستدەکەوت، زۆرجاریش دەکەوتنە کەمینی سوپا و جاشی خۆفرۆش، من ماڵم لەسەرپەرچی ئۆردوگاکە بوو، شەوێك ئەوەندەمزانی لە دووری ٢٠٠ مەتر لە خەڵکی بووەدەستڕێژی گوللە، وەختێ هاتمە دەرەوە خۆم نا بە گۆشەی دیوارەکە، گوللە وەکو باران دەباری، ئەوەندەم زانی کەسێك وەکو مار بەخشکە گەیشتە بەردەمم ڕامکێشایە ژوورەوە کەسێ هاواری دەکرد ئەی هاوار فریام بکەون، بمگەنێ، زۆر بانگمان کردن تەقەمەکەن، چرا و فانۆسمان هێنا بۆ ئەوەی فریای بکەوین، بەڵام بێشەرمانە دەستڕێژی گوللەیان دەکرد لەناو ماڵەکان، ئەم پیاوەی بریندار بوو گەیشتە لای من ناوی فەتاح بوو، گوللەیەك لە پشتی دا بوو لە سکی دەرچووبوو، هەرچۆنی بوو

نەمهیشت تووشی خوێنبەربوون ببێت، ڕێگاشیان نەدەدا بچێ بۆ شار ئەمەی تریان زیاتر لە دە خولەك هاواری کرد دوایی دەنگی بڕا.

شەوێکی پایزی زۆر سارد کەس نەیدەتوانی بوەستێ لەسەرمادا، بەداخەوە کوڕێکی شازدە ساڵان چوو بوو بۆ قەندیل بۆ ڕاوکردن، سێ ئاژەڵیان کوشتبوو، لەناو ماڵان کەمینیان بۆ دانابوون بە ناوی حیزبی دیموکرات ولاخەکەشیان کوژرابوو، ئەو شەوە خەفەتی زۆرم خوارد، قەت ئەوەندە خۆم بەبێ دەسەلاتی نەبینی بوو، کەسێك لەبەردەمم بێت هاواری ڕزگارکردن بکات من دەسەلاتم نەبێ وەختێ پایەگای خۆفرۆشانیان ئاگادار کردەوە کە ئێوە خەڵکی مەدەنیتان کوشتووە، ئینجا ڕۆیشتین کوڕەکەمان هێنایەوە گوللەیەك لە پشتی دابوو، لە سینگی دەرچووبوو، ئەگەر لەو کاتە گەیشتبایە دەستم هەر خوا دەنا دەمتوانی لە مردن ڕزگاری بکەم، زۆر جێی داخ بوو لە ئاوارەیی بەبێ دەسەلاتی لەناو ماڵاندا ستەمێکی ئاوات لێ بکرێت، بەلام ئەوەی تر لە مردن ڕزگاری بوو، بۆیە هەموو کات داگیرکەران ئەوەندە ترسنۆکن لە ترسی خۆیان هیچ ناپاریزن هەواڵێکیان دەبیست لە ترسی خۆیان شەلم کوێرم ئاگربارانیان دەکرد[٥٦].

---

[٥٦]– خدر محەمەدئەمین عوسمان (د. خدر): بلێسەیەك لە تاریکە شەودا (بیرەوەریەکانی بچوکترین پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ)، ٢٠٢١.

# ڕەشید مەغدید قادر مەولود (دکتۆر ڕەشید)

لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی پیرداودی ناحیەی شەمامك لە دایکبووە خانەوادەکەیان دەگەڕێتەوە سەر ناوچەی شوان، دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆی شۆرش پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول بووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستانەوە کردووە، ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٠ چالاکییەکی ئەنجام داوە ئینجا بۆتە پێشمەرگە، لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، بووە بە فەرماندەی کەرتی شەش، دکتۆر رەشید لە دەستەی دامەزرێنەری حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان بووتامانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٧، لەمانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٧سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

بێگومان ئەوانەی نزیك بوونە لە شۆڕش و کوردایەتی دەزانن دکتۆر ڕەشید کێ یە و چۆن لە هەولێر ڕۆژانە بە ئاشکرا سیخوڕ و پیاوانی ئەمن و بەعسییەکانی دەدایە بەر ڕێژنەی گوللە و وەك پلنگ ئاسا خۆی دەگەیاندەوە سنووری ناوچە ئازادکراوەکان، ناوبراو کەسایەتییەکی دیار و فەرماندەیەکی قارەمانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بوو لە ڕێزەکانی بزووتنەوە، لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگری و وەفاداری بۆ میللەتەکەی لەناو پێشمەرگە و جەماوەری لادێنشینەکان خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوو، لە دانیشتن و مزگەوت و کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئاستی هۆشیاری و لایەنی پەروەدەیی بەرز بووە.

لەساڵی ١٩٨٧ سەنگەری خەباتی چەکداری گواستەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و بووە بە فەرماندەی کەرتێکی ئازا و چاونەترس، لەناو ی.ن.ك پلەی زیاتریشی وەردەگرت، بەڵام خۆی ئارەزووی پلەی نەبوو، ئەوەندەی مەبەستی بوو خەبات بکات و تێبکۆشی بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافەکانی تاکی کوردی. بۆ زیاتر زانیاری لەسەرئەم شەهیدە هەڤاڵ مامۆستا (کاوە حەمەدەمین ) پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی پەرلەمانی خوولی پێشوو دەڵێت: دکتۆر ڕەشید لە ژیانی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی فەرماندەیەکی زۆر ئازاو ژیربوو، بەردەوام چالاکی کەم وێنەی دەنواند هەرگیز دوژمن بیری بۆ نەچوو، بۆ نموونە لێدانی

مەفرەزەیەکی ئەمن لە ناحیەی گوێرلەگەڵ هەڤاڵ برهان مەلاقەرە و دوو پێشمەرگەی تر دەست بەسەر چەکەکان دابگرن و خۆشیان دەرباز کرد، ئەو چالاکییە لە سنوورەکە دەنگ و سەدای زۆری دایەوە کە بۆ ئەو کات چالاکییەکی دیاربوو.

پێشتر دکتۆر ڕەشید ناوبراو ئەرکی پەرستیار بوو لە بنکەی تەندروستی مەسیف سەلاحەدین، بەرپرسی بنکەکە کابرایەکی عەرەبی بەعسی بوو، زۆر زەختی لە دکتۆر ڕەشید دەکرد بیکاتە بەعسی، دکتۆریش ئەندامێکی چالاك و چاونەترسی ڕێکخستن بوو، کار گەیشتە ئەوەی چیتر قبوڵی ئەو ڕەفیق حزبییە نەکات، بڕیاریدا لەدەرفەتێکدا کاتی ئێشگری شەو بیکوژێت و یەکسەر پەیوەندی بکات بەهێزی پێشمەرگەوە، ئەوە بوو شەوێك لە کاتی ئێشگری بەدەمانچە چەند گوللەیەکی لێ دەدات و بە سزای شۆڕش و گەلی گەیاند، پاشان ڕوون بووەوە ئەم بەعسیە نەمردووە، هەر ئەو شەوە بەپێ ڕادەکات بەرەو شاری هەولێر درەنگانی شەو دەچێتە ماڵی (دکتۆر پەروەر) و هەڤالانی تری ڕێکخستن دەیگەننە هێزی پێشمەرگە، ئەو چالاکیەی دکتۆر ڕەشید ساڵی ١٩٨٠ بوو، کە رژێم لەوپەری بەهێزی دابوو، چالاکیەکی دەگمەن و کەم وێنە بوو لەو ڕۆژگارەی ئەوێ ڕۆژێ. جگە لەوەی چەندین جار لەگەڵ سیخورەکانی ئەمنی هەولێر تووشی شەڕ و گێچەڵ بووە، چونکە شەهید دکتۆر ڕەشید قبوڵی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەمنەکانی نەدەکرد کە لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بەرامبەر ژن و کچی کورد دەیان کرد، ماوەتەوە بڵێین ئەم خانەوادەیە لەسەر کوردایەتی و دڵسۆزیان هەوراز و نشێوی زۆریان بینی.

شەهید دکتۆر ڕەشید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە لەوانە: شەڕی بەستی شەرغە (خەبیران) لێدانی ئەمنەکانی کەندێناوە، داستانی ترپەسپیان، شەڕی سەرکردایەتی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، سەری ڕەش، قۆپی جوانەگا، دۆڵی بالیسان، شەڕەکانی گوندەکانی بێراوە و مێرگەسەر، شەڕەکانی قەندیل و کونەکۆتر، گۆمی کرمە سوران، مەچلوبە، شەڕی ساوسێوکان، زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر، لەژیانی پێشمەرگایەتی یەك جار برینداربووە لەشەری بەستی شەرغە، لە ١٩٨٨/١٠/١١ لە خانێی سنوری ئێران شەهید بووە.

جگە لە خۆی دوو برای تری شەهیدە واتە سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی، خانەوادەکەی لەسەر دکتۆر ڕەشید ڕووبەڕووی زۆر ئازار و ئەشکەنجە بوونەتەوە، ماوەیەکی زۆر دایك و باوك و خوشکێکی زیندانی بەعسیەکان بووە دواتر بەرلێبوردنی گشتی کەوتوون، لە دوای خۆی یەك کوڕی لێ بەجێماوە بە ناوی (لێزان)[٥٧].

[٥٧]- حەیدەر مەنتیك: ئینسایکلۆپێدیای شەهیدانی هەولێر.

# ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)

ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی خوڕخوڕ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ ئەوکاتەی خوێندکاری زانکۆی بەسرە بووە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ك.ر.ك)ەوە کردووە، دوای ئەوە وەکو پزیشکی ڤێتێرنەری دامەزراوە، لە ١٢/٢/ ١٩٨٢ کە هێشتا یەکەم مووچەی وەرنەگرتبوو ئەرکەکی جێهێشتووە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوزەنگ، ناوبراو هەمیشە کۆڵەپشتەکەی پڕ بووە لە دەرمان بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی پێشمەرگە، بە وتەی هاوڕێکانی پزیشك و پێشمەرگەیەکی دڵسۆز بووە.

کارێکی دیکەی دکتۆر ڕەفعەت بریتی بووە لە چارەسەری نەخۆشیی گوندنشینان، هەروەها بەشداری چالاکییەکانی پێشمەرگەی کردووە و لە شەڕەکاندا بریندارانی پێشمەرگەی چارەسەرکردووە، کەم پێشمەرگەی بریندار یان نەخۆش هەبووە لە سنووری دەشتی هەولێر دکتۆر ڕەفعەت چارەسەری نەکردبێت، لە ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی دانوستانی ی.ن.ك و حکومەتدا دکتۆر ڕەفعەت لە نەخۆشخانەی گشتی هەولێر لەگەڵ هاوڕێ پزیشکەکانی دیکەیدا سەرپەرشتی نەخۆشەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە.

لایەنێکی دیکەی ژیانی دکتۆر ڕەفعەت بریتی بووە لە گەشنبینی و گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش، بە وتەی هەڤاڵانی پیاوێکی ڕووخۆش بووە، ئەمەش وای کردووە هەرچی پێشمەرگە و هەڤاڵانی هەیە خۆشیان بوێت.

بە وتەی هاوڕێیەکی دکتۆر ڕەفعەت ڕۆژێك لە شوێنێك پێشنیاری دانانی نازناو دێتە گۆڕێ، دکتۆر ڕەفعەت دوو نازناو پێشنیار دەکات بۆ خۆی و هەڤاڵێکی، نازناوی خۆی (پیرۆت) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و نازناوی (بایز)یش بۆ هاوڕێکەی، بەڵام هاوڕێکەی بە نازناوی بایز ڕازی نابێت و داوا دەکات نازناوی (جوامێر)ی بۆ دابنێت، ئیدی پێشمەرگەکانی هاوڕێیان ئاگادار دەکەنەوە بە ناوی پیرۆت و جوامێرەوە بانگمان بکەن(٥٨).

---

(٥٨)- زانیارییەکان لە (کارمەند ڕەفعەت)ی کوڕی د. ڕەفعەت و هەڤاڵ (جوامێر) هاوڕێی د. ڕەفعەت وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٩٦ لە هەولێر دەست بەسەر نۆرینگە و ماڵەکەیدا دەگیرێت و ئاوارەی کۆیە دەکرێت،پاشان بووە بە بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری کۆیە، ساڵی ٢٠٠٦ گەڕاوەتەوە هەولێر و بووە بە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ تا ساڵی ٢٠١١ بەردەوام بووە و خانەنشین کراوە، دوای خانەنشینبوونی لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان خزمەتی کردووە، لە ١٢/١٢/ ٢٠٢١ بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و پاش خۆی دوو کوڕ و سێ کچی بەجێهێشتووە.

# ڕەفیق حەمەجان عەزیز (دکتۆر ڕەفیق)

هەمیشە لاپەڕەکانی دەفتەری تۆماری مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان بە ژمارەیەکی زۆر لە سەروەران و خۆبەختکەرانی هەرگیز لە یاد نەچوو ڕازاوەتەوە، یەکێك لەو گیانفیدا بە ئەمەك و خۆشەویستانەی کە لە نێو لاپەڕەکانی ئەو تۆمارەدا ناوی دیار و لەبەرچاوە، شەهیدی قارەمان و ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و خاوەن قوربانی شەهید (دکتۆر ڕەفیق)ە، شەهیدی نەمر لە ١٩٦٣/٤/٧ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی دێرین هاتووەتە دنیاوە، دەرچووی پەیمانگای تەندروستی سلێمانی بووە، مێژووی پەیوەندیکردنی خانەوادەکەی بە بزووتنەوە و شۆڕشەکانی گەلی کوردەوە بۆ ڕزگاری و ئازادی بۆ سەردەمی نەبەردی داستانەکانی شێخ مەحموودی نەمر دەگەڕێتەوە، ئەم خانەوادەیە لەو شۆڕشەدا دوو کوڕیان بە ناوەکانی (حەمەجان و حەمەئەمین) شەهید دەبن، دواتر حاجی عەزیز دوو کوڕی خۆی بە ناوی دوو برا شەهیدەکەیەوە ناو دەنێت.

باوکی شەهید دکتۆر ڕەفیق کۆمیسیاری پۆلیس بووە بە مفەوەز حەمەجان ناسراو بووە، کە دارێژەری ئاوی شۆڕشگێڕی و چێنەری نەمامی کوردایەتی بووە، لە نێو خێزان و بنەماڵەکەیدا ئەندانی پ.د.ك بووە، لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولدا لە یەکێك لە بنەکەکانی پۆلیسی سنووری شارۆچکەی دووکان و لە بنکەی پۆلیسی قەشقۆڵی کارمەند دەبێت، لەو سەردەمەدا بە پلانێکی ژیرانە و لە چوارچێوەی بەجێهێنانی ئەرکە نیشتیمانییەکاندا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکەدا لە مەخفەرەکەدا لە یەکێك لە شەوەکاندا هەرچی چەك و جبەخانەی مەخفەرەکە هەیە دەیپێچنەوە و لە ڕێگەی هەڤاڵ مام جەلالەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە لەو سەردەمەدا شۆڕشی ئەیلول خاوەنی نوێ و سەردەمیانە نەبووە جگە لە چەکە تەقلیدییەکانی برنەو و تاپڕساچمەزەن نەبێت، پەیوەندی کردنی مفەوەز حەمەجان و هاورێکانی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە بۆ یەکەمجار شۆڕشی گەلەکەمان دەبێتە خاوەنی چەکەکانی جۆری کلاشینکۆف و سیمینۆف کە بۆ ئەو کاتە ئەم چەکانە زۆر

گرنگ بوون، کە پێشمەرگە ئەو چەکانەی کەوتە دەست بۆ بەرەنگاری بەرامبەر بە ڕژێم، قۆناغێکی دیکەی ستەم و کوشتوبڕی گەلەکەمان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری ئەوکاتەوە پەلاماری درندانەی هێزە شکستخواردووەکەی تاوانبار زەعیم سدیق بوو لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا، لەم هێرش و هەڵمەتە درندانەیەدا سوپای عێراق کە بە قەدەغەی هاتوچۆ (منع تجول)ی ١٩٦٣ ناسراوە دیسان خێزان و بنەماڵەی شەهید دکتۆر ڕەفیق پشکی شێریان لە قوربانیدان و گرتن و دەربەدەرکردن بەردەکەوێت، لە ڕێگەی دەستنیشانکردن و بە چاوساغی خۆفرۆش و سیخوڕێك بە ناوی قاسمەڕەش ماڵەکەیان وەك ماڵی پێشمەرگە دیاری دەکرێت و بەبەرچاوی خەڵکەوە ماڵ و حاڵیان دەسوتێرێت و پاشان خێزانەکەیان دەربەدەر دەکرێن و ناچار دوای ئەوەی بێ جێگە دەمێننەوە، ڕوو لە شاخ دەکەن لە گوندی ئاوکورتێ پەیوەندی بە مفەوەز حەمەجان دەکەن، کە لەو کاتەدا گوندەکە شوێنی بارەگای ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی شۆڕش دەبێت، لە نێوانیاندا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لە پاش نسکۆش مفەوەز حەمەجان و خێزانەکەی دیسانەوە دەربەدەر و ئاوارەی شار و شارۆچکەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەبن، بە کولەمەرگی ژیان بەسەردەبەن.

لەگەڵ یەکەم چەخماخەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی ی.ن.ك کە پێشتر هەر زوو مفەوەز حەمەجان یەکێك دەبێت لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ئەو شۆڕشە، هەڤاڵ حاکم قادر حەمەجان برای شەهید دکتۆر ڕەفیق کە پێشتر بە نهێنی پەیوەندی بەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردبوو، لە پاش تەواوکردنی دوا قۆناغی خوێندن و کۆلێژی ماف لە بەغداد هەر وەك ئەوەی کە هەڵوێستی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری لە ناخیدا قوڵپ بدات، پەیوەندی بە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە و حاکمی شۆڕش.

لەو سەروبەندەدا شەهید دکتۆر ڕەفیق لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێ و هاوڕێبازیدا درێژە بە کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی نهێنی دەدات، دوای ماوەیەك کامەران حەمەجان ناسراو بە (پێشڕەو) پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و لە ڕیزەکانی ی.ن.ك دەبێتە پێشمەرگە، لەگەڵ چەندین کەس لە بنەماڵەکەیان لەو کاتە سەختانەدا هەر وەك پیشەی هەمیشەییان

داگیرکەران بەردەوام خێزان و کەسوکاری پێشمەرگەیان بێزار کردووە و ڕووبەڕووی گرتن و ئازاردان و دەرکردنیان کردوونەتەوە.

دکتۆر ڕەفیق لەو ڕەفتارانەی ڕژێمی داگیرکەر بێبەش نەبوو بەردەوام ئازار دەدرا و دەردەکرا، دوای دەستنیشانکردنی خێزانەکەیان بە چاودێری بەردەوام لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە دکتۆر ڕەفیق پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و لە بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە بەرگەڵوو دەبێتە پێشمەرگە، لەوێ شانبەشانی چارەسەرکردن و پیشەی تەندروستی خۆی بە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتییەوە سەرقاڵ دەبێت، لە شەڕێکی قورسی کەم وێنەدا لە ناوچەی مەرگە بە فەرماندەیی هەڤاڵ حەمەی فەرەج ڕووبەڕووی هێزێکی گەورەی دوژمن دەبنەوە، لەو شەڕەدا هەڤاڵ حەمەی فەرەج بە سەختی بریندار دەبێت و بەهۆیەوە قاچێکی لە دەست دەدات و دکتۆر ڕەفیقیش بە سەختی بریندار دەبێت، هێزەکەی دوژمن دەشکێن و بەسەرشۆڕی دەگەڕێنەوە.

لە دوای ئەنفال و بەر لە ڕاپەڕین، بەرنامەی ڕاپەڕینی سەرتاسەری لەلایەن هەڤاڵ نەوشیروان دادەڕێژێت و چەند کەسێکی باوەڕپێکراو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاپەڕین ڕەوانەی شار دەکرێنەوە، پێناسیان لەلایەن کەسانی شارەزای شۆڕشەوە بۆ دروستکرابوو تا بگەڕێنەوە شار و شارۆچکەکان بۆ ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕین، یەکێك لەو پێشمەرگە و کادیرانەی کە پێناسی بۆ دروست دەکرێت تا بگەنە شار و بەرنامەی ڕاپەڕین جێبەجێ بکەن دکتۆر ڕەفیق دەبێت.

ئەفسوس ئەو پێشمەرگە قارەمان و چاونەترسە لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە پاش ئاشکرابوونی دەستبەسەر دەکرێت، دوای ئازار و ئەشکەنجەدانی خۆڕاگرانە داکۆکی لە بیروباوەڕی نەگۆڕی دەکات و نهێنییەکانی شۆڕش دەپارێزێت و ناوی هیچ کەسێك نادرکێنێت کە لەگەڵیدا هاتبوونەوە ناو شار، دواجار لە ژێر زەبر و ئازار و ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەری جەلادەکانی داگیرکراندا لە پێناو سەرخستنی شۆڕش و بە ئازادی گەیشتنی گەلەکەمان گیانی بە خاك و ڕێبازی گەلی نیشتیمانپەروەری کورد و ی.ن.ك دەسپێرێت و

دەچێتە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە، تا تەرمی شەهیدی قارەمان بە بڕیاری ڕژێم و ئـەمنی سلێمانی بە شاردراوەیی بۆ هەمیشە وەك شـەهیدی بـێ ناونیشان مایـەوە و نەدرایـەوە بـە کەسوکار و خانەوادەکەی[٥٩].

---

[٥٩]– زانیارییەکان لە لەگەڵ د. شوان وەرگیراوە.

# ڕزگار بەکر مەعروف (دکتۆر ڕزگار)

لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، لە تیپی ٥٧ی سەگرمە کاری ڕێکخستنم کردووە، یەکێك لە کارەکانم بریتی بوو لە گەیاندنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بە شۆڕش، بەشی تەندروستی یەکێك بووە لە حەز و خولیاکانم، هەر بۆیە چوومە پەیمانگای تەندروستی باڵا و بەشی یاریدەدەری پزیشکیم تەواوکرد، لە ساڵی ١٩٨٣ برایەکم بە ناوی (محەمەد) کە سەر بەڕێکخستنەکانی سلێمانی بووە شەهید کراوە، لێرەوە خێزانەکەمان کەوتە بەر تووڕەیی ڕژێم و چەندین جار هەڕەشەمان لێکرا، بۆیە ڕێگای پێشمەرگایەتی و بەشداریم لە شۆڕشدا گرتە بەر، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەستم بە کاری تەندروستی کرد لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا و هەرکات و لە هەر شوێنێك پێویستییان بە من هەبووایە دەچووم.

پاش ماوەیەك کارکردنم وەکو پزیشکی شۆڕش، ڕۆژێك لە گوندی تەنگیسەر لیژنەیەك سەردانی کردم، چونکە خوێندنگەی گوندەکە لەلایەن ڕژێمەوە وێران کرابو، هەروەها داخرابوو، داوایان لێکردم ببم بە مامۆستای شۆڕش، منیش سەرەڕای کارەکەم کە پزیشکی شۆڕش بووم ئەو پێشنیارەشم وەرگرت و وەکو مامۆستای شۆڕش لەو خوێندنگەی ئەو گوندە دەستبەکاربووم و هەتا شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام بووم[٦٠].

---

(٦٠)– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار بەکر مەعروف (د. ڕزگار)، ٢٠٢٢/١٠/١٢.

# ڕێزان ئەحمەد هەردی (دکتۆر ڕێزان هەردی)

لـە چـوارەم ڕۆژی جـەژنی قوربـان ڕێکـەوتی ١٩٦١/٥/٢٧ لـە گـەڕەکی سـابوونکەران لـە سلێمانی لە خێزانێکی پڕ لە خۆشەویستی و پڕ لە سۆزی نیشتیمانپەروەریی و خۆشەویستی وشە و زمانی کوردی لەدایکبووم. لەبەرئـەوەی بـاوکم هۆزانڤـان بـوو، ماڵەکـەمان پڕبـوو لـە دیوانی هۆزانڤانانی گەورەی کورد وەکو: (نـالی، سـالم، مـەحوی، پیرەمێـرد و گۆران و...) و پەرتووك و چیرۆك، ئەمە جگـە لـە پـەرتووکی سیاسـی. بـاوکم پەرتووکخانەیـەکی گـەورەی هەبوو، پەرتووکی هەمەجۆرەی بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی تیدابوو.

هـەر لـە منداڵیـەوە بـاوکم هـۆنراوەی پـێ لەبـەردەکردین و شـەوانە چـیرۆکی بـۆ دەخوێندینەوە و فێری لێکدانەوەی هۆنراوەکانی دەکـردین. هەربۆیـە خۆشەویسـتی وشـە و زمـانی کـوردی تیامانـدا دروسـتبوو و لـەژیانی هەمووماندا ڕەنگی داویـەوە. ئێمـە حـەوت منداڵین بەپێی تەمەن لە گەورەوە بۆ بچوك: (چلورە، سـەیوان، ئـەردەڵان، ڕێـزان، ئاسـۆس، ڕێبین و چۆمان).

باوکم مامۆستای سەرەتایی بوو. کاتێك شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ هەڵگیرسا، باوکم پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد و بوو بە پێشمەرگە.

ئەوکات هێشتا حکومەتی عێراق دەستی بەسەر ناوچە کوردستانییەکاندا نەدەڕۆیشت، هەربۆیە باوکم دەیتوانی جارجار بە دزییەوە سەردانمان بکات. ئێمە لەگەڵ (نەنکم/ دایکی دایکم و پـوورم/ خووشـکی دایکم) لـە مـاڵی باپیرمانـدا دەژیـاین. سـاڵی ١٩٦٣ ئاسۆسـی بـرام هاتـەدنیاوە. یـەك، دووسـاڵ پـاش ئـەوە، بـاوکم داوای لێکـردین بـە خێزانـی بچینە دەرەوە، بەتایبەت تا ئەوکاتە، هیچ نیشانەیەکی کۆتایی هاتن/ سەرکەوتنی شـۆڕش دیارنـەبوو. هـەر

بۆیە من، دایکم، ئاسۆس، ڕێبین و ئەردەڵان چووینەدەرێ. خوشکەکانم (چلورە و سەیوان) کە ئەوکات لە قوتابخانە بوون، لەبەر خوێندن لای نەنکم مانەوە.

یەکەم شوێن بۆی چووین گوندی (زێ) بوو. حکوومەتی فاشیستی ئەو سەردەمەی عێراق بەردەوام تۆپبارانی دێیەکانی دەکرد. دێیەکان بەدرێژایی شۆڕشی کورد داڵدەی پێشمەرگەیان داوە و هاوکاریان بوون. بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگە خەڵکی ڕەشوڕووتی میللەتەکەمان بوون و جگە لەوەی خەڵکی دێیەکان خۆیان خەڵکی دڵسۆز و بەئەمەکی شۆڕشی کوردی بوون. جا گەر بۆمبابارانی ئەو دێیەی بکردایە کە ئێمە بەڕێکەوت لێ نیشتەجێ بووبووین، ئەوا ناچار دەبووین ئەو دێیە بەجێبهێڵین و بچینە دێیەکیتر.

جارێکیان لە گواستەنەوەماندا لە دێیەکەوە بۆ دێیەکیتر، من و ئەردەڵانی برامیان لەناو (هۆڕی) گوێدرێژێکدا، کە لە بەن دروستکرابوو، گواستەوە. هەریەکەمانیان خستە ناو تایەکی هۆڕەکەوە. چەندین کاتژمێر بەوشێوەیە لەڕێ بووین. قاچمان سڕ بووبوو، برسی و تینو بووین و هاوارمان دەکرد. باوکم هەردەی وت ڕۆڵەکانم دان بەخۆتاندا بگرن، ئێستا دەگەین.

بەمشێوەیە تا ساڵی ١٩٦٩ ژیانمان بەسەر برد. ساڵی ١٩٦٩ باوکم نەخۆشکەوت. تووشی هەناسەسوارییەکی زۆر بوو، هەموو تەمەنی بەدەست نەخۆشی (ڕەبۆ)وە تا کۆتایی ژیانی نالاندی. ئەوکات چارەسەری نەخۆشی ڕەبۆ زۆر قورس بوو و دەرمان کەمبوو، بەتایبەتی لە شۆڕشدا. هەربۆیە بۆ چارەسەرکردنی باوکم، گەڕاینەوە سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٠ بەیانی ١١ی ئازار دەرچوو، تا ساڵی ١٩٧٤ لە سلێمانی/ سابوونکەران، چوارساڵی ئارامیمان بردەسەر.

ساڵی ١٩٧٤ شۆڕش دووبارە دەستیپێکردەوە، دیسان ئێمە بە خێزانی پەیوەندیمان بەشۆڕشەوە کرد. باوکم لە (چۆمان) کاری دەکرد و ئێمەش بەخێزانی چووینە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە شاری نەغەدە، جێگیر بووین، لەوێ قوتابخانەی کوردی کرابووەوە. بۆئەوەی

ساڵی خوێندمان لە دەستنەچێت، باوکم ئێمەی نارده شاری نەغەده، ئەوکات من لە پۆلی هەشت بووم.

لە نەغەده خێزانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارازانی و خێزانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوێ دەژیان و منداڵەکانیان لەگەڵماندا لە هەمان قوتابخانە بوون.

دوای ڕێکەوتنی (جەزائیر) و هەرەسی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ دا، حکومەتی ئێرانی ئەوکات داوایکرد کورد چەك دابنێت، بەوەشەوە نەوەستا بڕیاری داخستنی قوتابخانەی کوردیدا و فەرمانی دەرکرد هەمووومان بخرێینە بەر خولێکی خوێندنی زمانی فارسی.

دیاره بارودۆخێکی خەمناك و نائومێدانە بوو. زۆر لە خێزانەکان بەهۆی (لێبووردنی گشتی)یەوە گەڕانەوە کوردستانی باشوور. دواتر ئەو خێزانانەی مابوونەوە، هەر دیسان لەلایەن شای ئێرانەوە (محەمەد ڕەزاشا) بەسەر شاره فارسەکاندا دابەشکران.

هەندێك خێزان نەبێت، ئێمەش یەکێك بووین لەو خێزانانە، لەگەڵ خێزانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا، خێزانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەندامانی سەرکردایەتی و هەندێك لە خێزانەکانیتر نێردراین بۆ (کەرەج). لەوێ وەك پەناهەندەی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵماندا دەکرد و هەمووومان خانوومان درایە و مووچەیەکمان بۆ بڕایەوە. بەمشێوەیە تا پۆلی سیانزەم لە کەرەج بەزمانی فارسی خوێندم.

ساڵی ١٩٧٩ کاتێك سەدام حسین هاتە سەر حوکم، لێبووردنێکی گشتی دەرکرد، ئیدی بەهۆی ئەو لێبووردنە گشتیەوە ئێمە و زۆر خێزانیتر گەڕاینەوە کوردستانی باشوور/ سلێمانی.

لە عێراق لەبەر ئەوەی پۆلی سیانزە نەبوو، من خرامەوە پۆلی دوانزە و ساڵێکی خوێندنم لەدەستچوو. دیاره چوونەوەمان و دامەزراندنمان لەوێ کاتی ویست و گەیشتبووینە مانگی یانزەی ساڵی ١٩٧٩. ئاشکرایە وەرگرتنم لە (مانگی ١١) دا بەتایبەت لە

دواساڵی خوێندنـدا، دوای ئـەوەی تاقیکردنـەوەی مـانگی یەکـەم درابـوو، ئەسـتەم و سـەخت بوو.

هـیچ قوتابخانەیـەك ئامـادە نـەبوو وەرم بگرێـت، بـەڵام بـەهۆی مامۆسـتا کـاڤ سـلێمان هاوڕێی منداڵی پوورم بوو، ئێمە هاتوچۆمان هەبوو لەگەڵیاندا لەگەڵ خوالێخۆشبوو خـاتوو حەسـیبە شـاڵی ئـەوکات بەڕێوەبـەڕی قوتابخانەکـە بـوو، لـە پـۆلی دوانـزەی (دواناوەنـدی سلێمانی) وەرگیرام.

توانیم نمرەی کۆلیژی پزیشکی بەدەستبێنم و لە کۆلیجی/ سکۆڵی پزیشکی لـە موسـڵ وەرگیرام.

ساڵی ١٩٨٥ ڕێبینی برام خوێندنی پەیمانگای (ئاو و ئاوەڕۆ)ی لە بەغداد تەواوکرد و نەچـوو سـەربازی، بـەڵکو پەیوەنـدی بـە شـۆڕش و پێشـمەرگەکانی پاسـۆکەوە کـرد. ئـەوکات ئـەو و ئاسۆسی برام و کوڕە پورەکانم ڕێکخستنی ناوشاری (پاسۆك) بوون.

سـاڵی ١٩٨٦ حکوومـەت بڕیـارێکی دەرکـرد: ئـەوەش ئـەوەبوو هـەموو گـەنجی زانکۆکـان ڕاهێنـانی (جـیش الشـعبي) بـە زۆرەملـێ بکـەن. ئاسۆسـی بـرام لـە کۆتـا سـاڵی کـۆلیجی ئەندازیاریی میکانیك لە زانکۆی موسڵ بوو، ئەو و کوڕە پورێکم و هەندێك خوێندکاری تـر ئامادە نەبوون ئەو ڕاهێنانە بکەن، لەبەر ئـەوە ئـەویش پەیوەنـدەی بـە (پاسـۆك) وەکـرد و بووە پێشمەرگە و بەم شێوەیە لە دوا ساڵی خوێندن دوورخرایەوە.

دیـارە بـوونی دوو بـرای پێشـمەرگە بـۆ ئـەو سـەردەمانە زۆر قـورس بـوو، بەتایبـەت مەترسـی گـرتنی مـن، چۆمان، دایکـم و بـاوکم یـەکجار زۆر بـوو. مـن هێشـتا زانکـۆم تـەواو نەکردبوو، لە ترسا لە زانکۆ پەیوەندیم لەگەڵ زۆرینەی هاوڕێکانمدا پچڕاند. لە سلێمانیش ماڵمان گواستەوە بۆ گەڕەکی عەقاری و دایکم لای دراوسێکان وتـی کـوڕم نییـە؟! تـا براکـانم ئاشکرا نەبن؟!

ساڵی ١٩٨٨ باوکم بڕیاریدا پەیوەندی بەشۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە بکات. ڕێبینی برام کە پێشمەرگەی (پاسۆك) بوو هاتە ڕانیە بەدواماندا.

ئیتر بەسەر پشتی وڵاخەوە لە ڕانیەوە بە دزییەوە لەگەڵ تیمێکی قاچاخچی بۆجاری سێهەم ڕوومان کردەوە ناو شۆڕش و پێشمەرگە و بەقەندیلدا سەرکەوتین. دوای سێ شەو و سێ ڕۆژ و بڕینی شاخەبەرز و سەختەکانی قەندیل، گەیشتینە (تاتیدۆ). لە تاتیدۆ بارەگایەکی (ی.ن.ك) لەوێبوو. لەوێ شەوێکمان لەو بارەگایە، لەو بنارە سەخت و ساردە بردەسەر. دواتر لە تاتیدۆوە بەرەو ئاڵوەتان کەوتینەڕێ. لە ئاڵوەتان لە کەپری پێشمەرگەیەکدا دانیشتبووین، وتیان هەڤاڵ عومەر فەتاح لەگەڵ خاتو کافیە و ئاڤای کچیان هاتوون بۆ ئاڵوەتان.

باوکم ڕێبینی نارد بۆلایان تا هەڤاڵ عومەر تا ئاسانکاری چوونمان بۆ قاسمەڕەش و نۆکان بۆ بکات، بەڵام ئەوان لەگەڵ ڕێبیندا خۆیان هاتن بۆلامان و (بەرگەی تردد/ وەك ڕێگەپێدانێك بۆ چوونە ناو خاکی ئێران)ەوە بوو بۆ کردین تابتوانیین بەرەو (نۆکان و قاسمەڕەش) بەڕێ بکەوین و بچینە (مقەڕی پاسۆك لە نۆکان).

لە ئاڵوەتانەوە بە جێبێك ڕوومان کردە قاسمەڕەش. شۆفێری جێبەکە وتی لە قاسمەڕەش بەولاوە ناتوانێت بمانبات. ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە ئەوێ و هەمووومان شەکەت و ماندوو بووین. لە قاسمەڕەش بارەگای (ی.ن.ك)ی لێبوو ئەوەی بیرم بێت دکتۆر کەریم هات بەرەوپیرمان و داوامان لێکرد یارمەتیمان بدات بۆ ڕۆیشتن بۆ نۆکان، ئەوکات (ی.ن.ك) تراکتۆرێکی هەبوو. بەتراکتۆر گوێزراینەوە بۆ (نۆکان) کە بارەکای (پاسۆك)ی لێبوو.

لە نۆکان لەبارەگای پاسۆك ماینەوە. بارەگاکە بریتی بوو لەچەند خەیمەیەك و هەندێ گەنجی خوێنگەرم، هەموو لە باوکم کۆبوونەوە. دواترباوکم بوو بە سکرتێری ئەو پارتە.

مـن تـازە کـۆلیجی پزیشـکیم تـەواوکردبوو، بـیرم لـەوەدەکردوە کـار بـە زانینەکـەم و بڕوانامەکەم بکەم و لـە شـوێنێکدا دابمـەزرێم تـا خزمـەتی پێشـمەرگە بکـەم. لـەبناری ئـەو شاخە سـەختانەدا هـیچ بـوار و کەرەسـتەیەکم لەبەردەسـت نـەبوو، تەنانـەت (یـەکێتی) لـە قاسمەڕەش کەپرێکی بەناوی (نەخۆشخانەی شۆڕش)وە کردبووەوە، وابزانم ئـەوکات (دکتـۆر شـوان) بەرپرسـی بـوو، جگـە لـە چـەند کەرەسـتەیەکی سـەرەتایی و هەنـدێك دەرمـانی سەرەتایی هیچیتری تیدانەبوو.

بڕیارماندا، وەك زۆر لـە خێزانـەکانی سـەرکردایەتی (یـەکێتی) بچینە شـاری سـەقز و لەوێ نیشتەجێ ببین. لەوێ خانوویەکمان بەکرێ گرت.

ئـیتر کەوتمـە هـەوڵی دامەزرانـدن، هـەر بۆیـە داواکارییـەکم ئاراسـتەی فەرمانگـەی تەندروسـتی سـەقزکرد. ئـەوانیش داوکاریەکـەمیان بـە نامەیـەکی فـەرمی بـەرزکردەوە بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی لـە تـاران. بۆئـەوەی کارەکانمـان زووتـر بـڕوات، مـن و ئاسۆسـی بـرام بەدەستی بۆ (تاران)مان برد.

لـە وەزارەتـی تەندروسـتی ئێـران بڕیاریانـدا لیژنەیـەك بـۆ تاقیکردنـەوەم دابنرێـت، چونکە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆم پێنەبوو، جگە لە کاغەزێکی دامەزراندنم .

من بەهۆی ئەوەی دواناوەندیم لەساڵی حەفتاکانـدا لـە کـەرەج بـە فارسـی خوێنـدبوو، زمـانی فارسـیم زۆر بەباشـی دەزانـی. ئەمـەش یارمەتیـدەرم بـوو لـەکاتی تاقیکردنـەوەدا. تاقیکردنەوەکە بەزمانی فارسی بوو و لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی (پزیشکی پسپۆڕی بەشە جیاوازەکـان) بـۆ هاوتـاکردن و ددانپێـدانانی بڕوانامەکـەم، بەڕێوەچـوو. هەریـەك لـەو پزیشکانە لەسەر بەشـەکەی خـۆی پرسـیاری لێـدەکردم. سـوپاس بـۆ خـودا بەسـەرکەوتووی تاقیکردنەوەکەم ئەنجامدا.

لـە هـەموو دنیـادا گـەر بتـەوێت لـە وڵاتێکـی بێگانـەدا کـار بکـەیت، دەبێـت (مۆڵـەتی کارکردن لە وەزارەتی کار) وەربگریت. بۆئەوەی مۆڵەتی کارکردنیش بەدەستبهێنیت، دەبێت

کارتی نیشتەجێبوونت هەبێت، کە ئێمە کەسمان نەمانبوو. لەبەر ئەوەی کارتی نیشتەجێبوونم نەبوو (پێیان دەوت کارتی سەوز) نەمتوانی مۆڵەتی کارکردن وەك پزیشکێك بەدەستبهێنم، هەرچەندە لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو بووم!.

کارتی سەوز لە (وەزارەتی دەرەوە) دەدرا بەوکەسانەی کە مافی پەناهەندەییان و مافی کارکردنیان لە ئێراندا هەبوو. چەند سەردانی وەزارەتی دەرەوەم دەکرد، دەیانوت دوو هەفتەیتر وەرەوە!. بەمشێوەیە، نزیکەی هەردوو هەفتەجارێك لە سەقزەوە بەپاس بەرەو تاران دەکەوتینەڕێ. ئەوکات ڕێگا بەپاس (١٥ کاتژمێر)ی دەخەیاند. هەمووجار دەیانناردمەوە و دەیان وت دوو هەفتەیتر سەردانمان بکەرەوە.

لە سەقز ماڵی ئێمە بووبوو بە پەناگای چەندین پێشمەرگە و چەندین کەس. ڕۆژێك دایکی هاوڕێیەکی ڕێبینی برام کە لەماڵەوە لەگەڵماندا دەژیا، نەخۆش کەوت. منیش بردم بۆ نەخۆشخانەی (ئیمام خومەینی) ئەوکات لە شاری سەقزدا تەنیا نەخۆشخانەیەك بوو. لە کاتی چارەسەرکردنی ئەو خانمەدا لەگەڵ پزیشکەکەدا قسەم دەکرد، بەهۆی ئەوەی چەند وشەیەکی پزیشکیم بەکارهێنا، پزیشکێکیتر لەوێ بوو و گوێی لە قسەکانم بوو وتی:

- تۆ پزیشکیت؟
+ بەڵێ
- ئەی بۆ کار ناکەیت؟ ئێمە زۆر پێویستمان بە پزیشکە، لە هەموو ئێران و بەتایبەت لە سەقزدا!
+ کارتی سەوزم نییە و بۆ ئەوەی مۆڵەتی کارکردنم هەبێت، دەبێت کارتی سەوزم هەبێت!!

ئەو پزیشکە، پزیشکێکی تورکمانی خەڵکی ئێران بوو، ووتی:

- کارتی سەوز چییە و لە کوێ وەردەگیرێت؟
+ لە وەزارەتی دەرەوە وەردەگیرێت.

- وەرە لەگەڵم؟!

بێ ئەوەی بزانم چی دەتوانێت بکات، ڕۆیشتم لەگەڵی بۆ ژووری بەڕێوەبەر. ئەوەندەمزانی تەلەفونێکی کرد و بەتورکمانی قسەی دەکرد، هیچ تێنەدەگەیشتم باسی چی دەکات، جار جار گوێم لێدەبوو دەیووت (خانم دکتۆر ڕێزان..) لە تەلەفون تەواو بوو وتی:

- دوو ڕەسمی خۆت بەرە و بچۆ لە شارەوانی کارتی سەوزەکەت وەربگرە؟!

یەکسەر لە نەخۆشخانەوە چووم بۆ شارەوانی و لەوێ (کارتی سەوز) ئامادەکرابوو، لەلایەن بەڕێوەبەری ئەوکاتی شارەوانی سەقز کارتەکەم پێدرا. ئەوجا تێگەیشتم گەر بیانەوێ شتێکت بۆ بکەن، چارەسەرەکەی زۆر ئاسانە. بەو کارتە مۆڵەتی کارم وەرگرت و توانیم بەفەرمی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سەقز (ئۆرژانسی ئیمام خومەینی) وەك پزیشکێکی گشتی دابمەزرێم و دەستبەکاربم.

بەیانیان لە بنکەیەکی تەندروستی/ دەرمانگەی (بەردبڕان) و پاشنیوەڕوان و شەوان لە نەخۆشخانەی سەقز کارمدەکرد. ئەوکات دەوامی پزیشك وابوو، گەر ئێشکگرتنت لە نەخۆشخانە هەبووایە، دەوامەکەت هەشتی بەیانی لە دەرمانگا دەستیپێدەکرد و کاتژمێر یەك کە دەرمانگا دادەخرا، لەوێوە ڕێك بۆ نەخۆشخانە تا سبەینێ بەیانی لە نەخۆشخانە دەمایتەوە و هەشتی بەیانی ڕۆژی دواتریش دەبووایە بە پێچەوانەوە لە نەخۆشخانەوە بچوویتایەوە بنکەی تەندروستیەکەت و تا کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ بەبەردەوامی کارت بکردایە. واتە دەوام نەك ٢٤ کاتژمێر بوو، بەڵکو (٢٩) کاتژمێر کارکردنی بێ وچان بوو، جا بۆشت نەبوو بخەویت یان پشوو بدەیت؟! دیارە دەوامەکە تاقەتپڕوکێنەرو هیلاککەر بوو.

لە سەقز پەیوەندیمان لەگەڵ زۆر لەو خێزانانەی لەوێ نیشتەجێبوون پەیداکرد. هەندێك خێزانمان لەمێژ بوو دەناسی ئەوانیشماڵی هەڤاڵ کاك عومەرفەتاح و خاتو کاڤێ لەگەڵ (پەری خان کە هاوڕێی منداڵیمە و خێزانی هەڤاڵ جەزای ئەحمەدکوردە) بوو. خاتو

کافیە وەك پێشتریش باسمکرد، مامۆستام بوو. لەبەرئەوە هاتوچۆی ئەو دووماڵەمان زۆر دەکرد.

زۆرجار بە خاتو کافیەم دەوت، زۆر حەز بەخزمەتکردنی خەڵکی ئۆردوگاکان دەکەم، چونکە ئەو ئۆردوگایانەی سەرسنوور، زۆرینەی ماڵە پێشمەرگە و کەسوکاری ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بوون و خەڵکی ئەو دێهاتانە بوون کە لە سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگەدابوون و کاتی خۆی هاوکاری شۆڕش بوون.

بەداخەوە لە خەڵکیم گوێ لێ بوو بوو توانای داراییان باش نیە و زۆرجار ناتوانن سەردانی پزیشك بکەن. هەرچەندم دەکرد نەمدەزانی چۆن ئەو کارە خۆبەخشییە، خێرخوازیە بکەم؟ دیارە کافێ خان قسەکانی منی بەهەند وەرگرتبوو و بێ ئەوەی من ئاگاداربم ئەمانەی بە هەڤاڵ هێرۆی وتبوو.

ساڵی ١٩٨٩ ڕۆژێك بەڕێکەوت لەگەڵ پەری خانی هاوڕێم چووین بۆ ماڵی هەڤاڵ شوانی کەریم کابان خێزانی ئەو: ئالای کچی شێخ عوسمان سەرسپی بوو، هەردووکیان دوو هاوڕێی بەڕێزی ئێمەن. خاتوو هێرۆ ئیبراهیم لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا لەوێ بوون. ئەوە یەکەمجار بوو خاتو هێرۆ ببینم.

ئەوکات ژنێکی گەنج بوو، چەند تاڵێکی سپی کەوتبووە سەری، جامانەیەکی لەملدابوو، جلێکی پێشمەرگانەی خاکی لەبەردابوو، بەسەر جلەکانیدا هێلەکێکی خاکی لەبەرکردبوو و دەمانچەیەکی بەلاقەدیەوە بەستبوو. ژنێکی نەرم و نیان و لەسەرخۆ دیاربوو. کە زانی من کچی ئەحمەد هەردیم و پیشەم پزیشکە، وتی:

- چۆن ژنێکی پزیشك لە شۆڕشدا هەیە و من ئاگادار نیم؟ دەزانیت چەند پێویستمان بەهێزی کاری ژنانە، بەتایبەت پزیشکێکی ژن؟

هەر دووبارەی دەکردوە:

- بۆ من ئاگادار نەکراومەتەوە؟!

وابزانم لەبەر هەمان هۆ، ئەو ئێوارەیە دوای ئەو بینینە کورتە ناردی بەدوامدا و لە ماڵی هەڤاڵ عومەرفەتاح یەکتریمان بینی. بەڕێزی باسی ئەوەیکرد، ئەوان خەریکی دامەزراندنی یەکێتی ژنانن و داوای لێکردم لەگەڵیاندا کاربکەم. هەروەها وتی:

- کافیە خان پێی وتووم حەز بە سەردانی ئۆردوگاکان دەکەیت؟ ئەی بۆ نایکەیت؟

وتم:

- ئەوسەردانە پارە و ئیمکانیەتی ئەوێت، من نە خۆم و نە پاسۆك ئەو ئیمکانیەتەمان نیە؟!

- ئەی ئەگەر ئێمە وەك (یەکێتی و یەکێتیی ژنان) ئەو ئیمکانیەتە بخەینە بەردەستت ئامادە دەبیت ئەو کارە بکەیت؟ بیری لێبکەرەوە و بەزووترین کات وەڵامم بدەرەوە تکایە.

منیش دیارە ئەمانەم هەمووی بۆ باوکم گێڕایەوە، باوکم وتی:

- کچم تۆ دەچیتە ئۆردوگاکان گرنگ خزمەتی هاووڵاتی کورد دەکەیت، جا ئەو خزمەتە بەهۆی هەر حیزب و ڕێکخراو و لایەنێك بێت کەی گرنگە؟ چونکە بیرت نەچێت نیشتەجێبووانی ئۆردوگاکان قوربانی زۆریان داوە. برۆ پشت بەخوای گەورە چیت لەدەست دێت بیکە، بەڵام دەبێت لە هەموو شوێنەکاندا (ڕێبین)ی براتت لەگەڵدا بێت.

بەمشێوەیە پاش ئەوەی مۆڵەتی یەك هەفتەم لە کارەکەم وەرگرت، ڕۆژی دوای ئەوە من و ڕێبینی برام لەگەڵ هێرۆخان و چەند پێشمەرگەیەکدا بە ئۆتۆمبێلەکەی هێرۆخان بەرەو قاسمەڕەش کەوتینە ڕێ.

قاسمە ڕەش شوێنێکی چەپەری شاخاوی و بچووك بوو. لەوێ بارەگای هێرۆخان و هەڤاڵ نەوشیروان و چەندین پێشمەرگەی لێبوو. ڕێبینی برام لەبارەگای پێشمەرگەکان دەمایەوە و منیش لەبارەگای هێرۆخان دەمامەوە. بارەگاکە بریتی بوو لە ژوورێکی نووستن

و هۆڵێکی دانیشتن و نانخواردن و چێشتخانەیەکی بچووك و تەوالێت و گەرماوێکی بچووك. هەموو ئەمانە لە گڵ دروستکرابوون، بەڵام شوێنەکە زۆر دڵگیر بوو.

ڕۆژانــە وەك مەفرەزەیــەك دەردەچــووین. تیمێــك بــووین هــەر ڕۆژەی ســەردانی ئۆردوگایەکمان دەکرد و بارگەمان لە ماڵێك دادەنا. بیرمە جارێك چووینە ماڵی (شەهید غەریب هەڵەدنی) و جارێکیش تەنانەت لە ماڵی هەڤاڵ عەلی ئاغا شەویش ماینەوە. دەنا زۆربەی کات ئێواران درەنگ دەگەڕاینەوە بۆ قاسمەڕەش، من شەو لەماڵەکەی هێرۆخان دەمامەوە.

وەك باسمکرد، لە ئۆردوگاکان ماڵێکمان دەستنیشاندەکرد و پێشمەرگەکان بەخەڵکیان ڕادەگەیان، پزیشکمان لەگەڵە و هەرکەس (ژن و پیاو) دەیەوێت سەردانی پزیشك بکات، بێت بۆ ماڵی فلانەکەس.....

منیش نەخۆشەکانم دەبینی و دوای ئەوەی بەوکەرەستە سادانەی پێم بوو (هێرۆخان بۆی دابین کردبووم) بریتی بوون لە (ئامێری فشاری خوێن/ سەماعەیەك و گەرمی پێوێك) پشکنینم بۆ ئەنجام دەدان، ئینجا ڕەچەتەی دەرمانم بۆ دەنووسین. ڕەچەتەکانم لای خۆم هەڵدەگرت، تا دواتر دەرمانەکانیان بۆ بکڕین. ئەو ئۆردوگایانەی سەردانمان دەکردن زۆربەی لە دەوروبەری سەردەشت و قاسمەررەش بوون.

کە دەگەڕاینەوە ڕەچەتەکانم ڕێکدەخست، بەڵام بۆئەوەی ڕەچەتەکان بەفەرمی بێت و لەبەر ژمارەی زۆری ڕەچەتەکان، دەبوایە مۆرێکم هەبێت، چونکە ئەوکات لە ئێران ڕەچەتەیان بەبێ مۆر سەرف نەدەکرد. هەر بۆ ئەو مەبەستە، ئەوکات هەڤاڵ حاکم قادر لەگەڵێشماندا دەهات بۆ سەردانی ئۆردوگاکان، بەهۆی پەیوەندی بە بەڕێوەبەری شارەوانی سەردەشتەوە، یارمەتیدەرم بوو، بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری شارەوانی سەردەشت فەرمانی ڕێگەپێدانی دروستکردنی مۆرم بۆدەربکات. بەمجۆرە مۆرێکیان بۆ دروستکردم و بەکارمدەهێنا (تا ئێستاش ئەو مۆرەم هەر ماوە).

دوای ئـەوەی ڕەچـەتەکانم مـۆر دەکـرد و لەگـەڵ پێشـمەرگەکاندا دەرمانـەکانمان لـە دەرمانخانەی یان سەقز یان سەردەشت دەکڕی (هێرۆخان پارەی دەرمانەکانی خەرجدەکرد) ئینجا خۆم بەپێی ئەو ڕەچەتانەی نووسیبووم، لەگەڵێدا نووسـینێکم بـۆ ڕینمـایی نـەخۆش (بۆ نموونە کاتی خواردنی دەرمان، چەند کاتژمێر جارێك بێت؟ پـێش نـان یـان دوای نـان؟ و...) دەخسـتە نـاو زەرفی دەرمانـەکان و هـەموویمان دەنـاردەوە بـۆ ئۆردوگاکـان. لەهـەر ئۆردوگایـەك کەسـێکمان دیـاری کردبـوو (یـان کارمەنـدی تەندروسـتی بـوو یـان شـارەزایی تەندروستی هەبوو) بۆ ئەوەی دەرمانەکان بەسەر نەخۆشەکاندا دابەش بکات.

بەمشێوەیە هەموو مانگێك ئەو دوو بۆ سێ ڕۆژەی پشووم هـەبوو لەگـەڵ هێرۆخانـدا سەردانی ئۆردوگایەکمان دەکرد. ئەمە دڵی هەموومانی خۆش کردبوو. هێـرۆ خـان تیمێکـی باش و دڵسۆزی لەگەڵ بوو. وێنـەی سـەردانکردن و نـەخۆش بینینـەکانی ئـەوکات هـەمووی هێرۆخان دەیگرت و ئێستاش لە ئەرشیفی ئەواندا (وەك دواجار ساڵی ٢٠١٦ پێـی وتم) مـاوە. بەداخەوە هیچ کۆپیەکی ئەو وێنانە لای من نیە.

یەکێك لەو ڕووداوانەی ئەوکات هاتە ڕێمان ئـەوەبوو، لـەکاتی سـەردانی ئۆردوگایەکـدا، پێیان ڕاگەیاندم خانمیك بەژانی منداڵبوونەوەیە. پشکنینم بۆ کرد و فشاری خوێنی تۆزێك بەرزبوو، جگە لەوەی ئێمە کەرەسەی منـداڵبوونمان پێنـەبوو، بۆیـە دەبوایـە بگوازرایەتـەوە نەخۆشـخانە، نامەیـەکم بـۆ نەخۆشـخانەکە نووسـی و بەسـەیارەی هێرۆخـان ناردمـان بـۆ نەخۆشخانەی سەردەشت. هێشتا ئێمە لە ئۆردوگاکە بووین، ئەم خانمە خۆشبەختانە خۆی و منداڵەکەی بە تەندروستیەکی باشەوە گەڕانەوە و دڵمانی خۆشکرد.

جگە لەمانە لەگەڵ یەکێتیی ژناندا دەستبەکار بووم. هێرۆخان داوای لێکـردم لەبەشـی تەندروسـتی بڵاوکـراوەی (تـەوار) شـتی زانسـتی بنووسـم. (تـەوار) گۆڤـاری وەرزی یـەکێتیی ژنان بـوو. ژمـارەی یـەك و دووی (تـەوار) لـە شـاخ دەرچـوون، لـە هەردووکیانـدا لـە (بەشـی

تەندروستی) نووسینی منی تیدایە. جگەلەوەی من وەك زۆرینەی خێزانەکەم حەز بەنووسینی کورتە چیرۆك دەکەم، ئەمەم بە هێرۆخان وت، پێیخۆشبوو، وتی:

- چیرۆکی ئامادەت هەیە؟
+ بەڵی، ئیتر نازانم بەدڵی ئێوە دەبێت.
- هەر ئەمڕۆ بۆم بهێنە!

منیش چیرۆکەکەم بۆ برد، بەیەکەوە خوێندمانەوە، بەدڵی بوو لە ( ژمارە یەکی گۆڤاری تەواردا، وابزانم ناوی گوڵە بێ بۆنەکان بوو) دابەزێنرا. هێرۆخان خۆی نووسینی بەناوی خۆیەوە بڵاو نەدەکردەوە، گەر باش بیرم بیت بەناوی (کەژی) لە تەواردا شتی دەنووسی. بەمشێوەیە کاروچالاکیەکان بەردەوام بوون.

یەکێکیتر لەو ڕووداوە گرنگانەی بیرمە، ئەوەیە ڕۆژێك لە نەخۆشخانەی سەقز ئێشکگر بووم، پێشمەرگەیەکی یەکێتی هاتەلام بۆ ژووری پشکنین وتی:

- پێشمەرگەیەکمان ئەمڕۆ نەشتەرگەریی گورچیلەی بۆ کراوە و بارودۆخی خراپە، لێرە لە قاوشی فریاکەوتنە، بێزەحمەت بێیت و بزانیت چییەتی؟ کەس نایەت بەلامانەوە! بینیم، پێشمەرگەیەکی گەنج لەسەر تەختی قاوشی پیاوانی فریاکەوتن پاڵکەوتووە و بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێت. جگە لە موغەزیەك و پاراسیتۆڵێکی بۆ هەڵواسراوبوو، هیچیتری بۆ نەکرابوو. پێشمەرگەکە هاواری ناوسکی دەکرد و دەیوت خەریکە سکم دەتەقێت. فشاری خوێنم بۆ گرت، فشاری خوێنی دابەزیبوو، دڵی خێرا لێیدەدا، ڕەنگی پەڕی بوو، سکی وەك بەرد ڕەق بووبوو. باری تەندروستی ناجێگیر بوو. دیارە لە زانستی پزیشکیدا لەدوای نەشتەرگەریی، ئەگەر هەر نەخۆشێك بەمشێوەیە بێت، پێویستە گومانی خوێنبەربوونی ناوەوەی لێ بکەیت.

بۆیە بەپەلە کانیولایەکی ترم) بۆ دانا. خوێنم لێوەرگرت و ناردم بۆ پشکنین. داوامکرد دوو بوتڵ خوێنی بۆ پەیدا بکەن. خوێنیان بۆ پەیداکرد. لەلایەکەوە خوێن و

لەلاکەیترەوە بەخێرایی سەلاینی/ موعەزیتر و دەرمانی ئازاری بەهێزمان بۆ هەڵواسی. بەمانە باری تەندرروستی جێگیرتر بوو. لەهەمان کاتیشدا پزیشکی نەشتەرگەرییم ئاگادار کردەوە (پزیشکێکی هندی) بوو. دوای بینینی نەخۆشەکە لەلایەن پسپۆڕی نەشتەرگەرییەوە، بڕیاری کردنەوەی سکی بۆ جاری دووەم درا. بەداخەوە پێشمەرگەکە دووجاری خوێنبەربوون بووبوو. سوپاس بۆخوا توانیمان دەستنیشانی بکەین و پێشمەرگەکە لە مەرگ ڕزگار بکەین.

یەکێکیتر لە ڕووداوەکان نەخۆشکەوتنی هەڤاڵ عومەر فەتاح بوو. خۆی برینی دوانزەگرێی هەبوو، دووجاری خوێنبەربوون بووبوو. دوای ئەوەی لەنەخۆشخانە خەوێنرا و کاری پێویستی بۆ کرا، بەداخەوە خوێنبەربوونەکە نەوەستایەوە. ئەو کات پزیشکی نەشتەرگەریی (یەکێتی) بڕیاری نەشتەرگەرییدا. نەشتەرگەرییەکە لەسەرەتا سەرکەوتوو بوو، واتە خوێنبەربوونەکە وەستا، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمی نەشتەرگەریی تا ڕۆژانی دواتر، تا دەهات (تا)ی لە هەڵکشاندا بوو. هەموو لەوە زۆر دلگرانبووین. لەزانستی پزیشکیدا بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی نەخۆش دوای نەشتەرگەریی بە پێی ڕۆژەکانی دوای نەشتەرگەریی مانای و لێکدانەوەی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی نەشتەرگەرییەکی تیداکراوە، لەوانەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بەهۆکاری بەنجەکەوە بێت و ئاسایی بێت. (تا)کەی ئەوەندە بەرزبوەوە گەیشتە (٤٢ پلەی سەدی).

کافیە خان زۆر دلگران و شپرزەبوو، لێی پرسیم:

- ڕێزان گیان بەڕای تۆ ئەمە چیە؟
+ ڕەنگە هۆکاری زۆر بێت.

داوام لە کافیە خان کرد فایلەکەیم بۆ بهێنن. لە فایلەکەدا، لە تێبینیەکانی پزیشکی نەشتەرگەرییدا تێبینی شتێکم کرد. دیارە لە هەموو شوێنیکی جیهاندا هەموو پزیشکێك، پێویستە تێبینی لەسەر نەشتەرگەرییەکە بەڕاشکاوانە بنووسێت، کە چی بۆ نەخۆشەکە

کردووە؟ ئەو پزیشکە زۆر ئازایانە و ڕاستگۆیانە نووسیبووی، لە کاتی نەشتەرگەرییەکەدا دوو (شاش/ گۆز) ون بوون و چەند لەناوسکی نەخۆش و هۆڵی نەشتەرگەریدا بۆی گەڕاین، نەماندۆزییەوە. بۆیە سکی نەخۆشەکەمان داخست. لەم حاڵەتەدا، کە (تا) بەرزدەبێتەوە، دەبێت گومان لەوە بکەیت شاشەکە لەناوسکی نەخۆشەکەدا ماوە؟! بۆیە هەموویم بە کاڤێ خان وت:

+ من گومان دەکەم شاشەکە/ گۆزەکە لەناو سکیدا مابێتەوە و ئەمە هۆکاری تاکە بێت.

- ئەی چۆن بزانیین ئەوە وایە یان نا؟

(ئەمەی باسی دەکەم ساڵی ١٩٨٩ یە لە شارۆچکەی سەقز، تەنانەت ئامێری سۆنەری تیدانەبوو، نەك ئامێری (سی، تی سکان) یان بەکوردی خۆمان تەنووریی).

وتم:

+ ڕێگە زۆرە، بەڵام لەسەقز ئەو ئامێرانەمان نیە. ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە، تیشکی ناوسکی بۆ بگرین. ئەو شاشانە وا دروستکراوون خەتێکی شینی تێدایەو ئەو خەتە لەناو تیشکدا دەردەکەوێت، دەنا پارچەقوماش تەنانەت ماسۆلکە لە تیشکدا دەرناکەوێت. بۆیە داوا بکە تیشکی ناوسکی بۆ بکەن. من ناتوانم دەست لە نەخۆشی پزیشکێکیتر بدەم، بەتایبەت ئەو پسپۆڕە و من تازەدەست بەکاربووم لەکاری پزیشکیدا.

- هەر ئەمڕۆ داوا دەکەم.

تیشکەکە گیرا، بەداخەوە دەرچوو گۆز/ شاشێك لە سکیدا بەجێماوە. بۆیە چوارهەم ڕۆژ دوای نەشتەرگەریی یەکەم، برایەوە ژووری نەشتەرگەریی و سکی بۆجاری دووەم کرایەوە. هەمان پزیشك کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجامدا. شاشێکی دۆزیەوە تا ئێستاش ئەوەی من ئاگاداربم شاشی دووەم هەرگیز نەدۆزرایەوە؟

بەمشێوەیە خۆشبەختانە ژیانی ڕزگاریی بوو.

کافیە خان و هەڤاڵ بەکری برای هەڤاڵ عومەر بەردەوام لە نەخۆشخانە بەدیارییەوە بوون، منیش وەك پزیشکێك بەردەوام سەرپەرشتی و سەردانیم دەکرد. زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی یەکێتی دەوروبەریان چۆڵ نەدەکرد.

یەکێکیتر لەو ڕووداوانەی لەبیرمە ئەوەیە پاش نیوەڕۆیەك لە نەخۆشخانە لە ئەرکدا بووم، پێشمەرگەیەکی پارتی خەڵکی بادینان، لە ڕاژانەوە (ڕاژان پتر لە چوار کاتژمێر بەسەیارە لە سەقزەوە دوور بوو و بارەگای پارتی لەوێ بوو هاتبوو بۆ پشکنیین بۆ لام. وتی: هەست بەلاوازیی و بێهێزیی دەکەم. منیش کۆمەڵێك پشکنینی خوێنم بۆ نووسی، ئەوکات ئامێریی پشکنینی خوێن وەك ئێستا نەبوو، ئەنجامی پشکنینەکە ڕۆژێکی دەویست. بۆیە پێم وت:

+ ئەم فەحسانەت بۆ دەنووسم، بەڵام دەبێت ئەمشەو لەسەقز بمێنیتەوە.

پێشمەرگەکە دڵی پڕبوو وتی:

- کەس ناناسم لێرە و پارەشم پێنیە لە هۆتێل بمێنمەوە.

پیاوێکی تەمەنی لە دەوری (٥٥ ساڵان) دا بوو. زۆر دڵم پێی سووتا و هیچ چارەیەکم نەدۆزیەوە، جگە لەوەی لەگەڵ خۆمدا دوای دەوام بیبەمەوە بۆ ماڵی باوکم تا ئەوشەوە لەوێ بەسەر بەرێت.

شەوێ لە ماڵی باوکم مایەوە، و ڕۆژی دواتر لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ نەخۆشخانە. پشکنینەکانی تەواو بوون و ئەوەی پێویست بوو لە دەرمان بۆم نووسی و دامەدەستی و بەدڵخۆسیەوە ناردمەوە بۆ ڕاژان.

جگە لەمانە سەرپەرشتی و هاوکاریی ئەو خانمانەم دەکرد لە سەقز منداڵیان دەبوو، بۆ نمونە خێزانی هەڤاڵ جەزای ئەحمەد کوردە، هەڤاڵ شوانی کەریم کابان، هەڤاڵ شێرکۆی شێخ عوسمان.

جارێکیش هەڤاڵ عەلی بچکۆل لە ماڵی هەڤاڵ عەلی دراوسێمان بوون، هات بەدوامدا. تازە لە دەوام هاتبوومەوە، وتی خێزانی هەڤاڵ دلێری سەید مەجید، واتە لەیلاخان لە نەخۆشخانەی سەقز منداڵی دەبێت و باری تەندروستی ناجێگیرە. بیرمە ڕەمەزان بوو و من بەڕۆژوو بووم. داوایکرد بچم لەگەڵیدا بۆ نەخۆشخانە.

کە پزیشك بوویت، نابێت برسێتی و ماندووبوون بناسێت، بۆیە لەگەڵیدا چوومەوە بۆ نەخۆشخانە. لەوێ قسەم لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕی خانماندا کرد، ئەویش هەر خانمێکی هندی بوو، وتی: دەبێت بەنەشتەرگەریی منداڵی ببێت.

نەشتەرگەریی بۆکرا و لەگەڵیدا چوومە ژووری نەشتەرگەریی و خودا کچێکی جوانی دانێ. زۆر بەداخەوە لەیلاخان و کچەکەی لە ڕووداویکی نەخوازراودا دواتر گیانیان لەدەستدا.

ڕۆژێکیتر دوای (٢٩) کاتژمێر کارکردن گەڕامەوە ماڵی، بینیم چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەبەردەم ماڵەکەمان چاوەڕوانم دەکەن. لەگەڵ پێشمەرگەکاندا پزیشکێکی یەکێتی هاتبوو، وابزانم ناوی دکتۆر بەرزان بوو. دکتۆر وتی:

- بەداخەوە (دلارام خان کچی شێخ جەناب و خێزانی کاك مولازم عومەر) بە نەخۆشی گیانی لەدەستداوە. ئێستا بۆ ناشتنەکەی و مەراسیمی هێنانەوەی پێویستمان بە (شەهادەی وەفاتە) بەس تۆ دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت، چونکە تۆ بەفەرمی لەسەقز کار دەکەیت.

بۆیە لەگەڵیاندا سەرکەوتم و گەڕامەوە بۆ نەخۆشخانە و لەگەڵ بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەدا قسەمکرد تا یارمەتیمان بدات بۆ دروستکردنی (وەفاتنامە). پاش ڕەزامەندی بەڕێوەبەر، توانیم وەفاتنامە بۆ خوالێخۆشبوو (دلارام خان) بنووسم و تا بتوانن لە بازگاکانی نێوان شارەکان بەبێ گرفت دەریبکەن.

ئەمە جگە لەوەی پێشمەرگەیەك هەبوو هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، کاڤ خان خۆی هات بەدوامـدا بـۆ دەوام و بەیەکـەوە چـووین بـۆ مـاڵی ئـەو پێشـمەرگەیە و بـە ئۆتـۆمبێلی فریاکەوتن گواستمانەوە بۆ نەخۆشخانە و لە مردن ڕزگارمان کرد.

ساڵی ١٩٩٠ لـە سـەقز هێرۆخـان بڕیـاری دامەزرانـدنی (منـداڵپارێزی کوردسـتان)یـدا. داوایکرد بەیەکەوە مـن و ئـەو/ هێرۆخـان، دکتـۆر بـەرزان ئـامۆزای خولێخۆشـبوو مامۆسـتا شێرکۆ بێکەس بـوو و نیشـتەجێی سـوید بـوو و بـۆ سـەردان هـاتبوو بـۆ قاسمـەڕەش لەگـەڵ هــەڤاڵ حــاکم قــادر ببینــە دامەزرێنــەری ڕێکخــراوی (منــداڵپارێزی کوردســتان). دوو کۆبوونەوەی یەکەممان لە ماڵی هەڤاڵ عومەر فەتاح کرد. ئەو بیرۆکەیـەی لـەوە بـۆی هـات، کاتی سەردانی کەمپی ئاوارەکانمان دەکرد، چەندین منداڵی کەمئەندامان بـەهۆی شۆڕشـەوە بینی و بڕیارماندا، کار بۆ منـداڵانی کەمئەنـدام و زیانمەنـدی شـۆڕش بکـەین و هەوڵبـدەین بیانخەینـە کایـەی ژینێکـی ئـاسایی، بـۆ نمونـە پشـتگرییان لێبکـەین بـۆ بـەردەوام بـوون لـە خوێندن.

دوو کۆبوونەوەکـەمان ئەنجامـدا و هێڵـی سـەرەکی ڕێکخراوەکـە و کاروچـالاکیەکانمان دابەشکرد. بڕیاریش درا، دکتۆر بـەرزان لـە سـوید لـۆبی بـۆ پەیـدا بکـات و هاوکارمـان بێـت لەدەرەوەی وڵات.

هەر ئەوساڵە لەبەهاری ١٩٩٠ دا هاوسـەرگیریم لەگـەڵ هـەڤاڵ (پشـتیوانی موهەنـدیس) کرد، ئەوکات تاکە موهەندیسی ئیزگەی گەلی کوردستان بوو و لە ڕاگەیاندنی یەکێتی کـاری دەکرد و بەرپرسی بەشی تەکنیکی ڕادیۆی گەلی کوردستان بوو.

دیـارە لەبـەر ڕووداوە یـەك لەسـەریەکەکانی سـاڵی ١٩٩٠ واتـە گـرتنی کوێـت و لێـدانی عێراق لەلایەن هاوپەیمانیەوە، و پلانی ڕاپەڕین و ناردنەوەی پارتیزانـەکان لەلایـەن هـەڤاڵ نەوشـیروانەوە ئــەوکات جێگــری ســکرتێری گشــتی یــەکیتیی نیشــتیمانی بــوو، فریــای کۆبوونەوەی سێیەمی (منداڵپارێزی کوردستان) نەکەوتین.

لەگـەڵ ئەوانەشـدا پەیوەنـدیم لەگـەڵ هێرۆخانـدا بـەردەوام بـوو، تەنانـەت گـەر تەندروستی باش نەبوایە، سەردانی دەکردم و شەوێك تازە هاوسەرگیریم کردبوو، هات لەسەقز لە ماڵمان مایەوە. ئەو شەوە باسی ئەوەمان دەکرد گەر گەڕاینەوە کوردستانی باشوور، چۆن پەرە بە (منداڵپارێز و یەکیتیی ژنان) بدەین و تا کاتێکی دەرنگ هەرباسی داهاتوومان دەکرد.

ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد دەستی پێکرد. پشتیوان لەگەڵ بەشی ڕاگەیاندن گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور و لەوێ ئێزگەی گەلی کوردستانیان دامەزراندکتۆر تاکو بۆ یەکەمجاربوو ئێزگە لەناو کوردستانی باشووردا بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ کار بکات.

ئێزگەی گەلی کوردستان ڕۆڵێکی باڵی لە ڕاپەریندا هەبوو. من لەبەر دووگیانی لە سەقز مابوومەوە. مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی و زۆرینەی حیزبەکان و هەموو هاوڕێکانمان بەخێزانی گەڕابوونەوە کوردستانی ئازادکراو. ئەوەی لەوێ مابووەوە تەنیا چەند پیر و پەکەوتە و یەکێکی وەك من بوو. ئێمە لەوێوە تەنیا نزامان بەدەستەوەبوو و ئەوانیش لەودیوەوە لەگەڵ دڵی ئێمەدا لە ئاگردابوون.

بەداخەوە دوای ڕزگارکردنی کەرکوك هێزەکانی دەوڵەت پەلاماری کوردستانیاندا و کۆڕەوەکە دەستیپێکرد. لەکاتی کۆڕەوەکەدا خودای گەورە کوڕێکی داینێ ناومان نا (ڕێبوار) لەسەر ناوی ڕێبوار خالیدی هونەرمەند برای شەهید دکتۆر بەختیار خالید.

دوای کۆڕەو و دانانی هێڵی (٣٦) لەلایەن هاوپەیمانیەوە بۆ پاراستنی کوردستان، توانیمان بەسەربەرزیی بگەڕێینەوە کوردستان و بەشداربووین لە یەکەمین پرۆسەی دەنگدانی بۆ یەکەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢.

لە دوای دامەزراندنم لە ساڵی ١٩٩٢ دا وەك پزیشکی خولاو (مقیم) دەستم بەکارکردوە. لە یەکیتی ژنان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا (بەشی تەندروستی)مان دامەزراند.

ساڵی ١٩٩٥ یەکێتیی ژنان داوای لێکردم وەك یەکەم ژن لە سلێمانی بچمە بەشی نەشتەرگەریی گشتی. بۆ ئەومەبەستە بەڕێزان (پەیمان عیزەدین، کوێستان محەمەد، ڕووناك حاجی فەرەج ئاغا) سەردانیان کردم و داوایان لێکردم ببمە ڕچەشکێنێك بۆ ژنان و لەبری ئەوەی ژنان بۆ هەندێك نەخۆشی شوێنی هەستیار سەردانی پیاوان بکەن، با سەردانی پزیشکێکی نەشتەرگەریی ژن بکەن.

بیرۆکەکەم لاپەسەند بوو. داوام دکتۆر نەوزاد ساڵح ڕەفعەت ئەوکات بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی بوو و لەگەڵ بەڕێز کاك نزار هەمەوەندی ئەوکات بەرپرسی بەشی نەشتەرگەریی بوو، پشتگیریم بکەن، هەردووکیان پشتگیرییان لێکردم و وەك یەکەم خانمە پزیشك لەسلێمانی چوومە بەشی نەشتەرگەریی گشتی و لەگەڵ زۆر لە پزیشکە پسپۆڕەکانی ئەو سەردەمە کارم دەکرد و پاڵپشتم بوون، بەڵام بەداخەوە پسپۆڕییەکەم تەواوم نەکرد و دوو ڕۆژ پێش ڕووداوە نەخوازراوەکانی ٣١ ئابی ١٩٩٦ چووم بۆ هەندەران (ئەڵمانیا) تا ساڵی ٢٠١٤ مامەوە.

ساڵی ٢٠١٤ پاش ئەوەی بۆردم/ پسپۆڕیم لە (هەناوی گشتی و فریاکەوتندا) لە وڵاتی ئەڵمانیا بەدەستهێنا، گەڕامەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ٢٠١٦ لە سلێمانی بۆ یەکەمجار سەنتەری (بۆردی کوردستانی بۆ پسپۆڕی فریاکەوتن) بەهاوکاری زۆر لەپزیشکەکان، کردەوە. دواتر لە زانکۆی سلێمانی بەپاڵپشتی دکتۆر کۆسار، ئەوکات ڕاگری کۆلیجی پزیشکی بوو، بۆیەکەمجار بەشی فریاکەوتنم بە دوافۆناغی سکوڵی پزیشکی دەوتەوە، تاکو ئەو خوێندکارانەی دواساڵی خوێندنیانە، شارەزایی تەواو لە بارە کتوپڕیەکاندا پەیدا بکەن.

ساڵی ٢٠١٨ ڕێکخراوی خانمە پزیشکەکانم بەهاوکاری هاوڕێ و هاوپیشەکانم دامەزراند. ئامانجی ڕێکخراوەکە پاڵپشتییە لە خانمە پزیشکەکان و بردنە پێشەوەی خانمانی پزیشکە لە کەرتی تەندروستیدا و هەوڵدان بۆئەوەی خانمانیش پۆستی باڵا لەکەرتی تەندروستیدا

وەربگــرن. بەداخــەوە ئێســتا لەکــەرتی تەندروســتیدا تــەنیا ٣٪ پۆســتە باڵاکــان بەدەســت خانمانەوەیە، تا ئێستاش لە نەخۆشخانەی شار لەبەشی فریاکەوتنی هەناوی کاردەکەم[٦١].

[٦١]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان ئەحمەد هەردی (د. ڕێزان)، ٢٠٢٢/٧/٧.

## زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)

### دار بەڕووەکەی قەرەداغ

لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانییەوە وەك خۆر هەڵهات و قەرەداغی ئاوەدان کردەوە و بەڕۆژی نیوەڕۆ ئاوابوو، بەلام تاکو ئێستا سێبەرەکەی بەدوای شوێن پێی بەعسەوەیە و بانگی ئازادی دەکات، ئەو بەجەستە ئاوابووە، بەلام بەڕەفتار و کرداریا لەناومانا ئەژی، ئەو پیاوەی بۆ نەتەوە و خاکەکەی ژیا. و وازی لەهەموو چێژێکی دنیا هێنا.

هەڤاڵ شۆڕش عەلی سەعید دەڵێت: "یادکردنەوەی تێکۆشەرێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەلی کورد، دکتۆر ساجید وێنەیەکی ڕاستەقینەی پەروەردەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو کە لەهەموو وێستگەکانی خەباتی دا بەورەیەکی بەرزەوە کار و فەرمانی خۆی بەڕێکردووە و چۆکی بۆ دوژمن و پۆست دانەدا، ئەم پیاوە یار و نەیار ڕێزیان لێدەگرت و خۆشیان دەویست، دکتۆرساجید بەکردەوە سەلماندی کە مرۆڤێکی دڵسۆز و میهرەبان و خاوەن باوەڕبوو، باوەڕی خۆی وەك کراسێك لەبەرهەڵکێشابوو پێوەی دەژیا و ئیلهامی لێوەردەگرت بەڕاستی قوتابی یەکی ئاست بەرزی قوتابخانەکەی شەهید ئارام بوو، گوێی لە پلە و پۆست و ماڵ و حاڵ نەبوو، جوامێر، نەبەرد، نەبەز و خۆنەویست بوو. جەستەیەکی ماندووی ڕێگا دوورەکەی خەبات، بەلام چۆکی دانەدا بەچاوی هیواوە دەیڕوانیە ئامانجەکانی نەتەوەکەی".

هەڤاڵ شۆڕش درێژەی پێدەدات و دەڵێت: "ئەگەر بمانەوێت مێژوویی کوردایەتی بنوسینەوە ئەوە بە کەم کەس ئەکرێت و بەتاکە قەڵەمێك ناکرێت، چونکە ئەم مێژووە خەبات و قوربانی سەدان ساڵەیە و سەدان شەقام و کۆلانی لێدەبێتەوە یاخود بەجۆرێکی تر دار گوێزێکی گەورەی تەمەن سەد ساڵەیە سەدان لق و پەلی لێبووەتەوە و لێدەبێتەوە، بەرهەمەکەی گوێزەکان هەندێکیان پووچن و هەندێکیان ساغن، گوێزەپووچەکان سەرئاوکەوتن و بەبەرچاوەوەن، گوێزەساغەکانیش ژێرئاوکەوتوون و لە هیچ شوێنێکەوە دیارنین ، دکتۆر یەکێکە لەو گوێزەساغانە و تەمەنی کرد بەخەبات و پێشکەشی

نەتەوەکەی کرد، ڕێبەری ستەملێکرواترین و بێ مافترین نەتەوەبوو، لای ئەم ڕابەرە هەموو کات کاتی خەبات بوو لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا نەسرەوتووە، پیرە داربەڕووەکەی قەرەداغ گەنجێکی بەویقار و پڕ ڕێز و خۆشەویستی بوو".

بنەماڵەی د ساجید لەسەر ناوبراو دەڵێن: " ئەو لە شێخەکانی ناوچەی شاربازێڕ بووە، کۆچکردووی باوکی مام نەجمەدین خۆی کۆدەکاتەوە ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام دەگیرسێتەوە، ئەم پیاوە یەکێك بووە لەجوانترین و پاکترین پیاوەکانی دنیا، پیاوێکی کاسبی بەتەقوا، دەست و دەم وداوێن پاك، سەرەتا دەستی کردووە بە کرێکاری پاشان دەستی کردووە بەچایچێتی دەستگێڕ لەناو بازاڕا پاشان دوکانێکی داناوە و چایچێتی کردووە بژێویی و گوزەرانی خێزانەکەی پێدەرهێناوە، قەدەری هاوسەرگیری ئەم پیاوە پڕ لە عیزەتە دەکەوێتە کچێکی ڕەوشت بەرزی گەڕەك بەناوی خاتوو ئافتاوی شێخە، شاژنێکی میهرەبان و خەمخۆر و بەمشوری خێزانی خۆی و دەرودراوسێ، ئافرەتێکی نەجیب و میهرەبان و بەخشندە، ژنێکی خانەدان و ڕەسەنزادە، لەم هاوسەرگیرییەدا چوار کچ و دوو کوڕی دەبێت".

هەڤاڵ شۆڕش عەلی سەعید دەڵێت لەسەر ساڵانی سەرەتای ژیانی دکتۆر ساجید دەڵێت: " لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی سەرشەقام لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨٢دا لەدێی قازانقایە لە ناوچەی قەرەداغ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو تانیا پێك هێناوە و خاوەنی چوار منداڵن بەناوەکانی هەڵۆێست، هەڵبەست، پەیوەست، مەبەست، کوڕە گەورەکەی بەناوی هەڵۆێست لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کردووە، کارەساتەکەش بەمجۆرە بووە دکتۆر ساجید پارچەیەك زەوی وەرگرتبوو وەك هەرکەسێکی تر ئەم کوڕەی زۆر حەزی لە ئامێری سەتەلایت بووە، ئەویش زەوییەکەی فرۆشتووە بە ٥ هەزار و بۆی داوە بە ئامێرێك، کاتێك ئەم کوڕە لەسەربان خەریکی سەحنەکە دەبێت بەپشتا لەسەربان دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات، قۆناغەکانی خوێندنی دکتۆر ساجید سەرەتایی لە قوتابخانەی خالیدیە دەبێت، ناوەندی لەناوەندی جمهوری کوڕان دەبێت، پاشان ئامادەیی سلێمانی کوڕان تەواودەکات، دواتر لە پەیمانگای تەندروستی وەرگیراوە لەساڵی ١٩٧٥ - ١٩٧٦دا، سەرەتای کاری سیاسی دکتۆر ساجید دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٣ لەلایەن هاوڕێیەکییەوە

بەناوی شوان عەلی سەعید ناسراو بە شەهید شامل، لەحەلقەی ڕۆشنبیری کۆمەڵە بەشدار دەبێت لەساڵی ١٩٧٥دا شەرەفی ئەندامێتی کۆمەڵە وەرگرتووە، لەو ماوە کەمەدا بۆتە جێ متمانەی ڕێکخراو و هاوڕێکانی، کەم کەس هەبووە بە کاتێکی ئاوا کەم پلەی ئەندامێتی پێبدرێ، بەڵام دکتۆرساجید کەسایەتیەکی خوێنەواری هۆشیاربووە هەر زوو ئەو متمانەیەی وەرگرتووە پلەی ئەندامێتی پێدراوە".

هەڤاڵ شۆڕش دەڵێت: "لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٧٧دا دکتۆر ساجید لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێکانی کۆمەڵە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە، لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٧دا سزادراوە دراوە بە ٥ ساڵ زیندانی و لە بەندیخانەی ئەبوغرێب بووە، لەساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی ڕژێمی بەعس کەوتووە و ئازادکراوە و چۆتەوە پەیمانگای تەندروستی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی دوو مانگێکی پێدەچێت و بە نمرەیەکی بەرزەوە شەهادەکە بەدەست دەهێنێت، هەر لەوساڵەدا لەڕێگای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك)ەوە لە ناوچەی قەرەداغ هەر لەو سنوورەش بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی یەك لەسنوری هەرێمی ٥، کاتێك دەیەوێت بڕواتە دەرەوە پەیوەندی بەهاوڕێیەکی خۆیەوەدەکات کە بەنیازی چوونە دەرەوەیە و دەیەوێت هاوکاری بکات ئەویش هەڤاڵ شۆڕش عەلی دەبێت کە ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە، ئەویش دەچێتە لای بەرپرسەکەی هەڤاڵ ئەحمەدی زەڕەنگەر بووە، لە ڕێگەی هەڤاڵ ئەحمەدەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ لە ماڵی هەڤاڵ ئەحمەدی زەڕەنگەرەوە لەڕێی هەردوو شەهیدان هەڤاڵان سەربەست و سالارچاوشینەوە کە بۆ چالاکی هاتبووونە ناوشار کاك دکتۆر ساجید دەبەنە دەرەوە و دەیبەنە گوندی قازانقایەی قەرەداغ، ڕێکخستنەکای ناوشار دکتۆر ساجید ڕادەسپێرن کاتێك گەیشتیتە ناوچەئازادکراوەکان نامەیەکی سەلامەتی و دڵنیایی خۆتمان بۆ بنێرە، ئەویش لە ڕێی هەڤاڵ شێخ کەمالی شێخ محمدی قازانقایەوە نامەیەکی چکلێتی دەنێرێتەوە بۆ هەڤاڵ شۆڕش، ئەو کاتە شەهید ئازادهەورامی بەرپرسی لق دەبێت، هەڤاڵ شێخ جەعفەر بەرپرسی کەرتی یەك دەبێت و هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش بەرپرسی هەرێمی ٥ دەبێت، هەڤاڵ دلاوەر ئەحمەد مەجید بەرپرسی ناوچەی قەرەداغ دەبێت".

هەڤاڵ شۆڕش دەڵێت: "قەرەداغ شارۆچکەیەکی کۆنە، بەدرێژایی مێژووی قەرەداغ لانکەی شۆڕش و بەرخۆدان بووە، دکتۆر ساجید وەك پێشمەرگەیەك لە زۆربەی زۆری شەڕ و چالاکییەکانی ئەو سنوورەدا بەشداربووە، بەهۆی پیشەکەیەوە کە دکتۆر بووە خۆی نەدزیوەتەوە و ئامادەیی هەبووە، لە هەمان کاتدا درێژەی بەپیشەکەی خۆی داوە وەك دکتۆرێك بۆ خزمەتی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە، هەر ئەمەش وای کردبوو کە دکتۆر ساجید لەناو پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆی هەبێت لە هەمان کاتیشدا وەك کادرێکی سیاسی هاوشان لەگەڵ پیشەکەی خۆی کاری کردووە، دکتۆر هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتی هەر لەسنوری قەرەداغ بووە، تا ئەنفالە بەدناوەکەی ڕژێمی بەعس، پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی و ژیانی خۆی بۆ ماڵ و منداڵەکانی تەرخان کردووە".

سەبارەت بە کاتی ڕاپەڕین هەڤاڵ شۆڕش دەڵێت: "لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ئەویش وەك هاوڕێکانی بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ٧-٣ی شاری سلێمانی کردووە، کاتێك شاڵاوی ئەنفال دەستی پێکرد کە سەختترین دەهەی تێکۆشان و خەبات بووە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چونکە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی نەیاندەویست ملکەچی بڕیاری ڕژێمی بەعس ببنەوە، بەڵام هەرچی ڕێگاچارە بلێیت نەمابوو ناچار لە کۆتایی کاتدا هەر کەس لە ڕێی کەس و کاریانوە ملی ڕێی هاتنەوەیان هەڵبژارد کە قورسترین بڕیاربووە بۆ ئەو هەموو تێکۆشەرە، چونکە نەیانویستووە لەژێر چەتری ناپاکیدا وەرەقەیەکیش بخەنە باخەڵیانەوە، لەناو قەرەبووتی ئەنفالا بەزەحمەت دەربازبووە، لەو مەرگەساتەدا بەمەحاڵ دەرچوون لە کۆتا چرکەدا، کاتێك لێبووردنی گشتی دەرچوو بۆ سەربازە هەڵاتووەکان لەڕێی نادیمەنەوە خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کردەوە، لە سەربازگەی تانجەرۆ گیرسایەوە، هەڤاڵ زاهیری عەلی مەجۆل کە هاوڕێیەکی نزیکی دکتۆر بووە گوتوویەتی من مرەشحی یەکەیەك بووم هەموو هاوڕێ کۆنەکانی خۆم لەوێ کۆکردبوەوە تاکو ڕاپەڕین، هەندێ شت گەل هەن ناکرێ لە بیر بکرێن، وەستا بورهانی ئاسنگەر وەك هاوڕێیەکی بەوەفای دکتۆر ساجید هەردوو هاوڕێی خۆی دکتۆر ساجید و مامۆستا تۆفیق دەگرێتە لای خۆی لە دوکانەکەی لە گوزەری ئاسنگەرەکان وەك هاوکار و

پیشەوەر، بەڵام لەڕاستیدا هەر جێکردنەوەیان بووە بۆ ئەوەی لەچاوی پیاوانی ڕژێم ونیان بکات و بژێوی خۆیشیان دەستبکەوێت".

لەبارەی دوای ڕاپەڕینەوە هەڤاڵ شۆڕش دەڵێت: "سەرەتا لە مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی وەك كادر كاری كردووە، پاشان بووەتە ئەندام كەرت لە كەرتی ڕێكخستنی قەرەداغ كە هەڤاڵ شێخ فەتاح شێخ ئەمین بەرپرسی بووە، دواتر وەك كارگێڕی كۆمیتەی قەرەداغ دەست بەكاربووە، تا دروستكردنی لیوای تایبەتی ی.ن.ك لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەكانی خۆی چووەتە ناو ئەو هێزە تایبەتەوە، وەك كارگێڕی سیاسی لیواكە دەستبەكاربووە، تا هەڵوەشاندنەوەی لیواكە، پاشان گەڕاوەتەوە مەڵبەند و دەستی كردووەتەوە بەكاری سیاسی پێكهاتەی تازەی مەڵبەندی ڕێكخستنی سلێمانی كە كۆمیتەكان خرانە سەر ئاستی پیشە، دكتۆر ساجید وەك لێپرسراوی كۆمیتەی تەندروستی دەست بەكاردەبێت، پاشان دەبێتە لێپرسراوی كۆمیتەی مەجیدبەگ، پاشان لەساڵی ١٩٩٩ لەهەڵبژاردنەكانی مەڵبەندی ڕێكخستنی سلێمانی، پاشان بە كۆی دەنگی دەستەی كارگێڕی مەڵبەند دكتۆر ساجید بژاردەیان دەبێت بۆ مەكتەب ڕێكخستن وەك ئەندامی مەكتەب دەست بەكاردەبێت تا ساڵی ٢٠٠٦، دكتۆر ساجید هەموو قۆناغەكانی ڕێكخراوەیی لە مەڵبەندی سلێمانی بڕیوە وە كۆتا قۆناغی ئەندام مەكتەب بووە تا لەبەرواری ١٨-١/١٩ی ٢٠٠٦ لە گەڕەكی سلێمانی تازە لە سلێمانی كۆچی دوایی دەكات و لە گردی شێخ محێدین بەخاك دەسپێرێت".

هەڤاڵ شۆڕش لە وەسفی دكتۆر ساجیددا دەڵێت: "كەسایەتی دكتۆر ساجید وەك تێكۆشەرێكی نموونەیی و خۆنەویست لە هەموو كەس زیاتر خەمخۆری كۆمەڵگاكەی بوو لەداكۆكی كردن لەهەژاران، خاوەن ڕابردوویەكی پڕ لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەبوو ، نموونەی وەفابوو بۆ هاوڕێكانی لەسەردەمی ئەودا كۆمیتەی تەندروستی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە هەڵمەتەكانی ڕووبەڕووبونەوەی چەكداری و خوێن بەخشین هەمیشە پێشەنگ و ڕابەر بووە، هەمیشە لە پێشەوەبووە، كەسایەتیەكی بەرچاوی هەبوو لەڕوانگەی كۆمەڵگاوە تابلێی كەسێكی خۆنەویست بووە، هەمیشە داكۆكیكارێكی سەرسەخت بووە بۆ هاوڕێكانی".

هەڤاڵ شۆڕش لە کۆتایی گوتەکانیدا دەڵێت"دکتۆر ساجید وێنەیەکی ڕاستەقینەی پەروەردەی کۆمەڵە بووە، لە فیداکاریی و سادەیی و خۆنەویستیدا، کەسێکی بیرتیژ و بەتوانا و بەهەڵوێست و بە بڕیار و خۆشەویست بووە، جێگای متمانەی هاوڕێکانی و خەڵکی گوندەکان بووە، بەتایبەتی خەڵك ڕازونیازی خۆیان لاکردووە، کۆڵەپشتەکەی جگە لەخەمی شۆڕش، پڕبووە لەخەمی خەڵك، دکتۆر ساجید شارەزا بووە لە نووسینی شیعر و کورتەچیرۆك، لەدوای ڕاپەڕینەوە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی نوێ بڵاوی کردۆتەوە، پاشان لە ڕادیۆی مەڵبەند بەرنامەی تایبەتی هەبووە کە ئامادەکارێکی پڕ لەهزر و مەعریفەبووە، کاری زۆری کردووە لەسەر ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگاو بەئاگا هێنانەوەی تاك".

دکتۆر ساجید پێشمەرگەیەك بوو، لە خەمی خەڵك و خاکا تەمەنی کردە دیاری، هەڤاڵ شێخ هیشام بەرزنجی هاوڕێی زیندانی دکتۆر ساجید یادنامەیەکی لە گۆڤاری ورەی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسەیەکان ژمارە ٧ زستانی ٢٠٠٦ بڵاوکردۆتەوە ئەمە دەقەکەیەتی: " دکتۆر ساجید ماڵئاوایی لێکردین، ڕۆژی ١٨-١-٢٠٠٦ لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا دکتۆر ساجید ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی و کەس و کار و هاوخەباتی کرد، ئەو تێکۆشەرە تەمەنی گەنجێتی خۆی بەخشی بەنەتەوەکەی، هەر لەسەرەتای لاوێتیەوە بەجۆش و خرۆش و خوێن گەرمی و دڵسۆزییەوە تەمەنی ئاوێتەی کاروانی خەبات و تێکۆشان بوو، لە ساڵەکانی ١٩٧٠وە چووە ناو شانە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەوە، لەو ماوەیەدا توانی زیرەکانە خۆی پێ بگەیەنێ و جێگای خۆی لەناو هاوخەباتەکانیا بکاتەوە، تا ساڵی ١٩٧٧ لە ئەنجامی دانپیانانی خۆفرۆشێکدا لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە دەستگیردەکرێت، لەماوەی لێکۆڵینەوەدا کەسێکی خۆڕاگر و بەورەبوو، هەمیشە هانی هاوڕێکانی دەدا کە خۆڕاگربن، لەدوای دادگاکردنێکی قەرەقووشیانە حوکمی زیندانی بەسەردا درا، دکتۆر ساجید ماوەی دوو ساڵ و نیو لەبەندیخانەی ئەبوغرێب مایەوە، تا ڕۆژی ١٨-٧-١٩٧٩ بەلێوردنێکی گشتی ئازادکرا، لە ماوەی زیندانیدا خۆڕاگربوو، چەندین جار دەیانپێچایەوە بۆ ئەمنی بەندیخانە بۆ لێدان و فەلاقەکردن، دەیانوویست بیڕوخێنن، بەڵام ئەم هێندەی تر ڕقی پیرۆزی لە دوژمنەکانی ئەستووردەبوو، لەم زیندانەدا هیوای بەدوارۆژی نەتەوەکەی گەشتردەبوو".

هەر لە یادنامەکەیدا هەڤاڵ شێخ هیشام بەرزنجی لەسەر دکتۆر ساجید دەڵێت: "هەر دوای ئازادبوونی لە ساڵی ١٩٨٠، وەك پێشمەرگە ڕووی کردە شاخ، وەك پێشمەرگە و دکتۆر و کادیری ڕێکخستن و کۆمەڵایەتی درێژەی بەخەباتی خۆی داوە، لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار لە لێواری مردن گەڕاوەتەوە، خەڵکی کوردستان بەتایبەتی قەرەداغ و گەرمیان ڕۆڵی ئەو پێشمەرگە دێرینەیان هەمیشە لەیادە، دکتۆر ساجید لەڕاپەڕینیشدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، دوای ڕاپەڕین لە مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیدا بووە بەئەندام مەڵبەند و دواتر کارگێڕی مەڵبەند، هەر لەبەر دڵسۆزی و چالاکی وشارەزایی لە کاری ڕێکخستندا پێش ساڵێك کراوە بە ئەندامی مەکتەب، دکتۆر ساجید کەسایەتیەکی خۆشەویستی ناو هەڤالانی بوو. تێکۆشەرێکی خاکی و سادەبوو، خزمەتکارێکی نەتەوەکەی و گەورەیەکی خزمەتگوزاربوو، دوژمنێکی گەورەی لووتبەرزی و گەندەڵی بوو، بۆ هەموو کەسێك بوو بۆ خۆی نەبێ، دڵی لێوان لێوبوو لە خۆشەویستی گیرفانی بەتاڵ، نەفسی بەرز، باوەشی هێلانەیەکی گەرم لە خانوویەکی کرێدا، خەسڵەتی مرۆڤە گەورەکانی تێدا بوو، خاوەنی سەروەت و سامان نەبوو، بەلام خەرمانی ڕەوشتی بەرزی سوور بوو، دکتۆر ساجید ئەندامێکی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان بوو، هیوای بوو زیندانیەکان بتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن و گوزەرانیان باش بێت، ئەو تێکۆشەرە لە ڕۆژێکداماڵئاوایی لێ کردین، کە نەتەوەکەمان پێویستی پێی هەبوو، هەزاران سلاو لەو گیانە پاکەت، شایەنی باسە دکتۆر ساجید ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی زیندانیەسیاسیەکانی کوردستان بوو".

هەڤاڵ شێخ فەتاح ئەمین، هاوخەباتی دکتۆر ساجید دەڵێت: "لە ٢٠٠٦/١/١٨ دڵێکی گەورەی پیاوێك لە لێدان کەوت و چووە کاروانی نەمرانەوە، کە یەکێك بوو لە تێکۆشەران و دڵسۆزە ون ناوەکانی گەلەکەمان سەرتاپای ژیانی بۆ کورد و (ی.ن.ك) تەرخان کردبوو، لە کادیرە هەڵسوڕاوەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی ئەوکات و کۆمەڵە و (ی.ن.ك) و زیندانی سیاسی بوێر و دکتۆر و پێشمەرگەی کاتی سەردەمی شۆڕش و بەرخۆدان بوو، سەرەتایی ناسینم لەگەڵ دکتۆر ساجید دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧ کە لە گەڕەکی سەرشەقام پێکەوەبووین، لە کۆلانێکی داخراوی تەنیشت مزگەوتی مەلا حسێنی پیسکەندی کە پێی

دەڵێن مزگەوتە زەردەکە،ماڵەکان بە ماڵی دکتۆر ساجید دەستی پێدەکرد ئێمەیش پێیان دەوتین ماڵی مامە شێخ، لەگەڵ چەند ماڵێکی تر کە هەموو وەك یەك خێزان پێکەوە دەژیاین، زۆربەشمان لەژێر کاریگەری سیاسی دکتۆر ساجیددا بووین دواجار بۆم دەرکەوت بەشی زۆری کەسەکان دکتۆر ڕێکی خستبوون".

هەروەها هەڤاڵ شێخ فەتاح دەڵێت، ئەو کاتەی فەرمانی گرتنی دەرچوو، شەهید شوان عەلی سەعید (شەهیدشامل)، هاوڕێی لەناو ماڵ و منداڵی کاك عەلی باخەوان خۆی شاردەوەو دەربازبوو، کە باسی کاك ساجید بکرێت ناکرێت شەهید شوان لە یاد بکرێت، چونکە هەموو کارەکانیان پێکەوەبوو، لە بازنەیەکی گەورەتردا، بەڵام هەوڵ دەدەین لە ساڵیادی شەهید شوان خۆیدا یادگارییەکانمان لەگەڵ ئەودا بگێڕینەوە ڕۆژێکیان دکتۆر ساجید و شەهید شوان لە تەعزێخانەکەی مزگەوتەکە باسمان کرد کەجێگای کاری نهێنی هەردووکیان بوو، چونکە بێ شك بوو چەند گەنجێکیان کۆکردبوەوە بەناڕاستەوخۆ باسی سیاسەتی گشتی یان بۆ باس دەکردن کەدواجار ئەوانەی خۆیان هەڵیان دەبژاردن بەجیا پەیوەندی پێوە دەکردن بۆ چونە ناو حەلقەی ڕۆشنبیری کۆمەڵەوە، ئەو ڕۆژە ئەوانەی بیرم ماون دواجاریش ڕێکخرابوون بریتی بوون لە: (شێخ سەمەد، کە بوو بە لێپرسراوی من، شێخ شاکر، هەڤاڵ کەمال فائیق، هەڤاڵ فاتیحی برام، هەڤاڵ جەزای مەلا واحید، مامۆستا تۆفیق، هەڤاڵ زاهیر، مامۆستا محەمەدی ئەحمەدە سوور، هەڤاڵ ڕێبوار حەسەن خاڵە ئیبراهیم، هەڤاڵ شۆڕش علی سعید و بەندە)، کە من و هەڤاڵ شۆڕش لەوان منداڵتر بووین، بەڵام گرنگیان پێ دەدایین، لە پڕ حاجی بەکری باخەوان خۆی کرد بە ژووردا و ئاگاداری کردین کە قوات خاسەکان وەکو پیشەی هەموو جارێکیان ماڵان دەپشکنن، دێن بۆ ئێرەش حاجی بەکر گوتی هەریەکەتان خاکەناز و دەستەبەرە و سەتڵ بگرن بەدەستانەوە و دەست بکەن بە ئیش و کارکردن و نوێژکردن، چونکە کاتی نوێژی عەسربوو لەو کاتەدا سەرحەوزی مزگەوتەکەیان چاك دەکرد پڕبوو لەچەو و لم و چیمەنتۆ، حاجی بەکری باخەوان پیاوێکی زۆر نەترس و دڵسۆزبوو یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لەکاتی خۆیدا، هەڤاڵ شوان و دکتۆر ساجید زۆر بڕوایان پێی بوو، دیاربوو هیچیان لێ نەدەشاردەوە، ئیتر نازانم ڕێکیان خستبوو یان نا، لەساڵی ١٩٨٣دا نامەیەکم لە شارەوە بە

هەڤاڵ شێخ کەمالی شێخ محەمەدی قازانقایەدا نارد بۆ دکتۆر ساجید و داوای دیدارم کردبوو کە شێخ کەمال یەکێك بوو لە ڕێکخستنە خاوەن ئەزموون و گومناوەکانی ئەو کاتە لە گوندی قازانقایەی قەرەداغ دەژیان، لە گوندی ناوبراو بۆ سلێمانی بە ئۆتۆمبێلەکە خۆی کاری بۆ شۆڕش دەکرد، لەکاتی پێویستدا بەریدی کەرتی ڕێکخستنی بازیان بوو کە بارەگاکەی لەگوندی خاوێ بوو".

هەڤاڵ شێخ فەتاح درێژەی دەداتێ و دەڵێت: "بۆ ئێمە لەناو شار لە پۆلی سەگرمە بڵاوکراوەی دەهێنا بە پێچەوانەوەشەوە لە پاڵ کارەکەی خۆیدا ڕۆژێکی بۆ دیاری کردم لەگوندی دێلێژەی قەرەداغ لەماڵی هەڤاڵ شێخ ڕەشید، کە چووم هەڤاڵ تەهای مەلا وەهاب و هەڤاڵ سوهامی لەگەدابوو، کە ئەو کاتە هەردووکیان ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی بازیان بوون، کە پێشتر لەگەڵ هەڤاڵ تەها لەناو شاردا کارمان کردبوو، هەڤاڵ سوهامیش ڕاستەوخۆ لێپرسراوم بوو، واتە لێپرسراوی پۆلی سەگرمە بوو، منیش ئەندامی شانەی سەرەکی بووم، گوندی دێلێژە ئەوکاتە و ئێستاش زۆربەیان سەر بە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك بوون، هەروەها جێگەی بڕوای شۆڕش بوون، هیچ کادرێك شتی لێ نەدەشاردنەوە و ماڵەکانیان وەکو ماڵی هەموو گوندنشینێکی تری کوردستان جێگەی حەوانەی پێشمەرگە و بریندار و خانەوادەکانیان بوو، لەدانیشتنەکەدا داوام لێکرد خۆم و چەند برادەرێك ببین بە پێشمەرگە ئەویش بە ئامۆژگارییە پڕ بایەخەکانی بۆ خزمەت کردنی ڕێکخستن لەو کاتەدا وەك فەرمانی ڕێکخستن و هەم وەك برایەکی گەورە و هیچ مەترسییەکیش نییە لەسەرمان پەشیمانی کردینەوە، هەرچەندە ئەو کاتە دکتۆر ساجید ڕاستەوخۆ لێپرسراومان نەبوو، پێشتر بەپشتگیری خۆی ئێمەی دابوو بەو هەڤاڵانەی باسمان کرد، بەڵام من هیچ کارێکم بەبێ ئامۆژگاری ئەو نەدەکرد، ساڵی ١٩٩١ لەکاتی ڕاپەڕین دا چوومە خزمەت دکتۆر ساجید لەشوێنی کارکردنی خۆی زۆر بەشەرمەوە پێم گووت حەزدەکەم وەك جاران پێکەوە لە ڕێکخستن کاربکەین، ئێمەش پێشمەرگەت دەبین گووتی پێش ئێوە چەند کەسێك لە پلەی لێپرسراوی دا بوون پێیان گوتوم بەقسەم نەکردوون، بەڵام لەگەڵ ئێوە بەسەرچاو بەمەرجێك بەبێ بەرپرسیارێتی، من چەندم پێ خۆش بوو کە قسەی نەشکاندم دوو ئەوەندەم پێناخۆش بوو ئێمە لێپرسراوی بین کە ئەوە یەکێك بوو

لەخەسڵەتە پڕ بەهاکانی دکتۆر کە بڕوای وابوو خزمەتکردن بە بەرپرسیترێتی نییە، بۆیە لای هاوڕێکانی ئەوەندە گەورەبوو".

هەڤاڵ شێخ فەتاح لە کۆتایی گوتەکانیدا لەسەر دکتۆر ساجید دەڵێت: "ساڵی ١٩٩٢ دوای شەهیدبوونی هەڤاڵ ڕێبواری شێخ عوسمان کارگێڕی کۆمیتەکەمان، کۆمیتەی قەرەداغ کۆبونەوەیەك ئەنجامدرا بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەی ئەو کەسانەی بیرمە (مامۆستا ئەحمەد عەلی لێپرسراوی کۆمیتە، هەڤاڵ مەریوان مستەفا، هەڤاڵ شێخ حسێن تیماری، هەڤاڵ ئاوات حەمەساڵح، هەڤاڵ مەنسور هەورامی، ئەکرەم قەرەداغی و بەندە) ئەندام کۆمیتەبووین، بەزۆرینەی دەنگ منیان هەڵبژارد بۆ شوێنەکەی منیش دوای سوپاسم بۆیان کە ئەوکات و ئێستاش هاوڕێی خۆشەویستمن پێم وتن پێم شەرمە تاوەکو مامۆستا و تێکۆشەرێکی لە من شایستەتر هەبێت ئەو پلەیە بۆ من بێت مەبەستم دکتۆر ساجید بوو گەرچی ئەو کاتە من ئەندام کۆمیتە و ئەو ئەندام کەرت بوو، بەڵام ئەوەش بۆ کەسێکی وەکو دکتۆر نەبوو بەکێشە و قبوڵیان کرد، کە بانگکرا بۆ کۆمیتە و ئاگاداریان کرد کە پاڵێوراوی ئێمەیە بۆ ئەو شوێنە هەڵسا و باوەشی کرد بەمندا، گەرچی ئەو، ئەو وەفایەی زۆر پێ خۆش بوو، پێی گووتم خۆ ئێمە لەسەر بەرپرسیارێتی ڕێك نەکەوتبووین، دکتۆر لە ژیانی خەبات و سیاسی دا ڕۆڵی بەرپرسانەی بینیوە لە پەروەردەکردن ی سەدان کەس بۆ گەل و نیشتمانەکەمان، بۆیە لەدەست دانی ئەو تێکۆشەرە تەنها لە کیسچوونی یەك مرۆڤ نەبوو بە تەنها بەڵکو لەدەستدانی تێکۆشەری دڵسۆزی گەلەکەمان و (ی.ن.ك) و پاڵەوانێکی زیندان و دکتۆرێکی پێشمەرگەو پیاوێکی دیاری کۆمەڵایەتی بوو، بۆیە پڕکردنەوەی هەموو ئەو سەنگەرە چۆڵانەی تەنها بەدرێژەدان بەڕێبازەکەی دەبێت، یادی بەخێر، لەلایەن هاوسەنگەران و ئێمەی خوێندکاری ئەو ڕێبازە پیرۆزە گۆڕەکەی پڕ نووربێت".

هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش هاوسەنگەری دکتۆر ساجید دەڵێت: "بەپێویستم زانی بەم چەند دێڕە بۆ خۆشەویستان و تێکۆشەران و هاوڕێ و دۆستەکانی دکتۆر ساجید بنوسم ئەوەندەی پێکەوەبووین لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، دکتۆر ساجید پێش ئەوەی بێتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی یەکێك بوو لەهاوڕێکانی ڕێکخستنی ناو شاری سلێمانی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کەسێکی بەرپرسیاربووە، هەموو ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵی کاریان کردووە باسی

دەکەن لەو ڕۆژگارە سەختانەی دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری حزبی بەعس من هەر ئەوەندەی لەسەری دەزانم کە هاتە دەرەوە بۆ قەرەداغ ئەو کاتە من ئامر هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووم پێشتر دکتۆر لەسەر کاری ڕێکخستن دەستگیر دەکرێت، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری زیندان مەردانە هیچ شتێك نادرکێنێ و بەلێبوردنی گشتی ئازادکراوە، پاش ئەوە ڕێکخستنی ناوشار ساڵی ١٩٧٩ ناردیانە دەرەوە، بەڕاستی ڕۆژگارێکی زۆر زەحمەت بوو ئەو کاتە ئێمەش هەرێمی ٥ی قەرەداغ کۆمەڵێك هاوڕێ بووین پێکەوە وەکو برا کارەکانمان بەڕێوەدەبرد، شەهید ئازاد هەورامی بەرپرسی حیزب بوو، هەروەها هەڤاڵ سامان گەرمیانی جێگری هەرێم بوو لەگەڵ هەڤاڵ مام ڕۆستەم، هەڤاڵ شێخ جعفر و مامۆستا جەلال، ئەو کات لەدەرەوەی وڵات بەرپرسی ناوچەبوون، هەڤاڵ دلاوەر ئەحمەد مەجید، هەڤاڵ فوئاد، هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینا و هەڤاڵ مەلا ئیبراهیم لێپرسراوی ڕێکخستنی گەرمیان بوون، هەروەها دەیان کادر و پێشمەرگە کە هەندێکیان شەهیدبوون و هەندێکیان لە ژیاندا ماون، دکتۆر ساجید کە هات پێویستمان بە دکتۆر هەبوو هەر لەو سەروبەندەدا دکتۆرەکانمان دکتۆر چیا بوو لەگەڵ دکتۆر یاسین بەداخەوە دکتۆر چیا لە نزیك زەڕایەن بەدەستی خۆفرۆشان و دەوڵەتی بەعس شەهیدبوو".

لە درێژەی قسەکانیدا هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش دەڵێت: "دکتۆر ساجید بێجگە لەوەی دکتۆر بوو لە قەرەداغ کادری سیاسی بوو لەناو ڕێکخستنەکانی ناو پێشمەرگە و دێهاتەکان لەهەر جێگایەك پێویستیمان بووبێت دکتۆر ساجید، دکتۆر چیا و دکتۆر یاسین کاری خۆیان جێ بەجێ دەکرد، دکتۆر ساجید کەسێکی خوێندەوار و کادرێکی حزبی زیرەك بوو، لەو ڕۆژگارەدا ساڵی ١٩٨٠ لەمانگی هەشت ئەو کاتەی هەڤاڵ مامەڕیشە ڕووسیەکانی ڕفاند و هێنانی بۆ لام بۆ قەرەداغ، ڕۆژی ٩-٨-١٩٨٠ بۆ ڕۆژی ١٠-٨-١٩٨٠ لەلای گوندی خاوێ لەگەڵ ڕژێم کەوتینە شەڕەوە، کە بۆ ڕووسیەکان هاتبوون کە ژمارەیان ١٢ ڕووسی بوون تاوەکو ئێوارە لەشەڕدا بووین ڕادەستمان نەکردن، لەو شەڕەدا ٨ شەهید و ١٦ بریندارمان هەبوو، ڕۆڵی دکتۆر ساجید، بریندارەکانمان هەردووان و سیان لە دێیەك دانابوو، لەبەرئەوەی چارەسەربکرێن نەك حکومەت پێیان بزانێت، بۆیە هەموویانمان لەیەك جێگە دانەنا، دکتۆر ساجید و کۆڵە پشتەکەی کە دەرمان بوو ئەو ئەمانەتەمان بەو سپارد کە بەنهێنی و

کەس نەزانێت سەردانیان بکات تا برینەکانیان تیماربکات، بەڕاستی جێگەی خۆیەتی کە شانازی بکەین بە دکتۆر ساجیدەوە دەورێکی زۆر پیرۆزی بینی، کە شەو و ڕۆژ خەریکی هاتوو چۆ و دەرمان کردنی بریندارەکان بوو، من بێجگە لەوەش زۆرم خۆشدەویست کەسێکی ڕووخۆش و دڵسۆزبوو دیارە من تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ لە قەرەداغ بووم کە ئەویم بەجێ هێشت دکتۆر ساجید لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی کەناوم هێناون لەقەرەداغ مانەوە ئیتر هەر یەکەیان کەوتنە جێگەیەکەوە، لێرەوە لەیادی دکتۆر ساجید دا شانازی دەکەم بەهاوڕێیەتییەوە، سەری ڕێز دائەنەوێنم لەبەر مەزاری دکتۆر ساجید و هەموو شەهیدەکانی هاوڕێم و میللەتەکەمان خۆزگە ئەو ڕۆژگارە وەك خۆی دەنوسرایەوە کە خەباتی ئەمڕۆ نییە ئەوە مێژووی سەربەرزی و سەروەری یەکێتی و نەتەوەیەکە، سلاو ئەنێرم بۆ کەس و کاری شەهیدان، هەزارسلاوت لێ بێت لەو گۆڕەدا دکتۆر ساجیدی خۆشەویست".

بێگومان وێستگەکانی ژیانی دکتۆر ساجید پڕن لە سەروەری، بۆیە هاوخەبات و هاوسەنگەرانی بێ سڵەمینەوە وەکو ئەرکێکی ئاکاری و ویژدانی لەسەری دەدوێن، لەم بارەیەوە هەڤاڵ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود نووسینێکدا لەژێر ناونیشانی: "دکتۆر ساجید و هەڵوێستە باڵاکانی"، دەڵێت: "کە لە شاخ بوون، خاوەنی تفەنگێك، ٦ مەخزەن فیشەك، تاقمێکی ڕیشتاشین، مەتارەیەکی ئاو و چارۆکەیەك نانە ڕەقەی خەڵکی ئاواییەکان بوون، گیرفانەکانیان خاڵی بوو، بەڵام ناخیان پڕبوو لەخۆشەویستی خاك و خەڵك. دوای ڕاپەڕین، هەموو ئەمانە پێچەوان بوونەوە، بەڵام لەم نێوەندەدا ڕووخسارێکی پڕ لە بەهای شکۆمەند دەبینین، وەك زیندانی سیاسی و پێشمەرگەی ون، تا دواهەناسەی هەر کرێچی ماڵان بوو، لەگەڵ ئازار و خەمی خەڵکدا دەژیا، هەموو تەمەنی زیندانی و پێشمەرگایەتی ئەو بۆ خزمەتی خەڵك بوو، ئەو کەسێتییە شکۆمەندە نموونەییە دکتۆر ساجید بوو".

هەر لەم بارەیەوە هەڤاڵ عەبدوڵلا کەریم مەحموود دەڵێت: "مرۆڤێك بەقەد بەرینی ئاسمان، دەروون خاوێن و هەستناسك و بەخشندە بوو، هەڵوێستەکانی و دڵسۆزییەکەی ئاسایی نەبوو، ئەوەندە میهرەبان بوو، زیندانییەکان و پێشمەرگەکانی هاوڕێی، دەیان هەڵوێستی نمونەیی دەگمەن و چیرۆکێکی زیندان و شاخی ئەم کەسێتییە خاکییە

دەگێڕنەوە، ئەم پێشمەرگە ونە دراماى ئەو عەشقەی هەر هەمووی پاکێتی بوو، بۆ خاك، بۆ مرۆڤ، بۆ زیندانی، بۆ پێشمەرگە و بۆ نەدارانی نیشتمانەکەی، یادەوەریی وێستگە جیا جیاکانی تەمەنی دکتۆر ساجید ئەو ڕۆمانەیە تا ئێستا تۆمار نەکراوە، ئەو بەکۆڵەپشتێکی پڕ لە دەرمانەوە، لەسەنگەری هەموو نەبەرد وچالاکی و داستانەکان دا بوونی هەبوو، بەناو ڕێژنەی گوللە و ڕەتڵی تۆپ و بەنێو ڕۆکێتی فڕۆکە و گوللەی دۆشکەی کۆپتەرەکاندا، لەم سەنگەرەوە دەگەیشتە ئەو سەنگەر، قوڵپی خوێنی پێشمەرگە برینداەرەکانی دەوەستاندوە، زامی جەستەیانی سارێژ دەکرد، مەرگیانی دەکردەوە بەژیان، خەڵکی گوندەکان بەجۆرێك هەڵوێستە جوامێرییەکانی دەگێڕنەوە:، هەموو بیرەوەریەکانی چیرۆکی ئەفسانەی عەشق و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی بوو، هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بووە، بە نوکتە جوان و سەرنجڕاکێشەرە ئامادەکانی خۆشەویستی و بزە و پێکەنینی دەبەخشی یە هاوڕێکانی، لەگەڵ خاڵە بەهادین مەجیدی هاوڕێی و پورزایدا بەدەنگ و ئاوازێکی پڕ لە حەسەرت دنیایەکی پڕ لە ڕۆمانسییەتی وایان دەبەخشی یە هاوڕێکانیان، پڕ بوو لە عەشقێکی بە ئاکام نەگەیووی ئەبەدی بۆ دابڕان، بۆ هونەر و بۆ ژیان".

"دوو هۆدە و هەیوانێك" ناونیشانی چیرۆکێکە کە هەڤاڵ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود باسی دەکات، کە بەم جۆرەیە: "دکتۆر ساجید لە دوای ڕاپەڕین لە خانوویەکی کرێ دابوو، دوو هۆدە و هەیوانێك بوو، خاوەنی یەك مەتر زەوی و هیچ موڵکێك نەبوو، خانویەکی حکومەتیان پێ بەخشی، لەو کاتەدا دکتۆرێك دوای خانووی کرد، دکتۆر ساجید بە دەروونە بەخشندە دەوڵەمەندەکەیە، بە عیزەتی نەفسی گەورە و باڵایەوە، کلیلی ئەو خانوەی کە پێ یان بەخشی، بۆ لانەی خۆی و هاوسەرو جگەر گۆشەکانی
بەخشی بەو دکتۆرە".

چیرۆکی پێشمەرگە بریندارەکە: "پێشمەرگەیەکی دێرین، لەشەڕێکدا بەسەختی بریندار بووبوو، بەهۆیەوە کەمئەندام بووبوو، لە دەرگای زۆر لە لێپرسراوانی حیزبی و حکومەتی هەرێمی دابوو، دەستیان نابوو بەڕوویەوە، بەجۆرێك هەستیان بریندار کردبوو، برینە دەروونییەکەی لە برینی جەستەی زیاتر قووڵتر و بە ئازارتر بوو، بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی، چارەسەری برینی جەستەی و دەروونی لەدەرەوەی وڵات دەکرا، دکتۆر

ساجید بوو بە هەموو کەسێکی ئەم بریندارە، زیاد لە سنوور، بە پەرۆشەوە، هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین کرد، تا گەیاندیە خۆشخانەیەکی ئەوروپا دەستبەرداری نەبوو".

هەڤاڵ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود نەبەردییەکی دیکەی دکتۆر ساجید دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ڕۆژێك دکتۆر ساجید لەماڵی خۆیان بوو لەگوندی قازانقایە، لەناکاو نەخۆشێکیان بە تراکتۆر گەیاندەلای، هەموو جەستەی ئاوسابوو، بلۆقی کردبوو، هەناسەکانی زۆر تەنگ بوو، بەئاستەم دەیتوانی هەناسەبدات، دیاربوو شتێك پێوەی دابوو، ژەهراوی کردبوو، خەریك بوو دەخنکا، باری تەندروستی لە مەترسی دابوو، دکتۆر ساجید بەخێرایی بەپێی ئەزموونی خۆی چەند دەرزییەکی دژەژەهری لە نەخۆشەکەدا، وردەوردە هەناسەکانی ئاسایی بوەوە و چاکبووەوە، دوای چەند ڕۆژێك ئەو نەخۆشە، مشتێ پارەی بۆ دکتۆر ساجید هێنا، دکتۆر کە پارەکەی بینی، ڕووخساری تێکچوو، زمانی لەگۆکەوت نەیدەزانی چی بە نەخۆشەکە بڵێ، لەو کاتەدا خاڵە بەهادین مەجیدی پورزای دکتۆر ساجید، بە ڕووخۆشییەوە و بە هێمنییەوە بەنەخۆشەکەی گوت: "ئەم دەرزییانە هی شۆڕشە، دکتۆر ساجید پێشمەرگەیە و ئەرکی سەر شانی خۆی جێبەجێکردووەوە، کەی تۆ ڕێت کەوتەشار، دەتوانیت بەو پارەیە
چەند دەرزیەك بکڕێت، بۆ نەخۆشێکی وەك خۆت".

خەمی نەداران بەشێکی دیکەی ژیانی دکتۆر ساجیدی پێکدەهێنا، لە ساڵی ١٩٩٨ هەڤاڵ ئازاد جاف لە دانیمارکەوە تەلەفون بۆ دکتۆر ساجید دەکات و پێی دەڵێت: "دکتۆر گیان لێرە حەبی (میترۆساکت)یان بۆ نوسیووم بۆ نەخۆشی ڕۆماتیزمەکەم، ئەم حەبە زیاتر بۆ نەخۆشی (وەرەم) بەکاردەهێنرێ، بەڵام دکتۆرەکەی ئێرە دەڵێت ئەم حەبە هەوکردنی ڕۆماتیزم دەوەستێنێت، دکتۆر ساجید لە وەڵامدا پێی دەڵێت: ئازاد گیان پەلەم لێ مەکەبا لەو دکتۆرە پسپۆڕەی هاوڕێم پرسیار دەکەم وەڵامت دەدەمەوە، دوای چەند ڕۆژێك دکتۆر ساجید تەلەفۆن بۆ هەڤاڵ ئازاد دەکات و پێی دەڵێت: ئەو دەرمانە زۆر باشە، لێرە دەست ناکەوێت، چەند نەخۆشێکمان هەیە دەست کورت و نەدارن و پێویستیان بەو حەبەیە، بەڵکو هەوڵ بدەیت حەبی زیاترت دەست بکەوێت و بۆم بنێریت، هەڤاڵ ئازاد جاف، باسی ژیانی پڕ لە تراژیدیا و ئابلووقەی ئابووری و ئازار و خەمی نەخۆشەکانی کوردستانی بۆ

دکتۆرەکەی دانیمارك کردبوو، ئەویش ڕێژەیەکی زیاتری لەو حەبەی بۆ هەڤاڵ ئازاد نووسی، گەیشتە دەستی دکتۆر ساجید لە سلێمانی، دواتر لە ڕێگەی دکتۆری پسپۆڕەوە گەیشتە نەخۆشە نەدارەکان.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ شاری سلێمانی کشومات بوو، کۆپتەرێك لە کەرکوکەوە گەیشتە سەر ئاسمانی شار، چەند سووڕێکی بەسەر سلێمانیدادا و گەڕایەوە، قوات خاسە و تەواری بەچەکەکانیانەوە هەموو شەقام و بەردەم بارەگاکانیان گرتبوو، ترس لە ڕووخسارياندا دەباری، میلی چەکەکانیان ئاڕاستەی خەڵکی شار کردبوو، ئا لەو ساتانەدا دکتۆر ساجید چەند کلاشینکۆف و چەند دەمانچەیەك و چەند مەخزەنێکی پڕ لە فیشەکی پێچابووەوە و گەیاندیە چێشتخانەی کوێستان لە شەقامی مەولەوی، بەیانی ٣/٧ ڕاپەرین بەرپا بوو، نیوەڕۆی ٣/٩ هەڤاڵ ئازاد جاف ڕووی کردە ماڵی دکتۆر ساجید، دکتۆر ساجیدی لە هەیوانەکەدا بینی، بیجامەی لەبەردابوو، ڕۆبێکی بەسەر شانەوەبوو، بەکزی دانیشتبوو، ئازاد جاف توشی تێڕامان بوو، باڵی خەیاڵ گەڕاندییەوە (دکتۆر ساجید خۆی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕاپەڕیندا بینیوە، ئاوا ئێستا لە ماڵەوە ئاسایی دانیشتووە، دەیان کەسی تریشی بینی، هیچ ڕۆڵێکیان لە ڕاپەڕینەکەدا نەبووە، بەڵام تاقم و فیشەکدانیان لە خۆیان بەستووە و بەچەکەکانیانەوە، خەریکی جەردەیی و داگیرکردنی خانووی ئەمنەکان بوون).

تەلارە گەورەکەی دکتۆر ساجید، دوای مانگێك لە ماڵئاوای دکتۆر ساجید لە ژیان، لەدانیشتنێکی تایبەتیدا بەئامادەبوونی خانەوادەی دکتۆر ساجید و چەند بەرپرسێکی تر، لێپرسراوێکی دیار و ناسراو، ڕوو دەکاتە خانەوادەی دکتۆر ساجید و دەڵێت: کە ئەم خانوەم بینی دکتۆر ساجید تیایدا ژیاوە، توشی تێڕامان بووم، وام دەزانی لەتەلارێکی گەورەدا دەژی.

شەوی ٥/ ٥ / ١٩٧٧ خاڵە بەهادین مەجیدی هاوڕێ و پورزای دکتۆر ساجید لە ماڵی دکتۆر ساجید دەبێ، لەناکاو گوێیان لە دەنگەدەنگێکی نامۆ دەبێت، خاڵە بەهادین بەخێرایی لە ژوورەکەوە ڕوو دەکاتە حەوشە، لەناکاو ملازم موحسین و مەفرەزەیەکی ئەمن دەبینێ، کۆڵان و حەوشە و سەربانیان گرتووە، سەری سووڕدەمێنێ، ئەمنێکیان ڕووی تێ دەکات و پێی دەڵێت:

- ناوت چی یە؟

+ بەهادین

هەر لەو چرکەیەدا دکتۆر ساجید دێتە حەوشەکە، ئەمنەکە پرسیاری لێ دەکات:

- ناوت چی یە؟

+ زەینەدین نەجمەدین

ئەمنەکە ڕوو دەکاتە ملازم موحسین و دەڵێت:

- سەیدی موجود

ئەمنەکان یەکسەر زەینەدین قۆڵبەست دەکەن، لەوکاتەدا دایکی دەگری و هاوار دەکات، تکایان لێ دەکات کوڕەکەی نەگرن، دکتۆر ساجید ئازایەتییەکی پڕ لە تەحەدای بێ وێنەوە، ڕوو دەکاتە ملازم موحسن و ئەمنەکان و دوا سەرنجی تووڕەیی دەگرێتە دایکی و دەڵێت: دایە گیان نە بگری، نە هاوار بکە، نە تکایان لێ بکە، ئەمانە بەهەڵە منیان گرتووە، هیچ تاوانێکم نەکردووە.

ئەو شەوە ملازم موحسین و ئەمنی سلێمانی، چەندان گەنجی شاری سلێمانی یان دەستگیرکرد، دوای لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی لە ئەمنی سلێمانی، هەیئەی کەرکوك و ئەمنی عامە، دکتۆر ساجید بە ورەیەکی پۆڵایینەوە، ڕووبەرووی هەموو جەلادەکان وەستایەوە، هیچ نهێنییەکی نەدرکاند، بە ٥ ساڵ زیندانی سزای دەدەن و دەیگوێزنەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب لە ١٩٧٩/٨/١٨دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت و گەڕایەوە بۆ پەیمانگا و خوێندنی پزیشکی تەواو کرد، لە ١٩٨٠/٨/٢ ڕووی کردە هەرێمی ٥ی قەرەداغ و کرا بەلێپرسراوی ناوچەی بازیان، دواتر بوو بە ڕابەر سیاسی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

تا ئێستاش دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی سلێمانی و خەڵکی شار و دەرەوەی شار باسی کردەوە و هەڵوێستە باڵا مرۆڤایەتییەکانی دەکەن، بەجۆرێك کارەکانی بۆ هاوڵاتیان هەڵدەسوڕاندن و دەرمان و پێداویستییەکانی بۆ دابینەدەکردن و خزمەتی دەکردن، کارو کردەوە و هەڵوویستەکانی مایەی تێڕامانی هەستی باڵای مرۆڤ و مرۆڤایەتی بوو، دکتۆر

ساجید بەکردەوەکانی بوو بە هێمای شکۆمەندی پێشمەرگە، لە ناخ و هەستی هەموو مرۆڤێکی بە ویژداندا و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زیندوو و مەزنە[٦٢].

[٦٢]– ئەم بابەتە بە هەوڵی ئومێد قادر شێخ ڕەشید ئامادەکراوە، لەلایەن نووسەری ئەم پەرتووکەوە هەڵەبڕی بۆ کراوە و لە فۆڕمێکی زانستیدا ڕێکخراوەتەوە.

## سەردار عەبدوڵڵا ساڵح (دکتۆر سەردار)

سەرداری کوڕم لە ساڵی ١٩٥٩ لە دایکبووە، هەر لە منداڵییەوە هەستی نیشتیمانپەروەری لە ناخیدا بووە، لە پۆلی یەکی سەرەتاییدا لە نەورۆزدا کە ئاگرکردنەوە قەدەغە بووە، سەرداری کوڕم لە بەردەرگای ماڵەکەمان لە گەڕەکی عەقاری کاغەزی کۆدەکردەوە و ئاگری نەورۆزی کردۆتەوە، هەر لە منداڵییەوە چەکی خۆش دەویست داوای دەکرد بە دار چەکی بۆ دروست بکەین، ئێمەش بۆمان دروست دەکرد، ئەویش وەکو پێشمەرگە بەو منداڵییەوە چەکە دارینەکەی لە شان دەکرد و بەئەنقەست بەلای ئۆتۆمبێلە سەربازییەکاندا تێدەپەڕی و مۆڕەی لە سەربازەکان دەکرد ئەوانیش گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد، بەڵام سەرداری کوڕم بە دوژمنی دەزانین، هەر لە شاری سلێمانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨١ پەیمانگای باڵای پزیشکی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لەو ماوەیەدا پەیوەندی ڕێکخستنی لەگەڵ شۆڕشدا هەبووە، دوای تەواوکردنی خوێندن ماوەی نۆ مانگ بووە بە سەرباز، دواتر گەڕاوەتەوە و بووە بە پێشمەرگە و چووەتە ناوچەی زەڵێ و وەکو دکتۆری شۆڕش دەستی بە خەبات کردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر داوای خۆی سەنگەری بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان گواستوەتەوە، لەو ماوەیەی کە پێشمەرگە بووە جارێك چووم بۆ لای و لە ماڵێکی هاوڕێیەکی کە لە پەیمانگا لەگەڵیدا بووە لە سەنگەسەر بینیم، لەو ماوەیەی کە لە پەیمانگا بووە هەموو جارێك کە دەهاتەوە لە چەندین شوێنی جیاوازەوە دەرمانی دەهێنایەوە ماڵەوە و کۆی دەکردەوە، کاتێکیش کە چووە دەروە منیش بە چەند بەشێك بۆم نارده دەرەوە.

دکتۆر سەردار لە ڕووی کەسایەتییەوە زۆر لەسەرخۆ و هێمن بووە هەروەها لە ماوەی ژیانیدا هەمیشە ویستوویەتی یارمەتی خەڵکی بدات، دوای ماوەیەك چەندین جاری دیکە

هەوڵمدا بیبینمەوە، بەڵام نەمتوانی، نەمانزانی بوو کە شەهید بووە، باوکی بۆ ماوەیەکی زۆر بەدوای سۆراغیدا گەڕا، تا لە هاوڕێیەکی دەپرسێ و ئەویش پێی ڕادەگەیەنێت کە دکتۆر سەردار شەهید بووە، چیرۆکی شەهیدبوونیشی بە جۆرێك بووە ڕۆژێك داوا لە دکتۆر سەردار دەکەن کە لە گوندێك بریندارێك هەیە پێویستە بچێت چارەسەریان بکات، ئەویش لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە چەکەوە لە تراکتۆرێك دەچن، لە ڕێگای گەڕانەوە لەلایەن هەلیکۆپتەرەوە دەبینرێن و تەقەیان لێ دەکرێت، لەو دەستڕێژە شەهید دەبێت[٦٣].

[٦٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مەلیحە حسێن ئەحمەد دایکی شەهید د. سەردار، ٢٠٢٣/٢/٧.

# سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)

ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی لە دایکبووم، بەڵام لە گەڕەکی سەرشەقام گەورە بووم، باوکم لە بازاڕدا دوکانی هەبوو، دوو خوشك و شەش براین، قۆناغی سەرەتاییم لە خوێندنگەی سەرشەقام و ناوەندیم لە خوێندنگەی سیروان و ئامادەییم لە ئامادەیی سلێمانی تەواوکردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ پەیمانگای تەندروستی سلێمانیم تەواوکرد.

لە قۆناغی ئامادەیی دەستمان کرد بە چالاکی لە خوێندنگەکاندا وێنەی سەدامیان دەشکاند، کارگێڕی خوێندنگەکە پێی زانی، ئەمن گەیشتە سەرمان، ئەو هێزە ملازم موحسینی تێدا بوو، لێکۆڵینەوە لە مامۆستاکان کرا، زۆریان لە مامۆستا کرد، ئەو خوێندکارانەیان بۆ بدۆزنەوە، بەڵام مامۆستاکانمان زۆر نیشتیمانپەروەر بوون، ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە و گوتیان خوێندکاری ئێمە کاری وای نەکردووە، تا ئێوارە دەستبەسەر بووین، بەڵام بەڵگەیان نەبوو دواتر دەستبەردارمان بوون.

لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد، ساڵی ١٩٨٢ بە سەختی بریندار بووم، ڕووداوەکەش لەوەوە سەریهەڵدا کۆمەڵێك پێشمەرگە هاتنە فولکەی خەبات، خەڵکیش دژی حکومەت خۆپیشاندانی کرد، دوای پاشەکشەی پێشمەرگە چەند مودەرەعەیەکی حکومەت هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران، هەڤاڵێکمان هەبوو بە ناوی سەربەست کە دواتر شەهید بوو لەو خۆپیشاندانە ڕوومانەیەکی کردە ناو لولەی مودەرەعەکەوە، مودەرەعەکە تەقییەوە، من لەو ڕووداوە لە نزیکی بووم، هەموو خۆمان دا بە زەویدا، ئیدی هەر کەس بەلایەکدا دەستمان بە ڕاکردن کرد، بە چەکی جۆری دۆشکەوە لە دواوە دەستیان کرد بە تەقەرکردن لێمان، فیشەکێکی دۆشکە بەر دیوارێکی نزیکی من کەوت و هەڵسایەوە چوو بە لا قەدی مندا واتە نزیکی گورچیلەم، هەرچەندە بە سەختی

برینداری کردم، بەڵام نەچووە ناوەوە، ئیدی نەم توانی بچمە نەخۆشخانە خۆم تەداویمان کرد، بۆ ڕۆژی دوای ئەوە قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەندرا و ئۆتۆمبێلی سەربازی دای بەسەر گەڕەکەکەدا و بە دوای بریندارەکاندا دەگەڕا.

هەر لەو ڕووداوە پێشمەرگەیەکمان بە سەختی بریندار بوو، دەستی بەر کەوتبوو، هێندەی نەمابوو دەستی لێ ببێتەوە، دکتۆر ساجید چارەسەری بۆ کرد و لە شار دەری کرد، ئەو خوێنەی لەو پێشمەرگەیە ڕژابوو ئێمە سڕیمانەوە، ئەگەر نەمان سڕیبایەوە باشتر بوو، چونکە بە دوای خوێنەکەدا دەڕۆیشتن و لە گەڕەکی ئێمە دوور دەکەوتنەوە، بەڵام کە پاشماوەی خوێنەکان سڕانەوە، حکومەتە دای بەسەر گەڕەك و ماڵەکاندا، ئیدی گەیشتنە سەر ماڵی ئێمە داوای ناسنامەیان لێ کردم، گوتم خوێندکارم، برایەکم هەڵهاتووی سەربازی بوو، دەستگیریان کرد، ڕۆژی هەینی بوو، زۆر بە ڕێکەوت بیرۆکەیەکم بۆ هات و بە ئەفسەرکەم گوت براکەم سەربازە و ئەمڕۆ هەینییە دابەزیوە و لە پشوودایە، ئیدی بڕوای کرد و ئازادیان کرد، ئیدی ژمارەیەکمان دەستگیرکران و لە ولۆبە گوللەباران کران.

دواتر لە نەخۆشخانەی کۆیە دامەزرام و پاشان گوازرامەوە بۆ عەربەت، لەوێ پەیوەندیم بە ژمارەیەك ڕێکخستنەوە هەبوو، ڕۆژێك یەکێك ڕێکخستنەکانمان دەستگیرکرا، لە زیندان دانی بە ناوی ئێمەدا نابوو، ئاشکرابووین، مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٦ لە مەڵبەندی یەك و تیپی ٥٥ی قەرەداغ بووم بە پێشمەرگە، کە هەڤاڵ ئاوات قارەمانی سەرتیپ بوو، بارەگەکەمان لە گوندی دوکانی قەرەداغ بوو، ساڵێك لەوێ بووم، لە شەڕی دوو دارە ژمارەیەك پێشمەرگەمان بریندار بوو، لەگەڵ هەڤاڵێکدا چارەسەرمان بۆ کردن، دەرمانمان زۆر کەم بوو، بە جۆرێك سرنجێکم بۆ چەندین دەرزی جۆراوجۆر بەکاردەهێناوە، تەنها بە ئاوی گەرم پاکم دەکردەوە، هەروەها موغەزیمان هەبوو، هەندێك بریندار پارچە لەلەشیدا بوو، پارچەکانمان دەردەکرد، ئەوەی سەخت بووایە دەمان نارد بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەند

بۆ لای دکتۆر فایەق، هەروەها هاوکاری گوندنشینانمان دەکرد لەوانە ژنی دووگیان هەبوو لە منداڵەکەی لە دایك نابوو، ئێمە دەرزیمان بۆ دەکردن.

دواتر گوازرامەوە تیپی ١٧ی زمناکۆ کە بارەگاکەی لە گوندی ئەستێڵی سەروو بوو، هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینا سەرتیپی بوو، لە گرتنی قەرەداغ و شەڕەکانی ئەو سنوورە چارەسەری بریندارم دەکرد، تا دوای ئەنفال لەوێ مامەوە، تا کیمیابارانی سێوسێنان، لەوێ دەستمان کرد بە چارەسەرکردنی بریندارەکانی کیمیایی، لە سەروبەندی ئەنفال دکتۆر فایەق گوڵپی قاچی پێشمەرگەیەکی بریندار بڕییەوە، لەو ڕووداوە من و دوو بۆ یاریدەدەری پزیشك هاوکاری دکتۆر فایەقمان کرد، بە مشاری ئاسن بڕ دەستمان کرد بە بڕینەوەی، پێشمەرگەکەش ناوی (ئەبو فەلاح) بوو، تا ئێستا لە ژیاندا ماوە.

لە گوندی ئاوە سپی گەرمیان هەڤاڵ محەمەد کە هێزی پشتگیری بوو قاچی لە دوو لاوە بە فیشەك شکا بوو، یەکەم کەس من گەیشتمە سەری، قاچیم ڕاکێشا و ئێسکەکانیم خستەوە شوێنی خۆی، بۆیم پاککردەوە و هەندێك لە وردە ئێسکەکانیم فڕێدا، بۆیم دوورییەوە و تەختەم بۆ تێگرت تا چاك بووەوە، جگە لەوەش بێ جیاوازی بە پێی توانا چارەسەری گوندنشینانمان دەکرد، دواتر لە ئەنفالدا بۆ قۆپی قەراغ پاشەکشەمان کرد، دواتر بە سێ وەجبە بەرەو گۆپتەپە و عەسکەر بەڕێکەوتین، ئیدی لە گۆپتەپە لەگەڵ برایەکمدا لەلایەن فەرماندەکانی پێشمەرگەوە ڕێگەمان پێدرا بگەڕێینەوە سلێمانی، دواتر دەستمان کردەوە بە کاری ڕێکخستن.

لە کۆڕەودا چووینە پێنجوێن، لەوێ چادرێکمان هەڵدا و نەخۆشخانەمان دروست کرد، دوای ماوەیەك ڕێکخراوێکی خێرخوازی مەسیحی هاتنە سنوورەکە و داوایان لێ کردین لەگەڵیان کار بکەین، ئەوان کەرەستەی پێویستیان پێ بوو، دەستمان کرد چارەسەری برینداری مین و نەخۆش و هاوڵاتی سنوورە، هەروەها چەندین نەخۆشیمان چارەسەر

دەکــرد وەکــو گــەڕیی و حەساســیەت و کۆکــە و سکچــوون و هەڵامــەت، دواتــر بــوو بــە نەخۆشــخانەیەکی فــەرمی، دواتــر گەڕامــەوە بــۆ تەندروســتی ســلێمانی و نەخۆشــخانەی چوارباخ، تا ئێستا بەردەوامم و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی قەرەتۆغانم لە سلێمانی[٦٤].

[٦٤]– چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام حەمەکەریم حسێن (د. سەلام)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٣٠.

## سەمەد عەزیز حەمەد (دکتۆر سەمەد)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە دەشتی کەندینئاوای هەولێر لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنم لە مەخموور و شاری هەولێر تەواوکرد و لە ساڵی ١٩٨٣ پەیمانگای تەندرویستیم لە هەولێر تەواوکرد، پێشتر پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانەوە هەبوو، لایەنگر بووم نەك ئەندام، لەلایەن ڕژێمەوە فشاری زۆرمان لەسەر بوو ببین بە جەیشی شەعبی، ئێمەش ڕازی نەبووین، پەیوەندیم لە تیپی ٨٦ ـەوە کرد و بووم بە پێشمەرگە، ئەوکاتە هەڤاڵ سابیر ڕەسووڵ سەرتیپ بوو، هەڤاڵ فارووق مەولوود جێگری تیپ بوو، لە تیپەکە دکتۆر ڕەفعەت، دکتۆر ئارام، دکتۆر نوری (نەبەز) و دکتۆر جەرجیس لە تیپەکە بوون، هەروەها دکتۆر هەمزە لە تیپەکە بوو کە دواتر شەهید بوو، دکتۆر هەمزە خەڵکی سنووری هەولێر بوو لە جەولەیەکدا شەو هێز هاتبووە سنووری ئێمە ژمارەیەکمان شەهید بوون و چەند کەسێکمان دەستگیرکرابوون، دکتۆر هەمزە لەو شەڕ شەهید بوو.

دەرمان لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە لە شارەوە بۆمان دەهات، وەکو دکتۆری تیپ بەشداری شەڕەکانی ئەو سنوورەم کردووە وەکو هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی کۆیەی ڕژێم و دۆڵی هیران و نازەنین و بازگەی مەخموور و کەرکوك و سەنگەرەکانی کەرتی مەنسووڕ و شێراوەو، ئەوەندەی پێمان بکرابایە بۆ بریندارەکانمان دەکرد دواتر دەبرایە مەڵبەند، هەندێك لە بریندارەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بەنهێنی دەبرانە شار، بارەگای تیپی ٨٦ جێگیر نەبوو، هەر چەند ڕۆژ و لە شوێنێك بوو، من هەر لەگەڵ تیپەکە دەسووڕامەوە.

لە هێرشەکەی ساڵی ١٩٨٥ لە قەشقە و قووڕقووڕ کە جاشەکانی بادینان هێرشیان کرد، ژمارەیەك پێشمەرگەمان شەهید بوو لەوانە شەهید باقی کە فەرماندەی کەرت بوو، چەندین بریندارمان هەبوو یەکێك لەوانە پێشمەرگەیەکمان بەناوی هەڤاڵ سەباح پێشمەرگەیەکی گەنجی بالاَبەرز بوو، گوللەیەکی ١٠٦ بەپێش سەریدا ڕۆیشتبوو هێندە لێوەی نزیك بوو دەموچاوی برژاندبوو، واتە داخ بووبوو، تووشی نەخۆشی دەروونی بووبوو، ئەو شەوە تا بەیانی چەندین جار جلوبەرگی خۆی دەدڕان دەیویست ڕابکات واتە

ئاگای لەخۆی نەبوو نەیدەزانی لە کوێیە، تا گەیشتە سپێدە شەهید بوو، چەندین جار نەشتەرگەری بچوکمان ئەنجام دەدا لەوانە دەرکردنی پارچە لە لەشی بریندارەکاندا.

تا کۆتایی ١٩٨٦ بەردەوام بووم لە تیپی ٨٦، کاتێك ڕژێم کیمیایی بەکارهێنا بۆ سنووری بالیسان کشاینەوە، لێرەوە من گەڕامەوە شار و خۆم ڕادەست کرد و بووم بە سەرباز، تا ١٩٩١ دووبارە بەشداری ڕیزەکانی پێشمەرگە بوومەوە و بەشداری ڕاپەڕینم کرد، دواتر چوومە سەر کەرتی تەندروستی هەروەها دۆسیەی کۆنم هەبوو کە دامەزرابووم، خزمەتەکەم بۆ ئەژمارکرا(٦٥).

(٦٥)– چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمەد عەزیز حەمەد، (د. سەمەد)، ٢٠٢٢/١١/٢٥.

# سەیفەدین حیسامەدین بایز ساڵح (دکتۆر هێرش)

لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە لە دایکبووە، ئەندامی کۆمەڵەی بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ پەیمانگای باڵای تەندروستی تەواو کردووە، ئەندامی شانەی سەربازی کۆمەڵە بووە بۆ بەسزاگەیاندنی سیخووڕ و بەعسییەکان لە ناوشاردا[٦٦].

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو چوار هاوڕێی (ش. ع، س. ش، س. ك و ف. س) پێکەوە لە دەستەی بەسزاگەیاندن کاریان کردووە و کۆمەڵێك تاوانبار و پیاوی ڕژێمیان لەناو سلێمانی و دەوروبەری بەسزاگەیاندووە، بەرپرسی ئیغتیالاتی سلێمانی محەمەد فەوزی مەحمود ڕەسوڵ ناسراو بە فەوزی مەلا مەحمود و ناوە نهێنییەکەی مەلا بووە، واتە فەوزی مەلا مەحمود بەرپرسی ئەو پێنج هاوڕێیەی سەرەوە بووە.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٦)دا هەڤاڵ سەیفەدین لەگەڵ (س. ش) و (ش. ع) لە ئەسحابە سپی دەیەوێت ئەفسەرێکی ئەمن بەسزای گەل بگەیەنێت، بەڵام چونکە ئەو پێشتر دەمانچەکەی بۆ تەقەکردن ئامادەکردووە، کاتێك کە دەیەوێت دەمانچەکە لەبەر پشتێنی دەربێنێت، فیشەکێك بەخۆیدا دەتەقێت، فیشەکەکە بەر ڕانی ڕاستی دەکەوێت و لەسەر کلاوەی ئەژنۆی دەوەستێت، بۆیە بێ ئەوەی چالاکییەکە بکات بەناچاری (س ش) و (ش ع) ڕزگاری دەکەن.

دوای وەرگرتنی چارەسەری خێرا و پێچانەوەی برینەکەی، هەواڵ دەگاتە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، ئەویش پێشنیار دەکات کە بەپەلە هەڤاڵ سەیفەدین بگەیەننە سەرکردایەتی تا بینێرنە ئێران، لەوێ نەشتەرگەری بۆ بکەن و فیشەکەکەی بۆ دەربێنن،

---

[٦٦] وتەی د. ئاوات برای شەهید، لە ٢٠٢٢/٢/٢٩ وەرگیراوە.

نەوەك لە كوردستان نەشتەرگەری بۆ بكرێت و دواتر حكومەت پێی بزانێت، بەلاَم هەڤاڵ سەیفەدین ئەو پێشنیارەی نەوشیروان مستەفا ڕەت دەكاتەوە و پێشنیاری چوونە بەغدا دەكات كە لەوێ و دوور لە چاوی سیخووڕ و پیاو خراپان نەشتەرگەرییەكەی بۆ بكەن.

هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، بڕی هەزار و شەش سەد دیناری ئەوكات لەگەڵ هەڤاڵ فەوزی مەلا مەحمود (محەمەد فەوزی مەلا مەحمود) بۆ هەڤاڵ سەیفەدین دەنێرێت تا بچێتە بەغدا و نەشتەرگەری قاچی بۆ بكەن. هەڤاڵ سەیفەدین لەگەڵ هەڤاڵ فەوزی پێكەوە دەچنە بەغدا و نەشتەرگەری قاچی بۆ دەكەن و فیشەكەكەی بۆ دەردێنن. پارەكە لای هەڤاڵ فەوزی دەبێت و خەرجی دكتۆر، سەفەر و مانەوەیان لە بەغدا نزیكەی هەزار دینار دەبێ و بڕێك كەمتر یان زۆرتر لە شەش سەد دینار لە بڕی پارەكەی كە هەڤاڵ نەوشیروان ناردوویەتی دەمێنێتەوەو لای هەڤاڵ فەوزی دەبێت، دوای چەند ڕۆژێك لە گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی، هەڤاڵ سەیفەدین داوا لە هەڤاڵ فەوزی دەكات كە ئەو بڕە پارەیەی ماوەتەوە بۆ هەڤاڵ نەوشیروان و ناوەندی كۆمەڵەی بگەڕێنێتەوە، بەلاَم هەڤاڵ فەوزی ئامادە نابێت پارەكە بگەڕێنێتەوەو دەیەوێت بۆ خۆی بەكاری بێنێت. هەڤاڵ سەیفەدین هەڕەشە لە هەڤاڵ فەوزی دەكات گەر بكەوێتەوە سەر قاچەكانی بە شەق پارەكەی لێوەردەگرێتەوە و بۆ ناوەندی كۆمەڵەی دەباتەوە.

دیارە هەڕەشەی هەڤاڵ سەیفەدین كاری زۆر لە فەوزی مەلا مەحمود دەكات و لەژێرەوە پەیوەندی بە ئەمنی سلێمانی دەكات و لە شەوی ١٩٨٧/١/١٤دا هەڤاڵ سەیفەدین بەگرت دەدات. ئەو شەوەی ئەمنی سلێمانی دەچنە سەر ماڵی هەڤاڵ سەیفەدین هێشتاكە برینەكەی چاك نەبۆتەوە و بە دار شەقە دەڕوات، بەلاَم ڕێگەنادەن تەنیا دار شەقەكانیشی لەگەڵ خۆی ببات، هاوڕێیەكی زیندانم بۆی باسكردم دواتر لە زیندان دوو دار شەقەیان بۆ هێنا، چونكە نەیدەتوانی هەڵسێتەوەو بڕوات. لە زیندانی ئەمنی سلێمانی و مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی كەركوك، هەڤاڵ سەیفەدین هەرچی چالاكی بە تەنیا و هاوبەشی

کردبووی هەموویان پێ گوتبوو، بەڵام ئەو نکۆڵی کردبوو، بۆیە لەبری ئەوەی فەوزی مەلا مەحمود ڕووبەڕووی هاوڕێ سەیفەدین بکەنەوە، کەسێکی قەڵەوی کەتە بەناوی بێستوون عومەر ڕووبەڕووی ئەو دەکەنەوە کە تەواوی ئەو زانیارییانەی فەوزی لەسەر هەڤاڵ سەیفەدین دابوویە ئەمن ئەو بێستون ناوە بەناوی خۆی کە گوایە هاوڕێی هەڤاڵ سەیفەدین بووە و چەندان چالاکیان پێکەوە کردووە، قسەکانی ڕووبەڕوو لە بەرانبەر هاوڕێ سەیفەدین کردووە، لەکاتێکدا کە هەڤاڵ سەیفەدین نەك لەگەڵ ئەو بێستوون عومەرە هاوڕێ نەبووە بەڵکو هەر لە ژیانیشیدا پێشتر نەیبینیوە. هەڤاڵ سەیفەدین بەهیچ شێوەیەك ئەو بێستوون عومەر ناوەی نەناسیوەو نەدیوە، بەڵام تەواوی ئەو زانیاری و نهێنیانەی ئەو باسی کردووە، زانیاری و نهێنی نێوان هەڤاڵ سەیفەدین و فەوزی بووە، بۆیە هەڤاڵ سەیفەدین هەروەکو لای هاوڕێیەکی زیندانم کە لە ژووری سێدارەی ئەبوغرێب پێکەوە بووینە و دواتر هاوڕێکەم بە لێبووردنی تایبەت لە ژووری سێدارە ئازادکرا، بۆی گێڕامەوە کە هەڤاڵ سەیفەدین سەدا سەد دڵنیا بوو لەوەی کە فەوزی مەلا مەحموود بەگرتی داوە.

هەڤاڵ سەیفەدین دوای ئەشکەنجەی سەختی ئەمنی سلێمانی و مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی کەرکوك، لە دادگای سەورەی بەعس بڕیاری لەسێدارەدانی دەدرێ و پاشان لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/٥دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێت.

لەدوای دەستگیرکردنی هەڤاڵ سەیفەدین، فەوزی مەلا مەحمود لە ساڵی (١٩٨٧)دا دەچێتە سەرکردایەتی، هاوسەر و منداڵەکانیشی دەبات، گوایە مەترسی دەستگیرکردنی لەسەرە لەدوای گیرانی هەڤاڵ سەیفەدین. هەڤاڵ مام جەلال بێ ئاگا لەوەی کە فەوزی سیخوڕە پێی دەڵێت: (هەتا ئێستاکە تۆ ئیشت بۆ ئێمە کردووە لە شار، بەڵام ئێستاکە با ئێمە ئیشت بۆ بکەین، چیت دەوێ بۆت بکەین)؟ فەوزی دەڵێ: (مام جەلال، خۆت دەزانی منداڵم وردن، لێرە بمێنین بێبەش دەبن لە خوێندن، بۆیە لەپێناو دواڕۆژی منداڵەکان

دەمەوێت بەرەو ئەوروپا بڕۆم)، بۆیە مام جەلال بڕی سێ هەزار دۆلاری دەداتێ و فەوزی و منداڵەکانی بەو پارەیە دەگەنە نەمسا.

لەدوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، شیعەکان فایلی محەمەد فەوزی مەحموود ڕەسووڵ ناسراو بە فەوزی مەلا مەحموود دەکەوێتە بەردەستیان، دوای خوێندنەوەی فایلی ناوبراو کە شتی زۆر سەیری تێدایە، شیعەکان کۆپییەك لە فایلەکە دەدەنە مام جەلال، چونکە بەگوێرەی فایلەکە فەوزی زۆر نزیك بووە لە هەڤاڵ مام جەلال، هەڤاڵ مام جەلال بە دەیان جار لە نەمسا ماوەتەوە و لە هۆتێل لەگەڵ فەوزی هەر یەکە و لە ژوورێك خەوتوون. هەموو جارەکانیش فەوزی هۆتێل و شوێنەکەی بۆ هەڤاڵ مام جەلال هەڵبژاردووە.

هەر بەگوێرەی فایلەکەی فەوزی، کە شیعەکان کۆپییەکیان لێی داوەتە هەڤاڵ مام جەلال، فەوزی لە ساڵی (١٩٨١)ەوە پەیوەندی بە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کەرکوك هەبووە، دواتر لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٥) مەنزومەی شیمالی دەگوازرێتەوە هەولێر و مەنزومەی شەرقی دیالە دێتە کەرکوك و فەوزی تا دەرچوونی لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندی بە مەنزومەی شەرقی کەرکوك هەبووە. لە فایلەکەی فەوزی دا هاتووە، کە فەوزی لە ساڵی (١٩٨٥)دا ئەفسەری ئەمنی سەرچناری بەدەستی خۆی کوشتووە، بەڵام لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: تا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیاتر متمانەی پێ بکەن، دووەم: ئەو ئەفسەرەی ئەمنی سەرچنار کەسێکی (غیر مرغوب) بووە و ویستوویانە لەناوی ببەن، بۆیە بەمشێوەیە لەناویان بردووە، تەواوی ئەو وردەکارییانە لە فایلی فەوزی دا نووسراون.

دوای ئەوەی فەوزی مەلا مەحموود دەگاتە نەمسا، لەوێ پەیوەندی بە موخابەراتی عێراقی دەکات، تەواوی زانیارییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگەیەنێتە موخابەراتی عێراقی لە نەمسا و ئەوانیش دەیگەیەننە بەغدا. فەوزی لە ساڵانی (١٩٨٨-١٩٨٧)دا چەند جارێك پێشنیاری کوشتنی هەڤاڵ مام جەلال بە موخابەرات دەگەیەنێت و

ئەوانیش دەیگەیەننە بەغدا، بەڵام بەگوێرەی فایلەکە سەدام حوسێن ڕەزامەند نابێت، کە پێی وایە کارێکی لەو جۆرە و کوشتنی هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی لە ئەوروپا بەگران لەسەریان دەوەستێت. بەڵام لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) و دوای ئەنفالەکان موخابەرات داوا لە فەوزی مەلا مەحموود دەکات کە هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی بکوژن، فەوزی دوودڵ دەبێ کە ئەو کارە بکات، بۆیە دەڵێت: (دەکرێت نامەیەك بۆ سەدام حوسێن بنووسم و دوای وەرگرتنی بۆچوونی ئەو، گەر گوتی بیکوژن، ئەوکاتە دەیکوژم، بەڵام تا وەڵامی ئەو دێتەوە هیچ نەکەین بەرانبەر بە مام جەلال)؟

موخابەراتی عێراق لە نەمسا نامەکەی فەوزی بۆ بەغدا دەنێرێت، کە دەقی نامەکەی فەوزی لەناو فایلەکەیدایە و لە کۆپلەیەکی نامەکەدا نووسیوێتی: (کلیلی چارەسەری پرسی کورد هەردەم بەدەست مام جەلال بووە، ئەو بکوژرێت، ئەو کلیلە بزر دەبێت و پرسی کورد زۆر ئاڵۆزتر دەبێت). دوای ماوەیەك، موخابەراتی عێراقی نامەیەك بۆ موخابەتی بەشی سەفارەتی نەمسا دەنێرن، تیایدا نووسیویانە کە سەدام حوسێن ئەو بۆچوونەی فەوزی بەڕاست دەزانێت، بۆیە دەست لە کوشتنی تاڵەبانی هەڵگرن.

دوای ئەوەی شیعەکان کۆپی فایلی محەمەد فەوزی مەلا مەحمود دەگەیەننە دەست هەڤاڵ مام جەلال، ئەو لە ساڵی (٢٠٠٣)دا داوای فەوزی دەکات. فەوزی بێئاگا لەوەی کە کۆپی فایلی سیخوڕییەکەی لای تاڵەبانییە، دوای ماوەیەك لە قەڵاچوالان سەردانی دەکات. مام جەلال، لەو سەردانە فەوزی کە لەدوای ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٣)دا بووە، فەوزی دەگرێت و دەیخاتە بەندیخانەی دەزگای زانیاری لە قەڵاچوالان و بۆ ماوەی ساڵێك لە زیندان دەیهێڵێتەوە، تا دوای پاڕانەوەی کەسانێکی زۆر بۆ فەوزی لای مام جەلال، ئەو لە ساڵی (٢٠٠٤)دا بەو مەرجە ئازادی دەکات، کە فەوزی بڕواتە دەرەوەو تا تاڵەبانی لە ژیاندا مابێ نەگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان. فەوزی بەو مەرجەی تاڵەبانی سوپاسگوزار بوو لە بەرانبەر ئازادکردنیدا، ئەوەبوو بەو مەرجە ئازاد کرا، گەڕایەوە نەمسا و تا دوای

نەخۆشــکەوتن و کۆچــی دوایــی هــەڤاڵ مــام جــەلال تاڵــەبانی نەگەڕایــەوە باشــووری کوردستان[٦٧].

---

[٦٧] دەرسیم پێشەوا: ٢٠٢٤/١/٢٥.

# شادمان فوئاد مەعروف (دکتۆر شادمان فوئاد مەستی)

ناوم (شادمان فوئاد مەعروف)ە باوکم لە ساڵی ١٩٣٨ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، برا گەورەکەم ناوی (میران)ە لە ساڵی ١٩٣٩ لە دایکبووە، منیش لە ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانی لە دایکبووم، مامم (تۆفیق وەهبی) ئەو ناوی کوردی لێناوین، واتە ناوی کوردی لە ماڵی ئێمەوە دەستی پێکرد و بڵاوبوویەوە، بۆ نموونە هیچ کەسێك نییە ناوی شادمان بێت و لە من پیرتر بێت، هەرچی نازناوی (مەستی)یە تورکەکان بۆ باوکمیان داناوە، لە قۆناغی سەرەتایی لەسەر پرسیارێك کە لە مامۆستایەکم کرد یەك ساڵ دواخرام لە خوێندن، پرسیارەکەش ئەوە بوو مامۆستای ئایین گوتی هەرچی کارێك لە ژیانماندا ئەنجامی دەدەین ئەوە خودا پێمان دەڵێت، منیش گوتم مامۆستا وانییە، ئەوە مرۆڤ خۆیەتی بیر دەکاتەوە کە چی بکات و نەکات، خودا شتێکی دیکەیە و بیرکردنەوە شتێکی دیکەیە، گوتی چۆن؟ گوتم ئەگەر باران ببارێت هەندێك لە کۆڵانەکان کە گڵە دەبن بە قوڕ، ئەو کۆڵانانەش کە پاکن، نابن بە قوڕ، ئەگەر من لە قوڕەکانەوە بڕۆم ئەوە قوڕاوی دەبم، ئەگەر لە پاکەکانەوە بڕۆم قوڕاوی نابم، واتە ئەوە خۆمم بیر دەکەمەوە و بڕیار دەدەم لە کوێوە بڕۆم، کە وام گوت کەوتە جنێودان پێم، بە شەق کردمییە دەرەوە، بە دار لێی دام و قاچم شکا، ساڵێکی خوێندنم فەوتا.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواو کرد، لە پۆلی شەش نمرەیەکی بەرزم هێنا و لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ ناوم هاتەوە، ساڵی ١٩٦٣ لە موسڵ خوێندکار بووم، لەلایەن خوێنکدارانی زانکۆی موسڵەوە سووکایەتیمان پێ دەکرا، بەتایبەت کچەکانیان دەچوون دەفتەرەکانیان دەدڕانین و جنێویان پێ دەداین، بەهۆی ئەوە و بەهۆی تێکچوونی دۆخی سیاسی عێراقەوە هەروەها شەوێك لەلایەن کەسێکەوە ئاگادارکرامەوە کە سبەی بڕیارە لە موسڵ کۆمەڵکوژی بکرێت، بۆیە هەرچی زووە سبەی موسڵ بەجێبهێڵە، موسڵم جێهێشت، هۆکاری ئەوە بوو ژمارەیەك سەربازی حکومەتی عێراقی لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرابوون، حکومەت ویستی تۆڵە بکاتەوە، ئەو کەسە کە پاسەوانی شوێنی مانەوەی ئێمە بوو، گوتی دەتوانم تەکسیت بۆ بگرم و بگەڕێیتەوە بۆ

سلێمانی، منیش هاتمەوە هەولێر و دواتر هاتمەوە سلێمانی و لە مالی خالۆم (باوکی دکتۆر یادگار) خۆم شاردەوە.

باوکم پێشتر کۆلێژی سەربازی لە تورکیا تەواو کردبوو زمانی تورکی دەزانی، داوای لێکردم لە ئەستەنبوڵ بواری پزیشکی بخوێنم، منیش قایل بووم، خۆی هات لەگەڵم لەوێ مامەڵەکەشی بۆ کردم، ئێمە لە تورکیا وەکو خوێندکارانی کورد چالاکی سیاسیمان هەبوو، بە ناوی یاری تۆپی پێ دەچووینە دەرەوەی ئاوەدانی و کۆبوونەوەمان دەکرد، دواتر و لە ساڵی ١٩٦٣ بەمەبەستی خوێندنی پزیشکی لەسەر ئەرکی دارایی خۆم ڕووم لە وڵاتی چیکۆسۆڤاکیا کرد و دەستم بە خوێندن کرد، تا قۆناغی شەشی پزیشکی لە چیکوسلۆڤاکیا بووم، ئەو کات بۆنی شەڕ دەهات، حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا زۆر نزیك بوو لە حکومەتی عێراقییەوە، پەیمانی سۆڤیەت بوونی هەبوو، منیش چووم هەموو کاغەزی تاقیکردنەوەکانم دەرهێنا و لە زانکۆ مۆرم کرد، چونکە گومانی مەترسیم هەبوو بۆ سەر کوردانی ئەوێ، خۆم چووم بۆ پۆلیس و گوتم من نامەوێت لەم وڵاتە بم، خزمم هەیە لە تورکیا دەمەوێت بڕۆم، لە کاتێکدا چوار تاقیکردنەوەم مابوو بڕوانامەکەم وەربگرم، هەروەها هەموو هاوڕێکانم ئاگادار کردەوە ئەوەی پێی دەکرێت بچێت دۆسیەکەی دەربهێنێت، چونکە زۆر ئەستەمە بتوانن بمێننەوە، بۆیە خۆتان بڕۆن باشترە، لەو کاتە میرانی برام لە مەکدۆنیا بوو، چوومە مەکدۆنیا هەر لەوێ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا و خێزانیشم کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد، دواتر چوومە یوگسلافیا و ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژی پزیشکیم لەوێ تەواو کرد.

بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، هاتمە ئەستانبوڵ پاسپۆرتێکی نایاساییان بۆ گەڕانەوە لە ئێرانەوە پێدام، ئەو کات بەو پاسپۆرتەوە لە ئێران دەستگیربکرامایە لە سێدارە دەدرام، پاسپۆرتەکەم لە هەڤاڵ عومەر دەبابە وەرگرت، تەماشام کرد پاسپۆرتێکی تەزویری ئیتاڵییە، منیش یەك وشە زمانی ئیتالیم نەدەزانی، بیرم کردەوە بچم فەرهەنگێك بکڕم و خۆم فێری چەند وشەیەکی زمانی ئیتالی بکەم، تاکو لە دۆخی لێکۆڵینەوە و گوماندا خۆمی پێ دەرباز بکەم، چووم کڕیم و هاتمە ئوتێل و دەستم پێکرد، جارێکی دیکە تەماشای پاسپۆرتەکەم کردەوە دەبینم چەندین فیزای تەزویری لێ دراوە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیار بوو مێژووی دەرچوونی پاسپۆرتەکە لەو فیزایانە نوێ تر بوو واتە بەپەلە کرابوو هەڵەی تیا

کردابوو، من بە بینینی ئەوە زۆر تێکچووم، بەخۆم گوت ئەمە وەك لەسێدارەدان وایە، دواتر هەڤالانم تێگەیاند و هەڵەکەیان خستە سەر یەکێك لە هەڤالان، گوتم ئەمە هەڵە نییە، ئەمە بە کوشتدانە، ئیدی پاسپۆتەکەم پێدانەوە.

کوردستان لە بیری مندا دەرنەدەچوو بڕیارم دابوو بگەڕێمەوە، لە مەکدۆنیا خێزان و منداڵم هەبوو، کوڕێکم سێ ساڵ بوو ئەوی دیکە سێ مانگ بوو جێمهێشتن، خێزانم مەکدۆنی بوو، کچی خێزانێکی شۆڕشگێڕ بوون لە دۆخی من تێدەگەیشتن، چونکە باوکی خێزانم کاتی خۆی پارتیزان بووە، بۆیە ئەگەر شۆڕشیش نەبووایە من هەر دەهاتمەوە خزمەتی گوندەکانم دەکرد، کە گەڕامەوە چوومە نەخۆشخانەی شۆڕش، پێش من لە شۆڕشدا تەنها دکتۆر خدر بوونی هەبوو، دواتریش دکتۆر هەژار عوسمان هات، بووین بە سێ پزیشکی شۆڕش، لە ڕاستیدا نەخۆشخانە نەبوو، واتە زۆر سادە بوو، بەڵام پێیان دەگوت نەخۆشخانە، پێش من دکتۆر خدر زۆر ماندوو بوو بوو، چونکە هەموو کارەکان خۆی کردبووی، من کە گەیشتم زۆر هاوکاریم کرد.

ئەو نەخۆشخانەیە لە ڕاستیدا ژوورێکی بچوك بوو، تووشی شۆك بووم لەبەرئەوە ژیان تێیدا زۆر قورس بوو، بەڵام کۆڵم نەدا، ئەوکات کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەهێزترین ڕێکخستنی سیاسی بوو، لە ڕووی بیروباوەڕ و ئازایەتی و مەردایەتی و هەتا جلوبەرگیشەوە جیاواز بوون و لە پێش هەمووانەوە بوون، واتە بەهێزترین پێشمەرگەکان پارتیزانەکانی کۆمەڵە بوون، بە بینینیان دڵم دەکرایەوە، من لەسەر کۆمەڵە ئەژمار دەکرام، هاوکات جیاوازیم لە نێو پێشمەرگەکاندا نەدەکرد کە سەر بە ڕەوت و ئایدیای جیاواز بوون، من وەك و پزیشك کارم دەکرد، زۆر جار سارێژی دیل و زیندانییەکانم دەکرد.

من و دکتۆر خدر و دکتۆر هەژار هێندە ئەرکمان قورس بوو، هەر یەکەمان لایەکی تەندروستی شۆڕشمان دەبرد بەڕێوە، دکتۆر هەژار زۆر چالاك بوو، دەیویست جەولە بکات، نەیدەتوانی دابنیشێت، زۆر ئازابوو، جارێك پێشمەرگەیەکی بریندار پێویستی بە خوێن بوو، دکتۆر هەژار خوێنی خۆی پێدا، گوتم مەکە نەخۆش دەکەویت خوێنت کەمە، گوێی پێنەدام، کەچی نەخۆشیش کەوت، ئەو سنوورانەی ئێمە زەڵێ و خڕی ناوزەنگ و شێنێ بوو، شەوێك

هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا نەخۆش بوو، کەس نەیدەوێرا دەرزی لێ بدات، هەر کەس لەوە دەترسا نەوەك لەسەر دەستی ئەو شتێکی لێ بەسەربێت، داوایان لە من کرد، منیش چووم چەند دەرزییەم بۆ کرد، میوانی هەبوو هەرچەندە نەخۆش بوو، بەڵام میوانەکانی فەرامۆش نەکرد.

کاری تەندروستی و نەشتەرگەری و تەداوی بۆ من زۆر ئاسان بوو، چونکە من سێ مانگی لەسەر یەك لە یەکێك لە نەخۆشخانە سەربازییەکانی یوگسلافیا کارم کردبوو، داوام لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە کرد کە دۆخی کوردستان زۆر خراپە پێویستیان بە منە، بۆیە تکات لێدەکەم ماوەی شەش مانگ مۆڵەتم پێ بدە بچمەوە خزمەت بکەم، بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك گوتی باشە و ڕێگەی پێدام، هەروەها داوای بینینی وێنەی بریندار و چۆنێتی چارەسەرکردنی برینداراني جەنگی جیهانیم کرد، تاکو ئەزموونی پزیشکی جەنگم هەبێت، ئەوەشیان پێدام، من لەو نەخۆشخانەیە هەموو کارێکی قورسم کردبوو، تەنها کونکردنی قورگ نەبێت بۆ هەناسەدانی دۆخی مەترسیدار ئەویش ڕێکنەکەوێت بێتە بەردەستم.

ئیدی گەڕامەوە کوردستان یەکێك لەو ڕووداوانە برینداربوونی هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحمود بوو، خوێن لە سنگیدا بوو، دۆخی زۆر خراپ بوو چارەسەرمان کرد، هەروەها هەڤاڵێکی دیکە بریندار بوو لە مردندا بوو، زۆر ئازاری هەبوو، من دەستم کرد بە چارەسەر کردنی و ڕزگارمان کرد، هەروەها گوندنشینان کێشەی زۆری مار و دووپشکیان هەبوو، بەردەوام دەهاتنە لای ئێمە چارەسەرمان دەکردن، لە نەخۆشخانەکە دوو کچمان لابوو کە تازە بوو بوون بە پێشمەرگە بە ناوی (بەیان و نازەنین)، کە خوێندکاری بەشە پزیشکییەکان بوون، واتە هەر وەکو پزیشك وابوون، من ڕۆژێك ئەو دوو هەڤاڵەم نارد بۆ تاران بۆ پەیداکردنی دەرمان.

لە شەڕێکدا تۆپباران کراین، بریندارمان زۆر بوو، هەمیشە ئاگاداریان دەکرمەوە کە پاڵ بکەوم، بەڵام من هەر بە پێوە چارەسەری بریندارەکانم دەکرد و بەسەر برینداراکاندا دەگەڕام، لەو شەڕە بیرمە سەرەڕای کاری پزیشکی من یەکەم کەس بووم یەك مەخزەن

فیشەکم نا بە فرۆکەکەوە، پێیان دەگوتم بۆ وا دەکەی خۆ فیشەکی پێناگات، گوتم بەڵکو پێی بگات! دەیان گوت نا فیشەکەکان بە فیڕۆ دەچن.

لێرەدا دەمەوێت باسی دکتۆر نەبەز بکەم، کە کادیرێکی تەندروستی وریا و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، لە هیچ نەدەترسا، لە شەڕێکدا بریندار دەبێت، بۆ ئەوەی بە دیلی نەکەوێتە دەست دوژمن خۆی شەهید دەکات، دواتر پێشمەرگەکان بۆیان گێڕامەوە کە ئەگەر وای نەکردایە هێندەی نەمابوو بگەین پێی و ڕزگاری بکەین، بیرمە لە تۆپبارانەکاندا کۆتا کەس بوو دەهاتە چاڵی خۆشاردنەوەکەوە (کونە تەیارە)، بێ ئەوە خۆی تێك بدات، زۆر شێنەیی بوو، کە دەهاتە چوورەوە جگەرەیەکیشی دادەگیرساند.

پاش ماوەیەك تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بووم، کێشم لە ٧٤ کیلۆگرامەوە بوو بە ٥٧ کیلۆگرام، دوای ماوەیەك پێیان ڕاگەیاندم بگەڕێ دواوە، واتە ناردیانم بۆ سوریا، پاش ماوەیەك ویستم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، ڕێگەیان نەدام، دواتر چوومەوە بۆ مەکدۆنیا، لەوێ لە کار دوورخرابوومەوە، پاش هەوڵدانێکی زۆر لە ساڵی ١٩٨٣ کاریان پێدامەوە، ڕۆشتنەوەم بۆ مەکدۆنیا لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال بوو، حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا پەیوەندی پتەوی هەبوو لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، لە بەرامبەر ئەوە ئێمە ویستمان پەیوەندی لەگەڵ مەکدۆنیا پتەو بکەین، بۆیە هەڤاڵ مام جەلال پێشنیاری گەڕانەوەی هەمان وڵاتی پێشووی بۆ کردم، گوتی تۆ دەبی بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ئێمە، هەروەها ئەوانیش ستەملێکراو بوون.

من لە شاخ تەواوی ڕووداوەکانی ڕۆژم دەنووسیەوە، بریندار و دۆخی پێشمەرگە و چارەسەرەکان، هەروەها لە مەکدۆنیاش بەردەوام زانیاری و نەخشەی ڕەنگاوڕەنگ و پێویستم دەناردەوە بۆ شۆڕش، ئێستا نازانم لە کوێن، بەهیوام ئەگەر ماوە پێم بدەنەوە یان چاپی بکەن، هەروەها هەڤاڵ حەمەتۆفیق ڕەحیم لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو، شتەکانم دەدا بە ئەو، یەکێك لەو کارانەی دیکە کە لە مەکدۆنیا بۆ پرسی کورد کردم، پیشاندانی وێنەی بەرکەوتەی کیمیایی بوو بە جیهانی دەرەوە، لە ڕاستیدا دەچووم وێنەی

بەرکەوتەی کیمیایی جەنگی جیهانیم دەهێنا و وەکو بریندارى کورد دەمناساندن، تا ڕایەکی گشتی لە ناوەندە ئەوروپییەکاندا لەسەر دروست بکەین.

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە خۆم و خێزانم و هەردوو کوڕەکەم لە دەرەوەی وڵات دەژین و لە وڵاتی خۆم خاوەنی یەك دەرزی نیم، هیچ قەرەبوو و پاداشت و موچەکم نییە(٦٨).

(٦٨)– چاوپێکەوتن لەگەڵ شادمان فوئاد مەعروف (د. شادمان فوئاد مەستی)، ٢٠٢٢/٨/٣.

# شەماڵ ئەحمەد محەمەد مەعروف (دکتۆر شەماڵ)

لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی لە دایکبووم، خوێندنی سەرەتاییم لە خوێندنگەی مەحوی و ناوەندیم لە خوێندنگەی ئەزمەڕ و دواناوەندیم لە ئامادەیی سلێمانی تەواو کردووە، باوکم فەرمانبەری کارەبا بوو کە بریتی بوون لە چوار خوشك و شەش برا، لە منداڵیدا دەچووم لە لای خاڵم کاری بەرگدروویيم دەکرد، لەبەرئەوەی باوکم فریا ناکەوت بژێوییمان دابین بکات، ئەوکات بە گشتی منداڵان کاریان دەکرد و پێویستی خوێندگەکەیان پێ دابین دەکرد.

لە قۆناغی ئامادەیی تێکەڵی کاری ڕێکخستن بووم بەهۆی ئەنوەری ڕەشید عەولا کە برای عوسمان شەیدای شاعیر بوو پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە کرد، هەڤاڵ عوسمان و هەڤاڵ دڵشاد مەریوانی و کەریم عوسمان لە پۆلی قەڵای کۆمەڵە کار یان دەکرد، ئەوان هەڤاڵ ئەنوەریان ڕاکێشابوو، هەڤاڵ ئەنوەریش داوای منی کرد پەیوەندی بکەم، بۆیە لەو کاتەدا سەرەتای کاری سیاسیم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ بە دروستی لە ١٩٧٩/٥/٧ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانی (پۆلی قەڵا)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، ئەو کات وا پێویست بوو هەر کەس پەیوەندی بکردایە بە ڕێکخستنەوە، دەبوو سەرەتا لە حەلقەی ڕۆشنبیرییەوە دەست پێ بکات و هێدی هێدی ئامادە دەکرا بۆ سیمینار و کۆبوونەوە و پاش ماوەیەکی زۆر لە هەڵسەنگاندن ئینجا شەرەفی ئەندامێتی کۆمەڵەی پێ دەبەخشرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ شەرەفی ئەندامێتی کۆمەڵەم پێ بەخشرا، کە یەکێك بووم لەو ئەندامانەی کە ئامادەکاریی و سەرپەرشتی مانگرتنە گەورەکەی شاری سلێمانیم لە ساڵی ١٩٨٢ پێ سپێردرا، ئێمە وەك و پۆلی قەڵا سەرپەرشتیمان کرد، ئەو مانگرتنە لە مێژووی سلێمانیدا بەناوبانگە کە تێیدا تەواوی بازاڕ داخرا و هێزەکانی ملازم موحسین بە نوێڵ دووکانەکانیان دەکردەوە، دواتر لەسەرجەم خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی سلێمانی بەشداری بەرچاوم هەبووە و کەوتمە بە دەستی هێزەکەی ملازم موحسین زۆر بە خراپی لێیاندا و بە سەختی بریندار کرام و شانی چەپم دەرچوو، دوو پەنجەشم شکا، ئیدی بردیانم

بۆ ماڵی ئەنوەری مچە لە عەقاری و پزیشکێکیان هێنا و لەوێ چارەسەریان کردم، هاوکات چەند خوێندکارێك دەستگیر کران.

پاشان بەهۆی ئەوەی کە لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوك وەرگیرام، هەندێك هەڤاڵی نوێم لە ڕێکخستنەکانی کەرکوك و سلێمانی ناسی، پێکەوە درێژەمان بە کاری ڕێکخستن دا، بەرچاوترین چالاکی لە کەرکوك مانگرتنی خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی بوو ئەنجامماندا، کە ڕۆڵی سەرەکیم تێدا گێڕا و بۆ سێ ڕۆژ لەلایەن ئەمنی پەیمانگاوە زیندانیکرام، بەهۆی زیندانیکردنی منەوە هەڤالانم لە کەرکوکەوە هەڵهاتبوون بۆ سلێمانی لە ترسی ئەوەی نەك من ناوی ڕێکخستنەکان ئاشکرا بکەم، دوای وەرگرتنی بەڵێننامە ئازادکرام، بۆیە بەناچاری خوێندنم بۆ پەیمانگای تەندروستی باڵای سلێمانی گواستەوە و تەواوم کرد، لەگەڵ ئەنجامدانی کۆتا تاقیکردنەوەمدا بێ ئەوەی ئەنجامەکان وەربگرمەوە چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە، هەر لە سەرەتایی هەڵبژاردنی بەشی پزیشکییەوە ئامانجم ئەوە بوو ببم بە پزیشکی پێشمەرگە.

بە دیاریکراوی لە مانگی ١٩٨٦/٩ پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، چوومە گوندێك کە بۆ یەکەمجارم بوو لە گوند بخەوم، کە بۆ من ژینگەیەکی نوێ و جیاواز بوو، بیرمە پێشتر لە دەنگی فیشەکی چالاکی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان لە ناو شاردا دەترسام، کەچی لە دواتردا خۆم بە کرداری چوومە ئەو ژینگەیەوە و بووم بە کارەکتەری بەشێك لەو چالاکییانە، بیرکردنەوەی من بۆ ژیان و ئەو چالاکییانەی کە دەمانکرد هەڤاڵمان لێ شەهید دەبوو، ئەمە وای دەکرد وەك وەفایەك درێژە بەو خەباتە بدەین، لێرەوە چوومە دەزگای ڕۆشنبیری کە هەڤاڵ ئازاد هەورامی لێپرسراوی بوو، هەڵبژاردنی ئەو دەزگایە دەگەڕایەو بۆ پەیوەندی پێشترم لە هەڤاڵ ئازاد هەورامی، واتە پێش پەیوەندیکردن دەمناسی و هاوڕێ بووین بەهۆی ئەوەی کە (سامانڵ)ی برام لای هەڤاڵ ئازاد هەورامی پێشمەرگە بوو، بۆیە دەستپێکی خەباتی پێشمەرگایەتیم لە دەزگای ڕۆشنبیرییدا بوو لە دۆڵی جافایەتی لە گوندی هەڵەدن، زۆربەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە و شۆڕش لەوێ چاپ دەکران و بڵاودەکرانیەوە.

شێوازی بە دەستخستنی دەرمانی ئێمە یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە بوو، یان لە وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگەی خەڵکی باوەڕپێکراوەوە بۆیان دەکڕین و دەیان نارد، یان لە کاتی زۆر پێویستیدا خەڵکمان دەنارده شار بۆ کڕین، لە کاتی کاری تەندروستیدا هەندێك جار پێشمەرگەکان یارمەتییان دەکردین، هەروەها پزیشکانی شۆڕش وەك پێشمەرگە لە شەڕەکاندا بەشدار دەبوون، لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا ٤ جار بریندار بووم، ئەوانیش (داستانی ڕزگاری، بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەرکردایەتی ساڵی ١٩٨٧ بە کیمیایی، شەڕی گرتنی کانی ماسی بە RBG، بۆردومانی گەلی زێوە بە کیمیایی)، هەروەها لە کاتی بەهاناوەچوونی بریندارەکانی حیزبی شیوعی و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە لە ناو بارەگاکانی خۆیان لەگەڵ شەهید دکتۆر هێمن و دکتۆر وریا بۆ ماوەی هەفتەیەك کوێر بووین و برادەران دەستیان دەگرتین، چونکە لە ناو چڕی کیمیاییەکەدا ئێمە نەشتەرگەرییەکەمان کرد، هەروەها ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دکتۆر وریا بە خراپی ژەهراوی بووین بە خواردنی مریشك کە زۆری نەمابوو گیان لە دەست بدەین.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ لە یەکەم کاری پێشمەرگایەتی و دکتۆری شۆڕشم لە شەڕەکانی داستانی ڕزگاریدا پیادە کرد کە بۆ من ئەزموونێکی نوێ بوو، یەکەم جارم بوو کە وا لەو نزیکەوە خۆم بەشداری شەڕی پێشمەرگانە بکەم، هەروەها ئەنجامدانی دەیان نەشتەرگەری بۆ خەڵکی ناوچەکە و بادینان بە گشتی کە ناوبانگی دکتۆرەکانی شۆڕش وا بڵاوبووەوە، کە خەڵك لە ناوچەی زاخۆوە دەهاتن بۆ چارەسەر بۆ نەخۆشخانەکەی (ی.ن.ك) لە ناوچەی ئامێدی نەخۆشخانەیەکمان دامەزراند کە بووە شوێنی تیمارکردنی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە.

لەسەر بەشداری کادیرانی تەندروستی لە شەڕدا هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: ئێمە وەکو بەرپرسی پێشمەرگە هەمیشە هەوڵی پاراستنی کادیرانی تەندروستیمان داوە، چونکە دەمانزانی هێزەکانمان چەندە پێویستیان بە پزیشکە، چونکە باوەڕمان وابوو دەتوانێت ژیانمان بپارێزێت، بۆیە بە پێی توانا نەماندەهێشت لە بەرەی پێشەوەی شەڕەکان نزیك ببنەوە، کەچی بەمە ڕازی نەدەبوون و پێیان دەگوتین: ئێوە، ئێمە بێ توانا ئەژمار دەکەن؟ نەخێر ڕازی نابین و بەشداری شەڕەکان دەبین و ئێمەش هەر پێشمەرگەین و

هیچمان لە ئێوە زیاتر نییە، ئەوان ژیانی سەدان پێشمەرگەیان ڕزگارکردووە و ژیانی هەزاران پێشمەرگەشیان لە ئەستۆدا بووە، بۆیە بەرپرسیارێتییان گەورە بووە، کە ئەگەر ئەوان لە شۆڕشدا نەبوونایە بێگومان سەدان پێشمەرگەی دیکەمان شەهید دەبوون(٦٩).

یەکەم شەڕی من لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا شەڕێکی بەرەیی بوو کە ئەویش داستانی ڕزگاری بوو، ئێمە لە هوو قۆلێکەوە خەڵکمان هەبوو من و دکتۆر هێمن و دکتۆر هیوا عەرەب، سەرپەرشتی بەرەکاتنی کونەکۆتر و خەجەلەرزۆك و شاخی دووبرامان دەکرد، کە بە تیپەکانی ٢٥ و ٥٧ و ٢٣ سپێردرابوو، ئەگەر نەتوانرایە برینداریك بهاتایەتە خوارەوە ناچار ئێمە دەچووین بۆ لای بریندارەکە، ئێمە ماڵێکمان کردبوو بە بنکەیەکی تەنردوستی، شەوێك گوێمان لە تۆپ بوو، کە چووین هەستمان کرد ئەو تۆپانە بەس تەپەی دێت ماتەقێتەوە، هەڤاڵان قادری حاجی عەلی و هاوڕێ نوری، شێردڵ حەوێزی، دکتۆر هێمن، دکتۆر هیوا و من، لەوێ بوون، باسی ئەوە کرا ئەو تۆپانە ناتەقنەوە، لەگەڵ دکتۆر هێمن چووینە دەرەوە زانیمان گازی خەردەلە، چونکە ئێمە خولی کیمیاییمان ببینی بوو، گوتمان بچنە شوێنێکی بەرز چونکە هەوا دەیگرێتەوە واتە لە مەودای کاریگەری کیمیایی دەردەچووین چونکە گازی کیمیایی قورسە دەنیشت، لەوێ هەڤاڵ نوری گوتی من نایەمە سەر شاخ لە ماڵەکاندا مایەوە عەدەد جیهازی تیپی ٢٣ بوو، ئێمە چووینە سەرشاخی کونەکۆتر، کە ڕۆژ بووەوە هاتینە خوارەوە، هەڤاڵ نوریمان لە خەو هەڵسان، گوتی: مادام کیمیایی نەیکوشتووم چا لێبنێن با نان و چایەك بخۆین، ئیدی لە داستانی ڕزگاری ئێمە چارەسەری خێرامان بۆ بریندارەکان دەکرد ئەگەر پێویستی بە نەشتەرگەری هەبووایە دەمان نارد بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو.

بریندارەکان لە شاخەکەوە بە کۆڵ دەهێنرا بۆ لای ئێمە، ئەوەی بیرم بێت برینداریکمان هەبوو پێشمەرگەی تیپی ٢٣ بوو هەر چوار ئێسکەکەی هەردوو قاچی شکابوو، لەگەڵ ئەوەی برینەکەی سەخت بوو کەچی دەیگوت خێرا بۆم بپێچن با بگەڕێمەوە فریای هاوڕێکانم بکەوم و بە تەنها نەبن، ئێمە تیشکمان نەبوو، بە پێی هەڵسەنگاندنی خرمان و بە دەست

---

(٦٩)– چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

لێدان ئێسکە شکاوەکەمان دەبردەوە ئاستی یەکدی و دەمان پێچا و بـە دار جێگیرمـان دەکـرد پاشان بە لەفاف دەماتن پێچا بۆ ئەوەی جووڵە نەکات، دواتر پێویست بوو لە جومگەیەك بۆ جومگەیـە جـێگیری بکـەین تـا هـیچ جووڵەیـەك نـەکات، دواتـر دەرزی و حـەبمان بـۆ دادەنـا، ئەگەر دڕاوی پێستیشی هەبووایە دەمان دوورییەوە، دواتر دەمان نارد بۆ بەرگەڵوو لـەوێ بـۆ دڵنیابوونەوە تیشکی بۆ دەگیرا، لـە دوای ئـەوە برینـدارێکیان هێنـا تووشـی خوێنەبـەربوونی سنگ بووبوو، ئێمە تیوبمان بۆ دانا و ڕێگەی هەناسەمان بۆ کردەوە، چونکە ئەگـەر ئـەوە بـۆ ئەو کەسە نەکرێت ناتوانێت هەناسە بـدات و دەخنکێت، لـە ڕاسـتیدا مـن هـەموو ئەوانـە لـە ژیانی خوێندنم فێر نەبوو، بەڵکو لە شاخ بە ئەزموون فێربووم، بە تایبەت لـە دکتـۆر هـێمن (ئـازاد ئەحمـەد)ەوە، کـە پزیشـکێکی زۆر زیـرەك بـوو، هەنـدێك برینـدار هـەبوو هێنـدە مەترسـیدار بـوو نەمانـدەتوانی هیچـی بـۆ بکـەین، تـەنها ئـەوە نـەبێت دوای فریـاگوزاری سەرەتایی بینێرین بۆ بەرگەڵوو، دواتر هەڤاڵ شـێردڵ حـەزێزی هـاواری دەکـرد فسفۆڕ لێـی داوم، کەچی نەدەپەرژاینە سەری، هەروەها هەڤاڵ پاڵە کە فەرماندەیی کـەرت بـوو لـە تیپـی ٢٥ی خاڵخـاڵان، هێنـدەی قازیفـە تەقانـدبوو گـوێی کـاس بووبـوو، هـەروەها بـە سـەختی برینـداریش بووبـوو، هەرچـەندە قسەمان لەگـەڵ دەکـرد گوێی لـێ نـەبوو، ئـەو کەسـەی کـە RBG دەتەقێنێت دوای تەقاندنی دوو بۆ سێ دانـە ئیـدی کـاس دەبـوو، چـونکە لەسـەر شـان دادەنرێت زۆر نزیکە لە گوێی کەسەکەوە، ئـەو کەسـانەش زۆر جار بـە ئەزموونـەکان بـوون ئـەو کارەیـان دەکـرد وەك فەرمانـدەی مـەفرەزە و فەرمانـدەی کەرتـەکان ئـەو ئەرکـەیان لـە ئەستۆ دەگرت، چونکە کارێکی ئاسان نەبوو، ئێمە دوای فریاگوزاری سەرەتای برینـدارەکانمان دەنارد بۆ بەرگەڵوو، ئەو داستانە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، ژمارەیەك شـاخ کەوتـە دەسـت پێشمەرگە دواتر پاشەکشەمان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا زیـانی پێشـمەرگە بەبـەراورد بـەو شـەڕە مە بوودواتر ماوەیەك چوومە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو.

دواتر ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد هەورامی چووین بۆ بادینان، کە نزیکەی ١٠٠ کـەس بووین، کە نە شوێنی من بوو نە شێوەزاری زمانەکەی من بـوو کەچـی لـە پێنـاوی باوەڕمانـدا ئامادەبووین لەسەر سنووری تورکیـا شـەهید بـبین کـە زۆر دوور بـوو لـە ژینگەکـەی منـەوە. لـەوێ ئـەرکی ئێمـە بـریتی بـوو لـە چارەسـەرکردنی تـەواوی برینـداران و نەخۆشـەکانی

پێشمەرگە هاوڵاتیان و هی حیزبەکانی دیکە بۆ ئەوەی ناوبانگێکی باش بۆ خۆمان و حیزبەکەمان پەیدا بکەین، تا بتوانین زووتر بچینە ناو خەڵکەوە، باشترین بەڵگەش کە ئێمە بێ جیاوازی خزمەتی خەڵکی ئەو دەڤەرەمان کردووە ئەوەیە کە تا ئێستا من پەیوەندی و هاتوچۆم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکە ماوە و سەردانیان دەکەم، لە ڕوویەکی دیکەوە سروشتی ژیانی گوندنشینانی ئەوێ لەگەڵ سنووری خۆمدا جیاوازتر بوو، کە وەك و شۆك وابوو بۆ ئێمە، بۆ نمونە ئافرەتی ئەوێ کاری دەرەوەی نەدەکرد وەکو ژنی شار هەر کاری ناوماڵی دەکرد، گوندەکان پاك و جوان بوو، بەبەراورد بە گوندەکانی ئێمە، هەروەها لە ڕووی خواردنەوە لە سنووری خۆمان خواردنەکەمان نانێکی تیری و قاپێك ماست بوو لەسەر سینییەك، کەچی لە گوندەکانی بادینان وەکو شار سفرە ڕادەخرا و دەڕازێنرایەوە، لەوێ خەڵك زۆر بە سروشتی هاوتوچۆی شاری دەکرد، واتە فشاریان زۆر لەسەر نەبوو، هەروەها چالاکی لەو سنوورە زۆر کەم بوو، لەبەر ئەوە حکومەتیش فشاری زۆری نەدەخستنە سەر، زۆر گوند هەبوو تەنانەت کارەبای هەبوو، بۆیە خەڵکی ئەو سنوورانە لە ڕووی پێکدادانە چەکدارییەکانەوە لەگەڵ حکومەتدا کەمتر کێشەیان هەبوو، ئەو هێزەی ئێمە هەموو گەنج بووین، بۆ ئەوەی خەڵك نزیکمان نەبێتەوە و نەبن بە لایەنگرمان پ.د.ك لەوێ وتەیەکی لەسەر ئێمە بڵاوبووەوە کە ئەویش ئەوەبوو: "ئەم پێشمەرگە جەلالییانە هەموو گەنج و خوێندکارن کە خوێندنگە کرایەوە هەموویان دەگەڕێنەوە، بۆیە متمانەیان پێ مەکەن و تێکەڵیان مەبن".

کارێکی دیکەی ئێمە گواستنەوەی چەك بوو، زۆر جار ئاو دەهاتە ڕێگەمان، بۆ نمونە زێی گەورە، ناچار بە کەڵەك دەپەڕینەوە، زۆر جار ئەو کەڵەکانە هێندە بە خراپی دروست دەکرا زۆر بە ترسەوە سەردەکەوتین و بە سەوڵ لێدان دەگەیشتینە ئەوبەر، کاتەکەی بەهار بوو ئاوەکە لرفەی دەهات لە زۆریدا، دواتر بە چەند ولاخێك چەکەکەمان بۆ سەر شاخ سەردەخست هەتا ئەو کاتەی ڕێگەی ولاخ نەما چەکەکان بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەش کرا و خۆمان هەڵمان گرت، لەو ڕێگایە لەسەر ڕاسپاردەی هەڤاڵ ئازاد هەورامی دوو ئاژەڵمان کڕی، کە بەڕاستی هێندەی نەبرد کەوڵ کرا و ورد کرا و خورا و هیچی نەمایەوە، چونکە ئێمە سەد پێشمەرگە زیاتر دەبووین، ئەو کە بەڕاستی نەدەبڕایەوە، لە ڕێگادا ئێمە بە

کاروانێکی درێژ بە دوای یەکدا دەڕۆیشتین، ئەگەر ئەوانەی دواوە بیانویستایە پەیامێك بگەیەننە هەڤاڵانی پێشەوە یەك بۆ پێش خۆی دەیانگوت بیگەیەنە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو وتەیە زۆر بە کاردەهات ئەویش (بیگەیەنە) بوو، ئیدی بەو شاخە هەزار بەهەزارەدا هێندە سەرکەوتین و هەر نەدەگەیشتین پێشمەرگە گەرمیانییەکان بە گاڵتەوە: "بیگەیەنە، کەس دەست نەدات لە ئەستێرە".

ئێمە وەکو پزیشك بریتی بووین لە دکتۆر هێمن، دکتۆر وریا، دکتۆر هیوا، دکتۆر ئیسماعیل، دکتۆر ئارام (سامی) و بەندە، هێزەکەی ئێمە کە ئەوەی بیرم بێت هەڤاڵ وەستا سابیر کە فەرماندەیی کەرت بوو لە تیپی ٢١ کەرکوك هەروەها هەڤاڵ ڕزگار عەلی ئەویش فەرماندەیی کەرت بوو لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لەگەڵ هەڤاڵ پاڵە کە لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان شەهید بوو، بیرمان لە چالاکییەك کردەوە، برادەرانی پ.د.ك هاتن بۆ لامان گوتیان ئێمەش دەمانەوێت لەو چالاکییە لەگەڵتان بەشداربین، ئیدی بڕیاری چالاکیماندا، کە بریتی بوو لە گرتنی ناحیەی کانی ماسی، ئێمە وەك ی.ن.ك بووین بە سێ بەشەوە من بەر قۆڵەکەی هەڤاڵ کاوە کەوتم، برادەرانی پ.د.ك شوێنە خراپەکانیان بۆ ئێمە دانا، کە بریتی بوو لە بڕینی ڕێگای هێزی سەربازی بوو بۆ کانی ماسی، ئەوەی بۆ ئێمە دانرا بارەگای سێ فەوجی جاش بوو، لەگەڵ بارەگای فەوجێکی سەربازی، ئەو شەوە ئێمە سێ بۆ چوار جار ڕێگامان ون کرد و کەوتینە ناو کێڵگەی مینەوە، چونکە ڕێنیشاندەرەکەمان زۆر شارەزا نەبوو، دواتر بە بازدان بەسەر بەرد بۆ بەرد کشاینەوە، لە ڕێگەیەکی دیکەوە چووین بارەگاکانمان گرت، سروشتی سەرکەوتن وابوو، تەپڵی سەرکەوتن لێدەدرا، تەپڵەکەش بریتی بوو لە دەرکردنی ئاوازێك لە دەنگی گوللە، کە هەمان ئازازی تەپڵی سەرکەوتنیان پێ دەردەکرد، ئەو شەوەی کە ئەو بارەگایانەمان گرت، من لەسەر شاخەکە و لە ناو سەنگەرەکان کەوتم بەسەر شیشێکدا و بریندار بووم، بۆ سبەی دووبارە هێرشمان کرد و تەواوی بارەگاکانی فەوجەکانمان گرت، لەو شەڕە یەك بریندارمان هەبوو، چارەسەرمان بۆ کرد، لەو شەڕە سوپا و جاش زیانی زۆری بەرکەوت، تێیدا سەرۆك جاشێك کوژرا، دوو مستەشار بە دیل گیران لەگەڵ ١٤٣ دیلی دیکەدا، لە کاتێکدا ئێمە ٢٥ پێشمەرگە بووین.

لە تەنیشت کانی ماسی گوندێك هەبوو، ژمارەیەك برینداری جاش لەوێ دانران، دەستمان کرد بە چارەسەرکردنیان، یەکێك لە جاشەکان بریندار بوو فیشەکێك لە سنگی دابوو لە پشتی دەرچوو بوو، من لەو گوندە چارەسەرم بۆ دەکرد، موغەزیم بۆ هەڵواسی و دەستم کرد بە چارەسەرکردنی، هەروەها چەندین برینداری دیکەی لێ بوو، جگە لە برینداری جاشەکان هەرچی لەو ناوە بوو من وامدەزانی پێشمەرگەی سەر بە (پ.د.ك)ن، چەکدارێك لەو نزیکانە بوو، بە جلی کوردی و چەکەوە من وامزانی پێشمەرگەی (پ.د.ك)ە، پێم گوت کاتێك من سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەم بریندارانەم تۆ ببە بە پاسەوانی من، گوتی باش، ئیدی چەند جارێك دوور دەکەوتمەوە و دەهاتمەوە هەر لەگەڵم بوو، لەو سەرووبەندەدا دکتۆر وریا گەیشتە لام، گوتم کاکە ئەگەر بریندارتان لا نییە، یارمەتی من بدە، دکتۆر وریا گوتی خەریکە دەرمانمان نامێنێ، بۆچی ئەم بریندارانە نەنێرین بۆ لای برادەرانی پ.د.ك بڵێین ئەم بریندارانە هی قۆڵەکەی ئێوەیە، ئیدی بەو کەسەم گوت کە بەچەکەوە ماوەیەك بوو پاسەوانی دەکردم، گوتمان تۆ ئەم بریندارانە ببە بۆ لای هێزەکەی خۆتان، گوتی کام هێز؟ گوتمان پ.د.ك، گوتی خۆ من پارتی نیم، گوتمان ئەی تۆ چیت؟ گوتی من جاشم، ئیدی ئەوە بۆ من شۆکێکی زۆر ناوخۆش بوو، چونکە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لەو ماوەیەی کە لەگەڵم بوو من بکوژێت، دۆخەکە بووە مەترسی لەلامان، چونکە پێشمەرگە و (جاش)مان بۆ لە یەك نەدەکرایەوە، ئیدی چەك و دەمانچەمان لەو جاشە سەند و بەرێمان کرد.

ئیدی ئەو ژمارە زۆرەی جاشمان بۆ بارەگای سەرەکی خۆمان لە گەلی بازێ گواستەوە، کە بەڕاستی مەترسیدار بوو، چونکە زۆر لە ئێمە زیاتر بوون، لە ڕێگا قسەی خۆشمان بۆ دەکردن، دەمانگوت تازە پێشمەرگەن و ئێوە ئازادن، بۆ ئەوەی هەڵگەڕانەوە ڕوونەدات، ئێمە لە گەلی بازێ سێ بارەگامان دروست کرد، نەخۆشخانەکەمان لە نێوانیان بوو، دوو بارەگای یەکێکیان لە بەرزی و ئەوەی دیکە لە نزمی بۆ پارێزگاری لە بارەگای سەرەکی دروست کرد، ئیدی یەك لە دوای یەك چەکەکانی جاشەکانمان تۆمار کرد و لە جبەخانە دامان نا و دیلەکانیشمان زیندانی کرد، یەکێك لەو دیلانە سەرۆکجاش بوو، پ.د.ك زۆر داوای دەکرد کە ڕادەستی بکەین، ئەویش (سادق سندی) بوو، بە جۆرێك هێندەی نەمابوو شەڕی براکوژی

لەسەر دروست بێت، کەچی هەر ڕادەستمان نەکرد، دیار بوو دوژمنایەتییەکی کەسیی لەگەڵ سەرانی پ.د.ك هەبوو، دواتر بۆ بارەگای مەڵبەند گواستمانەوە کە هەڤاڵ ئازاد هەورامی لەوێ دادەنیشت، واتە لە ناو گەلی زێوە، هەروەها بارەگای حیزبی شیوعییش لەوێ بوو.

لەوێ ماوەیەك بوو گۆشتمان نەخواردبوو، چونکە نەبوو، خەڵکی گوندەکان دەچوونە ئۆدوگاکان و دهۆك پێویستییان دەهێنا، هەروەها لە سنووری بادینان ئەگەر کەسێك نەخۆش بووایە و نەیتوانیبا بێت بۆ لامان، دەبوو ئێمە بچین، من چووم بۆ لای نەخۆشێك، کابرایەك هات دوو مریشکی بەستووی پێ بوو، ئەو کات پێیان دەگوت مریشکی بەڕازیلی، لە شارەوە هێنابووی، گوتی لێم بکڕن، ئێمەش کڕیمان و دکتۆر وریا گوتی من لێی دەنێم، منیش گوتم هەتا دەکوڵێت دەچم بۆ ناو گوند لەو سەریشەوە هەڤاڵ ئاسۆ لەگەڵ خۆم دەهێنم، کە کوردی بەغداد بوو، زۆر گورجوگۆڵ بوو، کە هاتینەوە نانمان خوارد، هەڤاڵ ئاسۆ چوو بۆ ئێشکگری، من و دکتۆر وریاشماینەوە پاش چەند کاتژمێرێك ویستمان بخەوین، هەستم کرد گیانم گەرم بووە مێرووله دەکات و تام لێ بوو ئازار بە سکماندا دەهات، بۆ دکتۆر وریام باس کرد، گوتی وەڵا منیش وام، ئەو سەردەمە تازە هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش دەرمانخوارد کرابوو، دکتۆر وریا یەکسەر گوتی هەڵسە کاکە دەرمانخوارد کراوین، گوتم چۆن شتی وادەبێت، گوتی هەڵسە با فریای خۆمان بکەوین، دەرمانی ڕشانەوەمان لابوو، خواردمان، بەڵام نەدەرشاینەوە، واتە نەدەرشاینەوە نە سکمان دەچوو، کە دوو ڕێگەی باشن بۆ کەمکردنەوەی دۆخی ژەهراوی بوون، تەنها هەر هەردووکمان بووین، هەر ئەوەندەمان پێ کرا کۆڵەپشتەکەمان هەڵگرت و چووینە خوارەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، گەیشتین بە هەڤاڵ ئاسۆ و گوتمان ئاسۆ هەست بە هیچ ناکەی؟ گوتی نا بۆچی؟ گوتمان دەرمانخوارد کراوین، کە هەواڵەکەی بیست یەکسەر کەوتە سەر زەوی و هێزی لێبڕا، هەڤاڵان مەفرەزەیەکیان خستە ڕێ و چوون کابرای مریشك فرۆشیان هێنا، پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کابرا لە شارەوە مریشکی بەستووی هێناوە بۆ فرۆشتن و دوو ڕۆژ لە ماڵی خۆیدا هەڵیواسیوە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژە مریشکەکان تێك چووبوون، ئێمەش ئەو مریشکە خراپبووەمان لێ کڕی بوو، ئەو هیچ تاوانێکی نەبوو، ئێمە گەدەمان تووشی تەسەمومێکی خراپ بووبوو، نەك ئەوەی دەرمانخوارد کرابین، خراپترین

جۆری تەسەموم بوو، چونکە نەدەڕشاینەوە نەسکمان دەچوو، واتە کەم کەس لەو تەسەمومە ڕزگاری دەبێت.

ئێمە بەو دۆخە خراپەو ماینەوە، ناچار چووین داوایان لە برادەرانی پ.د.ك کرد تا پزیشکێکمان بۆ بنێرن، کەچی ئامادەنەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا پروپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردبووەوە گوایە جەلالییەکان هەرچی دکتۆریان هەیە دەرمانخوارد کراون و مردوون، خەڵکی دڵسۆزی گوندەکان زوو هاتن بە هانامانەوە، بەڵام ئەوان هیچیان پێ نەکرا، ئێمە پێویستمان بە پزیشك بوو، چونکە لای برادەرانی حیزبی شیوعی کەچی پزیشکیان لەوێ نەبوو، بڕیاردرا جیهاز بکەین بۆ مەڵبەندی خۆمان تا پزیشکی ئەوێمان بۆ بنێرن، تا دکتۆر هێمن ڕابسپێرن بگەڕێتەوە، جیهازەکەمان نەکەوتە کار، لە ڕێگەی حزبی شیوعییەوە جیهازمان بۆ مەڵبەند کرد، دکتۆر هێمن کە هەواڵەکەی بیستبوو، هێندە بە خێرایی هات ڕێگای سێ ڕۆژی کرد بە یەك ڕۆژ، واتە لە گەلی زێوێ هەتا گەلی بازێ بەپێ بێ وەستان هاتبوو، کە گەیشتە لامان بەجۆرێك ڕەش هەڵگەڕابووین نەیناسینەوە، یەکسەر چارەسەری پێویستی بۆ کردین، گوتی بەبەختن، دەنا ئەم جۆرە تەسەمومە دەبوو یەکسەر بتانکوژێت، دەرزی بۆ کردین و موغەزی بۆ هەڵواسین، دکتۆر وریا بڕوای نەبوو بمێنین، شەو دەیگوت مەخەون هەڵسن تەپڵ لێ بدەن با دڵم خۆش بێت من کاتژمێر پێنجی بەیانی دەمرم، بەڵام دواجار ڕزگارمان بوو.

ئیدی ئێمە تا ئەنفالی بادینان ماینەوە، ئەوەی ماینەوە بریتی بووین لە هەڤاڵان یاسینەڕەش و هیوا هەورامی، هەڤاڵ یاسینەڕەش بەرپرسی دارایی مەڵبەند بوو، دەبوو لێی بپاڕێینەو تا ئاژەڵێك بکرێت و بۆمان سەر ببڕێت، زۆر جار کە زۆرمان لێ دەکرد بیکرێت، بە گاڵتەوە بە پێشمەرگەکانی دەگوت باشە بچن بیکڕن، کاتێك دوو پێشمەرگە دەکەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی بچن ئاژەڵەکە بکرن، ئەویش دەیگوت بچن بەس لەسەر گیرفانی خۆتان، ئیدی پێشمەرگەکان ناچار دەگەڕانەوە.

ئێمە لە ئەنفالدا بووین بە دوو بەشەوە، ویستمان بچینە ئێران و لەو دیوەوە بێینەوە ناوچەی خۆمان و کەسوکارمان بانگ بکەین تا بیان بینینەوە، ڕێگای چوونمان بە جۆرێك

بوو دەبوو لە شاخی گۆڤەندەوە، بچینە خاکی تورکیا و لەوێ بێینەوە ناوەوە بۆ عێراق و ئینجا بچینە خاکی ئێرانەوە، ئێمە لەو ڕێگایە ئاگادارکراینەوە کە لەلایەن تورکیاوە چاودێری دەکرێین، بۆ ڕۆژی دواتر هەلیکۆپتەر گەیشتە سەرمان، ناچار دابەش بووین تا بەرگری لە خۆمان بکەین، دواتر بە خۆشاردنەوە و بە چەند ڕێگایەك خۆمان ڕزگار کرد، گەیشتین بە چەند گوندێك هەمووی چۆڵکرابوو، چونکە سوپای عێراق بە تەواوی نزیك بوو لێمانەوە، بەڵام بێ ئاگابووین تا لە لایەن گوندنشینێکەوە ئاگادارکراینەوە کە بۆ کەلوپەلی ماڵەکەی بە وڵاخێکەوە گەڕابووەوە، لێمان پرسی، گوتی ئەگەر بەم ڕێگایەدا بچنە خوارەوە ئەوا تووشی سوپای عێراق دەبن، ڕێگاکەتان هەڵەیە، بۆیە ڕێگاکەتان بگۆڕن، بە ڕێگایەکی دیکەدا بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ، لەو سنوورانە هەڵساین لە بڕینی دەرقاچی شەرواڵەکانمان تا وەکو شێوازی شەرواڵی ناوچەی بادینانی لێ بێت، هەروەها جامانەی سوورمان پەیدا کرد، تا کەسی نەمان ناسێتەوە، لەسەر سنووریش چەکەکانمان دانا و بە ئۆتۆمبێل کەوتینە ڕێ، هەروەها هەندێك بەڵگەنامەی مەڵبەند و پارەمان پێ بوو، ئێمە دوو کەس بە وڵاخ ڕۆیشتین تا ئەو کەلوپەلانە نەکەوێتە دەست کەس، لە ناوەوەی ئێران بە سنووری بارەگای (پ.د.ك)دا ڕۆیشتین، واتە پێویستمان بە مۆڵەتی ئەوان بوو، ئەو ڕێگایەی کە بڕیار بوو بە شەش ڕۆژ بیبڕین ئێمە بە مانگێك و شەش ڕۆژ بڕیمان، وامان لێهاتبوو لە هەندێك شوێن لە برسا گیامان دەخوارد، کە گەیشتین من ٥٣ کیلۆم مابوو، جلەکانمان ڕزی بوو، سەر و ڕیشمان هێندە هاتبوو نەدەناسراینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پ.د.ك ڕێگەپێدانی بۆ نەکردین، زۆریان بەلاوە سەیر بوو بە سۆرانی قسەمان دەکرد، تا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی پ.د.ك کە ئۆتۆمبێلی پێ بوو ڕێکەوتین بمانگەیەنێت، گوتی لە بازگەکان ئۆتۆمبێلی ئێمە ڕاناگرن، سەرکەوتین و کەوتینە ڕێ، پێشمەرگەکە ئێستگەکەی خۆیانی کردەوە بروسکەی مەسعود بەرزانی کە بەهۆی شەهید بوونی هەڤاڵ ئازاد هەورامییەوە ناردبووی بۆ ی.ن.ك خوێنرایەوە، لەوێ زانیمان کە شەهید بووە، کە ٣١/ئابی ١٩٨٨ بوو زۆر پێی تێکچووین.

ئیدی گەیشتینە سنووری خۆمان، لە بری هەڵگرتن و گەیاندنی ئەو پارە زۆرەی ی.ن.ك کە نزیکەی ١٠٠ هەزار دیناری سویسری بوو، من ئەو پێشمەرگەیەی هاوڕێم یەکی ١٠٠ دینار دیاریمان وەرگرت، لە کاتێکدا ئێمە لە تورکیاوە لە ڕێگەی (UN)ەوە دەمانتوانی هەرچی

ولاَتێك بمانەوێت بۆی بچین، ڕاستەوخۆش ئیقامەکەمان وەردەگرت لە کاتێکدا ئەو پارە زۆرەشمان پێ بوو کە دەمانتوانی بۆ هەتایە شاهانە پێی بژین، واتە ئێمە لەو ١٠٠ کەسەی کە لە بادینانەوە کەوتینە ڕێ کە گەیشتین ١٥ کەسمان مابوو، واتە بە مان و نەمان ئاگامان لەوانەی دیکە نەمابوو، دواتر چووینە شنۆ بۆ گەرماو، پێش ئەوەی بگەین شەوان کۆدەبووینەوە بزانین لەو کاروانە پێشمەرگەیە کێ ماوە و کێ نەماوە، ئەوەندە ڕێگاکە مەترسیدار بوو، لەوێ هەڤاڵێکمان بە ناوی تەها هێندەی برسێتی چەشتبوو دەیگوت بەس بگەمە ئێران بەڵێن بێ بە مەتر کەباب بانگ بکەم، کە چووینە ئەو گەرماوە لە مرۆڤ نەدەچووین لە جنۆکە و شتی وا دەچووین، هەموو پیس و چڵکن و سەروڕیش هاتوو لاواز و جلی دڕاو، ئیدی دوای گەرماو کردن هاتینە دەرەوە خاوەنی گەرماوەکە جلی بۆ ئامادەکردبووین، مێزێکی گەورەی دانابوو، پڕی سەری کردبوو لە خواردنی جۆراوجۆر، ئێمەش دەستمان کرد بە نان خواردن هێندە دەمێك بوو خواردنی خۆشمان نەخواردبوو، هەر یەکێك لە ئێمە دەویست خۆی بە تەنها ئەو هەموو خواردنە بخوات، ئێمە مشەوەشی نانخواردن بووین، کابرای خاوەن گەرماوەکەش بە دیارمانەوە دەگریا، دواتر لێمان پرسی هۆکاری ئەو گریانەی چی بوو؟ گوتی من دوو کوڕم پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، ئێوە دەبینم ئەوانم بیر دێتەوە، وادەزانم ئێستا دۆخی ئەوان وەك دۆخی ئێستای ئێوە وایە.

دواتر چووینە قاسمەڕەش پاشان بۆ سەرکردایەتی ئیدی بەوجۆرە تا ڕاپەڕین ماینەوە، لە ئێران ئۆتۆمبێلێکی فریاگوزاریمان وەرگرتبوو بۆ ڕێگای قاسمەڕەش و سەرکردایەتی بە کارمان دەهێنا، یەك ساڵ دوای شەهید بوونی هەڤاڵ ئازاد هەورامی و لە ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٨٩ دکتۆر هێمن بەو ئەمبولانسە وەرگەڕا و لە شاخێکەوە کەوتە خوارەوە و شەهید بوو، کە یەك ڕۆژ پێش ئەوە بەرنامەی ژن مارەبڕین ئەنجام بدات، ئیدی ماینەوە تا دروستکردنی مەفرەزەکانی پارتیزانی، من هەر لە قاسمەڕەش مامەوە، بیرمە دکتۆر هاوڕێ وەك دکتۆر بەشداری خەباتی پارتیزانی بوو، ئەوکات دکتۆری عێراقی لە ئێران ڕۆڵی زۆر بوو، ئێمە بەناوبانگ بووین و درێژەمان بە کاری پزیشکی و پێشمەرگایەتی لە نەخۆشخانەی قاسمەڕەش، دواتر سەرکردایەتی پێشمەرگەیان سەرپشك کرد لەوە دەتوانن خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکەنەوە یان بچن بۆ ئەورووپا یان دەتوانن بمێننەوە، بەهۆی ئەو بڕیارەوە

ژمارەیەکی زۆرمان خۆیان ڕادەستکرد و ژمارەیەکی زۆریان چوونە ئەوروپا، هەندێکیشمان لە ئێران هەتا ئێستا ماونەتەوە، من ئەو هەڵەیەم کرد نەمامەوە، چونکە دوو تاقیکردنەوەم کردبوو دەبووم لە پزیشکی پیسپۆڕ.

ئیدی تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد مامەوە، لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینم کرد دەستم بە تیماری خەڵکی پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیو کرد تا ئازادکردنی کەرکوك بەردەوام بووم، لە کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستان لە نەخۆشخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە بانە کاری پزیشکیم بۆ ئاوارەکان درێژە پێدا، دواتر وەکو پزیشکی سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال بەردەوام بووم، لە ساڵی ١٩٩٢ ئەوکاتەی ماڵی هەڤاڵ مام جەلال لە هەولێر بوو، لە سەردانێکیدا بۆ سەری ڕەش تیمی تەندروستی ئێمە بە دوای کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هەڤاڵ مام جەلالدا بە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن دەڕۆیشتین هێندەمان پەلە کرد لە ڕێگا وەرگەڕاین، کاتێك چاوم کردەوە بینیم لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێرم، بۆ ئێوارەکەی هەڤاڵ مام جەلال سەردانی کردین، من یەك مانگی تەواو لە جێگە کەوتم، چونکە لە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە پەڕی بووم و لە دوای ئەو ڕووداوە چوومە کەرتی تەندروستی و لە ساڵی ١٩٩٨ بەشداری دامەزراندنی سەندیکای تەندروستی کوردستانم کرد و تا ئێستا لەو سەندیکایە بەرداوەمم لە کارکردن، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی سەندیکام، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ساڵی ١٩٩١ هاوسەرگریم کردووە، باوکی دوو کچ و کوڕێکم[٧٠].

---

[٧٠]- چاوپێکەوتن لەگەڵ شەماڵ ئەحمەد محەمەد مەعروف (د. شەماڵ)، ٢٠٢٢/٨/٢٨، سلێمانی.

## شوان کەریم حەمەڕەزا (دکتۆر شوان)

ساڵی ١٩٨٢ کە ئەو کات تازە تەمەنی حەڤدە ساڵانم تێپەڕکردبوو، بەشێوازی خۆبەخش و ئارەوومەندانە، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی پەیوەندیم بە خوێندنی بواری تەندروستی سەربازی کرد، کە ماوەی خوێندن دوو ساڵ بوو، بەراورد دەکرا بە ئاستی ئامادەیی، دەرچوو تیایدا لە یەکێك لە یەکە سەربازییەکاندا دەبووە مەفرەزەی پزیشکی (المفرزة الطبية).

لەو سەرووبەندەدا جەنگی عێراق-ئێران گەیشتبووە ترسناکترین ڕۆژە سەختەکانی، هەر ڕۆژێك لە یەکێك لە بەرەکانی شەڕەوە کە بە درێژترین پێوانە و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێی پڕ چەك، ئەژمار دەکرا، ڕۆژانە و بێ پشوودان هێرشی دڕندانە و خۆڕاییی، لەلایەن هەردوو لاوە لەبەرامبەر یەکتردا ئەنجام دەدرا، تێیدا جۆرەها چەکی سووك و قورسی ئەو سەردەمەی تێدا بەکاردەهات و تاقیدەکرایەوە، بە نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤ لە سەرباز و خەڵکی سڤیل و بێ بەرگری بوونە قوربانی ئەو جەنگە نەخوازراوە.

لەو جەنگە قورسەدا بۆ ئێمەی تایبەتمەند، هەموو ساتەکانی گەرچی سەخت بوون، بەلام وانەی کرداری پڕاوپڕ خوێندنگەیەکی لە ئاست کۆلێژی پزیشکیدابوو، کە پێشتریش بەبێ خوێندن لەسەر ئاستی خولەکە بە پلەی دووەم دەرچووم، بەڵام بەهۆی ئەو هەموو بەرکەوتە و بریندار و نەخۆشە جۆراوجۆرانەی لە پێکان و ڕووبوڕووبوونەوەی تۆپبارانی قورس و نەخۆشی و پەتای جۆراوجۆر تا گەیشتن بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و هێرشبردن و بەکارهێنانی سەگی هار و گورگ بەرەو سەنگەرەکانی یەکدی هەموو پێکەوە توانیمان شارەزاییەکی باشی کرداری لە هەموو ئەوانەدا بەدەستبهێنین، بەتایبەتی نەشتەرگەریی بچووك و تەداوی و چارەسەری خێرا و فریاگوزاری و پێدانی چارەسەر بۆ نەخۆشی قەرەوێڵەیی و سەرپێیی، لە هەموو ئەو بوارانەدا پشتمان بەخۆمان بەست و باشترین خزمەتگوزاریمان پێشکەش کرد.

پاش ماوەیەك كاركردنم لە یەكە سەربازییەكاندا ڕێگەی دووەمم هەڵبژارد، كە بریتی بوو لە پەیوەندیكردنم بە شۆڕش و ڕیزەكانی (ی.ن.ك)ەوە، كە بووە ئاڕاستەی دووەمی ژیانم.

لە یەكەم وێستگەی قوناغی نوێی خەباتم پەیوەندیم بە تیپی ٥٥ی قەرەداغەوە كرد لە گوندی تەكێی ناوچەی قەرەداغ، بووم بە پێشمەرگە، پاشان بە هاوەڵی هەڤاڵ حەسەن عەلی حەمەڕەزا كە ئامۆزام بوو، ماوەیەكی زیاتر لەپێش منەوە پێشمەرگە بوو، بەرەو هەندەران بەڕێكەوت و منیش خۆم گەیاندنە نەخۆشخانەی سەركردایەتی، ماوەیەك لەوێ مامەوە، دواتر گواسترامەوە بۆ كەرتی ڕێكخستنی دووكان و لەو كەرتەشدا ماوەیەكی زۆر مامەوە لای هەڤاڵ فەرهادی سجن، لەم كاتەدا قۆناغی گفتوگۆی نێوان سەركردایەتی ی.ن.ك و حكومەتی عێراق دەستی پێكرد.

دواتر بەهۆی پێویستی زۆریان بە دكتۆرێك، كەرتی یەكی شەهید سەلاحی موهەندیس سەر بە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە ناوچەی دۆڵەڕووت گوازرامەوە، سنووری تیپەكە ناوچەیەكی بەرفراوان بوو، پێش من شەهید دكتۆر جەزا لەوێ بووبوو.

ئیدی لێرەوە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و دۆڵەڕووت بوونەماڵی دووەم، لە نێو پێشمەرگە ئازا و چەلەنگەكانی ئەو تیپە و گوندنشینانی ناوچەكەدا خۆم بۆ پیاوان و خێزانەكەشم كە زۆربەی كات هاوڕێم بوو بەناوی بەیان حسێن كە خوشكی سێ شەهیدی قارەمانی شۆڕشی نوێ بوو ئەویش بۆ ژنان كچانی گوندنشینەكان بووینە ئازارشكێنی خەڵكی و جێگەی ڕەزامەندییان.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا لە هەموو ئەو ناوچە و نەخۆشخانە و تیپ و كەرتەكانەی بەر لە گەیشتنم بە تیپی ٤٧ بە گشتی چەندین پێشمەرگە و نەخۆشی گوندنشینانمان لە ژنان و لە پیاوان چارەسەركردووە، هەروەها لە هەموو جۆرەكانی بواری تەندروستیدا چارەسەری منداڵانمان كردووە، لە پێناو كەمكردنەوەی ئازارەكانیان كەمتەرخەم نەبووین، لە چەندین جەولە و چالاكیدا بەشداربووم، خۆشبەختانە لەو ماوەیەدا ڕێكەوتی هیچ جۆرە ڕووداو و برینداریێكی قورس نەبووم، زیاتر خەڵكی گوندەكان سوودیان لە شارەزاییەكەم وەرگرتووە، بەتایبەتی منداڵان و ڕووداوی پێوەدانی مار و مێرووی

زیانبەخش و ترسناك، تا ئێستاش لە سەردانمان بۆ ئەو ناوچانە بە چاوی ڕێزەوە لێمان دەڕوانن[٧١].

[٧١]– چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان کەریم حەمەڕەزا (د. شوان)، ٢٠٢٣/٧/٢٦.

## شۆڕش سەلیم ئیبراهیم محەمەد (دکتۆر شۆڕش)

لە ساڵی ١٩٦٥ لە شارباژێر لە دایکبووە و قۆناغەکانی خوێندنی هەر لە سنووری شارباژێڕ، دواتر پەیمانگای تەندروستی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٤ چووتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕیندا لە ئازمەکی شارباژێڕ شەهید بووە[٧٢].

[٧٢]– لە بەڕێز عەبدوڵڵا شۆڕش سەلیم، کوڕی د. شۆڕش وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

# شێرکۆ حەمید حەمەساڵح ئەمین (دکتۆر سیروان)

شێرکۆی برام لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، باوکم سەرقاڵی پیشەی فرۆشتنی قوماش بووە، لە ڕووی ئابوورییەوە خێزانێکی مامناوەند بووین، قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنگەی خەبات و ناوەندی و ئامادەیی لە خوێندنگەی زێوەر تەواوکردووە، دواتر چووتە شاری بەغداد بۆ تەواوکردنی خوێندن و لە پەیمانگای تەندروستی وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٧٦ەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە هەبووە، لە شاری بەغداد لە کاری ڕێکخستن بەردەوام بووە، دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەی بە ڕێکخستنەوە ناچار دەستبەرداری خوێندن دەبێت و هەڵدێت و دەگاتە شاخ.

ناوی نهێنی دکتۆر شێرکۆ لە شاخ بریتی بووە لە دکتۆر (سیروان)، لە نەخۆشخانەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری کردووە، یەکێك لە کارەکانی دکتۆر سیروان بریتی بووە لە هێنانی دەرمان لە سوریاوە بۆ شۆڕش، چونکە شۆڕش سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە بوو، زۆر پێویستیان بە دەرمان هەبوو، دکتۆر سیروان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نوێنەرایەتی ی.ن.ك لە سوریا و حزبە سورییەکان هەبوو، تەنانەت دوای لە سێدارەدانی ناڕەزایەتییەکی زۆری لە سوریا لێکەوتەوە.

دوای نزیکەی دوو ساڵ لە مانەوە لەناو شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن سەرکردایەتی ی.ن.ك دکتۆر سیروان ڕادەسپێردرێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ناپاکێك لە شاری کەرکوك کە دەستی بە خوێنی پێشمەرگە سوور بوو، لە شاخەوە دکتۆر سیروان لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بە نهێنی بەرەو شاری کەرکوك بە ڕێدەکەون، ئەو چەکەی کە بۆ تۆڵەکردنەوە پێیان درابوو لەگەڵ چەند ڕوومانەیەکدا لەناو مەنجەڵێکی ماستدا شاردوویانەتەوە تا گومانی لێ نەکرێت و لە پشکنیندا دەرنەچێت، بە هەمان شێوە گەیشتنە کەرکوك و چەکەکە و ڕوومانەکانیش گەیشتە کەرکوك، دوای دوو ڕۆژ لە مانەوە لە ناو کەرکوکدا کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکە دەستی پێکرد، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو پێشمەرگەیەی گە لەگەڵیدا هاتەوە شار بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەت هەبووە، لەو دوو ڕۆژەدا لە ناو

کەرکوك زانیاری تەواوی لەسەر دکتۆر سیروان دابوو بە دەزگا ئەمنییەکان، هاوکات ئەو کارە بۆ دکتۆر سیروان زۆر چاوەڕواننەکراوبووە، بۆیە بە ئاسانی ئاشکرابوو، چونکە زانیارییەکان زۆر ورد بوون و بواری خۆڕزگارکردنی بۆ دکتۆر سیروان نەهێشتبووەوە، بۆیە لە کۆتاییدا پێش ئەنجامدانی چالاکییەکە لە چایخانەی سەرچنار دەستگیرکرا.

دوای دەستگیرکردنی دکتۆر سیروان باوك و برایەکی دیکەم لەگەڵیدا دەستگیرکران، لە زیندان زۆر ئەشکەنجە درابوون، تا زانیاری ڕێکخستنەکان بدرکێنن، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر ئەشکەنجەی دکتۆر سیروان دەدەن، هەرچەندە بەڵگەی تەواوی لەسەر بووە، بەڵام هیچ زانیارییەك نادرکێنێت، لە کۆتا جاردا بەڕێوەبەری ئەمن چەندین بەڵێنی جۆراوجۆر بە دکتۆر سیروان دەدات، کە ئەگەر دانبنێت بە ڕاستییەکاندا هەمووی بۆ جێبەجێ دەکات، لە پەرچەکرداری ئەو بەڵێنانە دکتۆر سیروان تفی نەفرەت دەکات ناو چاوەکانی بەڕێوەبەری ئەمن، ئەمەش هێندەی دیکە ڕقئەستوریان دەکات، باوکم لە زیندان گەواهیدەری ئەو ڕووداوە بووە کە چۆن دکتۆر سیروان تفی بە بەڕێوەبەری ئەمن کردووە، بە وتەی باوکم دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لەسەر ئەو کاردانەوەیە لە پەلوپۆ دەخرێت، توانای هەڵسانی نامێنێت و بە زەویدا و بە ڕاڕەوی زیندانەکەدا ڕای دەکێشن، باوکم دەڵێت بیرمە سەری دەیکێشا بە لێواری دەرگا و دیواردا، دوای شەش مانگ باوکم و محەمەدی برام ئازاد کران، هەروەها دکتۆر سیروان سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر گواسترایەوە بۆ موسڵ، ڕۆژێك پێش لەسێدارەدانی کە دوو کەسی لەگەڵ بوو کاتێك چووین بۆ دیدەنی شەربەتی دەدا بە زیندانییەکان و پێی دەگوتن ورەتان بەرزبێت، قۆڵی هەڵکرد بینیمان سووربووەتەوە و خوێنی پێوە وشکبووەتەوە، پرسیمانئەوە چییە؟ پێی گوتین لەسەر قۆڵم نیشانەیەکم کێشاوە، بەو نیشانەیەی سەر قۆڵم تەرمەکەم بدۆزنەوە، داواکارم لە هەر کاتێکیشدا بێت گۆڕەکەم هەڵبدەنەوە و بۆ سنووری خاکی کوردستان و لە شاری کەرکوك بمنێژنەوە، ئەو بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە قسەی دەکرد و هاوڕێکانی زیندانی و کەسوکاری دەگریان، کەسوکاری زیندانییەکانی دیکە بە شێر ناویان دەبرد، دکتۆر سیروان ئەوەشی بۆ گێڕاینەوە کە لە کۆتا دادگاییدا پێکی مەشروب لەسەر مێزی دادوەرەکە بووە و لە کاتی دادگاییکردندا دەیخواردەوە، تەنانەت دادگاییکردنەکەشم کاتێکی زۆر کەمی پێچوو،

سەرئەنجام لە ١٩٨١/٣/١٨ لە سێدارەدرا، لە گەڕەکی تەپەی شاری کەرکوك بۆ ماوەی یەك هەفتە پرسەی بۆ دانرا، دوای پرسیارکردنێکی زۆر گوتیان لە تەلەعفەر نێژراوە، زۆر گەڕاین نەماندۆزییەوە، دوای پرسیارێکی زۆر پێمان گوترا پارە بدەن بە خەڵکی ئەو سنووورە تایبەت ئەوانەی کە سەرقاڵی شوانین، بەو ڕێگایە شوانێك پێی ڕاگەیاندین کە سێ ڕۆژ پێش ئێستا سێ تەرم هێنراوە بۆ ئێرە نێژراون، بە نهێنی گۆڕەکانمان هەڵدایەوە و دڵنیابووینەوە، بەڵام نەمان هێنایەوە، چونکە دڵنیابووین لەبەر بازگەکان ناتوانین بیگەڕێنینەوە، بەس دڵنیابووینەوە کە لە کوێیە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ چووین هێنامانەوە لە کەرکوك دووبارە ناشتمانەوە، کۆتا زانیاری کە لەبیرم مابێت لەسەر ژیانی دکتۆر سیروان ئەوەیە کاتێك لە زیندانی موسڵ بوو کوڕێکی برازام کە تازە لە دایکبوو بوو، لەسەر داوای دکتۆر سیروان بە ناوی خاڵە شەهابەوە ناومان نا (شەهاب)[٧٣].

---

[٧٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیدریس حەمید حەمەساڵح، برای شەهید د. شێرکۆ (د. سیروان)، ٢٠٢٣/٢/٢٠.

# شێرکۆ ئەمین محەمەد بارام (دکتۆر شێرکۆ)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە سلێمانی تەواوکردووە، دواتر ئامادەیی پەرستاری کرایەوە، دە خوێندارە یەکەمەکانی وەردەگرت، من یەکەم بووم لەوێ وەرگیرام، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، لەگەڵ هەڤاڵ عەلی چەلەبی لە یەك شانەی ڕێکخستن بووین، دوای تەواوکردنی خوێندن لە کەرتی تەندروستی دامەزرام و بووم بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گۆپاڵە، کە لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی کەرکوك بوو، بیناکە بەرد و کۆنکرێت بوو، لەلایەن یونیسێفەوە دروستکرابوو، نەخۆشخانەکە چارەخوازی زۆر بوو، لەسەر داوای هاوڕێم هەڤاڵ عەلی چەلەبی چوومە دەرەوە بۆ ناو شۆڕش.

ساڵی ١٩٧٧ بەیانووی ئەوەی دەرمانەکان کۆنن و دەیگەڕێنمەوە بۆ سلێمانی، تەواوی دەرمانەکانی بنکەکەم پێچایەوە و بردم بۆ شۆڕش لە بەری قەرەداغ، کە چووم ئەوێ بۆ من لەبار نەبوو، گوتم دەچم بۆ سەرکدایەتی هەڤاڵ ئاسۆی دەلاك ڕێی نیشاندام و هاتمەوە سلێمانی و شەوێك لە ماڵ هەڤاڵ عەلی چەلەبی مامەوە، بۆ سبەی ڕووم لە دۆڵەڕووت کرد و گەیشتمە مالومە و گەیشتم بە هەڤاڵ حەمەی مامە سەلام کە فەرماندەی هەرێمی چوار بوو، ماوەیەك لەگەڵ ئەوان مامەوە، پاش ئەوەی هەستم ڕاگرت تێبینیم کرد ئەمە پێشمەرگایەتی نییە، پارە لە خەڵك وەردەگرن و ئاژەڵ بە خەڵك سەردەبڕن و پسووڵەیەکی بێ بنەمایان دەدایە ماڵەکە وەکو بەڵگەیەك، بە منی دەگوت پسووڵەیەك بدە ماڵەکە تاکو ناوی من بچێتە سەر پسووڵەکە، ئیدی من چووم بۆ سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، هەڤاڵ عەلی ئامەخان بارەگایەکی هەبوو، گوتی ببە بە لێپرسراوی ئەم بنکەیە و هەندێك پارەی پێدام تاکو ئازووقەی پێ بکڕم، لەوێ نزیکەی ١٥ پێشمەرگە بووین لەوانە: (مستەفا سەرگەڵوویی، ئەحمەدی کاکە ڕەزا).

زۆرینەمان چەکمان پێ نەبوو، لە کاتی هێرشی حکومەتدا خۆمان دەشاردەوە، دواتر کارەساتی هەکاری ڕوویدا و پاش ماوەیەك چەند هەڤاڵێك گەڕانەوە لەوانە: (محەمەدی حاجی مەحموود، تایەری حاجی عەزیز، جەمال عەلی باپیر، بەکرە سووری ماوەتی)،

نامەیەکی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفام بۆ هات و داوای کردبوو بچم بۆلای، پاش ماوەیەك گەڕاینەوە و چەکدارەکانی هەرێمی چوارمان چەك كرد و ژمارەیەکیشیان خۆیان ڕادەستی حکومەت کرد، هەڤاڵ جەمال بوو بە فەرماندەی هەرێم، ئەو ژمارە چەکدارە لە ڕێگەی هەڤاڵ عەلی گاورەوە پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەبوو، کە بریتی بوون حەمەی مامەسەلام و عەبدولقادری بچوك و جەلالی کوێخا عەبدوڵڵا و عەبدولقادری گەورە باوکی شەهید غەریب هەڵەدنی بوو کە خۆی ڕاپۆرتی لەسەر باوکی نووسیبوو، ئەمانە هەڵهاتنە ناو حکومەت.

لەو هێرشی سەر هەرێمی چوار ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار بوون، بەنهێنی چارەسەرم بۆ کردن، کۆڵەپشتێکی دەرمانم پێ بوو، لە ڕێگەی خەڵکەوە دەرمانم بۆ دەهات، خۆشم کەرەستەی دوورینەوە و ئامێری فشاری خوێن و هەندێك پێداویستیم بردبووە شاخ، لە ڕێگا پێشمەرگەیەك پێداویستییەکانی بۆ هەڵدەگرتم هەروەها بەشداری شەڕەکانیشم دەکرد، ئێمە وەك سنووری هەرێمی چوار لە سلێمانییەوە هەتا خدران دەچووین، هەڤاڵ جەمال زۆر خەمی منی بوو، ئەو پیاوێك بوو پێش حزبایەتی گرنگی بە کوردایەتی دەدا، لە شۆڕشی ئەیلولیشدا بەشدار بوو بوو، فەرماندەیەکی ئازای سەربازی بوو هەمیشە لە پلانی شەڕەکاندا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، زۆر خەمی پێشمەرگەی بوو، بارەگای جێگیرمان نەبوو شەوان لە گوندەکان نانمان دەخوارد و بە ڕۆژ دەچووینەوە شاخ، ئێمە سەرەتای خەباتی چەکداری بووین، سەرەتا ئامانجی ی.ن.ك بریتی بوو لە سەلماندنی بوونی خۆی، نەك شکاندنی حکومەت، چونکە زۆرینەمان چەکمان نەبوو، تەنانەن پێداویستییەکانی خۆراکمان بەکۆڵەوە بوو، لە پێناو ئەوەدا چالاکیمان دەکرد تاکو دەنگۆی بوونی پێشمەرگە لای خەڵك بلاوبێتەوە.

پاش ماوەیەك لە سنووری هەرێمی چوارەوە چووینە شاناخسێ، کە گەڕاینەوە حکومەت ئەو شوێنانەی تەی کردبوو کە پێشتر لێی بووین، بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەیان پێشمەرگەم تەداوی کردووە، ژمارەیەك پێشمەرگە لەبەردەستم شەهید بوون، هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر لەم ساڵانەی دوایی کە دەیبینم دەستی دەکرد بە گریان، دەیگوت تۆ دکتۆری

زۆرینــەی پێشــمەرگە برینــدارەکانی مــن بــووی، زۆرینەشــیان پێنجــوێنی بــوون، پیــاوانی تێکۆشەر بوون.

لە ڕووداوێکدا پێکدادان لە نێوان ئێمە جاشەکاندا ڕوویدا، ئێمە هەڤاڵان جەمالی عەلی باپیر و بـەکری حـاجی سـەفەر و جـەمالی حەمـەی خواکـەرەم و فەرەیـدوون حەمەسـاڵح پێنجوێنی لەگەڵمان بوون، ژمارەیەك جاش هاتبوونە دەرەوە بۆ ناو پێشمەرگە بە چـەکەوە، کە گەیشتنە لای ئێمە هەڤاڵ جـەمال و هـەڤاڵ بـەکر قسـەیان لەگـەڵ کـردن و پێیـان گـوتن لێرە چەکەکانتان دابنێن و بچن بۆ سەرکردایەتی کە گەڕانەوە چەکەکانتان پێ دەدرێتـەوە، ڕازی نـەبوون گوتیـان چـەك نـابین، ئیـدی چـەك لەیـەك ڕاکێشـرا و شـەڕی دەسـتەویەخە ڕوویدا، لە ناکاو دەستڕێژیان لێکردین و ژمارەیەك پێشمەرگەیان بریندار و شەهید کرد، من خـۆم دا بەسـەر برینداریـکدا تـاکو شـەهیدی نەکـەن نـاوی هـەڤاڵ محەمـەد پێنجـوێنی بـوو دەستڕێژێکی تـەواو بەسـەر سکی کـەوتبوو هـەمووی لـە پشـتییەوە دەرچـوو، فیشـەکدانێکی خۆشی بە پشتیدا تەقیبووەوە، هەتا توانیم تەداویم کرد سوودی نەبوو برینەکـەی سـەخت بـوو، گـوتی وێنەیـەك لـە گیرفانمـە دەری بهێنـە، دەرم هێنـا وێنـەی منـداڵێك بـوو، گـوتی ئامانەتی تۆ و ئەو کوڕە، هەر ئەو منداڵەم هەیە، ئیدی چـەند کاتـژمێرێك مایـەوە شـەهید بوو، دەرمانم لێ بڕا و چەند پێشمەرگەیەکم نارد بۆ دەرمان.

لە ڕووداوێکدا منـداڵێکیان هێنـا بـەر تۆپبـارانی ڕژێـم کـەوتبوو پشـتی لەسـەرەوە وەکو پەڕەی دەفتەر دەکرایـەوە، واتـە دڕابـوو بڕبـڕەی پشـتی دیـاربوو، منـداڵێکی ئـازا بـوو، تەداویم کرد و گوتم ببەن بۆ سلێمانی و بڵێن بـەهۆی تۆپبـارانی ئێـران وای لێهـاتووە بـۆ ئـەوەی چارەسـەری بکـەن، لـە ڕووداوێکـی دیکـەدا فڕۆکـە گەیشـتە سـەرمان لـە یاخسـەمەر تۆپبـارانی کـردین و ئـەو ماڵانـەی سـوتاند و ژمارەیـەکی زۆری گوندنشـین شـەهید بـوون و برینداربوون، بیرمە ئۆتۆمبێلێکمان پڕکرد لە بریندار و شەهید بردمـان بـۆ نەخۆشـخانەی حزبی دیموکرات، لە شارباژێر ژنێکی دووگیانم ڕزگارکرد کە منداڵەکەی گیر بووبوو.

لە شەڕی ئاسۆسدا کە ١٢ کاتژمێری خایاند هەم پێشمەرگە بووم هەم دکتۆر بووم ٩ فیشـەکدان و کۆڵەپشـتێکی دەرمـانم پـێ بـوو، پێشـمەرگەکان زۆر متمانـەیان بـە توانـای پزیشکی من بوو، من لـە نەخۆشـخانەکەی بەرگـەڵوو کـارم نـەکردووە، هەمیشـە لـە گەڕانـدا

بووم، تەنها ماوەیەك نەبێت لە سەرکردایەتی بووم، شەهید دکتۆر جەعفەری شەفیعی (ناوی نهێنییەکەی دکتۆر عزیز بوو) خەڵکی بۆکان بوو لەگەڵمان بوو، ئەندامی دامەزرێنەر و سەرکردایەیەتی کۆمەڵەی ئێران بوو، نەخۆشخانەیەکمان دروست کرد کە بریتی بوو لە ژوورێك بە گڵ دروستمان کرد پێکەوە کارمان دەکرد، هەر لەوێ دەخەوتین و خەڵکمان دەبین و نەشتەرگەری بچوکمان دەکرد و نەخۆشمان چارەسەر دەکرد، پیاوێکی نموونەیی بوو، تەنها منیان لەگەڵ دانا، لەبەرئەوە سەرکردایەتی لەوە دەترسان بکوژرێت، ماوەیەك خولی پزیشکیمان کردەوە بۆ فێربوونی فریاگوزاری سەرەتایی، لە هەر ناوچەیەکەوە کادیرێکی تەندروستیان نارد، تاکو بۆشایی کادیری تەندروستی پڕبێتەوە، ماوەیەکیش هەڤاڵ سەلاحی موهەندیس هات بۆ لامان و لای ئێمە مایەوە، ئەویش پیاوێکی زۆر چالاك بوو، هەندێك لە شەوان هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ نەوشیروان و هەڤاڵ ئەبو شەهاب دەهاتن.

ڕۆژێك هەڤاڵ مام جەلال لە بارەگاکەی خۆی بوو بەدڵنیایی نازانم هۆکارەکەی چی بوو تووڕە بووبوو هەمووانی لەوێ دەرکردبووە دەرەوە، کەس نەیدەوێرا بچێتە ژوورەوە، ئێمە لە خوارەوە سەرقاڵی خواردن ئامادەکردن بووین دوو مریشکمان سەر بڕی بوو، کە ئامادەبوو گوتیان خواردن ببە بۆ هەڤاڵ مام جەلال منیش لە مەنجەڵێکدا بردم، کە نزیك بوومەوە گوتیان مام تووڕەیە، گوتم قەینا دەچم، نزیکی ژوورەکەی بوومەوە لەپڕ گوتی ئەوە کێیە؟ گوتم مامە منم دکتۆر شێرکۆ، گوتی وەرە بزانم چیت دەوێ؟ چوومە ژوورەوە گوتم مامە خواردنم بۆ هێناوی، کە بینی مریشکە کەمێك هێمن بووەوە، گوتی ئەو قاپ و کەوچانە بهێنە، نیوەی ژوورەکەی پەردەیەکی لێ درابوو کرابوو بە چێشتخانە، تەنەکەیەکی بچویکیشی لێ بوو گوتی بیهێنە، هێنام تەماشا دەکەم (خەیارسوێر)ە قاپێکی بۆ پڕ کردم و گوتی بیبە لەگەڵ دکتۆر جەعفەر بیخۆن، دەدەمەوێت ئەوە بڵێم هەر لە شۆڕشدا دوو دکتۆری دیکەمان هەبوو کە بریتی بوون لە دکتۆر خدر مەعسوم و دکتۆر مەحموود عوسمان کە کاری پزیشکییان نەدەکرد، بەڵکو ئەوان سیاسەتیان دەکرد.

ئەو سەردەمە کامێرایەك هەبوو ناوی کۆداك بوو ڕاستەوخۆ وێنەکەی دەردەکرد و دەدرایەوە بە خاوەنەکەی، خەڵکی هەڤاڵ مام جەلالیان زۆر خۆش دەویست، داوای وێنەی

هەڤاڵ مام جەلالیان دەکرد، منیش بەو کامێرایە زوو زوو لە لێی نزیك دەبوومەوە لە ناکاو وێنەیەکم دەگرت، مام سەرنجی دابووم ئەو هەموو وێنەیەم بۆچییە، بانگی کردم گوتی: "شێرە گیان ئەوە ئەو ڕەسمانەت بۆ چییە" گوتم: "مامە گیان ئەوە ئەو قاچاچچییانە داوای وێنەی تۆ دەکەن، منیش وێنەیان پێدەدەم و ئەوانیش لە پاداشتی وێنەکە تەنەکەیەك نەوتمان پێدەدەن، هەر خۆشیان فیلمی وێنەکانی کامێراکەم بۆ دەهێنن" واتە خەڵکی بەو ڕادەیە هەڤاڵ مام جەلالیان خۆش دەویست، هەندێکیشیان کوردی ڕۆژهەڵات بوون.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە جگە لە پێشمەرگە، چارەسەری گوندنشینانیشم کردووە، نزیکەی ٩ مانگ کەسوکاری خۆم نەبینی، نەیاندەزانی ماوم یان نا، هەندێك جار لە ڕێگەی شۆفێری گوندەکانەوە یان لە ڕێگەی ژنانەوە کە لەژێر جلەکانیدا دەیشاردەوە دەرمانمان بۆ دەهات، ڕۆژێك هاتن بەدوامدا و گوتیان منداڵێکمان هەیە ڕومانە بەدەستیدا تەقیوە، چووم نەشتەرگەریم بۆ کرد و بۆم دوورییەوە دەرزی گەزازم لێدا کە لە کانیدا هەڵمان گرتبوو، پەنسلینم لێدا و تەداویم کرد و گوتم بیبەن بۆ سلێمانی، لەوێ پێیان گوتبوو هیچی ناوێ باشترین نەشتەرگەری بۆ کراوە.

پاش ماوەیەك سەرکردایەتی هاتە مەرگە و بارەگای جێگیر دروست بوو، لەو ماوەیە یەك دکتۆری هاتە شاخ، هەڤاڵ نەوشیروان گوتی لە ڕێگایە گوتمان کێیە؟ گوتی (دکتۆر بەختیار)ە، دواتر نەخۆشخانە کرایەوە و دکتۆر شوان بوو بە بەڕێوەبەری. هەروەها دکتۆر حەسەن هەڵەبجەیی، دکتۆر فائیق گوڵپی، دکتۆر هەژار عوسمان، دکتۆر عەلی کە خەڵکی جافەران بوو هاتنە ناو شۆڕش، لەناو شاریش لەگەڵ دکتۆر حەسەن هەردووکمان ڕێکخستن بووین، لەناو شار کە لە نەخۆشخانە بووم بە نهێنی دەرمانم دەنارده دەرەوە.

لە دوای دانوستان چوومە شارباژێر دواتر بووم بە دکتۆری تیپی ٤٧، کۆتا سەرتیپ شۆڕش ئیسماعیل بوو، دکتۆر ئاراس مەندەلاوی هات بۆ لامان، سنوورەکەمان زۆر بوو چالاکییمان زۆر بوو، لە بەرگەڵوو نەخۆشخانەمان هەبوو، چەندین کادیری تەندروستی لێ بوو، دکتۆر شوان بەڕێوەبەری بوو مامەڵەی خراپی هەبوو لەگەڵ دکتۆرەکاندا، هەروەها لە گەورەدێ نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات هەبوو، هەندێك لە کادیرەکانیش کە هەر لە

بارەگا بوون و نەدەچوون بۆ شەڕەکان پێمان دەگوتن (جەماعەتی کەرتی چوار مشقی)، واتە ئەوانەی هەر دادەنیشتن و نانیان دەخوارد.

لەسەر داوای هەڤاڵ قادری حاجی عەلی چووم بۆ بەرگەڵوو تاکو دەرمان بهێنم بۆ تیپی ٤٧ کە ژوورێکم هەبوو وەکو بنکەم لێ کردبوو، کە گەیشتمە بەرگەڵوو گوتم هاتووم بۆ دەرمان و تاکو بیبەمەوە بۆ گاپیلۆن شەڕمان لە پێشە، گوتیان ئەگەر پزیشکی فەرمی نەبیت، دکتۆر شوان دەرمان نادات بە کەس، چووم بۆ لای، تەماشا دەکەم دکتۆر یوسفە، بانگم کرد گوتم دکتۆر یوسف؟ گوتی بێدەنگ بە ئەو ناوە دووبارە مەکەوە من لێرە دکتۆر شوانم، گوتی فەرموو؟ گوتم دەرمانم دەوێ، ئیدی چیم ویست پێی دام، کە هاتمە دەرەوە بەلایانەوە سەیر بوو کە دکتۆر شوان دەرمانی پێداوم.

لە ڕووداوێکدا منداڵێکیان هێنا بەر تۆپبارانی ڕژێم کەوتبوو پشتی لەسەرەوە وەکو پەڕەی دەفتەر دەکرایەوە، واتە دڕابوو بڕبڕەی پشتی دیاربوو، منداڵێکی ئازا بوو، تەداویم کرد و گوتم بیبەن بۆ سلێمانی و بڵێن بەهۆی تۆپبارانی ئێران وای لێهاتووە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن، لە ڕووداوێکی دیکەدا فڕۆکە گەیشتە سەرمان لە یاخسەمەر تۆپبارانی کردین و ئەو ماڵانەی سوتاند و ژمارەیەکی زۆری گوندنشین شەهید بوون و بریندار بوون، بیرمە ئۆتۆمبێلێکمان پڕکرد لە بریندار و شەهید بردمان بۆ نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات.

لە ساڵی ١٩٨٩ سەرپشك کراین کە ڕادەست بین یان بچینە ئێران یان بۆ ئەوروپا، باشووری کوردستانم جێهێشت و چوومە ئێران، چەند مەفرەزیەك دروست کرا بۆ خەباتی پارتیزانی لەوانە هەڤالان غەریب هەڵەدنی و عەبەڕەق، لە ئێران خۆم فێری کاری ددانسازی کرد، خەڵکی هۆشیاری پاراستنی ددانی نەبوو، برایەکم لە ئیسپانیا بوو مامەڵەی بۆ کردم و بەرەو ئەوروپا بەڕێکەوتم و گەیشتمە ئیسپانیا دوو ساڵ لەوێ بووم دواتر چووم بۆ سوید تا ئێستا لەوێم[٧٤].

(٧٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ ئەمین محەممەد بارام (د. شێرکۆ)، ٢٧ و ٢٠٢٢/١٢/٢٨.

# شیروان مەحموود حەمەد مەحموود (دکتۆر شیروان)

لە ساڵی ١٩٥٣ لەدایکبووم، لە ڕاستیدا خەڵکی کۆیەم، قۆناغەکانی خوێندنم لە دوبز و کەرکوك تەواوکردووە، باوکم لە کۆمپانیای نەوت شۆفێر بوو، دوو خوشکم بە ناوەکانی (پەروین و نەسرین) لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بێژەر و پێشکەشکار بوون، دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ پەیمانگای تەندروستی باڵای موسڵم تەواوکردووە، گوتیان لە کوێ دەتەوێت داتدەمەزرێنین تەنها کەرکوك نەبێت، منیش سلێمانیم هەڵبژارد و نێردرام بۆ قەڵادزێ.

بنکەکە لە ژاراوە بوو دوو جار لەلایەن پێشمەرگەوە دەستگیراوە بەسەر کەلوپەل و دەرمانی بنکەکەدا، دوو جاری لەلایەن حکومەتەوە زیندانی کرام، گوتیان دیارە تۆ پەیوەندیت بە ڕێکخستنەکانەوە هەیە بۆیە دەرمانی بنکەکەت دەدزرێت، دواتر ناوم لە سەربازی هاتەوە، ناچار هەڵهاتم بۆ مەرزیخە و کانی ڕەش، لە ترسی سەرۆکجاشەکانی کەرکوك کە هەموو ڕۆژ هەڵیدەکوتایە سەر گوندەکان و هەڵهاتووەکانی دەستگیردەکرد، ئێمەش لە ترسا لە ناو بیری ئاودا دەنووستین، لە کانی ڕەش نۆرینگەیەکم بۆ گوندنشینان کردبووەوە، ٥٠٠ سەد دینارم دابوو بە دەرمان، بەڵام جاشەکاندەستیان هەڵنەدەگرت، بۆیە بێزاربووم و دەرمانەکانم بەسەر ئەو خەڵکەدا بەخۆڕایی دابەش کرد و ویستم بڕۆم، لە ڕێگا دکتۆر ئازاد عوسمانم بینی کە ڕابەر سیاسی تیپی ٩٣ی کۆیە بوو گوتی بۆ کوێ دەچی بەم شەوە؟ گوتم: فیرارم، گوتی: هەڵسە وەرە لەگەڵ من بە، دکتۆرمان نییە، ئیدی لەوەوە چوومە ڕیزی پێشمەرگەوە لە ساڵی ١٩٨١ بوو، هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم سەرتیپمان بوو.

لەو تیپە من و دکتۆر سەباح غەریب، دکتۆر عوسمان، دکتۆر خالید کانی ڕەشی بوونیان هەبوو، لە ساڵی ١٩٨١ پێشمەرگەیەکیان هێنابوو بریندار بوو، من لە ژێر پردەکەی ڕێگای کۆیە بووم، هێنایان گوللەیەك لە ناو قاچیدا بوو، بەنجیشم پێ نەبوو، کۆمەڵێك لەفافم خستە ناو دەمی لەبەر زمانی، پێستەکەی قاچیم هەڵدڕان و بەبێ بەنج گوللەکەم دەرکرد دووریمەوە، کە بەهۆیەوە تووشی خوێنبەربوون بوو، خوێنەکەیم ڕاگرت و بە سواری گوێدرێژ ناردم بۆ بەرگەلۆو، ئێمە کۆڵەپشتی دەرمانمان هەبوو لە سەرکردایەتییەوە دەرمانمان بۆ دەهات، بەهۆی منەوە پەروین و نەسرینی خوشکم لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە

یەکێکیان بۆ هەولێر و ئەوەی دیکە بۆ سلێمانی گواسترانەوە، کە یەکەم بێژەری کورد بوون لە عێراقدا.

من لە تیپی ٩٣ی کۆیە بووم، دواتر لە دانوستانی نێوان ی.ن.ك و حکومەتی عێراقیدا چووینە سووورداش و لە سلێمانی خولی چارەسەری سروشتیمان لە سلێمانی بۆ کرایەوە، شەوان من لەو نەخۆشخانەیە دەمامەوە کە خولەکەمان تێدا دەبینی، شەوێك هەندێك جاش هاتن بۆ نەخۆشخانەکە ویستیان بمکوژن، بەڵام ئاشکرا بوون، دواتر دکتۆرێك گوتی ئیدی نابێت لە نەخۆشخانە بخەویت، ماوەی ئەو هەفتەیە تا خولەکە تەواوبوو لای پۆلیسەکانی نەخۆشخانەکە دەنووستم، ڕۆژێك لە ڕێگای چوون یۆ خولەکە من و دکتۆر ئازاد عوسمان تووشی مەفرەزەیەکی جاش بووین، ڕوومانەیەکیان تێگرتین، دکتۆر ئازاد بەرکەوت و بریندار بوو، من گەیاندمە نەخۆشخانەکە و دواتر بردم بۆ هەولێر.

لە نەخۆشخانەکەی سووورداش بووم ڕۆژێك هەڤاڵ مام جەلال دووپشك بە پشتییەوە دابوو، بەو خاولییەوە بووە کە بەکاری هێناوە، هاتن بۆ نەخۆشخانەکە من ئێشکگربوو، گوتیان هەڤاڵ مام جەلال دووپشك پێوەی داوە، منیش چووم بۆ لای شوێنی پێوەدانەکەیم بۆ سڕکرد و دەرزی دژە ژەهرمان هەبوو بۆیم بەکارهێنا، من شەرواڵێك و کراسێکم لەبەربوو، گوتی: کوڕم دەمانچەت وەرگرتووە؟ گوتم: نەخێر، گوتی: بۆچی؟ گوتم مامە من دوێنێ لێرە نەبوومە کە دابەشکراوە، چونکە بریندارم بردووە بۆ کەرکوك.

ڕۆژێکی دیکە هێلکاری دڵمان بۆ هەڤاڵ مام جەلال کرد، دکتۆرەکانی سلێمانی هەر ماوەی جارێك دەهاتن بۆ پشکنینی هەڤاڵ مام جەلال، زۆر جاریش دکتۆرەکانی سلێمانی کە دەهاتن داوایان لە ئێمە دەکرد لە نەخۆشخانەکەی سووورداش کە ئامێرەکان ببەین بۆ بارەگای هەڤاڵ مام جەلال تا خۆیان پشکنینی بۆ بکەن.

دوای دانوستان چوومەوە شارەکان و دامەزرامەوە، گومانی ئەوەیان هەبوو کە پێشمەرگە بووم، گوتم نەخێر من لە ئێران بووم، لە ماوەی ١٩٨٥-١٩٨٨ لە شاری چەمچەماڵ کارم کردووە، دوو جار بانگکرام بۆ لێکۆڵینەوە لەبەرئەوەی دەرمانم بۆ پێشمەرگە ناردبوو، کۆگاکانی دەرمانی چەمچەماڵم بەدەستەوە بوو، ڕاپۆرتم لەسەر ڕۆیشتبوو کە دەرمان دەدەم بە پێشمەرگە، دواتر بۆ چوارتا گوێزرامەوە بۆ مانگێك لەوێ بووم و پاشان گەڕێنرامەوە

چەمچەماڵ تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بووم، پاشان لقی نەخۆشخانەی شۆڕش لە کەرکوک کرایەوە و چوومە ئەوێ تا خانەنشین بووم، لە ساڵی ١٩٨٨ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە[٧٥].

[٧٥]– چاوپێکەوتن لەگەڵ شیروان مەحموود حەمەد مەحموود (د. شیروان)، ٢٠٢٢/١٢/١٥.

# گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی

لە گوندێکی جوانی سەر بە شاری ڕانیە واتە گوندی پڵنگانی سەر بەوەرتێ لە ساڵی ١٩٧٢ لە هاوینەهەواری دێمان سەر بە گوندی پڵنگان لە دایکبووم باوکم پیشەی جوتیاری بووە، تا پۆلی سێی ناوەندیم خوێندووە، لە خوێندنگەی بەرگرتکە و ئاسنگەران و سەرکەپکان خوێندوومە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٨٦/٦/٨ پەیوەندیم بە تیپی ٧٨ی کارووخ لای شەهیدی نەمر ڕەسووڵ مەولود بووم بە پێشمەرگە، ماوەیەکیش چوومە بەشی جیهاز و چەندین زانیاریم لەو بارەیەوە وەرگرت کە خولی جفرەی جیهاز بوو.

بۆ من ئەو کارە سیاسییە لە هەشتاکاندا کارێکی قورس بوو چونکە من لە خێزانێکی جوتیار و کچێکی گوندنشین و کۆمەڵگەیەکی داخراودا بووم بۆیە ئەستەم بوو، خانەوادەکەکان لە دوو برا و پێنج خوشك پێکهاتبووین، کە من بووم بە پێشمەرگە کەسوکارم کەوتنە چاودێریم ئەو کات سوارەئاغا سەرۆك عەشیرەتی ئێمە بوو، لەلایەن ئەمنی ڕانیە کەسوکارم بانگ کرا ئەو نەیهێشت دەستگیر بکرێن، باوکم ئاگادارکرابوو کە نەڵێ چووم بۆ پێشمەرگایەتی بەڵکو بڵێ چووە بۆ ماڵی خاڵی، تا هەوڵێك بدەن بمهێننەوە، ئیدی کەسوکارم کەسێکیان نارد بە دوومدا تا بگەڕێمەوە، بەڵام من ڕازی نەبووم، گوتم بگەڕێمەوە ڕژێم لەناوم دەبات تازە دەزانن من بووم بە پێشمەرگە، ئەوکات مەولان دەرگەڵەیی کە کوڕی پورم بوو لێپرسراوی کەرتی پێنجی تیپی ٧٨ی کارووخ بوو گوتی ناهێڵم بڕۆیتەوە، چەند حەفتەیەك لە کەرتی پێنج بووم، دواتر یوسف دەرگەڵەیی برای مەولان دەرگەڵەیی لەگەڵ مەفرەزەیەکدا لەگەڵم هاتن تا گەیشتم بە مەڵبەندی سێ، پاشان لەسەر خواستی خۆم چوومە مەڵبەندی سێ لای شەهیدی نەمر حەسەن کوێستانی ماوەی ١٠ مانگ لەوێ بووم من لە ناو ماڵی هەڤاڵ حەسەن کوێستانی و لە ناو منداڵەکانی دەخەوتم، ژوورێکی پێدابووین دوو کچی دیکەشم بە ناوی هەڤاڵان (سابات و دابان) لەگەڵ بوو، ماوەیەکی زۆر لەوێ بووین.

پاشان داوام کرد بۆ تیپی ٩٣ی کۆیەم بگوازنەوە، نامەی هەڤاڵ حەسەن کوێستانیم بۆ هەڤاڵ ڕەهبەری سەید ئیبراهیم برد  کە سەرتیپ بوو، داوام کرد بمکات بە عەدەد جیهاز گوتی ئێمە عەدەد جیهازمان هەیە، ئیدی نامەی بۆ نووسیم بۆ لای هەڤاڵ فەرەیدوون عەبدولقادر کە لە ناوەندی کۆمەڵە بوو، ئیدی لە ساڵی ١٩٨٧ چوومە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال، کەسێك لەوێ بە ناوی هەڤاڵ بەختیار بردمی بۆلای هەڤاڵ مام جەلال، هەڤاڵ مام جەلال زۆر ڕێزی لێگرتم و ٢٠٠ دیناریشی بۆ خەرج کردم، نامەی هەڤاڵ مام جەلالم برد بۆ دکتۆر شەماڵ و دکتۆر شێرکۆ کە لە نەخۆشخانەی سێروان بوون تا لەوێ کار بکەم، ساڵی ١٩٨٧ من و هەڤاڵ دابان و هەڤاڵ سابات بە کۆڵەپشتی دەرمانەوە بەشداری شەڕی (زینوێ سپی)مان کرد، ئیدی ئێمە گەڕاینەوە نەخۆشخانەکە بۆ کاری برینپێچی، شارەزایی من تەنها بریتی بوو لە بینینی خولێك لەسەر پێدانی دەرمان و برینپێچی، ئیدی لە پێشمەرگایەیەتی ئەزموونم لەسەر ئەو دوو کارە وەرگرت، سەرەتا تەنانەت نەمدەزانی ئەو کاغەزەش لول بکەم کە چەند دەنکە حەبێکیان تێدەکرد، بەڵام دواتر فێری کاری پزیشکی بووم، بیرمە ژنێکیان هێنا لای ئێمە منداڵی بوو، بیرمە ئێمە ناوکی منداڵەکەیمان بڕی.

جگە لە پێشمەرگە زۆرترین خەڵکی ناوچەکە لای ئێمە سوودمەند دەبوو، چونکە ناوچەی ئازادکراو بوو، جگە لە ئێمە هیچ بنکەیەکی تەندروستی نەبوو، چەندین جۆری نەخۆش دەهاتنە لای ئێمە و چارەسەرمان دەکردن، تەنانەت نەشتەرگەری بچوکیشمان دەکرد، ئەوەی بۆمان چارەسەر نەکرایە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی دیکەمان دەکرد، بەتایبەتی نەخۆشخانەی بەرگەلۆو، ئێمە لە شەڕی زینوێ سپی برینداریێکی زۆرمان هەبوو، دەیان پێشمەرگەم تەداوی کردووە، هاوڵاتیشمان دەنارد بۆ نەخۆشخانەی شارەکان تایبەت ئەوانەی کێشەیان نەبوو لەگەڵ حکومەت.

لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش و هەڤاڵانی دەرمانخوارد کران، تێدا دایکی شەهید بوو، هەڤاڵ بێستوونی مەلا عومەر شەهید بوو، هەروەها کچە مەلایەك هەبوو بە ناوی (سەریعە) خەڵکی مەرگە بوو لە ڕۆژانی شەڕدا نان و نانساجی بۆ پێشمەرگە دەکرد، زۆر خەمخۆری پێشمەرگە بوو، هەروەها لەماڵی هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش

ژنێك هەبوو گومان لەو دەكرا زەهری كردبێتە خواردنەكەوە، ئەو ژنە داوای لە ئێمەش كرد ئەو خواردنە بخۆین، بەلام بە ڕێكەوت نەگونجا و فریا نەكەوتین لێی بخۆین، لەو ڕووداوە (سەریعە)ش لە خواردنەكەی خواردبوو، كە گەیشتە لای ئێمە دەڕشایەوە، لە ژنی چێشتلێنەرمان پرسی كە گومانی لێ دەكرا گوتمان ئەوە چی ڕوویداوە؟ گوتی خواردنیان خواردووە و دەڵێن تەسەمومیان كردووە، كەچی منیش لێم خواردووە هیچم لێ نەهاتووە، دواتر ئەو ژنە و مێردەكەشی كوژران، ئەو زەهرە وای لێ كردبوون تەنانەت (سەریعە) لە تاو ئازار خۆی ڕووت دەكردەوە، هەڤاڵ بێستوونی مەلا عومەر بۆكسی دەكێشا بە دیوارا، تووشی عەساب بووبوون، چاویان هاتبووە دەرەوە، دەڕشانەوە، تەنانەت دكتۆر شوانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی بەرگەڵوو گوتی منیش ئەو خواردنەم خواردووە، ئیدی دكتۆر شوان بۆكسێكی بە نێوچەوانی خۆیدا كێشا و دووركەوتەوە و لە شوێنێك دانیشت، منیش بە كچەكانی هاوڕێم گوت دابان... سابات ئەو پیاوە شێت نەبووە؟ بۆ وا دەكات؟ گوتیان نازانین، هەر بۆ شەو دكتۆر شوان و هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش و تریفەی خوشكەزایان نارد بۆ ئێران، دواتر تەندروستییان بەرەو باش بوون چوو بوو، ئەو كات هەڤاڵ ملازم عومەر لێپرسراوی مەكتەبی عەسكەری بوو، لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال داوایان لە هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش كرد بچێتە لای خۆیان پلەشیان بەرزكردەوە.

بە ڕۆیشتنی هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش ئێمە بێ پشت و پەنا ماینەوە، شوێنەكەشمان مەترسیدار بوو، ئێمەش داوامان لە هەڤاڵ ملازم عومەر كرد ئێمە چی بكەین؟ ئەویش گوتی داواكارییەك بنووسن دەتان نێرین بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، دواتر من و هەڤالان دابان و سابات چووین بۆ مەرگە بۆ ماڵی مامۆستا چەتۆ و پوورە گەلەی خێزانی، ئەوان كارئاسانیان بۆ كردین تا لە نامەكە بگەیەنن بە ناوەندی كۆمەڵە بۆ لای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، تا ڕەزامەندی لەسەر گواستنەوەمان بدا بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، ئیدی چووینە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، نەخۆشخانەكە گەورە بوو، هەموو كارێكی تێدا دەكرا، هەموو برینداریك دەهاتەوە بۆ لای ئێمە نەشتەرگەری تێدا دەكرا، تا نەشتەرگەری قاچ بڕینەوەی لێ دەكرا، ئێمە لەوێ زیاتر شارەزاییمان پەیدا كرد و لە بەشەكانی تەداوی و برینپێچی و تاقیگە و دەرمانسازی كارمان كردووە، ڕووداوی ناخۆش و خۆشی زۆر تێدا بووە، لەو

چالاکییانەی کە پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا دڵخۆش دەبووین، ئەو شەڕانەشی کە شەهیدمان بۆ دەهاتەوە ماتەم دایدەگرتین.

لە کاتی دەستپێکردنی ئەنفال و کیمیابارانەدا دەرزی ئەترۆپینمان لە ڕانمان دەدا و قیناعمان دەبەست، ڕژێم ئەو تۆپی کاریگەری دەدا لەو شاخانەی بەرگەڵوو و سەرگەڵوو ناڵەیەکی سامناکی هەبوو لە هەموو لایەکەوە بەردی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە خوارەوە، لە ژێر زەمیندا بە ڕووناکی مۆم دکتۆر هەڵۆ قاچی پێشمەرگەی بڕیوەتەوە، چونکە هەمیشە تۆپبارانمان لەسەر بوو ناچار بریندارەکانمان دەبردە ژێر زەمینەوە، لێرەدا پێویستی دەزانم ناوی دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بهێنم ئەوانیش:

- دکتۆر شوان – نەشتەرگەری
- دکتۆر هەڵۆ – نەشتەرگەی
- دکتۆر بەرزان (هێرش) – نەشتەرگەری
- دکتۆر نەوزاد یاریدەدەری پزیشکانی گشتی بوو لە هۆڵی نەشتەرگەری
- دکتۆر دانا – سڕکردن
- دکتۆر ئاکۆ – تەعقیم و سڕکردن
- دکتۆر بەیان – تیشك
- دکتۆر سەردار- تاقیگە و خوێن
- دکتۆر مەنسور – ددان
- دکتۆر خالید
- دکتۆر ئارام – سڕکردن
- سابات
- دابان
- گەشاو

ئێمە وەك ئەو سێ کچە لە هەموو بەشەکان کارمان دەکرد و یارمەتیمان دەدان، لەو ماوەیە سێ ڕووداو باس دەکەم، کە زۆر کاری تێکردم، یەکەمیان لە کاتی کیمیاباران

خانەوادەیەك كە خەڵكی گوێزیلە بوون بەركەوتبوون بریتی بوون لە دایك و باوك و دوو كچ و برایەك، بۆمبەكە لە چەمێكی دابوو، ئەوانیش چوو بوون دەست و دەم و چاویان لەو ئاوە شۆری بوو، هێنایانن بۆ لای ئێمە لە ڕێگا گیانیان لە دەستدابوو بەس دایكەكە مابوو، ئەویش لە لای ئێمە شەهید بوو بیرمە خەنە بەدەست و قژییەوە بوو تەمەنی ٤٥ ساڵێك دەبوو هەوڵی تەواومانـدا كەچی سوودی نەبوو، گیانی سپارد، لە شەڕێكی دیكەدا دوو پێشمەرگەی بریندارمان بۆ هات كە گەیشتنە نەخۆشخانەكە یەكێكیان دۆخی زۆر خراپ بوو هەر داوای ئاوی دەكرد پێمان نەدا، تا دەستمان كرد بە ئامادەكاری بۆ ئەوەی چارەسەری بكەین شەهید بوو، بۆیە لە بیرم ناچێ زۆر داوای ئاوی دەكرد، لە ڕووداوێكی دیكە پێشمەرگەیەك بە ناوی فاخیر قاچی شكابوو، بە بلۆك هەڵمانواسی بوو تا نەجووڵێ و قاچی بگیرسێتەوە، لە كاتی هاتوچۆ خۆم كێشا بە بلۆكەكەدا و كەوت، هێندەم ئازار پێدا هەموو ئەو نەخۆشخانەیەی پڕ كرد لە هاوار و گریان، هەرگیز لە بیرم ناچێ، هەروەها ئەو نەخۆشخانەیە پەناگەی هاووڵاتی و گوندنشینانیش بوو، بەردەوام پڕ بوو لە هاووڵاتی و هەرگیز جیاوازیمان نەدەكرد، تەنانەت نەشتەرگەریشمان بۆ هاووڵاتی دەكرد، ئەركی ئێمە زۆر قورس بوو بۆیە لە مووچەدا بەرزترین مووچەمان هەبوو، پێشمەرگەیەك مانگی ٥ دینار مووچەی بوو، سەرتیپێك ٢٥ دینار، بەڵام ئێمە ٧٥ دینارمان وەردەگرت.

ئیدی تا ئەنفال بەردەوام بووین، لە ئەنفالیشدا فڕۆكە بۆ ژنەكان دابین كرا و ڕەوانەی ئێران كراین، واتە ئەوانەی پێیان دەگوترا ژنی شاخ لەگەڵ مناڵەكانیان، ئیدی تیمێكی دیكە ئەركی بردنە خوارەوەی بریندارەكانی نەخۆشخانەی پێ سپێردرا، تا ئەوانیش بۆ ئێران ڕەوانە بكرێن، هەڤاڵ نەوشیروان خۆی سەرپەرشتی ئەو كارەی دەكرد، هات بە ئێمەی گوت دەبێت ئێوەش لەگەڵ ژن و منداڵ بنێرین بۆ ئێران، گوتمان كاك نەوشیروان ئێمە پێشمەرگەین و وەكو ژنی پێشمەرگە حسابمان بۆ مەكەن و تێكەڵ ئەو ژن و منداڵانەمان مەكەن، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوان ناڕۆین، كە ئەوەی بیست یەكسەر سەری ماچ كردم گوتی ئێوە سەلماندتان كە پێشمەرگەن و جوامێرن، بۆیە ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئیدی دوای بەڕێكردنی بریندارە سەختەكان بۆ ئێران و ناردنەوەی بریندارە سووكەكان بۆ شوێنی خۆیان لە دوای دوو ڕۆژ دەستمان كرد بە خۆپێچانەوە بەمەبەستی بەڕێكەوتن بۆ ئێران،

کۆبوونەوەیـەکمان کـرد کەلوپـەلی زیادەمـان زۆر بـوو چـونکە لـە چـەندین لاوە دەرمـان و خواردن و جلوبەرگمان بۆ دەهات مووچەشمان زۆر باش بوو.

ئیدی دەستمان کرد بە خۆ ئامادەکردن و بیرمە هەڤاڵ جـەبار فـەرمان سـێ چـەکی بـۆ من و هەڤالان سابات و دابان ناردبوو پێمان بوو، پاشـان کۆڵەپشـتمان پـڕ کـرد لـە دەرمـان و دوو دەست جلی زیاد و خـواردن و پێداویسـتی تـەواومان ئامـادەکرد و بەڕێکـەتین، کاتـژمێر دووی شەو بوو باران دەباری، لافاوی چەمی بەرگـەڵوو هـاتبوو، پەڕینـەوە مەترسـیدار بـوو، بڕیاردرا ببین بە دوو بەش، بەشێکمان بـەڕێ بکـەوین و بەشـەکەی دیکـە بمێنێتـەوە تـا بـە TNT نەخۆشخانەکان بتەقێننەوە، سێ کچەکە لەو بەشی یەکەم بووین خۆمان لـەو ئـاوەدا، هەرچـەندە جلوبـەرگی بارانمـان لەبـەربوو بـەڵام پـێڵاو و گـۆرەوی و جلـەکانمان تـەڕ بـوو، سـەرما و بـەفر و بـارانێکی زۆر بـوو، بـە دۆڵـی کەرکـەردا ڕۆیشـتین لـەوێ لـە دۆڵـی شـێخ محەمەد لاماندایە ماڵێك و نانمان خوارد، گوندەکە چۆڵ کرابـوو، کـە دەگـەڕاین گوێمـان لـە نوزە و ناڵەناڵێك بوو کە نزیك بووینـەوە بینیمـان پیرێـژنێکی زۆر بـە تەمەنـە جێهێڵـراوە، هەروەها چاویشی کوێر بـوو، گـوتی دوو ڕۆژە نـانم نـەخواردووە، بۆمـان بـاس کـرد کەچـی ڕوویداوە ئیدی زانرا کە جێهێڵراوە، ئێمە پاکمان کردەوە و خواردنمـان پێـدا، ئیـدی جێمـان هێشت، لە ڕێگا تەرمی پاسدارێکی زۆرمان بینی لەسەر ڕێگا فڕێدرابوو و جێهێڵرابوون.

هـەروەها پێشـمەرگە دیلێکـی زۆری ڕژێمـی بەعسـی لابـوو، چـونکە حکومـەت زۆری ئەزیەت دابووین، زۆری ئەو دیلانە بە سزای خۆیان گەیشتن، ئیدی لەو ڕێگەیە پەکم کەوت سـنگم تـەواو نـەبوو، زۆرم سـەرمابوو، جلـەکانمان تـەڕ بـوو، خواردنیشـمان لـێ بڕابـوو، مـن کەوتم، ئیدی بە هاوڕێکانم گوت جێمبهێڵن یان بمکوژن، هەڤاڵ بەیان گەڕایەوە گـوتی جێـت ناهێڵم، گوتم لـەو هـەموو شـەهید و تەرمـە بـەجێماوە زیـاتر نـیم بـڕۆن جێمبهێڵن، بـەڵام جێیان نەهێشتم، بیرمە دایك منداڵی خۆی بەجێدەهێشت، ئیـدی گەیشـتینە گەلاڵـە، دواتـر گەیشتینە شاناخسێ و دکتۆر مەنسور هات بە شوێنماندا، لـەوێ حکومـەت کیمیـایی لێـداین ژمارەیەکمان شەهید بوو، لەوانـە دکتـۆر هـادی، دواتـر ئێمـە چووینـە سـەر شـاخ و ئاگرمـان کردەوە، لەوێ تیپـی ٣٧ی شـارباژێر فریامـان کـەوتن و جلوبـەرگ و خواردنیـان بـۆ هێنـاین، دواتر چووینە بانە، لە قوڵەهەرمێ نەخۆشخانەیەکمان دانا و دەستمان بـە کـار کـردەوە، لـە

نەخۆشخانەکە چونکە سەر سنوور بوو یارمەتی ئاوارە و خەڵکی سەر سنوورمان دەکرد، نزیکەی سێ بۆ چوار مانگ لەوێ ماینەوە.

دواتر لە ساڵی ١٩٩١ و لە دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە، ماوەیەك پشوومدا و دواتر دەستم بەکاری ڕێکخراوەیی کردەوە، ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانم، بە پلەی سەربازی خانەنشینم[٧٦].

(٧٦)– چاوپێکەوتن لەگەڵ گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی، ٢٠٢٢/١٠/١٠.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی لیستەکان

## لیستی ناوی پزیشکان و کادیرانی تەندروستی شۆڕش

## لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و کادیرانی تەندروستی شۆڕش

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

## پاشکۆی وێنەکان

## لیستی سەرچاوەکان

## پاشکۆی لیستەکان

## لیستی ناوی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش ١٩٧٦–١٩٩١

## (کادیرانی پزیشکی شۆڕش)

| ژ | ناوی سیانی | نازناو |
|---|---|---|
| ١ | خدر مەعسوم | – |
| ٢ | یوسف محەمەد عەزیز | شڤان – شوان |
| ٣ | هۆشمەند عەبدولکەریم | شاڵاو |
| ٤ | سەروار یەحیا ڕەشید | سەردار |
| ٥ | کەمال عەبدولڕەحمان ساڵح | حەسان |
| ٦ | عەبدولڕەحمان عوسمان مەعروف | هەژار |
| ٧ | فائق محەمەد گوڵپی | – |
| ٨ | حەسەن عەلی سەعید | – |
| ٩ | ئەدیب محەمەد عەلی | هەڵۆ |
| ١٠ | عەبدولڕەحمان عوسمان یونس | زریان |
| ١١ | حسێن حەمەساڵح بورهان | – |
| ١٢ | ناسیح فاتیح عەلی | – |
| ١٣ | جەلال عوسمان ڕەشید | – |
| ١٤ | بەرزان ئەکرەم عیزەت | هێرش |
| ١٥ | ئاودێر عوسمان مستەفا | پێرس |
| ١٦ | محەمەد ئەمین غەفور | – |
| ١٧ | بەیان حسێن عەلی | – |
| ١٨ | خالید محەمەد ڕەشید مەحموود | – |
| ١٩ | ئاکۆ سەعید محەمەد | – |
| ٢٠ | شادمان فوئاد مەستی | – |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | جەعفەر شەفیعی | – |
| ٢٢ | فەرەج یاوەر سادق | سەردار |
| ٢٣ | شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمان | – |
| ٢٤ | وریا عەرەب عەلی | – |
| ٢٥ | مەنسوور یوسف مستەفا | – |
| ٢٦ | سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا | ئارام |
| ٢٧ | موحسین لەتیف کەریم | – |
| ٢٨ | فەرهاد نوری محەمەد | دانا |
| ٢٩ | شەماڵ ئەحمەد محەمەد | – |
| ٣٠ | هیوا عەرەب عەلی | – |
| ٣١ | سەردار عەبدولقادر ئەحمەد | – |
| ٣٢ | نازەنین عوسمان حەسەن | – |
| ٣٣ | فارس حەمە عەبدوڵڵا | جوتیار |
| ٣٤ | محەمەد کەریم حەمەئەمین | – |
| ٣٥ | جەلال تۆفیق فەتاح | شوان |
| ٣٦ | عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا | – |
| ٣٧ | جەمال عەبدولقادر محەمەد | – |
| ٣٨ | سەرکەوت محەمەد زەکی | – |
| ٣٩ | ئیبراهیم محێدین عارف | – |
| ٤٠ | بەرزان عەلی محەمەد | – |
| ٤١ | عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد | – |
| ٤٢ | ئیبراهیم فەتاح قادر | – |
| ٤٣ | مەحموود ڕەزا محەمەد عزیز | – |
| ٤٤ | لەتیف محەمەد مەلا محەمەد | ساماڵ |
| ٤٥ | خالید ساڵح فەرەج | – |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٦ | حەسەن عەبدولڕەحمان نادر | – |
| ٤٧ | ڕێبوار نەجمەدین عوسمان | – |
| ٤٨ | فائق محەمەد ئەمین عەبدوڵلا | – |
| ٤٩ | تەها عەبدولڕەحمان حەمەعەزیز | – |
| ٥٠ | سیروان عەلی ڕەزا | – |
| ٥٢ | شێرکۆ حەمید حەمەساڵح | سیروان |
| ٥٣ | ئەحمەد ڕەحیم محەمەد ئەمین | – |
| ٥٤ | جەلال محەمەد عەلی سەعید | – |
| ٥٥ | عەلی حسێن محەمەد شاواز | – |
| ٥٦ | ئازاد ئەحمەد ئەمین حەسەن | مەریوان |
| ٥٨ | حەیدەر عەلی ڕۆستەم | – |
| ٥٩ | ئەبوبەکر محەمەد عەلی | کارووخ |
| ٦٠ | نوری خدر ئیبراهیم | نەبەز |
| ٦١ | جەمیل ئەحمەد حەسەن | خالید |
| ٦٢ | عەبدولواحید ئیدریس شەریف | ڕەوەند |
| ٦٣ | ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد | ئاری |
| ٦٤ | ئازاد محەمەد سەعید | – |
| ٦٥ | جەمال جەلال کاکل | – |
| ٦٦ | جەمال عوسمان عەبدوڵلا | وەسمان |
| ٦٧ | کەنعان عوسمان مەولود | هەژار |
| ٦٨ | خالید سەعدوون مستەفا | سیروان |
| ٦٩ | هاوار حەسەن قادر | – |
| ٧٠ | حەمید عومەر ئیبراهیم | ئامانج |
| ٧١ | ڕەقیب وەلی | ئاری |
| ٧٢ | کامەران ڕەسووڵ قادر | – |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٣ | عەبدولقادر حەمەد عەلی | – |
| ٧٤ | نەوزاد عەباس حەمەد | – |
| ٧٥ | سەمەد عەزیز ئەحمەد | – |
| ٧٦ | یوسف ئەحمەد | بەیاد |
| ٧٧ | جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد | – |
| ٧٨ | ڕەفعەت هیدایەت | – |
| ٧٩ | جەلیل ئیبراهیم مەحموود | – |
| ٨٠ | عومەر ئیبراهیم | عومەر جەراح |
| ٨١ | عەلی حسێن محەمەد | – |
| ٨٢ | محەمەد حاجی | – |
| ٨٣ | محەمەد عەلی حەمەد ئەمین | – |
| ٨٤ | زاهیر حەسەن مستەفا | – |
| ٨٥ | عەلی محەمەد فەتحوڵڵا | سەید عەلی |
| ٨٦ | دلێر مستەفا شەریف | – |
| ٨٧ | نەوزاد ئەحمەد محەمەد | ڕێبوار |
| ٨٨ | سابیر مەولود مام شێخ | شوان |
| ٨٩ | ئەکرەم فەتاح | – |
| ٩٠ | نەریمان حەوێز حەمەد | – |
| ٩١ | عومەر کەریم حەمەد | – |
| ٩٢ | خەلیل عەزیز | فەرهاد |
| ٩٣ | سامی عەلی عەزیز | – |
| ٩٤ | نەوزاد نوری محەمەد | – |
| ٩٥ | کەمال جەمال ڕەشید | – |
| ٩٦ | زرنگ ئیسماعیل بەگ | – |
| ٩٧ | زەینەدین نەجمەدین | ساجید |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٨ | هێمن ئەحمەد حەمەساڵح | – |
| ٩٩ | سالار مەحموود ئەسعەد | – |
| ١٠١ | بەیان مەلا محەمەد | – |
| ١٠٢ | جەبار عەبدول نەریمان | – |
| ١٠٣ | هاوڕێ ئەحمەد محەمەد | بارزان |
| ١٠٤ | شۆڕش عەزیز خدر | بەڵێن |
| ١٠٥ | عادل محەمەد موراد | – |
| ١٠٦ | کەمال جەوهەر کەریم | – |
| ١٠٧ | ئەنوەر محەمەد نوری | – |
| ١٠٨ | بورهان ڕەئووف نەجم | بورهان چوارداخی |
| ١٠٩ | سلێمان محەمەد حاجی | – |
| ١١٠ | لوقمان ئەحمەد عەباس سالم | ئاکۆ |
| ١١١ | تاریق ساڵح قادر | دڵشاد |
| ١١٢ | بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر | هەژار |
| ١١٣ | دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین | – |
| ١١٤ | خەلیل ئیراهیم ئەحمەد ساڵح | – |
| ١١٥ | نوری سەعید محەمەد | دکتۆر نوری قەرەناوی |
| ١١٦ | ڕەزا ساڵح ئەحمەد | – |
| ١١٧ | کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم | – |
| ١١٨ | ئەحمەد عەبدولکەریم عارف عەلی | – |
| ١١٩ | بەختیار خالید تاهیر محەمەد | – |
| ١٢٠ | ئازاد ئەحمەد حەمەساڵح | هێمن |
| ١٢١ | ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد | – |
| ١٢٢ | فەرەیدون محەمەد ئەمین | – |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٣ | بۆتان عوسمان ئەسعد واحێد | – |
| ١٢٤ | حەمید محەمەد ئەمین | – |
| ١٢٥ | کامەران ئەسعەد عەلی | – |
| ١٢٦ | شۆڕش سەلیم ئیبراهیم | – |
| ١٢٧ | عەبدولهادی ساڵح سەعید | – |
| ١٢٨ | کامیل مەحموود عەبدولڕحمان | – |
| ١٢٩ | ئیبراهیم محمود محەمەد | ڕێباز |
| ١٣٠ | جەزا محەمەد فەرەج | – |
| ١٣١ | جەبار فەتاح عەبدوڵڵا | نەبەز |
| ١٣٢ | حەمەسەعید محەمەد | ڕەزا |
| ١٣٣ | کاوان عەبدولقادر غەفور | – |
| ١٣٤ | محەمەد نەجات محەمەد | – |
| ١٣٥ | نەبەز مەحمووود عبدولڕەحمان | – |
| ١٣٦ | سالار حەمەعەلی ڕەزا ئەمین | – |
| ١٣٧ | سەردار عەبدوڵڵا ساڵح | – |
| ١٣٨ | عەلی قادر محەمەد | – |
| ١٣٩ | عەلی قادر شەریف | – |
| ١٤٠ | عوسمان ڕەشید فەرج | – |
| ١٤١ | عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید | چیا |
| ١٤٢ | ئەنوەر عەبدوڵڵا حەسەن | شێرکۆ |
| ١٤٣ | ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل | – |
| ١٤٤ | وەلی ئەکرم محێدین | هۆشمەند |
| ١٤٥ | قەیتەران نوری سابیر | هەژار |
| ١٤٦ | عەلی ڕەسووڵ خدر | – |
| ١٤٧ | تاهیر عوسمان محەمەد | – |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٨ | عوسمان محەمەد قادر | – |
| ١٤٩ | جەلال سابیر ئەمین | ئاسۆ |
| ١٥٠ | جەلال محەمەد عەلی | – |
| ١٥١ | عەلی حسێن محەمەد | – |
| ١٥٢ | ئاتێلا سەعدوڵلا خەلیل | – |
| ١٥٣ | حەمزە عەباس عوسمان | – |
| ١٥٤ | کاوە عەبدوڵلا محەمەد | – |
| ١٥٥ | فازڵ جەمال حەمەد | – |
| ١٥٦ | عەبدولەجید عەولا ئەحمەد | دکتۆر مەجید |
| ١٥٧ | عەدنان حەمەشەریف بارام | – |
| ١٥٨ | حەمید حەمەد ئەمین بارام | – |
| ١٥٩ | سەیفەدین حیسامەدین بایز ساڵح | هێرش |
| ١٦٠ | زرار شەریف کەریم ئەحمەد | زرار تیژەیی |
| ١٦١ | نەبەز خالید ئەمین | – |
| ١٦٢ | محەمەد سەعید سابیر عەلی | محەمەد فەڕەنسی |
| ١٦٣ | جاسم محەمەد عەلی خدر | – |
| ١٦٤ | خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خزر | محەمەد |
| ١٦٥ | گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی | – |
| ١٦٦ | دابان محەمەد | – |
| ١٦٧ | سابات محەمەد | – |
| ١٦٨ | ئاراس خدر عەبدولڕەحمان عەزیز | دکتۆر ئاراس بابان |
| ١٦٩ | ئازاد عوسمان حەسەن قادر (دکتۆر ئازاد) | – |
| ١٧٠ | ئازاد نەجمەدین نوری بابا عەلی | دکتۆر ئارام |
| ١٧١ | ئەنوەر عوسمان محەمەد (دکتۆر ئەنوەر) | – |
| ١٧٢ | ئیبراهیم خورشید تالیب سەعید | دکتۆر برایم |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧٣ | ئیبراهیم محەمەد حەسەن | دکتۆر هەڤاڵ |
| ١٧٤ | جەلال نادر قادر ڕەسووڵ | (دکتۆر ئارام) |
| ١٧٥ | حەسەن عەبدولکەریم ئەحمەد سەمین | دکتۆر حەسەن دووزی |
| ١٧٦ | حەسەن قادر خورشید (دکتۆر حەسەن) | – |
| ١٧٧ | حەمەئاوات سدیق مەعروف (دکتۆر حەمەئاوات) | – |
| ١٧٨ | حەمەئەمین محەمەد مارف | دکتۆر ئەمین |
| ١٧٩ | حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر | دکتۆر حەیدەر منارەیی |
| ١٨٠ | خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر) | – |
| ١٨١ | ڕەشید مەغدید قادر مەولود (دکتۆر ڕەشید) | – |
| ١٨٢ | ڕەفیق حەمەجان عەزیز (دکتۆر ڕەفیق) | – |
| ١٨٣ | ڕزگار بەکر مەعروف (دکتۆر ڕزگار) | – |
| ١٨٤ | ڕێزان ئەحمەد هەردی (دکتۆر ڕێزان) | – |
| ١٨٥ | سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام) | – |
| ١٨٦ | شوان کەریم حەمەڕەزا ( دکتۆر شوان) | – |
| ١٨٧ | شێرکۆ ئەمین محەمەد بارام (دکتۆر شێرکۆ) | – |
| ١٨٨ | شیروان مەحموود حەمەد مەحموود | – |
| ١٨٩ | عاسی حسێن حەمەزارا | – |
| ١٩٠ | عەبدولڕەحمان عیسا محەمەد | – |
| ١٩١ | عەبدولقادر حەمەشەریف حەمەکەریم | دکتۆر قادر |
| ١٩٢ | محمدهاوتا عوسمان حەسەن | دکتۆر هاوتا |
| ١٩٣ | عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود محەمەد | دکتۆر هێمن |
| ١٩٤ | عەلی ئەحمەد حەمەخان | دکتۆر عەلی نەمەڵی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٥ | عوسمان سادق خدر | دکتۆر چیا |
| ١٩٦ | عوسمان عەلی محێدین نادر | دکتۆر شوان |
| ١٩٧ | عومەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا خدر | – |
| ١٩٨ | غەفوور تاهیر ئەحمەد غەفور | دکتۆر شاخەوان |
| ١٩٩ | فەوزی فائیق تۆفیق بابان | چیا |
| ٢٠٠ | کاوە عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان | دکتۆر کاوەی عەبدوڵڵا شۆڕش |
| ٢٠١ | *کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)* | – |
| ٢٠٢ | کەمال شاکر محەمەد قادر | – |
| ٢٠٣ | مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە | دکتۆر موحموود فەقێیانی |
| ٢٠٤ | مازن عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا | – |
| ٢٠٥ | محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر (برینپێچ) | – |
| ٢٠٦ | محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل | دکتۆر محەمەد سەقەر |
| ٢٠٧ | محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ | محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی |

## لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و كارمەندانی تەندروستیی شۆڕش

(ش = شوێن) (ك.ت = كارمەندی تەندروستی) (ن = نەخۆشخانە)

| ژ | ناوی شەهید | پیشە | نازناو | پێشمەرگایەتی | شەهیدبوون | ش. كاركردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەختیار خالید تاهیر محەمەد | پزیشك | نیەتی | ١٩٧٨ قەرەداغ | سلێمانی ١٩٧٩ | ن.قوڵەهەرمێ |
| ٢ | ئازاد ئەحمەد حەمەساڵح | پزیشك | هێمن | ١٩٨٥ ن. گشتی | ناوزەنگ١٩٨٩ | ن. بەرگەڵوو |
| ٣ | ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢٣– ١٩٨٥ | قۆجەبلاخ ١٩٨٨ | تیپی ٢٣ |
| ٤ | فەرەیدون محەمەد ئەمین | ك.ت | نیەتی | ناوزەنگ ١٩٨٥ | ناوزەنگ ١٩٨٩ | ن. بەرگەڵوو |
| ٥ | بۆتان عوسمان ئەسعد واحێد | ك.ت | نیەتی | ن. گشتی ١٩٨٣ | قەندیل ١٩٨٩ | ن. بەرگەڵوو |
| ٦ | حەمید محەمەد ئەمین | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢١– ١٩٨٢ | كەلكەسماق١٩٨٦ | تیپی ٢١ |
| ٧ | كامەران ئەسعەد عەلی | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢١– ١٩٨٣ | گردخەبەر١٩٨٧ | تیپی ٢١ |
| ٨ | شۆڕش سەلیم ئیبراهیم | ك.ت | نیەتی | تیپی ٤٤– ١٩٨٥ | ئازمەك ١٩٩١ | بەتالیۆنی ٧ |
| ٩ | عەبدولهادی ساڵح سەعید | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢١– ١٩٨٤ | شاناخسێ ١٩٨٨ | تیپی ٢١ |
| ١٠ | كامیل مەحموود عەبدولڕحمان | ك.ت | نیەتی | ن.سووورداش١٩٨٣ | دوكان ١٩٨٤ | ن. سووورداش |
| ١١ | ئیبراهیم محمود محەمەد | ك.ت | ڕێباز | هەرێمی٢–١٩٧٩ | موسڵ ١٩٨٠ | هەرێمی ٢ |
| ١٢ | جەزا محەمەد فەرەج | ك.ت | نییەتی | هەرێمی٢–١٩٧٩ | گورگەیەر ١٩٨٣ | شارباژێر |
| ١٣ | جەبار فەتاح عەبدوڵڵا | ك.ت | نەبەز | شارباژێر ١٩٧٧ | سلێمانی ١٩٩١ | — |
| ١٤ | حەمە سەعید محەمەد | ك.ت | ڕەزا | شارەزوور ١٩٧٦ | میریسوور ١٩٧٨ | — |
| ١٥ | كاوان عەبدولقادر غەفور | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٧-١٩٨٦ | قەرەداغ ١٩٨٨ | ن.مەڵبەندی١ |
| ١٦ | محەمەد نەجات محەمەد | ك.ت | نییەنی | هەرێمی٥-١٩٧٦ | سێوسێنان ١٩٧٩ | هەرێمی ٥ |
| ١٧ | نەبەز مەحموود عبدولڕەحمان | ك.ت | نییەتی | شێنێ ١٩٧٩ | نودێ ١٩٨١ | — |
| ١٨ | سالار حەمەعەلی ڕەزا ئەمین | ك.ت | نییەتی | سەگرمە ١٩٨١ | هیران ١٩٨٦ | — |
| ١٩ | سەردار عەبدوڵڵا ساڵح | ك.ت | نییەتی | گەرمیان ١٩٨١ | گەرمیان ١٩٨٢ | — |
| ٢٠ | عەلی قادر محەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی٤٧-١٩٨٥ | ئەزمەڕ ١٩١١ | — |
| ٢١ | عەلی قادر شەریف | ك.ت | نییەتی | هەرێمی٥-١٩٧٨ | خاوێ ١٩٨٠ | — |
| ٢٣ | عوسمان ڕەشید فەرج | ك.ت | نییەتی | ١٩٩١ | چیمەن ١٩٩٠ | — |
| ٢٤ | عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید | ك.ت | چیا | شارەزوور ١٩٧٨ | زەڕایەن ١٩٨١ | — |
| ٢٥ | ئەنوەر عەبدوڵڵا حەسەن | ك.ت | شێركۆ | — | بەغداد ١٩٨٥ | — |
| ٢٦ | ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل | ك.ت | نییەتی | شارەزوور ١٩٧٧ | هەڵەبجە ١٩٧٧ | — |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | وەلی ئەكرم محێدین | ك.ت | هۆشمەند | گەرمیان ١٩٨١ | چرچەقەڵا ١٩٨٣ | — |
| ٢٨ | قەیتەران نوری سابیر | ك.ت | هەژار | تیپی٩١ – ١٩٨٥ | ١٩٨٨ | — |
| ٢٩ | عەلی ڕەسووڵ خدر | ك.ت | نییەتی | ت.هەورێ ١٩٨٣ | هەولێر ١٩٨٧ | — |
| ٣٠ | تاهیر عوسمان محەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی ٢١- ١٩٨٥ | كەركوك ١٩٩١ | — |
| ٣١ | عوسمان محەمەد قادر | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٩-١٩٨٥ | گەراوی ١٩٨٨ | — |
| ٣٢ | جەلال سابیر ئەمین | ك.ت | ئاسۆ | هەرێمی٥- ١٩٧٦ | هەكاری ١٩٧٨ | — |
| ٣٣ | شێركۆ حەمید حەمەساڵح | ك.ت | سیروان | هەرێمی٢ -١٩٧٩ | موسڵ ١٩٨٠ | — |
| ٣٤ | ئەحمەد ڕەحیم محەمەد | ك.ت | نییەتی | هەرێمی ٥- ١٩٨١ | بانیخێڵان ١٩٨٦ | — |
| ٣٥ | جەلال محەمەد عەلی | ك.ت | نییەتی | تیپی. ٥١- ١٩٨٤ | میل قاسم ١٩٨٦ | — |
| ٣٦ | عەلی حسێن محەمەد | ك.ت | نییەتی | ت. ٥١ – ١٩٨١ | تازەدێ ١٩٨٨ | — |
| ٣٧ | ئازاد ئەحمەد ئەمین | ك.ت | مەریوان | ١٩٨٣ | ١٩٨٤ | — |
| ٣٨ | ئاتێلا سەعدوڵلا خەلیل | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٣- ١٩٦٨ | گەرمیان | — |
| ٣٩ | حەیدەر عەلی ڕۆستەم | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٧- ١٩٨٣ | گەبە ١٩٩٢ | — |
| ٤٠ | هەمزە عەباس عوسمان | ك.ت | نییەتی | تیپی ٨٧ | ١٩٨٥ | — |
| ٤١ | كاوە عەبدوڵلا محەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی ٩٣ | ١٩٨٦ | — |
| ٤٢ | فازڵ جەمال حەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی ٩١ | ١٩٨٨ | — |
| ٤٣ | حەیدەر عەبدوڵلا محەمەد عومەر | ك.ت | دكتۆر حەیدەر منارەیی | تیپی ٨٧ | ١٩٨٨ | — |
| ٤٤ | كەمال جەوهەر كەریم | ك.ت | هیوا | — | ١٩٩٥ | — |
| ٤٥ | مەجید عەولا ئەحمەد | پزیشك | نییەتی | — | ٢٠٠٠ | — |
| ٤٦ | زرار شەریف كەریم ئەحمەد | برینپێچ | زرار تیژەیی | تیپی ٢١ – ١٩٨٤ | ١٩٩٣ | سلێمانی |
| ٤٧ | عەدنان حەمەشەریف بارام | ك.ت | نییەتی | ١٩٨٣ | - | — |
| ٤٨ | حەمید حەمەد ئەمین بارام | ك.ت | نییەتی | | | — |
| ٤٩ | سەیفەدین حیسامەدین بایز | ك.ت | دكتۆر هێرش | ١٩٧٧ | ١٩٨٨ | — |
| ٥٠ | جاسم محەمەد عەلی خدر | ك.ت | نییەتی | — | — | — |

# پاشکۆی بەڵگەکان



**وێنەی نەخۆشخانە و بەشێك لە دەزگاکانی شۆڕشی نوێ لە بەرگەڵوو.**



6

(ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێ دا 1975 – 1991)

کتێبێک خەباتی تەندروستکارانی شۆڕش دیکۆمێنت دەکات

چاوپێکەوتنی هەڤاڵ خەمینە ساڵح ئەحمەد، خاوەنی بیرۆکە و سەرپەرشتیاری

پەرتووکەکە، لەسەر بەرگی یەکەم، لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٨٧٥٤، لاپەڕە ٦،

٢٠٢٢/٩/١٨.


خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا

خوێندنەوەیەك بۆ بەرگی یەکەمی پەرتووکەکە لەلایەن: بورهان شێخ ڕەئووف، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٨٧٩٧، لاپەڕە ١١، ٢٠٢٢/١١/١٦.



دەزگای تەندروستی کوردستان
یان پێشمەرگەی ماندوونەناس

KURDISH RELIEF ASSOCIATION

کۆمەڵەی خێرخوازی شەهید مولازم کارزان

عەبدواحید ئیدریس شەریف و شۆڕش عەزیز خدر: دەزگای تەندروستی کوردستان یان پێشمەرگەی ماندوونەناس، ڕۆژنامەی هەرێم، ژمارە ٢٠، ١٩٩٣/٤/٢٢. (ئەرشیفی کتێبخانەی گشتی سلێمانی)


کوردستانی نوێ
NO.2216 Saturday 5/8/2000
دەزگای تەندروستیی کوردستان و هەوڵێکی بەردەوام
لە ئایندەیەکی نزیکدا (١٠) پرۆژەی ئاوی خواردنەوە تەواو دەکەین

عەتا کەریم: دەزگای تەندروستی کوردستان و هەوڵێکی بەردەوام، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیە، ژمارە ٢٢١٦، شەممە ٢٠٠٠/٨/٥، لاپەڕە ٥، (ئەرشیفی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)



کاروباری ژنان

شێرەی شەهید

# دکتۆر ئاتێلایەکی عاشق بە فاتیلەیەکی تری گەرمیان

برایمی خوێندکار

برایمی خوێندکار: شێرەی شەهید دکتۆر ئاتێلایەکی عاشق بە فاتیلەیەکی تری گەرمیان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژمارە ٢٦١٥، سێشەممە، ٢٠٢١/١١/٢٠، (ئەرشیفی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)


9

# شەهید دکتۆر ڕەشید فەرماندەیەکی خۆشەویست

# شەهید سابیر عەرەب

# ساتێک وەفا بۆ مامۆستا سۆران

حەیدەر مەنتك: شەهید دکتۆر ڕەشید فەرماندەیەکی خۆشەویست، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٨٧٢٩، لاپەڕە ٩، ٢٠٢٢/٨/١٥، (ئەرشیفی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)




هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی یەکەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٠. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.




هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی دووەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٢. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.


کوردستانی نوێ ٥

# هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ

ئەڵقەی سێیەم

تیپی (٥٧)ی سە گرمەم هەڵبژارد

هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی سێیەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٣. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.


کوردستانی نوێ ٥

هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ

ئەڵقەی چوارەم

کاری پۆلیس و بازگەکان

هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی چوارەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٦. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.


١٩٨١/٧/٧

بۆ ئاگاداری

جەلال تاڵەبانی

نامەیەکی هەڤاڵ مام جەلال بۆ هێزی پێشمەرگە لەبارەی زیندانیانەوە

# پاشكۆی وێنەكان



وێنەی نووسەر و هەڤاڵ خەمینە ساڵح لەگەڵ:
بەشێك لە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی شۆڕش کە لە بەرگی یەکەمی پەرتووکەکەدا بەشدارن، لە مەڕاسیمی ناساندنی بەرگی یەکەمی پەرتووکەکە، سلێمانی، هۆڵی خاك، ٢٠٢٢/١٢/١١



نەخۆشخانەی مەلەکان، لە ئەشکەوتی مەلەکاندا، دۆڵی مەلەکان، ڕەواندز،
ئەرشیفی هەڤاڵ (ئەحمەد مەلا).



نەخۆشخانەی مەلەکان، لە ئەشکەوتی مەلەکاندا، دۆڵی مەلەکان، ڕاواندز،
ئەرشیفی هەڤاڵ (ئەحمەد مەلا).



دکتۆر ئاتێلا



**لە چەپەوە چوارەم: دکتۆر ئاتێلا**



**ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە سێیەم: دکتۆر ئاتێلا**



لە چەپەوە یەکەم: دکتۆر ئاتێلا



لای ڕاست: دکتۆر ئاتێلا



**دکتۆر ئاراس بابان**



**Zehn kriegsverletzte** Kurden landeten in Hörsching: Sie werden in oberösterreichischen Spitälern gratis behandelt. Den Transport übernahmen das Rote Kreuz und der Malteser Ritterorden. Die Initiative ging von Dr. Fayad Mulla aus Schärding aus. „Es war die erste und letzte Chance, da wir mit unseren zivilen Flugzeugen auf einem NATO-Stützpunkt landen durften. Dieser Stützpunkt wird aber aufgelassen."

**لە چەپەوە دووەم: دکتۆر ئاراس بایان لە ڕۆژنامەسەکی ئەڵمانیدا**



دکتۆر نازەنین عوسمان حەسەن لەگەڵ شەهید دکتۆر ئازاد عوسمان حەسەن



لە ڕاستەوە: م. عوسمان دەشتی، دکتۆر ئازاد، زاهیر ئەنوەر، ئەکرەم برای م. عوسمان دەشتی، پێشمەرگە و تەباخی هەڤاڵ مام جەلال عەدنان هەولێری، ئەرشیفی دکتۆر ئازاد



بنکەی تەندروستی تیپی ٩١ی سەفین ساڵی ١٩٨٨. (دکتۆر ئازاد)، ئەرشیفی دکتۆر ئازاد



لای چەپ: دکتۆر ئازاد (دکتۆر ئاراس)، بنکەی تەندروستی تیپی ٩١ی سەفین لە هیران، چارەسەرکردنی مامۆستا عەبدوڵا هیرانی، ساڵی ١٩٨٨، ئەرشیفی دکتۆر ئاراس



**١٩٨٨ هیران بارەگای تیپی ٩١ی سەفین**

**لە ڕاستەوە دکتۆر ئازاد (دکتۆر ئاراس)، شەهید خەبات و شەهید دکتۆر قەیتەران ناسراو بە شەهید دکتۆر هەژار**



**لە ڕاستەوە: شەهید قەیتەران (دکتۆر هەژار) دکتۆر ئازاد (دکتۆر ئاراس)، شەهید خەبات بنکەی تەندروستی تیپی ٩١ ی سەفین لەهیران.**



یەکێك لە فندقەکانی پیران شەهر/ دوای ئەنفال

دکتۆر ئازاد لەگەڵ م.عوسمان دەشتی وم. فەریاد ڕەواندزی و عەدنان هەولێری و لەشکر غەفور لە ٢٦-٩-١٩٨٨.



ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد قادر (شەهید دکتۆر ئاسۆ).



دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ) لە کاتی تەماشاکردنی تیشکی نەخۆشێکدا



لای ڕاستەوە دکتۆر نەوزاد عەباس، دکتۆر محەمەد حاجی، دکتۆر هونەر محەمەد مەولود، دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ). ئەرشیف دکتۆر هەڤاڵ



دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ) لە کاتی چارەسەرکردنی هاوڵاتییەکی نەخۆشدا



وێنەی ئەشکەوتی کە پێشتر نەخۆشخانەی مەلەکانی تێدا بووە



لای ڕاستەوە دووەم: **دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ)** پێشمەرگەیەکی بریندارردا



دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ) لە دیار پێشمەرگەیەکی بریندار



پۆلێك پێشمەرگە لەبەردەم نەخۆشخانەی مەلەکان



دانیشتووان لای ڕاست یەکەم **دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ).**



سێیەم: **دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ)**



**لای چەپە: دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ)**




**دکتۆر ئیبراهیم (دکتۆر هەڤاڵ) و نووسەر، سلێمانی، ٢٠٢٣/٣/١٣/ سلێمانی.**



بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار)



بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار)



بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار)



بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار)



بەختیار خالید تاهیر محەمەد (دکتۆر بەختیار)



پۆلێك دكتۆری شۆڕش لە وێنەیەكی نوێدا، ڕیزی یەكەم لە ڕاستەوە (دكتۆر دانا، دكتۆر خالید)
ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە (دكتۆر بەرزان (هێرش)، دكتۆر جەبار، دكتۆر بەیان، دكتۆر سەردار، دكتۆر ئاكۆ) ٢٠٢٠



**لە ڕاستەوە: دکتۆر نازەنین عوسمان، دکتۆر بەیان، دکتۆر شادمان**



دکتۆر جاسم



جەبار فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد (دکتۆر نەبەز)



جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد ئۆمەرمەلان (دکتۆر جەرجیس)، دارەتوو، ١٩٨٧،

ئەرشیفی دکتۆر جەرجیس



**جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد (دکتۆر جەرجیس)، بەردەسپی، ١٩٨٥، ئەرشیفی دکتۆر جەرجیس**




**شەهید دکتۆر جەزا محەمەد فەرەج (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد فەرەج)**



**شەهید دکتۆر جەزا محەمەد فەرەج (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد فەرەج)**



**لە چەپەوە: شەهید دکتۆر جەزا محەمەد (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد)**



**لە چەپەوە دووەم: شەهید دکتۆر جەزا محەمەد (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد)**



**لە ڕاستەوە: شەهید دکتۆر جەزا محەمەد (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد)**



شەهید دکتۆر جەزا محەمەد فەرەج (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد فەرەج)



شەهید دکتۆر جەزا محەمەد فەرەج (ئەرشیفی عەمید هیوا محەمەد فەرەج)



لای چەپ (دکتۆر جەلال (دکتۆر شوان)، دکتۆر جوتیار، دکتۆر برایم، دکتۆر ناجیح و دکتۆر ناسیح)



لە ڕاستەوە یەکەم: جەلال محەمەد عەلی (برینپێچ).




**لە ڕاستەوە یەکەم جەلال محەمەد عەلی سەعید (برینپێچ)**




**جەلال محەمەد عەلی سەعید (برینپێچ)**



جەلال نادر قادر (برینپێچ)



جەلال نادر قادر (برینپێچ)



لای چەپەوە یەکەم: جەلال نادر قادر (برینپێچ)



نووسەر لەگەڵ جەلال نادر قادر (برینپێچ) ٢٠٢٢ کەرکوك



لای چەپەوە یەکەم: دکتۆر جەلیل البصري



نووسەر لەگەڵ دکتۆر جەلیل البصری/ سلێمانی ٢٠٢٢



حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)



حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)



لە چەپەوە یەکەم: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)



لە چەپەوە یەکەم: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)



**ناوەڕاست: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)**



**لە ڕاستەوە دووەم: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)**



ڕاکشاوەکە: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)



لە ڕلستەوە یەکەم: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)



**لە چەپەوە یەکەم: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)**



**دانیشتووەکە: حەمەئاوات سدیق مەعروف(دکتۆر حەمەئاوات)**



ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە دووەم: حەمەئاوات سدیق مەعروف (دکتۆر حەمەئاوات)



لە چەپەوە یەکەم : دکتۆر حەمەئەمین محەمەد مارف ١٩٨٨ (دکتۆر ئەمین)



دکتۆر حەمزە عەباس



دکتۆر حەمزە عەباس



دکتۆر حەمزە عەباس



شەهید دکتۆر حەمید



ناوەڕاست پێشەوە شەهید دکتۆر حەمید



شەهید دکتۆر حەمید



شەهید دکتۆر حەمید



حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر (دکتۆر حەیدەر منارەیی)



لە ڕاستەوە دووەم: دکتۆر جەمیل (دکتۆر خالید)، دکتۆر خالید سەعدوون مستەفا (سیروان)



دانیشتووان لای چەپ سێیەم: دکتۆر خالید سەعدوون مستەفا (سیروان)، شەشەم پێشەوە دکتۆر جەمیل (دکتۆر خالید)



خەلیل عەزیز سالْح عەباس (دکتۆر فەرهاد) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بریندار نەخۆشخانەی خەتێ



خەلیل عەزیز سالْح (دکتۆر فەرهاد) لەگەڵ عەتیە خانی خێزانی و (هاوێر)ی کوڕیان لە گوندی خەتێ



لای ڕاستەوە دووەم، خەلیل عەزیز سالح (دکتۆر فەرهاد)، سێیەم دکتۆر زریان، سێ پێشمەرگەیان لەگەڵدایە بە گوێدرێژ و ڕاوی ئاو بۆ ماڵەکانیان دەهێنن.



**وێنەی پۆلێك پێشمەرگە كە تێیدا چوار پزیشكی شۆڕش بوونیان هەیە**

**دانیشتوان لە ڕاستەوە سێیەم ئەوەی پێشەوە: دكتۆر هەژار عوسمان**

**حەوتەم: دكتۆر خدر مەعسوم**

**هەشتەم: دكتۆر شادمان فوئاد مەستی**

**نۆیەم: دكتۆر هۆشمەند (شالاو)**

**(ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم)**



هەڤاڵ مام جەلال، دکتۆر خدر مەعسوم



**هەڤاڵ مام جەلال، دکتۆر خدر مەعسوم، دکتۆر فوئاد مەعسوم**



**لای چەپ دووەم: دکتۆر خدر مەعسوم**



**لە ڕاستەوە سێیەم: دکتۆر شادمان فوئاد مەستی، دکتۆر خدر مەعسوم، دکتۆر هەژار مەعروف**



**خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)**



خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)




**لە چەپەوە: خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)**

**هەڤاڵ عومەرە ڕەش، دکتۆر زریان، گوندی خەتێ، ١٩٨٧**



**لە چەپەوە یەکەم: د خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، بالیسان، ١٩٨٤**



ڕاست: خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، دکتۆر زریان، گوندی خەتێ، ١٩٨٧



دانیشتووان لە ڕاستەوە یەکەم: خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)

دووەم، شەهید دکتۆر هادی



خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، گوندی دارەبەن ١٩٨٤.




لەچەپەوە خدر محەممەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)

شەهید مامەڕیشە، گوندی پڵینگان، ١٩٨٣



خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، گوندی مەمکان، ١٩٧٩.



لە چەپەوە، خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، گوندی دارەبەن، ١٩٨٤




خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، گوندی کەوبێن، ١٩٨١.




لە ڕاستەوە: خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، گوندی مێرگە، ١٩٨٣.




خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، پاشقۆتەڵ، ١٩٧٩.




**خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ) لەگەڵ کەلسوم عەولا، گوندی دارەبەن، ١٩٨٤.**



لە ڕاستەوە: د خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر - برینپێچ)، گوندی پڵێنگان، ١٩٨٣.



ڕەشید مەغدید قادر مەولود (دکتۆر ڕەشید)



ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)




ڕەفعەت هیدایەت لەگەڵ پۆلێك هاوڕێی لە كۆلێژی پزیشكی ڤێتەرنەری



ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)



ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)



لە ڕاستەوە: ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)



**لە چەپەوە:ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)، کانوونی دووەمی ١٩٨٥ / نەخۆشخانەی شەهید ڕێباز لە بێستانە**



ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی بریندار



ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)



ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت) ١٩٨٤




لە چەپەوە دووەم: ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)



ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە یەکەم: ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)، نەخۆشخانەی جمهوری هەولێر ١٩٨٤ کاتی دانوستان



لای چەپەوە: ڕەفعەت هیدایەت حەمەد ساڵح (دکتۆر ڕەفعەت)، لەگەڵ پێشمەرگەیەك



شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان



لای چەپەوە سێیەم شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان



شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان



لای ڕاستەوە شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان



شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان



شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان



وێنەی دکتۆر ڕزگار بەکر (دکتۆر و مامۆستای شۆڕش) لەگەڵ خوێندکارێکیدا لە گوندی تەنگیسەر.





ی ڕاستەوە: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، دکتۆر ڕێزان ئەحمەد هەردی، پشتیوانی موهەندیس، کافیە خان، ئاهەنگی ئەڵقە گۆڕینەوەی دکتۆر ڕێزان و هەڤاڵ پشتیوانی موهەندیس، ١٩٩٠، سەقز



وێنەی دکتۆر ڕزگار بەکر لەگەڵ دوو مامۆستا و خوێندکارەکانی گوندی تەنگیسە



زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



ناسراوەکان دکتۆر ساجید و هەڤاڵ ئاوات قارەمانی



لە چەپەوە دووەم: زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە دووەم. زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



لای چەپ: زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



ناسراوەکان

زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



دانیشتوو: زەینەدین نەجمەدین محەمەد عەلی (دکتۆر ساجید)



سەردار عەبدوڵڵا ساڵح (دکتۆر سەردار)



لای چەپەوە یەکەم: سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)




سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام) لەگەڵ هاوسەری.



سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)



**سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)**


ەکیتی نیشتمانی کوردستان
ناسنامەی پیشمەرگـ ـە
او : سلام حمەکریم حسێ
ڕۆژی لەدایك بوون : ١٩٦١
یشە : دکتۆری شۆڕش
ۆژ : ١٩٨٦
ژمارەی بەلگە : ١٧
گروپی خوێن : O+

**ناسنامەی سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)، *وەك دکتۆری شۆڕش*، ١٩٨٦**



لای چەپەوە: سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)، *بارەگای تیپی ٥٥ی قەرەداغ*



سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام) لەگەڵ شەهید سەڵاحی برایدا، ١٩٩١




لای ڕاستەوە سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام) بارەگای تیپی ٥٥ی قەرەداغ



لای چەپەوە سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)




**شەهید دکتۆر سەیفەدین (دکتۆر هێرش)**



**لە ڕاستەوە یەکەم: شەهید دکتۆر سەیفەدین (دکتۆر هێرش)**




**نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر سەیفەدین (دکتۆر هێرش)**



دکتۆر شادمان فوئاد مەستی



سالّی 1980 سەرکردایەتی بن خێمەی سکرتاریەت ،
لەراستەوە 1- مامۆستا کەمال مەعروف .
2- شەهید مامۆستا حەمید کەریم شانە .
3- کاك حەمە تۆفیق ، ( زۆر دلّنیا نیم ) .
4- شەهید مامۆستا محەمەد وەستا بەکر حاجی عەبدوللە .
5- دکتۆر شادومان فوئاد مەستی .
6- کاك عەلی شێخ حەمەصالح .



دانیشتووەکان لە چەپەوە پشتی کەسی یەکەم: دکتۆر شوان کەریم حەمەڕەزا



دایشتووەکان لە چەپەوە یەکەم: دکتۆر شوان کەریم حەمەڕەزا




شێرکۆ حەمید حەمەساڵح (دکتۆر سیروان)



ناوەڕاست: دکتۆر شێرکۆ ئەمین بارام



ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە دووەم: دکتۆر شێرکۆ ئەمین بارام



**لە چەپەوە یەکەم: دکتۆر شێرکۆ ئەمین بارام**



لە ڕاستەوە دووەم: دکتۆر شێرکۆ ئەمین بارام



گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی (شاناخسێ، ١٩٨٨)



گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی (نەخۆشخانەی شۆڕش، قوڵەهەرمێ، ١٩٨٨).

# چەند وێنەیەك كە گوزارشت لە گرنگی و ڕۆڵی لایەنی تەندروستی لە شۆڕشدا دەكات.



پزیشکێك لە سوید ئەم وێنەیەی لە نۆرینگەکەی هەڵواسیوە

پزیشکێکی کورد لە شاخ چارەسەری ددان بۆ نەخۆشێك دەکات





(6/9/1987) شەهید سەعید حەمە زیاد، سەرتیپی تیپی (12)ی سۆران ئەم وێنەیەی گرتووە، دانیشتووەکە شەهید مستەفا، لای ڕاست شەهید خاڵ حامید، ئەوی تر شەهید شاهۆ، ئەوی لەسەر تەختەی ئاتەشزرکایە شەهید شوانە.





















# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: چاوپێکەوتنەکان:

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران خالید تاهیر، برای شەهید دکتۆر بەختیار، ٢٠٢٣/٢/٢٣.
٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیدریس حەمید حەمەساڵح، برای شەهید دکتۆر شێرکۆ (دکتۆر سیروان)، ٢٠٢٣/٢/٢٠.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرزان ئەکرەم عیزەت مەجید (دکتۆر هێرش)،
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کەمال عەباس عوسمان برای شەهید دکتۆر هەمزە، ٢٠٢٣/٢/٧.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مەلیحە حسێن ئەحمەد دایکی شەهید دکتۆر سەردار، ٢٠٢٣/٢/٧.
٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان: عەبدولباقی خەلیل و کاوە خەلیل برایانی شەهید دکتۆر ئیبراهیم، ٢٠٢٣/٢/٧ و ٢٠٢٣/٢/٢٣.
٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان حسێن عەلی (دکتۆر بەیان)، ٢٠٢٢/١٢/١٥.
٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد ئۆمەرمەلان (دکتۆر جەرجیس)، ٢٠٢٢/٨/٢١.
٩. چاوپێکەواتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.
١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تۆفیق فەتاح قادر (دکتۆر شوان)، ٢٠٢٢/٨/١٩.
١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل ئیبراهیم مەحموود (دکتۆر جەلیل)، ٢٠٢٢/٨/٨.
١٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن عەبدولکەریم ئەحمەد سەمین (دکتۆر حەسەن دوزی)،
١٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر خورشید، (دکتۆر حەسەن)، ٢٠٢٢/١١/٢٥.
١٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین محەمەد مارف (دکتۆر ئەمین)، ٢٠٢٣/٢/٣.
١٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ حسێن محەمەدساڵح بورهان (دکتۆر حسێن تاڵەبانی)، ٢٠٢٣/١/١١.

١٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید سەعدوون مستەفا (دکتۆر سیروان)، ٢٠٢٢/١٠/٢٧
١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خدر (دکتۆر محەمەد)، ٢٠٢٢/٨/١٠.
١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ خەلیل عەزیز ساڵح عەباس (دکتۆر فەرهاد)، ٢٠٢٢/٧/١٧.
١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر جەلال نادر قادر ڕەسووڵ (دکتۆر ئارام)، کەرکوك/ ١٣/ ٢٠٢٢/١٠.
٢٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نازەنین عوسمان خوشکی شەهید دکتۆر ئازاد، ٢٠٢٣/٣/١٨. (تێبینی: بەشێکی ئەو ژیاننامەیە لەلایەن خوشك و برای دکتۆر ئازاد کۆکراوەتەوە و بەشیکیش لەلای هاوڕی پێشمەرگەکان کە لە نێو شۆڕش لەگەڵیدابوون.)
٢١. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم محەمەد حەسەن (دکتۆر هەڤاڵ)، سلێمانی، ٢٠٢٣/٣/١٣.
٢٢.چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆرخدر مەلا مەعسوم مەلا خدر هەورامی (دکتۆر خدر مەعسوم)، ٢٠٢٢/٨/٢٥
٢٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار بەکر مەعروف (دکتۆر ڕزگار)، ٢٠٢٢/١٠/١٢.
٢٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان ئەحمەد هەردی (دکتۆر ڕێزان)، ٢٠٢٢/٧/٧.
٢٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٣٠.
٢٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمەد عەزیز حەمەد، (دکتۆر سەمەد)، ٢٠٢٢/١١/٢٥.
٢٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ سلاّح سدیق مەعروف برای (دکتۆر حەمەئاوات)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.
٢٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ شادمان فوئاد مەعروف (دکتۆر شادمان فوئاد مەستی)، ٢٠٢٢/٨/٣.
٢٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ شەماڵ ئەحمەد محەمەد مەعروف (دکتۆر شەماڵ)، ٢٠٢٢/٨/٢٨، سلێمانی.
٣٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان کەریم حەمەڕەزا (دکتۆر شوان)، ٢٠٢٣/٧/٢٦.
٣١. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ دلێر شێخ تەیب باخ، خوشکەزای شەهید دکتۆر ڕێباز وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

٣٢. چـاوپێکەوتن لەگــەڵ شــێرکۆ ئــەمین محەمــەد بــارام (دکتــۆر شــێرکۆ)، ٢٧ و ٢٠٢٢/١٢/٢٨.

٣٣. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ شـیروان مـەحموود حەمـەد مـەحموود (دکتـۆر شـیروان)، ٢٠٢٢/١٢/١٥.

٣٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی، ٢٠٢٢/١٠/١٠.

٣٥. چاوپێکەوتن لەگـەڵ کاروان ڕەزا ئەحمـەد بـرای ئاسـۆ ڕەزا ئەحمـەد قـادر (دکتـۆر ئاسۆ)، ٢٠٢٣/٧/٢٧.

٣٦. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ کـەمال محەمـەد عـەلی سـەعید بـرای شـەهید دکتـۆر جـەلال محەمەد عەلی سەعید، ٢٠٢٣/٢/١.

٣٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ هـەڤاڵ (هیـوا محەمـەد فـەرەج) بـرای (شـەهید دکتـۆر جـەزا)، ٢٠٢٣/١/٧.

٣٨. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ ئـاراس خـدر عەبـدولڕەحمان عـەزیز (دکتـۆر ئـاراس بابـان)، ٢٠٢٢/١٢/١٤.

٣٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد محەمەد سەعید عەلی (دکتۆر ئاراس)، ٢٠٢٢/٧/١٤.

٤٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبوبەکر محەمەد عەلی (دکتۆر کارووخ)، ٢٠٢٢/١٠/١١.

٤١. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ ئەحمـەد عـادل محەمـەد خوشـکەزای شـەهید دکتـۆر ئاسـۆ، ٢٠٢٣/٢/٨.

٤٢. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ ئـەکرەم فـەتاح حەمەئـەمین مسـتەفا (دکتـۆر ئـەکرەم)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/١٥.

٤٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر عوسمان محەمەد (دکتۆر ئەنوەر)، ٢٠٢٢/١٢/٢٩.

٤٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم خورشید تالیب سەعید (دکتۆر برایم)، ٢٠٢٢/٧/١٤.

٤٥. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ: جـەمال عوسمـان عەبـدوڵڵا ئیسـماعیل (دکتـۆر وەسمـان)، ٢٠٢٢/١٠/٢٩.

## دووەم: زانیاری وەرگیراو

٤٦. ژیاننامەی دکتۆر بەیان محەمەد فەتاح (دکتۆر بەیان)، لە ٢٠٢٣/٤/١٤، لە دکتۆر نازەنین عوسمان وەرگیراوە.
٤٧. ژیاننامەی دکتۆر جاسم لە هەڤاڵ عەزەدین مەجید محەمەد (مامۆستا عەزیز) وەرگیراوە، ٢٠٢٢/٧/١٤.
٤٨. ژیاننامەی دکتۆر هێرش لە دکتۆر ئاوات برای شەهید وەرگیراوە، لە ٢٠٢٢/٢/٢٩.
٤٩. زانیارییەکان ژیانی دکتۆر ساجید بە هەوڵی ئومێد قادر شێخ ڕەشید ئامادەکراوە، لەلایەن نووسەرەوە هەڵەبڕی بۆ کراوە و لە فۆڕمێکی زانستیدا ڕێکخراوەتەوە.
٥٠. زانیارییەکانی دکتۆر ڕەفعەت لە (کارمەند ڕەفعەت)ی کوڕی دکتۆر ڕەفعەت و هەڤاڵ (جوامێر) هاوڕێی دکتۆر ڕەفعەت وەرگیراوە.
٥١. زانیارییەکانی دکتۆر بۆتان لە دکتۆر ناجی سادق ئەنور وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.
٥٢. زانیارییەکانی دکتۆر جەبار فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد (دکتۆر نەبەز) لە خاتوو شلێر خێزانی دکتۆر جەبار فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد (دکتۆر نەبەز) وەرگیراوە.
٥٣. زانیارییەکانی دکتۆر شۆڕش لە عەبدوڵڵا شۆڕش سەلیم، کوڕی دکتۆر شۆڕش وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.
٥٤. زانیارییەکانی دکتۆر ئاتێلا لە هەڤاڵ نەوزاد کەریم، هاوڕێی شەهید دکتۆر ئاتێلا وەرگیراوە.
٥٥. زانیارییەکانی دکتۆر ئازاد. عائیشە عەبدولکەریم محەمەد ئەمین (مامۆستا ئاشتی) خێزانی دکتۆر ئازاد.
٥٦. زانیارییەکانی ژیانی شەهید دکتۆر ڕەفیق حەمەجان لە لەگەڵ دکتۆر شوان کەریم وەرگیراوە.
٥٧. زانیارییەکانی شەهید دکتۆر حەمید لە هەڤاڵ (عەمید ئاسۆ محەمەد ئەمین) برای شەهید دکتۆر حەمید وەرگیراوە، ٢٠٢٢/١٠/٢٨.

**سێیەم: پەرتووکەکان**

٥٨. حەیدەر مەنتك: ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر.

٥٩. خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر): بڵێسەیەك لە تاریکە شەودا (بیرەوەریەکانی بچوکترین پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ)، ٢٠٢١.

٦٠. دکتۆر جلیل البصري، بالیسان وشیخ وسانان أول جریمة کیمیاوییة في کردستان خطوة على طریق جینوساید الکرد شهادات حیة، مطبعة کارو، ٢٠١٣.

**چوارەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.**

٦١. برایمی خوێندکار: شێرەی شەهید، دکتۆر ئاتێلایەکی عاشق بە فاتیلەیەکی تری گەرمیان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژمارە ٢٦١٥، سێشەممە، ٢٠٢١/١١/٢٠.

٦٢. جەمیل ئەحمەد بابان: لە یادی ٤٥ ساڵەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەکاونتی (Jamil Ahmad Baban)، ٢٠٢٠/٥/٣١.

٦٣. گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە

**پێنجەم: برووسکە**

٦٤. بروسکەی شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، بەبۆنەی کۆچی دوایی دکتۆر جەمیل، ٢٠٢١/٨/١٦.

**شەشەم: ئەلیکترۆنی**

٦٥. عەتا کەریم: دەزگای تەندروستی کوردستان و هەوڵێکی بەردەوام، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیەم، ژمارە ٢٢١٦، شەممە ٢٠٠٠/٨/٥، لاپەڕە ٥.

## لیستی ناوی هاوکارانی بەرگی دووەم و سێیەم، بەڕێزان:

١. ڕەهبەری سەید برام
٢. مامۆستا ستار (لە سۆران)
٣. حەمەی حاجی شەریف هەڵەبجەیی
٤. ئەحمەد عارف
٥. محەمەد قامیشی
٦. ئەحمەد مەلا
٧. مامۆستا عەزیز سەرۆکایەتی کۆمار
٨. دکتۆر بەیان محەمەد
٩. دکتۆر ئارام ڕۆستەم
١٠. حەیدەر مەنتك
١١. سەرکەوت حەمەغەفور ئاغجەلەری
١٢. دکتۆر مەنسور یوسف مستەفا
١٣. هەڤاڵ کامەران (کامەرانە خڕە)
١٤. سەرگوڵ خان خوشکی دکتۆر حەسان
١٥. عەمید ئاسۆ برای شەهید دکتۆر حەمید
١٦. دکتۆر خەلیل کەرکوك
١٧. دکتۆر موحسین ج.م. پێشمەرگە
١٨. ئازاد دەزگای شەهیدان و ئەنفالکراوان
١٩. عوسمانی حاجی مەحمود
٢٠. دکتۆر ڕێبوار
٢١. مەلا شێخە
٢٢. شێخ فەتاح ئەمین
٢٣. ئومێد قادر شێخ ڕەشید

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

- گۆران سەلام محەمەد/ ساڵی ١٩٩٠ لە شاری چەمچەماڵ لەدایکبووە
- بەکالۆریۆس لە مێژوو/ زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣
- ماجستێر لە مێژوو/ زانکۆی مەنسورە، میسر، ٢٠١٦
- خوێندکاری دکتۆرا/ بەشی مێژوو/ زانکۆی سلێمانی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤)
- (لە زانکۆی کەرکوك و زانکۆی جیهان – سلێمانی مامۆستا بووە، توێژەر بووە لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید).

## بەرهەمەکانی:

١. کاریگەری خێڵ و ئایین لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٨٤٧ – ١٨٨١، جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢. القضية الكردية في العلاقات التركية الايرانية ١٩١٨ – ١٩٣٩، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٨.

٣. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٩١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٤. چەند پرسێکی کورد لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، **چاپی یەکەم**، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٥. چەند پرسێکی کورد لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، **چاپی دووەم**، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٦. ڕۆژنامەی خورماڵ ١٩٤٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٧. مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری چەمچەماڵ ١٩٤٢ – ٢٠٢٠، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

٨. کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ١٩٤٦، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٩. ڕۆژنامەی ئاگرێ ١٩٥٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

١٠. ڕۆژنامەی چەرمو ٢٠٠٧ – ٢٠١٤، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

١١. پاڵنەرەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال، چەمی زەنگنە بە نموونە، توێژینەوەی بڵاوکراوە، (هاوبەش)، گۆڤاری زانستی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠٢١.
١٢. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەرگی **یەکەم**، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٢.
١٣. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەرگی **دووەم**، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٥.
١٤. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەرگی **سێیەم**، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٥.
١٥. کوردناسی، (هاوبەش)، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٣.
١٦. پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران ١٩٢٣ - ٢٠٠٣ (وەرگێڕان)، دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠٢٤.
١٧. میتۆدی مێژووی زارەکی: (وەرگێڕان)، دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠٢٤.
١٨. خیانەت لە بەرخۆدانی بەدرخان پاشای بۆتان ١٨٤٧، ئامادەی چاپە.